ژمارە نایاب

# هەیڤ

(25)
٢٠١٢ز - ١٤٣٣ك

گۆڤارێکی زانستیی وەرزییە ناوەندی کوردستان بۆ ئیعجازی زانستی لە قورئان و سوننەتدا دەریدەکات

## ئەندازە



## گەردوونی




## جیۆلۆجی



## دەریایی



## فیزیا



## کەش و هەوا



## ژمارەیی



## مێژوویی



## پزیشکی



بسم الله الرحمن الرحيم

# هەیڤ

گۆڤارێکی زانستیی وەرزییە ناوەندی کوردستان بۆ ئیعجازی زانستی لە قورئان و سوننەتدا دەریدەکات

یەکەم ژمارەی گۆڤاری هەیڤ لە ساڵی ٢٠٠٢ دا بڵاوکرایەوە

ژمارە (25) نیسان ٢٠١٢ز ـ جمادی الأولی ١٤٣٣ک

www.haiv.org

بەشی کوردی

خاوەنی ئیمتیاز
ئەشئەت غەفور سەعید

سەرنووسەر
د. دارا گوڵ حامد

دستەی ڕاوێژکاران
فارووق رەسوول یەحیا
جەمال موحەممەد ئەمین
د. دیاری ئەحمەد ئیسماعیل

بۆ پەیوەندی
haiv2001@gmail.com
www.facebook.com/kurdhaiv

دیزاین
شیروان ئەحمەد حەمە کەریم

## لەم ژمارەیەدا

سەروتار .................................................... ل١
مانگە دەستکردەکان ................................ل٢ ـ ل٧
تۆری گەردوون................................................ ل٨ ـ ل١٣
گەردوونزانی لە قورئان و سوننەتدا.................... ل١٤ ـ ل١٦
مانگ سەرەتا ڕووناکو داگیرساو بووە! ...................... ل١٧
زانستی شاخەکان لە قورئاندا ...................... ل١٨ ـ ل٢١
بوونەوەی بیابانی عەرەب بە بێستان و ڕووبارگەل.... ل٢٢ ـ ل٢٤
شەپۆلە قووڵەکانی ئۆقیانووسەکان لە «قورئان»دا......... ل٢٥
زانستی فیزیا لە خزمەتی ئیعجازدایە ...................... ل٢٦
باران بارینی هیچ ساڵێک لە ساڵێکی تر زیاتر نییە... ل٢٧ ـ ل٣٤
ڕەنگەکانی ئاگر و ئیعجازی فەرموودەیەک .................. ل٣٥
پاراستنی دەستنووسەکانی قورئانی پیرۆز .......... ل٣٦ ـ ل٣٨
ئیعجازی ژمارەیی و زنجیرەیی لە قورئاندا......... ل٣٩ ـ ل٤١
فەرموودەی سێ یەک لە خواردندا و ئیعجازی زانستی.... ل٤٢ ـ ل٤٣
ئیعجازی زانستیی لە فەرموودەی جومگەکاندا........ ل٤٣ ـ ل٤٥
نوێژ و (دەوالی) لاقەکان ......................... ل٤٦ ـ ل٤٩
چارەسەری ژانی (دەماری سمت و ڕان) لە سوننەت دا.... ل٥٠ ـ ل٥١
عیددەی ئافرەت و ئیعجازی نوێی زانستی ........... ل٥١ ـ ل٥٣
پشوودانی نیوەڕوان (قەیلولە) ............................... ل٥٣
موعجیزەی پزیشکی کلێنچکە (عجب الذنب).......... ل٥٤ ـ ل٥٥
دیاردەی مەرگی کتوپڕ لەنێوان زانست و ئاین دا..... ل٥٦ ـ ل٥٧
بەکارهێنانی هەنگوین وەک دژە میکرۆب.................... ل٥٨
سەربڕینی ئاژەڵ گەرنتی پاکی گۆشتەکەی دەکات ... ل٥٩ ـ ل٦٠
ئیعجازی زانستی (غیض الأرحام) لە قورئاندا....... ل٦١ ـ ل٦٣
زانستی کۆرپەلەزانی لە قورئان و سوننەتدا.......... ل٦٤ ـ ل٨٩

ناونیشان: سلێمانی - شەقامی مامۆستایان - تەلاری حاجی موحەممەد پێنجوینی - نهۆمی سێهەم

# «هەیڤ»

# یەکەمین گۆڤاری تایبەت بە بواری ئیعجازی زانستیی

## سەروتار

ئەوە لای هەموان ئاشکرایە لە سەروەختی پلان دانان بۆ بڵاوکردنەوەی گۆڤاری هەیڤ، جگە چەند هەوڵێکی تاکە کەسی و چەند بابەت و نامیلکەیەکی پەڕاگەندە لێرەو لەوێ، هیچی دیکە لە بواری ئیعجازی زانستیدا لە کتێبخانەی کوردیدا بەدی نەدەکرا، بۆیە بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەلێنە و بەرتەسککردنەوەی ئەو کەلەبەرە، دەستەی دامەزرێنەری ناوەندی کوردستان بۆ ئیعجازی زانستی، بە ئەرکی ئیمانی خۆی لە مێژوویەکی گونجاودا هەستاو دەرکردنی گۆڤارێکی زانستی وای لە کاتێکی وادا بە ئەولەویەت زانی، بۆیە لە بەهاری ساڵی (٢٠٠٢) دا یەکەم ژمارەی گۆڤاری هەیڤیان لەگەڵ دەرکەوتنی نێرگزدا وەک مژدەیەکی بەهاری بڵاوکردەوە و، دەرهێنانی هەیڤیان وەک سەرەتای هەیڤێکی نوێی بواری ئیعجازی زانستی لە ئاسمانی ڕابوونی ئیسلامیدا ڕاگەیاند و، وەک گرێدانێکی ئاسمانی و زەوینی، گۆڤاری هەیڤیان وەک بەهاری زەوین ڕەنگاو ڕەنگ و وەک مانگی یەک شەوەی ئاسمان ساوا بۆ نێو کتێبخانەی کوردی و بەرۆکی ڕابوونی ئیسلامی کردە دیاری، بۆیە لەوساوە بۆنی بەهاریی ئەو گۆڤارە تا بێت زیاتر دەبێت و ئێستاش کە (١١) ساڵە گۆڤارەکە تەمەنی هەڵدەکشێت، بە یارمەتی خوای میهرەبان، بەرامەی ئەو دەسپێکە بەهاریە خۆشتر دەبێت و ئەویش بەرەو لوتکە هەڵدەکشێت و نوسەرانی خەمخۆر و خامەبەدەستانی دڵسۆز، ڕۆژ دوای ڕۆژ زیاتر بە بابەتە بە پێزەکانیان ڕوپەڕ و ناوەرۆکی گۆڤارەکە دەڕازێننەوە و، ژمارە دوای ژمارە ڕەنگی پەلکەزێڕینەیی بەهاریی گۆڤارەکە جوانتر دەکەن و لاوتری ڕادەگرن، چۆن نا کە ئەوان شوێنکەوتووی قورئانێکن ئایەتەکانی پڕن لە زانست و زانین و ڕۆژ دوای ڕۆژ لەگەڵ پێشکەوتنی زانستدا، ئیعجازیان زیاتر دەردەکەوێت و لەگەڵ دۆزینەوە گەورەگانی مرۆڤدا زیاتر پەی بە گەوهەرە نادیارەکانی بواری ئیعجازی ئایەتەکانی دەبرێت و، مرۆ تا لە هەر بوارێکی زانستیدا پێشڤە بچێت و ببێتە زانا زیاتر لەو ئایەتە مەزنە دەگات کە دەفەرموێت: ﴿ إِنَّمَا يَخْشَى ٱللَّهَ مِنْ عِبَادِهِ ٱلْعُلَمَٰٓؤُاْ ۗ ﴿٢٨﴾ ﴾ فاطر، بۆیە وان قوتابیان بەردەوام خەرمانی ئیعجازی زانستی نێو کتێبخانەی کوردی زۆرتر دەکەن و خوای دلۆڤانیش پڕ بەرەکەتی کردووە، بۆیە ئەوان دەزانن ئەمڕۆ ڕۆژی زانستە و لە هەر شتێک بدوێیت و باس لە هەرچی بکەیت پێت دەڵێن کوا بەڵگەی زانستیت، کامە دۆزینەوە ئەو بۆچوونەی ئێوە پشت دەگرێت، کام لێکۆڵینەوەی کامە زانکۆی ناسراو ئەوە دەسەلمێنێت؟ بۆیە ئەوان پشت ئەستوور بە پاکی و ڕاستی قورئان و فەرموودە بەرزەکانی پێغەمبەر (ﷺ)، لەمەیداندا سەربەرزانە هەنگاویان ناوەو دەنێن و، بە دەرخستنی ڕووەکانی ئیعجازی زانستی گەورەیی و ڕاستی قورئان و سوننەت بۆ هەموان دەردەخەن و، ڕۆشنایی دەخەنە سەر ئەو ڕێیەی کە مرۆ لە دنیادا سەرکەوتوو و لە ڕۆژی هەستانەوەشدا سەرفراز دەکات ان شاء الله.

هەر لەبەرئەمەشە بە پشتیوانی خوای گەورە، هەیڤ ژمارە دوای ژمارە لە شێوە و ناوەرۆکدا بەرەو پێشتر چووە و، ئەزموونی دەستەی بەرێوەبەری گۆڤارەکە هەردەم و لە هەر وەرزێکدا گۆڤارەکەی ڕازاوەتر و بە هێز و پێزتر پێشکەش بە خوێنەران کردووە، هەر بۆیەش ئەم ژمارەیەی دوای تێپەڕبوونی ١١ ساڵ و دەرچوونی ٢٤ ژمارە کردە ژمارەی نایاب و، ٢٥ مەقالی (چەند گوتارێکی) داواکراو و بەپێزی ژمارەکانی پێشووی بە دیزاینێکی نوێ و چاپێکی ناوازەوە لە دووبەرگی ڕازاوەی ژمارە ٢٥دا کردە دیاری، جا خوا لێیان قەبووڵ بفەرموێت و بیریان فرەوانتر و قەڵەمیان، بۆ دەرخستنی ڕووەکانی ئیعجازی زانستی نێو قورئان و سوننەت، ڕەنگینتر بکات. امین.

سەرنووسەر

# مانگە دەستکردەکان

# شایەتی پێغەمبەرایەتی موحەممەد ( ﷺ ) دەدەن



نوسینی: (عەبدولمەجید زیندانی)

وەرگێڕانی: دانا فاضل

خوای گەورە فەرمانیدا بەموسوڵمانەکان کە لە نوێژەکانیاندا ڕووبکەنە یەک ڕووگە ( قیبلە )، ئەویش بریتی بوو لە کەعبەی پیرۆز لە شاری مەککە لەو بارەیەوە خوای گەورە فەرموویەتی:

﴿ فَوَلِّ وَجْهَكَ شَطْرَ ٱلْمَسْجِدِ ٱلْحَرَامِ ۚ وَحَيْثُ مَا كُنتُمْ فَوَلُّوا۟ وُجُوهَكُمْ شَطْرَهُۥ ﴿١٤٤﴾ ﴾البقرة،

واتە: ( ڕووبکە بەرەو ڕووی مزگەوتی حەرام و لە هەر شوێنێک بوون ڕووتان بکەن بەرەو ڕووی بەنزیکەیەکی ).

بەڵام کەسێک کە خۆی کەعبە دەبینێت واجبە کە ڕاست ڕووبکاتە کەعبە، لە ئیبن عەبباس دەگێڕێتەوە کاتێک پێغەمبەری خوا (ﷺ) چووە ناوکەعبەوە (لەساڵی ئازادکردنی مەککە) چووە ناو کەعبەوە لەهەموو لاکانیدا دوعای کردو نوێژی نەکرد، پاشان هاتە دەرەوەو ڕووی کردە کەعبەو لەبەردەمیدا دوو رکات نوێژی کردو فەرمووی (ئەمە قیبلەیە)[١].

(قورتوبی) کۆدەنگی زانایان دەهێنێتەوە لەسەر ئەوەی کە ڕووکردنە ڕاستی کەعبە واجبە بۆ کەسێک کە بیبینێت[٢].

لەبەرئەوە کەسێک کە کەعبە ببینێتو ڕووی تێبکات خێرو پاداشتی زیاترە لەکەسێک کە نەیبینێتو ڕووبکاتە کەعبە بەنزیکەیی وەکو ئیبن مەسعود هێناویێتی[٣].

کاتێک کە خەڵکی یەمەن بەلێشاو هاتنە ناو دینی خواوە پێغەمبەر( ﷺ ) چەند مامۆستایەکی بۆناردن بۆئەوەی شارەزایان بکەن وەک (علی کوڕی ئەبی تالیب، معازی کوڕی جەبەل، ئەبو موسای ئەشعەری، وبری کوڕی یحنس و هەندێکی تریش) (ڕەزاو ڕەحمەتی خوا لە هەموویان)[٤].

جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمانی دا بە (وبری کوڕی یحنس) ی خوزاعی کە ناردی بۆ (صنعاء) مزگەوتێکیان بۆ دروست بکات کە ناسرا بە مزگەوتی (صنعاء) پێغەمبەر(ﷺ ) سیفاتو شوێنی مزگەوتەکەی دەستنیشان کرد. و نیشانەیەکی ئاشکرای دیاریکرد کە شاخی (چین) بوو کە نزیکەی (٣٠) کم دوورە لە (صنعاء)ەوە ، پاشان گۆشەی لاری نێوان مزگەوتو چیای (چین)ی دەستنیشانکرد کە ببێتە ڕووگەی مزگەوتەکە.

جا لەبەرئەوەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)پارێزراوە لە هەڵە ئەو شێواز و شوێنەی دەستنیشان کردو پاشان گۆشەی ڕووگەی مزگەوتەکەی بەرەو کەعبەی زۆر بەوردی دیاریکرد.

(ئاشکرایە لە مێژوودا پێغەمبەر(ﷺ)لە ژیانیدا سەردانی یەمەنی نەکردووە).

هەرلەبەرئەوە کە تا ئێستاش خەڵکی یەمەن بەچاکترینو پیرۆزترین مزگەوتی دادەنێن، لەبەرئەوەی بەپێی ڕێنماییەکانی پێغەمبەری خوا ( ﷺ ) دروستکراوە[٥].

یەکێک لە گرنگترین سیفەتەکانی ئەم مزگەوتە ڕاستیو وردی ڕووگەکەیەتی. ئێمەش لەم لێکۆڵینەوەیەدا ئەوە دەردەخەین کە چۆن ڕووگەی ئەم مزگەوتە ڕووی کردۆتە نەفسی قیبلە وەکو ئەوەی کە بیبینێتو ڕووی نەکردۆتە قیبلە بەنزیکەیی. بەم دەستنیشانکردنە وردەش پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەستنیشانی هێڵێکی ڕاستو ورد لە نێوان مزگەوتی صنعاء و قیبلەدا دەکات.

## ئەو مەرجانەی پێویستە بۆ کێشانی هێڵێک لە نێوان دوو شاری دوور لە یەکتر:

دووری نێوان شاری مەککەو صنعاء نزیکەی (٨١٥)کم دەبێت، جا ئەگەر ویستمان هێڵێکی ڕاست لە نێوانیاندا بکێشین پێویستمان بەم هەنگاوانە هەیە:

١) پێویستە نەخشەیەکی ڕاستەقینەو وردمان لەبەردەستدا بێت کە بە فرۆکە یان مانگی دەستکرد گیرابێت بۆ دەستنیشان کردنی شوێنی مزگەوتو شوێنی مەککە.

٢) دیاریکردنی هێڵەکانی درێژی و بازنەکانی پانی بۆ زانینی گۆشەی لاری لە نێوان دوو شوێنەکەدا، بەلەبەرچاوگرتنی باکوری موگناتیسی.

٣) پێویستە بەرزی شاری مەککەو صنعاء بزانین لەسەر ڕووی دەریاوە، بۆئەوەی بتوانین پلەی نزم بوونەوەکەی کە لەئەنجامی ڕووە گۆییەکەی زەوییەوە دروست دەبێت بزانین.

لەبەرئەوەی نەخشە تەختەکانی زەوی بەتەواوەتی شێوەیەکی ڕاست نابەخشن. لەبەرئەوەی زەوی گۆییەو تەخت نییەو بەکارهێنانی نەخشەی تەخت (ئەگەر زۆر وردیش بێت) بە تەواوەتی ماوەی نێوان شوێنەکان بەوردی نیشان نادات.

ئایا کەی مرۆڤ توانی بە تەواوەتی ئەو مەرجە وردانە بەدەست بهێنێت؟!

١) مرۆڤ تا سەدەی بیستەم نەیتوانیوە نەخشەی تەواوەتی و ورد دروست بکات، هەتا دوای داهێنانی فرۆکەو مانگە دەستکردەکان نەبێت کە هەڵگری ئامێری وێنەگرتنی پێشکەوتوو بوون سەرەڕای چەندەها ئامێری پێشکەوتووی تر.

٢) مرۆڤ هەتا سەدەی بیستەم نەیتوانی هێڵەکانی درێژیو بازنەکانی پانی بەشێوەیەکی ڕاست و درووست لەسەر زەوی بکێشێت کە هەموو دەریاو وشکانی و دوورگەکان لە خۆبگرێت.

٣) مرۆڤ هەتا سەدەی بیستەم نەیتوانی بەرزیی و نزمییەکانی سەرزەوی دەستنیشان بکات. تەنها دوای ئەوە نەبێت کە ئامێری زۆر وردیان داهێنا بۆ دەستنیشانکردنی بەرزی و نزمی شاخ و دۆڵەکان.

ئایا ئەو پێویستییانە لەسەردەمی پێغەمبەردا (ﷺ) لەبەردەستدا بوون؟

وەڵام: نەخێر. بێگومان ئەم وەڵامە هەموو هۆشمەندێک دەیزانێت چ جای لێکۆڵەرەوان و پسپۆڕان.

**سەرنج بدە یەکەم نەخشەی زەوی کە ئیدریسی لەساڵی (١١٥٤ز)دا دوای (٥) سەدەو نیو لە کۆچی پێغەمبەر(ﷺ) دروستیکردووە کە لە نەخشەکەدا یەمەنی خستۆتە باشووری ڕۆژهەلاتی نیمچە دوورگەی عەرەبییەوە**



**MAPPAMUNDI by Giovanni Leardo. Venice, 1452.**




سەرنجێکی نەخشەکەی (جیوڤانی لیردۆ) بدە کە دوای سێ سەدە لە ئیدریسی نیمچە دورگەی عەرەبی چۆن دروست کردووە. ئیدریسی‌و جیوڤانی لیردۆ لەدوای سەردەمی پێغەمبەر (ﷺ) بە چەند سەدەیەک هاتوون، بۆ زانیاریش هەردووکیان بە پێشڕەوە گەڕیدەکانی مرۆڤ دادەنرێن لە کێشانی نەخشەی زەویدا.

بەڵێ بێگومان وەڵام: نەخێرە، چونکە مرۆڤ نەیتوانیوە دوورییەکانی (إحداثيات) نێوان دوو شوێن دیاری بکات تەنها لەسەدەی بیستەمدا نەبێت کە توانرا فڕۆکەو مانگی دەستکردو ئامێری وێنەگرتن و ئامێری زۆر پێشکەوتوو دابهێنێت.

هەروەها بازنەکانی پانی و هێڵەکانی درێژی و ئامێری زۆر پێشکەوتوو بۆ پێوانەکردنی بەرزی لە ئاستی ڕووی دەریاوە بدۆزێتەوە هەروەها توانی بە موشەکی دوورهاوێژ مانگی دەستکرد بنێرێتە دەرەوەی بەرگی زەوی.

تێبینی: یەکەم مانگی دەستکرد لەمێژووی مرۆڤایەتی بریتی بوو لە سبوتنک (Sputnik) کە ڕوسیا لەساڵی (١٩٥٧) ناردی وە لەساڵی (١٩٥٨) ویلایەتی یەکگرتووەکانی ئەمەریکا یەکەم مانگی دەستکردی هەڵدا بەناوی (دۆزەرەوە).

## پێغەمبەر(ﷺ) شوێن و دوورییەکانی (تان و پۆ) ڕووگەی مزگەوتی (صنعاء) دیاری دەکات:

پێش چواردە سەدە پێغەمبەر(ﷺ) شوێن‌و دوورییەکانی مزگەوتی صنعاء دیاریدەکات و پاشان گۆشەیەکی دروست دیاری دەکات بۆ ڕووگەی مزگەوتەکە بەرامبەر بە (مەککە). کە گۆشەیەکی زۆر ڕاست و وردە بەرامبەر بە کەعبە.

## مزگەوتی صنعاء و فەرماندانی پێغەمبەر(ﷺ) بەدروستکردنی:

یەکەم/ ئەوەی لەکتێبەکانی فەرموودەدا هاتووە: روى الطبراني في (المعجم الاوسط)[٦]: وبری کوڕی یحنس وتوویەتی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێی ووتم: (ئەگەر مزگەوتی (صنعاء)ت دروستکرد ئەوا بەلای ڕاستی شاخێکەوە درووستی بکە کە پێی دەوترێت (ضين)). قال الهيثمي رواه الطبراني في الاوسط وإسناده حسن[٧], وقد رواه إبن السكن، وإبن منده كما نقله الحافظ في الإصابة[٨].

مەبەست لە فەرموودەکەی پێغەمبەر (ﷺ) (فاجعله عن يمين جبل يقال له ضين)، گۆشەیەکی زۆر ورد دیاری دەکات بۆ مزگەوتەکە بەرامبەر بە کەعبە.

دووەم/ ئەوەی لە کتێبەکانی مێژوودا هاتووە: حافیزی رازی[٩] لە کتێبەکەیدا (تأريخ صنعاء) دەڵێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمانیدا بە (وبری کوڕی یحنس)ی ئەنصاری کە ناردی بۆ صنعاء و کردی بەوالی ئەوێ پێی فەرموو: (بانگیان بکە بۆ ئیمان ئەگەر بەقسەیان کردیت و ئیمانیان هێنا، فەرمانیان پێ بدە بەنوێژکردن ئەگەر بەقسەیان کردیت فەرمانیان پێبدە بەدرووستکردنی مزگەوت بۆیان لەباخەکەی بازان دا (لەو بەردەش درووستی بکە کە لە کۆشکی (غمدان)دایەو ڕوویبکەرە ئەو چیایەی پێی دەوترێت (ضين)).

ڕازی دەڵێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) نووسراوێکی نووسی بۆ (وبر) کە مزگەوتێک لە بێستانی (بازان)دا لەو بەردە درووست بکات و سنوورەکەی هەتا لای دیوارەکەی بێت ڕووشی بکاتە چیای ضين.

پێغەمبەر (ﷺ) پێی ووت: (فەرمانبدە بەدرووستکردنی مزگەوتێک بۆیان لەباخەکەی بازان لە بەردەکەی کۆشکی (غمدان)).

نوسراوەکەی پێغەمبەر کە نووسی بۆ (وبر): (زەوییەکەی بازان بکەن بەمزگەوت لەو بەردە هەتا لای دیوارەکەی، ئەمەش دەستنیشانکردنێکی وردە بۆ شوێنی مزگەوتەکە.

فەرموودەکەی پێغەمبەر(ﷺ): (ڕووی بکەرە چیایەک پێی دەوترێت ضين) و فەرموودەکەی (ڕووی بکەرە ضين) ئەوە دەستنیشان کردنێکی زۆر وردە بۆ ڕووگەکەی.

## مزگەوتی (صنعاء) و شوێنەکەی لەمڕۆدا:

یەکەم/ خەڵکی یەمەن لەکۆن و نوێدا پارێزگارییان لەشوێنی مزگەوتەکە کردووە کە پێغەمبەر(ﷺ) فەرمانی بەدرووستکردنی داوە، ئەوەش بەپاراستنی شوێنەواری سنوورەکەی نموونە ئەو بەردەی کە فەرمان دراوە بەدرووستکردنی لەوشوێنەدا، پێشتر باسکرا کە لە نێوان دوو پایەی

دیاریکراودا دروست بکرێت کە یەکێکیان (مسمورة) یە و ئەویتریان (منقورة)یە. هەندێک جاریش خەڵکی یەمەن زیادەڕەوی دەکەن لە بە گەورە زانینی مزگەوتەکە، و هیچ سوێندێک قبوڵ ناکەن لەکاتی تێکچوونیان لەناوخۆیاندا تەنها لەنێوان (مسمورة) و (منقورة)دا نەبێت.

واتە لەناو ئەو مزگەوتەی کە پێغەمبەر (ﷺ) دەستنیشانی کردووە.

دووەم/ هەموو فراوان کارییەک کەبەسەر مزگەوتەکەدا هاتووە کاریگەری نەبووە بۆسەر سنوورە کۆنەکە بەڵکو لای ڕاست و چەپ پێشییەوە گەورەکراوە و لەنێوان کۆنو نوێکەدا گۆڕەپانێکی گەورەیان بەجێ هێشتووە[١٠]. ڕازیش لەکتێبەکەیدا (تأريخ صنعاء) باسی کردووە.

سێیەم/ ئەمەش بەشێکە لەوێنەکانی مزگەوتەکە.



گۆڕەپانی مزگەوتەکە لە سەرەوە



مزگەوتەکەی کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمانیدا بەدروستکردنی لە نێوانی دوو منارەکەدا



بەردەکەی کە ناوی لە فەرموودەکەدا هاتووە



(المنقورة) لای ڕاست



میحرابی مزگەوتەکە لە ناوەوە کە کەوتۆتە ناوەڕاستی مزگەوتەکەوە



(المسمورة) لای چەپ



بەشێکی مزگەوتەکە لە ناوەوە



میحرابی مزگەوتەکە لە دەرەوە کە ڕووی کردۆتە چیای (ضین)

## بەرنامەی گوگڵ ئێرس (Google Earth)

بەرنامەی گوگڵ ئێرس کەلەسەر تۆڕی ئینتەرنێت هەیە کارئاسانی بۆ هەموو کەسێک دەکات کە شوێنی خۆیان لەسەر زەوی دەستنیشان بکەن جا شار بێت یان لادێ لەگەڵ دیاریکردنی ئەو شوێنەو نزیککردنەوەو ڕوونکردنەوەی لەڕێگای وێنەیەکی سێ دوورییەوە (بەرزی، درێژی، پانی) کە بەمانگی دەستکردو فڕۆکە گیراوە. ئەویش وێنەیەکی ڕاستەقینەی شوێنەکە لەسەر پێگەی ئەم بەرنامەیە لە تۆڕی ئینتەرنێتدا دیاریکراوە.



وێنەی مزگەوتی (حەرام) لە مەککەی پیرۆز کە لە ناوەندەکەیدا کەعبەی تێدایە لە بەرنامەی (گوگڵ ئێرس)دا

## جێبەجێ کردنی فەرموودەکەی پێغەمبەر(ﷺ) لەسەر بەرنامەی گوگڵ ئێرس:

یەکەم/ پێشتر باسمان کرد کە بەپێی بەرنامەی (Google Earth) و لەڕێگای ئەوەوە دەتوانین بەشەکانی گۆی زەوی ببینین و دووری و نزیکی هەموو پارچەکانی بزانین، کە بەپێی فەرموودەکەی پێغەمبەر(ﷺ) پێگەی نێوان (مزگەوتی صنعاء و چیای ضین)ی دەستنیشان کردووە، ئەم دووشوێنەش یەکێکن لەو شوێنانەی کە بەپێی مانگە دەستکردەکان لەبەرنامەی گوگڵ ئێرس دا بەتەواوەتی هەموو زانیارییەکانی دیاریکردووە.

ئەم دوو وێنەیە لەو بەرنامەیەوە وەرگیراون.



وێنەی مزگەوتی گەورەی (صنعاء) بەپێی مانگە دەستکردەکان



وێنەی چیای (ضين) بەپێی مانگە دەستکردەکان کە لەسەر لوتکەکەی سەربازگەیەکی بچووکی لێیە.

دووەم/ ئەگەر هێڵێکی ڕاست لە ناوەندی مزگەوتەکەوە بهێنینە دەرەوە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەستنیشانی شوێن و ڕووگەکەی کردووە وەکو لەوێنەکەی خوارەوەدا دەست نیشان کراوە:



پاشان هێڵەکەمان درێژکردەوە هەتا بەچیای (ضين)دا تێدەپەڕێت وەکو لەوێنەکەدا هاتووە.



پاشان هێڵێکی ڕاستمان دەرچاند لە ڕووگەی مزگەوتی (صنعاء)وە کە تێپەڕێت بە (مسمورة) و (منقورة)دا بەپێی وەسفی پێغەمبەر(ﷺ)، و پاشان هێڵەکە بەچیای (ضين)دا بەرین و زیاتر درێژی بکەینەوە دەبینین هێڵەکە دەگات بە شاری مەککەو پاشان دەگاتە دیواری کەعبەو دەچێتە نێوان ڕوکن و بەردە ڕەشەکەوە.



لە بەرزاییەکی زۆرەوە هێڵەکە بەم شێوازە درێژ دەبێتەوە:



## ڕووی ئیعجازی لە فەرموودەکەی پێغەمبەر (ﷺ):

- مرۆڤ نەیتوانی کە هێڵێکی ڕاست لە نێوان دووشاری دووردا بکێشێت، هەتا دوای ئەوە نەبێت کە وێنەی زۆر ورد گیرا بەفڕۆکەو مانگی دەستکردو ئامێری وێنەگرتنی زۆر پێشکەوتوو نەبێت، هەروەها ئاشنا بوون بە هێڵەکانی درێژی‌و بازنەکانی پانی گۆی زەوی و بەرزی و نزمی شارەکان لەئاستی ڕووی دەریاوە.

ئەمانە بۆ مرۆڤ نەڕەخسا تەنها دوای چواردە سەدە نەبێت دوای پێغەمبەر(ﷺ)، بەڵام پێغەمبەر(ﷺ)پێش چواردە سەدە هێڵێکی ڕاستی کێشا لە نێوان مزگەوتی (صنعاء) و چیای (ضين) و کەعبەی پیرۆزداو هەروەها شێوازی مزگەوتەکەی دیاریکرد کە فەرمانی بەدروستکردنی دا.

- دەستنیشانی شوێنەکەی کرد بە فەرموودەکەی (فمرَّ ببناء المسجد لهم في بستان باذان من الصخرة التي في أصل غمدان).

فەرمان بدە بە دروستکردنی مزگەوتێک بۆیان لە باخەکەی (بازان) لەو بەردەش دروستی بکە کە لە (کۆشکی غمدان)دایە.

- پێغەمبەر(ﷺ) گۆشەی لاریی مزگەوتی صنعاء لە چیای ضين و کەعبەی دیاریدەکات بەوتەی (فأجعله عن يمين جبل يقال له ضين). واتە بەلای ڕاستی شاخێکەوە دروستی بکە کە پێی دەوترێت (ضين).

- دەستنیشانکردنی ڕوویەکی زۆر وردی بۆ کەعبە کردووە بە بەکارهێنانی نیشانەیەکی دیارو ئاشکرا بۆ خەڵکی (صنعاء) کە ئەویش چیای (ضين) بوو.

- فڕۆکەو مانگە دەستکردەکان وێنەیەکی گۆی زەوی بۆ گرتووین بەشارەکانی‌و چیاکان‌و دەریاکانییەوە. پاشان وێنەیەکی ڕاستەقینەی هەرسێ شوێنەکەی بۆگرتووین کە پێغەمبەر(ﷺ) دیاریکردووە، مزگەوتی صنعاء، چیای ضين، کەعبە ـ بۆمان دەرکەوتوون کە دەکەونە سەر هێڵێکی ڕاست لەگەڵ ئەوەی کە زۆر لەیەکەوە دوورن و زەویش گۆییە، هەروەها لەگەڵ نەبوونی مەرج و پێویستی زانستی لەسەردەمی پێغەمبەری خوادا (ﷺ).

- هەموو ئەمانە ئەنجامدراوون بەوتەیەکی ئاشکرا و ئاسان و نیشانەیەکی ئاشکرا و کارێکی درووست و ڕاست.

- پێغەمبەر (ﷺ)لەتەمەنیدا سەردانی یەمەنی نەکردووەو چیای ضين ی نەبینیوەو خەڵکیش لەوسەردەمەدا ماوەی نێوان صنعاء و مەککەشیان نەزانیوە.

- هەموو ئەمانە کەباسکران لەتوانای مرۆڤ بەدەربوو لەو سەردەمەداو هەتا دوای ئەو بەسەردەمانێکی زۆریش .

- بەڵێ خوای گەورە ڕاست دەفەرموێت:

﴿ وَمَا يَنطِقُ عَنِ الْهَوَىٰ ﴿٣﴾ إِنْ هُوَ إِلَّا وَحْيٌ يُوحَىٰ ﴿٤﴾ ﴾ النجم.

سەرچاوە: سایتی (www.eajaz.org)

## پەراوێزەکان:

(١) (صحيح البخاري: ج١ – ص ١٥٥).
(٢) (فتح القدير: ج١ ص١٥٣).
(٣) رواه البيهقي في شعب الإيمان ٦/١٨٧– ٧٨٦٠.
(٤) کاتێک خەڵکی یەمەن موعجیزەی ڕاستگۆیی پێغەمبەریان (ﷺ) بۆ دەرکەوت، ئەوەش کاتێک (بازان)ی والی فارسەکان لە یەمەن دوو پیاوی نارد هەتا پێغەمبەر(ﷺ) ئاگادار بکەنەوە تا بۆ لای (کیسرا)ی فارس بچێت، بۆ بەیانی ئەو شەوەی نوێنەرەکان گەیشتن پێغەمبەر(ﷺ)بە هەردوو نێردراوەکەی (بازان)ی فەرموو: ئەمشەو خوای گەورە (کیسرا)ی کوشتووە، کاتێکیش ئەو هەواڵەیان بردەوە بۆ بازان و دواتر ڕاستیی هەواڵەکەشیان بۆ دەرکەوت کە لەو شەوەدا (کیسرا) کوژراوە، هەموو فارسەکانی ژێردەستی (بازان) لەگەڵ خەڵکی یەمەن بەیەک جارو کۆمەڵ کۆمەڵ هاتنە ناو ئیسلامەوە.
(٥) کتێبی (تأريخ صنعاء للحافظ الرازي).
(٦) بەرگی ١/ لا ٢٥٣–٨٣١.
(٧) مجمع الزوائد ج٢ ص١٢.
(٨) الإصابة ج٦ ص٥٩٩.
(٩) (الحافظ المحدث أحمد بن عبدالله بن محمد الرازي)، هەندێک دانراوی هەیە لەوانە (تأريخ صنعاء) لە (٤٦٠ك)دا وەفاتی کردووە.
(١٠) کتێبی (تأريخ صنعاء للحافظ الرازي).
(١١) ئەم باسە لە کۆنگرەی جیهانی ئیعجازی زانستی قورئان و سوننەت لە (کوەیت) پێشکەشکراوە، و دەتوانرێت فیلمی پێشکەش کردنی بابەتەکە لە سایتی (www.nooran.org) ببینرێت.



## سەرەنجام بەم شێوازە دەبێت:

هێڵێکی ڕاست لەڕووگەی مزگەوتەکەی کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمانی بەدروستکردنی داوەو بە لوتکەی چیای (ضین) دا تێدەپەڕێت و دەگاتە ناوەڕاستی کەعبەی پیرۆز.

## خۆت تاقیبکەرەوە:

هێڵێکی راست کە مزگەوتی گەورە لە سەنعا بە کەعبەی پیرۆز(٨١٥کم) بگەیەنێت بکێشە، و پاشان بەشوێن وشەی (جبل ضین) دا بگەڕێ، بۆت دەردەکەوێت کە هێڵە راستەکە بەلوتکەی شاخی (ضین) دا تێپەڕ دەبێت کە (٣٢کم) لە مزگەوتی گەورە لە سەنعاوە دوورە.




# شاخی (ضین)

له دووری (٣٢كم) له مزگەوتی گەورەوە



**مزگەوتی گەورە لە سەنعا لە یەمەن**

# تۆڕی گەردوون

## Simulation of cosmic web





نووسینی: عبدالدائم الکحیل

و: فارووق ڕەسوڵ یەحیا

faruq_r@hotmail.com


ئەم باسە بینینێکی زانستیی نوێ لەمەڕ واتای ئایەتی پیرۆزی:

﴿وَٱلسَّمَآءِ ذَاتِ ٱلۡحُبُكِ ٧﴾ الذاريات[1]

دەخاتە ڕوو کە بەم دواییە زانایان لە ڕێی بەکارهێنانی کۆمپیووتەرە زەبەلاحەکانەوە (سووپەر کۆمپیوتەر Super Computer) بەدەستیان هێناوە.

لە سۆنگەی ئەم توێژینەوەیەی کە زانایان ئەنجامیان داوە دەبینین هەردەم «ڕاستییە زانستییەکان» هاوشانن لەگەڵ قورئانی پیرۆزدا. کە ئەمەش شایەتێکی ڕوون و ئاشکرایە لەسەر ئەوەی قورئان لە لایەن بەدیهێنەری گەردوونەوە هاتووە و، جگە لە ڕووەکانی تری ئیعجاز کە پێشتر لە قورئاندا ئاشکرا بوون، لە ڕووی گەردوونی و زانستیشەوە کتێبیکی پڕ لە ئیعجازی گەردوونیی نوێیە. ئەمەش وەڵامدانەوەی زانستییانەیە بۆ ئەو کەسانەی کە بێ بەکارهێنانی پێوەرو تەرازووەکانی زانست و ژیری و، بێ خۆ دەرباز کردن لە بڕیارە پێش وەختەکان – کە زۆربەیان ئەنجامی چاولێکەری و خۆ ماندوو نەکردنە بۆ بەدەستهێنانی زانیارییەکان – نایانەوێ مل بۆ ئەو ڕاستییە نەوی بکەن.

هەنگاوەکانی باسەکەش یەکەم جار بریتییە لە سەردانی زانایانی تەفسیری قورئان و زانایانی زمان بۆ لێکدانەوەی وشەی (ٱلۡحُبُكِ) و زانینی واتاکەی. ئنجا دەڕۆینە لای زانایانی گەردوونناسی هاوچەرخ تاکو بزانین تازەترین دۆزینەوەی زانستیی نوێ لەم بارەیەوە چی دەڵێ. دوای ئەم هەنگاوانە ڕووی ئیعجازی زانستیمان لەم ئایەتە پیرۆزەدا لە لا ڕوون دەبێتەوە و، هەموو مرۆڤێکی ڕێزگر لە مەنتیق و ژیری و دوور لە ڕەوشی نکوولی و ملنەدان، یەقین و دڵنیایی پتر دادەمەزرێ بەوەی کە خاوەنی گوفتاری قورئان هەر ئەو کەسەیە کە گەردوونی بەدیهێناوە.

## لە خزمەت تەفسیری قورئاندا:

با لەپێشدا بزانین هاوەڵانی پێغەمبەر(ﷺ)و شوێنکەوتووانیان چۆن لەم ئایەتە گەیشتوون و، تەفسیرنووسانی پێشین چۆن لێکیان داوەتەوە؟

«ئیمامی قورتوبی» لە تەفسیرەکەیدا بۆ وشەی (ٱلۡحُبُكِ) دەڵێ: ئیبن عەباس و قەتادە و موجاهید بە واتای: (بەدیهێنانی ڕێک و جوان) لێکیان داوەتەوە. «عیکریمە»ش وتوویەتی: (نابینی ئەگەر جۆلا پِە باشی پۆشاک بچنێت لەبارەیەوە دەوترێت: «حبك الثوبَ يحبكه حبكاً» واتە: باشی چنیوە؟)[2].

«ئیبن کەسیر»یش لە چەند زانایاکی پێشینەوە دەگێڕێتەوە کە لە تەفسیری ئایەتەکەدا وتوویانە: (کاتێ «با» بەسەر لم و دەغڵ و دان و ئاودا هەڵدەکات شەپۆل و هەوراز و نشێوی تێدا دروست دەبێت و ڕێ ڕێ تانوپۆی تێدا پەیدا دەبێت، « ٱلۡحُبُكِ » بریتییە لەوە). پاشان دەڵێ: حەسەنی بەسری لەبارەی «ذات الحُبُك»ەوە وتوویەتی: (واتە: بە ئەستێرەکان چنراون)[3].

«زەمەخشەری»ش لە تەفسیرەکەیدا جگە لەو واتایانەی پێشوو، ئەم واتایەشی زیاد کردووە، کە: (حُبُك الشَّعر: واتە شوێنەواری بەرزی و نزمی ورێڕێ بوونی قژ)[4]. (واتە دوای شانە کردن).

دەتوانین لەم تەفسیرانەوە ئاماژەیەک لەم ئایەتەدا بۆ (چنین و، تانوپۆ و، توندوتۆڵی و ڕێڕێ بوون) بە دەست بهێنین و، لە ناوەندی وتەکەی «حەسەنی بەسری»شەوە تێبگەین کە تاڵەکانی تۆڕی ئەو چنینە ئەستێرەکانن.

## لە لای زانایانی زمان:

«ئیبن مەنزوور» لە فەرهەنگی «لسان العرب»دا سەبارەت بە واتای ئایەتی﴿ وَٱلسَّمَآءِ ذَاتِ ٱلۡحُبُكِ ﴿٧﴾ ﴾ پێی وایە زانایانی زمان دەڵێن: (بەو ئاسمانەی کە ڕێگا جوان و باشەکانی تێدایە)[5].

فەرهەنگی «القاموس المحيط»یش ئەم واتایەمان دەداتێ: (الحبك: بریتییە لە توندوتۆڵ کردن و، جوانکاریی ئاسەواری سنعەت لە پۆشاکدا)[6].

فەرهەنگی (المعجم الوسيط)یش دەڵێ: (کە وترا: حبك الشئ حبكاً، واتە: ئەو شتەی توندوتۆڵ کردووە. کە وترا: حبك الثوب، واتە: پۆشاکەکەی باش چنی. کە وترا: حبک الحبل، واتە: گوریسەکەی قایم ڕستووە. کە وترا: حبك العقدة، واتە: گرێکەی قایم لێداوە)[7].

ئەم واتایانە بەڵگەن لەسەر ئەوەی کە زانایانی زمان واتای ئەم وشەیە دەبەستنەوە بە (چنینی پۆشاک و توندوتۆڵ کردنی) و، لە «چەند تاڵە دەزوویەک» دەدوێن کە بە «چەند گرێیەکی مەحکەم و قایم ڕێسراین و پەیوەست کراین».

ئا لێرەدا پرسیارێک سەرهەڵدەدات کە ئایا لە دۆزینەوە زانستییەکانی زانایاندا شتێکی ئەوتۆ هەیە کە ئاماژە بۆ تۆڕێکی چنراوی ڕاستەقینە بکات لە ئاسماندا؟

دەبا ئێستا سەرنج لە نوێترین دۆزینەوەی زانستیی لەمەڕ پێکهاتە و شێوەی گەردوون بدەین و، ئنجا بیر بکەینەوە لە یەکاویەک بوونی ئەوەی کە چواردە سەدە پێش ئێستا قورئانی پیرۆز فەرموویەتی و ئەوەش کە زانایانی ئەمڕۆ بە بینینی یەقینی دەیبینن.

## قۆناغەکانی پەرەسەندنی زانیاریی مرۆڤ لەمەڕ گەردوونزانی:

زانایانی «گەردووناسی» پەرەسەندنی زانیارییەکانی مرۆڤ سەبارەت بە «گەردوون» بە سێ چەرخ و سەردەم دابەش دەکەن:

یەکەم: لە سەردەمی «ئەرستۆ»[8]وە دەست پێدەکات، کە بۆ ماوەی سەدان ساڵ بیرۆکەی وەستانی زەوی و سوورانی هەسارە و ئەستێرەکان بە دەوریدا، بەردەوام بوو.




سەدان ساڵ بیرۆکەی وەستانی زەوی و سوورانی ئەستێرەکان بەدەوریدا بەردەوام بوو

دووهەم: لە «کۆپەرنیکۆس»[9]ەوە دەست پێدەکات کە سەلماندی زەوی نەجووڵ (وەستاو) نییە، بەڵکو بە دەوری خۆردا دەخولێتەوە.

سێهەم: ماوەی سەد ساڵێکە لە گەڵ ئەنیشتایندا[10] سەری هەڵدا، کە چەمکێکی نوێی بە (کات و، شوێن و، وزە و، مادە و، کێش)بەخشی[11].

لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا زانایان دڵنیا بوون لەوەی کە زۆربەی ئەو ئەستێرانەی لە شەوێکی ساماڵدا دەیانبینین سەر بە گەلەستێرەکەی خۆمانن (گەلەستێرەی ڕێی کاکێشان) و، ناویان نا: دووڕگەی گەردوونی یاخود گەلەسەتێرە (المجرة Galaxy). گریمانی ئەوەشیان دانا کە جگە لەو، گەلەستێرەی تریش هەبن.

دوای ئەوە، گەردووناسان تێبینیی شتێکی وەک پەڵە هەور و تەم و مژیان لە دەرەوەی گەلەستێرەکەمان کرد و، ناوی (سەدیم Nebulae)یان لەو پەڵە هەورانە نا. لە ساڵانی بیستی سەدەی پێشوودا زانای ئەمریکی (هابڵ Hubble) ڕوونی کردەوە کە ئەم سەدیمانە چەند گەلەستێرەیەکی ترن، وەکو گەلەستێرەکەی خۆمان وان. پاشان ئەم زانایە بۆی دەرکەوت کە ئەو گەلەستێرانە بە چەندین خێرایی لە ڕادەبەدەر لە ئێمە دوور دەکەونەوە.

پاشان زانیاریی مرۆڤ سەبارەت بە گەردوون پەرەی سەند و، چەند دە ساڵێک پێش ئێستا زانایان دەستیان دایە لێکۆڵینەوە لە دروست بوون و پێکهاتنی گەردوون. ئنجا لە هەشتاکانی سەدەی پێشوو لە ئاستێکی جیهانیدا بایەخدان بە لێکۆڵینەوە لە پەیدا بوونی گەردوون و چۆنێتیی پێکهاتنی ئەستێرە و گەلەستێرەکان دەستی پێکرد[12].




گەلەستێرەی ڕێی کاکێشان کە پتر لە سەد هەزار ملیۆن خۆری تێدایە

زانایان بۆیان دەرکەوت کە گەلەستێرەکان بە ئەندازەیەکی یەکجار زۆر و گەورە لە گەردووندا بڵاون و، ژمارەیان بە سەدان بلیۆن گەلەستێرە خەمڵاند و، ژمارەی ئەستێرەکانی هەر گەلەستێرەیەکیشیان بە سەدان بلیۆنی تر ئەستێرە مەزەندە کرد[13]. ئیتر کەوتنە پرسیار کردن لەباری ئەوەی کە: ئایا شێوەی گەردوون چۆنە گەر لە دەرەوەی گەردوونەوە بۆی بڕوانین؟ ئایا گەلەستێرەکان و گاز و تەپوتۆزی گەردوونی چۆن چۆنی لە بۆشایی نێوان ئەستێرەکاندا دابەش بوون؟ ئایا هیچ سیستەمێک هەیە ئەم دابەش بوونەی لە دەستدا بێت؟

وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە پێویستی بە دیزاین و دروستکردنی کۆمپیوتەرێکی زەبەلاح بوو کە بتوانێت بە کرداری (هاوشێوەکاری) وێنەی بچووککراوەی گەردوونی ڕاستەقینە بکێشێت. ئیتر زانایان سەرجەم زانیارییە پێویستەکانیان دا بەم کۆمپیوتەرە مەزنە، تاکو کارەکەی ئەنجام بدات. ئامانجیشیان لەم پرۆسەیە بەدەستهێنانی هەرچی زانیاریی وردترە لە بارەی دابەش بوونی گەلەستێرەکان لە گەردووندا.



### ئایا (سووپەر کۆمپیوتەر Super Computer) چییە؟

له پێشدا پێوسته هەندێ زانیاریمان لەم ئامێرە نوێیە و هەندێ له تایبەتمەندییەکانی ببێت، تاکو له قورسی و گرنگی و مەزنیی دۆزینەوەکە تێبگەین:

ساڵی (٢٠٠٠ز) کۆمپانیای (IBM) کومپیوتەری زەبەلاح (Super Computer)ی به جۆرێکی پێشکەوتوو بەرهەم هێنا به مەبەستی بەکارهێنانی له پرۆسەکانی هاوشێوە کردن (المحاكاة Simulation)دا. خێرایی ئامێرەکە له تەنها یەک چرکەدا ئەنجامدانی زیاتر له دوازده تریلیۆن کرداری بیرکارییانەیە و، قورساییەکەی زیاتر له سەد هەزار کیلۆ گرامە و، (٢ ,١ میگا وات) وزەی کارەبای پێویستە و، قەوارەکەشی جێی دوو یاریگای تێنس دەگرێت و، ڕامەکەشی یەک ملیۆن ملیۆن بایتە!

بەڕێوەبەری کۆمپانیای (IBM)ی بەرهەمهێنی ئامێرەکە دەڵێت: ئەو کردارانەی که ئەم ئامێرە له تەنها یەک چرکەدا ڕایدەپەڕێنێ مرۆڤ گەر به ئامێری کۆمپیوتەری ئاسایی ئەنجامیان بدات پێویستی به ده ملیۆن ساڵ دەبێت(١٤)!




ئنجا - خوێنەری بەڕێزم! - سەرنج له گەورەیی و خێرایی نائاسایی ئەم ئامێرە و ئەو تەکنیکە باڵایە بده که تیایدا ڕەچاو کراوه. خۆ ئەگەر ئامێرێکی لەم جۆرە نەبێت هەرگیز له توانادا نابێت وێنەیەکی بچووککراوەی گەردوون به دەست بهێنرێت.




زانای گەردوونناس (فرەیزەر پێرس Frazer Pearce)
له کاتی لێکۆڵینەوەکانی لەسەر سوپەر کۆمپیوتەر
لەمەڕ تۆڕی گەردوون

### گەورەترین کرداری کۆمپیوتەری:

ماوەیەکی نزیک پێش ئێستا چەند زانایەکی خەڵکی بەریتانیا (لەوانە: زانایانی زانکۆی دورهام و نۆتینگهام) و ئەڵمانیا و کەنەدا و ئەمریکا مەزنترین کرداری کۆمپیوتەرییان ئەنجام دا بۆ به دەستهێنانی وێنەیەکی بچووککراوەی گەردوون. بۆ ئەم مەبەستەش زیاتر له ده هەزار ملیۆن زانیارییان سەبارەت به زیاتر له بیست ملیۆن گەلەستێرە دا به کۆمپیوتەری ناوبراو. خۆ هەرچەندە ئەم ئامێرە خێراییەکی له ڕادەبەدەری هەیە کەچی لەگەڵ ئەوەشدا ماوەی بیست و هەشت ڕۆژی ڕەبەق کاری لەسەر ئەو زانیارییانە کرد هەتا توانیی وێنەیەکی بچووککراوەی گەردوون بکێشێت..

ئەو زانیارییانەی بەو کۆمپیوتەرە دران لەوانە بوون که تا ئێستا بەدەست هاتوون سەبارەت به فراوانبوونی گەردوون و ڕەوشی ئەستێرەکان و تەپوتۆزی گەردوونی، به نیازی بەدەست هێنانی وێنەیەکی هاوشێوەی گەردوون له فراوانبوونەکەیدا و، دەستنیشان کردنی ئەو ڕێگایانەی که ئەستێرەکان و گەلەستێرەکان دەیگرنەبەر.

پرۆفیسۆر (Carlos Frenk)(١٥) له زانکۆی دورهامی بریتانیا و بەڕێوەبەری ئەم بەرنامەیە دەڵێ(١٦):

It is the biggest thing we have ever done, It is probably the biggest thing ever in computational physics. For the first time we have a replica Universe which looks just like the real one. So we can now for the first time begin to experiment with the Universe.

واتە: «ئەمە گەورەترین شتە که تا ئێستا به ئەنجامەمان گەیاندووە، لەوانەشە له فیزیای کۆمپیوتەریدا به گەورەترین دەستکەوت دابنرێت. ئێمە ئێستا بۆ یەکەم جار نوسخەیەکی گەردوونمان وەک خۆی له بەردەستدایە که به وێنەی گەردوونی ڕاستەقینە له پێش چاودا دەردەکەوێ. هەر لەبەر ئەوەشە که بۆ یەکەم جار دەتوانین دەست به تاقیکردنەوەکانمان بکەین لەسەر گەردوون».

ئەمەش ڕوونکردنەوەیەکی ڕاشکاوانەیە له لایەن زاناو دۆزەرەوەیەکی گەورەوە که ئێستا بۆ یەکەم جارە له مێژوودا زانایان دەتوانن چەند ڕاستییەکی یەقینی سەبارەت به شکڵ و شێوەی گەردوون و دابەشبوونی گەلەستێرەکانی ناوی ببینن.

ئەو وێنەیەی که سووپەر کۆمپیوتەر بۆ گەردوونی کێشابوو تا ڕادەیەکی زۆر له تۆڕی جاڵجاڵۆکە دەچێت. بۆیە زانایان زاراوەی (تۆڕی گەردوون)یان بۆ دانا، چونکە دەرکەوت که هەموو یەکێک له تاڵە دەزووەکانی ئەم تۆڕە له هەزاران گەلەستێرە پێکهاتووە و، ئەم گەلەستێرانەش به شێوەیەکی یەکجار توندوتۆڵ ڕیز کراون. واتە تانوپۆیەکی تەواو مەحکەم و قایمە. لەبەر ئەوە، زانای ناوبراو له بارەیەوە دەڵێ(١٧):

these collections of thousands of very bright galaxies very tightly packed together.

واتە: «ئەم کۆمەڵانەی که له هەزاران گەلەستێرەی یەکجار گەش و بریسکاوە پێکهاتوون، زۆر به توندوتۆڵی و ڕێکی ڕیز کراون».



ئەو وێنەیەی کەسوپەر کۆمپوتەر بۆ
گەردوونی کێشاوە و وەکو تۆڕی جاڵجاڵۆکە
دەردەکەوێت

### ئەم ناوە له کوێوە هات؟

زاراوەی: (تۆڕی گەردوون) زاراوەیەکی زۆر نوێیە. زانایان به نیازی گوزارشت له پێکهاتەی گەردوون بەکاریان هێناوە، چونکە بینییان گەلەستێرەکان لەسەر چەند تاڵە دەزوویەکی باریک ڕیز کراون. جا ئەگەر به پێوەرە گەردوونییەکان سەرنج له هەر کامێکی ئەو تاڵە دەزووە گەردوونییانە بدەین دەبینین یەکجار باریکە. خۆ ئەگەر بزانین تەنها یەک ئەستێرە بۆ ماوەی چەند چرکەیەکی ڕووناکی له بۆشاییدا بڵاو

دەبێتەوە، ئەوا تاڵە دەزووە گەردوونییەکە بۆ چەندین بلیۆن ساڵی ڕووناکی درێژ دەبێتەوە[18]. بۆ نموونە گەر بمانەوێ یەکێک لەو تاڵە دەزووە گەردوونییانە بچووک بکەینەوە هەتا تیرەکەی دەگاتە یەک ملیمەتر ئەوا درێژییەکەی سەدان هەزار مەتر دەردەچێت! ئیتر بۆ خۆت سەرنج لە باریکیی ئەم تاڵە دەزووە گەردوونییە بدە کە چەندە باریک و چەندەش درێژە! لەگەڵ ئەوەشدا تابڵێی توندوتۆڵە و بەستراوە بە چەند یاسایەکی گەردوونیی مەزنەوە[19].

جا ئایا ئەمە نابێتە بەڵگە لەسەر مەزنیی بەدیهێنەری تاڵەکانی ئەم تۆڕە و وردیی سنعەت و کارەکانی؟ لەوانەیە لەمەوە بتوانین تێبگەین کە بۆچی خوای گەورە لە قورئانەکەیدا سوێندی پێ خواردووە.



پیزبوونی گەلە ئەستێرەکان لەسەر تاڵەکانی تۆڕی سێ بوعدی گەردوون

## زانایان ئێستا زاراوەکانی قورئان بەکاردەهێنن:

زانایانی ئەمڕۆ هیچ گومانێکیان لە بوونی ئەم تۆڕەدا نییە. بەڵکو ئێستا لە چۆنێتیی چنین و تەنینی ئەم تۆڕە دەکۆڵنەوە لەم تاڵە دەزووە مەزنە گەردوونییانە.




وێنەیەکی تری هاوشێوەی گەردوون کە سوپەر کۆمپیوتەر کێشاویەتی

سەیرترین و نامۆترین دیاردە لەم بوارەدا ئەوەیە کە ئێستا گەردووناسان هەمان زاراوەی قورئان لە توێژینەوەکانیاندا بەکاردەهێنن! ئەوەتا بەم دواییانە توێژینەوەیەک لە لایەن چەند گەورە توێژەرێکی خۆرئاواوە دەرچووە تیایدا پرسیار و لێکۆڵینەوە لەو چۆنێتییە دەکەن کە بەهۆیەوە تاڵەکان لە تۆڕی تانوپۆی گەردووندا چنراون!! دەبینی وشەی: (Weave)[20] بەکار دەهێنن، کە لە واتای (الحُبُك)دایە!

ئایا لەبەر چی لە سەدەی بیست و یەکەمدا زانایان هەمان وشە و زاراوەی قورئان بەکاردەهێنن؟ دیارە ئەوان هەرچەندە توێژینەوە و لێکۆڵینەوە ئەنجام بدەن و چەندەش ڕاستیی زانستی بدۆزنەوە دەبێ هەر لە ئاکامدا بگەڕێنەوە بۆ کتێبی هەموو ڕاستییەکان کە قورئانی پیرۆزە، چونکە ئەو خوایەی کە گەردوونی بەدیهێناوە هەر ئەویش قورئانی ناردووە، گەردوون و بەدیهاتووانی ناو گەردوونی وەک چۆنە وەها باس کردووە.

## وردیی ئەو وشانەی کە قورئان بەکاری هێناون:

سەیر لەوەدایە ئێستا زانایان لە چەند ڕێگایەک دەدوێن لەناو ئاسماندا! چونکە کاتێ دەڕواننە ئەو وێنانەی بەهۆی سوپەرکۆمپیوتەرەوە ئامادە کراون و تێبینی دەکەن وەکو چەند ڕێگایەک وان بەرەو شارێکی گەورە. بۆیە زانایان دەقاودەق دەڵێن[21]:

Such structures look like highways converging onto a large city, but with the important difference that clusters feeding filaments are organized in threedimensional space

واتە: «هەندێ لەو بینا و پێکهاتە گەردوونییانە بە وێنەی ئەو ڕێگا خێرایانە دەردەکەون کە لە شارێکی گەورەدا بە یەک دەگەنەوە. لەگەڵ جیاوازییەکی گرنگدا کە بریتییە لەوەی ئەو کۆمەڵە گەلەستێرانەی لەسەر تاڵەکان دانراون لە بۆشاییەکی سێ بوعدیدا ڕێکخراون».

جا مادەم ئەو تاڵانە لەسەر تۆڕێکی سێ بوعدی دانراون ئەوا بوونی چەند تۆڕێکی جیاجیا دەگەیەنێت بە هەموو ئاراستەکاندا. قورئانی پیرۆز بە وشەی داڕێژراوی کۆ (جمع) گوزارشتی لەم ڕاستییە کردووە و، فەرموویەتی: (ٱلْحُبُكِ) و، بە شێوە داڕشتنی تاک نەیفەرموو: (حبيكة). دیارە ئەمەش بەڵگەیە لەسەر وردیی بەکارهێنانی وشەکان لە قورئانی پیرۆزدا!

زانایانی ئەمڕۆ بەردەوام کار بۆ دۆزینەوەی ئەو هێزی کێشە لە ڕادەبەدەرانە دەکەن کە تاڵەکانی ئەم تۆڕەیان پێکەوە گرێ داوە و کۆنترۆڵیان کردووە. هەروەک لە چەند پردێک دەدوێن کە بە هێزێکی کێشی لە ڕادەبەدەر ئەم تاڵانەی بە یەکەوە بەستووە. ئەمەش جەختە لەسەر ئەوەی کە زانایانی ئەمڕۆ دەزانن ئەم تۆڕە گەلێ توندوتۆڵ و قایمە.

کاتێ سەر لە قورئانی پیرۆز دەدەینەوە دەبینین نەیفەرمووە: (ذات النسج) یان (ذات الخیوط) چونکە چنین دەگونجێ قایم بێت و دەشگونجێ پچڕ پچڕ بێت. تاڵەکانیش هەندێ جار تۆکمە و توندوتۆڵ و هەندێ جاری تریش لاوازن. بەڵام وشەی (ٱلْحُبُكِ) چەند سیفەتێکی تێدا کۆبووەتەوە، گرنگترینیان ئەوەیە کە ئەم وشەیە ئاماژە دەکات بۆ:

١- بوونی چەند تانوپۆ و چنینێک.

٢- چەند تاڵێکی هاوپەیوەندیی توندوتۆڵ.

٣- بوونی سیستەمێک لەم تاڵانەدا. چونکە هەر کاتێ جۆڵا پۆشاکێک دەچنێ ئەوا سیستەمێکی دیاریکراو دەگرێتەبەر بۆ چنینی تاڵەکان. هەر ئەو سیستەمەیە کە چنینەکە توندوتۆڵ و قایم ڕادەگرێت، دەنا پچڕ پچڕ و لاواز دەردەچێت.

٤- بوونی چەند ڕێگایەک لە ئاسماندا.

هەموو ئەم واتایانەش وشەی: (ٱلْحُبُكِ) لە خۆیدا کۆی کردوونەتەوە. ئەمەش یەکێکی ترە لە ئیعجازەکانی قورئان کە وشەی ورد و پڕ لە واتامان بۆ گوزارشت لە ڕاستییەکە پێ دەبەخشێت، ئنجا بواریش بە کراوەیی دەخاتە سەرپشت بۆ مرۆڤ هەتا بە درێژایی ڕۆژگارەکان سەرگەرمی گەڕان و پشکنین و دۆزینەوە بن و زاراوەکانیان بە پێی پێویست بگۆڕن. بەڵام کاتێ لە کۆتایی و ئاکامی ڕەنج و تەقالایاندا دەگەنە ڕاستییە دڵنیایی بەخشەکان دەبینن بە ڕوونی لە قورئانی پیرۆزدا ئەو ڕاستییە وتراوە!

جا ئایا هیچ زانست و کتێبێک هەیە لەم قورئانە مەزنتر بێت؟!

## چەند تاڵێکی ماددە تاریکەکەی گەردوون:

بە چەند بەڵگەیەکی جۆراوجۆر سەلماوە کە ماددەیەکی تاریک هەیە بەسەر گەردووندا زاڵە، ئەم ماددەیە هێشتا نەبینراوە و نازانرێ چییە. بەڵام زانایان دەڵێن: هەموو ئەوانەی کە تا ئێستا دەیانبینین (٤٪)ی قەوارەی گەردوونە، ئەوی تری بە ڕێژەی (٢٢٪) ماددەیەکی تاریکە و بە ڕێژەی (٧٤٪)یش وزەیەکی تاریکە. ئەوەی جێی سەرسوڕمانی

زانایان بوو بریتی بوو لەوەی کە بۆیان دەرکەوت ماددە نەبینراوەکەش بە چنینێکی توندوتۆڵ دابەش بووە و، هەر ئەو ماددە تاریکەشە کە بەهۆی چەند پردێکی گەردونییەوە گەلەستێرەکان پێکەوە پەیوەست دەکات، تەنانەت ئەم پردانەش چەند تاڵێکن لەو تۆڕە[٢٢].

**زانایان جەخت دەکەنەوە کە تاڵەکانی ئەم تۆڕەیان بینیوە:**

هەندێ خوێنەری بەڕێز باسی (ئیعجازی زانستی)ی بەلاوە پەسەند نییە، بە بیانووی ئەوەی کە زانستی مرۆڤ چەند فەرەزییەیەکە هەردەم لەگەڵ بەرەو پێشچوونی زانیارییەکانی مرۆڤدا ئەویش گۆڕانی بەسەردا دێت، بەڵام قورئان حەقیقەتێکی نەگۆڕە.

دەڵێین: ئیعجاز لەسەر فەرەزییەکان بنیات نانرێت، بەڵکو کاتێ زانست لەو بابەتەدا دەگاتە ئەو ئاستەی کە لە فەرەزییە و نەزەرییە دەردەچێت و دەبێت بە «ڕاستییەکی زانستی» ئەو کاتە ئیعجازەکە دەردەکەوێت.

جا ئێمە دەپرسین ئایا دەگونجێ زانایان لە داهاتوودا «ڕاستی»یەک بدۆزنەوە کە پێچەوانەی «ڕاستی»یەک بێت ئەمڕۆ دۆزراوەتەوە؟ ڕاستی هەر ڕاستییە و ناگۆڕێت، گۆڕان لە فەرەزییە و بیردۆزەکاندا دەبێت.

دەتوانین بڵێین: چەند ڕاستییەکی زانستی هەیە مرۆڤ دەیانبینێت و بە بێ گومانی هەستیان پێ دەکات، وەک: ڕاستیی بوونی گەلەستێرەکان و ڕاستیی ئەوەی کە زەوی شێوەی گۆی هەیە و، ڕاستیی بوونی خۆر و مانگ. خۆ ئەمانەش هەموو مرۆڤێک دەتوانێت بیانبینێت. بەڵام نەزەرییەکانی کۆتایی گەردوون و تەمەنی گەردوون زانایان نەیانتوانیوە جەختی لێ بکەنەوە.

ئنجا هیچ گومان لەوەشدا نییە کە گەلەستێرەکان لەم گەردووندا بە سیستەمێکی توندوتۆڵ و بنیاتنانێکی چەشنی چنینی تۆڕ داناوان. کە ئەمەش هەموو زانایان دانی پێدا دەنێن و کەس نکوولیی لێ ناکات. لەوانەیە توێژینەوەکانی ئایندە ڕوونکردنەوەی زیاتر سەبارەت بەم تۆڕە گەردوونییە بە دەستەوە بدەن، بەڵام هەرگیز ناگونجێ ئەوە دەربکەوێت کە گەردوون بە هەرەمەکی دابەش بووە و هیچ سیستەمێک نییە ڕێکی بخات، چونکە ئەنجامەکەی دارمانی گەردوون دەبێت.

جا مادەم «ڕاستی»یە زانستییەکە لەگەڵ قورئانی پیرۆزدا یەکاویەک دەرچوو، ئەوا هەرگیز ناگونجێ زانایان لە داهاتوودا شتێکی پێچەوانەی ئەم دەقە پیرۆزە بدۆزنەوە. بەڵام دەگونجێ شتی نوێ لەم تۆڕەدا بدۆزنەوە، وەک ئەوەی کە وێنەیەکی باشتریان لێ دەست بکەوێت، یان بە شێوەیەکی تێر و تەسەلتر و ڕوونتر بیبینن.

کەواتە هەروەک دەبینین و دەزانین زەوی شێوەی گۆی هەیە، بە هەمان جۆر زانایان بە چاوی خۆیان دەبینن کە چەندین تاڵە گەلەستێرە بە وێنەی تۆڕێک لە ناوەندی سیستەمێکی توندوتۆڵدا پێکەوە پەیوەستن و، ناگونجێ ئەم دیمەنەش وەهمێک بێت دوور لە ڕاستی.

زانایانی ئەمڕۆ چەند «ڕێگا» و «پرد»ێک دەبینن کە ئەم تاڵانە بە توندوتۆڵی و قایمی پێکەوە گرێ دەدەن. یەکێک لەو زانایانە دکتۆر «بول میلەر»ە کە جەخت دەکاتەوە لەسەر بوونی چەند ڕێگایەکی ئەستێرەکانی لەسەر دەڕۆن و بەیەک دەگەنەوە تاکو گەلەستێرەکان پێکبهێنن. هەروەک لە: چەند تاڵێک (Filaments) و، چەند گرێیەک (Nodes) و، تۆڕ (web)[٢٣] دەدوێت. جا ئایا وشەی (ٱلْحُبُكِ) هەموو ئەم واتایانە لەخۆ ناگرێت؟

ئەم زانایە (بول میلەر)[٢٤] کە یەکێکە لە گەورە زانایانی گەردوونناسی بە جەخت کردن لەسەر بینینی ئەو تۆڕە دەڵێت:

We have little doubt that for the first time, we are here seeing a small cosmic filament in the early universe.

واتە: «ئێمە گومانمان لەوەدا نییە کە بۆ یەکەم جار تاڵێکی بچووکی گەردوونی دەبینین لە گەردووونی سەرەتادا».

سەرنج بدە کە چۆن وشەی: (دەبینین) بەکاردەهێنێت بۆ ئەوەی دەری ببڕێت کە بە ڕاستی تاڵەکانی تۆڕی گەردوون دەبینن. جەخت لەوەش دەکات کە بۆ یەکەم جارە مرۆڤ تاڵەکانی ئەم تۆڕە دەبینن.

**پوختەی ئەمانەی پێشوو:**

هەر لە سەرەتای نازڵ بوونی قورئانەوە تا ئێستا بە درێژایی ڕۆژگار چەندین تەفسیر و لێکدانەوە بۆ ئەم ئایەتە کراوە و لەگەڵ ئەوەشدا هیچ ناسازییەک لە تێگەیشتنیدا پەیدا نەبووە. دەبینی لە تەفسیریدا وتراوە کە ئاسمان: بەدیهاتنێکی جوانی هەیە.. بیناییەکی توندوتۆڵە.. چەند ڕێگایەکی تێدایە.. گەلێ ئەستێرەی هەن دەیڕازێننەوە.. تانوپۆیەکی هەیە کە بە تۆکمە و قایمی چنراوە. هەموو ئەم تەفسیرانەش ڕاست و درووستن و، یەکێک لە مەزنییەکانی ئەم وشەیەی قورئان لەوەدایە کە سەرجەمی ئەم واتایانەی لەخۆدا کۆکردووەتەوە. خۆ کاتێ کە زانستی نوێ هاتە کایەوە و پەردەی لەسەر گەلێ نهێنیی گەردوون لادا، دەرکەوت کە هەموو ئەم واتایانە ڕاستن و، دۆزینەوە و ڕاستییە زانستییەکان یەکاویەکن لەگەڵ قورئانی پیرۆزدا کە سەرانسەر ڕاستییە..

پوختەی ئەو دەرەنجامانەی کە زانایانی گەردوونناسی پێی گەیشتن بریتییە لەوەی: گەردوون پڕە لە ماددەیەکی تاریک.. چەند تاڵێکی یەکجار باریکیش ئەم تاریکاییە دەبڕن و لە چەند شوێنێک و لە شێوەی چەند گرێیەکدا بە یەک دەگەنەوە.. شێوەی ئەو تاڵانەش وەکو تانوپۆی چنین وایە.. زۆر بە وردی و تۆکمەییش ئەم تاڵانە چنراون و پێکەوە گرێ دراون.

خۆ ئەو دیمەنەی کە ئێستا زانایان دەیبینن، هەمان شتە کە قورئانی پیرۆز بەوپەڕی وردی و بە چەند وشەیەکی کەم پێش چواردە سەدە لێی دواوە و وەسفی کردووە.



وێنەیەکی تر کە سوپەر کۆمپیوتەر بۆ گەردوونی کێشاوە

**ئەنجامەکانی ئەم باسە و ڕووی ئیعجاز:**

١- لایەنێکی جوانی و مەزنیی ئیعجازی ئەم ئایەتە لەوەدایە کە وێڕای ئەو واتایانەی بە درێژایی ڕۆژگارەکان لێی وەرگیراون، کەچی هیچ گرفتێک لە تێگەیشتنیدا نابینرێت. لە ناوەندی تەفسیری ئایەتەکەوە ئەوە بە دەست دێت کە دەقی قورئان واتاکانی ڕوون و ئاشکران، ئەوەتا هەر لە دێر زەمانەوە خەڵکی لەم ئایەتە ئەوە تێگەیشتوون کە ئاسمان چنینێکی توندوتۆڵی هەیە و، بێ ئەوەی تانوپۆی ئەو چنینەش ببینن باوەڕیان پێی بووە. خەڵکانی هەر سەردەم و ڕۆژگارێک بە ئەندازەی زانیارییەکانی سەردەمی خۆیان لێی تێگەشتوون و ئێمەش بە ئەندازەی زانیارییەکانی سەردەمی خۆمان لێی تێدەگەین. لەوانەیە سبەینێ زانست وردەکاریی نوێتر لەم تۆڕە گەردوونییەدا بدۆزێتەوە و خەڵکی ئەو کاتە بە شێوەیەکی فراوانتر لەم ئایەتە بگەن. کە ئەمەش جۆرێکە لە جۆرەکانی ئیعجازی قورئان. کە بریتییە لەوەی: (قورئان گوفتاری خوای گەورەیە ئاراستەی هەموو توێژەکانی گشت کات و شوێنێکی کردووە)!

هەروەک ئەم ئیعجازە ڕوونکردنەوەیەکی تر بەو وەسفەی قورئان دەبەخشێ کە خوای گەورە لەبارەیەوە فەرموویەتی: ﴿ أَفَلَا يَتَدَبَّرُونَ ٱلْقُرْءَانَ وَلَوْ كَانَ مِنْ عِندِ غَيْرِ ٱللَّهِ لَوَجَدُواْ فِيهِ ٱخْتِلَٰفًا كَثِيرًا ﴿٨٢﴾ ﴾ النساء

٢- ئنجا وەک لەم باسەوە بۆمان دەرکەوت، مێژووی بەرەو پێش چوونی زانیارییەکانی مرۆڤ سەبارەت بە گەردوون و جەخت کردنی زانایان کە بۆ یەکەم جارە بەم تۆڕە گەردوونییە ئاشنا دەبن، بەڵگەیە لەسەر ئەوەی

کە کاتی نازڵ بوونی قورئان چەمکی تۆڕ و چنینی توندوتۆڵی گەردوون کەس نەیزانیوە. کەواتە تاکە لێکدانەوەی ڕاست و درووست بۆ لێدوانی قورئان لەو چنینە توندوتۆڵە لەو سەردەمەدا ئەوەیە کە تەنها و تەنها بەدیهێنەری گەردوون خاوەن گوفتاری قورئانە، نەک کەسی تر. خۆیشی دەفەرموێ: ﴿ قُلۡ أَنزَلَهُ ٱلَّذِي يَعۡلَمُ ٱلسِّرَّ فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۚ إِنَّهُۥ كَانَ غَفُورٗا رَّحِيمٗا ﴿٦﴾ ﴾ الفرقان.

٣ـ ڕوونکردنەوەی ئەم موعجیزەیە هۆکارێکی کارایە بۆ بانگهێشتی ناموسڵمانان ـ نەخوازەڵا زانایانیان ـ بۆ تێڕامان لە قورئان و دڵنیابوونیان لەوەی کە هەرگیز ناگونجێ ئەو قورئانەی کە پڕ لە موعجیزەی ئاوایە گوفتاری مرۆڤ بێت. چونکە دەبێ ئەم پرسیارە لە خۆیان بکەن کە: ئایا لەو سەردەمە دێرینەدا کێ دەیزانی گەردوون پێکهاتەیەکی توندوتۆڵی چەشنی تۆڕی هەیە. خۆ ئەگەر تەنها تۆسقاڵێک دادگەری و ویژدان بەکاربێنن ئەوا وەڵامەکەیان بە ڕوونی لەم ئایەتە پیرۆزەدا دەبیننەوە کە دەفەرموێ: ﴿ لَّٰكِنِ ٱللَّهُ يَشۡهَدُ بِمَآ أَنزَلَ إِلَيۡكَۖ أَنزَلَهُۥ بِعِلۡمِهِۦۖ وَٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ يَشۡهَدُونَۚ وَكَفَىٰ بِٱللَّهِ شَهِيدًا ﴿١٦٦﴾ ﴾ النساء.

٤ـ هەروەک لایەنێکی دیی جوانیی ئیعجاز لەم ئایەتەدا وردیی بەکارهێنانی زاراوەکانە و، گەڕانەوەی زانایانە بۆ زاراوەکانی قورئان ـ بە خۆیان بزانن یان نەزانن ـ تاکو وەسف و لێکدانەوەکانیان بۆ دیاردە گەردوونییەکان ورد و پڕاوپڕی مەبەست بێت! کەچی قورئان هەر لەگەڵ نازڵ بوونیدا وردترین و گونجاوترین زاراوەی پێویستی بۆ داناون..

ئەمەش ڕوونی دەکاتەوە کە هەروەک هەڵوێستی قورئان سەبارەت بە کتێبەکانی پێش خۆی لەوەدا دەردەکەوێ کە: هەڵەکانیان بۆ ڕاست دەکاتەوە و، پشتی ڕاستییەکانیان دەگرێت و، زاڵە بەسەریاندا، وەک خۆی دەفەرموێ: ﴿ وَأَنزَلۡنَآ إِلَيۡكَ ٱلۡكِتَٰبَ بِٱلۡحَقِّ مُصَدِّقٗا لِّمَا بَيۡنَ يَدَيۡهِ مِنَ ٱلۡكِتَٰبِ وَمُهَيۡمِنًا عَلَيۡهِۖ ﴿٤٨﴾ ﴾ المائدة، هەمان هەڵوێستیشی بەرامبەر زانستەکانی سەردەم هەیە؛ پشتی ڕاستییەکانیان دەگرێت و، هەڵەکانیان بۆ ڕاست دەکاتەوە و، پێشڕەویانە و بەسەریاندا زاڵە!

٥ـ ئەو کەسەی سەرنج لە ئایەتی پیرۆزی ﴿ وَٱلسَّمَآءِ ذَاتِ ٱلۡحُبُكِ ﴿٧﴾ ﴾ الذاريات[٢٥] دەدات و، پاشان بیر لەم وێنەیە دەکاتەوە کە کۆمپیوتەر بۆ گەردوونی کێشاوە و بە ڕوونی ئەو تۆڕە توندوتۆڵە دەردەخات، یەکاویەک بوونی دەقەکەی قورئان لەگەڵ ئەوەی کە زانست دۆزیویەتەوە بە جوانی دەبینێ. ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە خاوەنی گوفتاری ئەم ئایەتە خاوەنی هەمان تانوپۆیە کە دایهێناوە و، فەرموویەتی: ﴿ صُنۡعَ ٱللَّهِ ٱلَّذِيٓ أَتۡقَنَ كُلَّ شَيۡءٍۚ إِنَّهُۥ خَبِيرُۢ بِمَا تَفۡعَلُونَ ﴿٨٨﴾ ﴾ النمل.

## سەرچاوەکان:

یەکەم: سەرچاوەکانی نووسەر:

نووسەری ئەم باسە، جگە لە پەراوێزەکان، بیست و دوو سەرچاوەشی هێناوە کە باسەکەی لێ وەرگرتوون. لێرەدا بۆ نموونە ناوی یەکێک لە سەرچاوە گرنگەکانی دەنووسین. ئەگەر خوێنەری بەڕێز پێی خۆش بێت دەتوانێت لە نووسینە عەرەبییەکەدا لیستی سەرچاوەکان بخوێنێتەوە. ئەو سەرچاوەیەش ئەمەی خوارەوەیە:

Volker Springel, Professor Carlos Frenk, Professor Simon White, Millennium Simulation ـ the largest ever model of the Universe, University of Durham، 2005.

دووهەم: سەرچاوەکانی وەرگێڕ:

* ئەم وەرگێڕانە یەکێکە لە باسەکانی دوا کۆنگرەی جیهانیی ئیعجازی زانستی، لە لایەن ئەندازیار (عبدالدائم الكحيل)ەوە پێشکەش کراوە و، لەم سایت و لینکەدا بڵاو کراوەتەوە:

www.eajaz.org

* هەندێ شوێنی دووپاتکراوەم لێ بواردووە و، لە هەندێ شوێنی تردا ـ کە چەند جێگایەکی کەمن ـ زانیاری و چەمکی گونجاوترم داناوە، کە هەندێکیان لە مامۆستا (مەریوان ئەحمەد ڕەشید) پسپۆڕی ئەم بوارەم وەرگرتن و، هەندێکی تریان پوختە و ئەنجامی بەدواداگەڕان و خوێندنەوەکانی خۆمن لەم بابەتەدا کە لە چەند سایتێکی تۆڕی ئینتەرنێت بڵاوکراونەتەوە.

* هەندێ پەراوێزی پێویستم لێ زیاد کردووە.

## پەراوێزەکان:

(١) (الذاريات:٧) واتە: (بەو ئاسمانەی کە ڕێ ڕێ بە توندوتۆڵی چنراوە).

(٢) تەفسیری قورتوبی، بەرگی نۆهەم. سوورەی (والذاريات). بڵاوکراوەی (دار ابن خلدون) ١٩٩٦.

(٣) تەفسیری ئیبن کەسیر، لاپەڕە (١٥٠٥) سوورەی (والذاريات). بڵاوکراوەی (دار المعرفة ـ بيروت ٢٠٠٤.

(٤) تەفسیری (کەششاف)ی زومەخشەری، بەرگی چوارەم، بڵاوکراوەی (دار الكتب العلميه) ط٣، بيروت ٢٠٠٣.

(٥) فەرهەنگی (لسان العرب)ی ئیبن مەنظور. بەرگی چوارەم ل ١٩ پیتی (ح). بڵاوکراوەی (دار صادر) ط١

(٦) فەرهەنگی (القاموس المحيط)ی فەیروزابادی. ل ٢٥٩. بڵاوکراوەی (دار المعرفة) ٢٠٠٥.

(٧) فەرهەنگی (المعجم الوسيط). ل١٥٣. بڵاوکراوەی (دار الدعوة) ئەستەمبووڵ ١٩٨٩.

(٨) فەیلەسووفێکی یۆنانی و قوتابیی «ئەفلاتون»ە. لە نێوان ساڵەکانی (٣٨٤ـ٣٢٢) پیش زاییندا ژیاوە: جگە لە بواری مێژووی فەلسەفە، لە مەنتیق و میتافیزیکدا جێ دەست و ناوی دیارە. بایەخی بە سەرجەم زانستەکان داوە و، هەموویانی لە ژێر چەتری فەلسەفەدا کۆ کردووەتەوە. (وەرگێڕ)

(٩) ناوی (نیکۆلاس کۆپەرنیکۆس)ە و، خەڵکی بۆلۆنیایە و، لە نیوان ساڵەکانی (١٤٧٣ـ١٥٤٣) ژیاوە. زانایەکی بواری گەردوونزانییە و، پێی وابووە خۆر نەجووڵە و هەسارەکان بە دەوریدا دەسووڕێنەوە، زەویش جگە لەوەی کە وەک هەسارەکانی تر لە ساڵێکدا یەک جار بە دەوری خۆردا دەسووڕێتەوە، لە شەو و ڕۆژێکیشدا یەک جار بە دەوری تەوەرەی خۆیدا دەخولێتەوە. هەروەک لە گۆڕانی ئاڕاستەی جەمسەری خولانەوەی زەوی و درووست بوونی وەرزەکانیش دواوە. بیردۆزەکەی کاریگەرییەکی گرنگ و یەک لە دوای یەکی بەجێ هێشتووە لەسەر زانایانی دوای خۆی، وەک: گالیلۆ و دیسکارت و نیوتن. (وەرگێڕ)

(١٠) ئەلبێرت ئەنیشتاین: فیزیازانێکی ئیمانداری ئەڵمانی و دواتر ئەمریکییە و، لە نێوان ساڵەکانی (١٨٧٩ـ١٩٥٥)زدا ژیاوە. پەرەی بە تیۆری تایبەتی و گشتیی نیسبی داوە. ساڵی (١٩٢١)ز خەڵاتی نۆبڵی لە فیزیادا وەرگرتووە. (وەرگێڕ)

(11)Michael Rowan-Robinson, Cosmology, Oxford University Press, 1996

(12) David Wands, A brief history of cosmology, www-history.mcs.st-andrews.ac.uk, March 1997

(13)Our own Galaxy - the Milky Way, University of Cambridge,www.cam.ac.uk.

(14)BBC News Online, Supercomputer to simulate bomb tests, news.bbc.co.uk, 30 June, 2000.

(15)Carlos Frenk, Ogden professor of fundamental physics at the University of Durham, UK, and co-author on the Nature report.

(16)Tim Radford, A duplicate universe, trapped in a computer, www.guardian.co.uk, June 2,2005.

(17)Biggest ever cosmos simulation, news.bbc.co.uk, 1 June, 2005.

(18)Heather Hasan, How Mathematical Models, Computer Simulations and Exploration Can BeUsed To Study The Universe,p134, The Rosen Publishing Group, 2005.

(19)Manolis Plionis,Spiros Cotsakis,Modern Theoretical and Observational Cosmology,Springer, 2002.

(20)J. Richard Bond*, Lev Kofman & Dmitry Pogosyan, How filaments of galaxies are woven into the cosmic web, Nature 380, 60318, 606ـ April 1996.

(21)Gemini, Subaru & Keck, Discover large-scale funneling of matter onto a massive distant galaxy cluster, www.gemini.edu, 30 June 2004.

(22) Maggie McKee, Washington DC, Mini-galaxies may reveal dark matter stream, New Scientist,12 January 2006

(23) Palle Mller, Johan Fynbo, Bjarne Thomsen, A Glimpse of the Very Early Universal Web,European Southern Observatory (www.eso.org), 18 May 2001.

(٢٤) زانایەکی بواری گەردووونناسییە لە پەیمانگای فیزیای گەردوونی لە ئەڵمانیا. بۆ زانیاریی زیاتر و فراوانتر با سەیری ئەو بابەتە بکرێت کە ساڵی ٢٠٠١ ئەم زانایە و هاوڕێیانی: (جۆن فیبۆ، لە هەمان ڕوانینگە) و (بارون تۆمسۆن، لە پەیمانگای فیزیا و گەردووونناسی ـ دانیمارک) بڵاویان کردووەتەوە، لەم سایت و لینکەی خوارەوە:

http://www.eso.org/outreach/press_rel/pr2001_/pr01_11_html

(٢٥) (الذاريات:٧) واتە: (بەو ئاسمانەی کە ڕێ ڕێ بە توندوتۆڵی چنراوە).

# گەردوونزانی لە قورئان و سوننەتدا

ئامادەکردنی: د. مەریوان ئەحمەد رەشید دکتۆرا لە فیزیای گەردوونی- کۆسمۆلۆجی
سەرۆکی زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی
mariwanrasheed@yahoo.com



ئاشکرایە قورئانی پیرۆز هەموو لایەنەکانی ژیانی بەسەرکردۆتەوە، بەتایبەتی لایەنی زانستی کە ئەم لایەنە گرنگییەکی زۆری هەیە.

قورئانی پیرۆز ئەوەی دیاری کردووە کە رۆژێک دێتە پێشەوە زانست بۆ خۆی بێتە مەیدان و قسەی هەبێت لەسەر رووداوەکان و دەوروبەر، تەنانەت لەسەر بیروباوەڕی مرۆڤیش، قورئانی پیرۆز لەگەڵ ئەو عەقڵانەی لەبواری زانستدا کاردەکەن گفتوگۆی هەیەو هەروەها روون کردنەوەو بەرنامەی هەیە، یەکێک لەو بوارە زانستییە گرنگانەش بواری گەردوونزانییە.

ئاشکرایە دیاردە گەردوونییەکان هەر لە کۆنەوە مرۆڤیان سەرسام کردووە، بۆ ئەوەی بشزانین قورئان چ ئاماژە باشییەکی لە بواری گەردووندا کردووە لە پێشدا باسی ئەستێرەکان دەکەین.

کۆمەڵەی خۆری خۆمان لە ئەستێرەیەک پێکهاتووە کە بریتییە لە خۆر، تاقە ئەستێرەی کۆمەڵەی خۆرە، هەروەها لە چەند هەسارەیەک کە بە دەوریدا دەسووڕێنەوە: عطـــارد (Mercury)، ڤـینۆس (Venus)، زەوی (Earth)، مەریخ (Mars)، موشتەری (Jupiter)، زوحەل (Saturn)، ئۆرانۆس (Uranus)، نیپتۆن (Neptune)، پلۆتۆ (Pluto).



ئێمە لەسەر زەویدا هەندێک پێوانە بەکاردێنین کە بریتییە لە مەتر یان کیلۆمەتر، ئەمانە تا رادەیەک بۆ پێوانی ماوەکان لە کۆمەڵەی خۆردا بە کەڵک دێن، بۆ نموونە ماوەی نێوان زەوی و خۆر بریتییە لە (١٥٠ملیۆن کم)، ئەگەر بمانەوێت پێوانەی نێوان ئەستێرەکانی دەرەوەی کۆمەڵەی خۆر بکەین ئەم پێوانەیە بە کەڵک نایەت، کاتێک دەچینە فراوانی گەردوون پێویستە یەکەیەکی تر هەڵبژێرین کە بتوانین دووری نێوان ئەستێرەکانی پێ بپێوین، بۆیە کە دەچینە دەرەوەی کۆمەڵەی خۆر یەکەیەکی تری پێوانە هەڵدەبژێرین کە بریتییە لە (ساڵی رووناکی).

(ساڵی رووناکی) یش ئەو ماوەیەیە کە رووناکی لەماوەی یەک ساڵدا دەیبڕێت بە خێرایی (٣٠٠,٠٠٠کم) لە یەک چرکەدا، ئەمە بریتییە لە یەک ساڵی رووناکی، کاتێک زانایان لێکۆڵینەوەیان لەسەر ئەستێرەکانی کۆمەڵەی خۆر کرد بینییان ماوەی نێوانیان زۆر فراوانە، لەبەر ئەوە ساڵی رووناکییان هەڵبژاردو کاتێک پێوانەی ئەو ماوە زۆرانەیان کرد بینییان کە تێکڕای دووری نێوان ئەستێرەکان بریتییە لە (چوار) ساڵی رووناکی (واتە ئەگەر ٤ ساڵ بە خێرایی رووناکی کە بریتییە لە ٣٠٠هەزار کم لە یەک چرکەدا بڕۆین ئینجا دەتوانین لە ئەستێرەیەکەوە بچینە سەر ئەستێرەیەکی تر).

خۆری خۆمان ئەستێرەیەکە لە گەلەستێرەی رێگای کاکێشان (درب التبانە Milky Way) کە ئەو گەلەستێرەیەیە کە خۆمانی تێداین، کە نزیکەی (١٠٠ ملیار) (ئێستا دەڵێن ٢٠٠ملیار) ئەستێرەی تێدایە، ئەمیش بە پشت بەستن بە هەندێک پێوانەو ئاماری تایبەتیی، ئەم ئەستێرانە ئەگەر زۆربەیشیان (٤ ساڵ)ی رووناکی لە یەکترەوە دووربن ئەوە ماوەیەکی زۆر فراوان دەردەچێت، ئەمە سەبارەت بە گەلەستێرەی خۆمان، خۆ ئەگەر دوورتر بڕۆین ئەوا نزیکترین گەلەستێرە لێمانەوە، ئەگەر بێتو هەردوو گەلەستێرەی ماجەلانی گەورە (کە ٢٤٠٠٠ساڵی رووناکی لێمانەوە دوورە) و ماجەلانی بچووک کە (٢٦٠٠٠ ساڵی رووناکی لێمانەوە دوورە) باس نەکەین ئەوا نزیکترین گەلەستێرە لێمانەوە (٢,٣٠٠,٠٠٠) دوو ملیۆن و سێسەد هەزار ساڵی رووناکی دوورە!! کە ناوی (ئەندرۆمیدا)یە (Andromeda)، واتە ئەگەر دوو ملیۆن و سێسەد هەزار ساڵ بە خێرایی رووناکی کە (٣٠٠هەزار کم)ە لە چرکەیەکدا بڕۆین ئینجا دەگەینە ئەوێ، ئەم ماوە فراوانەی نێوان ئەستێرەکان تازە بۆ زانایانی سەردەم دەرکەوتووەو سەرسامی کردوون.




کە تەماشای قورئانی پیرۆز دەکەین دەبینین خوای گەورە لە سوورەتی (الواقعة)دا دەفەرموێت: ﴿فَلَآ أُقۡسِمُ بِمَوَٰقِعِ ٱلنُّجُومِ ٧٥ وَإِنَّهُۥ لَقَسَمٞ لَّوۡ تَعۡلَمُونَ عَظِيمٌ ٧٦﴾ الواقعة واتە: سوێند بێت بە جێگەی ئەستێرەکان، چونکە ئەگەر ئێوە بتانزانییایە، بۆتان دەردەکەوت کە ئەم سوێندە چەند گەورەیە.

لێرەدا پرسیارێک دێتە کایەوە: ئایا لە سەردەمی پێغەمبەر(ﷺ) و هاوەڵانیدا چۆن لەم ئایەتە تێگەیشتوون؟

چونکە هیچ جۆرە پێوانەیەک نەبووە کە مانای راستەقینەی ئایەتەکەی پێ هەڵسەنگێنن و تەنیا لە سەدەی بیستەمدا ئێمە راستی ئەم بابەتەمان بۆ روون بووەتەوە، لە وەڵامدا دەڵێین: هەموو مرۆڤەکان و لە هەموو سەردەمێکدا بەپێی سەردەمەکەی خۆیان لە قورئان تێگەیشتوون، لە سەردەمی پێغەمبەردا (ﷺ) تێڕوانینێکی سادە بەس بووە بۆ ئەوەی لەمانای ئایەتەکە تێبگەن، بەڵام ئێستا کە زانست پێش کەوتووە مانای گەورەتری ئایەتە پیرۆزەکەی بۆ دەرهێناوین، دڵنیاین لەوەش کە لە داهاتوودا شتی گەورەترمان بۆ دەردەکەوێت و تەنها خوای گەورە خۆی دەزانێت کە چ خوێندنەوەیەکی ترمان لە داهاتوودا بۆ گەورەیی و دووریی و شوێنی ئەستێرەکان دەبێت.

کاتێک زانستی گەردوونزانی لە سەدەی بیستەمدا ئەو پێشکەوتنە گەورەیەی بەخۆوە بینی، ئێستا باسی تر لە ئارادایەو لە هەندێک بیردۆزی زانستییەوە ئەوە روون بووەوە کە ئێمە ئەستێرەکان لە شوێنێکدا تێبینی دەکەین بەڵام لەراستیدا لەو شوێنەیدا نەماوە، بۆ نموونە ئەستێرەیەک کە (٤ ساڵ)ی رووناکی لێمانەوە دووربێت، رووناکی هاتوو لەو ئەستێرەیەوە (٤ساڵ) دەخایەنێت ئینجا دەگاتە ئێمەو دەیبینین، واتە ئەستێرەیەک ساڵی (٢٠٠٠) رووناکی بۆ ناردووین ئێمە لە (٢٠٠٤)دا بینیومانە، کەواتە ئێمە لە (٢٠٠٤) دا شوێنی ئەو ئەستێرەیەمان لە ساڵی (٢٠٠٠) دا بینیوە! ئەو ئەستێرەیە ئێستا لە شوێنی جارانی نەماوەو چووەتە شوێنێکی تر، کەواتە ئەم گۆڕینی شوێنانە خۆی لەخۆیدا گەورەیی شوێنی ئەستێرەکان دەردەخات کە ئایەتەکەی سەرەوە ئاماژەی پێداوە (بِمَوَاقِعِ النُّجُومِ) واتە: بە شوێنی ئەستێرەکان.

لێرەوە لایەنێکی تر لە فراوانی گەردوون دێتە کایەوە کە زانایان لە سەرەتای سەدەی پێشووەوە هەستیان پێکرد، ئەویش بریتییە لە فراوان بوونی گەردوون. فراوان بوونی گەردوون لە قورئانی پیرۆزیشدا ئاماژەی پێدراوە، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَٱلسَّمَآءَ بَنَيۡنَٰهَا بِأَيۡيْدٖ وَإِنَّا لَمُوسِعُونَ ٤٧﴾ الذاريات، واتە: هەر ئێمە ئاسمانمان دروست کردووەو بەردەوام فراوانی دەکەین، ئەمە راستییەکی دان پێدانراوی رۆژگاری ئەمرۆشمانە.

ئەم فراوان بوونی گەردوونە یەکێک لە کەڵە زانایانی فیزیای نوێی خستە هەڵەوە کە ئەویش زانا (ئەلبێرت ئەنیشتاین) بوو، ئەنیشتاین لە بیردۆزەکانیدا باسی لەوە کردووە کە گەردوون وەستاوە، تەنانەت لە یەکێک لە تیۆرەکانیدا نەگۆڕێکی ماتماتیکی هێنا کە فەرزی کرد کە دەبێت گەردوون وەستاو بێت، لەگەڵ ئەمەشدا زانا موسڵمانەکان بە پشت بەستن بە ئایەتەکانی قورئان باوەڕیان وابوو کە ناکرێت گەردوون وەستاو بێت، تاوەکو یەکێکی تر لە زانا ناسراوەکانی گەردوونزانی بەناوی (ئەدوین هەبڵ) هات و لەکۆتایی بیستەکانی سەدەی رابوردوودا هەستا بە تێبینی کردنی ئەستێرەکانی گەردوون و بۆی دەرکەوت کە ئەستێرەکان لە تێکڕای گەردووندا ئەو تیشکی رووناکییەی کە دەینێرن شەبەنگێکی سوور دەنێرن، بە ئاوێتە کردنی ئەم راستییە لەگەڵ دیاردەیەک لە فیزیادا کە پێی دەووترێت دیاردەی دۆپلەر گەیشتە ئەو راستییەی کە ئەم ئەستێرانەو گەلەستێرانەی لە دەورماندان لە گەردووندا هەموویان لێمان دوور دەکەونەوە، واتە گەردوون لە کشاندایە، ئەم زانایە ئەنیشتاینی بانگهێشت کرد بۆ سەردانی (مرصد)ەکەی، کە پاشان ئەنیشتاین بیروباوەڕی گۆڕی و لە کۆتایی ژیانیدا دەیووت: یەکێک لەو هەڵانەی کە لە ژیانمدا تێی کەوتم ئەوە بوو کە گەردوونم بە وەستاو دانا، ئەمەش ئاماژە باشییەکە بۆ فراوان بوونی گەردوون لەلایەن گەورە زانایانی فیزیاوە.




چەند هێڵکارییەک کە فراوانبوونی گەردوون دەردەخات



بەڕێزان کە دیسانەوە سەیری (مواقع) و جێگەی ئەستێرەکان دەکەین، فراوان بوونی گەردوون چ سەرەنجامێکی دەبێت؟ ئەگەر فراوان بوونی گەردوون بەردەوام بێت ئەوا دەگاتە رادەیەک کە دیسانەوە یاسای گەردوونی تێک دەچێت، ئەگەر ئەم فراوان بوونی گەردوونە بەردەوام نەبێت و بوەستێت بەهۆی بوونی رێژەیەکی چڕی دیاری کراو کە سنووری بۆ دادەنێت، ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی جارێکیتر گەردوون بچێتەوە یەک و بگەڕێتەوە بۆ سەرەتای پێک هاتنی گەردوون، لە فراوان بوونی گەردووندا خاڵێکی گرنگی تر هەیە کە ئەویش ئەوەیە کە دەیسەلمێنێت کە گەردوون ناکۆتاو ئەزەلی نییەو دروستکاری هەیە، ئەگەر بێتو هەر شتێک بەرەو بڵاوبوونەوە بچێت (وەک گەردوون) ئەمە مانای ئەوەیە کە سەرەتا خاڵێک هەبووە کە لێوەی دەستی پێکردووە، واتە خاڵێکی سەرەتا هەبوو ئینجا بە تێپەڕبوونی کات بەسەریدا فراوان بووەو زیادی کردووە بەرەو دەرەوە، ئەمە وای لە زۆربەی زانایانی فیزیا کردووە کە بڵێن گەردوون سەرەتا لە خاڵێکەوە دەستی پێکردووە، ئەمەیش دەست پێکردنەوەیەکە کە دیسان قورئانی پیرۆز ئاماژەی پێکردووە، کەواتە باس لە ئەستێرەکان و فراوان بوونی گەردوون یەکێکە لەو مەسەلە گرنگانەی کە لە قورئاندا ئاماژەیان پێکراوە.

راستییەکیتر کە لەم ساڵانەی دواییدا بۆ زانایان روون بووەوە، باسێکی زۆر گرنگە لە قورئانی پیرۆزداو ئاماژەیەکی سەرسوڕهێنەری تێدایە، ئەوەیە کە خوای گەورە لە سوورەتی (الحدید)دا لە بەشێک لە ئایەتی (٢٥) دا دەفەرموێت: ﴿وَأَنزَلْنَا ٱلْحَدِيدَ فِيهِ بَأْسٌ شَدِيدٌ وَمَنَٰفِعُ لِلنَّاسِ ﴿٢٥﴾﴾ الحدید، واتە ئێمە کانزای (ئاسن)مان لە ئاسمانەوە دابەزاندە سەر زەوی،



وێنەی دیاردەی نۆڤا و سوپەر نۆڤا

بۆچی نافەرموێت: ئێمە (ئاسن)مان لەسەر زەوی دروست کرد؟

زانایانی گەردوون لەکاتی لێکۆڵینەوەیان لە پێکهاتەی زەویدا سەرسامبوون کە ئایا ئاسن لەسەر زەوی هی خودی زەوی خۆیەتی یاخود لە شوێنی ترەوە بۆی هاتووە؟ ئەو توێژینەوانەی لەم بوارەدا کران ئەوەیان روون کردەوە کە هیچ وزەیەک نییە لە کۆمەڵەی خۆردا بە ووزەی خۆریشەوە بتوانێت ئاسن درووست بکات، کەواتە دەبێت لە دەرەوەی کۆمەڵەی خۆرەوە هاتبێت، با بزانین چۆن؟

ئەستێرەکان قۆناغی ژیانیان هەیە وەک مرۆڤ چۆن لە ژیانیدا بە قۆناغەکانی (منداڵی، لاوێتی، کامڵ بوون، پیریی و مردن)دا دەڕوات، ئەستێرەکانی گەردوونیش هەمان حاڵەتیان بەسەردا دێت، کاتێک دەڵێین ئەستێرەیەک گەنجە یان لە لاوێتیدایە ئەوە مانای ئەوەیە کە زوربەی زۆری ئەو ئەستێرەیە لە گازی هایدرۆجین پێک هاتووە، بۆ نموونە خۆری خۆمان ئەستێرەیەکی گەنجە، هایدرۆجین ماددەی سەرەکییەتی بۆ دروست بوونی ئەو وزەو رووناکییەی کە پێمان دەگات، لە خۆردا لە هەر چرکەیەکدا (٦١٦ملیۆن) تەن لە ماددەی خۆر کە هایدرۆجینە دەگۆڕدرێت بۆ (٦١٢ملیۆن) تەن لە گازی هیلیۆم، واتە لە هەر چرکەیەکدا (٤ ملیۆن) تەن لە ماددەی خۆر نامێنێت لە کردارێکدا کە پێی دەووترێت کرداری ناووکە یەکبوون، ئەم ماددەیە نامێنێت و دەگۆڕێت بۆ رووناکی و گەرمیی و ووزە، بەشی زەوی خۆمان لەو گەرمییە تەنها بریتییە لە (یەک بەش لە ٢ملیۆن بەش)!!

کەواتە کاتێک ئەستێرەکە لە قۆناغێکی ژیانییەوە دەچێتە قۆناغێکی ترەوە، وردە وردە هایدرۆجینەکەی سەرف دەکات و دەبێت بە هیلیۆم، پاشان ئەویش سەرف دەکات و دەبێت بە ماددەیەکی قورستر (وەک کاربۆن)، کە ئەویش سەرف دەکات و تا دەکاتە قۆناغێک ئەو ئەستێرەیە ماددەی ناوی دەبێت بە ئاسن، کە بوو بە ئاسن ئەو ئاسنە وزەیەکی یەکجار زۆری دەوێت بۆ ئەوەی بتوێتەوە، کە ئەم کردارە ئەو کرداری تواندنەوە ئاساییە نییە کە لەسەر زەویدا هەمانە، ئەبێت ئەو کردارە بگاتە ناوکی ئەتۆمی ئاسنەکەو کرداری ناوکە یەکبوونی بەسەردا بهێنێت و ووزەی لێبدات، بەڵام هیچ ئەستێرەیەک نییە کە بتوانێت ئەمە بکات.

چونکە کاتێک ئەو ئاسنە بەسەر ناوکی ئەستێرەکەدا کەڵەکە دەبێت، ئیتر ناگۆڕێت و ئەو ئەستێرەیە دەگاتە قۆناغی کوژانەوەو مردن، لێرەدا دەبینین خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿إِذَا ٱلشَّمْسُ كُوِّرَتْ ﴿١﴾﴾ التکویر، واتە: رۆژێک دێت کە خۆر دەپێچرێتەوەو رووناکی نامێنێت، ئەم کوژانەوەیەی لە ئایەتەکەدا هاتووە کاتێک روودەدات کە ماددەی ناو ئەستێرەکە دەگۆڕێت بۆ هیلیۆم و کاربۆن و دواتر دەبێت بە ئاسن، ئیتر کوژانەوەو فەوتان لە ئەستێرەکەدا روودەدات، کە بەکەڵکی ژیانی دەوروبەریشی (ئەوانەی لە هەسارەکانی دەوریدان) نایەت، وەک زەوی کە بە کوژانەوەی خۆر ئەمیش دەمرێت.

ئەم کەڵەکە بوونی ئاسنە ئیتر تواناى ئەو ئەستێرەیە نایەڵێت و دیاردەیەکی لێ دروست دەکات کە بە نۆڤا (Nova) و سوپەر نۆڤا (Super Nova) ناودەبرێت، ئەمیش بەپێی بارستەی ئەستێرەکە، کە ئەم دیاردانە بریتییە لە تەقینەوەی ئەستێرەکە کە ماددەکەی ناوی فڕێ دەداتە دەرێ، ئەو هەسارەو کۆمەڵانەی لە نزیکیدان (وەک زەوی) بەهۆی هێزی کێش کردنەوە ئاسنەکەی دەگاتێ، زانایان زۆر بە چڕوپڕی لەم مەسەلەیەیان کۆڵییەوەو بۆیان دەرکەوت کە ئاسن لە دەرەوەی زەوی هاتووە.

لە کۆتاییدا ئایەت و ئاماژەیەکی گەردوونی تر لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە , خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَلَقَدْ زَيَّنَّا ٱلسَّمَآءَ ٱلدُّنْيَا بِمَصَٰبِيحَ وَجَعَلْنَٰهَا رُجُومًا لِّلشَّيَٰطِينِ ۖ وَأَعْتَدْنَا لَهُمْ عَذَابَ ٱلسَّعِيرِ ﴿٥﴾﴾ الملك، واتە: ئێمە ئاسمانمان رازاندووەتەوەو کردوومانە بە چراخان (بەهۆی ئەستێرەکانەوە)، لە هەموو سەردەمێکدا هەموو کەسێک (چرا)ی ناسیوە، کە ئەگەر ئاگرێک بۆ رووناکی بەکار هاتبێت (چرا)ی ناوبووە، بەڵام تەنانەت ئەگەر شێوازی رووناکییەکەشی جیاواز بێت هەر بە (چرا) ناوبراوە، کاتی خۆی مسوڵمانان ئەم ئایەتەیان خوێندووەتەوەو بەشی خۆیان لێی تێگەیشتوون و ئیمانیشیان بە دەسەڵاتی خوای گەورە لە دانانی ئەو چراخانە لە ئاسماندا (کە بە چاوی خۆیان بینیویانە) زیادی کردووە.

بەڵام لە رۆژگاری ئەمڕۆدا ئێمە تێگەیشتنی ترمان هەیە چونکە زانست سەلماندوویەتی کە ئەستێرەکان بە هاوشێوەی (چرا) گڕیان گرتووەو بەهۆی ناووکە وزەوە گەرمی و رووناکی دەبەخشنەوە وەک ئایەتە پیرۆزەکە ئاماژەی پێداوە، لە سەردەمی هاوەڵاندا باش تێگەیشتبوون و بینی بوویان کە ئەو ئەستێرانە وەک چرا وان و لەشەودا دەردەکەون و رووناکی دەکەنەوە، بەپێی زانستی پێشکەوتووی ئەمڕۆش ئێمە بۆمان دەرکەوتووە کە ئاماژەیە بۆ کرداری ناووکە یەکبوونی ناو ئەستێرەکان، خوای گەورە ئەم کردارەی بەگەڕ خستووە لە ئاسماندا بۆ دەست خستنی وزەو رووناکی، تەنانەت ئێمەش لەسەر زەویدا دەتوانین سوود لەو وزەیە وەربگرین کە لە نزیکترین ئەستێرە لێمانەوە بۆمان دێت کە خۆرە.. کە زۆر ووزەیەکی بەسوودو خاوێنەو کێشەکانی سەرچاوەکانی تری وزەی نییە وەک: پیس بوونی ژینگە، و خاڵێکی تری ئیجابیش ئەوەیە کە بێ تێچوون و مەسرەفەو بەردەوامیشە، چونکە تا دونیا هەبێت ئەو وزەیە بەردەوام دەبێت و لەگەڵ کوژانەوەی ئەمیشدا ژیان لەسەر زەویدا نامێنێت.

# مانگ سەرەتا ڕووناکو داگیرساو بووە!

﴿ وَجَعَلْنَا ٱلَّيْلَ وَٱلنَّهَارَ ءَايَتَيْنِ فَمَحَوْنَآ ءَايَةَ ٱلَّيْلِ وَجَعَلْنَآ ءَايَةَ ٱلنَّهَارِ مُبْصِرَةً لِّتَبْتَغُواْ فَضْلًا مِّن رَّبِّكُمْ وَلِتَعْلَمُواْ عَدَدَ ٱلسِّنِينَ وَٱلْحِسَابَ وَكُلَّ شَىْءٍ فَصَّلْنَٰهُ تَفْصِيلًا ﴿١٢﴾ ﴾ الإسراء

ئا/ بەرزان ئەبوبەکر ڕەشید barzanalany@yahoo.com

واتە: (ئێمە دیاردەی شەوو ڕۆژمان بە دوو بەڵگە و نیشانە لەسەر تاکوتەنیایی دەسەڵاتی خۆمان نیشاندان، پاشان دیاردەی تاریکیمان بەسەر شەودا هێنا، واتە ڕووناکی ڕۆژمان پێ لابرد و تاریکی سەری دەرهێنا، هەتا ئێوە تێیدا بحەوێنەوە، دیاردەو نیشانەی ڕۆژیشمان بە ئاشکراو بینراو سازاند، تا لە نازو نیعمەتی پەروەردگارتان بەهرەوەر بن، تا بتوانن بە ئاسانی ژمارەی ساڵەکان و حیسابی شەو و ڕۆژ چاک بزانن (کە زۆر پێویستە بۆ ڕێکخستنی کاروباری ژیان)، بەڕاستی هەر شتێک، کە ئێوە نیازتان پێی هەبێت لە دنیا و قیامەتدا ئێمە بە وردی و فراوانی و بەربڵاوی شیمان کردووەتەوە بۆتان.

ڕاڤەکارانی قورئانی پیرۆز سەبارەت بە ڕاڤەی ئەم ئایەتە پیرۆزە جیاوازییان هەیە، هەندێک لەوان پێیان وایە مەبەستی ئەم ئایەتە خودی شەوو ڕۆژە وەکو ئەوەی کە هەن، ئەمەش لێکدانەوەیەکی حەرفییە و بۆچوونی زۆرێک لە ڕاڤەکارانە، لەگەڵ هەموو ئەم بیروبۆچوونانەدا بۆچوونێکی دیکە سەبارەت بە لێکدانەوەی ئەم ئایەتە هەیە، بەشێکی دیکەی زانایان بەم شێوەیە ئایەتەکە ڕاڤە دەکەن، مەبەست لە بەڵگەو نیشانەی شەو (مانگ)ە، مەبەستیش لە بەڵگەو نیشانەی ڕۆژ (خۆر)ە، واتە مانگ بەڵگەو نیشانەیەکە تایبەتە بە شەوەوە، هەروەها خۆریش بەڵگەو نیشانەیەکە تایبەتە بە ڕۆژوە.

هەروەکو لە قەتادەو موجاهیدەوە گێڕدراوەتەوە دەڵێن عبداللە ی کوڕی عەباس ڕەزای خودایان لێبێت: فەرموویەتی: لە سەرەتادا مانگ خاوەنی ڕووناکی بووە، هەروەکو ڕووناکیی خۆر.

ئەم قسەیە لە نووسراوەکانی ئەهلی کیتابدا باسکراوە: (نووسەر دەڵێت: سەرم سوڕما کاتێک هەندێک لە کتێبە نهێنییەکانی یەهودییەکانم خوێندەوە بە ناوی (Apocalypse of Baruch) (ب ٣) لەو کتێبەدا هاتووە، کە خودی مانگ لە سەرەتادا ڕووناک بووە، هەر لەم کتێبەدا قسەیەکی ئەفسانەیی باسدەکاتو دەڵێت: گوایە بە دەرکردنی باوە ئادەم و دایە حەوا لە بەهەشت تەواوی ئاسمانەکان و زەوی نیگەران بوون، تەنها مانگ نەبێت بە ڕووداوەکە پێکەنیووە، خوای گەورە سزای داوەو ڕووناکییەکەی کوژاندووەتەوە).

پێش چواردە سەدە لە مەوبەر هاوەڵانی ئازیزی پێغەمبەر (ﷺ) ئەوەیان لەم ئایەتە پیرۆزە وەرگرتووە، کە هەسارەی مانگ سەرەتا ڕووناکبووە، پاشان خوای گەورە ڕووناکییەکەی لابردووە، ئەمەش بە بەڵگەی ئەم ئایەتە پیرۆزەی کە لە سورەتی ئیسرادا هاتووە ﴿ وَجَعَلْنَا ٱلَّيْلَ وَٱلنَّهَارَ ءَايَتَيْنِ فَمَحَوْنَآ ءَايَةَ ٱلَّيْلِ وَجَعَلْنَآ ءَايَةَ ٱلنَّهَارِ مُبْصِرَةً ﴾ الأسراء ١٢.ئیبن کەسیر لە تەفسیرەکەیدا، کە لە پێشەوا عبداللەی کوڕی عەباسەوە گێڕاویەتییەوە دەڵێت: لە سەرەتادا مانگ ڕووناکبووە هەروەکو چۆن خۆر ڕووناکە. بریتیبووە لە نیشانەو بەڵگەی شەو، بەڵام لە دواییدا مانگ ڕووناکییەکەی کوژاوەتەوە و نەماوە. ئەو تاریکاییەی ئێستا لە نێو مانگدایە شوێنەواری ئەو سڕینەوەیەیە) (روح المعاني الالوسي).

## چەند ڕاستییەکی زانستی:

گەردووناسان دوای سەرکەوتنیان بۆ سەر مانگ بە هۆی ئەو وێنانەی لە لایەن کەشتییە ئاسمانییەکانەوە وێنەی گیراوە

ئەوەیان دەرخستووە، کە هەسارەی مانگ لە سەرەتادا درەوشەدار بووە، بەڵام ڕووناکییەکەی کوژاوەتەوە و ئێستا هەسارەیەکی تاریکە.

## ڕاڤەی زانستی:

خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرمووێت: ﴿ وَجَعَلْنَا ٱلَّيْلَ وَٱلنَّهَارَ ءَايَتَيْنِ فَمَحَوْنَآ ءَايَةَ ٱلَّيْلِ وَجَعَلْنَآ ءَايَةَ ٱلنَّهَارِ مُبْصِرَةً ﴾ الأسراء ١٢.لەم ئایەتە پیرۆزە ئاماژە بە ڕاستییەکی زانستی دەکات، کە تا سەدەی بیستی زایینی ئەم ڕاستییە نەدۆزراوەتەوە، ڕاستییەکەش ئەمەیە (لە سەرەتادا مانگ درەوشەدار بووە، پاشان خوای گەورە ڕووناکییەکەی کوژاندووەتەوە)، بەڵگەی قورئانیش لەسەر ئەم دیاردەیە ڕوون و ئاشکرایە، هەروەکو عبداللەی کوڕی عەباس ڕەزای خودایان لێبێت: کە لەسەرەتادا ئاماژەمان بۆ کرد، ڕاڤەی ئەم ئایەتە بەم شێوەیە دەکات و دەڵێت: (لە سەرەتادا مانگ ڕووناکبووە، هەروەکو چۆن خۆر ڕووناکە)!

ئەمە وتەی هاوەڵێکی ئازیزی پێغەمبەرە (ﷺ) پێش (١٤٣١ ساڵ) و لە قورئانی پیرۆز وەریگرتووە، ئەی گەردوونناسان لەم بارەیەوە چی دەڵێن؟ لەم ساڵانەی دواییدا گەردوونناسان ئەوەیان ئاشکرا کردووە، کە مانگ لە سەرەتادا ڕوووناک و درەوشەدار بووە و پاشان ڕووناکییەکەی نەماوەو کوژاوەتەوە!

کاتێک ئاسمانپێوە (مرصد) پێشکەوتووەکان و مانگەدەسکردەکان وێنەیەکی تەواوی مانگیان دەرخست، لە ڕێگەی ئەو وێنانەوە دەرکەوت ڕووکاری سەرمانگ پاشماوەی گڕکان و بەرزایی و نشێوییە، سەرەتا ئاسان نەبوو بۆ زانایان بە تەواوی شارەزای سروشتی مانگ بن، کەشتیوانی ئاسمانیی ئەمریکی بە ناوی (نیل ئارمسترونغ) لە ساڵی ١٩٦٩ زایینی دا پێی نایە سەر ڕووی مانگ، بە هۆی چەندەها هۆکاری بینینی وردەکار و پێشکەوتووی گەردوونی و چەندین لێکۆڵینەوەی جیۆلۆجی لەسەر ڕووکاری مانگ، پاش شیکردنەوەی تەواوی خاکەکەی، پاشان زانایانی کەشناسی توانییان ئەم لێدوانە بدەن هەروەکو لە کەشناسی ناسای ئەمریکادا هاتووە:

دروستبوونی مانگ دەگەڕێتەوە بۆ (٤,٦) ملیۆن ساڵ، لە کاتی دروستبوونیدا دووچاری چەندین پێکدادانی گەورە و سامناک بووەتەوە لەگەڵ نەیزەک و بڵێسەدارەکان و بە هۆی بەرزبوونەوەی پلەی گەرما بۆ ڕێژەیەکی زۆر چینەکانی ڕووی مانگی تواندووەتەوە، ئەمەش بووەتە هۆی دروستبوونی ئەستێڵ و نشێوی کە بە (ماریا) ناودەبرێن، لوتکە و دەمە گڕکانییەکانیش بە (کرایترز) ناودەبرێن.

لەو ماوەیەدا بورکان گەلێکی زۆر گەورە لەسەر ڕووی مانگ ڕوویاندا، کە بوونە هۆی پڕکردنەوەی ئەستێڵ و نشێوییەکانی سەر ڕووی مانگ. پاشان مانگ ساردبووەوە، گڕکانەکان کۆتاییان پێهاتو گەرمی مانگ کوژایەوە، ئەمەش بووە هۆی کوژانەوەی ڕووناکی مانگ و سڕینەوەی بڵێسەو درەوشانەوەکەی.

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ئایەتە قورئانییەکە تێبینی بەکارهێنانی وشەی (فَمَحَوْنَآ) دەکەین، کە لە ئایەتەکەدا هاتووە، وشەی (محو) لە زمانەوانیدا بە مانای سڕینەوە و لابردن دێت، واتە خوای گەورە ڕووناکی مانگی لابردووە و سڕیویەتییەوە. لێرەدا مەبەست لە وشەی (محو) بریتی نییە لە لابردنو نەهێشتنی هەسارەی مانگ، شتێکی بەڵگە نەویستە هەسارەی مانگ بەردەوامەو ئێستا هەمووان بە چاوی خۆمان دەیبینین، بەڵکو تیشکو ڕووناکییەکەی نەماوە، ئەمەش بە ڕوونی لە دەربڕینی ئایەتە پیرۆزەکەی قورئاندا دیارە، کە دەفەرمووێت: (ءَايَةَ ٱلَّيْلِ) کە بریتییە لە مانگ، (ایە الشمس) مەبەست خۆرە، ئەو سڕینەوەیە مەبەست لە ڕووناکییەکەیەتی، لەبەرئەوەیە خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿ وَجَعَلْنَآ ءَايَةَ ٱلنَّهَارِ مُبْصِرَةً ﴾، وشەی (مُبْصِرَةً) هاتووە کە بۆ بەراوردکردنە، واتە بەراوردەکە لە نێوان ڕووناکییەکە و نیشانە و بەڵگەی شەودایە، هەروەها ڕووناکی نیشانە و بەڵگەی خۆر، یەکەمیان ڕووناکی مانگە، نەماوە و کوژاوەتەوە، دووەمیان ڕووناکییەکی بەردەوامە و هەمووان بە چاوی خۆمان دەیبینین.

کەواتە ئەی ئادەمیزاد لە خۆت بپرسە کێ ئەم ڕاستی و زانیارییانەی گەیاندووە بە پێغەمبەر (ﷺ)؟ لە کاتێکدا مرۆڤ بۆ دەستخستنی وەها زانیارییەک پێویستی بە چەندین ئامێر و تەکنەلۆژیای کەشناسی و کەشتی ئاسمانی و شیکردنەوەی جیۆلۆجی هەیە؟! لە کاتێکدا زانست تەنها چەند ساڵێکی کەمە توانیویەتی درک بەو ڕاستییانە بکات؟

پاکو بێگەردی بۆ ئەو خودایەی، کە پێش چواردە سەدە لەمەوبەر بەڵگە و نیشانەکانی بۆ پێغەمبە رو (ﷺ) ئوممەتەکەی ڕوونکردووەتەوە، بەڕاستی خوای گەورە داناو زانایە!

# زانستی شاخەکان لە قورئاندا




ئامادەکردنی: سەروەر حەسەن عەلی

## مەفهومی زانستی شاخەکان لە قورئانی پیرۆزدا

### * شاخ لە زانستی زەویناسیدا:

لە زاستی زەویناسیدا شاخ بەو بارستەیە لە زەوی پێناسە دەکرێت کە بەشێوەیەکی دیار بەرزترە لە وشکانیەکانی دەوروبەری و لێواری کووڕی هەیە...ئاسایی شاخ بەو بەرزاییانە دەوترێت کە زیاتر لە (٦٠٠م) لە سەروو ئاستی رووی دەریاوە بەرزن، هەرچەند ئەم بەرزاییە دیاریکراو نییە، چونکە ڕێژەییەو بەندە لەسەر بەرزو نزمی دەوروبەرەکەی، هەر بۆیە لەناوچەی دەشتاییدا دەگونجێت نیوەی ئەم بەرزاییە بەس بێت بۆ وەسفکردنی شاخ.

ئاشکرایە شاخەکان بەشێوەی پێکەوە بەستراو وەک زنجیرە شاخ هەن یاخود بەتەنهاو بەشێوەی بەرزاییەکی تاک، دابەش بوونیشیان لەسەر زەوی لەسەر پشتێنەکانی درێژیی تەریب بەلێواری کیشوەرەکان دەبێت.

### ئاماژە جیاوازەکانی قورئانی پیرۆز بەشاخ (الجبل)

لە قورئانی پیرۆزدا وشەی (الجبل) بەشێوەی تاک و کۆ (٣٩)جار هاتووە. لەوانە (٦)جار بەشێوەی تاک و (٣٣)جار بەشێوەی کۆ.. هەروەها لە (٩) ئایەتی تردا ئاماژە بە شاخ کراوە بەووشەی (الرواسي).

دەتوانرێت سەرجەم ئاماژەکانی قورئانی پیرۆز بەشاخ کە (٤٨)جارن بۆ ئەم کۆمەڵانە پۆلێن بکرێت:

١-دوو ئایەت ئاماژە دەدەن بە شێوەیەکی بەرزی زەوی، کە بەرزیەکی تێبینیکراوی هەبێت (البقرة:٢٦٠، هود: ٤٣).

٢-چەند ئایەتێک بەشێوەیەکی ڕەمزیی ئاماژە بەگەورەیی بارستە چیاییەکان دەدەن یاخود نیشانەن بۆ بەرزیی یان سروشتە زۆر رەقەکەیان (الرعد: ٣١، ابراهیم: ٤٦، الإسراء: ٣٧، مريم: ٨، الأحزاب: ٧٢، الحشر: ٢١).

٣-لە دوو ئایەتدا شاخ لەپێگەی لێکچواندندا هاتووە (هود: ٤٢، النور: ٤٣).

٤-چەند ئایەتێک ئاماژە بە شاخی بەهاداری مێژوویی دەدەن وەک شاخی (ثمود): (الأعراف: ٧٤، الحجر: ٨٢، الشعراء: ١٤٩).

٥-چەند ئایەتێک ئاماژە دەدەن بە شاخ کە گەواهی موعجیزەن، وەک شاخی پێغەمبەران ئیبراهیم و موسی (سەلامی خوایان لەسەر بێت). (البقرة: ٢٦٠، الأعراف: ١٤٣،١٧١).

٦-چەند ئایەتێک ئاماژە دەدەن بە بەکارهێنانی شاخ لەلایەن هەریەک لە مرۆڤ و ئاژەڵ وەک پەناگە (النحل: ٦٨، ٨١) هەروەها وەک سەرچاوەی ئاوی ڕۆیشتوو (الرعد: ٣، النحل: ١٥، النمل: ٦١، المرسلات: ٢٧).

٧-کۆمەڵە ئایەتێک ئاماژە بە شاخ دەدەن لە ڕیزبەندی ئەو بەدیهێنراوانەی کە تەسبیحاتی خوای گەورە دەکەن (الأنبياء: ٧٩، الحج: ١٨، ص: ١٨).

٨-چەند ئایەتێک وەسفی سەرەنجامی شاخەکان دەکەن لە رۆژی قیامەتدا (الكهف: ٤٧، طه: ١٠٥، الثور: ١٠، الواقعة: ٥، الحاقة: ١٤، المعارج: ٩، المزمل: ١٤، المرسلات: ١٠، النبأ: ٢٠، التكوير: ٣، القارعة: ٥).

٩-هەروەها کۆمەڵە ئایەتێکی تر لە قورئاندا لە دەوری مەفهومی زانستی شاخەکان دەسووڕێنەوە، لەوانە ئایەتێک کە وەسفی شاخەکان دەکات بەمێخ (اوتاد)، وەک ئاماژە بەوەی بەشێکی زۆری لە ژێر زەویدا نێژراوەو کەمێکی لەسەر ڕووی زەویەوە دیارەو ئەرکەکەشی جێگیرکردن و چەسپاندنە (النبأ: ٧) چەند ئایەتێکی تر ئاماژە بە ڕۆڵی شاخەکان دەدەن لە

جێگیرکردنی زەویدا (الرعد: ٣، الحجر: ١٩، النحل: ١٥، الأنبیاء: ٣١، النمل: ٦١، لقمان: ١٠، فصلت: ١٠، ق: ٧، المرسلات: ٢٧، النازعات: جێگیرکردنی زەویدا (الرعد: ٣، الحجر: ١٩، النحل: ١٥، الانبیاء: ٣١، النمل: ٦١، لقمان: ١٠، فصلت: ١٠، ق: ٧، المرسلات: ٢٧، النازعات: ٣٢، الغاشیة: ١٩) هەروەها ئایەتێکی تر لەم کۆمەڵە ئایەتە ئاماژە بەبوونی هێڵو نەخشە (جُدَد)ی ڕەنگ جیاوازی شاخەکان دەدەن (فاطر: ٢٧)، یان ئەوەی کە شاخەکان شوێنکەوتەی جووڵەی زەوین لە سووڕانەوەی بەدەوری تەوەرەکەی خۆیدا (النمل: ٨٨).

پشت بەخوا لەم باسانەماندا بەکورتی لەسەر دواهەمین کۆمەڵە ئایەت دەدوێین کە باس لە مەفهومی زانستی شاخەکان دەکەن، لە چوار خاڵدا:

یەکەم: خاسییەتی مێخێتی شاخەکان.

دووەم: ڕۆڵی شاخەکان لە جێگیرکردن و چەسپاندنی زەویدا.

سێیەم: بوونی هێڵ و نەخشەی ڕەنگ جیاواز (جُدَد) لەسەر شاخەکان.

چوارەم: جووڵەی شاخەکان هاوکاتی جووڵەی زەوییە بەدەوری تەوەرەکەیدا.

## یەکەم: خاسیەتی مێخێتی شاخەکان

*تەفسیری هەردوو ئایەتی﴿ أَلَمْ نَجْعَلِ ٱلْأَرْضَ مِهَٰدًا ۝٦ وَٱلْجِبَالَ أَوْتَادًا ۝٧ ﴾ النبأ. لای موفەسیرە پێشینەکان:

إبن کثیر لە تەفسیری ئایەتی (أَلَمْ نَجْعَلِ ٱلْأَرْضَ مِهَٰدًا) دا دەفەرموێت: زەوی وەک لانکەیەکە بۆ بەدیهێنراوەکان، ملکەچیانە، جێگیرو چەسپاوە، هەروەها (وَٱلْجِبَالَ أَوْتَادًا) واتە: مێخی بۆ داناوە، بەهۆیەوە لەنگەری گرتووەو چەسپاوەو جێگیربووەو ئارامی بۆ هەموو ئەوەی لە سەریەتی فەراهەم هێناوە.

خاوەنانی تەفسیری (الجلالین) وتەیەکی لێکچوو دێنن و دەڵێن: (أَلَمْ نَجْعَلِ ٱلْأَرْضَ مِهَٰدًا) واتە: ڕاخراوێک وەک لانکە گونجاوە بۆ ژیان لەسەری، (وَٱلْجِبَالَ أَوْتَادًا) واتە: زەوی پێجێگیر بووە، وەک چۆن بەهۆی مێخەوە دەوار دەچەسپێت، تاکو پەرش و بڵاوتان نەکات، شێوازی پرسیاریش بۆ دان پێدانانە.

هاوشێوەی ئەم مانایەش لە تەفسیرە جیاوازەکاندا هاتووە وەک لە (صفوة البیان لمعانی القرآن) و (صفوة التفاسیر) و (المنتخب فی تفسیر القرآن الکریم)...هتد هەروەها دەربارەی (وَٱلْجِبَالَ أَوْتَادًا) ابن الجوزی دەڵێت: واتە مێخە بۆ زەوی تاکو نەکشێت و فراوان نەبێت..وە (الزمخشری) دەڵێت: واتە زەویمان بەشاخەکان جێگیرو لەنگەر پێگرتووە، هەروەک چۆن ماڵ بەمێخ جێگیر دەبێت.

پوختەی ماناکان دەبێتە ئەوەی کە پەروەردگار زەوی وەک لانکەیەک لێکردووە، بەهۆی شاخەکانیشەوە کە ڕەگی درێژ بووەویان هەیە بەنێو زەویدا، زەوی جێگیرو چەسپاو کردووە تاکو لە پەرتبوون و بڵاوبوونەوەی بەشەکانی پارێزراو بێت و باش و گونجاو بێت بۆ ئاوەدانی و بۆ ژیانی مرۆڤ و بەدیهێنراوەکانی تری سەر زەوی.

## مێژووی دروستبوونی بیرۆکەی بوونی ڕەگی شاخەکان:

بەڕایی بیرکردنەوە سەبارەت بە بوونی ڕەگی شاخەکان لەساڵی (١٨٥٥) دا بوو، کاتێک تیمی ڕووپێوی بەریتانی هەستان بە ڕووپێوی شاخی هیمالایا...لە کارەکەیاندا جیاوازییەکی بەرچاویان بەدیکرد لە خوێندنەوەکانی هێزی کێشکردندا، یەکێک لە زاناکان هەستا بە لێکۆڵینەوەیەک سەبارەت بەم حاڵەتە تاکو لە کۆتاییدا گرفتێکی پێشهات و خستییە بەردەم زانای بەریتانی (G.B.AIRY ـ جی. بی. ئیری) ئەم زانایەش پاش بەردەوام بوونی لە لێکۆڵینەوەکەیدا بۆماوەی دوومانگ گەیشتە ڕایەکی نوێ و ووتی: من لەم خوێندنەوانەی ئامێرەکەوە ئەوەم بۆ دەرکەوتووە کە لەژێر هەر شاخێک لەم شاخانەدا ڕەگێک هەیە کە لە چینی ژێرەوەی شاخەکەدا ڕۆچووە، بەڵام زانایەکی تر بەناوی (براک) کە هاوچەرخی (ئیری) بوو تەفسیری ئەو حاڵەتەی بەوە کرد کە لە ژێر شاخەکاندا ڕوودانێکی پەستان هەیە کە بارستە قورسەکەی بۆ تەنیشتەکان پاڵ پێوەناوە.. دوای ئەمان زانایەکی تر بەناوی (ماینس) هات لە ساڵی (١٩٣٠)دا، ئەو وتی: شاخ پەستان دروست دەکات و ئەو چینەی کە ڕاستەوخۆ لەژێریدایە دەچەمێتەوە، بۆیە شاخ هیچ درێژبوونەوەیەکی نییە وەک (ئیری) دەڵێت.

تا ئەو کاتە سێ تێروانینی جیاواز هەبوون لەم بارەیەوە: یەکەمیان ڕای (ئیری) کە دەڵێت: شاخ درێژبوونەوەی هەیە بەشێوەی ڕەگ و چینەکەی ژێر خۆی دەبڕێت، دووەمیان ڕای (براک) کە دەڵێت: لە ژێر شاخەکاندا لادانێک ڕوویداوەو ماددە قورسەکەش بۆ لاکان جووڵاون، سێیەمیش ڕای (ماینس) بوو کە شاخەکە پەستان لەسەر بەشی ژێرەوەی دروستدەکات و بەوەش ئەو چینە بەتەواوی دەچەمێتەوەو هیچ درێژبوونەوەیەکی شاخەکە بوونی نییە، ئەم ڕا جیاوازانە خوێندنەوەی جیاواز و تێبینی زۆریان لەسەربوو.

لە گۆڤاری زانستی ئەمریکی یۆلیۆی ساڵی ١٩٨٦دا نووسەرێکی زانستی تێیدا ووتی: لێکۆڵینەوە زەمین لەرزەییەکان کە بەدرێژی دەیان ساڵی ڕابوردوو ئەنجام دراوە پاڵپشتی بیروبۆچوونەکەی (ئیری) دەکەن و ڕاستییەکەی دەسەلمێنن.




لە کۆتاییدا بەهۆی دۆزینەوەی ئامێرەکانی پێوانەکردنی زەمین لەرزەوەو وەرگری شەپۆلە زەمین لەرزەییەکانەوە ئەوە سەلماوە کە هەموو شاخێک ڕەگێکی درێژبووەوەی هەیە تاکو ئەو چینەی لە ژێریدایە دەبڕێت. وە لە ساڵی (١٩٦٠)یشدا گرنگی و کاری ئەم ڕەگە زانرا کە بۆ جێگیرکردن و چەسپاندنی توێکڵی زەوییە.

وەک ئاشکرایە ڕووی زەوی بە تەواوی تەخت نییە، ئەمەش بەهۆی جیاوازی پێکهاتەی کیمیایی و کانزایی و جیاوازی چڕی بەردە پێکهێنەرەکانی بەشە جیاجیاکانی بەرگی بەردینی زەوییەوەیە..

لە زنجیرە چیاکاندا لوتکەی بڵند هەیەو بەرزایی ئەم لوتکانەش کەم دەکات بۆ گردو بان و پاشان دەشتاییەکان و ناوچە نزماییەکانی زەوی و دەریاکان..

بەرزترین لوتکە لەسەر ڕووی زەوی لوتکەی شاخی (ئێڤێرێست)ە لە زنجیرە شاخی هیمالایا کە بەرزییەکەی بە نزیکەیی دەگاتە (٨٨٤٠م) لە سەرو ئاستی ڕووی دەریاوە، لە لایەکی ترەوە نزمترین ناوچە لەسەر ڕووی زەوی بنی دەریای مردووە کە دەگاتە دەوروبەری (٣٩٥م) لە ژێر ئاستی ڕووی دەریاوە.. تێکڕای ئاستی ڕووی وشکانی بە (٨٤٠م) لەسەروو ئاستی ڕووی دەریاوە دادەنرێت و ئاستی قوڵترین نزمایی ئۆقیانوسەکان دەگاتە (١٠٨٠٠م)، لە کاتێکدا کە تێکڕای قوڵیی ئۆقیانووسەکان دەگاتە (٤ کم) لەژێر ئاستی ڕووی دەریاوە.

جیاوازی نێوان بەرزترین لوتکەی وشکانی و نزمترین خاڵ لە بنکی دەریاو ئۆقیانووسەکاندا دەگاتە (١٩٦٤٠م). ئەگەر ئەم جیاوازییەش بەراورد بکرێت بەنیوەتیرەی زەوی (٦٣٧١ کیلۆمەتر) ئەوا ڕێژەیەکی دیاریکراو دەردەچێت، لە کاتێکدا کە ئەم ڕێژەیە ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە یاوەریکردنی فاکتەرەکانی داماڵین و دارمانە جیاوازەکان لەسەر وردکرن و بوونە خۆڵی پێکهاتەی بەرزاییەکانی زەوی وفڕێدانی ئەو پارچە وردبووانەش کە لێوەی دروستبوون بۆ ناوچەو شوێنە نزمەکان، کە ئەمەش بە تێپەڕبوونی کات کاردەکاتە سەر ڕێکخستن و تەخت کردنی ڕووی زەوی و دروستبوونی خۆڵ و چڕبوونەوەی کانزا خامەکان و لە کۆتاییشدا ئامادەکردنی زەوی تاوەکو چاک و گونجاو بێت بۆ ئاوەدانی.

ئەو بەڵگە زانستییانەی لەماوەی هەردوو سەدەی نۆزدەو بیستدا لەلای زاناکان کەڵەکەبوون، ئاماژە بەوە دەدەن کە بەرگی بەردینی زەوی لە حاڵەتی هاوسەنگی و ڕێکوپێکی دایەو هەرکات ئەم هاوسەنگییە لە هەر خاڵێکی سەر ڕووی زەوی تووشی جۆرێک لە تێکچوون هات ئەوا ڕاستەوخۆ ڕێکدەخرێتەوە.

توێکڵی زەوی لەکاتی بارکردنی قورسایی زیادەدا بۆ خوارەوە نزم دەبێتەوە لەسەر شێوەی نزمییە تایبەتییەکانی زەوی، بۆ سەرەوە لەسەر شێوەی بەرزایی سەر زەوی بەرز دەبێتەوە لەکاتی لابردنی ئەو بارە زیادانەدا، کە هەریەک لەم حاڵەتانەش بۆ پاراستنی هاوسەنگی زەوییە، لەنموونەی ئەمەش ئەو حاڵەتانەیە کە ڕوودەدات لە ئەنجامی کۆبوونەوەی سەهۆڵ بەئەستووریەکی زۆر لەسەر ووشکانی و پاشان لابردنی، یان لەکاتی گلدانەوەی ئاو بەملیۆنان مەتر سێجا لەبەردەم بەربەستەکاندا

و پاشان بەکارهێنانی، یان کەڵەکەبوونی هەزاران تەن نیشتوو لەبەردەم بەربەرستەکانداو پاشان لابردنیان، یاخود کەوتنە خوارەوەی ماددە گڕکانییەکان لە دەوری ژمارەیەک لە دەرچە گڕکانییەکان و پاشان ڕاماڵینیان...

لەسەردەمی نوێدا توانەوەی سەهۆڵە کەڵەکە بووەکان دەستی پێکرد کە لەسەر هەندێک ناوچەی وشکانی نیوە گۆی باکور لەماوەی دوو ملیۆن ساڵەوە کۆبووەتەوە (لەماوەی یەکێک لە گەورەترین چاخە سەهۆڵییەکاندا کە زەوی پێیدا تێپەڕیوە). لە ئەنجامی ئەم توانەوەیەشەوە بەرزبوونەوەی ئاستی ڕووی زەوی لەو ناوچانەدا بەهۆی توانەوەی سەهۆڵەکەوە بە پلە بەندی دەستی پێکردووە، ئەمەش بۆ هاتنەدی هاوسەنگی لە پەستان کەوتنە سەر ڕووی زەوی، کە یەکێکە لە سوننەتەکانی خوای گەورە تیایدا...




لەبەردەم زۆرێک لەو بەربەستانەی لەسەر ڕێڕەوی ڕووبارەکان دروستکراون ملیۆنان مەتر سێجا ئاوو هەزاران تەن لەماددە نیشتووەکان لەبەردەم ئەم بەربەستانەدا کۆبوونەتەوە کە بوونەتە هۆی دابەزاندن و نزمکردنەوەیەکی گشتی لە ئاستەکانی ناوچەکەداو زیادبوونێکی بەرچاوی چالاکی زەمین لەرزەیی، ئەمەش بەوە لێک دەدرێتەوە کە چینە تەختەکانی بەرگی بەردینی پێکهێنەری کیشوەرەکان کە ئەستوری هەریەکەیان لە نێوان (١٠٠ـ١٥٠) کیلۆمەتردایەو پێکهاتەکەیان بە شێوەیەکی سەرەکی بەردی چڕیی کەمە، لە کاتێکدا کە پێکهاتەی چینە تەختەکانی بەرگی بەردینی پێکهاتەی بنی دەریاو ئۆقیانووسەکان بەرێژەیی لەبەردی چڕی زۆرە (بۆیە ئەستوریی هەریەکێک لەوانە لە تەنها حەوت کیلۆمەتر تێپەڕ ناکات).

هەریەکە لە چینە تەختەکانی بەرگی بەردینی کیشوەرو ئۆقیانوسەکانیش دەکەونە سەر پشتێنە یاخود هەرێمی لاوازی زەوی (نطاق الضعف الأرضي) کە پشتێنەیەکی جیرِ و نیمچەتواوەو چڕی و لینجی بەرزە، بەپەستان کاریگەر دەبێت و وەک وەڵامێک بۆ پەستانەکەی سەری جووڵەیەک دەکات.

هەروەها ئەو بەشەی توێکڵی زەوی کە بارستەی کیشوەرەکانی پێکهێناوە ئەستووری‌یەکەی بەنزیکەیی لە نێوان (٣٠ـ٤٠) کیلۆمەتردایە، پێکهاتەکەشی زیاتر بەردی گرانیتییە کە بەزۆری بەچەند چینێکی یەک لە دواییەکی ئەستوریی جیاواز لەبەردە نیشتەنییەکان دادەپۆشرێت (تێکڕای چڕیی بەردی گرانیتی دەگاتە (٢,٧ گرام) بۆ هەر سانتیمەتر سێجایەک) لە کاتێکدا کە ئەستوریی توێکڵی زەوی پێکهاتەی بنکی دەریاو ئۆقیانووسەکان لەنێوان (٥ـ٨) کیلۆمەتردایەو بەزۆریی لە بەردی بازیلتیی پێکهاتووە کە هەندێجار لەگەڵ بەردە نیشتەنییەکان دەگۆڕیت یاخود بەچەند چینێکی تەنک لەبەردە نیشتەنییەکان دادەپۆشرێن ((تێکڕای چڕیی بەردی بازیلیتیش دەگاتە (٢,٩ گرام) بۆ هەر سانتیمەتر سێجایەک)). لەبەر ئەوەیە کە بارستەی کیشوەرەکان سەردەکەونە سەر بنکی دەریاو ئۆقیانوسەکان.

دەتوانرێت بەهەمان بۆچوون تەفسیری ئەو جیاوازییە بکرێت کە لە ئاستی ڕووی زەوی ناوچە جیاوازەکاندا هەیە، ئەویش لەسەر بنەمای دیاری کردنی چڕیی بەردی پێکهاتەی هەر شێوەیەک لە شێوەی ئەو بەرزو نزمیانەی ..، بۆیە بەرزاییەکانی سەر ڕووی وشکانی دەبێت زۆرینەی پێکهاتەکانیان لەبەردی چڕیی کەمتربن وەک لەبەردی پێکهاتەکانی دەوروبەریان، لەوەش گرنگتر دەبێت بەردە سووکە کەم چڕەکان درێژبوونەوەیان هەبێت بەنێو بەردە چڕی زۆرەکانی دەوروبەریان.

لێرەدا بۆچوونەکە بەدەست دێت کە: دەبێت شاخەکان ڕەگی قووڵیان هەبێت بەشێوەیەک کە بەتەواوی بەرگی بەردینی زەوی ببرێت تاکو سەر بکەوێـتە سەر پشتێنەی تەنکی زەوی، کە تیایدا یاساکانی سەرئاوکەوتن (یاسای ئەرخەمیدس) تەحەکومی دەکەن وەک چۆن تەحەکومی شاخە سەهۆڵییە سەرکەوتووەکانی ئاوی ئۆقیانوسەکان دەکات. لەلایەکی تریشەوە پێوانەکانی تاودانی زەویش پاڵپشتی ئەم ڕاستیەن، بەوەی کە لە ناوچە شاخاوییەکاندا کەمتر لە نرخی تیۆری تۆمارکراوەو لەناوچە نزمەکانی زەوی و سەربنی دەریاو ئۆقیانوسەکاندا زیاتر لە نرخی پێشبینیکراو بووە.

بەدیراسەو لێکۆڵینەوەی وورد لەسەر شاخەکان و لەم ساڵانەی دواییدا، ئەوە چەسپاوەو سەلمێنراوە کە هەر بەرزاییەکی زەوی لەسەرو ئاستی ڕووی دەریا، درێژکراوەی هەیە بەنێو بەرگی بەردینی زەویدا کە درێژییەکەی لە نێوان (١٠ـ١٥) ئەوەندەی بەرزی‌یەکەیەتی لەسەرو ڕووی زەوییەوە، و هەرچەندیش بەرزییەکەی لە سەرو ئاستی ڕووی دەریاوە زیاتربێت درێژی بەشە ڕۆچووەکەی بەنێو زەویدا چەند هێندە دەبێت، بەمجۆرە لوتکەیەکی وەک (ئێفێریست) کە بەرزییەکەی لەسەرو ئاستی روی دەریاوە ناگاتە (٩ کم)، بەڵام درێژکراوەی ئەم لوتکەیە (واتە ڕەگەکەی) بەنێو زەویدا زیاترە لە سەدوسی (١٣٠کم)، کە بەتەواوی بەرگی بەردینی زەوی دەبڕێت تاکو سەربکەوێـتە سەر پشتێنەی تەنکی زەوی.

پاک و بێگەردی بۆ ئەو خوایەی وەسفی شاخەکانی بە مێخ (اوتاد)کردووە.. کە بەڕاستی تاکە دەستەواژەیە کە هەریەک لە شێوەی دەرەوەی شاخ و درێژبوونەوەکەی بەنێو زەویداو وەزیفەکەشی لە خۆ بگرێت، چونکە مێخ زۆرینەی دەچێتە زەوییەوەو کەمێکی لەسەر ڕووی زەوییەوە دەردەکەوێت و وەزیفەکەشی جێگیرکردن و چاسپاندنە.




## ڕۆڵی شاخەکان لە چەسپاندن و لەنگەرپێگرتنی زەویدا:

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَٱلۡأَرۡضَ بَعۡدَ ذَٰلِكَ دَحَىٰهَآ ٣٠﴾ النازعات، وشەی (دحی) لەم ئایەتەدا دوو مانای سەرەکی دەدات: (المدّ) و (الإلقاء) واتە: فراوان بوون و کشان لەگەڵ هەڵدان و فڕێدان. هەروەها دەفەرموێت: ﴿وَٱلۡأَرۡضَ مَدَدۡنَٰهَا وَأَلۡقَيۡنَا فِيهَا رَوَٰسِيَ وَأَنۢبَتۡنَا فِيهَا مِن كُلِّ زَوۡجِۭ بَهِيجٖ ٧﴾ ق، واتە: زەویمان ڕاخستووەو بڵاومان کردۆتەوەو کەژو کێومان لەسەری دامەزراندووەو لەهەموو جۆرە ڕووەکێکی جوان و بۆن خۆش و تامدارمان تێدا ڕوواندووە.

لەم ئایەتەشدا وەسفی (مدّ)ی زەوی کراوەو پەیوەست کراوە بە ئاوو شاخەوە، ووشەی (دحی) مانای (إلقاء)و (مدّ) دەدات، مانای ئەو کردارە دەدات کە کیشوەرەکان و زەوی پێ دروست بووە: کرداری دەرپەڕان و دەرچوون لە وێنەی بورکان هەڵدان و هاویشتنی بۆ سەرەوە لە ناوەوەی زەوییەوە، و کرداری کشانی ئاسۆیی زەویش کە کیشوەرەکانی پێکهێناوە، شاخەکان لە سەرەتادا هەموویان بورکانی بوون و بەکرداری (إلقاء) واتە: فڕێدانی گەرمییە بورکانییەکان لە ناواخنی زەوییەوە بۆ سەرەوەو کەڵەکە بوونیان دروست بوون.

لە فەرموودەیەکدا کە زیاتر ڕوون کەرەوەی قورئانی پیرۆزە پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: (لمّا خلقَ اللّهُ الأرض جَعَلتْ تَميد، فَخلقَ الجبال، فعاد بها عليها فاستقرَّتْ)، لە مەفهومی فەرموودەکەدا ئەوە ئاشکرایە (فعاد بها عليها): فڕێدان و هاویشتنە کە لە زەوییەوە بووەو پاشان بەهۆی هێزی کێشکردنەوە بەرەو زەوی گەڕاوەتەوە.

واتە: ماددەی پێکهاتەی شاخ لە سەرەتادا لە ناواخنی زەوییەوە بەرەو سەرەوە دەرچووەو پاشان بەهۆی هێزی کێش کردنەوە گەڕاوەتەوە سەر زەوی و بە کەڵەکە بوونی، شاخ پێکهاتووە.

بەهۆی بەردەوام بوونی کردارەکە ـ شەوە قورسایی لە سەر ڕووی زەوی دروست بووەو ئەمەش پەستانی لە سەر تواوە بەردینییەکان دروست کردووەو بوار بۆ درێژ بوونەوەی بەشی ژێرەوەی دروستبووە تاکو بەو تواوەیەدا ڕۆبچێت، ئەمەش بووەتە هۆی جێگیرکردنی توێکڵی زەوی لە لایەک و

چەسپینی شاخەکە خۆیشی لە لایەکی ترەوە، ئەم ڕاستییەش بە ڕوونی لە ئایەتی: ﴿وَٱلْجِبَالَ أَرْسَىٰهَا ﴿٣٢﴾﴾ النازعات، دا دەردەکەوێت.

ڕاڤەکارە پێشینەکان دەربارەی ئەم ئایەتە دەڵێن: ڕاناوی (ها) لە ووشەی (ارساها)دا دەگەڕێتەوە بۆ (الجبال)، بەم پێیە ئایەتەکە مانای چەسپاندنی شاخەکان دەگرێتەوە لە زەویدا، لە لایەکی ترەوە ئەم ئایەتە لەناوەڕۆکیدا مانای جێگیر بوون و چەسپینی زەویش لە خۆدەگرێت بە تایبەت بەو بەڵگەیەی کە ڕاناوە نادیارەکە لە دوو ئایەتەکەی پێشووی ئەم ئایەتەدا بۆ زەوی دەگەڕێتەوە: ﴿وَٱلْأَرْضَ بَعْدَ ذَٰلِكَ دَحَىٰهَآ ﴿٣٠﴾ أَخْرَجَ مِنْهَا مَآءَهَا وَمَرْعَىٰهَا ﴿٣١﴾ وَٱلْجِبَالَ أَرْسَىٰهَا ﴿٣٢﴾﴾ النازعات، لەم ڕەهەندەی دواییشەوە مانای ئایەتەکە دەبێتە: جێگیر کردن و لەنگەر گرتنی زەوی بەهۆی شاخەکانەوە. کەواتە دەکرێت دوو خوێندنەوەی مانا بۆ ئایەتە پیرۆزەکە بکرێت:

١ـ جێگیرکردن وچەسپینی شاخەکان لەسەر ڕووی زەوی.
٢ـ جێگیر بوون و لەنگەر گرتنی زەوی بەهۆی شاخەکانەوە.

هەردووماناکەش بەپێی دەرهاویشتەکانی زانستی زەویناسی نوێ ڕاستن، شاخەکان لە بەرگی بەردینی زەویدا چەسپاون و زەویش جێگیرو چەسپاو دەکەن.

یەکەم: (وَٱلْجِبَالَ أَرْسَىٰهَا) بەمانای: جێگیرکردن و لەنگەرگرتنی شاخەکان لەسەر ڕووی زەوی: بەڵگەی تەواو بەدەستەوەن کە بەرگی بەردینی زەوی، سەرەڕای بوونی بەرزی و نزمی ئاشکرا لەسەر ڕووەکەی لە حاڵەتی هاوسەنگی تەواودایە، ئەمەش بەو مانایە کە بڕی بارستەی ماددە بە درێژایی هەموو نیوە تیرەکانی زەوی (درێژ بووەوە لە سەنتەری زەوییەوە تا خاڵە جیاجیاکانی سەر ڕووەکەی) یەکسانن، جا ئەو خاڵەی نیوە تیرەکەی تێدا کۆتایی دێت بەرزترین خاڵێ چیایەک بێت یان نزمترین خاڵی نێو قووڵایی و بنکی ئۆقیانووس بێت.

شیکردنەوەی ئەم ڕاستییە زانستییە تەنها بە لێکۆڵینەوەی چڕیی بەردە پێکهێنەرەکانی بەشە جیاوازەکانی بەرگی بەردینی زەوییەوە دەبێت، بۆیە دەبێت زنجیرە چیا بەرزەکان لە بەردی چڕی کەمتر لە بەردەکانی دەوروبەریان پێکهاتبن، ناوچە نزمەکانیش دەبێت لە بەردی چڕیی زیاتر وەک لە چڕی بەردەکانی پێکهاتەی ناوچە بەرزەکان پێکهاتبن، ئەم ڕاستییە دڵنیایی ئەوە دەدات کە بەشی سەرەوەی بەرگی بەردینی زەوی (توێکڵی زەوی)، هەریەکە لە: ئەستووری و چڕییەکەی جیاوازە لە کیشوەرەکان لە لایەکەوەو لە بنی دەریاو ئۆقیانووسەکاندا لە لایەکی ترەوە (لە بەشی یەکەمدا باسکراوە).

توێکڵی زەوی لە کیشوەرەکاندا زۆرینەی پێکهاتەکەی بەردی گرانیتە کە چڕییەکەی کەمترە لە چڕیی بەردی بازیلتی کە توێکڵی بنی ئۆقیانووسی لێ پێکدێت، هەر لەبەر ئەم جیاوازییە لە چڕیدا بارستەی کیشوەرەکان سەردەکەونە سەر بنی دەریاو ئۆقیانوسەکان، هەردوو جۆری چینی تەختی بەرگی بەردینی زەویش (کیشوەری و ئۆقیانوسی) سەردەکەونە سەر پشتێنەیەکی چڕی زیاتری نیمچە تواوەی لینج کە پێی دەوترێت پشتێنەی تەنکی زەوی (بڕوانە وێنەی ١).

کاتێک شاخ بە بەردە تا ڕاددەیەک سووکەکانیانەوە بە ئاڕاستەی لوتکە کانی بەرزدەبێتەوە، بڕێکی یەکسان لە بارستەکەی دێتە دەرەوە لە ماددە نیمچە تواوەکەدا کە ڕاستەوخۆ لەژێر شاخەکاندا هەیەو یارمەتی بەردی پێکهاتەی شاخەکان دەدات بۆ ڕۆچوون و درێژ بوونەوەی قووڵ، بە شێوەیەک کە بەتەواوی بەرگی بەردینی زەوی دەبڕێت، ئەوەش زانراوە کە بەشی دیاری شاخەکان لەسەر ڕووی زەوییەوە ئەندازەیی قووڵیی درێژ بوونەوە ناوەکییەکانی بەرگی بەردینی شاخەکە (واتە درێژی بەرگەکە) دیاری دەکات. بەم جۆرە بەهۆی درێژ بوونەوەی بەردەکانی بەنێو بەرگی بەردیداو سەرکەوتنی لەسەر پشتێنەی تەنکی زەوی، شاخ لەسەر رووی زەوی جێگیر دەبێت.

دووەم: (وَٱلْجِبَالَ أَرْسَىٰهَا) بەمانای: جێگیرکردن و لەنگەرگرتنی زەوی بەهۆی شاخەکانەوە: شاخ یارمەتی جێگیر بوون و چەسپاندنی زەوی دەدات وەک هەسارەیەک و کار دەکاتە سەر کەم کردنەوەی جووڵەی نائاسایی زەوی لە سووڕانەوەی بەدەوری تەوەرەکەیدا هەروەها شاخ بەهۆی خاسییەتی مێخێتییەوە (درێژ بوونەوەی بنی شاخەکان بەزەویدا)چینە تەختەکانی بەرگی بەردینی زەوی لەگەڵ یەکتردا دەچەسپێنن و کیشوەرەکانیش بەبنی ئۆقیانووسەکانەوە دەبەستن، هەربۆیە شاخەکان دەبنە هۆی جێگیرکردن و لەنگەر پێگرتنی زەوی وەک یەک بارستە، ئەم ڕاستییەش لەدوو خاڵدا ڕوون دەکەینەوە:

اـ چەسپاندن و جێگیر بوونی چینە تەختەکانی بەرگی بەردینی زەوی بەهۆی شاخەکانەوە:شاخەکان ڕۆڵێکی گەورە دەبینن لە چەسپاندنی چینە تەختەکانی بەرگی بەردینی زەوی و جێگیر کردنیان (بڕوانە وێنەی ٢).

چینە تەختەکانی بەرگی بەردینی زەوی جووڵەیان هەیە وەک کار دانەوەیەک بۆ ئەو گەرمییەی دەگاتە ژێرەوەی ئەم بەرگە، یاخود دەگونجێت کاردانەوە بێت بۆ خێرایی سووڕانەوەی زەوی بەدەوری تەوەرە کەی لە بەردەم خۆردا، بە تایبەت ئەوەی کە ئەم خێراییە پێشتر لەم تێکڕاییانەی ئێستای زۆر زیاتر بووەو بەردەوامیش لە کەم بووندایە بەهۆی بەردەوام دروستبوونی زنجیرە شاخەکانەوە، شاخی کیشوەرەکان لە ئەنجامی بەریەک کەوتنی چینە تەختە کانی بەرگی بەردینەوە لەگەڵ یەکتردا دروست دەبن، جا ئەو بەریەک کەوتنە لە نێوان دوو چیندا بێت یەکێکیان دەریایی و ئەوی تر کیشوەریی بێت یان هەردووکیان کیشوەریی بن. بەم شێوەیە جووڵەی دروست بوونی شاخەکان لە کاتی بەریەککەوتنی دوو کیشوەردا دەگاتە لوتکە، کە لە ئەنجامی ئەمەوە لۆچ بوونی توندی لێواری دوو کیشوەرەکە ڕوودەدات و هەموو جۆرە چالاکییەکی ئەو دوو چینە لە چینە تەختەکانی بەرگی بەردینی زەوی بەدرێژایی هێڵی بەیەک گەیشتنی نێوانیان دەوەستێت، بە جۆرێک کە پێکەوە دەنووسێن و ڕووبەرەکانیان بە بڕێکی بەرچاو دێنەوەیەک، و زیادبوونێکی گەورە لە ئەستووریی توێکڵی زەویدا دروست دەبێت لەسەر شێوەی ڕەگی قووڵ کە بەرەو ژێرەوە درێژ دەبنەوە بەبڕێک کە دەگاتە چەندین ئەوەندەی بەرزیی زنجیرە شاخەکان.

لە ئەنجامدا ئەم زنجیرە شاخانەو ڕەگە قوڵەکانیان کاردەکەنە سەر جێگیر کردنی بەرگی بەردینی زەوی، بە شێوەیەک کە جووڵەی چینە تەختەکانی بەرگی بەردینی زەوی بە نزیکی دەوەستێنێت لەو شوێنانەدا کە ئەم زنجیرە شاخانە دروست دەبن.

ئەگەر بەراوردێک بکەین لە نێوان شاخ و کەشتیدا زیاتر مەفهومی لەنگەر گرتنی توێکڵی زەویمان بۆ ڕوون دەبێتەوە بە هۆی شاخەکانەوە، ئەگەر بوویسترێت کەشتییەک لەئاودا لەنگەر بگرێت، ئەوا لەنگەرەکەی (مرساە)ی دا دەبەزێنرێتە نێو ئاوی دەریاکەوە، توێکڵی زەوی دەچوێنرێت بەکەشتییەکەو شاخیش بە لەنگەری کەشتییەکەو تۆواوە بەردینییەکانی ژێر توێکڵی زەویش بە دەریا.

هەر بۆیە شاخەکان لەنگەرن بۆ توێکڵی زەوی و لەنگەر بە توێکڵی زەوی دەگرن، تاوەکو نەجووڵێن و لار نەبنەوەو لەگەڵ جووڵەی بەردەوامی چینە تەختەکانی بەرگی بەردین و تۆواوەکەی ژێریدا جووڵە بە بەدیهێنراوەکانی سەر زەوی نەکات.

ب ـ جێگیر بوونی هەموو زەوی وەک هەسارەیەک بەهۆی شاخەکانەوە:

زاناکان وەڵامی ئەو پرسیارەیان بە بەڵێ دایەوە کە دەڵێت: ئایا شاخەکان ڕۆڵیان هەیە لە هاوسەنگ کردنی جووڵەی زەوی و جێگیرکردنی تاکو گونجاو بێت بۆ ژیان؟

لە ئەنجامی سووڕانەوەی زەوی بەدەوری تەوەرەکەیدا هێزی دوور خەرەوەی سەنتەری (القوة الطاردة المركزية) دروست دەبێت کە لە هێڵی یەکسانیدا دەگاتە لوتکە، لەبەرئەوە زەوی لە هێڵی یەکسانیدا کەمێک بە ناودا چووە لە کاتێکدا کە هێزی کێش کردن کەمەو هێزی دوور خەرەوەی سەنتەریی زۆرە، بەڵام لە دوو جەمسەرەکەی زەویدا کەمێک پان بووەتەوە، کە لەوێدا هێزی کێش کردن زۆرەو هێزی دوورخەرەوەی سەنتەریی کەمە، هەر لەبەر ئەمەیە کە درێژی تیرەی زەوی لە هێڵی یەکسانیدا بە بەردەوامی زیاد دەکات لە کاتێکدا کە تیرەی جەمسەرەکان کەم دەکات، هەرچەند ئەم حاڵەتانە بە تێکڕاییەکی زۆر هێواش ڕوو دەدەن ئەم کردارە زەوی لە شێوەی گۆییەوە بەرەو شێوەیەکی نیمچەگۆیی بردووە.

شێوەی نیمچە گۆییش ناکرێت سووڕانەوەیەکی هاوسەنگ و ڕێک و پێکی هەبێت بە دەوری تەوەرەکەی‌دا چونکە بەناودا چوونی زەوی لە هێڵی یەکسانیدا وا دەکات تەوەرەی سووڕانەوەکەی وردە وردە ئاڕاستەکەی بگۆڕێت لە جووڵەکەیدا (بڕوانە وێنەی ژمارە ٣)، کە بەهۆی کاریگەریی هێزی کێش کردنی هەسارەکانی کۆمەڵەی خۆرەوە (بە تایبەت خۆرو مانگ) دروست دەبێت و بەمەش زەوی جووڵەیەکی نارێکی دەبێت، جووڵەی لەرەیی نارێکی زەوی بەدەوری تەوەرەکەیدا جووڵەیەکی لوولپێچی وەردەگرێت بە هۆی هێزی کێش کردنی هەریەکە لە خۆرو مانگ بۆ زەوی وگۆڕانکاریە بەردەوامەکان لە بڕو ئاڕاستەی هێزی بەداریی هەریەکەیاندا.

لێکۆڵینەوە فەلەکییە ووردەکان سەلماندوویانە تەوەرەی سووڕانەوەی زەوی ژمارەیەک لەرە جووڵەی نارێکی هەیە کە هەریەکەیان کاتێکی جیاواز دەخایەنێت، کورتترینیان (١٠ڕۆژە) و درێژترینیان (٦ ,١٨ساڵ) دەخایەنێت.

بەڵام بوونی شاخی ڕەگداری نوقومبوو لە بەرگی بەردینی زەویدا توندیی لەرەی نارێکی زەوی لە سووڕانەوەی بەدەوری تەوەرەکەیدا بەڕێژەیەکی بەرچاو کەم دەکاتەوە، وا لە جووڵەکەی دەکات زیاتر ڕێک وپێک و هاوسەنگ و ئارام بێت.

**سەرچاوەکان:**

١ـ موحازەرەیەکی شێخ عبدالمجید الزندانی بەناوی: (براهين الإيمان). ٢ـ إنه الحق ـ هيئة الإعجاز العلمي في القرآن و السنة. ٣ـ سلسله الإعجاز العلمي في القرآن ـ مركز التراث لأبحاث الحاسب الالي. ٤ـ چەند پێگەیەکی ئینتەرنێت.* ٥ـ کتێبی: (المفهوم العلمي للجبال في القرآن الكريم)/ د. زغلول النجار. ٦ـ لێکۆڵینەوەیەکی (د. زغلول النجار) دەربارەی لایەنی زانستی ئایەتی: (وَٱلْجِبَالَ أَرْسَىٰهَا)/ لە ئینتەرنێت وەرگیراوە. ٧ـ موحازەرەیەکی (شێخ عبدالمجید الزندانی) دەربارەی شاخ.*

# بوونەوەی بیابانی عەرەب بە بێستان و ڕووبارگەل





(لن تقوم الساعة حتى تعود أرض العرب مروجـــا وأنهارا)

رواه مسلم


**ئامادەکردنی: خالد حسن**

khalidbarznjy@yahoo.com


یەکێک لەو هۆکارانەی کە خوای گەورە هەڵوێستی پێغەمبەرەکانی خۆی پێ بەهێز کردووە بریتییە لە (موعجیزە).. موعجیزە بەواتای دەستەوسان کردن دێ، بەجۆرێک هەرچی تواناو هێزی مرۆڤە دەستەوسان بێت لەهێنانی وێنەیدا، بۆنموونە:

١ـ ئاگر سیفەتی سووتێنەرە نەک فێنک کەرەوە، ئاشکراشە مرۆڤ ناتوانێت ئەو سیفەتەی ئاگر بگۆڕێت بەڵام دەبینین خوای گەورە گۆڕانی ئەم سیفەتە دەکاتە موعجیزەی (ابراهیم) پێغەمبەر ـ سەلامی خوای لەسەر ـ و دەفەرموێت: (وقلنا يانار كوني بردا وسلاما على أبراهيم).

٢ـ زیندوو کردنەوەی مردوو لەتوانای هیچ مرۆڤێکدا نییە، بەڵام (عیسی) پێغەمبەر ـ سەلامی خوای لەسەر ـ دەچێتە سەر گۆڕی مردوویەک و بەخاوەنەکەی دەڵێت هەستە بەئیزنی خوا، لەگەڵ خۆیاندا مردووەکە دەبەنەوە بۆ ماڵەوە.

٣ـ بەهەمان شێوەش پێشەوامان محمد (ﷺ)ئەمجۆرە موعجیزانەی پێدراوە، ئێمە دەزانین ماوەی نێوان ئێمەو مانگ هەزارەها کیلۆمەترەو گەورەیی مانگ سێیەکی زەوییە، کێ دەتوانێت تەنها بە ئاماژەی پەنجە دوولەتی بکات و هەر لایەکیش بەئاراستەیەکدا ببات، تەنها مەگەر خوای گەورە وەک موعجیزەیەک بیداتە پێشەوامان (محمد) (ﷺ).

٤ـ سیفەتی ئاو وەهایە لەکانی و کارێزو هەورەکانەوە پەیداببێت، بەڵام ئەو سوننەتە گەردوونییە لەسەر دەستی پیرۆزی پێشەوای گەورەمان محمد (ﷺ)دەگۆڕێت و وەک موعجیزەیەک نیشانی خەڵکی دەدات کە وەکو کارێز ئاو لەنێوان پەنجەکانییەوە هەڵدەقوڵێت.

بەتێڕوانینێکی گشتی لە موعجیزەکانی خوای گەورە بۆ پێغەمبەرانی دەبینین موعجیزەکانیان (کاتی) بوون، واتە لەگەڵ وەفاتکردنیاندا موعجیزەکانیشیان وەفاتیان کردووە، ئەمەش حاڵەتێکی ئاسایی هەموو پێغەمبەرانە جگە لە پێشەوامان محمد (ﷺ)هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە پێغەمبەرانی پێشوو لەپاش وەفاتکردنی هەریەکێکیان خوای گەورە پێغەمبەرێکی تری دەنارد هەتا موعجیزەکەی کۆن نەبێت و کاریگەری لەسەر خەڵک بمێنێت.

ئاشکراشە لەدوای محمد (ﷺ) پێغەمبەری تر نایەت، کەواتە موعجیزەیەک بۆ ئەم پێغەمبەرە پێویستە کە لەدوای وەفاتی خۆیشی هەربمێنێتەوە، دیارە ئەویش موعجیزەی قورئان و فەرموودەی پیرۆزە کەچەندەها هەواڵی داهاتوویان تێدایە، بەتایبەتیش هەواڵ و دۆزینەوە زانستییەکان کە بوونەتە پێوەرێکی بەهێز لەسەر ڕاستێتی پەیامەکەی پێشەوامان محمد (ﷺ).

دکتۆری بەناوبانگی فەرەنسی (موریس بوکای) دەڵێت: من پێوەرێکی بەرجەستەم پێیەو دەتوانم بیسەلمێنم کەقورئان ووتەی خوایە یان هی (محمد) خۆی، ئەویش ئەوەیە کاتێ سەیری زانیارییەکانی قورئان دەکەم و بەراوردیان دەکەم لەگەڵ ئەو زانیارییانەی لەو سەردەمەدا هەبوون، جا ئەگەر زانیارییەکانیان هاوشێوەبوون ئەوا (محمد) زانیارییەکانی لە دەوروبەرەوە وەرگرتووە، کاتێکیش سەیری کەسایەتی (محمد)م کرد زانیم نەخوێندەوار بووە، سەیری قورەیشم کرد لەو سەردەمەدا (١٧)کەسی تێدابوو نووسین بزانێت!! سەیری پێشکەوتووترین شارستانییەتی ئەو سەردەمە دەکەم کەیۆنانییەکان و میسرییەکان بوون، یۆنانییە کۆنەکان ڕووداوە گەردوونییەکانیان بەهۆکاری بوونی خوای جیاجیا لێک دەدایەوە بەجۆرێک دەیانووت هەور خوای تایبەتی خۆی هەیە، ئەستێرە، خۆر، با ....... هتد ئەمانە خوای تایبەت بەخۆیان هەیە.

میسرییەکانیش کاتێک لافاوی نیل دەستی پێدەکرد دەیانووت ڕووباری نیل پادشایەکی تێدایەو لێمان تووڕە بووەو داوای بووکێکمان لێ دەکات، لەبەرئەوە جوانترین کیژیان دەرازاندەوەو جلی بووکێنییان لەبەر دەکردو فڕێیان دەدایە ڕووبارەکەوە هەتا لافاوەکە بنیشێتەوە، (موریس بوکای) دەڵێت: کاتێک سەیری زانستەکانی قورئانیشم کرد دەبینم هەموو زانستەکانی هاوشێوەی زانستە سەلمێنراوەکانی ئەم سەردەمەیە، شیاوی باسە لەپاش زیاتر لە (١٠) ساڵ لێکۆڵینەوە دکتۆر (موریس) موسوڵمان بوونی خۆی ڕاگەیاند.

گرنگی موعجیزەکانی قورئان و فەرموودە لەوەدایە کە جۆراوجۆریی بابەتەکانی ئیعجازی زانستی لە هەموو بوارە زانستییەکاندا موعجیزەکانی قورئان و فەرموودەی گەورەتر کردووە،

چونکە کاتێک یەکێک ووتووێژو گفتوگۆ لەسەر یەک بابەت دەکات و یەک کەسیش بەرامبەرێتی ئاسانتر سەردەکەوێت بەسەریدا لەوەی لەسەر چەند بابەتێک وتووێژ بکات و بەرامبەرەکانیشی چەند کەسانێک بن لەبواری پسپۆڕی جیاجیادا، وەک دەشزانین پێشەوامان محمد (ﷺ) وتووێژی لەسەر ئەم بابەتە زانستییانە نەبووە، ئەبو لەهەب و ئەبو جەهل چ پێویستییەکیان بە وردەکاری و نهێنییەکانی زانستی فەلەک و کۆرپەلەزانی و جیۆلۆجیاو..... هتد هەبووە، وتووێژی پێغەمبەر (ﷺ) لەگەڵیاندا ئەوەبووە کە واز لەپەرستنی بتەکان بهێنن و خوای تاک و تەنیا بپەرستن. دیارە هێنانە کایەی هەموو ئەو بابەتە زانستییانەش کە تێگەیشتنی لەو کاتەدا قورس بووە، وتووێژەکەی ئاڵۆزترو قورستر کردووە.

لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە وتووێژی پێشەوامان محمد (ﷺ) بەتەنها لەگەڵ بتپەرستانی سەدەی حەوتەمی زاییندا نەبووە، بەڵکو لەگەڵ زانایان و فەیلەسوفان و ڕووناکبیرانی سەدەی بیست و یەک و سەدەکانی دواتریشدا بووە، کە دواتر سەری بەزۆرێک لەزانا بە ویژدانەکانی جیهان دانەواندووە لە ئاست ڕاستێتی پەیامی ئەو پێغەمبەرە.

یەکێک لەو هەزاران بابەتەی کەبووەتە جێگای سەرسوڕمانی زانایان ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەرە کە پاش چەندەها هەوڵی یەک لەدوای یەکی ئەم سەردەمەو بەکارهێنانی چەندین ئامێر و دەزگای زانستی پێشکەوتوو توانرا ڕاستییەکەی ئاشکرا بکرێت، ئەویش فەرموودەی پیرۆزی پێغەمبەرە (ﷺ): (لن تقوم الساعة حتى تعود أرض العرب مروجـا وأنهارا) رواه مسلم في الزكاة: باب (١٨) حديث رقم (٦٠)، واتە: قیامەت هەڵناسێ تا زەوی عەرەب نەگەڕێتەوە و نەبێتەوە بەباخ و باخات و ڕووبار.

سەرەتا ئەم فەرموودەیە ئاماژەیەکی زۆر سەرسوڕهێنەری تێدایە کە دەفەرموێت جارێکی تر بیابانی عەرەب دەبێتەوە!! بەباخ و ڕووبار واتە دەبێت پێشتر لە مێژوویەکی کۆندا باخ و ڕووبار بووبێت، هەروەها ئەم فەرموودەیە پەیوەندی بە داهاتوویەکی گرنگەوە هەیە کە چاوەڕێی دەکەین.

ئێستا ئەگەر بچیتە زەوی عەرەب کە نیمچە دورگەی عەرەبییە بەتایبەتی بیابانی لماوی (ربع الخالي) یان بچیتە مەککەو چواردەوری یان حیجازو دەوروبەری یان (تهامة) و دەوروبەری جگە لەبیابانێکی ووشکی لماوی چیتر نابینیت، هەرچەندە ئاوی بدەیت هیچ ڕووەکێکی لێ ناڕوێت، ئایا کەس بە خەیاڵیدا دەهات ئەو بیابانە پێشتر باخ و ڕووبار بووبێت؟! ڕووبار و باخ لەکوێیە؟

سەدە لەدوای سەدە ڕۆیشت هەتا (١٤) سەدە بەسەر فەرموودەکەی پێغەمبەردا ڕۆیشت، زانست پێشکەوت و توێژینەوەکان زیادیان کرد، زاناکان سەلماندیان فەرموودەکەی پێغەمبەر (ﷺ) ڕاستییەکی زانستییە، سەلماندیان کە وشکە بیابانی عەرەب لەپێشدا باخ و ڕووباربووە، و زیاد لەوەش لەداهاتووشدا دەبێتەوە بە باخات و ڕووبار، کەواتە توێژینەوەکە دوو بەشە کە فەرموودەکە باسی لێدەکات، یەکەم لە زەمەنی ڕابوردوو، دووەم لە داهاتوودا.

بەیارمەتی خوای گەورە لە هەردوو کاتەکە دەکۆڵینەوە:

یەکەم: لە ڕابوردوودا سەرەتای لێکۆڵینەوەکان بە گەڕانی جیۆلۆجی دەستی پێکرد، گەورەترین گەڕانی جیۆلۆجیش گەڕانەکەی (بیتر و وایبر) بوو هەروەک لە گۆڤاری (Nature) بەرواری ١٩٨٩/٤/٢٧ دا هاتووە دەڵێت: (گەورەترین گەڕان و لێکۆڵینەوەی جیۆلۆجی بە پێشەوایەتی (بیترو وایبر) ئەنجامدرا، کە ڕوویان کردە دەوڵەتی ئیمارات لەساڵی (١٩٨٩)دا، لەو گەڕانەدا چەندەها پاشماوەی ئاژەڵییان دۆزییەوە کە دەگەڕێنەوە بۆ کۆتاییەکانی چاخی (میوسین)، لەپاشماوەی ئەو ئاژەڵانەش کە دۆزییانەوە: (شیردەرەکان و ئەسپی دەریاو ووردەگۆشت خۆرەکان و کەرکەدەن و کیسەڵ و تیمساح و ماسی و باڵندەو مەیموون) بوون، ئاشکراشە کە ئەمانە لە ژینگەی باخ و دارستاندا نەبێت ناژین.

لە گۆڤاری (الثقافة العالمية) ژمارەی (٥٩) کە ئەویش لە گۆڤاری (Aramco World / August ١٩٩٢) وەریگرتووە دەڵێت: (چەرخی کۆنی (بلیستوستینی) پێش ملیۆنێک ساڵ دەستی پێکردووەو پێش (١٠هەزار) ساڵ لەمەوبەر کۆتایی هاتووە کە لەو چەرخەدا بەستەڵەک بەشەکانی باکووری ئەوروپاو ئەمریکای داپۆشیبوو، بەو چاخەش دەوترێت چاخی بەفرین (Glacials)، لە ماوەی نێوان هەموو چاخە بەفرینەکانیشدا کە پێی دەوترێت (Inter Glacials) کەش و ئاووهەوا زۆر خۆش دەبێتەوە).

لە کتێبی (الجغرافيا التأريخية والطبيعية)ی (د.أبراهيم أحمد رزقانة) لاپەڕە (١٤٦) دا هاتووە کە دەڵێت:

بڵاوبوونەوەی بارستە بەستەڵەکییەکانی باکووری زەوی لەماوەی چاخە بەفرینەکاندا کاریگەری گەورەی لەسەر کەش و ئاووهەوای زەوی کردبوو کەبووە هۆی جوڵانی پشتێنەی باران بارین بەرەو باشووری زەوی، بەوەش نیمچە دورگەی عەرەبی و بیابانی گەورەی وشکی عەرەبی خستۆتە ژێر کاریگەریی پشتێنەی بای باراناوی خۆرئاوا کەئێستا ئەو پشتێنەیە کاریگەریی لەسەر خۆرئاوای ئەوروپایە، بەوەش ئەو ناوچە ووشکە بیابانانە سەوزبوونەتەوەو پڕبوون لەچەندەها ڕووبارو باخ و زەوی بەپیت.

ڕێگایەکیتر کە زاناکان توانییان ڕاستێتی باخ و ڕووباری بیبانی عەرەبی پێ بسەلمێنن بریتی بوو لەڕێگای (الأستشعار عن بعد) واتە: هەست کردن لە دوورەوە، لەکتێبی (مورفولوجية الأراضي العربية)ی (د.محمد صفي الدين) لاپەڕە (٥٠و٥١) دا لەبارەی ئەم ڕێگایەوە دەڵێت:

یەکەمجار ئەم شێوازەیان لەبیابانی میسریدا بەکارهێنا لەساڵی (١٩٨١ز)دا لە تاقیگەی ڕووپێوی شوێنەوارناسی ئەمریکا لە ویلایەتی ئەریزۆنا، ئەو زانیارییانەی بەهۆی ڕاداری سەر مەکۆی بۆشایی ـ مكوك الفضاء ـ (کۆلۆمبیا)ەوە کۆیان کردەوە دەریخست لەژێر ئەو ناوچە بیابانانەی باشووری میسرو باکووری خۆرئاوای سوودانDا کە ئێستا هیچ بارانی لێ نابارێت بەتێکڕای ٥٠ ساڵ جارێک نەبێت، زاناکان بینییان کە چەندەها ڕێڕەوی ڕووباری کۆنی گەورەی تێدایە کە هەندێکیان فراوانتر بوون لەڕێڕەوی ئێستای ڕووباری نیل، هەروەها دەریان خست کە نیشتەنییە ڕووبارییەکان لەو ناوچانەدا چەندەها پاشماوەی ئەو گیاندارانەی تێدایە کە لە ئاوی شیریندا دەژین، وەک: تیمساح و ئەسپی ڕووبار و فیل ....... تاد.

گۆڤاری (آفاق علمية) ژمارە (١٧) لاپەڕە (٣٢) دەڵێت: ئەوەی زیاتر جێگای سەرنج ڕاکێشانە بەهۆی تیشکی ئەو ڕادارانەوە کەلمی بیابانە ووشکەکانی پێدەبڕدرێت و لەسەر ڕووی بەردە کلسییەکانی کەناری ڕووبارە وشکەوە بووەکاندا پێچەوانە دەبنەوە هەزارەها ئامێری دەستکردی مرۆڤ (وەک: تەور و پاچ و ...... تاد) چاخی بەفرین دۆزرایەوەو مێژووی ئەو کاتەشیان بە ٢٠٠ هەزار ساڵ پێش ئێستا دیاری کرد، بەوەش زاناکان بۆیان دەرکەوت کەبیابانەکان لەو سەردەمانەدا تەڕو پاراوو شوێنی ئاوەدانی بوون.

لەهەمان گۆڤاری پێشوودا ژمارە (٣٤) دەڵێت: لەسەرەتای هەشتاکانی سەدەی پێشوودا لێکۆڵینەوەی چڕو پڕ دەستی پێکرد، لەساڵی (١٩٨٤) دا داوا لە دوو زانای وەکالەتی فەزایی ئەمریکی (ناسا) کرا ڕووپێوییەکی ناوچەی نیمچە دوورگەی عەرەبی بکەن بەهۆی ڕاداری سەر مەکۆی بۆشایی (چالینجەر)، پاش سەیرکردنی وێنەی مەکۆکەو بەراوردکردنی لەگەڵ وێنەی دوو مانگی دەستکردی (سپۆت) و (لاندسات)، نەخشەیەکی جوانی ناوچەی (ربع الخالي) پێشکەشکرا کە تیایدا ڕێگای قافڵە کۆنەکان و مۆڵگەکانی ئاوی ژێر زەوی و ڕێڕەوی ڕووبارە کۆنەکانی تیادەرکەوت کەهەموو ئەو ناوچانە لەتوانادا نییە بەچاوی ئاسایی ببینرێن، لەبەرئەوە بڕیاردرا شوێنێک لەو ناوچەیەدا هەڵبکەندرێت بەوەش قەڵایەکی پتەوی هەشت لا دۆزرایەوە کە چەندەها بورج و دیواری بەرزی هەبوو کە بەرزییەکەی دەگەیشتە (١٠ م) و چەندەها ژووری گەنجینەو شوێنی نیشتەجێی تێدابوو، ناوی ئەو شارەش نرا (ئوبار).



تا ئێستا لەسەر بەشی یەکەمی فەرموودەکە دواین کە لە رابوردوودا زەوی عەرەب باخ و رووبار بووە، پاشان دێینە سەر بەشی دووەمی فەرموودەکە کە لە داهاتوودا جارێکی تر دەبێتەوە بە باخ و رووبار.

دووەم: لە داهاتوودا زاناکان لەسەدەی نۆزدەهەمدا بۆ یەکەمجار




لەرێگەی بیردۆزێکی گەردوونزانییەوە دەرکیان بەوەکرد کە زەوی بیابانی عەرەب لە داهاتوودا دەبێتەوە بەباخات و رووبار.

لە کتێبی وەرگێڕدراوی (ظاهرة الصوبة)ی (د.احمد مستجير) لاپەڕە (٦٢- ٦٣)دا هاتووە کە دەڵێت: (بیردۆزی گەردوونزانی بۆ چاخی بەفرین سەرەتا دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی ١٩ و کارەکانی زانای گەردوونی ئوسکوتلەندی (جیمس کرول) کە لە (١٨٢١ز) دا لەدایکبووەو لە هەشتاکانی سەدەی نۆزدەهەمدا بیردۆزەکەی بڵاوکردەوە، لەو کاتەشدا لەبەرئەوەی ئەم زانیارییە لەسەروو ئاستی تێگەیشتنی خەڵکییەوە بووە بیردۆزەکەیان قبوڵ نەکرد، هەتا زانای گەردوونی یۆگۆسلاڤی (میلانکۆفیتش) هات و جارێکی دیکە بیردۆزەکەی بڵاوکردەوە، کە ناوەڕۆکەکەی ئەمەبوو: (هۆکاری گۆڕانکاری کەش و ئاووهەوا لەسەر رووی زەوی دەگەڕێتەوە بۆ دووخاڵ:

١- شێوە گۆڕانی خولگەی زەوی بەدەوری خۆردا، چونکە زەوی بەدەوری خۆردا لە خولگەیەکی نیمچە بازنەییدا دەسووڕێتەوە بەڵام هەمیشە بەو جۆرە جێگیرنییە، جارێک دوور دەکەوێتەوەو جارێک نزیک دەبێتەوە هەتا شێوازی سووڕانەوەکەی دەبێتە ئیهلیجی (هێلکەیی)، پاشان دەچێتە سەر شێوە نیمچە بازنەییەکەی ئەوەش لە سووڕێکدا کە ماوەی ١٠٠ هەزار ساڵ دەخایەنێت، لەو کاتەشدا کە خولگەکە نیمچە بازنەیی بێت زەوی هەموو رۆژەکانی ساڵ بە چوونیەکی بڕەگەرمی لەخۆرەوە وەردەگرێت، بەڵام کە خولگەکە هێلکەیی بێت لە هەندێ رۆژانی ساڵدا زەوی لە خۆر نزیک دەبێتەوە، بەوەش گەرمی زیاتر وەردەگرێت، ئەوەندە هەیە بڕی ئەو گەرمییەی کە زەوی لەخۆرەوە وەری دەگرێت لەساڵێک بۆ ساڵێکی تر بە بەردەوامی جێگیرە.

٢- گۆڕانی تەوەرەی سووڕانەوەی گۆی زەوی بەدەوری خۆیدا کە لەسەر ئاستی سووڕانەوەی بەدەوری خۆردا لارە، ئەو لارییەش هەموو ٤١ هەزار ساڵێک لە ٨ ,٢١پلەوە دەگۆڕدرێت بۆ ٥ ,٢٤ پلە کە ئێستا ئەو لارە گۆشەیە ٤ ,٢٣ پلەیەو لەکەم بوونەوەشدایە، لەهەمان سەرچاوەی پێشوودا دەڵێت: لە سەردەمی (میلانکۆفیتش)دا ئەستەم بووە کە بیردۆزی گەردوونی بۆچاخی بەفرین تاقیبکرێتەوە، هەروەها ئەستەم بوو مێژووی هەزارەها ساڵی رابوردووی دروستبوون و توانەوەی بەستەڵەکەکان بەووردی بزانرێت، لەبەرئەوە بەشێوەیەکی نەچەسپاو مایەوەو چەند کەسێکی کەم نەبێت گرنگییان پێنەدا هەتا کاتی گەشەکردنی تەقەمەنی نوێ کەتوانی پلەی گەرمای زەوی هەزارەها ساڵی رابوردوو دیاری بکات، ئەوەش بەلێکۆڵینەوەی پاشماوەی سەدەف و قەواقیع و زیندەوەرە بەراییەکانی ناو قووڵایی دەریاکان بەوەی ئەو نیشتەنییانەیان لەقووڵایی دەریاکاندا لەشێوازی لوولەی درێژدا دەرهێناو پلەی گەرمی نیشتەنییەکەیان بەووردی دیاری کردو لەوەشەوە توانییان پلەی گەرمای ئەو سەردەمەی نیشتەنییەکەی تێدا دروست بووە دیاری بکەن .

لەهەمان سەرچاوەی پێشوودا هاتووە دەڵێت: درێژی چاخی بەفرین نزیکەی ١٠٠ هەزار ساڵ دەبێت، لەماوەی نێوان هەردوو چاخێکی بەفریندا قۆناغی نێوانیان دێت کە بۆ ماوەی ١٠-٢٠ هەزار ساڵ بەردەوام دەبێت، ئێستاش لەماوەی کۆتایی قۆناغی گەرمبوونەکەدا دەژین کە ١٠ هەزار ساڵە دەستی پێکردووە. لەم زانیارییانەوە بۆمان دەردەکەوێت کەزەوی لەکاتی نزیک بوونەوەی چاخی بەفرینی نوێدایە، بەوەش راستێتی فەرموودەکەی پێغەمبەر (ﷺ) دەسەلمێت.

لێرەدا خۆشحاڵین وتووێژی نێوان زانایەکی موسوڵمان و پرۆفیسۆرێکی جیۆلۆجی بخەینەڕوو لەسەر ئەم راستییە زانستییە، ئەویش زانای موسوڵمان (عبدالمجید الزندانی)یە لەگەڵ پرۆفیسۆر (الفرید کرۆنر)ی ئەڵمانی کە لە بەناوبانگترین زاناکانی جیهانە لەجیۆلۆجیاداو لەناو زاناکاندا بە رەخنەکانی بۆ تیۆرەکانی گەورە زانایانی جیهان بەناوبانگە.

مامۆستا زندانی دەڵێت: پرۆفیسۆر کرۆنەر یەکێک بوو لەوانەی هەر هەڵێکی راکردنی لەسەر بابەتە ئاینییەکان ببینیایە لێی رادەکرد، بۆ نموونە لەسەر ئەم بابەتە کە وتووێژی لەگەڵ کراو مامۆستا زندانی پرسیاری لێکرد: ئایا وڵاتی عەرەب باخ و رووبار بووە؟ وەڵامی دایەوە: بەڵێ، ئینجا پێی وت: کەی وابووە؟ وتی: لەچاخی بەفریندا کە بەسەر زەویدا رۆیشتووە کە بەستەڵەکەکان لەجەمسەری بەستووی باکوور کەڵەکە دەبن و پاشان بەرەو باشوور دەکشێن، کاتێک لە دوورگەی عەرەبی بەڕێژەیی نزیک دەبێتەوە کەش و ئاووهەوا دەگۆڕێت، وڵاتی عەرەبیش لەهەموو وولاتانی جیهان زیاتر دەبێتە باخ و رووبار.

مامۆستا زندانی پێی ووت: ئایا جارێکی تر وڵاتی عەرەب دەبێتەوە باخ و رووبار؟ وتی: بەڵێ ئەوە راستییەکی زانستییە.

مامۆستا زندانی وتی: بۆچی؟ وتی: لەبەر ئەوەی چاخی بەفرین دەستی پێکردووەتەوە.

ئەو بەستەڵەکانە لەجەمسەری بەستووی باکووری زەوییەوە جارێکی تر بەرەو باشوور دەکشێن، لە رێگاکەیدا لە ناوچە نزیکەکانی وڵاتی عەرەب نزیک دەبێتەوە، پاشان وتی: بەڵگەش لەسەر ئەوە ئەو باو بۆران و گێژەڵووکە بەفرینانەیە کە هەموو زستانێک لە شارە باکوورییەکانی ئەوروپاو ئەمریکا دەدات، ئەمەش یەکێکە لەبەڵگەکان و زاناکان چەندەها بەڵگەی تریان پێیە کەئەوە راستییەکی زانستییە، مامۆستا زندانی ووتی: ئەوەی تۆ باسی دەکەیت زاناکان پاش چەندەها هەوڵی دوورو درێژی دەرخستنی زانستی و بەکارهێنانی چەندەها ئامێری ورد نەبێت پێی نەگەیشتوون، بەڵام ئێمە لەسەر زمانی پێغەمبەرێکی نەخوێندەوار پێش ١٤٠٠ ساڵ پێمان گەیشتووە، پاشان پێی وت: کێ بەمحمدی وتووە کە وڵاتی عەرەب باخ و رووبار بووە؟ خێرا خۆی وەڵامی دایەوەو ووتی: رۆمان (کۆنترین نووسراوی رۆمان پێش ٣٠٠٠ ساڵ نووسراوە بەڵام ئەم بارودۆخەی بیابانی عەرەب پێش ١٠ ـ ١٥هەزار ساڵ لەمەوبەر بووە!)

مامۆستا زندانی دەڵێت: زانیم دەیەوێت لەو گێژاوەی تێی کەوتووە خۆی رزگاربکات، لەبەرئەوە پرسیارێکی ترمان رووبەڕووی کردەوەو پێمان ووت: ئەی باشە کێ هەواڵیدا پێی کەجارێکی تریش زەوی عەرەب دەبێتەوە بەباخ و رووبار؟پرۆفیسۆر ماوەیەک دەستی کرد بەبیرکردنەوەو لەپاشاندا ووتی: بێگومان ئەو زانیارییانە لەسەرەوە بەنیگا (وحی) نەبێت ناگات بەمرۆڤ.

جا بەڕێزان کاتێک فەرموودەیەکی وا دەبیستین و راستییە زانستییەکەمان لەلا روون دەبێتەوە، ئەوەمان لەلا دەسەلمێت کە ووتەو بەڵێنی پێغەمبەر (ﷺ) سەد لەسەد دێنەدی، ئەوەمان دێتەیاد کە بەڵێنەکانی پێغەمبەر تەنها ئەم بەڵێنانەی دونیا نەبوون بەڵکو چەندان بەڵێن و هەواڵی تری راگەیاندووە لەباسی بەهەشت و دۆزەخ و دوارۆژو کاتی مەحشەر، ئەو هەموو بەڵێنانەی دیکەش کە لە قورئانی پیرۆزو فەرموودەکانییەوە بەئێمە گەیشتووە، گەر ئێمە دڵنیابووین کە وەعدە زانستییەکان هاتنەدی، ئەو کاتەش دڵنیادەبین کە گشت بەڵێنەکانی تری دێنەدی، کەواتە خستنە رووی موعجیزە زانستییەکان زیاتر باوەڕمان بەڕۆژی دوایی و بەڵێنەکانی زیاد دەکات، چونکە هەردوو بەڵێنەکانی دونیاو دوارۆژ لەسەر زمانی راستگۆترین کەسەوە بەئێمە گەیشتووە.

لەکۆتاییدا داوا لەخوای گەورە دەکەین کە هەزاران دروودو سڵاو برێژێت بەسەر ئەو پێغەمبەرە خۆشەویست و نازدارەدا کە دونیای شەوەزەنگی نەفامی و دواکەوتوویی و کۆنەپەرستی کردە دونیای رووناکی و زانست و هەوڵ بۆ زانست.

### سەرچاوەکان

١- صحيح الامام مسلم. ٢- گۆڤاری ـ الإعجاز العلمي ـ هيئة الأعجاز العلمي في القرآن والسنة. ٣- کتێبی انه الحق ـ هيئة الأعجاز العلمي في القرآن والسنة. ٤- محاضرەکانی (م. عبدالمجيد الزنداني) لە زانکۆی ئیمان. ٥- گۆڤاری (Nature). ٦- گۆڤاری (الثقافة العالمية). ٧- کتێبی (الجغرافيا التأريخية والطبيعية) ـ د.أحمد رزقانة. ٨- کتێبی (مورفولوجية الأراضي المصرية) ـ د.محمد صفي الدين. ٩- گۆڤاری (آفاق علمية) . ١٠- کتێبی (ظاهرة الصوبة) ـ د.احمد مستجير.

# شەپۆلە قووڵەکانی ئۆقیانووسەکان لە «قورئان»دا




د. دارا گوڵ daragull@hotmail.com

هەرکاتێک ئەم ئایەتە گەورەیە دەخوێنینەوە دەبێت گەورەیی پەروەردگارمان یاد بکەوێتەوە کە دەفەرموێت: ﴿أَوْ كَظُلُمَٰتٍ فِي بَحْرٍ لُّجِّيٍّ يَغْشَىٰهُ مَوْجٌ مِّن فَوْقِهِۦ مَوْجٌ مِّن فَوْقِهِۦ سَحَابٌ ظُلُمَٰتٌۢ بَعْضُهَا فَوْقَ بَعْضٍ ﴿٤٠﴾﴾ النور

پەروەردگاری بێ هاوتا تاریکاییەکانی سەر دڵی بێباوەڕ، بە تاریکاییەکانی قوڵایی زەریاکان دەچوێنێت، کە چەند شەپۆلێکی قووڵ دایان پوشیوە ئنجا چینێکی تر لەو شەپۆلانە لەسەر ئەو شەپۆلانەوە هەیە، لە سەروو ئەم شەپۆلانەشەوە هەورێکی چڕ بەری ڕۆژی لێگرتووە، بەو جۆرە ئەو کەسە لە ناو چەند تاریکییەکی دواییەکدا دەژی.

لە ئایەتە پیرۆزەکەدا ڕاستییەکی زانستیی هەیە کە تا کۆتایی (ساڵی ٢٠٠٧) نەدۆزرابووەوە، ئەوەش لە ڕێگەی دۆزینەوەی چەند شەپۆلێکی نوێ لە قووڵایی ئۆقیانووسی «ئارام»دا، کە جیاوازن لەو شەپۆلانەی کە لە سەر ڕووی ئاوی ئۆقیانووسەکە هەن، واتە لە ئاوە قووڵەکاندا شەپۆلێکی قووڵ و یەکێکی ڕووکەش هەیە، ئەوەش ئەوەیە کە ئایەتە پیرۆزەکە بە وتەی: (مَوْجٌ مِّن فَوْقِهِۦ مَوْجٌ) ئاماژەی پێداوە. لێرەدا پێش ڕوونکردنەوەی دۆزینەوە زانستییەکە، دەبێت ئاگاداری ئەو گومانانە بین کە هەندێک لە بێ باوەڕان لە بەرامبەر ئەم موعجیزانەدا دەریدەبڕن.

زۆر جار هەوڵ دراوە کە بەرپەرچی ئەو بێباوەڕانە بدرێتەوە کە ئینکاری ئیعجازی قورئان دەکەن لە بارەی شەپۆلە قووڵەکانەوە، بەڵام هەرجارێک بە درۆیەکی تازە خۆ دەدزنەوە، جارێک دەڵێن زانایان چەند تەوژمێکیان لە بنی زەریاکاندا دۆزیوەتەوە ئەمانە جیاوازن لە شەپۆل و شەپۆل نین، چونکە قورئان باسی شەپۆل (Wave) دەکات و زانایان تەوژم (Current) باس دەکەن، وە دەڵێن ئەستەمە لە بنی زەریاکاندا شەپۆلی ڕاستەقینە هەبێت وەک ئەوانەی کە قورئان باسیان لێوە دەکات، بەڕای وان لەم دەربڕینەدا (مَوْجٌ مِّن فَوْقِهِۦ مَوْجٌ) قورئان هەڵەی کردووە.

ئەمەش وتەیەکە کە بە زار دەیڵێن، هەروەک پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿وَقَالَ ٱلَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ لَوْلَا يُكَلِّمُنَا ٱللَّهُ أَوْ تَأْتِينَآ ءَايَةٌ كَذَٰلِكَ قَالَ ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِم مِّثْلَ قَوْلِهِمْ تَشَٰبَهَتْ قُلُوبُهُمْ قَدْ بَيَّنَّا ٱلْءَايَٰتِ لِقَوْمٍ يُوقِنُونَ ﴿١١٨﴾﴾ البقرة.

ئاشکرایە کە بێباوەڕان خۆ دەدزنەوە ئەگەر نا دەزانن کە قورئان ڕاستە، بەڵام خۆبە گەورە زانین، ڕێگریی لە ئیمان هێنانیان دەکات، ئەمەش قورئان پێمان ڕادەگەیەنێت: ﴿وَجَحَدُوا۟ بِهَا وَٱسْتَيْقَنَتْهَآ أَنفُسُهُمْ ظُلْمًا وَعُلُوًّا فَٱنظُرْ كَيْفَ كَانَ عَٰقِبَةُ ٱلْمُفْسِدِينَ ﴿١٤﴾﴾ النمل.

جارێک دەڵێن ئێمە لە ڕاڤەی باوی قورئان لامان داوە بەوەی کە گوایە دەڵێین ئیعجازە، و جارێکی تر دەڵێن کە ئەو ڕاستییە زانستییانەی کە پشتی پێدەبەستین ڕاست نییە، و کاتێکیش بە بەڵگەی بەهێز وەڵام دەدرێنەوەو بۆ یان دەسەلمێت کە قورئان زۆر بە ڕوونی باسی لەو ڕاستییە زانستییە کردووە، خۆ دەدزنەوەو دەڵێن: ئەوە ڕێکەوتە!!!

بۆیە ئەم دۆزینەوە زانستییە ڕوونە بە زمانی ئینگلیزی و تیپ بە تیپ دەخەینە ڕوو تا وتەکانمان ئاشکرا بێت و خوێندنەوەی هەڵەی بۆ نەکرێت، و داوای بەخۆدا چوونەوەش لە بێباوەڕان دەکەین، و پێیان دەڵێین کە قورئان خێرو قووتار بوون لە ئاگری دۆزەخی دەوێت بۆیان چوونکە: ﴿يَوْمَ لَا يَنفَعُ مَالٌ وَلَا بَنُونَ ﴿٨٨﴾ إِلَّا مَنْ أَتَى ٱللَّهَ بِقَلْبٍ سَلِيمٍ ﴿٨٩﴾﴾ الشعراء.

**دۆزینەوەیەکی نوێی زانستیی:**

ڕۆژنامەی (Daily Telegraph) لە ڕۆژی (٢٠٠٧/١٢/١٣) دا وتارێکی بڵاوکردەوە لە ژێر ناوی: (Deep ocean waves discovered by scientists) زاناکان شەپۆلی (ئۆقیانوس)ی قووڵ دەدۆزنەوە.

لەو هەواڵەدا هاتووە کە دۆزینەوەی ئەو شەپۆلە قووڵانە لە ئۆقیانووسدا بووە هۆی سەرسامبوونی زاناکان، چونکە چاوەڕێی ئەوەیان نەدەکرد کە شەپۆلێکی لەو جۆرە لە قووڵایی ئۆقیانووسدا ببینن.

زانا بەریتانییەکان چەند شەپۆلێکیان لە قوڵایی ئۆقیانووسی «ئارام»دا دۆزیوەتەوە.

ئەوان دەیانزانی کە دەتوانرێت ئەو جۆرە شەپۆلانە لە نزیک یاخوود لە سەر ڕووی ئۆقیانووسەکان ببینرێن، بەڵام بەوە سەرسام بوون کە ئەو جۆرە شەپۆلانەیان لە قووڵایی ئۆقیانووسدا دۆزییەوە.

یەکێک لە بەشدارانی توێژینەوەکە، پرۆفیسۆر (Karen Heywood) لە زانکۆی (UEA)، دەڵێت: ئێمە هەموو سەرسام و دڵخۆش بووین! هەروەک لە وێنەی مانگە دەسکردەکانەوە پێمان دەگات، بینینی شەپۆلێکی لەو جۆرە لە قووڵایی (٥٠ م)ەوە، بۆ ئێمە شتێکی چاوەڕوەنکراو بوو، بەڵام بەڕاستی ئەوەی هەژاندینی دۆزینەوەی ئەو شەپۆلانە بوو لە قووڵایی (١٥٠٠ م)دا، ئەمەش ئەگەری ئەوە وەپێش دێنیت کە شەپۆلی تر لە قووڵایی زیاتردا بدۆزرێنەوە.

دکتۆر (Matthews Adrian) سەرپەرشتیاری توێژینەوەکەو یەکێک لە زاناکانی زانکۆی ناوبراو دەڵێت: هەموومان وامان گومان دەبرد کە لە ژێر قووڵایی (٢٠٠ م)ەوە ناتوانرێت هیچ شەپۆلێک ببینرێت.

زاناکان ئەوە دووپات دەکەنەوە کە ئەم شەپۆلانە لە کۆتایی (ساڵی ٢٠٠٧) دا دۆزرانەوە، ئەمەش گوڕێکی باش دەداتە لێکۆڵینەوەی ژینگەو ئۆقیانووسەکان بە شێوەیەکی گشتی، هەر بۆیە زاناکان هەموو توانایەکی خۆیان بۆ زیاتر ناسینی ئەم جۆرە شەپۆلانە دەخەنە کار.

ئێستا ئاشکرایە ئایەتە پیرۆزەکەی (سورەتی نور:٤٠) زۆر بە ووردیی‌و تەواویی لە شەپۆلی قووڵایی زەریاکان دەدوێت، ئەمەش ئەوەیە کە لەم دوواییەدا دۆزرانەوەو ئیعجازێکی زۆر گەورەی قورئان ئاشکرا بوو.

لێرەدا دەمانەوێت شتێک بیری بێباوەڕان بێنینەوە: چۆن ئەم جۆرە شەپۆلانە لە کتێبێکدا کە پێش (١٤٠٠ ساڵ) دابەزیوە، باسکراوە؟ ئایا ئەم ڕاستییە ئەوکات زانراوبوو؟ خۆ زانا خۆرئاواییەکان ئەوە دووپات دەکەنەوە بۆ یەکەم جار ئەو شەپۆلانەیان لە کۆتایی ساڵی (٢٠٠٧)دا بینیوە، کەواتە کێ ئەو ڕاستییەی بە پەیامبەر (ﷺ) ڕاگەیاند؟ و چی وا لەو پەیامبەرە ئازیزە دەکات کە لە ڕاستییەکی ئاوا ئاڵۆز بدوێت؟ و چۆن زانی کە ئەگەر یەکێک لە قووڵایی دەریادا بژی شەپۆلی قووڵ دایدەپۆشێت و لە تاریکیدا دەمێنێتەوە؟

بەوانەش دەڵێین کە دەڵێن گوایە ئێمە ڕاڤەی ئایەتەکان بەجۆرێک دەکەین کە ئەو مانایانە هەڵناگرن، ئەی ئێمە ئەمە ناو بنێین چی؟ قورئان باسی شەپۆلمان بۆدەکات و زاناکان ئەو شەپۆلانە دەدۆزنەوە، پەروەردگار باسی (بحر لجی) واتە: «قووڵ»مان بۆ دەکات و زاناکان دەڵێن قووڵایی ئۆقیانووس (Deep ocean)، کەواتە کامە هەڵە لێکدانەوەی ئایەتەکانە؟

ئاشکرایە دەبێت هەموو خاوەن هۆشێک بزانێت کە لە ئایەتەکەی سورەتی نوردا موعجیزەیەکی زۆر ڕوون هەیە، خۆ گەر وشەیەکی گەورەتر لە «ئیعجاز»مان شک ببردایە ئەوا بۆ گەورەیی و ناوازەیی قورئانمان بەکار دەهێنا.

﴿وَيُرِيكُمْ ءَايَٰتِهِۦ فَأَىَّ ءَايَٰتِ ٱللَّهِ تُنكِرُونَ ﴿٨١﴾﴾ غافر

# زانستی فیزیا لە خزمەتی ئیعجازدایە

بە پێنووسی: ئەندازیار تاریق حەمامی
وەرگێڕانی بۆ كوردی: فارووق ڕەسووڵ یەحیا
faruq_r@hotmail.com

نوێژخوێنانی مەڵبەندی ئیسلامیی شاری «كیف» لە ئۆكرانیا وا ڕاهاتوون كە یەک دوو هەفتە جارێ كەسێكی ئۆكرانی ـ ژن بێت یان پیاو ـ دێت و لە بەردەمی ئەواندا موسڵمان دەبێت.

بەڵام بەسەرهاتی موسڵمان بوونی كەسی ئەم جارەیان ئاسایی نەبوو.. دەبا بزانین چۆن؟

لاوی ئۆكرانی: «دیمیتری بۆلیاكۆف» كە پسپۆڕی بواری فیزیاو عەودالی توێژینەوە زانستییەكانە، هاتە ناو مزگەوت، و دوای تەواوبوونی نوێژ لە تەنیشتی پێشنوێژی مزگەوتەكەوە دانیشت.

پێشەكی مامۆستای پێشنوێژ وتارێكی ئاراستەی ئامادەبووان كرد، تاكو سەرنجیان ڕابكێشێت و ڕێگا بۆ بابەتەكە خۆش بكات. ئنجا دوای چەند چركەیەک «دیمیتری» لە دوای مامۆستای پێشنوێژەوە شایەتمانی: (أشهد ألا إله إلا الله وأشهد أن محمداً رسول الله)ی دووپات كردەوە، و موسڵمان بوو.

بەڵام ئایا چی وای لەم ڕووداوە كردووە كە نائاسایی بێت؟ خۆ هەموو موسڵمان بوونێک هەر بەو جۆرەیە؟

«دیمیتری» خۆی وەڵام دەداتەوە.. ئەوەبوو گەشتی باوەڕهێنانەكەی بۆ ئامادەبووان ڕوون كردەوە، و وتی: سەرەتای بەسەرهاتی ئەم موسڵمان بوونەی هۆكارێكی زانستی و فیزیایی بووە!

لێرەدا ئامادەبووان بە گرنگییەوە گوێیان لـێ ڕاگرت، تاكو بزانن چۆن زانستی فیزیک ئەم لاوە سووربلوە قژكاڵەی بەرەو ئیسلام ڕێنمایی كردووە؟

دیمیتری ڕوونی كردەوە كە لە تیمێكی توێژینەوەی زانستیدا كار دەكات كە تایبەتە بە بواری (فیزیای بۆشایی vaccum physics) بە سەرپەرشتیی پرۆفیسۆر (نیكۆلای كۆسینیكۆف) كە یەكێكە لە زانا هەڵكەوتووەكانی ئەم بوارە.

دیمیتری باسی لەوە كرد كە چەند «نموونە»یەكیان دروست كردووەو تاقیكردنەوەی لابۆرییان لەسەر ئەنجام داوە، بە مەبەستی لێكۆڵینەوە لە تیۆرێكی نوێ بۆ لێكدانەوەی خولانەوەی زەوی بە دەوری تەوەرەی خۆیدا. بەڵام دوای دەرەنجامەكان زانیی كە فەرموودەیەكی پێغەمبەری ئیسلام هەیە (ﷺ) هەموو موسڵمانان دەیزانن و لە ناوەڕۆكی باوەڕیانە، و جەخت لەسەر دەرەنجامی ئەزموونگەیی ئەو تیۆرە دەكاتەوەو لەگەڵ پوختەكەیدا یەک دەگرێتەوە. ئیتر دڵنیا بوو لەوەی «زانراو»ێكی وەک ئەمە كە تەمەنی زیاد لە (١٤٠٠) ساڵە، تاكە سەرچاوەكەی دەبێ بەدیهێنەری گەردوون بێت!

ئەو تیۆرەی كە پرۆفیسۆر (كۆسینیكۆف) باسی دەكات بە نوێترین تیۆر دادەنرێت لە بواری لێكۆڵینەوە لە دیاردەی خولانەوەی زەوی بە دەوری تەوەرەی خۆیدا.

ئەم گرووپە یەكەم جار نموونەیەكیان ئامادە كرد، كە بریتی بوو لە تۆپێكی پڕ لە توخمی قەصدیری تواوەو لە بوارێكی موگناتیسیدا دانرا كە بە كرداری پێچەوانە بوونەوەی بارگەكان ئامادە كرابوو.. جا هەر هێندەی تەزووی كارەبای نەگۆڕ بە دوو جەمسەرە كارەباییەكەدا دەبرێت ئەوا بوارە موگناتیسییەكە پێكدێت، و تۆپە پڕ لە قەصدیرە تواوەكەش دەكەوێتە خولانەوە بە دەوری تەوەرەكەی خۆیدا. ئەم دیاردەیەش ناونراوە بە: «كرداری تەواوكاریی ئەلیكترۆماگنۆدینامیكی» كە بە شێوە گشتییەكەی لاسایی كردنەوەیە بۆ پرۆسەی خولانەوەی زەوی بە دەوری تەوەرەی خۆیدا، و لە جیهانی ڕاستەقینەماندا وزەی خۆر دەبێت بە هێزی بزوێنەر. ئەوەتا وزەی خۆر بوارێكی موگناتیسیی ئەوتۆ بەرهەم دەهێنێت كە زەوی بە دەوری تەوەرەی خۆیدا دەخولێنێتەوە.



وێنەی دیمتری بۆلیاكۆف كە لە مزگەوتێكی ئۆكرانیا شایەتمان دەهێنێت

خێرایی و سستیی ئەم خولانەوەیەی زەویش هاوڕێژەیە لەگەڵ ڕادەی چڕیی وزەی خۆردا، و بارو ئاراستەی جەمسەری باكووری گۆی زەویش پشت بەو چڕییە دەبەستێ.

تێبینی كراوە كە جەمسەری موگناتیسیی زەوی هەتا ساڵی (١٩٧٠) بە خێراییەک دەجوولا كە لە (١٠كم) لە ساڵێكدا زیاتر نەبوو. بەڵام لەم ساڵانەی دواییدا خێراییەكەی زیادی كرد هەتا گەیشتە (٤٠كم) لە ساڵێكدا. تەنانەت ساڵی (٢٠٠١) جەمسەری موگناتیسیی زەوی بۆ یەک جار (٢٠٠كم) دووركەوتەوە. ئەمەش تێمان دەگەیەنێت كە لە ژێر كاریگەریی ئەم هێزە موگناتیسییانەدا هەردوو جەمسەری موگناتیسیی زەوی شوێنەكانیان دەگۆڕنەوە. كە ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت گۆی زەوی ئەو كاتە بە ئاراستەی پێچەوانەی ئێستایدا دەخولێتەوە، و خۆر لە خۆرئاوە هەڵدێت!

«دیمیتری» ئەم زانیاریانەی لە هیچ كتێبێكدا نەخوێندووەتەوەو پێشتریش لە كەسی نەبیستووە. بەڵكو بە دەستەكانی خۆی و لە ڕێی توێژینەوەو تاقیكردنەوەو ئەزموونەوە پێی گەیشتووە.

ئنجا دوای گەیشتن بەم دەرەنجامە، لەناو كتێبە ئاسمانییەكان و ئایینە جیاجیاكاندا كە بۆ باسی ئەمە گەڕا، هیچ شتێكی نەبینی ئاماژەی بۆ باسی ئەمە كردبێت، جگە لە ئایینی ئیسلام. چونكە بە خزمەتی ئەو فەرموودەیە گەیشت كە موسلیم لە ئەبوو هورەیرەوە ـ خوای لـێ ڕازی بێت ـ دەگێڕێتەوە كە: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: (مَنْ تابَ قبل أن تطلعَ الشمسُ مِن مغربها تابَ الله عليه). واتە: (هەركەسێک، پێش ئەوەی خۆر لە خۆرئاواوە هەڵبێت، تۆبە بكات خوای گەورە تۆبەكەی لـێ قبووڵ دەكات).

دوای ئەوەی كە بە خزمەتی ئەم فەرموودەیەی پێغەمبەری ئیسلام گەیشت، تەنها هێندە لە نێوان دیمیتری و موسڵمان بوونیدا مابوو كە شایەتمان بهێنێت، كە هەروەهاشی كرد!

دیارە ئەم تیۆرەی كە بە تاقیكردنەوە بۆی سەلما، نیشانەیەک بوو خوای گەورە پیشانی دیمیتریی دا تاكو ڕێنمایی بكات بۆ ڕێی ئایینی ئیسلام، كە لە دواییدا پێی بەهرەمەند بوو , ئێستا دیمیتری سەرچاوەیەكی بەخوڕی لە بەردەستدایە كە لێی هەڵدەگوزێ و بە گیان و ژیریی خۆی لێی دەنۆشی.

دیمیتری دوای موسڵمان بوونی، لەو مەڵبەندە ئیسلامییە دانەبڕا، بەڵكو هاتوچۆی بۆ ئەوێ هەر بەردەوامە. نامەیەكی دوكتۆراشی لە بەردەستدایە كە دەیەوێ تەواوی بكات، بەڵام بە گیانێكی نوێ، كە گیانی زانای فیزیایی موسڵمانە.. كە لەناو تاقیگەكەیدا پەی بە مەزنیی بەدیهێنەر دەبات، و تەسبیحات و سوپاسگوزاریی پێشكەش دەكات.

**سەرچاوە:** (www.quran-m.com) ئەویش لە:
پێگەی (مركز الرائد للخدمات الإعلامية – ئۆكرانیا): www. Arraid.org

ئیعجازی زانستی
له فەرموودەی
پێغەمبەر(ﷺ)

# (ما من عام أمطر من عام)

# باران بارینی هیچ ساڵێک له ساڵێکی تر زیاتر نییه





نووسینی: د. شاهر جمال آغا ـ الهيئة العالمية للاعجاز العلمي في القرآن و السنة ـ مكة المكرمة ـ گۆڤاری( الإعجاز العلمي) ژماره: (٢٢).
وەرگێڕانی: هاوژین طالب hawzhin@gmx.de


خوای گەورە زەوی بە بەرگێکی جوگرافی (Geosphere) لە هەسارەکانی تری کۆمەڵەی خۆرو ئەو ئەستێرەو هەسارانەی تا ئێستا زانراوون جیاکردۆتەوە، بەرگی زەویش لە چوار بەش پێک هاتووە: هەوایی (Atmosphere)، بەردەڵان (Lithosphere)، ئاویی (Hydrosphere)، مادده ئەندامییە پێویستییەکانی تر (Biosphere).

ئەم بەشانە بەردەوام بە چالاکییەکی گەورە لە ڕێی ئاڵوگۆڕی نێوان وزەو ماددەوە[١] لەگەڵ یەکتردا کارلێکردن دەکەن، ئەو کارلێکردنەش بەرگە جوگرافییەکەی زەوی کردۆتە یەک پارچەی سرووشتی تەواوکار. جێی ئامازەشە ئاو ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێ لە بەئەنجام گەیاندنی کردارەکانی ئاڵوگۆڕی نێوان وزەو ماددە، ئەویش لەبەر ئەو تایبەتمەندییە فیزیایی و کیمیاییانەی کە بە تەنها ئاو هەیەتی:

ا- ئاو لە بەرگە جوگرافییەکەی زەویدا بە سێ شێوەی فیزیایی هەیە: دۆخی شلی/ کە شێوەیەکی بنەڕەتییە، دۆخی گازی/ هەڵمی ئاو، دۆخی ڕەقی/ سەهۆڵ (بەستوو).

ب ـ ئاو توانایەکی گەورەی هەیە لە شیکردنەوەی ئاوێتە (تێکەڵە) کیمیاییەکان، هەروەها لە شیکردنەوە یان تواندنەوەی ئاوێتە بەردییەکانیش.

ج ـ ئاو بەهۆی ئەو جوڵەو لکاندنە پێوانییەی هەیەتی ئەتوانێ ئەو ماددەو گازانەی کە شییان ئەکاتەوەو دەیان توێنێتەوە بیان جوڵێنێ و بۆ مەودای دوور بیانگوێزێتەوە.

د- ئاو لە دۆخی گازییدا دەگاتە بەرزترین چینەکانی هەوا، هەروەها لە ڕێی دەلاقەو درزو بۆشایی نێوان بەردەکانەوە دەگاتە قوڵترین چینەکانی توێکڵی زەوی.

هـ ـ ئاو ڕێژەیەکی زۆر لە ڕووی زەوی پێک دەهێنێت (نزیکەی ١, ٣٨ ملیار کم٣)[٢]، ئەوەش لە هەسارەکانی تردا نابینی، بۆیە بە زەوی دەوترێت هەسارە شینەکە. ئەم ڕێژەیەش پێوانەییەو هەر گۆڕانێکی هەستپێکراو تیایدا هەموو یاساکانی سرووشتی زەوی و پێوانەکانی هاوسەنگی نێوان ماددەو وزە دەگۆڕێت، ئەوەش وردە وردە دەبێتە هۆی گۆڕانی زەوی لەم هەسارەیەی ئێستاوە بۆ هەسارەیەکی تر.

و- ئەم ڕێژە گەورەیەی ئاو لەسەر ڕووی زەوی و لەم واقیعە فیزیایی و کیمیاییەی ئێستای زەویدا چەندێکی دیاریکراو لە ئاوی شیرین لە ڕێی بارینەوە پێشکەش دەکات، ئەو چەندەش لە بەرگە جوگرافییەکەی زەویدا بەسە بۆ دابینکردنی هەموو پێویستییەکانی زیندەوەران و پێویستی کارلێکردنەکانی ژینگەو کارلێکردنە پێویستییەکانی ترو ئاڵوگۆڕییە بەردییەکان، هەر گۆڕانێکی هەستپێکراویش بەسەر ئەو چەندە لە ئاوی شیریندا ڕوودات ئەوە کاریگەری سەلبی لەسەر هەموو ڕەگەزەکانی بەرگە جوگرافییەکەی زەوی دەبێت.

لەگەڵ باسکردنی ئەم ڕاستییە، ئیعجازی زانستی لە ئایەتەکانی

خوای گەورەو فەرموودەیەکی پێغەمبەردا (ﷺ) دەرکەوت، کە ١٤٠٠ ساڵ پترترە هەواڵیان پێداوین: باران بارین لە ساڵێکەوە بۆ ساڵێکی تر ڕێژەیەکی وردی ژمێردراوی هەیەو لە تێکڕادا گۆڕانی بەسەردا نایەت، ئەوەش لە زانستی جوگرافیاو زانستە سرووشتییەکاندا بە هاوسەنگی شێو بارین ناو دەبرێت، سەرەتاش با ئەو ئایەتانە بخوێنینەوە کە لە قورئاندا هاتوون:

﴿وَٱلَّذِى نَزَّلَ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءًۢ بِقَدَرٍ فَأَنشَرْنَا بِهِۦ بَلْدَةً مَّيْتًا ۚ كَذَٰلِكَ تُخْرَجُونَ ﴿١١﴾﴾ الزخرف

واتە: ئەو خوا دانایەی لە ئاسمان ئاوی بە ڕێژەیەکی دیاریکراو هێناوەتە خوار، بەو ئاوەش شوێنە مردووە بێ ڕووەکەکان دەژێنینەوە، بەو شێوەیەش ئێوە زیندوو دەکرێنەوە.

﴿وَأَنزَلْنَا مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءًۢ بِقَدَرٍ فَأَسْكَنَّٰهُ فِى ٱلْأَرْضِ ۖ وَإِنَّا عَلَىٰ ذَهَابٍۭ بِهِۦ لَقَٰدِرُونَ ﴿١٨﴾﴾ المؤمنون

واتە: لە ئاسمانەوە ئاومان بە ڕێژەیەکی دیاریکراو ناردووەو لە زەویدا ڕاوەستاومان کردووە، ئێمە تواناشمان هەیە ئاوەکە بەرینەوەو لێتان وەرگرینەوە.

پاشان فەرموودەکەی پێغەمبەر (ﷺ) بخوێنینەوە: (عن ابن عباس - رضي الله عنهما - عن رسول الله (ﷺ)، أن رسول الله قال: (ما من عام أمطر من عام ولكن يصرفه حيث يشاء، ثم قرأ: ولقد صرفناه بينهم) - (رواه الحاكم والبيهقي موقوف دون مرفوع).

واتە: لە ئیبن و عەباسەوە - خوا لێیان ڕازی بێت - پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: باران بارینی هیچ ساڵێک لە ساڵێکی تر زیاتر نییە بەڵام خوای گەورە بە دانایی خۆی بەسەر زەویدا دابەشی دەکات، پاشان ئەو ئایەتەی خوێندەوەو فەرمووی: بەو شێوەیە ئاومان بەسەردا پەخش کردوون.

لە کاتی خوێندنەوەی ئەم فەرموودە پیرۆزەدا دوو ڕاستی دەبینین:

ا- چەندێکی دیاریکراوی ساڵانە لە باران بارین (ما من عام أمطر من عام).

ب - کاتێک لە فەرموودەکەدا پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: خوای گەورە بۆ ئەو شوێنەی ویستی خۆی لەسەرە باران پەخش دەکات، ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە خوای پەروەردگار بارینی بارانی لەسەر ڕووی زەوی بە جۆرێک دابەش کردووە کە هاوسەنگی ناوچەکانی ڕووی زەوی ڕابگرێت، هەروەها هاوسەنگی شێ و تەڕاییش کە هەموو شێوەکانی هاوسەنگی ماددەو وزەی زەوی بە ئەنجام دەگەیەنن، واتە لەلای خوای گەورە هەموو شتێک ژمێردراوەو دیارییە ﴿وَكُلُّ شَىْءٍ عِندَهُۥ بِمِقْدَارٍ ﴿٨﴾﴾ الرعد واتە: هەموو شتێک لە لای خوای گەورە ژمێردراوەو بە ڕێژەی دیاریکراوە.

ئەو ڕاستییە ژمێردراوو پێوانەییەی پێشتر ئەو دوو ئایەتە پیرۆزەو فەرموودە پیرۆزەکە ئاماژەیان پێدا، بەڕوونی هەستی پێئەکەین کاتێک لەبەردەم دیاردەی سووڕی شێ و بارینی سەر ڕووی زەویدا ڕادەوەستین، سووڕی ئاویش لە دوو کۆمەڵ لە ڕەگەزەکانی شێ پێکهاتووە:

ا- کۆمەڵەی یەکەم: کۆمەڵە بنەڕەتییەکانی پەیداکردنی شێ (٣).

ب - کۆمەڵەی دووەم: کۆمەڵە بنەڕەتیەکانی لە دەستدانی شێ.

ڕەگەزەکانی پەیداکردنی شێ لە زەریاکاندا بریتییە لەو چەندە لە باران کە ساڵانە لەسەر ڕووی زەریاکان $X_o$ دەبارێ، هەروەها لەو چەندە لە ئاوی سازگاری ڕووبارەکان کە لە وشکاییەوە $Y$ دەڕژێنە زەریاکانەوە، لە دەستدانیش بریتییە لەو چەندەی کە ساڵانە لە زەریاکان واتە $E_o$ بە هەڵم دەبێت، بەو شێوەیە دەبینین هاوسەنگی ئاویی و شێی زەریاکان ئەم شێوەیە وەردەگرێت:

$(E_o = X_o + Y)$

ئەگەر ئەو هاوکێشەیەش بە ژمارە دەرببڕین، ئەو ژمارانەی کە بە هەزارەها کم٣ لە ئاو دەخەملێنرێن دەبینین:

($E_o$ = ٤٥٨ + ٤٧ = ٥٠٥)

واتە ئەو چەندەی کە ساڵانە لە زەریاکان دەبێ بەهەڵم نزیکەی ٥٠٥ هەزار کم٣ یە، ئەوەش بریتییە لە ٤٥٨ هەزار کم٣ بارینی باران لەسەر زەریاکان، هەروەها ٤٧ هەزار کم٣ ئاوی ڕووبارەکان کە دەڕژێنە زەریاکانەوە.

بەڵام ڕەگەزەکانی پەیداکردنی شێداری لە کیشوەرەکاندا بریتییە لەو چەندە لە باران کە ساڵانە لەسەر کیشوەرەکان ئەبارن $X_c$ کە بریتییە لە ١١٩ هەزار کم٣ ، لە دەستدانیش بریتییە لەو چەندە لە ئاوی سازگاری ڕووبارەکان کە لە کیشوەرەکانەوە دەڕژێنە زەریاکانی جیهانەوە کە بریتییە لە ٤٧ هەزار کم٣ هەروەک بینیمان، بەوشێوەیە کۆی بەهەڵمبوون لەسەر کیشوەرەکان $E_c$ ساڵانە بریتییە لە ٧٢ هەزار کم٣ :

$E_c = X_c$ (١١٩) $- Y$ (٤٧) = ٧٢

لێرەوە دەتوانین هەردوو هاوکێشەکەی ڕەگەزەکانی هاوسەنگی ئاوو شێ لەسەر زەریاکان و کیشوەرەکان لە یەک هاوکێشەدا کۆبکەینەوە:

$(E_o + E_c = X_o + X_c)$ واتە: (٤٥٨+١١٩ = ٧٢ + ٥٠٥)

ئەگەر ڕەمزی $E$ بۆ بەهەڵم بوون لەسەر زەوی دابنێین و ڕەمزی $X$ یش بۆ باران بارین دابنێین، دەبینین هاوکێشەکە بەم شێوەیە دەردەکەوێت:

$(E = X)$

بەوشێوەیە دەبینین کە ڕێژەی شێ لە هەردوو لای هاوکێشە هاوسنگەکەدا یەکسانن:

$E$ (٥٧٧) = $X$ (٥٧٧)    (٤)

واتە کۆی ڕێژەی بەهەڵم بوون لەسەر ڕووی گۆی زەوی بریتییە لەو چەندە لە باران کە ساڵانە لەسەر ڕووی گۆی زەوی دەبارێت، ئەوەش ڕاستی پێغەمبەرێتی موحەممەد (ﷺ) دەردەخات کە لە خۆوەو بە ئارەزوو هیچی نەفرمووەو نیگای خوای گەورە بووە کاتێک فەرموویەتی: (ما من عام أمطر من عام..)، پاکی و پیرۆزیش بۆ خوای گەورە کە لە ئاسمانەوە ئاو دێنێتە خوار تا لە زەویدا جێگیر ببێت.

ئەمەش کە باسکرا ئەتوانین لەم خشتایەدا کورتی بکەینەوە:

ئێستا پرسیارێک دێتە پێشەوە: ئایا نهێنی بوونی ئەو چەندە تێکڕاییە ساڵانەیە لە ئاوی بەهەڵم بوو و چڕەوە بوو چییە؟

| ناوچە | ڕووبەر (ملیون کم٢) | باران بارین (X) | | بوون بە هەڵم (E) | | لەبەر ڕۆیینی ڕووبارەکان (Y) | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | هەزار کم٣ | ملم mm | هەزار کم٣ | ملم mm | هەزار کم٣ | ملم mm |
| زەریای جیهانی | ٣٦١ | ٤٥٨ | ١٢٧٠ | ٥٠٥ | ١٤٠٠ | ٤٧ | ١٣٠ |
| وشکایی | ١٤٩ | ١١٩ | ٨٠٠ | ٧٢ | ٤٨٥ | ٤٧ | ٣١٥ |
| زەوی بە گشتی | ٥١٠ | ٥٧٧ | ١١٣٠ | ٥٧٧ | ١١٣٠ | - | - |

وەڵامیش لە دیاردەیەکی تر لە دیاردەکانی هاوسەنگی سرووشتی سەر ڕووی زەویدا خۆی دەبینێتەوە، ئەویش هاوسەنگی تیشکیی گەرمیی زەوی هەواییە.

بڕی ئەو وزە گەرمییەی خۆر کە دەگاتە بنمیچی بەرگی هەوای گۆی زەوی بریتییە لە (١٠ ,٣٦ ,١)٢٤ کیلۆ کالۆری/تاوزە/سم٢/ساڵ ئەوەش بریتیە لە (١/٢ ÷ ٢ ملیار) (٥) لە کۆی وزەی گەرمی خۆر، ئەگەر ئەم وزەیەش - واتە هەموو ئەو وزەیەی خۆر- لە زەریاکان و دەریاکانی زەوی بدات، ئەوە لە ماوەی (٥ ,١) چرکەدا دەبن بە هەڵم و بەتەواوی وون دەبن.

کاتێک تیشکی خۆر (R) دەگاتە سەر ڕووی زەوی تووشی ئاڵوگۆڕی جۆراوجۆر دەبێت، لە هاوکێشەیەکی هاوسەنگیشدا دەردەکەوێت کە لەم ڕەگەزانە پێک دێت:

$(R = D + E + C)$ (٦)

$R$ کۆی ئەو تیشکەیە کە دەگات بە هەوای زەوی و ڕووەکەی.

(٦) (R= D+E+C)

R کۆی ئەو تیشکەیە کە دەگات بە هەوای زەوی و ڕووەکەی.

D کۆی ئەو تیشکەن کە وشکایی و ئاوی زەریاکان هەڵی دەمژن.

E کۆی ئەو تیشکەیە کە هەوا هەڵی دەمژێ.

C کۆی ئەو تیشکەیە کە بنمیچی هەواو ڕووی زەوی ئاوەژووی دەکەنەوە.

با کەمێک درێژە بەم باسە بدەین:

کاتێک تیشکی خۆر (R) ئەگات بە بنمیچی هەوا، ڕاستەوخۆ لە ٣١٪ ی ئەو تیشکە ئاوەژوو ئەبێتەوە بۆ فەزای دەرەوە (C)، لە ٦٩٪ ئەمێنێتەوەو دەچێتە ناو بەرگە هەواوە (E)، ئەویش نزیکەی ١٧٪ ی هەڵ دەمژێت، لە ٥٢٪ کەشی واتە (D) بریتییە لە کۆی ئەو تیشکەی ڕاستەوخۆ دەگاتە ڕووی زەوی و بەسەریدا بڵاوئەبێتەوە، ڕووی زەویش لە ٤٪ ی لێ ئەداتەوە بە هەوا، بەو شێوەیە ٤٨٪ ی تیشکەکە دەمێنێتەوە، لە ١٨٪ ش بەشێوەی تیشکێکی کاریگەری ڕووی زەوی بەناو هەوادا پەخش دەبێتەوە، ئەوەی دەمێنێتەوە ئەکاتە ٣٠٪ کە دائەنرێ بە ڕێژەی فیعلی تیشکی عەممارکراو لە زەویدا کە بەشێکی بە ڕێژەی لە ٢٢٪ دەگۆڕێ بۆ ووزەی گەرمی و ئەبێتە هۆی بە هەڵم بوونی ئاو لەسەر وشکایی و زەریاکان، لە ٨٪ کەشی کە دەمێنێتەوە لە کارلێکردنەکانی ئاڵوگۆڕی گەرمی و وزەدا لە نێوان زەوی و هەوادا سەرف ئەبێ.

بەو شێوەیە هاوسەنگی تیشکی وزەیی ڕووی زەوی بەم شێوەیە دەرئەکەوێ:

(٣٠٪ – (٢٢٪ + ٨٪) = ٠)

ئەو وزەیەش کە ئەبێتە مایەی بە هەڵم بوونی ئاو بەشێوەیەکی کەمەرەیی ( بە پێی پلەکانی پانی و بەرینی) دابەش دەبێ، وەک لەم خشتەیەدا دەردەکەوێ و بە کیلۆکالۆری/ سم٢/ ساڵ دەخەملێنرێ:

| پلەکانی بەرینی (پانی) | ١٠_٠ | ٣٠_٢٠ | ٥٠_٤٠ | ٧٠_٦٠ | ٩٠_٨٠ |
|---|---|---|---|---|---|
| وزە ك.ك | ٧٤ | ٧٨ | ٤٥ | ٢٥ | ٧ |
| تێکڕای(ناوەندی) ڕووی زەوی (٥٩) | | | | | |

ئەم وزەیەش واتە (٥٩) ک. کالۆری کە شێوەیەکی تێکڕایی هەیە، ساڵانە بڕی (٥٧٧) هەزار کم٣ لە ئاوی سەر ڕووی زەوی وشکایی و زەریاکان دەکات بە هەڵم، بە پێی یاساکانی هاوسەنگی ئاویش کە باسمان کرد، دووبارە ئەو ئاوەی بە هەڵم بووە جارێکی تر بە تەواوی هەمووی بە شێوەی باران بارین دەگۆڕێتەوە بۆ ئاوی ڕۆیشتوو بە بڕی (٥٧٧) هەزار کم٣ ، ئەوەش وەک باسمانکرد پێغەمبەری خوا پتر لە ١٤٠٠ ساڵ زیاترە ئەو هەواڵەی پێداوین کاتێک فەرموویەتی: (ما من عام أمطر من عام ولكن يصرفه حيث يشاء..)

پرسیارێکی تری گرنگ ئەوەیە:

بۆچی بە تێکڕایی تەنها (١٠, ٣٦, ١)٢٤ ک.کالۆری/تاوزە/سم٢/ ساڵ ئەگاتە بەرگە هەوای زەوی، لە کاتێکدا وزەی گەرمی خۆر گەورەو مەزنە وەک باسکرا؟

پێم وایە وەڵامی ئەم پرسیارە خۆی لەم ئایەتە پیرۆزەدا ئەبینێتەوە:

﴿ أَلَمْ تَرَ أَنَّ ٱللَّهَ يُولِجُ ٱلَّيْلَ فِى ٱلنَّهَارِ وَيُولِجُ ٱلنَّهَارَ فِى ٱلَّيْلِ وَسَخَّرَ ٱلشَّمْسَ وَٱلْقَمَرَ كُلٌّ يَجْرِىٓ إِلَىٰٓ أَجَلٍ مُّسَمًّى وَأَنَّ ٱللَّهَ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ ﴿٢٩﴾ ﴾ لقمان.

واتە: ئەوەتا دەبینی چۆن خوای گەورە شەو بەناو ڕۆژدا دەکات و ڕۆژیش بەناو شەودا دەکات، خۆرو مانگیشی مل کەچکردووەو هەموو تا کاتێکی دیاریکراو کە لە زانستی خوای گەورەدایە لە ئاسماندا مەلە دەکەن ، بەو شێوەیەش خوای گەورە لە کردەوەکانتان پسپۆڕو ئاگادارە.

با لەبەردەم وشەی (سخر) کەمێک ڕاوەستین تا ماناکانی و ڕەهەندەکانی بزانین:

زاناکانی تەفسیر لە تەفسیرکردنی ماناکانی وشەی (سخر) مانای دیاریکراویان هێناوە (٧) کە هەموویان بە مانای ملکەچبوون دێن، هەروەها لە فەرهەنگەکانی زماندا بەمانایەکی تریش هاتووە کە ئەویش کارکردنە بەبێ کرێ و بەبێ بەرامبەر، ئەم مانایاش لەوە دەچێ لەلای هەموومان ئاشکرا بێت.

لە ڕاستیدا هەموو ئەو ڕاستییانەی پێشتر باسمانکرد لە وشەی (سخر) دا دەبینرێتەوە، خوای گەورە خۆری بۆ خزمەتکردنی زەوی ملکەچکردووە بەبێ ئەوەی خەڵکی سەر زەوی هیچ کرێ و بەرامبەرێک بە خاوەنی زەوی و ئاسمانەکان بدەن.

جا با ئێستا بزانین ئەو کرداری ملکەچبوونە چۆن بەئەنجام گەیشتووە:

١ـ خوای گەورە زەوی و خۆری لە دوورییەکی پێوانەیی و نموونەیدا داناوە، کە بە شێوەیەکی ناوەندی نێوان خۆرو زەوی بە (١٥٠ ملیون کم) دەخەملێنرێت، ئەمەش بۆتە هۆی:

اـ بەدەست هێنانی ڕوناکی و وزەی پێوانەیی گونجاو بۆ زەوی، هەروەک ئاماژەمان پێدا، بۆ زانیاری زیاتریش، هەسارەی عطارد تەنها (٥٨) مل.کم لە خۆرەوە دوورە، واتە بەنزیکی حەوت جار ئەوەندەی زەوی وزەی گەرمی خۆر ئەگاتە عطارد، بۆیە لە ڕۆژدا لەسەر هەسارەی عطارد پلەی گەرما لە (٤٠٠) پلە تێئەپەڕێ (٨)، هەروەها هەسارەی زوهرە (١٠٨) مل.کم لە خۆرەوە دوورە، واتە بەنزیکی دوو جار ئەوەندەی زەوی وزەی گەرمی خۆر ئەگاتە زوهرە، بەڵام هەسارەی مەریخ کە زیاتر لە زەوی ئەچێ (٢٢٠) مل.کم لە خۆرەوە دوورە، بۆیە تەنها لە٥٧٪ ی ئەو وزە گەرمییەی خۆر کە ئەگات بە زەوی ئەگات بە مەریخ، بۆیە پلەکانی گەرما لە مەریخ هەمیشە لەژێر سفرە.

ب ـ ئەو دوورییە پێوانەییەی خۆر وای کردووە زەوی لە خولگەی ئێستای خۆیدا بمێنێتەوەو پارێزگاری لە تایبەتمەندییە جیاوازەکانی خۆی بکات (ئاو ـ زیندەوەران ـ بارودۆخی سروشتی نموونەیی)، ئەگەر زەوی لە خۆرەوە نزیکتر بووایە ئەوە لە شێوەیدا بە هەردوو هەسارەی عگارد و زوهرە ئەچوو، ئەگەر زیاتریش لە خۆر دوورتر بووایە ئەوە بە هەسارەی مەریخ ئەچوو، لە هەردوو حاڵەتەکەشدا زەوی ئەگۆڕا بە زەوییەکی تر.

ج ـ ئەو دوورییە پێوانەییەی خۆر یارمەتی ئەوەی داوە کە مانگ وەک شوێنکەوتەیەکی زەوی بمێنێتەوەو لە ئاکمانیدا مەلە بکات، هەروەک ئەشزانین مانگ چرای زەوییەو ڕۆژژمێرو ساڵنامەشیەتی:

﴿ هُوَ ٱلَّذِى جَعَلَ ٱلشَّمْسَ ضِيَآءً وَٱلْقَمَرَ نُورًا وَقَدَّرَهُۥ مَنَازِلَ لِتَعْلَمُوا۟ عَدَدَ ٱلسِّنِينَ وَٱلْحِسَابَ ۚ مَا خَلَقَ ٱللَّهُ ذَٰلِكَ إِلَّا بِٱلْحَقِّ ۚ يُفَصِّلُ ٱلْءَايَٰتِ لِقَوْمٍ يَعْلَمُونَ ﴿٥﴾ ﴾ يونس.

واتە: خوای پەروەردگارە ڕوناکی بە خۆر بەخشیوەوەو مانگیشی بە خۆر ڕۆشن کردۆتەوە، مانگیش هەر شەوە لە جێگەیەکەو بەوەش ساڵ و مانگ درووست ئەبێ، هەتا بەهۆیەوە ژمارەی ساڵەکان بزانن و حساباتی پەرستشەکانتان و مامەڵەکردنتان بزانن، ئەوانە خوای گەورە درووستی کردوون و دانایی خۆی پێیان هەیە، بەو شێوەیە خوای گەورە ئایەتەکان بۆ خەڵکی بەئاگا ڕاقە دەکات.

٢ ـ ئەو دوورییە پێوانەییەی خۆرو مانگ کاری زۆر گرنگیان بۆ زەوی بە ئەنجام گەیاندووە:

اـ دەرکەوتنی زەوی لە خولگەیەکی لاردا، هەروەک دەشزانین زەوی خولگەی سوڕانی بەدەوری خۆیدا بە بەراورد بە مەلەکردنی لە ئاکمانیدا (Orbit) ستوونی نییە، بەڵکو ناوکی زەوی بە ڕێژەی (٢٧, ٢٣) پلە لارە، ئەم لارییەش کاریگەری گەورەی هەیە لەسەر؛ شێوەی دەرووەی زەوی، تایبەتییە سرووشتییەکانی، بڕی تیشکی خۆر کە بە زەوی دەگات، لە چەند ڕوویەکەوە:

١ـ ئەم پلە لارەی خولگەی زەوی گونجاوترین ڕێژەی تیشک و

وزەی خۆری بۆ ڕووی زەوی و ئەوەی لەسەری دەژی دیاریکردووە، چونکە ئەو وزەیەی کە ئەگاتە بنمیچی بەرگە هەوا زۆر لەوە زیاترە کە زەوی پێویستییەتی بە تایبەتی لە هێڵە پانتاییە جوگرافییە بەرزەکاندا ( ناوەندو جەمسەرو نیمچە جەمسەرییەکاندا).

٢ ـ لاری خولگەی زەوی بۆتە هۆی دەرکەوتنی چوار وەرزەکە، گرنگی ئەو وەرزانەش لە جوگرافیادا زانراوە لە ڕووی تیشکی خۆرەوە کە لە هەریەکەیاندا گەرمی و شێی جیاواز بەرهەم دەهێنێت.

٣ ـ گەرمی بەشێوەیەکی کەمەرەیی بە ڕوویی زەویدا دابەش بووە (٩)، بۆیە کەمەرەی گەرم و کەمەرەی سرووشتی پەیدابووە، کەمەری زەوی ( هێڵی پشتێنی) لەوێدا تیشکی خۆر بە ستوونی لە ڕووی زەوی دەدات، کەمەری جەمسەری ساردیش لەوێدا تیشکی خۆر تەنها ئەوەندەیە کە بەر زەوی دەکەوێت و برێکی کەم لە وزە بەو کەمەرانە دەبەخشێت، لە نێوان ئەو دوو کەمەرەشدا کەمەری خولگەیی و پاشان نیمچە خولگەیی و ناوەندی دەبینین، لە ڕاستیشدا کەمەرەکان هەموو پێکەوە تابلۆی دیاردە سرووشتییەکانی سەر ڕووی زەوی دەکێشن.

٤ ـ زەوی لە ڕوو گەرمی و تیشکەوە بۆتە دوو بەشی دژ بەیەک: بەشی باکوور ( باکووری کەمەری زەوی) لەگەڵ بەشی باشوور، زستانی بەشی باکوور بەرامبەر هاوینی بەشی باشوورە، بەوەش هاوسەنگی لە گەرمی و تیشکدا بۆ زەوی هاتۆتە دی، هیچ بەرزی و نزمییەکی نامۆش لە گەرمیدا ڕوونادات کە ببێتە هۆی تێکدانی گەرمی سەر ڕووی زەوی.

٥ ـ لاری خولگەی زەوی بۆتە هۆی جیاوازی درێژی شەوو ڕۆژ لە نێوان کەمەری زەوی و جەمسەرەکانیدا، لە کەمەری زەویدا درێژی شەوو ڕۆژ هەمیشە یەکسانن، بەڵام تا لە بازنەی جەمسەرەکان نزیک ببینەوە درێژییان جیاواز ئەبێ، لە کاتی گۆڕینی گەرمی لە هاویندا شەو لە جەمسەری باکووردا ون ئەبێت. لە هەمان کاتدا ڕۆژ لە جەمسەری باشووردا ون ئەبێت. لە کاتی گۆڕینی گەرمی لە زستانیشدا پێچەوانەی ئەوە ڕووئەدات، بێگومان ئەمەش کار لە بڕەکانی تیشک و گەرمی لە نێوان کەمەری زەوی و جەمسەرەکاندا ئەکات، پاکی و بانیش بۆ پەروەردگار کاتێک ئەفەرمویێ:

﴿ وَسَخَّرَ لَكُمُ الشَّمْسَ وَالْقَمَرَ دَائِبَيْنِ وَسَخَّرَ لَكُمُ اللَّيْلَ وَالنَّهَارَ ﴿٣٣﴾ ﴾ إبراهيم. واتە: خۆرو زەوی بۆ مل کەچکردوون و بەردەوام تا دنیا کۆتایی دێت ماندوونابن، هەروەها شەوو ڕۆژیشی بەو شێوەیە بۆ ڕامکردوون.

ب ـ دووری پێوانەیی خۆرو مانگ لە زەوی، بۆتە هۆی دەرکەوتنی کاردانەوەیەکی گونجاوو هاوسەنگی زەوی بەرامبەر هێزی کێشانی خۆرو مانگ، واتە لە شێوەی هێزێکی پێچەوانە بە ئاڕاستەی هێزی کێشانی خۆرو مانگ، کاردانەوەکەش لە ئەنجامی جوڵەی سوڕانەوەی زەویدا پەیدا ئەبێ و بۆتە هۆی ئەوەی زەوی بە جێگیری لە خولگە زانراوەکەی خۆیدا بە دەورەی خۆردا مەلە بکات، هەروەها بۆتە هۆی دیاریکردنی خێرایی جوڵەی زەوی کە بە تێکڕایی بە (٢٩,٨ )کم/چرکە ئەخەمڵێنرێ، ئەوەش بۆتە مایەی ڕێکی درێژی ساڵ (٣٦٥ ڕۆژو نەختێک) هەروەها ڕێکی درێژی ڕۆژ(٢٤) کاتژمێر، ئەگەر بشگەڕێینەوە بۆ هەسارەکانی عطاردو زوهرەو مەریخ، ئەبینین درێژی ڕۆژ لە هەسارەی عطاردا (١٧٦) ڕۆژی زەوییە، بەڵام ساڵێکی عطارد (٨٨) ڕۆژە، مەریخیش درێژی ساڵ تیایدا دوو ئەوەندەی درێژی ساڵە لە زەویدا واتە (٦٧٨) ڕۆژە... هەروەها هەموو هەسارەکانی تری کۆمەڵەی خۆر هەر بەو شێوەیەن، ئەم جیاوازییە گەورەیەش ـ بێگومان بە بەراورد بە زەوی ـ کە لە درێژی هەر یەک لە ساڵ و ڕۆژی هەسارەکانی ترو پێوانەکانیاندا هەیە لە گرنگترین هۆکارەکانی جیاوازی یاساکانی گەرمییە لە نێوان هەسارەکان و زەویدا.

لە کۆتایدا هەر ئەتوانم ئەوەندە بڵێم کە خوای گەورە هەر تەنها خۆرو مانگی بۆ دانیشتوان و زیندەوەرانی سەر زەوی ڕام نەهێناوە، بەڵکو زەوی خۆشی بۆ مل کەچکردوون و بۆی ڕاوەستاوو ئۆقرەگرتوو کردوون، هەروەها خوای گەورە پێکهاتەو وزەو قەبارەیەکی پێوانەیی وای بە زەوی بەخشیوە کە بەهۆیەوە زۆری تری بۆ زەوی تەرخان کردووە:

ا ـ بەرگێکی هەوایی بۆ زەوی تەرخان کردووە کە لە پێکهاتەیدا (ئازۆتی ئۆکسجینی)، کێشیدا، ئەستووریدا نموونەییە، بەوەش ئەم بەرگە ئەتوانێ ٥٢٪ لە کۆی ئەو تیشکەی خۆر کە بەرەو زەوی دێت هەڵ بمژێ و بیداتەوە، بەوەش لەم حاڵەی ئێستادا پارێزگاری لە بارودۆخەکانی گەرمی و ئاوی زەوی کردووە.

ب ـ دوو قەڵغانی پارێزەری بۆ زەوی تەرخان کردووە، بەوەش زیندەوەرانی ناو زەوی لە ماددەو تیشکە کوژەرەکانی خۆرو گەردوون پاراستووە، ئەو دوو قەڵغانەش بریتین:

١ـ ڕووبەری موگناتیسی دوور لە ڕووی زەوی کە بریتییە لە هێڵی بەرگری یەکەمی زەوی.

٢ ـ چینی ئۆزۆنی نزیک لەڕووی زەوی (٢٥ ـ ٤٠ کم بە تێکڕایی).

کۆتایی ئەم چەند دێڕەشم بەم دوو ئایەتەی خوای گەورە ئەهێنم:

﴿ وَلَئِن سَأَلْتَهُم مَّنْ خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ وَسَخَّرَ الشَّمْسَ وَالْقَمَرَ لَيَقُولُنَّ اللَّهُ فَأَنَّىٰ يُؤْفَكُونَ ﴿٦١﴾ ﴾ العنكبوت

واتە: ئەگەر لێیان بپرسی کێ ئاسمانەکان و زەوی درووست کردووەو خۆرو مانگی مل کەچکردووە ئەڵێن خوا، ئیتر چۆن لە ئادەن لە یەکتاپەرستنی و پاک و بان ڕاگرتنی.

﴿ وَإِن مِّن شَيْءٍ إِلَّا عِندَنَا خَزَائِنُهُ وَمَا نُنَزِّلُهُ إِلَّا بِقَدَرٍ مَّعْلُومٍ ﴿٢١﴾ ﴾ الحجر

واتە: عەممباری هەموو شتێکمان لەلایەو ئەتوانین دابینی بکەین، بەڵام هەر شتە بە ڕێژەیەکی دیاریکراو ئەبەخشین کە ئەوەش دانایی خوای گەورە دەیخوازێت.

**سەرچاوەکانی نووسەر:**


یەکەم: سەرچاوە زانستی و مێژوییەکان:

١ ـ ایفانوف ك. إ. وسواه. الهيدرولوجيا العامة. لينينغراد ١٩٨٤م.
٢ ـ شوبايف ل.ب ـ علم الأرض العام. موسكو ١٩٦٩م.
٣ ـ ماروف م. يا. ـ كواكب المجموعة الشمسية. موسكو ١٩٨٨م.
٤ ـ ما تفييف ل. ت. ـ فيزياء الجو ـ لينينغراد ١٩٨٤م.
٥ ـ مجموعة من العلماء ـ هيدرولوجيا اليابسة ـ موسكو ١٩٨٦م.
٦ ـ ميلكلوف ف. ت. ـ علم الأرض العام ـ موسكو ١٩٩٠م.
٧ ـ نيلكلو كوفال ن . ب. ـ علم الأرض العام ـ موسكو ١٩٧٦م.
٨ ـ الزايد سميرة ـ الجامع في السيرة النبوية ـ دمشق ٢٠٠٠م.

دووەم: تەفسیر:

١ ـ تفسير الطبري، ابن جرير. بيروت.
٢ ـ تفسير فتح القدير، محمد علي بن محمد الشوكاني. عالم الكتب
٣ ـ تفسير محمد علي الصابوني، صفوة التفاسير، دار القرآن الكريم ـ بيروت ١٩٨١م.
٤ ـ تفسير مختصر ابن كثير ـ تحقيق محمد علي الصابوني، دار القرآن الكريم ـ بيروت ١٩٧٩م.

سێیەم: کتێبەکانی فەرموودە:

١ ـ دليل الصالحين ـ محمد بن علان الصديقي. المكتب العلمية ـ بيروت ١٩٨٩م
٢ ـ رياض الصالحين ـ الإمام النووي . مؤسسه الرسالة ١٩٩١م


**پەراوێزەکان:**

(١) ميلكو ف .ق ـ علم الأرض العام موسكو ١٩٩٠
(٢) مجموعة من العلماء . هيدرولوجيا اليابسة ـ موسكو ١٩٨٦
(٣) ايفانوف ك. إدسواه. الهيدرولوجيا العامة ـ لينينغراد/ ١٩٨٤
(٤) ماتفييف ل. ت. فيزياء الجو. لينينغراد/ ١٩٨٤
(٥) ئەم ژمارەیە لە زانایەکەوە بۆ یەکێکی تر ئەگۆڕێ بەڵام ئەوەی گرنگە لە هەموو ژمارەکاندا لە نرخەکانی بە هەڵمبوون و باران بارینی ساڵانەدا لە یەکچوونێک ئەبینین.
(٦) نيكلوكوفا ن. ب. علم الأرض العام ـ موسكو/ ١٩٧٦
(٧) تفسير الطبري، وابن كثير والصابوني... الخ
(٨) ما روف يام كواكب المجموعة الشمسية موسكو/ ١٩٨٨
(٩) شوبايف ل ب ـ علم الأرض العام موسكو/ ١٩٦٩.

# ئیعجازی قورئان و زانستی هەورە باراناوییەکان

وەرگێڕان و ئامادەکردنی: جمال عزیز

### کەڵەکە هەوری باراناوی

بەگشتی جۆری هەورەکان زۆرو جیاوازن، هەندێکیان باراناوی و هەندێکیان بێ بارانن، هەورە باراناوییەکانیش چەندین جۆریان هەیە وەک هەوری تەنک و ڕوون (سمحاق)، چینە هەور (طبقي)، کەڵەکە هەور (الركامي)، زانایانی پێگە (أرصاد) لەسەر بنچینەی ڕووی دەرەوەی هەورەکان و چۆنێتی دروست بوونیان پۆلێنیان کردوون.

یەکێک لەو جۆرانەش کەڵەکە هەوری بە بارانە (السحاب الركامي) کە لە گەورەییاندا لە شێوەی ئیقلیمە چیای تاریک و ڕەشدان، تیایاندایە قەبارەی هێجگار گەورەیەو بەرزییەکەی دەگاتە پتر لە (١٥کم).

ئەم جۆرە هەورە لە هەموو جۆرەکانی تر چەخماخەو گرمە گرمی زیاترە. ئەوەی لێرەدا مەبەستمان ئایەتێکی قورئانی پیرۆزە کە زۆر بەووردی و بە ڕوونی باسی ئەو جۆرە هەورەو شێوازی دروست بوونی و ئەو نیشانانەی لە گەڵیدان باس دەکات ئەویش ئایەتی پیرۆزی (٤٣)ی سورەتی (نور)ە کە دەفەرموێت: ﴿ أَلَمْ تَرَ أَنَّ اللَّهَ يُزْجِي سَحَابًا ثُمَّ يُؤَلِّفُ بَيْنَهُ ثُمَّ يَجْعَلُهُ رُكَامًا فَتَرَى الْوَدْقَ يَخْرُجُ مِنْ خِلَالِهِ وَيُنَزِّلُ مِنَ السَّمَاءِ مِن جِبَالٍ فِيهَا مِن بَرَدٍ فَيُصِيبُ بِهِ مَن يَشَاءُ وَيَصْرِفُهُ عَن مَّن يَشَاءُ يَكَادُ سَنَا بَرْقِهِ يَذْهَبُ بِالْأَبْصَارِ ﴿٤٣﴾ ﴾ النور.

پێش ئەوەی بێینە سەر ڕاڤەی ئایەتەکە دەڵێین ئەم ئایەتە هەموو پیتێکی موعجیزەیە.

(چوار) زانای کەشناسی ماوەی (٦ مانگ) بەردەوام توێژینەوەی ئەم هەورەیان کرد، پاش تەواو بوونیان بەراوردیان کرد لەگەڵ ئایەتە قورئانییەکەدا، لە ئەنجامدا دەرکەوت قورئانی پیرۆز (١٤) سەدەیە زۆر بەشێوەیەکی زانستی وورد لە پێش زانستی دونیاوە ئەم جۆرە هەورەی باس کردووە.

شیکردنەوەو لێکۆڵینەوەی زانایانی (کەشناس) بە (هەوری کەڵەکەبووی باراناوی) لەم خاڵانەی خوارەوەدا خۆی دەبینێتەوە:

١ـ سەرەتای درووست بوونی.
٢ـ چۆنێتی گەشەکردنی.
٣ـ ئەو دیاردانەی لەگەڵیدا ڕوو دەدەن.

### یەکەم: سەرەتای دروست بوونی

کەڵەکە هەور کاتێک دروست دەبێت کە با چەند پەڵە هەورێکی بچووک بەرەو ناوچەی کۆبوونەوە (Convergence Zone) ببات، بەوەش هەڵمی ئاو تیایدا زۆر دەبێت، بە تایبەتی لە دەوری ناوچەی کۆبوونەوە، لە ڕاستیدا ئەم پاڵپێوەنانە پێویستە بۆ گەشەکردنی هەورەکە لەو ناوچەیەدا.




ئایەتە قورئانییەکە ئەم سەرەتای دروست بوونە باس دەکات و دەفەرموێت ﴿ أَلَمْ تَرَ أَنَّ اللَّهَ يُزْجِي سَحَابًا ﴾ لە (معجم مقاييس اللغة) دا هاتووە (الريح تزجي السحاب : توسوقه سوقاً رفيقا) واتە : با پاڵ بە هەورەکەوە دەنێت و بە هێواشی لەگەڵ خۆیدا دەیبات، (ابن كثير) دەڵێت (يذكر تعالى أنّه يسوق السحاب بقدرته أول ما ينشئها، وهي ضعيفة، وهو الإزجاء) : واتە: خوای پەروەردگار باسی ئەوە دەکات لە سەرەتای دروست بوونی هەورەکان کە بە دەسەڵاتی خۆی پاڵی پێوە دەنێت، کە لەو سەرەتایەدا لاوازن، ئەوەش واتای (إزجاء)ە . زانایانی تری ڕاڤەی قورئانی پیرۆز سەبارەت بەم سەرەتای درووست بوونە هەمان بۆچوونیان هەیە. لە ڕاستیدا ئەوەی (إبن كثير) ووتوویەتی (کت و مت هەمان بڕیاری زانایانی کەشناسە لە قۆناغی یەکەمی ئەم هەورەدا).

بڕوانە وێنەکە، لەم وێنەیەدا دەبینین ناوچەکانی (B, C, D) ناوچەی کۆبوونەوە دەنوێنن، جوڵەی باکانیش بە (تیشک)ەکان نیشان دراوە، و کۆبوونەوەی هەوا لەو ناوچانەدا تیایدا دەردەکەوێت، لە کاتێکدا ناوچەی (A) ناوچەی جیابوونەوە دەنوێنێ، کە دەبینین هەوا ڕووی تێ ناکات.

### دووەم: چۆنێتی گەشەکردنی

هەوری کەڵەکە بوو گەشەکردن و پێک هاتنی بە (٢) قۆناغدا تێدەپەڕێت کە بریتین لە:

١ـ کۆبوونەوە: ئەوەی لای زانایان ڕوون بۆتەوە، ئەوەیە کە خێرایی جوڵەی هەورەکە هێواشترە لە خێرایی ئەو بایەی کە دەیبات، وە قەبارەی هەورەکە زیاد بکات خێراییەکەی کەم دەکات، ئەویش بە هۆی کاریگەری ئەو ڕێگرانەی (Drag - Force) دێنە بەردەمی، وە هەتا بەرەو ناوچەی کۆبوونەوە بڕوات با کەش کەم دەکات، بەهۆی ئەو دوو هۆکارەشەوە پەڵە هەورەکان وورده وورده لە یەکتری نزیک دەبنەوەو پاشان یەکدەگرن، بۆیە دەبینین هەتا زیاتر لە ناوچەی کۆبوونەوە نزیک ببینەوە چڕی هەورەکە زیاد دەکات. چەند زانایەک لەوانە (ئەنش) کردارەکانی پاڵ پێوەنان و کۆبوونەوەیان لە وێنەی ژمارە (٣) دا کورت کردووەتەوە.

لە باس کردنی ئەم ڕاستیە زانستیەشدا ئایەتەکە دەفەرموێت: ﴿ ثُمَّ يُؤَلِّفُ بَيْنَهُ ﴾ زانایانی زمانەوانی سەبارەت بە ووشەی (التأليف) دەڵێن (التأليف: هو الجمع مع الترتيب والملائمة)، واتە: یەکگرتن و کۆبوونەوەیە بەڵام بە ڕێک و پێکی و گونجاوی.

هەروەها زانایانی تەفسیریش هەمان بۆچوونی زانایانی کەشناسییان هەیە، بۆ نموونە (قورطبي) دەڵێت: (أي يجمعه عند إنشائه ليقوي ويتصل ويكثف) واتە (کاتی پێکهاتنی پەڵە هەورەکان کۆدەکاتەوە تا بە هێزو یەکگرتوو و چڕ بن) (إبن الجوزي) یش دەڵێت: (أي يضم بعضهم الى بعض فيجعل القطع المتفرقة قطعة واحدة) واتە: پەڵە هەورە جیاجیاکان یەک دەگرن تا دەبنە یەک پارچە , زانایانی تری تەفسیریش هەمان ڕایان هەیە.(١٠)(١١)(١٢) بێگومان ئەم واتایانە هەمان واتای زانستییە کە زانایانی (کەشناسی) بینیوویانە.

٢ـ کەڵەکە بوون: بەشێوەیەکی گشتی گەر دوو هەور یان زیاتر یەکیان گرت (Cloud-merger) تەوژمی هەوای سەرکەوتووی ناو هەورەکە زیاد دەکات. کە دەبێتە هۆی ڕاکێشانی هەڵمی ئاوی زیاتر لە بنی هەورەکە ئەمەش ووزەی شاراوە بۆ چڕ بوونەوە زیاد دەکات دواتر خێرایی تـــــــەوژمە هەوا سەرکەوتووەکە زیاد دەکات کە پاڵ بە پێک هاتەکانی هەورەکەوە دەنێت بۆ بەرزاییەکانی سەرووتر، لە ناوەندی هەورەکەدا ئەم تەوژمانە توند ترن گەر بەراورد بکرێن بە چوار دەورەکەی، ئەمەش دەبێتە کەڵەکە بوونی پێک هاتەی هەورەکان لەم لاو لایەوە.

لە کۆتایدا وەک نافوورە یان گڕکان دەردەکەوێت کە ئەو پێک هاتانەی هەڵی دەدات لە تەنیشتەکانیا کەڵەکە دەبن.

دەربڕینی ئەم ڕاستییە زانستییەش لە ئایەتەکە بەم جۆرەیە ﴿ ثُمَّ يَجْعَلُهُ رُكَامًا ﴾ ووشەی (الركم) لە زمانەوانیدا واتە (القاء الشيء بعضه فوق بعض) (١٣) (١٤) (١٥) (١٦) ( فرێ دانی هەندێ شتە بەسەر هەندێکی تردا) زانایانی تەفسیریش دەڵێن (متراكما بعضه على بعض) واتە هەندێکی بەسەر هەندێکی تریدا کەڵەکە دەبێت.

کەواتە ئەم قۆناغەش لە قورئانی پیرۆزدا بە تەواوی هاو ئاهەنگی

زانستی سەردەمە کە بریتی بوو لە گەشەی هەورەکە بە شێوەی شاولی. وە بۆیە بە هەوری کەڵەکە بوو ناودەبرێت چونکە کاری کەڵەکە بوون کارێکی ناغەیبییە بەمەش لە هەموو جۆرەکانی تری هەور جیاواز دەبێت.

دەڵێت (وَيُنَزِّلُ مِنَ السَّمَاءِ) واتە لە هەموو لە هەورەکەوە تەرزە دەبارێت.
(مِن جِبَالٍ فِيهَا) واتە: لە پارچە هەوری گەورەوە کە دەچوێت بەشاخ، (مِنْ بَرَدٍ) واتە: هەندێ تەرزەی تیادایە، وەک زانایانی تەفسیر دەڵێن.







**سێیەم: ئەو دیاردە جەوییانەی هاوکات ڕوو دەدەن**

(بارینی بارانێکی زۆر یان تەرزە یان هەردووکیان)

هەوری کەڵەکەیی، کەڵەکە بوون بەردەوام دەبێت تیایدا هەتا تەوژمە هەوا سەرکەوتووەکان توانای هەڵگرتنی پێک هاتەی هەورەکەیان دەبێت کە بریتیین لە (تنۆکە ئاو یان دەنکە تەرزە)، وە هەرکات بای ستوونیی توانای هەڵگرتنی ئەو پێک هاتانەی نەما کرداری کەڵەکە بوون دەوەستێت و ڕاستەوخۆ پێک هاتەکانی (باران یان تەرزە یان هەردووکیان) بەرەو خواردەبنەوە، تەرزەش لە نێوان پلەی گەرمای کەمتر لە (سفر تا -٤٠ پلەی سەدی) دروست دەبێت.

ڕوودانی ئەم دیاردانەش بە ڕوونی لە بەشێکی تری ئایەتەکەدا باسکراوە، کە دەفەرموێت ﴿فَتَرَى الْوَدْقَ يَخْرُجُ مِنْ خِلَالِهِ﴾ گشت زانایانی تەفسیر کۆکن کە (ودق) واتای (بارانە) هەروەها ﴿مِنْ خِلَالِهِ﴾ کە کۆی (خلل) واتە کۆی (کەلێن)ە.

ئەم قۆناغە ڕاستەوخۆ لە دوای قۆناغی کەڵەکە بووندا دێت، پاش ئەوەی بەرز بوونە لەناو هەورەکەدا لاواز دەبێت یان نامێنێت. کە هۆکاری کەڵەکە بوون بوو، خێرا باران دەبارێت، وە بە لاوازی کرداری بەرز بوونەوە یان نەمانی، چەندەها ناوچەی لاواز لە هەورەکە دروست دەبێت، کە لەو ناوچانەدا ناتوانرێت دەنکە بارانەکان هەڵبگیرێت بۆ سەرەوە، بەهۆی قورسییەوە، لەبەر ئەوە لەو ناوچە کەلێن و لاوازانەوە دەردەچن بۆ خوارەوەی هەورەکە. وەک ئایەتەکە بە ڕوونی باسی کرد...

زانایان دەڵێن بۆ درووست بوونی تەرزە لەکەڵەکە هەوردا پێویستە هەورەکە بچێتە شێوەی چیاوە، هەروەک ئایەتەکە ئەم ڕاستیەشی گەیاندووەو دەفەرموێت:﴿وَيُنَزِّلُ مِنَ السَّمَاءِ مِن جِبَالٍ فِيهَا مِن بَرَدٍ﴾ ابو السعود

بێ گومان ئەوەی زانایانی تەفسیر تێیگەیشتوون لەم ئایەتە ئەوەیە کە زانست دەری خستووە، وەک وتمان پێویستە هەورەکە لە شێوەی چیادا بێت تا لە ناوچە بەرزەکانیدا ڕێ بە دروست بوونی بەفرو بارانی زۆر بدات، کە لە ناوەندی هەورەکەدا دەگۆڕێن بۆ کێڵگەیەکی تەرزە، ئەوەی زانراوە جۆری تری کەڵەکە هەور هەن بە ناوی (کەڵەکە هەوری (الساخن)) ئەستوریان کەمترە، شێوەی ئەم جۆرە زیاتر بە گرد دەچێت بە پێچەوانەی (کەڵەکە هەوری بە باران) کە کت و مت بە چیا دەچێت.

**سەرنجێکی گرنگ**

گەر تێبینی بکەین خوای گەورە لە ئایەتەکەدا بۆ کرداری پاڵپێوەنان و کرداری کۆبوونەوەو کەڵەکە بوون پیتی (عطف) ی (ثم)ی بەکارهێنا، کە لە زمانی عەرەبیدا ئاماژەیە بە خایاندنی کاتی زیاتر (للترتیب والتراخي) بەڵام دەبینین بۆ کرداری دروست بوونی دەنکە باران پیتی (عطف)ی (فاء) و بۆ دابەزینی تەرزە پیتی (عطف) ی (واو)ی بەکارهێنا کە هەردووکیان ئاماژەن بە خایاندنی کاتی زۆر کەم.
زانایان ئەم ڕاستییەشیان سەلماندووە چونکە کرداری پاڵپێوەنان و کۆبوونەوەو کەڵەکە بوون هەریەکەیان نزیکەی کاتژمێرێک دەخایەنێت، بەڵام درووست بوونی دەنکە باران و تەرزە ڕاستەوخۆ لە دوای قۆناغی کەڵەکە بوون ڕوو دەدەن.

لەگەڵ دابەزینی دەنکە تەرزەکان لە هەورەکە مەرج نییە جیا ببنەوەو بێنە سەر زەوی، بەڵکو بە هۆی تەوژمی هەوای سەرکەوتووە وە زۆر جار تەرزەکان جارێکیتر بەرز دەبنەوە بۆ سەرەوە، هەندێ کات ئەم کردارە چەند جارێک دووبارە دەبێتەوە لەگەڵ هەر جارێکدا دەنکە تەرزەکان چینێکی تریان دێتە سەرو گەورەتر دەبن، بینراوە تەرزە قەبارەکەی گەیشتۆتە قەبارەی پرتەقاڵێک ئەویش بە هۆی زۆر دووبارە بوونەوەی کرداری بەرز بوونەوەی تەرزەکان و دابەزینیانەوە، هەتا ئەو کاتەی خوای گەورە ویستی دابەزینی تەرزەکانی دەبێت و دەکەونە

سەر زەوی، لێرەدا با بەوردی بڕوانینە ئەو دەربڕینە قورئانییە کە لە ئایەتەکەدا وەسفی ئەم حاڵەتە دەکات و دەفەرموێت ﴿ فَيُصِيبُ بِهِۦ مَن يَشَآءُ وَيَصۡرِفُهُۥ عَن مَّن يَشَآءُۖ ﴾واتە: هەر کە خوای گەورە ویستی بوو دەنکە تەرزەکان لە هەورەکە جیا دەبنەوەو دەکەونە سەر زەوی، وە ئەگەر ویستی نەبوو جارێکیتر بەرزیان دەکاتەوەو نایەنە سەر زەوی، هەرچەندە لەسەرەتادا فەرمووی (وینزل ) دادەبەزن، بەڵام ئەم دابەزینە لە ناو خودی هەورەکە خۆیدایە نەک بۆ سەرزەوی. پاشان دەفەرموێت ﴿ يَكَادُ سَنَا بَرۡقِهِۦ يَذۡهَبُ بِٱلۡأَبۡصَٰرِ ﴾

واتە: نزیکە بریسکەی بروسکەی تەرزەکە چاو بسەنێتەوە، گەر تێبینی وشەی (برقه) بکەین دەبینین نزیکترین شت کە (هاء) ی ڕاناوی لکاوی (برق)ی بۆ بگەڕێتەوە تەرزەکەیە، هەروەک هەموو (هاء)ەکانی پێش ئەمە هەر بۆ تەرزەکە دەگەڕێنەوە ﴿ فَيُصِيبُ بِهِۦ ... وَيَصۡرِفُهُۥ... ﴾کەواتە (برقه) واتە (بروسکەی تەرزە)کە.

زانایانی سێ دەوڵەت (ئەمریکاو یابان و ئوسترالیا) ماوەی (١٠) ساڵ لێکۆڵینەوەی هۆکاری سەرەکی دروست بوونی بروسکەیان کرد. هەتا لە ساڵی (١٩٨٥) دا بە بڕیاری کۆتایی هۆکارەکەیان گەڕاندەوە بۆ تەرزەکە، لەبەر ئەوەی کاتێک ئاو لە ناو هەورەکە دەگۆڕێت بۆ ماددەی ڕەق (تەرزە) بارگەی کارەبا لەناو هەورەکەدا دروست دەکات، بە جووڵەی تەرزەکانیش جەمسەری کارەبای موجەب لە سەرەوەو سالب لە خوارەوە دروست دەبێت. بە دووبارە بوونەوەی جوڵانەکەشی هەردوو جەمسەرەکە وەک گەیەنەرێکی کارەبایی بەیەک دەگەیەنێت، بەمەش بروسکەکە دروست دەبێت.

کەواتە دوای چەندەها هەوڵی یەک لە دوا یەکی زانایان و بەکارهێنانی چەندەها فڕۆکەو مانگی دەستکردو تەلسکۆب و ئامێری پێشکەوتوو توانرا بگەنە ئەو ڕاستییەی کە (١٤) سەدەیە لە قورئانی پیرۆزدا فەرموویەتی بروسکە هۆکارەکەی تەرزەیە بە وشەی (برقه).

کە لەکاتی دابەزاندنی ئەو ئایەتەدا هەموو خەڵکی بەگشتی بۆ لێک دانەوەی دیاردە سروشتییەکان بیرکردنەوەی ئەفسانەییان هەبوو بۆ نموونە لە لێکدانەوەی هۆکاری هەورە گرمەدا , شارستانیەتی رافیدەین بە لێدانی قامچی و لەلای چینییەکان (بە لێدانی تەپڵ ) لە لایەن خواکانیانەوە لێکیان داوەتەوە، لای هندییەکان بەبەربوونەوەی بەردێکی گەورە یان بە لێدانی زەنگ، لای ئەرسطو بە بای توند، لای یۆنانیەکان بە گیزەی ئاگری کوژاوە لێکدراوەتەوە.

هەروەها بروسکەیان بەم جۆرە لێک داوەتەوە: شارستانیەتی رافیدەین بە حاڵەتی لە ئاسایی دەرچوون و لای چینییەکان (بە جوڵانی ئاوێنە لە لایەن خواکانیانەوە لە بەرامبەر تیشکی خۆردا) و لای ئەرسطو بە (با) و لای یۆنانیەکان بە (بریسکانەوەی ئاو) لێک دراوەتەوە.

بەڵام دەبینین عەرەبەکان هیچ لێک دانەوەیەکیان بۆ ئەم دیاردانە نەبووە چونکە وڵاتەکەیان وشکە بیابان و کەم بارانە، کەواتە لەو کاتەدا نەک بۆ یەکێکی نەخوێندەوار لە ناو عەرەبەکاندا بەڵکو بۆ زاناترینی کەسی ئەو سەردەمە کە لە ناو پێشکەوتووترین شارستانیەتداو چەندین سەردەمی تریش دوای ئەو نەبووە کە بتوانێت ئەو هەموو نهێنی و وردەکاریانەی ئەم جۆرە هەورە باس بکات، تەنها لە ڕێگای نیگای خواییەوە نەبێت.

**پوختەی باس**

بە خستنە ڕووی ئەم چەند پرسیارە، چەندەها ئیعجاز لەم ئایەتە پیرۆزەدا ڕوون دەبێتەوە.

١-کێ هەواڵی دا بە پێغەمبەر (ﷺ) کە یەکەمین هەنگاو لە دروست بوونی کەڵەکە هەوردا پاڵپێوەنانی هێواش بۆ هەورەکە دەبێت وەک فەرمووی ﴿ يُزۡجِي سَحَابٗا ﴾، لە کاتێکدا تاوەکو توێژینەوەی جوڵەی هەوا بۆ هەریەک لە قۆناغەکانی گەشەی هەور نەکرا زانایان دەرکیان بەم قۆناغە نەکرد.

٢- کێ بۆی ڕوون کردەوە قۆناغی دووەم بریتی یە لە یەکگرتنی پەڵە هەورەکان (التألیف)؟ وەکێ ئەو ڕێکخستنانەی لە قۆناغی هەورەکاندا ڕێکخست؟

٣- کێ پێی ڕاگەیاند گوێزانەوەی هەورەکە لە قۆناغی یەکگرتن بۆ کەڵەکە بوون کاتێکی دیاری کراو دەخایەنێت، کە ئەویش بەووشەی (ثم) ڕوونی کردەوە، ئەم زانیاریانەش کاتێک دەزانرێت کە توێژینەوە لەسەر بەشەکانی هەورەکەو پێگەی جوڵەی تەوژمەکانی هەوا لە ناویدا کرابێت؟ دەپرسین ئایا محمد (ﷺ) خاوەنی دەزگاو تەیارەو باڵۆن بووە بۆ بە دەست هێنانی ئەم زانیارییە وردانە؟

٤- کێ ئاگاداری پێغەمبەری کرد (ﷺ) بەوەستانی کرداری کەڵەکە بوون باران بارین دەست پێ دەکات؟ ئەمەش بە توێژینەوەی تەوژمەکان و دڵۆپە ئاوەکان و ئەوەی ڕوودەدات لە ناو هەورەکەدا بەدەست دێت؟ بەئەنجام گەیاندنی ئەم کارەش پێویستی بە دەزگاو پێوەرەکان هەیە.

٥- کێ بۆی ڕوونکردەوە لە ناو هەوردا ناوچەی (خلل) هەیە کە بارانی لێوە دەبارێت؟

کەسێک درک بەم ڕاستییە دەکات کاتێک زۆر بەووردی توێژینەوەی لەسەر پێکهاتەی هەورەکان و جوڵەی ناویان کردبێت.

٦- کێ هاواڵی پێداچواندنی هەور لەسەر شێوازی چیا مەرجە بۆ بارینی تەرزە؟ ئایا پێغەمبەر (ﷺ) توێژینەوەی لەسەر هەموجۆری هەورەکان کردووە، هەتا بۆی ڕوون بوو بێتەوە بۆ ئەوەی لە هەورێکدا تەرزە دروست ببێت مەرجە لەشێوەی چیادا بێت؟؟

٧- پاشان کێ پێی ڕاگەیاند بۆ ئەوەی تەرزە دروست ببێت پێویستە ناوکی تەرزە لەکەڵەکە هەوردا هەبێت وەک فەرمووی﴿ فِيهَا مِنۢ بَرَدٖ ﴾ ؟

٨- کێ هەواڵی پێدا بۆ دروست بوونی هەورە بروسکە پێویستە تەرزە هەبێت؟ کە لەڕاستیدا کەسێک پەی بەم زانیاریانە دەبات کە لێکۆڵینەوەی لەسەر بارگە کارەبابییەکانی ناو هەورەکەو جیاوازی دابەش بوونیان و ڕۆڵی تەرزە تیایدا کردبێت.

لە کۆتاییدا دەپرسین: کێ لەم هەموو زانیارییە شاراوانە ئاگاداری کرد؟ کێ ئەم هەموو زانیارییە نهێنییانەی بە پێغەمبەر (ﷺ) ڕاگەیاند پێشی زیاتر لە (١٤) سەدە ؟ لە کاتێکدا محمد (ﷺ) پێغەمبەرێکی نەخوێندەوار بوو لە ناو گەلێکی نەخوێندەواردا , کە هیچ کام لە هۆکارە زانستییە تازەکانیان لەبەر دەستدا نەبوو.

بێگومان ئەو خوایە ئاگاداری کرد کە دروستکەری هەورەکان و هەموو گەردوونیشەو هەر ئەویشە کە (قرآن)ی ناردۆتە خوارەوە بۆ بەندەی خۆی محمد (ﷺ) هەتا ئاگاداری هەموو جیهانی پێ بکاتەوە.

زانا ئەوروپییەکان لە چاخەکانی ناوەراستدا وایان دانابوو کە جیهانی سروشتی، لەوانە هەورەکان، بونەوەریکی پیرۆزن، سەرەڕای ئەوەی یۆنانیەکان لە رۆژگاری (ئەرسطو)دا هەندێ زانیارییان لەسەر باران پێ بووە کە لە هەڵمەوە دروست دەبێت، و پاشان هەڵمەکە بۆ ئاو چڕدەبێتەوە.

زانستی کەشناسیش هەتا سەدەی (١٧) هیچ زانیاریەکی دەربارەی نەبوو، تا ئامێری پێوانە تایبەتییەکانی بەرگە هەوای بۆ نەرەخسا، بەڵام تێگەیشتنی زانستییانە بۆ کردارەکانی دروستبوونی هەورەکان تا سەدەی (١٩ و٢٠) تەواو نەبوو.

لەبەشی یەکەمی ئەم باسەدا یەکەم جۆری هەورە باراناوییەکانمان خستەڕوو کە بریتیبوون لە کەڵەکە هەوری باراناوی، ئێستاش لە بەشی دووەمدا دوو جۆری کۆتایی هەورە باراناوییەکان باس دەکەین.

جۆری دووەم: چینە هەور

ئادەمیزاد لەم سەدانەی دواییدا دەستیکرد بە لێکۆڵینەوە لە پەیوەندی هەورو با، زانییان دەریاکان بەهەڵمدەبن بەڵام بەچاو نابینرێت هەتا با دێت بەرزی دەکاتەوەو پاڵی پێوە دەنێت (بای ستوونی، بای ئاسۆیی).

با کاتێک هەڵمی ئاو لە ناوچەیەکی گەرمەوە بۆ ناوچەیەکی سارد دەگوێزێتەوە، هەڵمەکە چڕ دەبێتەوە هەتا جۆرێک لە دڵۆپە پێکدێت.

ئەو هەڵمەی سەرەتا نەدەبینرا ئێستا با بووە هۆی دەرکەوتنی بەهۆی گواستنەوەی لە شوێنە گەرمەکەوە بۆ شوێنە ساردەکە. پاشان



www.haiv.org

بەردەوامیی پاڵ پێوەنانی هەڵمی ئاو بۆ ناو هەورەکە گەشەی پێدەکات، ئەو گەشەیەش دەیهەژێنێت، تاکە ووشەش کە لە زمانی عەرەبیدا ئەو مانایە بدات وشەی (إثارة) یە کە بەواتای (إظهار) دەرخستن و (تهیج) هەژاندن دێت.




بۆیە قورئانی پیرۆز ئەو وشەیەی بەکارهێناوە بۆ پەیوەندی نێوان هەورو با وەک دەفەرموێت: ﴿ وَٱللَّهُ ٱلَّذِيٓ أَرۡسَلَ ٱلرِّيَٰحَ فَتُثِيرُ سَحَابٗا فَسُقۡنَٰهُ إِلَىٰ بَلَدٖ مَّيِّتٖ فَأَحۡيَيۡنَا بِهِ ٱلۡأَرۡضَ بَعۡدَ مَوۡتِهَاۚ كَذَٰلِكَ ٱلنُّشُورُ ﴿٩﴾ ﴾فاطر
واتە: خوای گەورە بای ناردووە هەورەکان دەردەخات و دەیان هەژێنێت.

بای گەرم بەرەو سەرەوە هەورەکە دەجووڵێنێت پاشان بڵاویدەکاتەوەو چین چینی لێ دروست دەکات هۆکاری بارانیش لەم هەورەدا دروست بوونی ئەو چین چینەیە، بۆیە زاناکان ناویان ناوە چینە هەوری باراناوی کاتێک بارانی لێدەبارێت کە پارچە هەورەکان زۆر بێت .

ئێستاش با سەیرێکی ئەو وەسفە قورئانییە بکەین کە دەفەرموێت: ﴿ ٱللَّهُ ٱلَّذِي يُرۡسِلُ ٱلرِّيَٰحَ فَتُثِيرُ سَحَابٗا فَيَبۡسُطُهُۥ فِي ٱلسَّمَآءِ كَيۡفَ يَشَآءُ وَيَجۡعَلُهُۥ كِسَفٗا فَتَرَى ٱلۡوَدۡقَ يَخۡرُجُ مِنۡ خِلَٰلِهِۦۖ فَإِذَآ أَصَابَ بِهِۦ مَن يَشَآءُ مِنۡ عِبَادِهِۦٓ إِذَا هُمۡ يَسۡتَبۡشِرُونَ ﴿٤٨﴾ ﴾الروم، واتە: خوای گەورە با دەنێرێت هەورەکان دەردەخات و دەهەژێنێت پاشان چۆن ویستی بێت لە ئاسماندا بڵاویدەکاتەوە و بەش بەشی دەکات و باران لە کەلێنەکانیانەوە دەردەچێت.

وەک لە ئایەتەکەدا دەردەکەوێت ئەم جۆرە هەورە پاش ئەوەی با دەری دەخات و دەیهە ژێنێت پێویستە بەشبەش بێت تا ببێتە هۆی بارانبارین، ئەم هەورە بروسکەو چەخماخەو شتی ترسناکی لەگەڵدا نییە وەک لە کەڵەکە هەوردا هەبوو، لەبەر ئەوە خەڵکی پێی دڵخۆشدەبن وەک لە ئایەتەکەدا هاتووە.

جۆری سێهەم: گەردەلوولیی هەوریی باراناویی

ئەم جۆرە لە نێوان دووبەرە هەور کە تەوژمە هەوای دژبەیەک بەیەکیان دەگەیەنێت دروستدەبێت، کە جووڵەی هەورەکان بەدەوری یەکدا دەخولێنێتەوە لە شێوەی گوشین یان گەردەلوول (عصارة)، بۆ نمونە کاتێک بایەکی گەرم و شیدار لەگەڵ بایەکی ساردو وشکدا بەیەک بگەن، بایەگەرم و شێدارەکە لەبەر ئەوەی سوکترە بەرز دەبێتەوە بۆ سەروە، بۆ دروست کردنی هەور، پاشان پلەی گەرماکەی نزمدەبێتەوەو هەڵمەکە چڕدەبێتەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی پێکهاتنی دڵۆپی قورس، کە بەردەوام زیاد دەکەن تا هەورەکە بەهۆی قورسییان توانای هەڵگرتنیانی نامێنێت و لە شێوەی باراندا دێتە خوارەوە.

پاشان بڕێکیتر لە گەردەلوولێکی نوێ بۆ هەمان شوێن بەرزدەبنەوەو بەهەمان شێوە تاوێکیتر دەبارێت، لەبەر ئەوە ئەم جۆرە بارانە بە بەردەوامی نابارێت وەک دوو جۆرەکەی تر بەڵکو تاو تاو دەبارێت، ئەم جۆرەش قورئانی پیرۆز وەسفێکی جیاوازی بۆ داناوە وەک دەفەرموێت: ﴿ وَأَنزَلۡنَا مِنَ ٱلۡمُعۡصِرَٰتِ مَآءٗ ثَجَّاجٗا ﴿١٤﴾ ﴾النبأ، واتە: لە هەورە گوشراوەکانەوە بارانی تاو تاو دەبارێنین .

دەبینین ئایەتەکە بارانی تاوتاوی نەبەستەوە بە کەڵەکە هەور یان چینە هەور چونکە ئەم جۆرە بارانە تەنها بەرهەمی گەردەلوولە هەورە.

ئەوەی سەلماوە ئەنجامی ئەم بارانە تاو تاوە باخ و باخات و دارستانی چوون بەیەک و چڕوپڕە، بەجۆرێک کە لقی دارەکان بەیەکدا ئاڵاون بۆیە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ لِّنُخۡرِجَ بِهِۦ حَبّٗا وَنَبَاتٗا ﴿١٥﴾ وَجَنَّٰتٍ أَلۡفَافًا ﴿١٦﴾ ﴾النبأ، واتە: بەهۆی ئەو بارانەوە دانەوێڵەو رووەک و دارستانی لەیەک ئاڵاو دەردێت.

**سەرچاوەکان**

١ـ القرآن الكريم.
٢ـ الدر المنثور. ط. دار الفكر . بيروت.
٣ـ تفسير ابن كثير . ط.دار الكتب العلمية . بيروت.
٤ـ تفسير ابي السعود.ط. دار إحياء التراث العربي. بيروت.
٥ـ تفسير البحر المحيط. ط. دار الفكر. بيروت.
٦ـ تفسير فتح القدير. ط. دار المعرفة. بيروت .
٧ـ الجامع لأحكام القرآن. ط . دار إحياء التراث العربي. بيروت.
٨ـ الكشاف. ط. دار المعرفة . بيروت.
٩ـ زاد المسير . ط . المكتب الأسلامي. بيروت .
١٠ـ جامع البيان . ط. دار الفكر. بيروت.
١١ـ مجموعة التفاسير .ط . دار الفكر . بيروت .
١٢ـ النهاية في غريب الحديث و الأثر.
١٣ـ المفردات للأصفهاني . ط. دار المعرفة. بيروت.
١٤ـ الصحاح للجوهري . ط . القاهرة.
١٥ـ معجم مقاييس اللغة. ط. مكتبة الحلبى . مصر.
١٦ـ لسان العرب. ط . دار صادر. بيروت.
١٧ـ تاج العروس . ط .دار الفكر للنشر والتوزيع.

18_ Gedzelman, S.D., (1980): The Science and Wonder of the Atmosphere. John Wiley & Son, Inc.

19_ Frisinger, H.H., (1977): The History of Meteorology to 1800, Amer. Met. Soc. Science History Publications, ppl48

20_ Webster, E.W., (1968): The Works of Aristotle, Vol.111; Meteorologica. Oxford Uni_versity Press, pp.485

21_ Technical Note No. 124, (1973): The use of satellite picture, W.M.O. Publication No.333

22_ Ludlam, F.H., (1980): Clouds and Storms. The Pennsylvania State University Press.

23_ Anthes, R.A., Panofsky, H.A., Cahir, J.J., and Rango, A., (1978): The Atmosphere, Sec.7.4.2, Charles E. Merrill Puplishing company.

24_ Simpson, J., Westcott, N.E., Clerman, R.J., and Pieike, R.A., (1980): On Cumulus mer_gers, Arch. Meteori. Geophys.

25_ Simpson, J., (1980): Downdraft as linkages in dynamic cumulus seeding effects, J. Appl. Meteor., 19, pp485477-

26_ Rogers, R.R., (1979): A Short Course in Cloud Physics. Pergamon Press.

27_ Mason, B.J., (1971): The Physics of Clouds, Second Edition, Oxford Press.

28_ Workman, E.J., and Reynolds, S.E., (1948): A suggested mechanism for the generation of thunderstorm electricity, Phys. Rev., 74, p709

29_ Dinger, J.E., and Gun, R., (1948): Electrical effects associated with a change of state of water, Terr. Magn. Atmos. Elect., 51, p477

30_ Chalmens, J.A. (1956): The vertical electric current during continuous rain and snow, J. Atmos. Terr. Phys., 9, 311

31_ Latham, J. and Stow, C.D. (1965): The influence of impact velocity and ice specimen geometry on the charge Transferassociated with temperature gradient in ice.Q.J.R.M. Soc., 91, 462

32_ Pierce, D.C. and Cunie, B.W., (1949); Some qualitative Results on the electrification of snow, Can.J. Rev., A27, I

33_ Latham, J., and Mason, B.J., (1961): Generation of electric charge associated with the formation of soft hail in thunder clouds, Proc. R. Soc., A462, 260

34– Kiehbid, P.P., Brook, M., Chermitte, R.L., and Lension, C.L., (1980): Lightning charge structure in thunderstorms, VI Int. Conf. Atoms. Elec., Manchester.

35– Latham, J., (1981); The electrification of thunderstorms, G.J.R.M. Soc., Vol. 107, p277.

٣٦ـ گۆڤاری (الإعجاز العلمي) ژمارە (٤).

٣٧ـ کتێبی (إعجاز القرآن الكريم في وصف أنواع الرياح).

38_ whipple A. C., and the Editors of time (1982) – Life Books, storm, time - Life Books, Alexandria, VA.

39_ Mason, B. J. (1971), physics of clouds, clarendon press, Oxford, U.K.

﴿ أَلَمۡ تَرَ أَنَّ ٱللَّهَ يُزۡجِي سَحَابٗا ثُمَّ يُؤَلِّفُ بَيۡنَهُۥ ثُمَّ يَجۡعَلُهُۥ رُكَامٗا فَتَرَى ٱلۡوَدۡقَ يَخۡرُجُ مِنۡ خِلَٰلِهِۦ وَيُنَزِّلُ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مِن جِبَالٖ فِيهَا مِنۢ بَرَدٖ فَيُصِيبُ بِهِۦ مَن يَشَآءُ وَيَصۡرِفُهُۥ عَن مَّن يَشَآءُۖ يَكَادُ سَنَا بَرۡقِهِۦ يَذۡهَبُ بِٱلۡأَبۡصَٰرِ ﴾

# ڕەنگەکانی ئاگر و ئیعجازی فەرموودەیەک

ئامادەکردنی: مامۆستا جەمال موحەممەد ئەمین
jamalmhammad@yahoo.com

لەم بابەتەدا هەوڵ دەدەین کە ڕۆشناییەک بخەینە سەر ئاگر لە ڕووی زانستییەوە کە پشتڕاستکردنەوەیەکی بەهێز دەبێت بۆ فەرموودەیەکی پەیامبەر موحەممەد (ﷺ) کە سەبارەت بە ئاگر فەرموویەتی‌و لە دووایدا ئاماژەی بۆ دەکەین. بۆئەوە پێویستە باس لە تیشکدانی تەنی ڕەش بکەین واتە: (Black body radiation) کەوا زانراوە ئەو دیاردەیە لە لایەن زانا خۆرئاواییەکانەوە دۆزراوەتەوە، بەڵام موحەممەد (١٤) سەدە پێش ئێستا باسی کردوە. زاناکانی ئەمڕۆ جەخت لەوە دەکەنەوە کە ڕەنگی ئەو ڕووناکییەی تەنێکی گڕگرتوو یان سوتاو دەیدات پەیوەستە بە پلەی گەرمی ئەو تەنەوەو هەتا هەندێکیان ئەو پەیوەندییە بە پلەی گەرمی ڕەنگەکان ناوزەد دەکەن. کاتێک پلەی گەرمی تەنێکی گڕگرتوو بەرز دەبێتەوە ئەوا ڕەنگی ئاگرەکەی لە ڕەنگی سوری بینراوەوە دەگۆڕێت بەرەو نیلی‌و بنەوشەیی، پاشان سەروو بنەوشەیی کە نابینرێت‌و ئینجا ڕەنگە نەبینراوەکانی تر کە نەبینراون واتە ڕەش، چونکە لە زنجیرەی شەبەنگی شەپۆلە کارۆموگناتیسییەکاندا چاوی مرۆڤ تەنها بەشێکی زۆر کەمی دەبینێت کە بە ڕووناکی سپی یان بە شەبەنگی خۆر دەناسرێت‌و بریتین لە حەوت ڕەنگ کە ئەمانەن بە ڕیز لە درێژی شەپۆلی زۆرەوە بۆ درێژی شەپۆلی کەم (سور، پرتەقاڵی، زەرد، سەوز، شین، نیلی، بنەوشەیی)، ئیتر هەر ڕووناکییەک یان ڕەنگێک درێژی شەپۆلەکەی زیاتر بێت لە درێژی شەپۆلی ڕەنگی سور ئەوە بە شەپۆلەکانی خوار سور دەناسرێت‌و مرۆڤ نایانبینێت‌و هەر ڕەنگێک یان ڕووناکییەک درێژی شەپۆلی لە درێژی شەپۆلی ڕەنگی بنەوشەیی کەمتر بوو دیسان چاوی مرۆڤ نایانبینێت. کاتێک تەنێک دەست بە گەرم بوون دەکات ئەوا پلەی گەرمییەکەی وردە وردە بەرز دەبێتەوە کە لەگەڵ ئەو بەرزبوونەوەش ڕەنگی ئەو تەنە دەگۆڕێت لە سورەوە بۆ پرتەقاڵی‌و زەردو سەوز تا لە دوایدا دەبێتە سپی‌و ئینجا ڕەنگەکانی تر کە چاوی مرۆڤ نایانبینێت کە زاناکان دەڵێن: ڕەنگی ڕەش دوا ڕەنگی بینراوە لە لایەن چاوی مرۆڤەوە، کە لە ڕاستیدا هیچ ڕەنگێک ناگەیەنێت، بەڵام نابێت ئەوەمان لە بیر بچێت کە چاوی مرۆڤ ئەو گۆڕانگارییانە ئا بەو وردییە نابینێت، بەڵکو ئەوەی چاو دەیبینێت ڕەنگی سوورەو دووایی سپی بوونەوەی ئەو تەنە گەرمکراوەیە.

لە ڕووی زانستییەوە زاناکان یاسای فیزیایی زۆر گرنگیان داناوە دەربارەی تیشکدانی تەنەکان بە تایبەتی تیشکدانی تەنی ڕەش بە پێی ئەو یاسایە لەرەلەری ڕووناکی واتە وزەکەی ڕاستەوانە دەگۆڕێت لەگەڵ پلەی گەرمیەکەیدا، واتە ئێمە دەتوانین ڕەنگی شەبەنگی هەر ڕووناکیەک بمانەوێت دیاری بکەین بە زانینی پلەی گەرمی ئەو ڕووناکیە، ئەگەر تەنێکی ڕەشیش گەرم بکەیت بۆ (١٩٠٠) پلەی پەتی ئەوا ئەو تەنە بە ڕەنگی پرتەقاڵی دەدرەوشێتەوە، ئەگەر پلەی گەرمی بەرزبووەوە ئەوا ڕەنگی دەگۆڕێت بۆ زەردو ئینجا سپی‌و پاشان شین. هەروەها زاناکان لەسەر ئەوە کۆکن کە ئەگەر تەنێک گەرمکرا بۆ پلەیەکی گەرمی زۆر بەرزی ناکۆتا ئەوا درێژی شەپۆلەکەی دەبێتە سفر، واتە هیچ ڕووناکییەکی نابێت واتە ئەو تەنە ڕەشە دەردەکەوێت بەڵام بێگومان ئەوە تەنها لە ڕووی تیۆرییەوە، چونکە بە کرداری ناتوانرێت پلەی گەرمی تا ناکۆتا بەرز بکرێتەوە لەم دونیایەداو هیچ تەنێک بەرگەی ئەو پلە گەرمییە زۆر بەرزە ناگرێت.

درێژی شەپۆلی ڕووناکی بینراو لە نێوان (٧٨٠-٣٨٠) نانۆمەترە واتە تێکڕایی درێژی شەپۆلی ڕەنگی سوور ٧٨٠ نانۆمەترە و تێکڕایی درێژی شەپۆلی بنەوشەیی ٣٨٠ نانۆمەترە (١ نانۆ = ١٠ – ٩ م )، واتە ئەگەر ئەستێرەیەک پلەی گەرمییەکی لە سنوری ٤٠٠٠ پلەی پەتیدا بێت ئەوا بە ڕەنگی سور دەدرەوشێتەوە، بەڵام ئەو ئەستێرانەی کە پلەی گەرمیان لە سنووری ١٠٠٠٠ پلەی پەتیدایە ئەوا بە ڕەنگی سپی دەردەکەون، ئەو ئەستێرانەی پلەی گەرمیان لە سەروو ١٠٠٠٠ پلەی پەتیدان ئەوا بە ڕەنگی شینی تۆخ دەردەکەون واتە (سور- سپی- شین) بەڵام بۆچی شین؟

لە ڕاستیدا ڕەنگی سپی پێکدێت لەو حەوت ڕەنگەی پێشوو کە بە شەبەنگی خۆر دەناسرێن، بەڵام بە پێی ئەوەی زاناکان پێی گەیشتون وە تێی گەیشتون هەریەکە لەو ڕەنگانە پلەی گەرمی تایبەت بە خۆیان هەیە، بۆ نموونە پلەی گەرمی ڕەنگی سور ١٦٠٠ پلەی پەتییەو ڕەنگی سپی زەردباو ٦٠٠٠ پلەی پەتیەو ڕەنگی شین ١٠٠٠٠ پلەی پەتیە، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە ڕەنگی سور ساردترە لە ڕەنگی شین کە زاناکان لەم دووایانەدا گەیشتوون بەو ڕاستییە!

بەڵام ئەگەر ئەو تەنە لەوەش زیاتر گەرمکرا ئەوا ڕەنگی دەبێتە سپی کە کۆکراوەی هەموو ڕەنگەکانە، واتە ئەو تەنەی تا پلەی سپی بوونەوە گەرمکرا ئەوا لە هەموو پلەکانی پێشوو گەرمتر دەبێت. بەڵام سەبارەت بە ڕەنگی ڕەش، زۆربەمان کونی ڕەشی بیستووە کە دوا قۆناغی تەمەنی ئەستێرەکانە، کاتێک ئەستێرەیەک دەگاتە قۆناغی کونی ڕەش ئەوە هێزی کێشکردن‌و




چڕی ماددەکەی دەگاتە ئەوپەڕی‌و ناشبینرێت، بۆیە ئەوە دواقۆناغی گۆڕانی ڕەنگەکانە لە تەمەنی ئەستێرەکاندا، بۆیە دەتوانین بڵێین کە ڕەنگی ڕەش دوا ڕەنگی گەرمکردنە کە زاناکان ئەو قۆناغە نەبینراوە ناوزەد دەکەن بە ڕەنگی ڕەش.

واتە ئێمە واین لە بەردەم سێ ڕەنگی سەرەکیدا کە ئەوانیش سور، سپی‌و ڕەشن کە نەبینراوە کە لە نێوان ئەو ڕەنگانەشدا ڕەنگەکانی تری شەبەنگی خۆر هەن، کە لە سورەوە دەست پێدەکات‌و دەگاتە بنەوشەیی‌و پاشان نابینرێن کە ئەوەش ڕەش بوونە، چونکە چاوی مرۆڤ سەروبنەوشەیی‌و خوار سوریش نابینێت.

فەرموودەی پەیامبەری ئیسلام موحەممەد (ﷺ):

لە بەر ڕۆشنایی ئەو ڕاستییە زانستییانەی پێشوو کە لەم دووایانەدا زانست پێی گەیشتووە جێی خۆیەتی کە ئاماژە بکەین بۆ فەرموودەیەکی پەیامبەر دەربارەی ئاگر کە لە سەردەمێکدا فەرموویەتی کە ئاگر پەرستراوە لای زۆربەی بێ بڕواو هاوبەش دانەران! پەیامبەری ئیسلام دەربارەی ئاگر فەرموویەتی:

(أوقد على النار ألف سنه حتى احمرّت، ثم أوقد عليها ألف سنة حتى ابيضت، ثم أوقد عليها ألف سنة حتى اسودّت، فهي سوداء مظلمة) رواه الترمذي.

واتە: (ئاگرێک کراوەتەوە (مەبەستی ئاگری دۆزەخە) کە پلەی گەرمی ماوەی ١٠٠٠ ساڵ لە بەرزبوونەوەدا بووە تا ڕەنگی سور بوو، ئینجا ١٠٠٠ ساڵی تر تینی درایە تا ڕەنگی سپی بوو، پاشان ١٠٠٠ ساڵی تر تینی درایە تا ڕەنگی ڕەش بوو، لەبەرئەوە ئاگرەکە ڕەش‌و تاریکە) ترمزی گێڕاویەتیەوە. کە ڕەنگی سپی کۆکراوەی هەموو ڕەنگەکانی شەبەنگی خۆرەو زاناکان بە ڕەنگێکی ناوەندییان داناوە لە نێوان سورو ڕەشداو بە هەمان شێوەش لە فەرموودەکەدا هاتووە، هەروەها لە فەرموودەکەدا بە ئاشکرا باس لە پەیوەندی نێوان پلەی گەرمی‌و ڕەنگ دەکات بەو شێوەی کە ئەمڕۆ زانست باسی دەکات، ڕەنگی سوور ساردترە لە ڕەنگی سپی‌و ئەویش ساردترە لە ڕەنگی ڕەش کە ئەو ڕەنگەی دووایی گوزارشە لە ڕەنگی شەپۆلە کارۆموگناتیسییەکانی سەروبنەوشەیی کە بە چاوی مرۆڤ نابینرێن، جگە لەوانە لە فەرموودەکەدا باس لە کات کراوە، واتە گۆڕینی ڕەنگەکان لە سورەوە بۆ سپی‌و دووایی بۆ ڕەش ئەوە بۆ خۆی کاتی دەوێت کە ئەوەش مانای بەرزکردنەوەی پلەی گەرمی ئاگرەکەیە کە پێویستی بە کاتێک دەبێت‌و زانستیش بە هەمان شێوە باس لەوە دەکات هەرچەندە ئەو کاتە بۆ ئاگری دونیا زۆر کەمە، بەڵام با ئەوەمان لە بیر نەچێت کە ئەو ئاگرەی فەرموودەکە باسی دەکات ئاگری ڕۆژی دواییەو زۆر جیاوازە لەم ئاگرەی ئێمەی مرۆڤ دەیزانین.

لە فەرموودەیەکی تردا پەیامبەر باس لەو ڕاستیەٍش دەکات‌و دەفەرمووێت:

(نار بني آدم التي توقدون جزء من سبعين جزءاً من نار جهنم، قالٍوا: يا رسول الله إن كانت لكافية ؟ فقال: إنها فضلت عليها بتسعة وستين جزءا) رواه البخاري.

واتە: ئاگری دونیا ئەوەی کە ئێمەی ئادەمیزاد بەکاری دێنین بە شێکە لە ٧٠ بەشی ئاگری دۆزەخ، واتە ئاگری دۆزەخ ٦٩ بەشی ٧٠ بەشەکەیەو ئاگری دونیاش یەک بەشی ئەو ئاگرەیە، بە مانایەکی دی ئاگری دۆزەخ ٧٠ هێندی ئاگری دونیایە!

خوێنەری بەڕێز بۆ ئەوەی زیاتر گەورەیی ئاگری ڕۆژی دواییت بۆ دەربکەوێت سەرنج بدە لەو ماوەیەی فەرموودەکە باسی دەکات ١٠٠٠ ساڵ بە هەژشماری خوایی کە هەر یەک ڕۆژی ئەو ساڵە دەکاتە هەزار ساڵی ئێمە!! وەک قورئان دەفەرمووێت :

﴿ وَيَسْتَعْجِلُونَكَ بِٱلْعَذَابِ وَلَن يُخْلِفَ ٱللَّهُ وَعْدَهُۥ ۚ وَإِنَّ يَوْمًا عِندَ رَبِّكَ كَأَلْفِ سَنَةٍ مِّمَّا تَعُدُّونَ ﴿٤٧﴾ ﴾ الحج.

دەی ئێستا بیر بکەرەوە لە گەورەیی‌و تورەیی ئەو ئاگرە کە ئەگەر بەراوورد کرا بە ئاگری دونیاو هەرگیز بەراوردیش ناکرێت، ئەوا ئاگری دونیا لە چاو ئەو ئاگرەدا لە سەهۆڵیش ساردتر دەبێت، بۆیە پێویستە هەر هەموومان بڵێین:

﴿ وَٱلَّذِينَ يَقُولُونَ رَبَّنَا ٱصْرِفْ عَنَّا عَذَابَ جَهَنَّمَ ۖ إِنَّ عَذَابَهَا كَانَ غَرَامًا ﴿٦٥﴾ إِنَّهَا سَآءَتْ مُسْتَقَرًّا وَمُقَامًا ﴿٦٦﴾ ﴾ الفرقان

سوود لە سایتی www.kaheel7.com وەرگیراوە .

# پاراستنی دەستنووسەکانی قورئانی پیرۆز

## لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکاریی لەگەڵ دەستنووسەکانی گەلانی خاوەن کتێب

ئامادەکردنی: فراس نور الحق

و: نەرمین عومەر



وێنەیەک لە موسحەفە دەستنووسەکانی عوسمانی کوڕی عەففان لە قاهیرە

خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت: ﴿ إِنَّا نَحۡنُ نَزَّلۡنَا ٱلذِّكۡرَ وَإِنَّا لَهُۥ لَحَٰفِظُونَ ٩ ﴾ الحجر، ﴿ أَفَلَا يَتَدَبَّرُونَ ٱلۡقُرۡءَانَۚ وَلَوۡ كَانَ مِنۡ عِندِ غَيۡرِ ٱللَّهِ لَوَجَدُواْ فِيهِ ٱخۡتِلَٰفٗا كَثِيرٗا ٨٢ ﴾ النساء.

ڕەنگە یەکێک لە گرنگترین ڕووەکانی ئیعجازی قورئانی پیرۆز پاراستنی لە تەحریفکردن (گۆڕینی واتاو مەبەستە قورئانییەکان) بێت، هەروەها ڕەنگە یەکێک لە ڕووەکانی پاراستنی لە تەحریفکردن پاراستنی ئەو دەستنووسانەی بێت، کە ئێستا لە مۆزەخانە ڕۆژئاوایی و عەرەبییەکاندا لە بارێکی زۆر باشدان، لەگەڵ ئەوەی زیاتر لە (١٤٣١) ساڵ بەسەرنووسینی ئەم دەستنووسانەدا تێپەڕبووە، کە زۆربەیان بۆ سەدەی یەکەمی کۆچیی دەگەڕێنەوەو هەندێکیشیان بۆ ساڵانی یەکەمی وەفدەکان دەگەڕێنەوە، بە پێنووسی نووسەرانی سروش (الوحي)، نموونەی عەلی کوڕی ئەبی تاڵب و زەیدی کوڕی سابت (ڕەزای خوایان لێبێت)..

### قۆناغەکانی نووسینەوەی قورئانی پیرۆز

#### سەردەمی پێغەمبەر (ﷺ):

پێغەمبەر (ﷺ) زۆر بەتەنگ ئەوەوە بوو، کە خوای گەورە ئەوەی لە قورئان بۆی ڕەوانە دەکات تۆماربکرێت، تەنانەت لە سەرەتادا نەهیکرد لە نووسینەوەو تۆمارکردنی هەرشتێک جگە لە قورئانی پیرۆز، بەجۆرێک لە فەرموودەیەکەوە،کە ئەبی سەعیدی خودری گێراویەتییەوە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ( لا تكتبوا عني شيئا سوى القرآن، فمن كتب عني غير القرآن فليمحه). (هیچ شتێک لە منەوە مەنووسنەوە جگە لە قورئان، هەر یەکێکتان شتێکی لەمنەوە وەرگرت جگە لە قورئان با بیسڕێتەوەو نەیهێڵێت).

نووسەرەکانی پێغەمبەر (ﷺ) ژمارەیان گەشتە چل و سێ نووسەر، هەندێکیان تەنها خۆی بۆ نووسینەوەی وەحی تەرخانکردبوو، لە بەناو بانگترینیان (عوسمانی کوڕی عەففان، عەلی کوڕی ئەبی تاڵب، زەیدی کوڕی سابت، ئەبی کوڕی کەعب، عەبدوڵای کوڕی سەعدو حەنزەڵەی کوڕی ڕەبیع) بوون.

پێغەمبەر (ﷺ) گرنگیی بە تۆماکردنی دەقە قورئانییەکان دەدا، هەر لەو کاتەوە کە هاتنە خوارەوەی قورئان لە مەککە دەستیپێکرد. لە چیرۆکی ئیسلامبوونی عومەری کوڕی خەتابدا (خوای لێ ڕازی بێت) هاتووە، سورەتی (طه) لە پەڕەیەکدا نووسرابووەوە لە ماڵی فاتمەی کچی خەتاب، خوشکی عومەر بوو، خەبابی کوڕی ئەلئەرت، قورئانی لەو پەڕەیەدا بۆ فاتمەو مێردەکەی دەخوێندەوە، ئەو پەڕەیەی سورەتی (طه)ی لەسەربوو یەکێک بوو لەو پەڕە زۆرانەی، کە لە نێوان ئەوانەی لە مەککە موسڵمان بوون دەستاو دەستی دەکرد. سورەتی دیکەش لە قورئان تۆمارکرابوون.

لە فەرموودەیەکدا هاتووە، کەسێک چوو بۆ لای زەیدی کوڕی سابت، پێی وت هەندێک فەرموودەی پێغەمبەرمان (ﷺ) بۆ باسبکە، ئەویش وتی: چیتان بۆ باسبکەم؟ من دراوسێی پێغەمبەر (ﷺ) بووم، کاتێک وەحی بۆ دادەبەزی، دەینارد بەدوای منداو منیش وەحیەکەم دەنووسییەوە...)

پێغەمیەر (ﷺ) کاتێک وەحی بۆبهاتایە بەو کەسەی لەو کاتەدا لای بوو دەیفەرموو، زەیدم بۆ بانگبکەن، با لەوح و شووشە مرەکەبەکە بهێنێت، پاشان پێی دەفەرموو بنووسە..... بەوجۆرە ئایاتەکانی پێ دەنووسییەوە.

ئەوەی پێویستە تێبینی بکەین، ئەوەیە کە پێغەمبەر (ﷺ) بەسەر ئەو قورئانەدا دەچووەوە، کە هاوەڵان دەیانووسییەوە، زەیدی کوڕی سابت دەڵێت : لای پێغەمبەر (ﷺ) وەحیم دەنووسییەوە، کە پێغەمبەر (ﷺ) پێی دەنووسیمەوە، کاتێکیش تەواو دەبووم، پێی دەفەرمووم: بیخوێنەرەوە، ئەگەر هەڵەیەکی تێدابووایە، ڕاستی دەکردەوە).

زانایان ئەوەیان دیاریکردووە، (کە قورئان هەمووی لەسەردەمی پێغەمبەر (ﷺ) خۆیدا لە پەڕەو لەوحی تەختەدا نووسراوەتەوە، بەڵام هەمووی لەیەک شوێندا کۆنەکرابووەوەو سورەتەکان ڕێکنەخرابوون) . (لطائف الإشارات لفنون القراءات ـ القسطلاني – شهاب الدين أحمد بن محمد بن أبى بكر)

ئەگەر ئەم هەموو هەواڵانە بەڵگەبن، ئەوا یەکەم بەڵگە ئەوەیە، کە پێغەمبەر (ﷺ) ئامانجی نووسینەوەی هەموو قورئان بووە، بەمەش لە ونبوون یان لەدەستدانی هەر بەشێک لێی دەیپارێزێت. بەو شێوەیەش پێغەمبەر (ﷺ) کۆکردنەوەو نووسینەوەی قورئانی کردە سوننەتێک. فەرمانی بەوەداوەو بە نووسەرەوەکانی نووسیووەتەوە. هەروەها پێغەمبەر (ﷺ) کۆچی دوایی نەکرد، هەتا سەرجەم قورئانی بە کۆمەڵێک لە هاوەڵان لەبەرکرد. ئەوانی دیکەش لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) هەندێک قورئانیان لەبەردەکرد یان فێری دەبوون و شوێن و جێگەیان دەزانی بەجۆرێک، کە لەو ڕۆژگارەدا دەزانرا کێ لەوانە نییە، کە هەموو قورئانی لەبەرە). (لطائف الإشارات لفنون القراءات ـ القسطلاني ـ شهاب الدين أحمد بن محمد بن أبى بكر)

### کۆکردنەوەی قورئان لە موسحەفی ئیمامدا لە سەردەمی خەلافەتی ئەبوبەکردا

دوای کۆچی دوایی پێغەمبەر (ﷺ) و کوژرانی زۆرێک لەوانەی قورئانیان لەبەربوو، ئەمەش لەکاتی دامرکاندنەوەی ئەو فیتنانەی دوای کۆچی دوایی پێغەمبەر سەریان هەڵدا، بەتایبەت جەنگی یەمامە. عومەری کوڕی خەتاب لەوە ترسا، کە بە کوژرانی ئەوانەی قورئانیان لەبەرە ئیتر قورئان لەدەستبچێت، بۆیە داوای لە ئەبوبەکر کرد، کە قورئان لەیەک موسحەفدا کۆبکاتەوە، ئەبوبەکریش فەرمانی بە زەیدی کوڕی سابت کرد، کە قورئان لە موسحەفی ئیمامدا کۆبکاتەوە، ئەمەش لەژێرچاودێریی و سەرپەرشتیی خۆیداو بە ئامادەبوونی لیژنەیەک لە هاوەڵان ئەنجامدرا.

### لەبەرگرتنەوەی موسحەفەکان لەلایەن عوسمانەوە:

لە ئەنەسی کوڕی مالکەوە دەڵێت: حوزەیفەی کوڕی یەمام چووە لای حەزرەتی عوسمان، لەکاتێکدا غەزای خەڵکی شامی دەکرد، لە فەتحی ئەرمینییەو ئەزەربیجان لەگەڵ خەڵکی عێراق، حوزەیفە زۆر ترسا لە جیاوازیی ئەو گەلانە لە خوێندنەوەدا، بۆیە حوزەیفە بە عوسمانی وت ئەی پێشەوای موسڵمانان فریای ئەو ئوممەتە بکەوە پێش ئەوەی جیاوازییان تێبکەوێت لە کتێبەکەیاندا وەک ئەو جیاوازییەی یەهودو نەساراکان، بۆیە عوسمان هەواڵی نارد بۆ حەفسە پێی فەرموو (ئەو موسحەفەمان بۆ بنێرە، بۆئەوەی چەند موسحەفێکی تری لەبەربگرینەوە، ئەوکاتە دەینێرینەوە بۆت) ئەنجا حەفسە ئەو موسحەفەی بۆ عوسمان نارد. ئەویش فەرمانی بە (زەید و عەبدوڵای کوڕی زوبیرو سەعیدی کوڕی

عاص و عەبدالڕەحمانی کوڕی حارس )دا ، ئەوانیش چەند موسحەفێکیان لەبەرگرتەوە. عوسمان بە هەرسێ کۆمەڵەکەی قورەیشی فەرموو ( ئەگەر لە شتێکی قورئان جیاوازیی کەوتە نێوانتانەوە، ئەوا بینووسن، چونکە قورئان بە زمانی ئەوان دابەزیوە)، ئەمەیان جێبەجێکرد، دوای ئەوەی بە زمانی قورەیش لەبەر موسحەفەکەدا چەند موسحەفێکی تریان گرتەوە، عوسمان موسحەفەکەی بۆ حەفسە ناردەوە، پاشان بۆ هەموو شوێنەکان موسحەفێکی لەوانە نارد، فەرمانی کرد بە سووتاندنی هەر پەڕەیەک یان موسحەفێک جگە لەوانەی لە موسحەفەکەی حەفسەوە لەبەرگیرابوونەوە.

تائێستاش هەزاران دەستنووسی ئەو موسحەفانە، کە زۆربەیان بۆ سەدەکانی یەکەمی کۆچی دەگەڕێنەوە، بۆ نموونە ئەو موسحەفەی بە دەستی عەلی کوڕی ئەبی تاڵب نووسراوەتەوە (لەگەڵ کۆمەڵێک لە دەستنووسەکانی شاری سەنعا، کەلەپێشانگای هەمیشەیی مەسحەفەکان لە سەنعا لە خانەی دەستنووسەکاندان ) لە مۆزەخانە جیهانییەکانی تورکیا، قاهیرە، سەنعا، پاریس، لەندەن ....هتد دابەشبوون. هەموویان لە باری زۆر باشدان وەک بەڵگەنامەیەکی باوەڕپێکراو، کە بەڵگەن لەسەر ئەوەی، مەحاڵە قورئان تەحریف بکرێت، ئێستاش هەر وەک ئەو کاتە وایە، کە پێش ( ١٤٣١) ساڵ بۆ پێغەمبەرمان (ﷺ) هاتەخوارەوە.

## نموونەی ڕاستیی لەسەر مانەوەی دەستنووسە قورئانییەکان

### * دەستنووسەکانی موسحەفی سەنعا

گرنگترین شتێک،کە لەم سەردەمی نوێدا دۆزرایەوە، ئەو موسحەفە کۆنانە بوو،کە ( ٤٠,٠٠٠ رق ـ پەڕە) ژمارەی پەڕەکانی ئەو موسحەفە پیرۆزانەن، لە سەقفی مزگەوتی گەورەی سەنعادا لە ساڵی (١٣٨٥)ی کۆچی بەرامبەر (١٩٦٥) ز دۆزرانەوە، ئەم موسحەفانە بۆ سەدەی یەکەم و دووەم و سێیەمی کۆچی دەگەڕێنەوە، لەبەر دێرینی و زۆریی ئەم موسحەفانە، بە گرنگترین موسحەف لە جیهانی ئیسلامیدا دادەنرێن.

ئەم موسحەفانە لەلایەن لیژنەیەکی ئەڵمانییەوە لە زانکۆی هامبۆرگ لێکۆڵینەوەیان لەسەرکراوە، هەروەها مامۆستا غەسان حەمدون پسپۆر لە دەستنووس و خوێندنەوە قورئانییەکاندا، هەڵسا بە لێکۆڵینەوەلە دەسستنووسەکانو لەچەند کتێبێکدا پۆلێنی کردن، لەوانە کتێبی ( المخطوطات القرآنية في صنعاء من القرن الأول والثاني الهجريين وحفظ القرآن الكريم ). هەروەها پێگەی یونسکۆ هەڵسا بە بڵاوکردنەوەی وێنەی دەستنووسە قورئانییەکانی سەنعا.

ئەمەش هەندێک وێنەی ئەو دەستنووسانەن



سورەتی المرسلات (٥-٢٧) بۆ ماوەی نێوان سەدەی دووەم و سێهەمی کۆچی دەگەڕێتەوە



سورەتی الأسراء لە ئایەتی ٢٠ بۆ ٢٢

**دەستنووسەکانی موسحەفی عوسمانی کوڕی عەفان (مۆزەخانەی توب قابی سرای لە ئەستەمبول)**

ئەم موسحەفە بە وێنە ڕەسەنەکەی (النسخة الاصلية) لە مۆزەخانەی توب قابی سرای لە ئەستەمبول پارێزراوە، ناوبانگی بەهەموو جیهاندا بڵاوبووەتەوە. بەپێی بەدواداچوونی بڕواپێکراوی ئەم موسحەفە، ئەوە دەرکەوت، کە لەناو کتێبە دەروونییەکانی قاهیرەدا پارێزرابوو، پاشان والي ميسر (محەمەد عەلي پاشا) پێشکەشی کرد بە سوڵتان مەحموودی دووەمی عوسمانی لە ساڵی (١٢٢٦ ک ـ ١٨١١ ز)، ئەم وێنە ناوازەیە لەو مێژووەوە لە کۆشکی توب قابی پارێزرا لە نێوان دەستکەوتە پیرۆزەکاندا.

پاش ئەوەی کۆشکەکە بوو بە مۆزەخانەو لەبەردەم خەڵکدا کرایەوە، ئەم موسحەفە دەستنووسە بوو بە گرنگترین ئەو شتانەی هەزاران میوان دەیانبینی وەک یەکێک لە زێڕە ناوازەکان. هەروەها کاریگەریی لای موسڵمانان بەجێدەهێشت بەتایبەت ئەوانەی گرنگیی بە شوێنەواری ئیسلامیی دەدەن و لێکۆڵەرو توێژەرن لەو بوارەدا.

ئەم موسحەفە ساغکردنەوەو لێکۆڵینەوەی لەبارەوەکراوەو لەسەر ئەرکی شێخ سوڵتان بن محەمەد قاسمی حاکمی شارقەو ئەندامی ئەنجوومەنی باڵا لە وڵاتی ئیمارات چاپکراوە، هەروەها دکتۆر (طيار التي قولاج) شارەزای بەناوبانگ لە بواری زانستەکانی قورئان لە تورکیاو سەرۆکی پێشووی دەستەی کاروباری ئاینیی، هەڵسا بە ساغکردنەوەی زانستیی ئەم موسحەفەو ئەرکی ئامادەکردنی بۆ بڵاوکردنەوە گرتە ئەستۆ، دەقەکانی ئەم موسحەفە (٨٢٠) لاپەڕەیە بە قەبارەیەکی گەورە بە دەسپێکی سورەتی (الفاتحة) تا کۆتایی هاتنی بە سورەتی (الناس) .هەروەها (مركز الأبحاث للتاريخ والفنون والثقافة الإسلامية بإسطانبول (إرسيكا) هەڵسا بە بڵاوکردنەوەی لێکۆڵینەوەو ساغکردنەوەی ئەم موسحەفەی بۆ خەلیفەی راشدین عوسمانی کوڕی عەفان دەگەڕێتەوە.

دەستنووسەکانی موسحەفی عوسمانی کوڕی عەفان (قاهیرە)



سورەتی المائدة ئایەتی (٦٠ - ٦١)



کۆتایی سورەتی المائدة و سەرەتای سورەتی الأنعام ئەم دەستنووسە بۆ سەدەی دووەم و سێهەمی کۆچی دەگەڕێتەوە

موسحەفی سێهەم خەلیفەی راشدین پێشەوای موسڵمانان عوسمانی کوڕی عەفان (خوا لێی ڕازی بێت) ئەم موسحەفە یەکێکە لەو موسحەفانەی بە فەرمانی عوسمانی کوڕی عەفان لەبەرگیرابووەوەو چواریانی لێناردبوو بۆ میسرو دووانیان لە مەدینەدا مانەوە. ئەم موسحەفە لە گەنجینەی کتێبەکانی قوتابخانەی (الفاضلية)دا پارێزرابوو، ئەم قوتابخانەیە دادوەر (عبدالرحيم البيساني العسقلاني) لە سەردەمی ئەیوبیی دروستیکردبوو، پاشان سوڵتان (الملك الأشراف أبو النصر قنصوة الغوري) کۆتا سوڵتانی دەوڵەتی مەملوکیە، گوێزایەوە بۆئەو قوبەیەی، کەبەرامبەر قوتابخانەکە دروستی کردبوو لە نزیک (الأقباعيين) لە ناو (باب زويلة) دا، هەروەها شوێنەوارەکانی پێغەمبەریشی (ﷺ) بۆ ئەوێ گوێزایەوە. هەروەها بەرگێکی تایبەتی بۆ کرد، ئەوەی لەسەر نەخشکرد، کە لە دوای نووسینی موسحەفی عوسمانی بە هەشت سەدو حەفتاو چوار ساڵ کراوە، واتە لەساڵی (٩٠٩)ی کۆچیدا، بەم شێوەیە بۆ ماوەی سێ سەدە بەپارێزراویی مایەوە.

لەساڵی (١٣٠٥)ی کۆچیدا موسحەفەکەو بەرگەکەو شوێنەوارە پێغەمبەرییەکان دوای گوێزانەوەیان بۆ حوسەین کوڕی ئەبی تالب (ڕەزای خوای لێبێت)، لە ساڵی (١٤٢٧)ی کۆچیدا کتێبخانەی ناوەندیی دەستنووسە ئیسلامییەکان هەڵسا بە گوێزانەوەی بۆ کتێبخانەکە، لەوێدا بۆیەکەم جار وێنەی پەڕەکانی لەسەر سی دی گیرانەوە.




وێنەی موسحەفی عوسمانی کوڕی عەففان، کە خراوەتە سندوقێکی شوشەیی لە مزگەوتی الحسین لە قاهیرە.

## بەراود لەگەڵ دەستنووسەکانی کتێبی پیرۆزدا:

سەرچاوەو ئەدەبیاتی ئینجیل و تەورات لەسەریەکۆکن، کە وێنە ڕەسەنەکەی دەستنووسی کتێبی پیرۆز لەدەستچووە و نەماوە، بۆنموونە ئەم دەقە بخوێننەوە ( (ئێستا دەستنووسە ڕەسەنەکانمان لەلا نییە، واتە ئەو نوسخانەی ئێستا بە دەستوخەتی نووسەرێکی هەر بەشێک لە بەشەکانی کتێبی پیرۆزی سەردەمی کۆن یان نوێن، ئەم دەستنووسانە، ڕەنگە بەهۆی زۆر بەکارهێنانیانەوە لەکەڵک کەوتبن، یان هەندێکیان تووشی شاردنەوە بوون لە سەردەمەکانی چەوساندنەوەدا، بەتایبەتی، کە بەشێکیان لەسەر پەڕەی (البردی) نووسرابوون، کە زوو لەناودەچێت) (سەرچاوە: مخطوطات الکتاب المقدس بلغاته الأصلیة تألیف الشماس الدکتور ماهر إیمیل إسحاق).

## تەحریفکردنی دەستنووسەکانی کتێبی پیرۆز

لە سەدان ساڵەوە دەستنووسەکانی کتێبی پیرۆز تووشی تەحریفکردن هاتوون و دەستنووسە ڕەسەنەکان نین، چونکە دەستنووسە ڕەسەنەکان وەک پێشتر باسمانکرد نەماون، لەو دەستنووسە گرنگانە (دەستنووسەکانی فاتیکان، ئەوانەی بە مجەلەدەکانی فاتیکان ناسراون) و دەستنووسەکانی (نجع حمادی) و دەستنووسەکانی (سیناء).

ئەمەش بەوێنەوە گرنگترین، ئەو تەحریف کردنانەیە، کە دەرکەوتوون و ڕوونن لەبەرچاو:

αμαθε
στατε και
κακε,
αφες
τον πα
λαιον,
μη μετα
ποιει.



وێنەیەکی لاپەڕە ١٥١٢ لە موجەلەدی ڤاتیکانی، کەلە مۆزەخانەی ڤاتیکان پارێزراوە، لای چەپ تەعلیقێک بۆ عیبرانییەکان نووسراوە و دەڵێت (ئەی بێئەقڵ، ئەی فێڵباز ئایا ناتوانیت خوێندنەوە کۆنەکە وەک ڕەسەنەکەی خۆی بهێڵیتەوەو تەحریفی نەکەیت)



وێنەی دەستکاریی کردنی دەستنووسە ڤاتیکانیەکە، دەبینین، کەسێک دەستکاریی کردووە ئەوەی ویستوویەتی لە دەقەکانی کوژاندوویەتیەوەو دەقێکی تری بۆ زیادکردووە.



ئەمەش دەستکاریی کردنێکی تری ئینجیلی لۆقایە ١٠:٣٩ ئەم دەستکاریی کردنە لە پەڕەی ١٣٢٥ دا یە لە دەستنووسە ڤاتیکانییەکەدا

## پوختە:

قورئانی پیرۆز تاکە کتێبی پارێزراوە، کە خوای گەورە بەڵێنی پاراستنی داوەو یەکێک لە دیاردەکانی پاراستنی دەستنووسەکانی، کە تائێستا بە ساغیی ماونەتەوەو بەتەواویی لەگەڵ ئەو قورئانەی ئێستا لەبەردەستماندایە، بە بەڵگەنامەیەکی مێژوویی دادەنرێن، دەربارەی تەحریفنەکردنی قورئان، بە پێچەوانەی کتێبی پیرۆزەوە، کە بەڵگەنامە ڕەسەنەکانی لەکیسچوون و هیچ بەڵگەنامەیەک لەسەری نەماوە، بەم شێوەیە قورئانی پیرۆز تاکە کتێبی پیرۆزە، کە وەک خۆی ماوەتەوەو بێ تەحریفکردن، وەک ئەوەی خوای گەورە بۆ پێغەمبەر موحەممەدی (ﷺ) ناردووەو هەر ئەو قورئانەش خاوەن هەقی پێڕەوکردنە.




ئەم کتێبە تایبەتە بەباسکردنی تەحریفکردن لە کتێبی پیرۆزدا، بۆ دەستکەوتنی دەتوانن سەردانی ئەم پێگەیە بکەن www.55a.net

# ئیعجازی ژمارەیی و زنجیرەیی لە قورئاندا

م. شەماڵ عبدالرحمن موفتی
shamalmufti@gmail.com

**پێشەکی:**

﴿وَكَأَيِّن مِّنْ ءَايَةٍ فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ يَمُرُّونَ عَلَيْهَا وَهُمْ عَنْهَا مُعْرِضُونَ ١٠٥﴾ يوسف[1]، (موعجیزە) کارێکی خواییە بە شێوەی (تحدی) دەردەکەوێت لەسەر دەستی پێغەمبەرەکەی کە لە ئاسایی بەدەرە و لە توانای مرۆڤدا (چ تاک و چ کۆمەڵ) نییە بەرەنگاریی ئەو تەحەددایە بکەنەوە، مەبەستیش ئەوەیە کە خەڵکی باوەڕ بهێنن بەو پێغەمبەرە و تەسدیقی پەیامەکەی بکەن.

وەک ئاشکرایە هەر پێغەمبەرێک (دروودی خوایان لەسەر) جۆرە موعجیزەیەکی پێ درا بوو، کە لە بواری (حسی)دا بوون. واتە: ئەو موعجیزەیە بە هەستەکان (الحواس) دەبینرا و دەبیسترا و هەستی پێدەکرا و زۆر کاریگەریی توندو بەهێز و راستەوخۆشی هەبووە بۆ ئامادەبووانی بینینی ئەو موعجیزەیە... بەڵام بە وەفاتی ئەو پێغەمبەرە موعجیزەکەشی کاریگەریی نەماوە و تەنها لە شێوەی هەواڵدا ماوەتەوە... بەڵێ، شەریعەت و رەوشت و ئامۆژگارییەکانی ئەو پێغەمبەرە میراتگری هەبووە، بەڵام موعجیزەکەی نەخێر.. تەنها محمد پێغەمبەر(ﷺ) موعجیزەکەی نەبوّتە هەواڵ. بۆچی؟ چونکە موعجیزەکەی ئەو (قورئانە): کە موعجیزەیەکی ئەقلّییە... سیوطي (رحمه الله) فەرموویەتی: (الحمد لله الذي جعل معجزات هذه الأمة عقلية)... سوپاس بۆ خودا کە موعجیزەکانی ئەم ئوممەتەی کردووە بە ئەقڵی. واتە: (ئەقڵ) لێی حاڵی دەبێت.

ئەمەش بێگومان زۆر جیاوازە لە دابەزینی موعجیزەیەک بۆ سەر کۆمەڵێک هەست، کۆمەڵێک چاو و گوێ بۆ کاتێکی (کەم)ی دیاری کراو.. وەک بینینی نوور لە دەستی موسا پێغەمبەر - دروودی لەسەر بێت - یان گۆڕانی (عەصا)کەی بۆ مارێکی گەورە، یان (شق) بوونی دەریای سوور, یان هەڵقوڵانی ئاو لە بەرد.. کە ئەمانە لە سنووری کاتێکی کەمدا بوون، یاخود بینینی ئەوەی کە عیسا پێغەمبەر-دروودی لەسەر بێت- کە دەستی دەهێنا بەسەر گوڵ و کوێر و مردوودا، یەکسەر بە دەستەڵاتی خوا چاکدەبوونەوە.. ئەم موعجیزەیە هەموو جارێک چەند چرکەیەکی خایاندووە و ئەوەی لەو شوێنەدا ئامادە نەبووبێت بێ بەش بووە لە کاریگەرییەکەی، بەڵام موعجیزەیەتیی قورئانی پیرۆز جیاوازە.. ئەگەر لێی بدوێیت دەردەکەوێ کاریگەرییەکەی بۆ هەموو دەم و کاتێکە. ﴿فَٱعْلَمْ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا ٱللَّهُ ١٩﴾ محمد[2].

بزانە تەنانەت بنەمای ئەم ئایینە، کە یەکخواناسی (توحید)ە بە شێوەی کوێرانە وەری مەگرە، بەڵکو بە ڕێگەی زانست و زانیاریی تێی بگە، ئنجا وەری بگرە چ جای بەشەکانی دیکە!

جگە لەم تایبەتمەندییە عەقڵییەی قورئان، چەندین تایبەتمەندیی تری هەیە جیای دەکاتەوە لە موعجیزەی پێغەمبەرانی تر، وەک:

ا) هەواڵدان سەبارەت بە غەیبی رابوردوو[3].

ب) هەواڵدان سەبارەت بە داوڕۆژی هەندێ کەسایەتی و نیازی ناودڵی هەندێ کەس[4]. واتە غەیبی رانەبوردوو.

ج) هەواڵدان سەبارەت بە غەیبی داوڕۆژ، ئیعجازی زانستیش دەکەوێتە ئەم خاڵەوە.

واتە: ئیعجازی زانستی بەشێکە لە تایبەتمەندییەکانی قورئانی پیرۆز.

سروشتی موعجیزەی زانستی (ئیعجازی زانستی) وایە کە عەقڵ دەبزوێنێت و بیر و هۆش دەکاتەوە[5]. هەروەک فەرەبوار و بەردەوامیشە لە نوێ بونەوەدا، کە پێویستە بەم بۆچوونەوە سەیری ئیعجازی زانستی بکرێت.. خۆ هەرچەندە میکانیزمی تێگەیشتنمان بۆ موعجیزەی زانستی (عەقڵ)ە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا عەقڵ (عەقڵی مرۆڤ) ناتوانێت تێگەشتنێکی تەواوی هەبێت لە قورئاندا.

بەڵێ، رسول الله (ﷺ) بانگەواز و بەلاغی موبینی بە تەواوترین شێواز راگەیاند، بەڵام راگەیاندنی تەواو جیاوازە لە تێگەیشتنی تەواو (سەبارەت بە هەموو توێژ و سەردەمێک). بەداخەوە هێشتا هەندێک موسوڵمان لەگەڵ (بەشە زانستییەکەی) ئیعجازدا نین، پێیان دەڵێین: ئەمڕۆ مرۆڤی سەردەم فیکر و بیروڕایەک قبوڵ ناکات ئەگەر بە زمانی سەردەم و لە چوارچێوەی زانستی نوێدا نەبێت.

هەروەها دەبێ بزانن خوای میهرەبان پەیمانی داوە کە بە بەردەوامی موعجیزەی قورئانەکەیمان بۆ دەربخات، وەک دەفەرموێت: ﴿سَنُرِيهِمْ ءَايَٰتِنَا فِي ٱلْءَافَاقِ وَفِيٓ أَنفُسِهِمْ ٥٣﴾ فصلت[6]. بۆچی؟ ﴿حَتَّىٰ يَتَبَيَّنَ لَهُمْ أَنَّهُ ٱلْحَقُّ﴾[7].

لە پێناوی ئەوەی بۆیان دەربکەوێ کە قورئان هەقە و لە لایەن زاتی (حق)ەوە دابەزیوە.

کەواتە پیشاندانی (موعجیزە) کردارێکی خواییە و پەیمانێکی خۆیەتی بۆ مرۆڤایەتی کە ئیعجازی هەمەجۆر و بەردەوامیان پیشان بدات.

بوارەکانی ئیعجازی زانستی زۆرن، وەک: موعجیزەی ژمارەیی و زنجیرەیی و پزیشکی و جیۆلۆجی و فەلەکی و زمانەوانی و دەریایی و.. چەندین بواری دیکە.

کۆی زانایانمان دەفەرمون کە: ژمارەی ئایەتەکان و زنجیرەی سوورەتەکانی قورئان تەوقیفین[8]. واتە: خوای گەورە دایناون.

ئێمەش لەم وانەیەماندا هەوڵ دەدەین لە ڕووی ماتماتیکەوە ئەو تەوقیفییەتە بسەلمێنین، چونکە جیهانی ماتماتیک ئەو جیهانەیە کە نزیکترین جیهانە بۆ واقیع و حەقیقەت و زاڵە بەسەر بۆچوون و ئیجتیهاد و تەئویلدا و دەرەنجامەکانی نکوڵییان لێناکرێت.

**تیشکێک بۆ سەر موعجیزەی ژمارە:**

ناوی توێژینەوەکە: (إعجاز الرقم ١٩ في القرآن الكريم - مقدمات تنتظر النتائج).

ناوی توێژەرەوە: (عبدالله جلغوم).

ناوەندی بڵاوکردنەوە: (مركز نون للبحوث والدراسات القرآنية - فلسطين).

ئیعجازی ژمارەیی و زنجیرەیی لە زووەوە بایەخی پێ دراوە.

(د. غانم الحمد) لەم بوارەدا لێکۆڵینەوەی ئەنجامداوە و دەڵێ: لە کتێبی (ابو عمرو الدانی)دا کە بە ناونیشانی (البيان في عد آي القرآن)ە ئاماژە بۆ ٣٦ کتێب کراوە کە لەو مەسەلەیە دوواون، وەکو:

(كتاب العدد)ی عطائي کوڕی يسار (١٠٣ک وەفاتی کردووە).

(زهر الغرر في عدد الآيات والسور)ی ئەحمەدی سەلەمی ئەندەلوسی (٧٤٧ک وەفاتی کردووە).

بەڵام «مرکز نون» دەڵێ: لە ڕاستیدا ئەم جۆرە ئیعجازە هێشتا گەشەی نەکردووە و، کاتی ئەوە هاتووە کە بە شێوازێک لێی بدوێین کە شایستەی قورئان بێت.. چونکە قورئان فەرموودەی خودایە و هەمیشە و بە گوێرەی دروشانەوەی ئاستی ڕۆشنبیری و فیکریی کۆمەڵگای نەوەی ئادەم، دەدرەوشێتەوە.

هێنانەوەی بەڵگەی ماتماتیکی دەریدەخات کە ژمارە و زنجیرە

لە قورئاندا کاری خودایە (واتە: تەوقیفین) و، بەڵگەیە بۆ پێغەمبەرایەتیی «محمد المصطفی» (ﷺ)، هەروەک ڕوونکردنەوە و دەرخستنێکە بۆ شێوازێک لە شێوازەکانی ئیعجازی زانستی.

شایانی باسە کە چەندین کەسایەتیی تری سەردەم لەم ئیعجازە دوواون و لەم مەیدانەدا ڕەنج و تەقالایان پێشکەش کردووە، وەک: (عبد الرزاق نوفل، و صدقي البيك، و محمد فؤاد عبد الباقي) کە (المعجم المفهرس لألفاظ القرآن الكريم)ی داناوە و، جەنابی پرۆفیسۆر (عبدالمجید الزنداني) و، جەنابی پرۆفیسۆر (زغلول النجار) و، چەندین ئەستێرەی گەشی تر. خوای گەورە پاداشتی خێری هەر هەموویان بداتەوە.

**(Slide)ی یەکەم یاخود**

**ترانسپێرەنتی یەکەم**

**(هێڵکاریی یەکەم)**

**١١٤ سوورەت**

**٦٠ سوورەت** — **٥٤ سوورەت**

**ئایەتەکان:** جووتن — تاکن

٣٠ ٣٠ — ٢٧ ٢٧

**زنجیرەی سوورەتەکانیان:** جووتن تاکن جووتن تاکن

**تێبینی:**

ئەگەر ئەو (٦٠) سوورەتەی کە ئایەتەکانیان جووتن لە سەرەتای قورئاندا بن یاخود لە کۆتایی قورئاندا، ئەگەری زۆرە لە زنجیرەکانیاندا یەکسان دەرچن.

بەڵام تەماشای خشتەی (فهرس)ی سوورەتەکان بکە لە کۆتایی هەموو قورئانێکدا، بۆت ڕوون دەبێتەوە کە هەرگیز وەها نییە و زۆر بەربڵاون، ئا ئەم حەقیقەتە زۆر سەرنجی هۆش و ئەقڵی ڕۆشنبیران ڕادەکێشێ کە چۆن ئەو سوورەتانە کە ئایەتەکانیان (جووتن) یان (تاکن) زنجیرەکانیان یەکسانن؟!!

* * *

**(هێڵکاریی دووەم)**

**٦٠ سوورەت (ئایەتەکانیان جووتن)**

**٢٧ سوورەت** لە نیوەی یەکەمی قورئاندایە ← کۆی ئایەتەکانیان ٢٦٩٠

**٣٣ سوورەت** لە نیوەی دووەمی قورئاندایە ← کۆی ئایەتەکانیان ٢٦٩٠

سبحان الله !! ئەمە کوێی ڕێکەوتە؟

* * *

**(هێڵکاریی سێهەم)**

**١١٤ سوورەت**

**٥٧ سوورەت چوون یەکن** — **٥٧ سوورەت ناچوون یەکن**

مەبەست لە چوون یەک: کۆی ئایەتی سوورەتەکە وەک زنجیرەکەی بێت، بۆ نموونە سوورەتی «الفاتحة» و «البقرة» چوون یەکن.

الفاتحة: زنجیرەکەی (١)ە، تاکە و، ژمارەی ئایەتەکانی (٧)ە، هەر تاکە.

البقرة: زنجیرەکەی (٢)ە، جووتە و، ژمارەی ئایەتەکانی (٢٨٦)ە، هەر جووتە.

بەڵام سوورەتی (آل عمران) و (الأنعام) ناچوون یەکن.

(آل عمران): زنجیرەکەی (٣)یە، تاکە و، ژمارەی ئایەتەکانی (٢٠٠)ە، جووتە.

(الأنعام):زنجیرەکەی (٦)ە،جووتە،ژمارەی ئایەتەکانی (١٦٥)ە، تاکە.

**٥٧ سوورەت**

↓

**چوون یەک**

↓

**ژمارەی ئایەتەکانیان + ژمارەی زنجیرەکانیان = ٦٢٣٦**

ئایا ئەمە ڕێکەوتە ؟!!

* * *

**(هێڵکاریی چوارەم)**

**١١٤ سوورەت**

↓

**١+٢+٣+٤+٥+٦+٧+٨+٩+١٠+١١+١٢+......+١١٤= ٦٥٥٥**

**ئێستا با بگەڕێینەوە بۆ هێڵکاریی یەکەم:**

**٥٤ سوورەت**

**ئایەتەکانیان تاکن**

↓

**کۆی ئایەتەکانی ئەم ٥٤ سوورەتە = ٦٥٥٥**

ئایا ئەمەش ڕێکەوتە؟!!

* * *

**هێڵکاریی پێنجەم**

ئیعجازی ژمارە (١٩) لە سوورەتی (الجن)دا:

١) سوورەتی «الجن» (٢٨) فاصیلەیە.

فاصیلە بریتییە لە: ووشەی کۆتایی ئایەتەکان.

(٢٧) فاصیلەیان چوار پیتین، وەک (عددا، ولدا، شططا، رشدا، ...).

٢٧ × ٤ = ١٠٨

یەک دانەش لەو فاصیلانە شەش پیتە، ئەویش (ملتحدا)یە.

١٠٨+ ٦ = ١١٤ !!!

(١١٤)ش چەند جارەی نۆزدەیە: (٦×١٩)!

٢) فاصیلەکان: بێدووبارە بوونەوە: (١٩)ن!!!

٣) فاصیلەکان لە (١٩) پیت پێکهاتوون !!!

٤) پیتەکانی (دا) لە فاصیلەکاندا (١٩) جار دووبارە بوونەوەتەوە!!!

٥) لە سەرەتای سوورەتەکەوە تاکو کۆتایی ئایەتی (١٩) باسی (جن) دەکەن.

٦) ووشەی (الجن) پێش سوورەتی «الجن» (١٩) جار هاتووە.

٧) (کل شيء) واتە هەموو شتێک، بە حیسابی «ابجد» دەکاتە (٣٦١) ئەم ژمارەیەش ئەنجامی (١٩ × ١٩)یە.

٨) سوورەتەکە بە: ﴿وَأَحۡصَىٰ كُلَّ شَيۡءٍ عَدَدَۢا ٢٨﴾ الجن[9] کۆتایی هاتووە.

ئەمڕۆ پسپۆڕانی بیرکاری و ماتماتیک دەڵێن: هەموو بوونێک لە گەردووندا ژمارەیە.

٩) پیتەکانی «ع د د ا» (٣٦١) جار لە سوورەتەکەدا دووبارە بوونەتەوە. ٣٧+ ٥٤+ ٥٤+ ٢١٦ = ٣٦١

١٠) پیتی (ا) لە (عددا) دوا پیتی فاصیلەکانە، واتە دواپیتی سوورەتەکەیە، (١١٤) هەمین پیتە لە فەواصیلەکاندا، و ئاماژەیە بۆ ژمارەی سوورەتەکانی قورئان.

١١) پیتەکانی (و ل د ا): ٧٢+ ١١٥+ ٥٤+ ٢١٦ = ٤٥٧ .

١٢) ووشەی (عددا) واتە: ژمارە , دوا ووشەی سوورەتەکەیە و (٢٨٥) هەمین ووشەی سوورەتەکەیە.

لە لایەکی ترەوە لە قورئاندا کۆی ژمارە تەواوەکان (٢٨٥)ن.

ئایا ئەمە ڕێکەوتە؟!!

* * *

## هێڵکاریی شەشەم

بڕوانە خشتەکە، کە ژمارە و چەند جارەی تیا تۆمار کراوە کە کۆی هەموویان دەکاتە (٢٨٥) ژمارەی تەواو.

تێبینی:

١) زۆر پێویستە لە هەموو توێژینەوەیەکی قورئاندا پشت بە ڕەسمی «عوسمانی» ببەسترێت، واتە شێوازی نووسینی «عثماني» کە «قيامة» بە (قيمة) دەنووسرێت، «الليل» بە (اليل) دەنوسرێت و، «السماوات» بە (السموات) و، «بنو اسرائيل» بە (بنو اسرءيل) دەنووسرێت.

٢) (واحد، احد، احدى، واحده)[10] بە «یەک» حیسابن.

٣) ﴿فَلَبِثَ فِيهِمۡ أَلۡفَ سَنَةٍ إِلَّا خَمۡسِينَ عَامٗا ١٤﴾ العنكبوت[11] بە (هەزار)، و بە (پەنجا)، و بە (٩٥٠) حیسابە.

٤) ﴿وَلَبِثُواْ فِي كَهۡفِهِمۡ ثَلَٰثَ مِاْئَةٖ سِنِينَ وَٱزۡدَادُواْ تِسۡعٗا ٢٥﴾ الكهف[12] بە (سێ سەد) و، بە (نۆ) و، (سێ سەد و نۆ) حیسابە.

* * *

## (هێڵکاریی شەشەم)

### ژمارە تەواوەکانی قورئانی پیرۆز

| ژمارە: | ١ | ٢ | ٣ | ٤ | ٥ | ٦ | ٧ | ٨ | ٩ | ١٠ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| جار: | ١٤٥ | ١٥ | ١٧ | ١٢ | ٢ | ٧ | ٢٤ | ٥ | ٤ | ٩ |

| ژمارە: | ١١ | ١٢ | ١٩ | ٢٠ | ٣٠ | ٤٠ | ٥٠ | ٦٠ | ٧٠ | ٨٠ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| جار: | ١ | ٥ | ١ | ١ | ٢ | ٤ | ١ | ١ | ٣ | ١ |

| ژمارە: | ٩٩ | ١٠٠ | ٢٠٠ | ٣٠٠ | ٣٠٩ | ٩٥٠ | ١٠٠٠ | ٢٠٠٠ | ٣٠٠٠ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| جار: | ١ | ٦ | ٢ | ١ | ١ | ١ | ٨ | ١ | ١ |

| ژمارە: | ٥٠٠٠ | ٥٠٠٠٠ | ١٠٠٠٠٠ |
|---|---|---|---|
| جار: | ١ | ١ | ١ |

کۆی ژمارەکان = (٢٨٥)

* * *

## هێڵکاریی حەوتەم

ئیعجازی ژمارە (١٩) لە سوورەتی: (المدثر)دا

١) تا ئایەتی (١٩) ووشەکان (٥٧)ن

(٥٧)یش چەند جارەی (١٩)یە (٣ × ١٩) !!!

٢) ئایەتی (٣١) کە باسی ژمارە (١٩) دەکات (عِدَّتُهم) (واتە ١٩ فریشتەکانی سەر دۆزەخ) لە (٥٧) ووشە ئایەتەکە پێکهاتووە!!!

٣) ئایەتی (٣١) دوو بەشە، بەشی یەکەمیان (٣٨) ووشەیە، (٢×١٩) (وما جعلنا أصحاب النار... مثلا).

٤) بەشی دووەمی ئایەتی (٣١) لە (١٩) ووشە پێکهاتووە.

٥) لەناو بەشی دووەمدا: (وما يعلم جنود ربك إلا هو) لە (١٩) پیت پێکهاتووە.

٦) لە سەرەتای سوورەتەکەوە تا (عليها) (٣٦١) پیتە (١٩ × ١٩) پاشان وشەی: (تسعة عشر) دێت!!

٧) تێکڕا (معدل)ی ووشەی ئایەت لە سوورەتەکاندا بە گوێرەی سوورەتە.

لە (البقرة) ئایەتی قەرزپێدان (المداينة) درێژترین ئایەتە لە قورئاندا لە ڕووی ژمارەوە، و لە (١٢٨) ووشە پێکدێت.

تێکڕای ووشەی ئایەت لە (البقرة)دا (٦) جارە.

بەڵام تێکڕای ووشەی ئایەت لە (النمل)دا (٧،٨) جارە.

دەرکەوت بەرزترین تێکڕای ووشەی ئایەت لە (المدثر)دایە کە (١٢،٣) جارە.

* * *

ئەمە بەشێکی بچووک بوو لە ئیعجازی زانستی لە قورئاندا کە بە بەردەوامی سەرنجی هۆش و بیری مرۆڤ ڕادەکێشێت بۆ تێڕوانین و پاشان گەیشتن بە تەسلیم بوون بەوەی کە ئەمە فەرموودەی خوایە.

(قل لئن اجتمعت الأنس والجن على أن يأتوا بمثل هذا القرآن لا يأتون بمثله ولو كان بعضهم لبعض ظهيرا)[13].

تێبینی:

لە هۆڵی (مۆتێل میر) / سلێمانی / لە یەکەم ئێوارە سیمیناری «ناوەندی کوردستان بۆ ئیعجازی زانستی لە قورئان و سوننەتدا» لە بەرواری (٢٠٠٢/٤/٢٥)دا ئەم دوو سیمینارە پێشکەش کران. ئنجا یەک لە دوای یەک لە شەوی (٢٥ لەسەر ٢٦) و (٢٦ لەسەر ٢٧) لە تەلەفزیۆنی کۆمەڵ و یەکگرتوو ـ کەناڵی سلێمانیدا بڵاوکرایەوە.

* * *

### پەراوێزەکان/

(١) (یوسف:١٠٥) واتە: چەندەها بەڵگە و نیشانە لە ئاسمانەکان و زەویدا هەن لەسەر دەسەڵاتداریەتی و جوانکاریی خوای پەروەردگار، کەچی زۆربەی خەڵکی بەلایدا تێدەپەڕن و تێنافکرن و پشتی تێدەکەن.

(٢) (محمد: ١٩).

(٣) قورئانی پیرۆز ئاماژەی بە ئاکام و دواڕۆژی چەندین گەل و شارستانیەت داوە. کە لە دێرین زەماندا هەبوون، ئەمڕۆ بە هۆی (زانستی نوێ)وە ئەو هەواڵانە سەلمێنراو و ڕاستێنراون، وەک: دۆزینەوەی شاری گەلی (عاد) لە ساڵی (١٩٩٢)دا لە سعودیە.

(٤) وەک ئاکام و دوا ڕۆژی (ابو جهل) و (ابو لهب) و (وليد کوڕی مغيره).. هتد. یاخود جەخت کردنەوەی قورئانی پیرۆز لە پاراستنی پێغەمبەردا (ﷺ) لە دەست ئەوانەی کە دەیانویست زەفەری پێ بهێنن... وە دەرخستنی شتانی ناو دڵ و دەروونیان .

(٥) چونکە (قورئانی پیرۆز) دوا پەیامی خوای گەورەیە (جل جلاله) بوار دراوە بە مرۆڤایەتی بە چەندین جۆر و شێوە تاقیی بکاتەوە، تا بۆی دەرکەوێت کە لە لایەن پەروەردگارەوە دابەزیوەتە خوارەوە .

(٦) فصلت: ٥٣

(٧) فصلت: ٥٣

(٨) ووشەی (توقيف) دیارە کە لە مشتقاتی (وقف)ەوە هاتووە کە بە واتای وەستاو دێت. (قف) بوەستە. (توقيف): وەستێنراو لە لایەن زاتی خوای گەورە. واتە: بەو شێواز و جۆر و دابەشبوونی ژمارە و زنجیرەی ئایەت و سوورەتەی کە ئێستا قورئانی پیرۆزی لەسەر وەستێنراوە و ئەو ستایل و شێوازە جوانەی ئێستای کە پێی ناسراوە، لە لایەن خوای گەورەوە بڕیاری لەسەر دراوە.

(٩) الجن: ٢٨

(١٠) بۆ ئەم ستایلە جیاوازانە دەتوانیت بگەڕێیتەوە سەر قورئانی پیرۆز، چەندین نموونە دەبینیتەوە کە ئاماژە بۆ یەک دەکەن، وەک: واحد: (البقرة/٦١ و ١٦٣)، (غافر/١٦)، (فصلت/٦) ... هتد.

احد: (البقرة/٩٦ و ١٠٢ و ١٣٦)، (الكهف/٣٩)، (الإخلاص/١)... هتد.

احدى: (الأنفال/٧)، (التوبة/٥٢)، (القصص/٢٧)، (فاطر/٤٢)، (المدثر/٣٥) ...... هتد.

واحده: (القمر/٥٠)، (الحاقة/١٣و١٤)، (النازعات/١٣) ...هتد.

(١١) العنكبوت: ١٤.

(١٢) الكهف: ٢٦.

(١٣) الإسراء: ٨٨.

# فەرموودەی سێ یەک لە خواردندا و ئیعجازی زانستی

دکتور: عبدالجواد الصاوي

و: دکتۆر ئەفرام موحەممەد حەسەن - پسپۆڕی تەندروستی دەروونی

پێغەمبەری ئازیز لە فەرموودەیەکدا لە (مقدامی کوری معدی) دەفەرموێت:«ئادەمیزاد هیچ کاسەیەکی (دەفرێکی) پڕ نەکردووە خراپتربێ لە گەدەی، بەسە بۆ تاک چەند پارویەک بخوات پتەوی جەستەی راگرێ، گەر زاڵ نەبوو بەسەر خۆیدا یان دەبوو زۆرتر بخوات با سێیەکی بۆ خواردن و سێیەکی بۆ خواردنەوە و ئەوی تر بۆ هەناسەی بێت».

لەم فەرموودەیەدا پێغەمبەر (ﷺ) ئاماژە بەگەلێ ڕاستی زانستی دەکات و سنووری کەمترین و زۆرترین بڕی خواردن دیاری دەکات و بڕی زۆرترین بە دووسێی گەدە دیاری دەکات و پێویستە سێیەکی بەبەتاڵی بمێنێتەوە بۆ هەناسەدان. بێگومان ئەم سێیەکە هەرەمەکی باس نەکراوە بەڵکو حیکمەتێکی بەرزی تێدایە کە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا دەدرەوشێتەوەو زانستی هاوچەرخ پاڵپشتی دەکات.

گەر یەکێ بپرسێ بۆچی ئەم دابەشکردنە بە سێ یەک؟ و بڕی سێیەک چەندە ؟ چی ڕوودەدات گەر سنوری سێیەکی بەزاندو پەیڕەوی ئەم ڕێنماییەی نەکرد؟

لە دووتوێی ئەم ووتارەدا وەڵامی ئەم پرسیارانە دەدرێتەوە لە ژێر ڕۆشنایی زانستی هاوچەرخ و زانستی توێکاری و فرمانی ئەندامەکان.

**ڕاڤەی فەرموودەکە:**

سەبارەت بە زیانی پڕکردنی گەدە ئبین و ئەلقەیم لە (طب النبوي)دا دەڵێت: چەند پارووەیەک کە پتەوی ڕاگرن، پتەوی نەروخێ و لاواز نەبێ و ئەم سنوورە نەبڕێ. ئەمە بەسوودترە بۆ جەستەو دڵ چونکە گەر گەدە پڕبێت لە خواردن شوێنی خواردنەوە تەسک دەبێ گەر خواردنەوەی بکات بەسەردا شوێنی هەناسە تەسک دەبێ و دەبێتە هۆی ماندوێتی و شەکەتی وەکو یەکێک وایە بارێکی قورس هەڵگرێ ئەمە سەرەرای زیانی بۆ دڵ.

قورتبی لە (ڕاڤەی ناوەکاندا) دەڵێت: گەر ئەبی قراط ئەمەی ببیستایە زۆر سەرسام دەبوو بەم حیکمەتە. ئیمامی غەزالیش لە (احیاء) دەڵێت: وتەیەکم نەبیستووە سەبارەت بە کەم خۆری لەم وتەیە پتەوتربێت.

**پێکهاتەو فرمانی گەدە:**

گەدە بەشێکی کشاوی کۆئەندامی هەرسە کە سورێنچک بە ڕیخۆلە بچوکە دەگەیەنێت و دەکەوێتە چارەکی سەرەوەی لای چەپی سک.

لە پێشەوە: بەشی چەپی جگەرو دیواری سک.

لە پشتەوە : پەنکریاس، سپڵ، گورچیلەی چەپ و ڕژێنی سەرگورچیلە.

لە سەرەوە: ناوپەنچک، سورێنچک، بەشی چەپی جگەر.

لە خوارەوە: ڕێکە کۆڵۆن، ڕیخۆلە باریکە.

لە خوارەوە لای چەپ: سپڵ و ناوپەنچک.

لە خوارەوە لای ڕاست: جگەر، دوانزە گرێ.

گەدە لە ڕێی دوو دەرچەوە بە سورێنچک و ریخۆلە باریکەوە دەبەسترێتەوە کە ڕێگرە لەبەردەم گەڕاندنەوەی خواردن لەیەکەمدا بۆ سورێنچک و لە دووەمدا بۆ گەدە.



گەدە دەبێ بە سێ بەشەوە

١- فەندەس (Fundus) بەشی سەرەوەی گەدە.

٢- لاشەی گەدە.

٣- ئەنترەم (Antrum) بەشی خوارەوەی گەدە.




گەدە بەماسولکەی سێ چینی دەورە دراوە دیوی دەرەوەی ماسولکەی درێژو دیوی ناوەند ماسولکەی بازنەیی و دیوی ناوەوە ماسولکەی لار کە ئەم سێ چینە هاندەرە بۆ جوڵە بە سەرجەم بارەکانداو گەدە ڕۆژانە نزیکەی (٢ لیتر) گیراوە دەردەدات.

قەبارەی گەدە دەگۆڕێ بە پێی ئەو برە خواردنەی کە تێیدایە بە شێوەیەکی گشتی نزیکەی (١,٥ لیتر) دەبێت. بەتاڵی بەشی سەرەوەی گەدە ( فەندەس ) زۆر گرنگە بۆ هەناسەدان چونکە دەکەوێتە خوار ناوپەنچکەوەو لە کاتی بونی خواردندا فشار دەخاتە سەر ناوپەنچک وکاری هەناسەدان گران دەکات.

فەرموودەکە لەرووی ئیعجازی زانستییەوە:

١- زۆرخواردن و خواردنەوە زۆر ترسناکە لەسەر تەندروستی:

ئەم راستییە ١٤ سەدە پێش ئێستا پێغەمبەر(ﷺ) ئاماژەی پێکردووە لە فەرموودەیەکی کورتدا. کە میللەتانی تر تا ڕابردوویەکی نزیک لەو باوەرەدا بوون کە زۆرخۆری کارێکی باشەو پێشبرکێیان دەکرد لەو پێناوەدا. تشین (١٦٧١ - ١٧٤٣) پزیشکێکی بەریتانیەو باس لە بیروڕای پرۆتستانت دەکات لەمەڕ زۆرخۆری و دەڵێت: (نازانم لە وولاتانی تر چۆنە، بەڵام ئێمەی پرۆتستانت زۆرخۆری بەکارێکی خراپ نازانین و زیانی نییە بۆ جەستە، تەنانەت خەڵکی ڕقیان لەو هاوڕێیانەیان دەبێتەوە کە گەدەیان پڕناکەن لەگەڵ هەموو ژەمێکدا)

زیانی زۆرخۆری نەک لای هاوولاتیان بەڵکو لای پزیشکانیش نەدەزانرا هەمان پزیشک دەڵێت: (ئەو پزیشکانە نازانن کە بەرپرسیارن بەرامبەر بە کۆمەڵکەو نەخۆشەکانیان و بەرامبەر بە پەروەردگار، چونکە هانی خەڵکی دەدەن کە زۆربخۆن و بخۆنەوە).

زانایانی ئەوروپا لە سەردەمی ڕێنسانس لەم مەترسییە بە ئاگاهاتنەوە (لۆدفینک کارنارۆ) بەم جۆرە هاوولاتیانی دەدوێنێت: ( ئەی ئیتالیی بێ ئومێدو بەسەزمان! نابینی کە شەهوەت و ئارەزووەکان دەتبات بەرەو مردنی هاوولاتیانت زیاتر لە هەر دەردێکی تر یان هەر شەڕێکی کاولکەر، هەر زیادەیەک لەو بڕەی کە پێویستە بیخۆیت خۆشیەکی کاتیمان دەداتێ بەڵام لە کۆتادا دەبێ باجەکەی بدەین بە نەخۆشی هەندێ جار تەنانەت بە مردن ).

لە کاتێکدا خوای میهرەبان لە سورەتی (الاعراف) ئایەتی (٣١) دەفەرموێت: ﴿ وَكُلُوا۟ وَٱشْرَبُوا۟ وَلَا تُسْرِفُوٓا۟ ﴾ واتە: بخۆن و بخۆنەوەو زیادەڕۆیی مەکەن.

٢- پتەوی جەستەوکەمترین ئاستی خواردن:

پێویستی تاکەکان بە خواردن جیاوازە لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی تر لە هەمان تاکیشدا لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر، بەڵام بڕێک هەیە کە هەموو

تێیدا هاوبەشن ئەویش ئەو برە جێگیرەیە کە مرۆڤێک بەکاری دێنێ بۆ پاراستنی چالاکیە بنەڕەتییەکانی وەکو کارکردنی دڵ و کۆئەندامی سوڕان و هەناسەو هەرس و میزو دەمار...... کەنزیکەی (٢٠٠٠ کیلۆکالۆری) دەبێت بەپێی کاری تاکەکە پێویستی زیاد دەکات بۆ نموونە ئەوانەی لە بواری فکریدا کاردەکەن (توێژینەوە دەکەن) (٥٠٠کیلۆکالۆری) ئەوانەی کاری گران (قورس) دەکەن (٣٥٠٠کیلۆکالۆری) یان پێویستە جگە لە برە جێگرەکە.

لە فەرموودەکەدا (لقمات یقیمن صلبه) مەبەست ئەو چەند پاروەیە کە پێویستە بۆ بەدەستهێنانی (٢٠٠٠ کیلۆکالۆری).

٣- دووسێی گەدە زۆرترین بری ڕێپێدراوە:

وەک لە فەرموودەکەدا: ( گەر هەر پێویست بوو بخوات ئەوا ئەوە سێیەک بۆ خواردن وسێیەک بۆ خواردنەوە........) ئەمەش بۆ ئەوانەی کاری قورس دەکەن واتە یەک لیتر خواردن وخواردنەوە ئەمە بۆ حاڵەتێک کە پێویستبێت نەک هەمیشە دووسێی گەدە پڕبکرێت.

بە پەیڕەوکردنی ئەم فەرموودەیە دەتوانین باشترین هاوسەنگی خۆراکی ڕاگرین وخۆمان بپارێزین لە قەڵەوی و ئەو گرفتانەی لە قەڵەوی دەکەوێتەوە. سەرەڕای گەلێ زیانی تر گرنگترینیان قەڵەویەو ئەو گرفتانەی لە وەکو نەخۆشییەکانی دڵ و بۆریەکانی خوێن و جەڵتەی دڵ و تەسکبوونەوەو داخرانی مولولەکانی خوێن و بەرزبونەوەی پەستانی خوێن و نەخۆشی شەکرەو بەرزبونەوەی ئاستی کۆلیسترۆڵ و بەردی زراوو دەردی شاهانە.

هاوسەنگی خۆراکی تەنها لەسەر بری خواردن بەند نییە بەڵکو پەیوەستە بە جۆری خواردنەوەو پێکهاتەکانی، بۆ نموونە پێویستە خۆراکی دروست (٦٠٪ ی کاربۆهیدرات بێت و ٢٥٪ ی چەوری و ١٥٪ ی پرۆتین بێت). هەر یەک گرام کاربۆهیدرات یان پرۆتین (٤,١ کیلۆکالۆری) ووزە دەدات و یەک گرام چەوری ٩,٣ کیلۆکالۆری ووزە دەدات. بەم جۆرە دەتوانیت بری پێویستی خۆت لە خواردن دیاری بکەیت.




٤- پڕکردنی گەدە لە خواردن کاردەکاتە سەر بەشەکانی تری لەش:

پڕکردنی گەدە دەبێتە هۆی فشارخستنە سەر ناوپەنچک و بوارنەدان بۆ کشانی سییەکان بەتەواوی کەمبوونەوەی بری هەوای پێویست کە هاتوچۆ دەکات بۆ سییەکان. بۆیە ماسولکەکانی مل و سک دەکەونە گرژبوون بۆ بواردان بە فراوانبوونی بۆشایی سنگ ئەمەش دەبێتە هۆی فشارخستنە سەر پێکهاتەکانی بۆشایی سک.

سەرەڕای ئەوەی دەبێتە هۆی کشانی ماسولکەکانی گەدەو دواخستنی کاری هەرس کردن.

٥- سێیەکی گەدە قەبارەی هەوای هەناسەدانە:

لەکاتی هەناسەدانی ئاساییدا بری (٥٠٠ س س، س س = ٠,٥ لیتر) هەوا دەچێتە سیەکان ودێتە دەرێ وەک وتمان قەبارەی گەدە (١,٥ لیتر) دەبێت سێیەکی واتە (٠,٥ لیتر) دەبێت کە ئەو برەیە دەبێت بە بەتاڵی بمێنێتەوە بۆ هەناسەدان.

بێگومان دیاریکردنی ئەو برى سێیەکە هەرواشتێکی هەرەمکی نەبووە، پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە خۆوە نادوێ بێگومان سروشێکی خوایی لە پشت ئەو وتانەوەیە:

﴿ وَمَا يَنطِقُ عَنِ الْهَوَىٰ ﴿٣﴾ إِنْ هُوَ إِلَّا وَحْيٌ يُوحَىٰ ﴿٤﴾ ﴾ النجم.

# ئیعجازی زانستیی

# لە فەرموودەی جومگەکاندا

**ئامادەکردنی:**

**(پرۆفیسۆری یاریدەدەر مصطفى محمد عبد المنعم و هەردوو پرۆفیسۆر شريف احمد جلال واحمد عبد المنعم العياط) لە کۆلیجی پزیشکی زانکۆی (شا عبد العزيز) لە (مەدینەی مونەوەرە).**

**پێداچوونەوەی: پ. د/ خليل ابراهيم ملا خاطر**

**وەرگێڕانی: د. کاوە فەرەج سەعدون - پزیشکی شارەزای نەخۆشییەکانی سنگ**

drkawa_sadoon@yahoo.com

## پێشەکی وەرگێڕ:

ئەم بابەتە بریتییە لە دەرخستنی ئیعجازی زانستی فەرموودەیەکی پێغەمبەر(ﷺ) کە ئاماژەی داوە بە بوونی (٣٦٠) جومگە لە لەشی مرۆڤدا، لەبەرئەوەی بابەتێکی نوێیەو چەند پزیشکێکی تایبەتمەندو مامۆستای زانکۆ پێی هەستاون بە گەڕانەوە بۆ ڕاستییە زانستییەکان و سەرچاوە پزیشکییەکان و پاش ژماردنێکی وردی جومگەکان لە لەشی مرۆڤدا ڕاستی ئەم ژمارەیەیان سەلماندووە، کە بۆمان دەسەلمێنێت بەشێوەیەک کە گومانی تێدانییە، پێغەمبەر (ﷺ) لەخۆیەوە قسەی نەکردووە بەڵکو هەموو وتەکانی نیگای خواییین و لە هەمان کاتیشدا پڕن لە موعجیزەی پرشنگدار و ئاشکرا ﴿ وَمَا يَنطِقُ عَنِ الْهَوَىٰ ﴿٣﴾ إِنْ هُوَ إِلَّا وَحْيٌ يُوحَىٰ ﴿٤﴾ ﴾ النجم.

### فەرموودەکانی پێغەمبەر (ﷺ):

- روى الإمام مسلم فى صحيحه قال: حَدَّثَنَا حَسَنُ بْنُ عَلِىٍّ الْحُلْوَانِىُّ حَدَّثَنَا أَبُو تَوْبَةَ الرَّبِيعُ بْنُ نَافِعٍ حَدَّثَنَا مُعَاوِيَةُ - يَعْنِى ابْنَ سَلاَّمٍ - عَنْ زَيْدٍ أَنَّهُ سَمِعَ أَبَا سَلاَّمٍ يَقُولُ حَدَّثَنِى عَبْدُ اللَّهِ بْنُ فَرُّوخَ أَنَّهُ سَمِعَ عَائِشَةَ تَقُولُ إِنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: [ «إِنَّهُ خُلِقَ كُلُّ إِنْسَانٍ مِنْ بَنِى آدَمَ عَلَى سِتِّينَ وَثَلاَثِمَائَةِ مَفْصِلٍ فَمَنْ كَبَّرَ اللَّهَ وَحَمِدَ اللَّهَ وَهَلَّلَ اللَّهَ وَسَبَّحَ اللَّهَ وَاسْتَغْفَرَ اللَّهَ وَعَزَلَ حَجَرًا عَنْ طَرِيقِ النَّاسِ أَوْ شَوْكَةً أَوْ عَظْمًا عَنْ طَرِيقِ النَّاسِ وَأَمَرَ بِمَعْرُوفٍ أَوْ نَهَى عَنْ مُنْكَرٍ عَدَدَ تِلْكَ السِّتِّينَ وَالثَّلاَثِمَائَةِ السُّلاَمَى فَإِنَّهُ يَمْشِى يَوْمَئِذٍ وَقَدْ زَحْزَحَ نَفْسَهُ عَنِ النَّارِ». قَالَ أَبُو تَوْبَةَ وَرُبَّمَا قَالَ: «يُمْسِى» ]. (صحيح الإمام مسلم - كتاب الزكاة).

+ واتە: ئیمامی (موسلیم) لە (صحیح)ەکەیدا لە (عائیشة)ی خێزانی پێغەمبەرەوە بۆمان دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی: (هەموو مرۆڤێکی نەوەی ئادەم لەسەر (٣٦٠) جومگە دروستکراوە، هەر کەسێک (الله اکبر)، و (الحمد لله)، و (لا اله الا الله)، و (سبحان الله)، و (استغفر الله) بکات، و بەردێک لە ڕێگەی خەڵکی لا ببات، یان دڕکێک یان ئێسقانێک لەڕێی خەڵکی لاببات، و فەرمان بە چاکەیەک بکات، یان ڕێگری لە خراپەیەک بکات، بە ئەندازەی ژمارەی ئەو (٣٦٠) جومگەیە، ئەوا ئەو ڕۆژە بەڕێ دەکات بەشێوەیەک کە خۆی لە ئاگری دۆزەخ دوور خستۆتەوە)، لە گێڕانەوەیەکی تردا هاتووە: (ئەوا کە ئێوارەی کردەوە خۆی لە ئاگری دۆزەخ دوور خستۆتەوە).

- روى الإمام البخاري في صحيحه قال حَدَّثَنَا مُسْلِمُ بْنُ إِبْرَاهِيمَ حَدَّثَنَا شُعْبَةُ حَدَّثَنَا سَعِيدُ بْنُ أَبِي بُرْدَةَ عَنْ أَبِيهِ عَنْ جَدِّهِ عَنْ النَّبِيِّ (ﷺ) قَالَ: (عَلَى كُلِّ مُسْلِمٍ صَدَقَةٌ, فَقَالُوا: يَا نَبِيَّ اللَّهِ فَمَنْ لَمْ يَجِدْ؟ قَالَ: يَعْمَلُ بِيَدِهِ فَيَنْفَعُ نَفْسَهُ وَيَتَصَدَّقُ، قَالُوا: فَإِنْ لَمْ يَجِدْ، قَالَ: يُعِينُ ذَا الْحَاجَةِ الْمَلْهُوفَ، قَالُوا: فَإِنْ لَمْ يَجِدْ، قَالَ: فَلْيَعْمَلْ بِالْمَعْرُوفِ وَلْيُمْسِكْ عَنْ الشَّرِّ فَإِنَّهَا لَهُ صَدَقَةٌ] (صحيح البخاري - كتاب الزكاة).

+ واتە: ئیمامی (بوخاری) لە (صحیح)ەکەیدا بۆمان دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: (لەسەر شانی هەموو موسوڵمانێک صەدەقە و چاکە پێویستکراوە کە بیکات، وتیان: ئەی پێغەمبەری خودا ئەی ئەو کەسەی کە سامانی نەبوو چی بکات؟ فەرمووی: با بە دەستی خۆی کاربکات، کە سوود بەخۆی دەگەیەنێت و چاکەش دەکات، وتیان: ئەی ئەگەر ئەمەشی دەست نەکەوت چی بکات؟ فەرمووی: با یارمەتی

ئەوانە بدات کە پێویستییان هەیە و تامەزرۆی یارمەتی خەڵکن، وتیان: ئەی ئەگەر ئەمەشی دەست نەکەوت چیبکات؟ فەرمووی: با کاری چاک بکات و خۆی بگرێتەوە لە خراپە، کە ئەمەش چاکەیە بۆی).

+ لە کتێبی (فتح الباری شرح صحیح البخاري)دا ئیمامی (ئیبنو حەجەری عەسقەلانی) لە راڤەی ئەم فەرموودەیەدا دەڵێت: ووتەی پێغەمبەر (عَلى كُلِّ مُسْلِمٍ صَدَقَةٌ) مەبەست پێی هاندانە بە تەئکیدی، یان لەوانەیە لەوەش فراوانتر بێت، کە ئەم دەستەواژەیە بۆ پێویستکردن (ایجاب) و هاندان (استحباب)یش دەبێت، وەک ئەو ووتەیەی تری پێغەمبەر (ﷺ) وایە کە دەفەرموێت: (لەسەر موسوڵمان ٦ سیفەت پێویستە)، کە تێیدا شتی وا هاتووە کە بە یەکڕایی زانایان خوازراو و هان بۆدراوە و واجب نییە، (ئەبو هورەیرە)ش لە ریوایەتەکەیدا بۆ فەرموودەکە ئەوەی هێناوە کە بەستوویەتییەوە بە هەموو رۆژێکەوە، هەروەها ئیمامی (موسلیم)یش لە (ئەبو زەر)ەوە ریوایەتی کردووە: (یصبح على کل سلامى من أحدکم صدقة) واتە: لەسەر هەموو جومگەیەکی ئێوە کە هەموو رۆژێک بەیانی دەکەنەوە چاکەیەک هەیە کە دەبێت بیکەن، (سلامی) بریتی‌یە لە جومگە.

- روى الإمام أحمد فى مسنده قال: حَدَّثَنَا عَبْدُ اللَّهِ حَدَّثَنِي أَبِي حَدَّثَنَا زَيْدٌ حَدَّثَنِي حُسَيْنٌ حَدَّثَنِي عَبْدُ اللَّهِ بْنُ بُرَيْدَةَ قَالَ سَمِعْتُ أَبِي بُرَيْدَةَ يقول سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) يقول: ( « فِي الإِنْسَانِ سِتُّونَ وَثَلاثُمِائَةِ مَفْصِلٍ فَعَلَيْهِ أَنْ يَتَصَدَّقَ عَنْ كل مَفْصِلٍ مِنْهَا صَدَقَةً ». قَالُوا: فَمَنِ الَّذِي يُطِيقُ ذَلِكَ يا رَسُولَ اللَّهِ؟ قَالَ: « النُّخَاعَةُ فِي الْمَسْجِدِ تَدْفِنُهَا أَوِ الشَّيءُ تُنَحِّيهِ عَنِ الطريق فَإِنْ لَمْ تَقْدِرْ فَرَكْعَتَا الضحى تُجْزِئُ عَنْكَ ») (مسند الإمام أحمد: ٢٣٧٠٠).

+ واتە: ئیمامی (ئەحمەد) لە (موسنەد)ەکەیدا بۆمان دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: لە لەشی مرۆڤدا (٣٦٠) جومگە هەیە، کە پێویستە لەسەری بۆ هەموو جومگەیەک چاکەیەک بکات، وتیان: ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) کێ دەتوانێت کە بەمە هەستێت؟ فەرمووی: تەنانەت بەڵغەم کە لە مزگەوتدا فڕێ درابێت و تۆ بیشاریتەوە، یان هەر شتێک کە لەسەر رێگا لای ببەیت چاکەیە، ئەگەر هەر نەتتوانی ئەوا دوو رکات نوێژی (چێشتەنگاو) لەسەرت لادەبات.




## جۆرەکانی جومگە لە لەشی مرۆڤدا

**مانای زمانەوانی:**

(مفصل) جومگە: بریتییە لە شوێنی بەیەک گەشتنی ئێسکەکان لە لەشدا.

(السلامی): بریتییە لە جومگە، و کۆکەی بریتییە لە (سلامیات)، لە (القاموس)دا هاتووە: (السلامی) بریتین لەو ئێسکە ووردانەی کە بەدرێژایی پەنجەکانی دەست و پێدا هەن.

ئەم پێناسەیەش کە لەلایەن زانایانەوە کراوە (خوا پاداشتیان بداتەوە) پێویستی بە رێکخستن و روونکردنەوەی زیاتر هەیە لەژێر رۆشنایی زانستە نوێکاندا.




### رێگرەکان لەبەردەم یەکگرتنەوەی راستییە گەردوونییەکان لەگەڵ دەقە شەرعییەکەدا:

١- کورتکردنەوەی ئاماژەکان لە تێگەیشتنی فەرموودەکەدا لە جومگەکانی نێوان ئێسکەکاندا و پشتگوێ خستنی جومگەکانی نێوان کرکڕاگەکان.

٢- جیاوازی پێناسەی زانستی بۆ جومگەکان کە بریتییە لە بەیەک گەشتنی ئێسکەکان یان کرکڕاگەکان بەبێ بوونی بەربەست، لە تێگەیشتنی زمانەوانی کە ئاماژە دەدات بەبوونی بەربەست (فاصل) لەنێوان دوو شتدا.

٣- پێویستی دانانی یاسایەک بۆ حاڵەتە دووبارە بووەکان لەناو لەشدا، کە لەوانەیە دوو ئێسک لە زیاتر لەیەک شوێندا بەیەک بگەن و جومگە دروست بکەن، کە ئایا ئەمانە بە یەک جومگە یان زیاتر دادەنرێن.

### چارەسەر کردنی ئەم دژایەتییە رووکەشییە بە وردبی و دانانی پێناسەی زانستی بۆ جومگەکان و جێبەجێ کردنیشی لە ژماردنی جومگەکانی لەشی مرۆڤدا:

**یەکەم: دانانی پێناسەیەکی ورد و تەواوی جومگەکان:**

هەستاین بە دانانی ژمارەیەک لە یاسای زانستی پێش دەستکردن بە کرداری ژماردنەکە و پاشان هەستاین بە ژماردن بە ووردیی، ئەویش لەبەر ئەوەیە کە هەر خەلەل و نوقسانییەک لە دانانی و یاساکاندا دەبێتە هۆی روودانی خەلەل لە دەرخستنی راستییە گەردوونییەکەدا کە خۆی لە ژمارەی راستەقینەی جومگەکانی لەشدا دەبینێتەوە کە لە فەرموودە پیرۆزەکەدا ئاماژەی بۆ کراوە، پابەند نەبوون بە چەند یاسایەکی وورد و راستیش لەرووی زانستییەوە دەبێتە هۆی کردنەوەی دەرگای رەخنەگرتن و تانەلێدان لە بواری ئیعجاز بە گشتی، ئەویش لەسەر ئەو بنەمایەی کە ئەو کەسانەی

بەم کارە هەڵدەستن دێن دەقە شەرعییەکان و راستییە زانستییەکان بە ئارەزووی خۆیان دەستکاریی دەکەن بۆ ئەوەی لەگەڵ هەوا و ئارەزووی خۆیاندا یەکبگرێتەوە.

ئەوەی کە ئێمە لەم لێکۆڵینەوەیەماندا پشتی پێدەبەستین ئەوەیە کە: جومگە بریتییە لە شوێنی بەیەک گەشتنی هەموو دوو ئێسکێک یان ئێسک و کرکراگەیەک یان دوو کرکراگە لە هەر شوێنێکی لەشی مرۆڤدا کە جیاکەرەوە لەنێوانیاندا بێت.

ئەم پێناسەیەش پێچەوانە نییە لەگەڵ زانستەکانی زماندا و لەهەمان کاتیشدا مانای وشەی (مفصل) وورد و جێگیر دەکات بە بنەما زانستییەکان کە هەموو ئەو جومگانە دەگرێتەوە کە کرکراگەکان تێیدا بەشدارن، و هەروەها لەگەڵ سەرچاوە زانستییەکانیشدا پێچەوانە نییە، بەڵکو مانای زمانەوانی وشەی (مفصل)یش جێگیر دەکات کە مەبەست پێی بریتییە لە بوونی جیاکەرەوەیەک لەنێوان دوو شتدا، هەروەها بەیەک گەیشتنی دوو ئێسکیش هەمیشە بەیەک جومگە دادەنرێت تەنانەت ئەگەر لە شوێنێکی زیاتریشدا بەیەک بگەن، بەم شێوەیە بنەما و زابیتە هاوپێچەکانی پێناسەکەش ئەمانە دەبن:

لەم سەرژمێرییەدا جومگە کرکراگەییە سەرەتاییەکان داخڵ نابن، کە لە ئێسکێک پێکهاتوون و بە کرکراگە دەورە دراون لەبەرئەوەی ئەم کرکراگانە لە تەمەنێکی زوودا دەبن بە ئێسک و ئەو ئێسکە بەتەواوەتی یەکدەگرێت هیچ نێوانێکی نامێنێت.

**نموونەکان:**

ا - بەیەک گەشتنی کۆتاییەکانی ئێسکە درێژەکانی پەلەکان لەگەڵ ناوەڕاستەکانیاندا.

ب - بەیەککەشتنی ئێسکی (وەتەد) لە کەللەی سەردا لەگەڵ ئێسکی پشتە سەردا.




١- لەم سەرژمێرییەدا بەیەککەیشتنی گرکراگە و ئێسکەکان داخل نەکراوە کاتێک کە نێوانیان نەبێت و تەنها پێکەوە نووسابن بە یەکگرتنی پەردەی کرکراگەکە لەگەڵ پەردەی ئێسکەکەدا، بۆ نموونە: بەیەک گەیشتنی کرکراگەکانی پەراسووەکان لەگەڵ پەراسووەکاندا.

٢- بەیەک گەیشتنی هەموو دوو ئێسکێک بە یەک جومگە دانراوە تەنانەت ئەگەر لە زیاتر لە یەک شوێنیشدا بەیەک گەیشتبن، بۆ نموونە: ١- بەیەک گەیشتنی ئێسکی پێشەوەی کەللەی سەر لەگەڵ ئێسکی (وەتەد)دا. ٢- بەیەک گەیشتنی ئێسکی (وەتەد) لەگەڵ ئێسکی (میکعە) لە کەللەی سەردا.

**دووەم: کۆکردنەوە و ژماردنی جومگەکانی لەشی مرۆڤ بە جێبەجێ کردنی ئەو یاسایەی لەسەرەوە دانراوە:**

ا) کۆکردنەوە و ژماردن بە درێژی:

1-SKULL (کەللەی سەر)

| ناوی جومگەکان | ژمارەیان |
|---|---|
| 1. FRONTO PARIETAL JOINT (CORONAL SUTURE) | 1 |
| 2. FRONTO –ETHMOID JOINT | 1 |
| 3. FRONTO MAXILLARY JOINTS | 2 |
| 4. FRONTOZYGOMATIC JOINTS | 2 |
| 5. FRONTONASAL JOINT | 1 |
| 6. FRONTOSPHENOID (LESSER WING) JOINT | 1 |
| 7. FRONTO-LACRIMAL JOINTS | 2 |
| 8. PARIETOOCCIPITAL JOINT | 1 |
| 9. INTERPARIETAL JOINT (SAGITTAL SUTURE) | 1 |
| 10. TEMPRO-PARIETAL JOINTS | 2 |
| 11. TEMPRO-SPENOID JOINTS (GREATER WING) | 2 |
| 12. OCCIPITO-TEMPORAL JOINTS | 2 |
| 13. TEMPRO-SPHENOID JOINTS (GREATER WING) | 2 |
| 14. TEMPRO-ZYGOMATIC JOINTS (ZYGOMATIC ARCH) | 2 |
| 15. TEMPRO-MANDIBULAR JOINTS | 2 |
| 16. INTER OSSICULAR JOINTS | 4 |
| 17. INTERMAXILLARY JOINT | 1 |
| 18. ZYGOMATICO-MAXILLARY JOINT | 2 |
| 19. MAXILLO-PALATINE JOINT | 1 |
| 20. NAZOMAXILLARY JOINTS | 2 |
| 21. MAXILLO-ETHMOID JOINTS | 2 |
| 22. MAXILLO- LACRIMAL JOINTS | 2 |
| 23. MAXILLO-SPHENOID JOINTS (PTERYGOID PROCESS) | 2 |
| 24. MAXILLO-CONCHAL JOINTS (INFERIOR CHONCHA) | 2 |
| 25. DENTAL GOMPHOSIS | 32 |
| 26. SPHENO-ETHMOIDAL JOINT | 1 |
| 27. VERMO-SPENOID JOINT (PTERYGOID PROCESS) | 1 |
| 28. PALATO-SPHENOID JOINTS (PTERYGOID PROCESS) | 2 |
| 29. ZYGOMATICO-SPHENOID JOINT (GREATER WING) | 2 |
| 30. VERMO-ETHMOIDAL JOINT (PERPINDICULAR PLATE) | 1 |
| 31. LACRIMO-ETHMOIDAL JOINT (LABYRINTH) | 2 |
| 32. JOINT BETWEEN VOMER AND HARD PALATE | 1 |
| 33. INTERNASAL JOINT | 1 |
| 34. JOINT BETWEEN HORIZONTAL PLATES OF PALATINE BONES | 1 |
| کۆ | 86 |

## 2- LARYNEX (قورقوراگە)

| | |
|---|---|
| 1- CRICOTHYROID JOINTS | 2 |
| 2-CRICOARYTENOID JOINTS | 2 |
| 3- ARYTENOI-CORNICULATE JOINTS | 2 |
| کۆ | 6 |

## 3- VERTEBRAL COLUMN AND PELVIS (بڕبڕەی پشت و حەوز)

| | |
|---|---|
| 1- ATLANTO-OCCIPITAL JOINTS | 2 |
| 2- INTERVERTEBRAL JOINTS | 69 |
| 3- LUBOSACRAL JOINTS | 3 |
| 4- SACRO-COCCYGEAL JOINT | 1 |
| 5- SYMPHYSIS PUBIS | 1 |
| کۆ | 76 |

## 4-UPPER LIMBS (پەلەکانی سەرەوە)

| | |
|---|---|
| 1- STERNOCLAVICULAR JOINT | 1X2= 2 |
| 2- ACROMIOCLAVICULAR JOINT | 1X2= 2 |
| 3- SHOLDER JOINT | 1X2=2 |
| 4- ELBO JOINT | 1X2=2 |
| 5- SUPERIOR RADIO-ULNAR JOINT | 1X2=2 |
| 6- INFERIOR RADIO-ULNAR JOINT | 1X2=2 |
| 7- WRIST JOINT | 1X2=2 |
| 8- INTERCARPAL JOINTS | 6X2=12 |
| 9- MID CARPAL JOINT | 1X2=2 |
| 10- CARPOMETACARPAL JOINTS | 4X2=8 |
| 11-METACARPOPHALANGEAL JOINTS | 5X2=10 |
| 12- INTERPHALANGEAL JOINTS | 9X2=18 |
| کۆ | 64 |

## 5- THORACIC CAGE (قەفەزی سنگ)

| | |
|---|---|
| 1- MANUBRIO STERNAL JOINT | 1 |
| 2- XIPHISTERNAL JOINT | 1 |
| 3- STERNOCOSTAL JOINTS | 14 |
| 4- INTERCHONDRAL JOINTS | 6 |
| 5- COSTO-VERTEBRAL JOINTS | 12X2= 24 |
| 6- COSTO-TRANSVERSE JOINTS | 10X2=20 |
| کۆ | 66 |

## 6-LOWER LIMBS (پەلەکانی خوارەوە)

| | |
|---|---|
| 1- SACROILIAC JOINT | 1X2=2 |
| 2-HIP JOINT | 1X2=2 |
| 3-KNEE JOINT | 1X2=2 |
| 4- SUPERIOR TIBIO- FIBULAR JOINT | 1X2=2 |
| 5- INFERIOR TIBUO FIBULAR JOINT | 1X2=2 |
| 6-ANKLE JOINT | 1X2=2 |
| 7- INTERTARSAL JOINTS | 7X2=14 |
| 8- TARSOMETATARSAL JOINTS | 4X2=8 |
| 9- METATARSOPHALANGEAL JOINTS | 5X2=10 |
| 10- INTERPHALANGEAL JOINTS | 9X2=18 |
| کۆ | 62 |

ب) ژمارەی گشتی جومگەکان بەپێی یاسا دانراوەکان:

| | |
|---|---|
| ١- جومگەکانی ئێسکی کەللەی سەر | ٨٦ |
| ٢- جومگەکانی قوڕگ | ٦ |
| ٣- جومگەکانی قەفەزی سنگ | ٦٦ |
| ٤- جومگەکانی بڕبڕەی پشت و حەوز | ٧٦ |
| ٥- جومگەکانی پەلەکانی سەرەوە ٣٢ × ٢ - | ٦٤ |
| ٦- جومگەکانی پەلەکانی خوارەوە ٣١ × ٢ - | ٦٢ |
| کۆی گشتی | ٣٦٠ |

ئالێرەوە بەڵگەیەکی نوێی ئیعجازی زانستی لە قورئانی پیرۆزو سوننەتی خاوێندا ئاشکرا دەبێت، کە هیچ مرۆڤێک لە سەردەمی پێغەمبەردا (ﷺ) نەیدەتوانی زانیاری ئەمەی دەست بکەوێت و بیزانێت مەگەر بە نیگای خودایی نەبێت , پەروەردگاریش زۆر جوانی فەرمووە: ﴿ سَنُرِيهِمْ ءَايَٰتِنَا فِى ٱلْءَافَاقِ وَفِىٓ أَنفُسِهِمْ حَتَّىٰ يَتَبَيَّنَ لَهُمْ أَنَّهُ ٱلْحَقُّ أَوَلَمْ يَكْفِ بِرَبِّكَ أَنَّهُۥ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ شَهِيدٌ ﴿٥٣﴾ ﴾ فصلت.




**سەرچاوە:** سایتی (www.eajaz.org).

# نوێژ و (دەوالی) لاقەکان



د. توفیق علوان / و. د. دارا گوڵ حامید daragull@hotmail.com

ئەم توێژینەوەیە، یەکەم توێژینەوەی پزیشکییە کە پەیوەندی دەخاتە نێوان نوێژ (وەک فەرزێک) و پاراستنی مرۆڤ لە نەخۆشی فراوان بوون و پێچاوپێچ بوون و هەڵئاوسانی خوێنهێنەرەکانی لاق کە پێی دەوترێت (دوالی الساقين varicosity).

هەروەها یەکەم توێژینەوەشە - لەسەر ئاستی جیهان - کە لەپەیوەندی نێوان فراوان بوون و هەڵاوسانی خوێهێنەرەکانی لاق (دوالی) و وەرزشە ماسولکەییە سوکەکان دەکۆڵێتەوە، ئەمەش لەڕێی کارکردنی توێژەرەوە (د. توفیق علوان) لەسەر (٢٠) نەخۆش کە (دوالی) یان هەبووەو (١٠) کەسی تەندروست، و پێوانی پەستانی خوێنهێنەکان لە پشتی پێی (١٥) کەسی تەندرووستدا، لە کۆتاییدا توێژەر لەڕێی ئەم توێژینەوەیە کاریگەری نوێژی لە پاراستن لە تووش بوون بەنەخۆشی (دوالی) سەلماندووە.

ئەم توێژینەوەیە پلەی ماجستێری بەئاستی ناياب (١٠٠٪) لە کۆلیژی پزیشکی زانکۆی ئەسکەندەرییە، وەرگرتووە.

## دەوالی لاقەکان چییە؟

تێکچوونێکی باوە لە خوێنهێنەکانی لاقدا، بریتییە لەدەرکەوتنی خوێنهێنی ئەستوورو پێچاوپێچ وپڕ لەخوێنی ڕەنگ گۆڕاو، بەدرێژایی هەردوو پەلی خوارەوە، ئەم نەخۆشییە (١٠٪ تا ٢٠٪) ی مرۆڤ - بەگوێرەی کۆمەڵگەکان - پێوەی دەناڵێنن.




زاناو پزیشکان دەوالی بۆ دوو جۆر دابەش دەکەن: دەوالی سەرەتایی و دەوالی دووەمیی، هۆکارەکانی دەرکەوتنی دەوالی سەرەتایی تا هەنوکە بەتەواوی نەزانراون، بۆیە پزیشکانی نەشتەرگەر بەسەر دوو ڕای جیاوازدا دابەش دەبن:

یەکەم: ئەوانەی کەهۆکاری تووش بوون بەدەوالی بۆ تێکچوونی زمانەکانی ناو خوێنهێنەکان دەگەڕێننەوەو پشت ئەستور بە خراپ بوونی ئەم زمانانە لەهەر بارێکی دەوالیدا، بۆچوونی خۆیان تەواو بەڕاست دەزانن.

تێگەیشتن لە بۆچوونی کۆمەڵەی (یەکەم) ئاسانە، کاتێک دەڵێن تێکچوون و خراپ بوونی زمانەیەک دەبێتە هۆی زیادبوونی پەستان لەسەر دیواری خوێنهێنەکە، و ئەم پەستانەش بۆ بەشی خوارەوەی خوێنهێنەکە دەگوێزرێتەوەو ئەمەش دەبێتە هۆی نەمانی بەرگری و کشانی دیواری خوێنهێنەکە، و دوای ماوەیەکی کورت یا درێژ وێنەیەکی تەواوی دەوالی لە لاقەکاندا دەردەکەوێت. واتە بەگوێرەی ڕای ئەم کۆمەڵە لە زانایان، لە پێشدا زمانەکانی خوێنهێنەرەکان خراپ دەبن پاشان دەبنە هۆی خراپ بوون و تێکچوونی هەموو خوێنهێنەرەکە.

دووەم: بەڵام کۆمەڵی دووەم لە نەشتەرگەران ڕایەکی پێچەوانەی ڕای کۆمەڵی یەکەمیان هەیە، و بەجۆرێک دژی دەوەستنەوە تا ئەو جێگەیەی بەتەواوی لە بناغەوە پووچی دەکەنەوەو ڕای خۆیان بەوە بەهێز دەکەن، کە لاوازی دیواری خوێنهێنەرەکان وایان لێدەکات دەوالییان تێدا دەربکەوێت.

ئەم لاوازییەش وا لە خوێنهێنەرەکان دەکات بۆ بەرگری پەستانی خوێنی ناویان پشت بەشانە پارێزەکانی دەوریان و ڕادەی سەلامەتی ترومپای خوێنهێنەکەیان ببەستن.

بەبۆچوونی ڕای دووەم لاواز بوون و تێکچوونی دیواری خوێنهێنەرەکان زمانەکانی ناویان خراپ دەکەن و لەکاریان دەخەن، ئەم بۆچوونانە هەمووی بۆ دیاری کردنی هۆکارەکانی دەوالی سەرەتایی بوون، بەڵام دەوالی دووەمی زۆر هۆکاری وەک: مەیینی خوێنهێنی قووڵ (Deep venous thrombosis) کە ڕاستەخۆ کار لەتوانای داخران و کرانەوەی زمانەکان دەکات و بەتەواوی لە کاریان دەخات.

بەو جۆرە ئەو پەستانە بەهێزەی ناو خوێنهێنە قووڵەکان لەکاتی ڕاهێنانە ماسولکەییەکانی (التمارين العضلية) لاقەکاندا، و بەهەمان هێز بەناو زمانە لەکارکەوتووەکاندا بۆ خوێنهێنە کەم بەرگرییە ڕووکەشیەکانی لاق دەگوێزرێتەوەو بەوەش دیوارەکانیان دەکشێن و وێنەیەکی نموونەیی دەوالی نیشان دەدەن.

زانا (دەیڤید کریستۆفەر) لە ساڵی (١٩٨١) دا ، ئاشکرای کرد کە پەستانی سەر خوێنهێنەرەکانی پەلەکانی خوارەوە بەرەنجامی سێ جۆر پەستانە کە ئەمانەن: ئەو پەستانەی بەهۆی هێزی پاڵنانی ماسولکەکانی دڵەوە دروست دەبێت.

ئەو پەستانەی بەهۆی کێشکردنی زەوییەوە بەرەو خوارەوە بەدەست دێت، ئەمەش تارادەیەک گرنگەو بۆ باری وەستاویی مرۆڤ دەگەڕێتەوە، بەو جۆرە هەر خاڵێکی ئامێری خوێنهێنەرەکان کە دەکەوێتە خوار ئاستی گوێچکەڵەی دڵەوە، دەکەوێتە ژێر کاریگەری پەستانێکی موجەبەوە، کە یەکسانە بەدووری نێوان ئەو خاڵەو گوێچکەڵەی ڕاست.

پەستانی دەستکەوتوو بەهۆی گۆڕانە گوێزراوە کاتییەکانەوە (التغيرات اللانتقالية المؤقتة)، ئەم گۆڕانانەش لەچەند سەرچاوەیەکەوە بەدەست دێن.

بەنموونە چەند گۆڕانێکی نێوەندی (مرکزی) هەن، بەرەنجامی ئەو شەپۆلە دواییەکانەن، کە لە پەرچەکرداری کاری دڵدا پێک دێن، هەروەها شەپۆلە هاوهێزەکانی گۆڕانکارییە ڕێکەکانی پەستانی ناو قەفەزەی سنگ، کەکشان و چوونەوە یەکی ناو سییەکان دروستیان دەکەن.

ئەمانەش وێڕای گۆڕانی پەستانی ناو خوێنهێنەرەکان کەبەهۆی کاری گرژبوونە دواییەکانی ماسولکەکانی پەلەکانی خوارەوە دروست دەبێت.

ئەگەر ڕووکەشە خوێنهێنەرەکانی پەلەکانی خوارەوە، پشتگیرو یارمەتی دەرێکیان نەبێت، ئەوا لەخوارەوە بۆ سەرەوە دەست بەئاوسان و بەرز بوونەوە دەکەن. ئەگەر بزانین کە خوێنهێنەری گەورەی لاق (Great saphenous vein) گەورەترین خوێنهێنەری لاشەی مرۆڤە، ئەوا بەئاسانی لەوە دڵنیا دەبین، کە زۆرترین جۆری پەستان لەسەری، پەستانی هێزی کێش کردنی زەوییە، کە ئاراستەکەی پێچەوانەی ڕۆیشتنی خوێنی خوێنهێنەرەکەیە.

ئێستا لای زانایان ئەوە ڕوونە کەدەوالی لاقەکان تایبەتمەندییەکە لە تایبەتمەندییەکانی باری وەستاویی مرۆڤ، وەک چۆن ئەوەشیان لا ڕوونە کە هیچ جۆرێکی تری ئاژەڵ لەسەر زەویدا تووشی ئەم گرفتە (دەوالی) نابێت.

پەستانی سەر پشتی پێ لەکاتی وەستاندا لە نێوان (٩٠ تا ١٢٠ سم/ ئاو) دایە، لێرەدا ڕۆڵی زۆر گرنگی ترومپای خوێنهێنەری ماسولکەیی دەردەکەوێت، لە کاتێکدا ئەو پەستانە (پەستانی پشتی پێ)، لەژێر کاریگەری گرژ بوون و خاو بوونەوە دوای یەکەکانی ماسولکەکانی پەلەکانی خوارەوەدا، دێتە خوارەوە دوای ماوەیەکی کەم لە جووڵانی پەلەکانی خوارەوە دەگاتە (٢٠ ملم/ جیوە).

چالاکی ئەم ترومپا سەرسوڕهێنەرە تەنها ئەوە نییە کەباسکرا، بەڵکو ڕێگری لە کۆبوونەوەی شلەمەنییەکانی ناو شانەکانی دەکات، کەزیان بە لاقەکان دەگەیەنن ئەگەر بێت و مرۆڤ بۆ ماوەیەکی زۆر ڕابوەستێت، ئەمەش بەهۆی چەند جار زیادبوونی پەستانی سەر خوێنهێنەرەکانەوە دەبێت.

گرنگترین دوو هۆکاری بەشدار لەتێکدانی خوێنهێنەرە رووکەشەکانداو دەرکەوتنی دەوالی لاقەکان، ئەمانەن:

یەکەم: ئەو گوشاری خوێنەی کە لەکاتی وەستانێکی زۆردا دەکەوێتە سەر دیواری رووکەشە خوێنهێنەرەکانی.

دووەم: ئەو خوێنهێنەرەی کە ئامادەی تووش بوون بەدەوالی تێدایە، لەبنەڕەتدا لە ژێر کاریگەری نەخۆشیەکی گشتی بەستەرە شانەکاندایە، کەوای لێدەکات دیوارەکانی لە دیواری هاوتا تەندروستەکەی لاوازتر بێت.

ئاشکرایە بەرەنجامی هاوکات دەرکەوتنی ئەو دوو هۆکارەی سەرەوە لە کەسێکدا، دەوالی لاقەکانە.

### پەیوەندی نێوان نوێژو دەوالی:

دوای چاودێری کردنێکی ووردی جووڵە جیاوازەکانی نوێژ، بینرا کە برێکی سەرسوڕهێنەریان لەتێکشان و گونجان و هاریکاری و ڕێکەوتن لە نێواندایە، لەوەش گرنگتر دوای پێوانی پەستانی سەر دیواری خوێنهێنەری لاق (Saphenous vein) لە جومگەی پاژنەدا، زۆر دابەزینی ئەو پەستانە لەکاتی نوێژدا، وەک لەخوارەوە باسی دەکەین، تەواو سەرنج ڕاکێش و سەرسوڕهێن بوو.

بەراوردی پەستانی سەر پشتی پێ لەکاتی جوڵە جیاوازەکانی نوێژدا:

تێکڕای پەستانی سەر پشتی پێ لەکاتی وەستاندا =٩٣, ٠٧ سم/ئاو

تێکڕای پەستانی سەر پشتی پێ لەکاتی چەمانەوە (ركوع) دا= ١٣ ,٤٩سم/ئاو

تێکڕای پەستانی سەر پشتی پێ لەکاتی دانیشتنی نێوان کرنووشەکاندا = ١٦, ٧٣ سم/ئاو

تێکڕای پەستانی سەر پشتی پێ لەکاتی کرنووشی یەکەمدا = ٣ سم/ئاو

تێکڕای پەستانی سەر پشتی پێ لەکاتی کرنووشی دووەمدا =٣٣ ,١سم/ئاو

وەک لەم بەراوردەدا دەردەکەوێت، پەستانی کاتی چەمانەوە، تەنها دەگاتە کەمێک سەرو نیوەی کاتی ڕاوەستان، هەروەها لەکاتی کرنووشی یەکەمدا خوێنهێنەرەکە پشوویەکی تەواو وەردەگرێت و لەکاتی کرنووشی دووەمداو لە کردارێکی ئامانجداردا، خوێنهێنەرەکە، تارادەیەکی زۆر لە خوێن خاڵی دەبێتەوە بەو شێوەیە دەچێتە باشترین باری سرەوتنی خۆیەوە لەو پەستانە زۆرو زیان هێنەی سەری، پزگاری دەبێت.

ئەو دابەزینی پەستانەی لە نێوان کرنووشی یەکەم و دووەمدا هەستی پێدەکرێت، ڕەنگە هەروەک چۆن هەندێک لەزانایان لێکی دەدەنەوە، ئەنجامی کرداری ڕاکێشانی خوێنی ناو خوێنهێنەرە رووکەشەکان بێت بۆ ناو خوێنهێنەرە قووڵەکان.

بەتایبەت کە مرۆڤ لەنێوان هەردوو کرنووشەکەدا لەبارێکی ئارام و هێمندا جێگیر دەبێت.

دەرەنجامی ئەوەی باسکرا، نوێژ بەجووڵە جیاکەرەوەکانی، پەستانی سەر خوێنهێنەری لاق بۆ نزمترین ئاست دادەبەزێنێت.

کاریگەری سەرسوڕهێنی تری نوێژ، بۆ چالاک کردنی توانای بنیات نانی ماددەی کۆلاجین (Collagen) و ئنجا بەهێزکردنی دیواری خوێنهێنەرەکان دەگەڕێتەوە.

هەر لەم توێژینەوەیەدا گەیشتینە ئەنجامێکی زۆر سەرنج ڕاکێش، ئەویش دوای پێوانی بڕی

ماددەی هایدرۆکسی پرۆلین (Hydroxy proline)، دەرکەوت ئەم ماددەیە – کەماددەیەکی بەهێزکەری دیواری خوێنهێنەرەکانە – زۆر زیاترە لە دیواری خوێنهێنەرەکانی ئەوانەی نوێژ دەکەن، بەبەراورد لەگەڵ ئەوانەی نوێژ ئەنجام نادەن، هەروەک ڕوون دەبێتەوە.

### تێکڕای ماددەی هایدرۆکسی پرۆلین (Hydroxy proline)

| | | |
|---|---|---|
| ١ | لە خوێنهێنەری ئەوانەدا کە دەوالیان هەیەو نوێژ دەکەن | ٢٦,١٣ |
| ٢ | لە خوێنهێنەری ئەوانەدا کە دەوالیان هەیەو نوێژ ناکەن | ١٦,٤٣ |
| ٣ | لە خوێنهێنەری ئەوانەدا کە تەندروستن و نوێژ دەکەن | ٨٠,٩٣ |
| ٤ | لە خوێنهێنەری ئەوانەدا کە تەندروستن و نوێژ ناکەن | ٦٣,٤٠ |

لێرەدا ئەو کاریگەرییە گەورەیەی نوێژ لەسەر چالاک کردنی توانای بنیات نانی مادده بەهێزکەرەکانی خوێنهێنەرەکان دەردەکەوێت، کاتێک دەبینین جووڵەکانی نوێژ ڕاهێنانێکی تەواو ڕێک و هێمنی سوود بەخشن، ئەمە وێڕای کرداری هێورکردنەوەی دەروونی و بەخشینی ئارامی بە مرۆڤی نوێژ خوێن، بۆ بەرەنگاری ئەو هەموو گوشارە دەروونیەی ڕۆژانە تووشی مرۆڤ دەبن (ولیام گانۆنگ) (W.Ganong) (١٩٨١م) جیاوازییەکی گەورە لەنێوان ڕاهێنانە ماسولکەییە قورسەکان (الشاقە) و ڕاهێنانە سوکە هێمنەکاندا دەکات و دەڵێت:

ڕاهێنانە سوکە هێمنەکان دەبنە هۆی کشانی لولە خوێنەکان و زۆر پاڵنانی خوێن بۆیان، و بەم جۆرەش ڕێژەی ئەو ئۆکسجینەی بۆ بەرهەم هێنانی ووزەی داواکراو لەم ڕاهێنانەدا پێویستە، دەست دەکەوێت بەم شێوەیەش کرداری سوتان بەتەواوی پشت بەئۆکسجینی هەوا دەبەستێت، لەگەڵ کەمترین ڕێژەی نیشتوو و پاشەڕۆی کۆبووەوە لەناو خوێن یان ماسولکەدا، بۆیە ڕاهێنانە سوکەکان ئەم سودانەیان هەیە:

١- توانای لەش بۆ وەرگرتنی ڕێژەیەکی زۆری ئۆکسجینی هەوا بەرز دەکەنەوە.

٢- لە ڕاهێنانە سوکەکاندا ترشی لاکتیک، کەماندووکەری سوری خوێنە، بەکەمترین ڕێژە دەردەدرێت.

٣- ووزەی دەست کەووتو تیایاندا تەنها بەشێوەی گەرمی دەردەکەوێت.

بەم شێوەیە پارێزگاری لە زۆرترین ڕێژەی ئۆکسجینی عەمبار کراو دەکرێت، بەرامبەر هەوڵدان و ووزەی بەکاربراو لە ڕاهێنانە سوکەکانی کاتی نوێژدا.

٤- ئەم جووڵە بەردەوامانەش تێکڕای هەوا گۆڕکێی لەش کەبە (توانای هەناسەیی) ناودەبرێت، بەرز دەکاتەوە، کەئەمەش بریتییە لە (ڕێژەی نێوان دووەم ئۆکسیدی کاربۆنی دەرکراو لەسییەکان و ئۆکسجینی هەڵمژراوی ناویان) ئەمەش ڕێژەیەکە لەباشترین باردا لە (١) ژمارەی تەواو تێناپەڕێت، بەڵام لەکاتی ڕاهێنانە ماسولکەییە سوکەکانی نوێژدا ئەم ڕێژەیە بۆ دوو بەرابەر (واتە ٢ ژمارەی تەواو) بەرز دەبێتەوە، ئەمەش بەهۆی خێرا کردنە دەرەوەی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن و بەرز بوونەوەی ڕێژەی هەڵمژینی ئۆکسجینەوە بەدەست دێت.

بەشێوەیەکی گشتی نوێژ، بەرادەیەکی سەرسوڕهێنەر هەموو کرداره زیندەییەکانی ناو لەش - وەک کردارەکانی نواندنی خۆراک - چالاک دەکات، کە هۆکارێکی دەروونی و ماسولکەیی کاریگەرن.

### ئەنجام دانی نوێژ بەجووڵە جیاکەرەوەکانیەوە ڕێگرێکی باشە لەتووش بوون بەنەخۆشی (دەوالی)

چالاک کردنی ترومپای خوێنهێنەری تەنیشتی بەهۆی نوێژەوە:

جووڵەکانی نوێژ زۆر نیانن و یارمەتیدەرێکی باشی ئەم ترومپایەن، هەروەک لەسەرەوە ڕوون کرایەوە پەستانی سەر خوێنهێنەرەکانی پشتی پێ لە (١٠٠سم/ئاو) وە لەکاتی وەستاندا، بۆ نزیکی سفر (١, ٣٣) لەکاتی کرنووشی دووەمدا دادەبەزێت. ئەمەش ڕەحمەتێکی گەورەیە بۆ هەموان، بەتایبەت ئەوانەی بەهۆی کارەکیانەوە، یان هەر هۆیەکی تر بۆ ماوەیەکی درێژ بەپێوە دەوەستن .

وەرگرتنی کرنووش (سوجدە) وەک نموونەیەکی جوڵەی نوێژو ئەو گۆڕانکاریانەی تیایدا ڕوودەدەن.

ا- لەبەر گەڕانەوەی خوێن بۆ دڵ ترسناکترین جووڵە لەنوێژدا بریتییە لە کرنووش بردن .

لە ژێر ڕۆشنایی ڕێنماییە ووردو دیاری کراوەکانیدا، بەم شێوازەی خوارەوە پێغەمبەر(ﷺ) فرمانی بەئەنجام دانی کرنووش کردووە. وەک یاسایەک کەلادان لێی نییە، کرنووش دەبێت وەک جووڵەکانی تری نوێژ لەباشترین باری ئارامی و جێگیری و دڵنیایدا ئەنجام بدرێت.

*دەبێت بە تەواوی ڕوو لە سەر زەوی دابنرێت.

*دەبێت قەد، لەسەر ئیسقانەکانی ڕوو، لەپی دەست، ئەژنۆ و پەنجەکانی پێ ڕووەو قیبلە ئارام بگرێت.

*ڕێگرییەکی ئاشکرا لە ئارام گرتنی قەد لەسەر بازووەکان لە نوێژدا هەیە ، و بەپێچەوانەوە دەبێت بازووەکان لەقەدەوە دوور بن.

*لە کاتی کڕنووشدا نوێژ خوێن دەبێت لەپشت خوارکردنەوە دوور بکەوێتەوە، پشت توندو بێ خواری بمێنێتەوە.

*ڕانەکانیش بەشێوەیەکی ستوونی و لەباری خاو بوونەوەی نیمچە تەواودا، لەسەر ئەژنۆکان ئارام و لاقەکانیش لەسەر پێیەکان لەنگەر دەگرن.

ب ـ گۆڕانە ماسولکەییەکانی کاتی کڕنووش

* ڕێک ڕاگرتنی پشت و دوورکەوتنەوە لەهەر نارێکیەک تیایدا بەهۆی تەواو گرژ بوونی ڕاگرە ماسولکەکانی پشت، کە لەناوچەی ملەوە هەتا کلێنچکە دەگرنەوە (لێرەدا تێبینی ڕێنمایەکانی پێغەمبەر(ﷺ)بکە لەپشت بەستن بەبازووەکان لەکاتی کڕنووشدا، هەتا ماسولکەی ناوبراو بەسەربەستی کارەکەی ئەنجام بدات)

*لە ژێر کاریگەری ئەو ماسولکەیەی کە لەپشتی سەرەوە بۆ مل درێژ دەبێتەوە، لە ملدا کشانێک ڕوودەدات، کە گرنگییەکی بەرچاوی لە گەڕانەوەی خوێن بۆ دڵ هەیە.

*بەهەماهەنگییەکی تەواوی نێوان ماسولکە لارو ڕێکەکانی پێشەوەی دیواری سک، سک لەکاتی کڕنووشدا بۆ پێشەوە دەنوشتێتەوە.

*نووشتانەوەی جومگەی کلۆت بەهۆی ئەو ماسولکەیەی کەلە سمتەوە بۆ بەشی سەرەوەی ڕان درێژ دەبێتەوە.

*جومگەی ئەژنۆ دەنوشتێتەوە لە کاتێکدا لاق قورسایی خۆی دەخاتە سەر پەنجەی پێکان ئەم بارەش خاوبوونەوەیەکی تەواو بە کۆمەڵەی ماسولکەکانی ناوچەی ڕان دەبەخشێت.

بەم جۆرەو لە ئاوا بارێکی ناوازەی لاقدا ماسولکەکانی پوز (دواوەی لاق) خاو دەبنەوەو پشوو دەدەن و خواربوونەوەی لەشیش لەدواوە بۆ پێشەوە لەگەڵ هێزی کێش کردنی (زەوی)دا ، یارمەتی دەرێکی باشی پاڵنانی خوێنن .

ج ـ گەڕانەوەی خوێنی ناو خوێنهێنەرەکان لە ژێر کاریگەری هێزی کێش کردنی زەویدا:

یەکێک لە کاریگەرییە زۆر ئیجابیەکانی کڕنووش، پێچەوانە کردنەوەی ئاراستەی ڕۆیشتنی خوێنە، چونکە جگە لەکاتی کڕنووش، خوێن دەبێت بەهەوڵ و ماندوبوونێکی زۆر لەپاژنەی (پێ) وەو بەپێچەوانەی هێزی کێش کردنی زەوییەوە بەرەو دڵ بڕواتەوە.

بەڵام لەکاتی کڕنووشدا بەئاسانی وبێ گرفت هەموو ئەو خوێنە بەیارمەتی هێزی کێش کردنی زەوی بەرەو دڵ دەگەڕێتەوە.

تێکڕایی پەستانی پشتی پێ لەکاتی وەستاندا (٩٣, ٧٠ سم/ئاو) ە، لەکاتێکدا لەکاتی کڕنووشی یەکەمدا (٣ سم/ئاو) و لە کڕنووشی دووەمدا بۆ (١, ٣٣ سم/ئاو) دادەبەزێت.

وەک زانرا ڕێک بوونی پشت و توند بوونی ماسولکەکانی وا لەو خوێنەی ناوی دەکات کەبەخێرایی و بەئاسانی بەناو خوێنهێنەرە گەورەکاندا – کەلەکاتی کڕنووشدا دەکەونە سەرو ئاستی دڵەوە – بەرەو دڵ بڕوات، ئەمەش بەیارمەتی هێزی کێشکردنی زەوی.

کرژبوونێکی ڕێژەیی ماسولکەکانی دیواری سک، لەگەڵ زیادبوونی پەستانی بۆشایی (سک)دا، بێ هیچ گرفتێکی شایانی باس دەبنە هۆی گوشینی خوێن، بەرەو دڵ.

جگە لەهێزی کێش کردنی زەوی , ئەوەی گەڕانەوەی خوێن بەرەو دڵ خێراتر دەکات، دروست بوونی پەستانێکی سالبە لە دڵدا، کەخوێن لە هەموو ئەو خوێنهێنەرانەوە ڕادەکێشێت کەپێوەی بەندن.

لەئەنجامی ئەو خاو بوونەوە کتو پڕەی ماسولکەکانی پووز کەلەکاتی کڕنووشدا ڕوودەدات، هەروا بەهۆی ئەو پەستانە سالبەی باسکراو بەیارمەتی هێزی کێشکردنی زەوی، خوێنهێنەرە ڕووکەشەکان لەزۆرینەی ئەو خوێنەی ناویان کەپەستانێکی زۆر لەسەر دیوارەکانیان دروست دەکات، خاڵی دەبنەوە.

لەکۆتاییدا، باری وەستاوی پێکان لەسەر پەنجەکانیان دەبێتە هۆی گرژ بوونی ترومپا خوێنهێنەرەکەی ناو لولە خوێنەکان، کە ئەمەش توانای گەڕانەوەی خوێنی ناو خوێنهێنەرەکان زیاد دەکات.

### سوده پزیشکییەکانی کڕنووش:

بەهۆی ئاسان کردنی گەڕانەوەی خوێن بەرەو دڵ، کڕنووش سودێکی یەکجار زۆری هەیە، بەکورتی ئەمانەن:

یەکەم: ئاراستە کردنی سوڕی خوێنهێنی لەش، بەئاراستەی کاری کێش کردنی زەوی.

دووەم: چالاک کردنی ترومپای خوێنهێنەری سک، تا کۆتا پلە.

سێیەم: ڕاکێشانی خوێن لە ڕووکەشە خوێنهێنەرەکانی لاقەوە بۆ خوێنهێنەرە قوڵەکان، بەهۆی ترومپای لاقەوە.

چوارەم: دروستکردنی گەورەترین هێزی کێشکردنی سالبی ماسولکەکانی دڵ.

تێبینی: ئەمە قۆناغی دووەمی گەڕانەوەی خوێنە لەژێر کاریگەری ترومپای خوێنهێنەری (سک) دا، یەکەم قۆناغ لەکاتی چەمانەوەدا بەسەرکەوتویی ئەنجام درا.

### هەستانەوەی دوای کڕنووش

یەکەم: چۆنێتی جوڵەکە:

وەک ئاشکرایە لەم جوڵەیەدا، بەئارامی سەر لەسەر زەوی بەرز دەکرێتەوە، پشت ڕاست و ڕانی چەپ لەسەر لاقی چەپ، و لاقی ڕاستیش لەسەر پەنجەکانی پێی ڕاست ئارام دەگرن.

دووەم: گۆڕانە ماسولکەیی و خوێنهێنەرییەکان:

ماسولکەکانی دیواری پێشەوەی سک لەبارێکی نیمچە کرژ بوودا دەبن.

گەیەنەرەکانی قەدو پەلەکانی خوارەوە تەواو خاو دەبنەوە.

دابەزینێکی بەرچاوی ئەو پەستانەی سک، کەلەکاتی کڕنووشدا بەرز دەبێتەوە، بەدەست دێت.

جومگەی کلۆت بەهۆی ماسولکەکانی سمت و ڕانەوە دەنوشتێتەوە.

جومگەی ئەژنۆ دەنوشتێتەوە، ڕان پەستانێکی تەواو لەسەر ماسولکەکانی لاق دادەنێت.

ماسولکەکانی لاق تەواو خاو دەبنەوە، لەکاتێکدا لەژێر پەستانی قورسایی ڕاندان.

جومگەی قولە پێ بارێکی نوشتاوە وەردەگرێت.

سێهەم: ترومپای سنگ دەگاتە لوتکەی کارکردن:

هەستانەوە لە کڕنووش بەشێوەیەکی میکانیکی، هەناسە هەڵمژینێکی قوڵی بەدوادا دێت، کەدەبێتە هۆی تەواو چالاک کردنی ترومپای سنگ.

لەم بارەدا پەلەکانی خوارەوە، نوشتاوەتەوەو ماسولکەکانیان تەواو خاون، بەم جۆرە هەلێکی باش بۆ خوێنی ناو خوێنهێنەرە ڕووکەشەکان دەڕەخسێت تا بەئاسانی بگاتە خوێنهێنەرە قوڵەکان، ئەمەش لەکاتێکدایە کە ماسولکەکانی ڕان، ماسولکەکانی لاق و خوێنهێنەرەکانی ناویان بەتووندی دەگوشن، و ئەو خوێنەی کە تیایاندایە ڕووەو خوێنهێنەرە قوڵەکان پاڵدەنێن، هەروەها ترومپای لاقەکانیش یاریدەی ئەم گەڕانەوەی خوێنە دەدەن، بەجۆرێک بەزۆرترین توانای خۆیان پاڵ بەخوێنی ناویانەوە دەنێن.

### سوودە پزیشکییەکانی ئەم دانیشتنە (دانیشتنی نێوان دوو کڕنووشەکە)

ترومپای سنگ لە تەواوترین باردا کاردەکات.

ترومپای سک دەچێتە لوتکەی کاری خۆیەوە.

خوێنی ناو خوێنهێنەرەکانی پەلەکانی خوارەوە، بەباشترین شێوە دەگوشرێت.

زۆرترین پشوو بۆ دیوارەکانی خوێنهێنەرە ڕووکەشەکانی لاق، دەستەبەر دەبێت.

### پوختە:

وەک دەرکەوت نوێژ، بەهۆکارێکی تەواو کاریگەری خۆپاراستن لە (دەوالی) لاقەکان دەژمێررێت، ئەوەش بە (٣) هۆ:

١ـ بارە ناوازەکانی، کە دەبێتە هۆی دانانی کەمترین پەستان لەسەر دیوارەکانی خوێنهێنەرە ڕووکەشەکان.

٢ـ چالاککردنی ترومپای خوێنهێنی تەنیشتی، لێرەشەوە کەمکردنەوەی پەستانی سەر خوێنهێنەرە ڕووکەشەکانی لاق، بۆ نزمترین ئاست.

٣ـ بەهێز کردنی دیوارە لاوازەکان، لەڕێی بەرزکردنەوەی توانای نواندنی خۆراک لەهەموو لەشدا.

# چارەسەری ژانی (دەماری سمت و ڕان) (Sciatica) لە سوننەت دا

ئا: د. جعفر عمر



ئیبن ماجە لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە ڕیوایەتی کردووە کە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی:«شفاء عرق النسا ألية شاة أعرابية تذاب ثم تقسم ثلاثة أجزاء يشربه ثلاثة أيام على الريق كل يوم جزءا» چارەسەری ژانی دەماری سمت و ران[١] بریتییە لە کلکی مەڕی دەشتەکی شلەوەبوو (واتە کلکی مەڕەکە بکوڵێنرێت تا دەتوێتەوە)، دابەش بکرێت بۆ سێ بەشەوە وە نەخۆشەکە هەر بەشەی وەربگرێت (بیخوات) کاتێک کە گەدەی هیچی تیا نەبێت لە ماوەی سێ ڕۆژدا»[٢].

مەڕی دەشتەکیش واتە مەڕێک گژوگیای سروشتی بخوات.

نیشانەکانی: ئازارێکە بەدرێژایی دەماری سمت و ران (دەماری سایەتیک)[٣]، کە دەست پێ ئەکات لە سمتەکانەوە بۆ پشتی قاچ و پێیەکان، هەروەها لاواز بوون و تەنانەت نەمانی هەستکردن لە قاچەکاندا، و لەوانەیە توشی پشت ئێشە ببێت، هەروەها لەوانەشە کاریگەریی زۆر خراپی هەبێت و ببێتە هۆی تێکچونی خاڵی بوونەوەی ڕیخۆڵە و میزەڵدان.

هۆکارەکانی: چەند هۆکارێکی هەیە، لە زۆربەی حاڵەتەکاندا بەهۆی دەرچونی خەپلەوەیە (خەپلەکانی بڕبڕەی پشت) کە ئەبێتە هۆی پەستاوتنی ڕەگی دەمارەکە. هەروەها هۆکارێکی تری بریتییە لە ژەهراوی بوون بەهۆی بەکتریاوە کە ئەبێتە هۆی هەوکردنی دەماری سایەتیک و پاشان ژانی (دەماری سمت و ران).

## ئیعجازە زانستییەکان لە فەرموودەکەدا:

یەکەم: کاریگەریی چەوری لە چارەسەری نەخۆشی ژانی (دەماری سمت و راندا):

فەرموودەکە ئاماژە دەدات بە کلکی مەڕ لە چارەسەری ئەم نەخۆشییەدا کە لە ڕاستییدا ئەویش چەوری یە.

زانستی نوێش هەرسبوونی چەوری دەکات بە سێ لقەوە، کە دەبێتە هۆی پێکهێنانی سێ ئاوێتەی کیمیایی جیاواز، هەریەکەو کاریگەرییەکی پێچەوانەی هەیە لەگەڵ ئەوانی تردا، بەم ئاوێتانەش دەوترێت پرۆستاگلاندین. ئەم ئاوێتانە (پرۆستاگلاندین) لە هۆرمۆنەکان دەچن و کاریگەرییەکی جیاوازیان هەیە لەسەر ئازارو هەوکردن.

(پرۆستاگلاندینی جۆری ١) ڕێگری لە ئازار دەکات و لە ترشە چەورییەکەوە وەرگیراوە کە پێی دەووترێت: «گاما لینۆلیک ئەسید»[٤]، ئەمیش بریتییە لە کۆمەڵەی (ئۆمێگا ٦)، کە لە درەختی چۆڵەوانییەکاندا هەیە.

ئەو بەرهەمە پزیشکیانەی لەم جۆرە درەختانە دروست دەکرێن نرخەکانیان زۆرە، و ئەم بەرهەمانە یارمەتی ئەو کەسانە دەدەن کە ئەنزیمی چالاکییان نییە بۆ گۆڕینی لینۆلیک ئەسید بۆ «گاما لینۆلیک ئەسید» و پاشان بۆ (پرۆستاگلاندینی جۆری ٣).

پرۆستاگلاندین جۆری (٢): ئازار زیاد دەکات، و پێکدێت لە (ئۆمێگا ٦) و هەروەها لینۆلیک ئەسید، ئەمیش لەناو کێک و کەرەی دروستکراوو هەروەها لە ڕۆنی ڕووەکیدا هەیە کە لە پیشەسازی خۆراکدا دەگۆڕێت بۆ چەوری شێوە ترانزی[٥] ڕەق، لەبەر ئەمەشە کێک چکلێتەکان لە دۆخی ڕەقیدان لە پلەی گەرمی ئاساییدا.

پرۆستاگلاندین جۆری ٣ : دەبێتە هۆی هێمنکردنەوەی ئازارو هەوکردن. ئەمانەش دروست دەبن لە «ئەلفا لینۆلیک ئەسید»[٦] کە دەگۆڕێت بۆ دوو ئاوێتە. «ئەلفا لینۆلیک ئەسید» لە ڕۆنی گەڵاو گیای سروشتیدا هەیە، هەر ئەمەشە سودی خواردنی ڕووەکی سروشتی لەلایەن مرۆڤ وگیانەوەرانەوە، وەکو مەڕێک کە لە چۆڵەوانیدا بلەوەڕێت.

ئەو ڕۆنانەی «ئەلفا لینۆلیک ئەسید» یان تیایە هەرزانن، و (کۆمەڵەی ئۆمێگا ٣) سودێکی زۆری هەیەو لە پلەی گەرمی ئاساییدا شلن.

چەند سودێکی چەوری لە جۆری کۆمەڵەی (ئۆمێگا٣):

*کەم کردنەوەی بڕی کۆلیسترۆڵ.

پاراستن لە نەخۆشی جەڵتەی دڵ و مێشک.

* پاراستن لە بەرزبونەوەی پەستانی خوێن، ڕوماتیزمە، بیرۆ، و شێرپەنجە.

ئەوەش سەلمێنراوە کە چەوری لە جۆری سێ دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی ڕێژەی چەوری و هەروەها لەدەست چوونی کێش.

بە پێچەوانەی (کۆمەڵەی ئۆمێگا٣)وە ڕۆنی ئاژەڵ و ڕۆنی ڕووەک کە لە پیشەسازی خۆراکدا دەگۆڕێت بۆ جۆری ترانز، هەروەها چەوری لەجۆری کۆمەڵەی (ئۆمێگا ٦) سوودێکی کەمیان هەیە لەگەڵ هەندێک کاریگەریی خراپ.

ئەم جیاوازیەش باشتر ڕووندەبێتەوە بە زانینی ئیشی ترشە چەورییەکان[٧]:

ترشە چەورییەکان بەشداردەبن لە پێکهاتەی شانەکانی مێشک، چاو، و ڕژێنەکانی کۆئەندامی زاوزێ و ..................هتد.

ترشە چەورییەکان بەشداردەبن لە پێکهێنانی ئەو پەردەیەی کە دەوری هەموو خانەکانی لەش دەدات، و دەبێتە هۆی پاراستنیان.

ترشە چەورییەکان دەبنە هۆی چاک بوونەوەی دەمارە شانەکان، وەک لە کاتی دەرپەڕینی خەپلەدا کە یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکانی ژانی دەماری سمت و ڕان.

زانست سەلماندوویەتی کە چەوری لە جۆری کۆمەڵەی (ئۆمێگا٣) گرنگییەکی زۆری هەیە لە چارەسەری هەوکردنی دەمارە شانەکان، ئەویش دووەم هۆکاری سەرەکی ژانی دەماری سمت و ڕانە.

کتێبێکی تایبەتی لەم بوارەدا دەرچوو لە ساڵی (١٩٩٨)دا لەلایەن جۆیل کریمەر، پرۆفیسۆر لە بەشی ڕوماتیزم لە قوتابخانەی پزیشکیی لە نیویۆرک. کتێبەکە بەناوی «چەوری پزیشکیی و هەوکردن»ە[٨].

### دووەم سوود لە فەرموودەکەوە:

مەڕی چۆڵەوانی لەسەر گیای سروشتی دەژی و بڕێکی زۆر چەوری لە جۆری کۆمەڵەی (ئۆمێگا ٣) تێدایە، زانایان (٧٠٠) جۆر دەرمانیان لێدەرهێناوە. مەڕیش ئەو چەورییە سوودبەخشانەی لەو گیایەوە وەرگرتووەو لە کلکیدا کۆیدەکاتەوە.

سێیەم سوود: پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت یەکەم جار گەرم بکرێت، لەبەرئەوەی بەکتریاو میکرۆب بکوژێت بە هۆی ئەم گەرمییەوە.

چوارەم سوود: پێویستە لە سێ ڕۆژدا وەریبگرێت، زیاتر نەبێت، بۆ ئەوەی توشی ئۆکسیدەیشن نەبێت و نەترشێت.

پێنجەم: پێویستە گەدە بەتاڵ بێت لە کاتی وەرگرتنیدا: بۆئەوەی هیچ ڕۆنێکی تر مونافەسەی مژینەوەی نەکات لە کۆئەندامی هەرسدا .




پەراوێزەکان:

١ـ Sciatica
٢ـ السلسلة الصحيحة، رقم الحديث: ١٨٩٩.
٣ـ sciatic nerve
٤ـ gamma linoleic acid “GLA”
٥ـ ترانز : جۆرێکە لە ڕیزبوونی ئەندازەیی ئاوێتە ئەندامیەکان.
٦ـ ALPHA linoleic acid “ALA”
٧ـ FATTY ACIDS
٨ـ The medical fats & inflammation

سەرچاوە: سایتی www.quran-m.com

# عیددەی ئافرەت و ئیعجازی نوێی زانستی

د.دیاری احمد اسماعیل ـ پسپۆڕی نەشتەرگەری/ دکتۆرا لە نەشتەرگەریدا
ئەندامی کۆلێژی پادشایی نەشتەرگەران لە ئینگلتەرا MRCS, FIBMS
diaryismaeil@yahoo.com

بابەتی عیددەی ئافرەتی بێوەژن و تەڵاقدراو و دووگیان زۆری لەسەر نووسراوە، گەورەیی ئیسلامیش روون و دیارە کە گرنگی داوە بە یەکلابوونەوەی ئەوەی لە ناو منداڵدانی ئافرەتدا دروست بووە، تا وەچەکان تێکەڵاو نەبێت و، کۆمەڵگایەکی خاوێن دروست ببێت. هەر بۆیە زانایان وتوویانە: ئافرەتی دووگیان بە (٣) قۆناغدا تێدەپەڕێت:

• قۆناغی یەکەم: قۆناغی دوودڵی (الشک)ە، کە تیایدا خوێنی حەیز دەوەستێت، بەڵام نەمانی خوێن نیشانەیەکی کۆتایی نییە لەسەر دووگیانی (الحمل)، چونکە لەوانەیە وەستانی خوێن بەهۆی هۆکارێکی ترەوە بێت، وەک تێکچوونی باری دەروونیی، یان هۆرمۆنیی، یان گۆڕانکارییەک لە کۆئەندامی زاووزێدا.

• قۆناغی دووەم: قۆناغی گومان (الظن)ە، کە ئافرەت تووشی هەندێک نیشانەی دەروونی دەبێت، وەک هەستکردن بە خەمۆکی و، هەندێ نیشانەی هەرس وەک دڵ بەیەکاهاتن و رشانەوە، و حەزکردن بە تەنیایی، کە پێی دەوترێت (بێزووکردن)، لەم کاتەدا گومانی زۆر ئەوەیە کە ئافرەتەکە دووگیانە، بەڵام ئەم نیشانانە لەوانەیە لە ئافرەتدا رووبدات و دووگیانیش نەبێت، پێی دەوترێت: نیشانەکانی دووگیانی درۆینە.

قۆناغی سێیەم: قۆناغی دڵنیایی (الیقین)ە.. دوای نزیکی سێ مانگ، وەک خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَٱلْمُطَلَّقَٰتُ يَتَرَبَّصْنَ بِأَنفُسِهِنَّ ثَلَٰثَةَ قُرُوٓءٍ ۚ وَلَا يَحِلُّ لَهُنَّ أَن يَكْتُمْنَ مَا خَلَقَ ٱللَّهُ فِىٓ أَرْحَامِهِنَّ إِن كُنَّ يُؤْمِنَّ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْءَاخِرِ ﴿٢٢٨﴾ ﴾ البقرة، واتە: (ژنە تەڵاق دراوەکان خۆیان دەگرن تاماوەی سێ حەیز، دروست نییە بۆ ئەوان کە ئەوەی خوا لە منداڵدانیاندا درووستی کردووە (لە حەیز یان منداڵ) بیشارنەوە ئەگەر بڕوایان هەیە بە خواو ڕۆژی دوایی) .. کە لەم قۆناغەدا دڵی منداڵەکە دەست دەکات بە لێدان، و لەگەڵ لێدانی دڵیدا کۆرپەکە دەست دەکات بە جووڵە، و ئەمەش بەڵگەیەکی یەکلاکەرەوەیە لە سەر بوونی دووگیانی.

واتە لەگەڵ پێشکەوتنی پزیشکی و تەکنۆلۆجیاشدا، کە دەتوانرێت لە ماوەیەکی کورت دوای سکپڕی، لە ڕێگای پشکنینی تایبەتەوە، دەربکەوێت کە ئافرەتەکە دووگیانە، بەڵام لە هەندێ حاڵەتدا لەوانەیە ئەو پشکنینە بە هەڵەدا بمانبات.. ئەمە جگە لەوەی کە ئەم فەرمانە خواییە بۆ هەموو کاتێک، و سەردەمێکە!

جگە لە یەکلابوونەوەی پاکیی منداڵدان، چەند حیکمەتێکی کۆمەڵایەتی لە واجب بوونی عیددەدا هەیە، کە لەوانەیە ئەو دوو هاوسەرە لەو ماوەیەدا بگەڕێنەوە بۆ لای یەکتر، دوای بە خۆداچوونەوەیاندا.. هەروەها لە حاڵەتی بێوەژندا دەبینین کە عیددەکە درێژترە (٤ مانگ و ١٠ ڕۆژ) وەک خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَٱلَّذِينَ يُتَوَفَّوْنَ مِنكُمْ وَيَذَرُونَ أَزْوَٰجًا يَتَرَبَّصْنَ بِأَنفُسِهِنَّ أَرْبَعَةَ أَشْهُرٍ وَعَشْرًا ۖ فَإِذَا بَلَغْنَ أَجَلَهُنَّ فَلَا جُنَاحَ عَلَيْكُمْ فِيمَا فَعَلْنَ فِىٓ أَنفُسِهِنَّ بِٱلْمَعْرُوفِ ۗ وَٱللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ ﴿٢٣٤﴾ ﴾ البقرة، واتە: (ئەو پیاوانەی کە دەمرن و هاوسەر بەجێ دەهێڵن، هاوسەرەکانیان بۆ (٤ مانگ و ١٠ شەو) چاوەڕوانی دەکەن ، ئینجا کە عیددەیان تەواوبوو، ئیتر کەسوکاری ئەو ژنانە نابێت ڕێگایان لێ بگرن کە بە پێی باوی کۆمەڵ چ بڕیارێک بۆ خۆیان دەدەن، وە خوا ئاگادارە بەوەی دەیکەن)، دەبینین لەوە زیاترە کە دەرکەوێ ژنەکە دووگیانە،

ئەمەش لەبەر ئەوەیە وەک زانایان باسیان کردووە: چونکە ئەو ئافرەتەی کە پیاوەکەی دەمرێت خەفەتدارترە لەوەی کە تەڵاقدراوە، وەک وەفایەکیش بۆ مێردەکەی دەبێت زیاتر چاوەڕوانی بکات..

لە لایەنی زانستییەوە: دەرکەوتووە کە ناوپۆشی منداڵدان بە تەواوی دانامالرێت بە رووودانی حەیز، لەوانەیە بەشێک لەو ناوپۆشە دامالرێت، و ئەم ناوپۆشە ئاوی پیاو کاری تێ دەکات بە شێوەیەک کە منداڵدان دژەتەن (Antibody)ی بۆ درووست دەبێت دژی هەر شتێکی نامۆ کە بێتە ناوەوە.. ئەم دژەتەنانە دێنە کایەوە دوای ئەوەی کە ئافرەتەکە لەگەڵ ئاوی پیاوەکەیدا تەعاروف دەکات - وەک بڵێین فێری کۆدێکی تایبەتی خۆی دەبێت - گەر وانەبێت دەبێتە هۆی دەرکردنی تەنانەت ئاوی پیاوەکەشی، هەروەها کۆرپەکەی ناو منداڵدانیشی - چونکە کۆرپە نیوەی هی پیاوەکەیەو نیوەکەی تری هی خۆیەتی - واتە هەر ئاوێکی تر بێتە ناو منداڵدانی ئافرەتەکەوە ئەم دژەتەنانە بەرەنگاریان دەوەستن..

بۆئەوەی ئافرەت رزگاری بێت لەو دژەتەنانەی کە دروست بوون و بتوانێت پێشوازی لە ئاوێکی نوێ بکات، پێویستی بە چەند حەیزێک هەیە، چونکە لە یەکەم حەیزدا لە (٦٠٪) ی دژەتەنەکان رزگاری دەبێت، و لە حەیزی دووەمدا (٣٠٪ و، لە حەیزی سێیەمدا ١٠٪) یەکەی تر! جا بۆیە ئافرەتی تەڵاقدراو بە لای کەمەوە پێویستی بە سێ حەیز هەیە تا رزگاری بێت لە دژەتەنەکان.. وە لە کاتی عیددەی دووگیاندا، بە دانانی سکەکە ناوپۆشی منداڵدان رزگاری دەبێت لە هەموو دژەتەنەکان، چونکە دیواری ناوەوەی منداڵدان بە تەواوی دەگۆڕێت و نوێ دەبێتەوە .. وەک خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَأُوْلَٰتُ ٱلۡأَحۡمَالِ أَجَلُهُنَّ أَن يَضَعۡنَ حَمۡلَهُنَّ ٤﴾ الطلاق، واتە: (ژنانی دووگیان عیددەیان ئەو کاتەیە کە سکەکەیان دابنێن) ، بەڵام ئەم ماوەیە زیاترە لە عیددەی بێوەژن، مەبەست پاکبوونەوەی منداڵدان نییە - والله اعلم - بەڵکو مەبەست راگەیاندنی خەم و پەژارەیە بە لە دەستدانی ئەو هاوسەرەی کە چەندەها ساڵ پێکەوە ژیاون، و مەرگ لێکی جیاکردوونەتەوە!

کەواتە دوای نزیکەی (١٤٠٠) ساڵ، زانستی نوێ سەلماندوویەتی کە ئاوی پیاو جیاوازی هەیە لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی تر، و هەر پیاوێک کۆدێکی تایبەتی خۆی هەیە، کە جووتی ئەو پیاوە (ژنەکەی) دەتوانێت ئەو کۆدە بخوێنێتەوە، و لای خۆی (خزن)ی بکات.. ئەگەر هەر کۆدێکی تر بێتە ناوەوە وەک ئەوەیە ڤایرۆسێک هاتبێتە ناو کۆمپیوتەرەکەیەوەو تووشی تێکچوون و خەلەل دەبێت، کە دەبێتە هۆی نەخۆشیی ونەهامەتی.. بۆیە وەک دەرکەوتووە ئەو ئافرەتانەی کە لەگەڵ زیاتر لە پیاوێک کاری سێکسی ئەنجام دەدەن تووشی شێرپەنجەی منداڵدان دەبن بە رێژەیەکی زۆر بەرز، چونکە منداڵدان رووبەڕووی چەندین دژەتەنی جۆراوجۆر دەبن لە چەند پیاوێکی جیاوازەوە..




بۆیە پێویستە هەمیشە سوپاسی خوای گەورە بکەین کە کۆمەڵگای ئێمە کۆمەڵگایەکی - تارادەیەک - ئیسلامیە، و بەها کۆمەڵایەتیەکانمان، کە زۆربەی هەرە زۆری لە ئایینی پیرۆزی ئیسلامەوە هەڵقوڵاوە، دوورە لەو نەخۆشییە کوشندەیەی کە پێی دەوترێت شێرپەنجەی ملی منداڵدان (Cervical Cancer)، کە رۆژئاوای پێوە گیرۆدە بووە، تەنانەت لە هەندێ وڵاتدا دەبێت هەموو ئافرەتێک ساڵانە پشکنینی تایبەتییان بۆ بکرێت بۆ تەئکید کردن لەسەر تووش نەبوونی بەو نەخۆشییە، ئەم پشکنینە پێی دەوترێت (Pap test)، یان تا بەزووترین کات نەخۆشییەکە دیاری بکرێت، و چارەسەر بکرێت، پێش بڵاوبوونەوەی بە لاشەداو زیاتر کوشندە بوونی.

بۆ تێگەیشتنی زیاتر لەسەر سامناکی ئەم نەخۆشییە، دەتوانین سەرنجێکی ئەم ئامارەی لای خوارەوە بدەین کە لە (ساڵی ٢٠٠٨) لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەنجام دراوە لەلایەن (American Cancer Society):

١- نزیکەی (١١٠٧٠) ئافرەت لە ساڵی (٢٠٠٨)دا دووچاری شێرپەنجەی منداڵدان بوون، و بڵاوبۆتەوە بە لاشەیاندا.

٢- نزیکەی (٣٨٧٠) ئافرەت دەمرن بە هۆی شێرپەنجەی منداڵدانەوە.

٣- نیوەی ئەو ئافرەتانەی دووچاری شێرپەنجەی منداڵدان دەبن تەمەنیان لە نێوان (٣٠ تا ٥٥) ساڵە.

٤- هەموو ئەو ئافرەتانەی کە دووچاری شێرپەنجەی منداڵدان هاتوون، هەوکردنی ڤایرۆسی Human Papilloma Virus (HPV) یان هەبووە.

ئەوەی شایانی باسە، کە تا ئێستاش، شێرپەنجەی منداڵدان دادەنرێت بە دووەم هۆی مردنی ژنان بە هۆی شێرپەنجەوە، لە جیهاندا!

**جا با بزانین هۆکارەکانی توشبوون بەم نەخۆشییە چییە؟**

دیارە هۆی راستەقینە نەدۆزراوەتەوە، بەڵام هۆکارە سەرەکیەکانی بریتین لە: شێوازو هەڵسوکەوتی سێکسی و، تووشبوون بە ڤایرۆسی HPV ەوەیە، کە ئەم ڤایرۆسە (٤٦) جۆری هەیە، و دەبێتە هۆی زیادبوونی ئەگەری توشبوونی منداڵدان بە گۆڕانی خانەییەوە (dysplasia) کە پاشان دەبێت بە شێرپەنجە.. ئەو ئافرەتانەش کە زۆرتر دووچاری ئەم هەوکردنە دەبن بریتین لە:

- ئەو ئافرەتانەی کە لەگەڵ چەند پیاوێکدا کاری سێکس دەکەن (Multiple sexual partners).

- دەست کردن بە کاری سێکسی پێش تەمەنی ١٨ ساڵی لە لایەن کچانەوە.

- ئەو ئافرەتانەی کە لەگەڵ ئەو پیاوانەدا کاری سێکسی ئەنجام دەدەن کە لەگەڵ ئافرەتێکی تردا کاری سێکسی دەکەن و تووشی شێرپەنجەی منداڵدان هاتوون.

لێرەوە پاک و بێگەردی ئیسلاممان بۆ دەردەکەوێت کە چەند گرنگی بە داوێن پاکی دەدات، و ژنان تەنها لەگەڵ مێردی خۆیاندا، و پیاوان تەنها لەگەڵ حەڵاڵی خۆیاندا ئەو کارە ئەنجام بدەن.. ﴿قُل لِّلۡمُؤۡمِنِينَ يَغُضُّواْ مِنۡ أَبۡصَٰرِهِمۡ وَيَحۡفَظُواْ فُرُوجَهُمۡۚ ذَٰلِكَ أَزۡكَىٰ لَهُمۡۚ إِنَّ ٱللَّهَ خَبِيرُۢ بِمَا يَصۡنَعُونَ ٣٠ وَقُل لِّلۡمُؤۡمِنَٰتِ يَغۡضُضۡنَ مِنۡ أَبۡصَٰرِهِنَّ وَيَحۡفَظۡنَ فُرُوجَهُنَّ ٣١﴾ النور.

ئەمە جگە لە هەندێ هۆکاری تر، بەڵام کاریگەری کەمترە، وەک، جگەرە کێشان، دۆزراوەتەوە ئەو ئافرەتانەش کە جگەرە دەکێشن دوو بەرامبەر زیاتر ترسی توشبوونیان هەیە بە شێرپەنجەی منداڵدان، بە بەراوردکردنیان بەو ئافرەتانەی کە جگەرە ناکێشن، و تا ماوەی جگەرە کێشانەکە درێژتر بێت مەترسی توشبوون زیاترە .. ئەوەتا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَيُحِلُّ لَهُمُ ٱلطَّيِّبَٰتِ وَيُحَرِّمُ عَلَيۡهِمُ ٱلۡخَبَٰٓئِثَ ١٥٧﴾ الأعراف، وە زۆرینەی زانایانی سەردەم لەگەڵ حەرامی جگەرەکێشاندان!

والحمد لله رب العالمين

## سوننەتێکی پێغەمبەر ( ﷺ ) کاریگەریی لەسەر زیادکردنی بەرهەم هەیە:

# پشوودانی نیوەڕوان ئەوەی کە ناسراوە بە (قەیلولە) دەبێتە زیادکرنی بەرهەم



◆ **کاوە موحەممەد شارباژێڕی**

لە ئەبی هورەیرەوە ڕەزای خوای لێبێت دەفەرموێت پێغەمبەری خوا ( ﷺ ) قەیلولەی دەکرد کە خەوتنی پێش نیوەڕوانە. ژمارەیەک لە کۆمپانیا ئەمریکییەکانیش شێوازی «پشووی کەم» بەکاردەهێنن کە بریتییە لە خەوتنی ماوەیەکی کەمی کارمەندان لە نووسینگەکانیاندا، لە دەوروبەری نیوەڕۆدا بۆ ماوەی بیست خولەک تا نیو کاتژێر، بە مەبەستی چالاک کردنەوەی وزەیان لە بەرهەم هێناندا. کۆمپانیای «یارد میتالز» تایبەتمەندی هەیە لە دابەشکردنی ئاسن، (٦٤٠) کەس لە سەرجەم ولایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا کاری تیادا دەکەن و هۆڵی تایبەتی هەیە لە هەر هەشت بنکەکانی، و ناوی ناون «بەشی حەوانەوە»، هەرکەس بچێتە ناو ئەو هۆڵەوە هەست بە ئارام بونەوەی دەرونی دەکات لەبەر بۆنی خۆش کە تێکەڵ بە دەنگ و ئاوازی خۆش دەبێت لە کاتێکدا ئەو کەسە لەسەر کورسییەکی فراوان دادەنیشێت، سەرباری ئەوەی کە دیوارەکانی بە ڕەنگی شینی ئاسمانی ڕازاوەتەوە. (سوزان کوزیکوفسکی) ووتەبێژ بەناوی «یارد میتالز» لە بارەی سستمی پشووەوە لەکاتی دەوامی ئاساییدا (سوزان لە ساڵی ٢٠٠٠ وە لە کۆمپانیای ناوبراودا کاردەکات) ووتی: «پشوومان گەیاندۆتە بەرزترین ئاست کە بەهۆیەوە ماندویی و بێتاقەتیمان نەهێشتوە»، لە وەڵامی پرسیارێکی ئاژانسی (فرانس پرێس)دا دڵنیایی ئەوەیدا کە: «بیست خولەک لە هۆڵی حەسانەوە بەرامبەر دوو کاژێرە لە بیرکردنەوە، یان چوار سەعاتە لە نوستن»، کۆمپانیاکە بەپشت بەستن بەم سیستەمە «قازانجی گەورەی کردووە لەسەر ئاستی بەرهەم هێنان لەلایەک و سەلامەتی لەلایەکیترەوە» سەبارەت بەو فەرمانبەرانەی کە زۆربەیان لەسەر ئەو ئامێرانە کاردەکەن کە کاریان بەرزکردنەوەی قورساییەو پێویستیان بە وریاییەکی تەواو هەیە.

ئەنجامی ئەو لێکۆڵینەوانەی کە زانا ئەمریکی ویۆنانیەکان لەم دواییەدا پێی گەیشتوون ئەوە دەسەلمێنن کە پەیڕەو کردنی پشووی نیوەڕوان بە شێوەیەکی ڕێک وپێک سێ یەکی مەترسی مردن کەم دەکاتەوە بەهۆی (سنگە کوژێ) وە. (پیتر فیتالیانو) مامۆستای دەرونزانی لە زانکۆی (واشنتۆن) دەڵێت:»ئەم لێکۆڵینەوەیە زۆر گونجاوە» و باسی سوودەکانی ئەو پشووە دەکات کە لە وڵاتانی ئەوروپا گرنگی پێدراوە. (فیتالیانو) ووتی: « لێرە ئەگەر کەسێک وابکات ئەوا بە تەمبەڵ ناودەبرێت بەڵام لە یۆنان و ئیسپانیا پرسیار لەو کەسە دەکرێت کە ئایا پشووی باشی داوە؟!» . لەو کۆمپانیایانەی کە کار بەو سیستەمە دەکەن لە کەرتی گەیاندن، وەک: کۆمپانیاکانی فڕۆکەوانی و هێڵی ئاسن و لە نێوانیاندا خەستەخانەو کۆمەڵێک لە زانکۆکان و پاشان نووسینگەکانی پارێزەریی و ئاژانسەکانی ڕاگەیاندنیش هەیە.

دوای ئەنجامدانی چەندین توێژینەوەی دوورو درێژ دەرکەوتووە کە باشترین قەیلولە کە سوودی گەورە ببەخشێت بە لەشی مرۆڤ ئەوەیە کە ماوەکەی لە (٢٠) خولەک تێنەپەڕێت بە مەرجێک پچڕپچڕ نەبێت، بەریتانییەکان بە قەیلولە دەڵێن خەوتنی وزە بەخش (Power nap)، و ئێستا لە زۆرێک لە دامەزراوە نێودەوڵەتی و کۆمپانیا گەورەکاندا پێویست کراوە، لەبەرئەوەی دەبێتە هۆی لابردنی گرژیی و دڵەڕاوکێ لەلای فەرمانبەرەکان.

دوای قەیلوولەیەک کە نیو کاژێر بخایەنێت کاردانەوەو بە ئاگایی لای مرۆڤ بەرز دەبێتەوە بەرێژەی زیاتر لە (١٦٪)، و بێئاگایی و بێ تەرکیزی لای مرۆڤ بەرێژەی (٣٤٪) کەم دەکات، ئەمەش ئەو ڕێژەیەیە کە زانایانی زانکۆی (هارڤارد)ی ئەمریکی دووپاتیان کردۆتەوە، پرۆفیسۆر (دیمیتریوس تریخوبولوس) لە کۆلیجی پزیشکی زانکۆی (هارڤارد) دەڵێت: قەیلولە لەوانەیە ببێتە هۆی کەمکردنەوەی چانسی مردن بە تایبەتی لەوانەدا کە نەخۆشی دڵیان هەیە.

(یارل گرانت) یاریدەدەری بەڕێوەبەری ئاژانسی«سترۆبێری فرۆگ» بۆ ئاگادارییەکان کە بۆ ساڵێک دەبێت سستمی «پشووی ووریاکەرەوە» لە کاتی ئیشکردندا پەیڕەو دەکات دەڵێت: «هەرچەندە خەڵکی لە وڵاتە یەکگرتوەکان هێشتا بە شێوەیەکی باش لە ناوەڕۆکی ئەم باسە نەگەیشتوون وەک ئەوروپا» (یارل گرانت) ئەوەی ڕوون کردەوە کە»پشوودان بۆ ماوەی دە خولەک لە وێستگەکانی بەیانیاندا شتێکی سروشتییە «سەبارەت بە فەرمانبەرانی ئاژانس کە ژمارەیان نزیکەی پەنجا کەسە».

بۆ ئەم مەبەستە چەند کورسییەک دروستکراوە کە بۆ ئەم کارە گونجاو بێت لەسەر شوێنی کارکردن، (ئیرشاد شودوری) کە یەکێکە لە دامەزرێنەرانی «مترونابس» کە هەڵدەستێت بە دابەش کردنی ئەم کورسییانەو بەجۆرێک دروست کراوە کە لە کاتی خۆیدا کەسی نوستوو خەبەردەکاتەوە.

مترونابس سەد دانەی لەم کورسییانە فرۆشتووە، هەروەک چەند نموونەیەکی خستۆتە ڕوو لە ناوەڕاستی (مانهاتن) دەکرێت بەکاربهێنرێت بەرامبەر بە ($١٤) بۆ پشووی نیو کاژێر.

**سەرچاوە** : www.maktoob.com

# موعجیزەی پزیشکی لە فەرموودەکانی پێغەمبەر (ﷺ) دەربارەی کلێنچکە (عجب الذنب)

نووسینی : دکتۆر محمد علی البار - راوێژکار لە کۆلیژی پزیشکی - (مەلیک فەهد)

وەرگێڕ و ئامادەکار: عوسمان محمد ئەحمەد andaziarosman@yahoo.com

چەند فەموودەیەکی پێغەمبەر(ﷺ) کە پێش (١٤٠٠) ساڵ فەرموویەتی باسی شوێنێکی گرنگی لەشی مرۆڤی کردووە کە لەم دواییانەدا مەڵبەندە زانستییەکان توێژینەوەیان لەسەر بڵاوکردووەتەوە کە راستی فەرموودەکانی خوای گەورەو پێغەمبەری مەزنمان دەسەلمێنن، خوای گەورەش لە قورئانی پیرۆزدا بۆی روون کردووینەتەوە کە بەڵگەی ڕوون و ئاشکرا لە لەشی خۆمانداو لە ئاسمان و زەویدا هەیە کە گەورەیی خوای گەورەمان بۆ دەسەلمێنن هەتا بۆمان روون ببێتـەوە بە بەڵگەی زانستی کە وتەکانی خواو پێغەمبەر راستن، وەک خوای گەورە لەم ئایەتەی خوارەوە دا دەفەرموێت: ﴿ سَنُرِيهِمْ ءَايَٰتِنَا فِى ٱلْءَافَاقِ وَفِىٓ أَنفُسِهِمْ حَتَّىٰ يَتَبَيَّنَ لَهُمْ أَنَّهُ ٱلْحَقُّ ۗ أَوَلَمْ يَكْفِ بِرَبِّكَ أَنَّهُۥ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ شَهِيدٌ ﴿٥٣﴾ ﴾ فصلت.




پێغەمبەری مەزنمان لە سێ فەرموودەدا کە باسیان دەکەین باسی کلێنچکەی کردووە کە بەشێکی گرنگی لەشی مرۆڤە کە بە بەردی بناغەی دروستبوونی کۆرپەلە (الجنين) یان مرۆڤی داناوەو بەروونی باسی ئەوەی کردووە کە مرۆڤ لەمەوە دروست دەبێت وە فەرموویەتی هەموو ئێسکەکانی لەشی مرۆڤ لە خاکدا دەڕزێ و دەبێتەوە بە خۆڵ جگە لە بەشێکی زۆر بچووک لە ئێسکی کلێنچکە کە بە ئەندازەی تۆوی خەرتەلە دەبێت لەناو خاکەکەدا ناڕزێ و دەمێنێتەوە، و بەفەرمانی خوای گەورە جارێکی تر مرۆڤی لێوە زیندوو دەکرێتەوە لە رۆژی دواییدا، واتە ئەو بەشە بچووکە لە کلێنچکە کە ناڕزێ بەتۆوی زیندووبوونەوەی مرۆڤ دادەنرێ لە رۆژی دواییدا، ئەم سێ فەرموودەیەی خوارەوەش دەقی فەرموودەکانی پێغەمبەری مەزنمانە لەو بارەیەوە:

١- ئیمامی بوخاری لە فەرموودە راستەکانی پێغەمبەردا کە لە ئەبی هورەیرەوە وەریگرتووە فەرموویەتی:

پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: (مابين النفختين أربعون، قال: أربعون يوما؟ قال أبو هريرة: أبيت، قال: أربعون شهرا؟ قال: أبيت، قال؟ أربعون سنة؟ قال أبيت (أي أن أبا هريرة أبى أن يحدد الأربعين هل هي يوما أو شهرا او سنة) قال: (أي أبو هريرة يرفعه إلـى النبى(ﷺ): (ثم ينزل من السماء ماءً فينبتون كما ينبت البقل، ليس من الإنسان شيء إلا يبلى إلا عظما واحدا وهو عجب الذنب، ومنه يركب الخلق يوم القيامة)رواه البخاري.

٢- ئیمامی موسلیم لە فەرمودە راستەکانی پێغەمبەردا کە کۆی کردوونەتەوە کە وەکو ئەو فەرموودەیەی سەرەوە وایە، دووبارە لە ئەبی هورەیرەوە فەرموویەتی کە پێغەمبەری مەزنمان (ﷺ) فەرموویەتی: (كل ابن أدم يأكله التراب الا عجب الذنب، منه خلق ومنه يركب)رواه مسلم.

٣- ئەبو حەبان لە فەرموودە راستەکانی پێغەمبەردا کە کۆی کردوونەتەوە، لە ئەبی سەعیدی الخدری وەری گرتووە کە ئەویش راستەوخۆ لە پێغەمبەری مەزنمانی بیستووە فەرموویەتی: کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: (يأكل التراب كل شيء من الإنسان إلا عجب ذنبه قيل: وما هو يا رسول الله؟ قال: مثل حبة خردل منه ينشأ).



Carlyn Iverson

### کلێنچکە لە زانستی کۆرپەلەزانیدا (شریتی یەکەم)

تازەترین توێژینەوەی زانستی کۆرپەلەزانی روونی کردووەتەوە کە کلێنچکە بریتییە لە شریتی سەرەتایی (Primitive Streak ) کە لەگەڵ دەرکەوتنی شریتی سەرەتایی کۆرپەلە چینەکانی لەش و ئەندامەکانی کۆرپەلەو کۆئەندامی دەمار پێک دێنێت دوایی ئەم شریتی سەرەتاییە هیچ شوێنەوارێکی نامێنێ جگە لە جێماوەیەک کە پێی دەڵێن کلێنچکە یان (عظم العصعصي).

### پێکهاتنی شریتی سەرەتایی

دوای ئەوەی هێلکەی پیتراو دەگاتە منداڵدان خۆی بەدیواری

منداڵاندا هەڵدەواسێت و تیایدا جێگیر دەبێت و جیا دەبێتەوە بۆ دوو بارستەی خانەکان:

أ- بارستەخانەکانی دەرەکی: کە خۆرە خانەکانی (الخلايا الآكلة CytoTrophoblasts)ی تێدایە کە هەڵدەسن بە کرۆژینی دیواری منداڵدان و هێلکە پیتراوەکەی لەسەر جێگیر دەکات، بارستە خانەکانی دەرەکی رێگە دەدات بە خۆراک بروات بۆ هێلکە پیتراوەکە لەوانەی لە چوار دەورێتی لە خوێن و دەردانەکان (افرازات)ی رژێنەکانی منداڵان.

ب- بارستەخانەکانی ناوەکی (كتلە الخلايا الداخلیە): لەم بارستە ناوەکییەوە کۆرپەلە پێکدێت بەفەرمانی خوا، ئەم بارستە ناوەکییە جارێکی تر دابەش دەبێت بەدوو پەڕەی تەنکی وەکو کاغەز کە ئەمانەن:

١- دەرەکییەکەی پێی دەڵێن (ئیکتۆدێرم Ectoderm).

٢- ناوەکییەکەی پێی دەڵێن (ئێندۆدێرم Endoderm).

چینی ئێندۆدێرمی ناوەکی دەردەکەوێ لە هەشتەمین رۆژ دوای پیتێنکردنی هێلکە لە منداڵاندا، کەلێنێکی بچووک دەردەکەوێ لەسەرەوەی چینی ئیکتۆدێرمی دەرەوە کە دەبێتە پێکهێنەری سەرەتای بۆشایی ئەمنیۆن (Amniotic Space)، سەری بۆشایی ئەمنیۆن پێکدێت لە خۆرە خانەکان (الخلايا الآكلة) بەڵام بنکەی بۆشایی ئەمنیۆن لە خانەکانی ئیکتۆدێرم پێکدێت، لە نۆهەمین رۆژدا لە خانەکانی چینی ناوەکی شریتێک لە خانەکان درێژ دەبێتەوەو بە خانەکانی چینی ئیکتۆدێرمی دەرەکییەوە دەنوسێ و دەبێتە پێکهێنەری توورەکەی زەردێنەی یەکەم (Primary Yolk Sac).

لە رۆژی سیانزە یەمیندا لە خۆرە خانەکانی دەرەکییەوە کۆمەڵێک نوک (نتووات) گەشە دەکەن و پەیدا دەبن کە پاشان بە نوکە نەرمەکانی پەردەی وێڵاش دەناسرێن (مخملات الغشاء المشیمي Chorionic Villi) کە بەهۆی ئەو نوکانەوە توورەکەی کۆرپەلە بەمنداڵدانەوە خۆی جێگیر دەکات، دوایی لقی لێ دەبێتەوە وەکو لقەکانی درەخت، خانەکانی ئێندۆدێری ناوەکی گەشە دەکەن و دەبنە پێکهێنەری تورەکەی زەردێنەی دووەهەم کە زۆر لە تورەکەی زەردێنەی یەکەم بچوکترە.

لە کۆتایی هەفتەی دووەمدا کۆرپەلە لە دوو خەپلەی بەیەک گەیشتوودا خۆی دەبینێتەوە کە ئەمانەن:

١- خەپلەی دەرەکی (القرص الخارجي) (ئیکتۆدێرم) کە بنی بۆشایی ئەمنیۆن پێک دێنێت.

٢- خەپلەی ناوەکی (القرص الداخلي) (ئێندۆدێرم) کە سەری بۆشایی تورەکەی زەردێنە پێکدێنێت.

ئەم دوو خەپلەیە لە بەشی پێشەوایاندا بەیەکەوە دەنووسێن کە لە دواییدا بە بەشی سەریی دەناسرێ (Cephalic Portion) بەهۆی چڕبوون و ئەستوربوونی خانەکانی ئێندۆدێرم، هەروەها ئەم دوو خەپلەیە لە ناوچەی کۆتایی (کلکی Caudal Portion)دا بەیەکەوە دەنووسێن و پێکهێنەری پەرەکی کلکی گۆشەیی دەبێت لە ئایندەدا (Cloacal Plate).

لە چوار دەهەمین رۆژدا دوو خەپلەکە درێژ دەبنەوە هەتا شێوەیەکی هەرمێی وەردەگرن، سەرە پانەکەی بەشی پێشەوەیەتی بەڵام بەشی کۆتایی باریک دەبێتەوە، چالاکی خانەکانی چینی ئیکتۆدێرم زیاد دەکات لە ناوچەی کۆتاییدا ودەبنە پێکهێنەری شریتی سەرەتایی (Primitive Streak) کە بۆ یەکەمجار لە پانزەیەمین رۆژی دوایی پیتێنکردنی هێلکەدا دەردەکەوێت.

دوای پێکهاتنی شریتی سەرەتایی دابەشبوونێکی خێرا لە خانەکانیدا دەبێت و گەشەکردنێکی زۆر روو دەدات لەخانەکانی شریتی سەرەتایی و ئەم خانانە بەلای راست وچەپدا بڵاو دەبنەوە لە نێوان هەردوو چینی ئێندۆدێرمی ناوەکی و ئیکتۆدێرمی دەرەکی پاشان ئەم خانانە دەبنە پێکهێنەری چینێکی تازە کە پێی دەووترێت چینی ناوەڕاست (میزۆدێرم Mesoderm).

لە ئەنجامی پێکهاتنی شریتی یەکەم و زیادبوونی چالاکی خانەکانی کۆئەندامی دەماری لەشی کۆرپەلەکە پێکدێت وپاش دروستبوونی چینی ناوەڕاست (میزۆدێرم) ئەم چینینە زۆربەی ئەندامەکانی لەشی کۆرپەلە دەست دەکات، ئەگەر بێتو ئەم شریتی سەرەتاییە درووست نەبێت ئەوا ئەندامەکانی کۆرپەلەش دروست نابن، لەبەر گرنگی ئەم شریتە سەرەتاییە لیژنەی (وارنک)ی بەریتانی (کە تایبەتە بە پیتاندنی دەستکردو کۆرپەلە) کردوویەتی بەنیشانەی جیاکەرەوە بۆ ئەنجامدانی تاقیکاری لەسەر کۆرپەلە کە پاش پەیدابوونی ئەم شریتە هەموو جۆرە تاقیکارییەکی لەسەر کۆرپەلە قەدەغە کردووە، چونکە بەدوای پەیدابوونی ئەم شریتە سەرەتای ئەندامەکانی لەش پەیدا دەبن، لە ئەنجامی پەیدابوونی ئەم شریتەوچالاکییە زۆرەکانی ئەمانە پەیدا دەبن:

١- نۆتۆکۆرد (سەرەتای پەتکی پشت و برِبڕەی پشت): کە درێژ دەبێتەوە بەرەو بەشی سەر.

٢- دوای پێکهاتنی شریتی یەکەم خەپلەی بازنەیی کۆرپەلە دەگۆڕێت بۆ شێوەی هەرمێیی کە دەتوانرێ هەردوو سەرەکەی لە یەک جیابکەینەوە، بەشە پانەکەی پێی دەووترێ بەشی سەری کورپەلەو بە بەشە باریکەکەی دەووترێ بەشی خوارووی کۆرپەلە (بەشی کلکی کۆرپەلە).

٣- سەرەتای کۆئەندامی دەمار دەردەکەوێت لە چینی دەرەکی (ئیکتۆدێرم) لە کۆتایی حەفتەی سێهەمدا، هەر لەو کۆئەندامە سەرەتاییەوە وردە وردە درکەپەتک (النخاع الشوكي)و مێشک پێکدێت.

٤- چینی میزدێرم درووست دەبێت وچڕ دەبێتەوە لە شریتی یەکەم بەدەوری تەوەری کورپەلەداو بارستە لەشییەکان (الكتل البدنیة Somites) دروست دەکات کە ئەمانیش برِبڕەی پشت و ماسولکەکان و هەروەها سەرەتای هەر چوار پەلەکە (دوو دەست و دووقاچ)ی لێ دەردەچێت و هەر ئەویشە کۆئەندامی ئێسک وماسولکە , کۆئەندامی میزو زاووزێ، دڵ و کۆئەندامی سوورانی خوێن دروست دەکات.

کەواتە دوای دروست بوونی شریتی سەرەتایی قۆناغی دروست بوونی ئەندامەکان (Organization) دەست پێ دەکات کە لە هەفتەی (٤ تا هەفتەی٨) دەخایەنێت.

**سەرەنجامی شریتی سەرەتایی**

پاش دروست بوونی ئەو ئەندامانەی باسمان کرد لێیەوە ئەم شریتە دەست دەکات بەپووکانەوەو تەنها لەکۆتایی برِبڕەی پشتی کۆرپەلەو منداڵکەدا دەمێنێتەوەو کلێنچکە درووست دەکات، پێغەمبەر(ﷺ) ئاماژەی بۆ ئەوە داوە کە هەموو لەشی مرۆڤ پاش مردن شی دەبێتەوەو نامێنێت تەنها بەشێکی کەمی ئەم کلێنچکەیە نەبێت کە بەچاو نابینرێت، لەرۆژی دواییدا خوای گەورە بارانێک دەبارێنێت کە لەشی مرۆڤەکانی پێدەڕوێتەوە وەکو رووەک.

**کورتەی باس**

بەڕاستی ئەم فەرموودانەی پێغەمبەر(ﷺ) موعجیزەیەکی گەورەن کە لەرۆژگاری ئەمڕۆدا دۆزراونەتەوەو زانستی کۆرپەلەزانی سەلماندویەتی کە مرۆڤ لەم شریتی سەرەتاییەوە (کلێنچکە) درووست دەبێت و هەر ئەمیشە کە هانی خانەکانی لەش دەدات بۆ درووستکردنی ئەندامەکانی لەش و پسپۆڕ کردنیان بەکارەکانیانەوەو خۆیشی دەبێتە هۆی درووست کردنی زۆربەی ئەندامەکانی لەش، لەرۆژی دواییشدا هەر لەم شوێنەوەیە کە مرۆڤەکان زیندوو دەکرێنەوە

**سەرچاوە:** گۆڤاری (الإعجاز) ژمارە ١/ صفر: ١٤١٦- یۆلیۆ ١٩٩٥.

# دیاردەی مەرگی کتوپڕ لەنێوان زانست و ئاین دا

د. فرمێسک عباس طاهر
پزیشکی شارەزای راهێنراو لە تیشک و سۆنار
bahandlala@yahoo.com

## پێشەکی:

پێغەمبەر ( ﷺ ) دەفەرموێت: (إن من امارات الساعة أن يظهر موت الفجأة) رواه الطبراني.

واتە: (لە نیشانەکانی کاتی ڕۆژی دوایی مەرگی کتوپڕ دەردەکەوێت).

ئەم فەرمودەیەی پێغەمبەر ( ﷺ ) بریتییە لە موعجیزەیەکی زانستی کە لە ناوەڕۆکی بابەتەکەماندا دەیسلمێنین بە بەڵگەی پزیشکی، و ئەم موعجیزەیە شایەتی بۆ پێغەمبەر دەدات کە نێردراوی خوایەو هەموو قسەکانیشی پەیامی خوای گەورەن.

نەتەوە یەکگرتووەکان هەموو ساڵێک سەرژمێری تازەمان پێدەڵێن سەبارەت بە ژمارەی ئەو کەسانەی کە لە ئەنجامی وەستانی دڵ و مێشک دەمرن. و ئەم ژمارانە لە زیادبوونێکی بەردەوامدان.

ئەم سەرژمێریانە پێمان دەڵێن کە نەخۆشیەکانی دڵ هۆکاری یەکەمی مردنن لە جیهاندا.

لەم لێکۆڵینەوەوە بۆمان دەردەکەوێت کە هیچ کەسێکی سەردەمی پێغەمبەر ( ﷺ ) پێشبینی ئەوەی نەکردووە کە ڕۆژانێک بێت و مەرگی کتوپڕ تیایدا دەرکەوێت و زیادبێت مەگەر پەیوەندی بە سرووش و نیگاوە هەبێت و لەلایەن خوای گەورەوە ئەم زانیارییانەی پێدرابێت.

دیاردەی مەرگی کتوپڕ دیاردەیەکی نوێیە تا ڕادەیەک , یەکەمین لێکۆڵینەوەش لێکۆڵینەوەکەی فرامینگهام بوو لە ساڵی ( ١٩٤٨ )دا (Framingham heart study)، نیوەی ژمارەی ئەو کەسانەی کە بەشدارییان لە لێکۆڵینەوەکەدا کردبوو ئێستا لە ژیاندا نەماون.

فرامینگهام پێناسەی مەرگی کتوپڕ دەکات بەومەرگەی کە دوای کەمتر لە کاتژمێرێک لە دەرکەوتنی نیشانەکانی ڕوودەدات.

دەرکەوتووە کە زۆربەی حاڵەتەکانی مەرگی کتوپڕ بەهۆی نەخۆشییەکانی شاخوێنبەری دڵەوەیە، ئەم جۆرە مردنەش پێی دەووترێت (sudden cardiac death (SCD لە لێکۆڵینەوەکەشدا دەرکەوتووە کە ئەو پیاوانەی تەمەنیان لە نێوان ( ٤٥ — ٧٥ ) ساڵیدا بووە و بەهۆی نەخۆشییەکانی دڵەوە مردون، (٦٠٪) یان بەمەرگی کتوپڕ مردوون بەبێ هیچ نیشانەیەکی پێشتر!!

هەروەها لێکۆڵینەوەکەش ئەوەی دەرخستووە مەرگی کتوپڕی دڵ بریتیە لە تێکچوونی کتوپڕ کە ئەمەش لە ئەنجامی حاڵەتی ناجێگیری دەروونیەوە دروست دەبێت. سەرەڕای چاودێری زۆر و خێرا فریاکەوتنی نەخۆشیشەوە بەهەموو ڕێگاکان بەڵام ئەم نەخۆشییە سەرکەوتووە لە کارەکەیدا!

## مەرگی کتوپڕ چییە؟

پێشینان ووتویانە (هۆکارەکان زۆرن و مەرگیش تاقانەیە).

دەتوانین لەم پەندەوە بیروباوەڕی ساکاری پێشینانمان بۆ دەربکەوێت دەربارەی مردن، پێشینان باوەڕیان وابووە کە مردن هۆکارێکی هەیە ئەویش بریتییە لە نەخۆشی، کارەسات، خۆکوشتن یان هەرشتێکیتر، بەڵام کە باس لە مردنی بێ هۆکار بکەین ئەوە مەرگی کتوپڕە کە پێشتر نەزانرابوو.

هۆکاری سەرەکی مردن لەم چەرخەدا بریتییە لە جەڵتەی لەناکاوی دڵ کە بەبێ هیچ ئاگادارکردنەوەیەک دێت، و دەرکەوتووە نیوەی ئەوانەی تووشی نەخۆشییەکانی دڵ دەبن، بەمەرگی کتوپڕ دەمردن!! مەرگی کتوپڕ هێرش دەباتە سەر مرۆڤی نەخۆش تەنانەت ئەگەر لەنەخۆشخانەو لەژێر چاودێریشدا بێت، لێکۆڵینەوەکان دەریان خستووە کە ( ١٠٪ ) یان بەشێوەیەکی کتوپڕ لەناو نەخۆشخانەدا ئەمرن و ( ٩٠٪ ) یان لە دەرەوەی نەخۆشخانە.



## سەرژمێرییەکان:

هۆکاری یەکەمی مردن لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بریتییە لە نەخۆشیەکانی دڵ (جەڵتەی دڵ) بەڕێژەی نزیکەی ( ٢٨٪ )ی کۆی مردنەکان ئەبێت.

ڕاپۆرتەکانی سەرژمێری ئەوە دووپات دەکەنەوە کە لەساڵی (٢٠٠١) تەنها لەئەمەریکادا نزیکەی (٧٠٠ هەزار) کەس مردوون بەهۆی نەخۆشییەکانی دڵەوە.

بەڵام ئەی ژمارەی ئەوانەی کە ساڵانە بەهۆی مەرگی کتوپڕەوە دەمردن چەندە؟

لە وڵاتە یەکگرتووە کان ساڵانە زیاتر لە ( ٣٠٠ هەزار) کەس دەمرن بەهۆی نەخۆشییەکانی دڵەوە، سەرژمێرییەکان دووپاتی دەکەنەوە کە ڕێژەی مەرگی کتوپڕی دڵ زیاد دەکات بەشێوەیەکی گشتی لەهەموو جیهاندا، و پیاوان زیاتر لە ژنان تووشی دەبن بەڕێژەی (٣ بۆ ١)، مەرگی کتوپڕ ڕوودەدات بەبێ هیچ ئاگادارییەکی پێش وەخت تەنانەت هەندێ جار بەبێ هیچ نیشانەیەکی نەخۆشی دڵ سەرەڕای ئەو ملیۆنەها دۆلارەش کە خەرج دەکرێت لە لێکۆڵینەوەکانی نەخۆشییەکانی دڵدا لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا.

لەگەڵ ئەوەی کە توانیویانە ئەو ژمارەیە کەم بکەنەوە کە لە ئەنجامی نەخۆشی دڵی کتوپڕەوە دەمرن بەڵام ڕێژەی مەرگی کتوپڕ بەجێگیری ماوەتەوە!

## جگەرە کێشان و ئاڵۆزی دەروونی:

جگەرەکێشان ئەگەری ڕوودانی مەرگی کتوپڕ سێ هێندە بەرز دەکاتەوە! و جگەرەکێشان بەرپرسیارە لە ( ٤/١ )ی نەخۆشییەکانی دڵ لە جیهاندا، و ئەم نەخۆشییانە زۆربەیان کۆتاییان دێت بە مەرگی کتوپڕ.

ئاڵۆزییە دەروونیەکان کار لە زیادبوونی مەرگی کتوپڕ دەکەن، و هەروەها لێکۆڵینەوەکانی قۆناغەکانی تەمەن ڕوونیان کردۆتەوە کە لە بارترین قۆناغی تەمەن بۆتووش بوونیان بەمەرگی کتوپڕ بریتییە لە تەمەنی چلەکانو پەنجاکان. لەم قۆناغەی تەمەندا ژێری مرۆڤ پێ دەگات.

هەروەها ئەوانەی کە نەخۆشی شەکرەیان هەیە ئەگەری تووش بوونیان بەم مەرگە زیاترە.

## ئایا چارەسەری پزیشكی هەیە بۆ ئەم دیاردەیە؟

زۆربەی پزیشكەكان باس لەچارەسەری دوای ڕوودانی نەخۆشییەكە دەكەن (وەستانی كتوپڕی دڵ یان مێشك) لەبەرئەوەی هەتا ئێستاش چارەسەری ئەم نەخۆشییە ترسناكە نییە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەری ڕزگاربوون لەم مردنە زۆر كزە.

پزیشكەكان دووپاتی دەكەنەوە كە ڕێگای نموونەیی بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم مردنە بریتیە لە دەستكەوتنی بەرزترین پلە لە جێگیریی كارەكانی دڵدا.

ئەو چارەسەرانەی كە ئێستا هەن ئەوەیە كە نەخۆشەكە لەژێر چاودێرییەكی ووردا بێت دوای ئەوەی نەشتەرگەرییەكی خێرای بۆ دەكرێت بەڵام ئەم ڕێگای چارەسەرە هیچ ئەنجامێكی نابێت تەنها لەچەند حاڵەتێكی كەمدا نەبێت. ئامۆژگاری پزیشكان بەكەم كردنەوەی ڕێژەی شەكر و كۆلیسترۆڵ لە خواردنی ئەو نەخۆشانەدا هیچ گرنگییەكی نییە لەم حاڵەتەدا.

بەڵام ئەی چارەسەری ئەوانە چییە كە بەخۆیان نازانن و كەسیش چاوەڕوانی مردنی كتوپڕ یان لێناكات؟

زانستی پزیشكی نەیتوانیوە پێشتر درك بەم حاڵەتانە بكات، بەڵام ئایا پێغەمبەر (ﷺ) ئەمانەی پشتگوێ خستووە یان چارەسەری بۆ دانەناون؟

## ئایا چارەسەری قورئان و پێغەمبەر (ﷺ) چییە بۆ ئەم حاڵەتانە؟

خوای گەورە ئاماژەی بە وشەی دڵ (القلب) كردووە لە زۆربەی ئایەتە پیرۆزەكاندا: دڵ هەیە نەخۆشە، دڵ هەیە ڕق و بێ بەزەییە، دڵ هەیە كوێرەو نابینێ، دڵ هەیە نابیستێ، دڵ هەیە لە خوای گەورە دەترسێت و ئارامە، دڵ هەیە دەفامێت و ژیر دەبێت.

كەواتە دڵ تەنها ترووومپایەك نییە بۆ پاڵنانی خوێن بەڵكو دەزگایەكی تەواوەو بەرپرسیارە لە جێگیریی و ئارامی دەروونی لە مرۆڤدا.



یادكردنەوەی خوای گەورە باشترین ڕێگایە بۆ ئارامی و هێور بوونەوەی دڵەكان چونكە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَتَطْمَئِنُّ قُلُوبُهُم بِذِكْرِ ٱللَّهِ ۗ أَلَا بِذِكْرِ ٱللَّهِ تَطْمَئِنُّ ٱلْقُلُوبُ ﴿٢٨﴾ ﴾ (الرعد).

واتە: ئەوانەی باوەڕیان هێناوەو بەیادی خوای گەورە دڵ ئارام دەبن، دڵنیابن كە بە یادی خوا دڵەكان ئارام دەبێت.

لەبەرئەوە هەركاتێك ئیماندار یادی خوای خۆی دەكاتەوە، ئەوا دڵەكەی ئارام دەبێت و تووشی هیچ تێكچوونێك (اضطراب) نابێت.

تۆش ئەی خوێنەری بەڕێز ئەتوانیت چاوەكانت دابخەیت، و وا لە دڵت بكەیت كە بترسێت و مەزنی و گەورەیی خودا یادبكاتەوە، بۆ نموونە بڵێ (لا اله الا الله) سەیركەو بزانە چ هەستێكت لا دروست دەبێت. ئایا هەست ناكەیت لە هەموو كەس زیاتر هێمنو ئارام و دڵنیاتریت! وەكو بینیمان كەوا هۆكاری مەرگی كتوپڕ بریتییە لە تێكچوونی لەناكاو لە ئیشەكانی دڵدا، لەبەرئەوە پزیشكان نەیانتوانیوە هەتا ئێستا چارەسەری ئەم دیاردەیە بكەن، بەڵام قورئانی پیرۆز چارەسەری كردووە بەم ئایەتە پیرۆزە.

جا ئەی خوێنەری بەڕێز ئەگەر قورئانی پیرۆزت لەبەر بێت و جێگیربێت لە سینەتدا، ئایا پێشبینی ئەوە ناكەیت كە لەهەموو كەس ئارامتربیت!

پێغەمبەرمان (ﷺ) فێری دووعایەكی گەورەی كردوین، كە هەموو ڕۆژێك خوێندوویەتی.

دەفەرموێت: (ما من عبد يقول صباح كل يوم ومساء كل ليلة: بسم الله الذي لايضر مع إسمه شيء في الأرض ولا في السماء وهو السميع العليم، لم يصبه فجأة بلاء) رواه أبو داود.

واتە: هیچ بەندەیەك نییە بەیانیانی هەموو ڕۆژێك و ئێوارانی هەموو شەوێك بڵێت: (بسم الله الذي لايضر مع إسمه شيء فى الأرض و لا في السماء و هو السميع العليم) هیچ بەڵایەكی كتوپڕ توشی نابێت.

هەروەها پێغەمبەری مەزن ئەم دوعایەشی دەخوێند: (اللهم احفظني من بين يدى ومن خلفي ومن يميني وعن شمالي ومن فوقي وأعوذ بك أن أغتال من تحتي) رواه الترمذي.

**ڕووی ئیعجاز لە فەرموودەكەدا:**

دەتوانین ڕوی ئیعجاز كورت بكەینەوە لەم فەرموودە پیرۆزەدا:

١) كەس ناتوانێت پێشبینی زۆربوونی مەرگی كتوپڕ بكات، لەبەرئەوەی كەس نەیتوانیوە ئەم دیاردەیە بناسێت هەتا ئەم چەند ساڵە كەمەی دوایی نەبێت، كاتێك زانایان توانییان سەرژمێری وورد بكەن، سەیریش لەوەدا بوو كە ئەو ژمارانەی دەستیان كەوتبوو پێشبینی نە دەكرا چونكە ژمارەی ئەوانەی بەمەرگی كتوپڕ مردبوون زۆر بەرز بوو.

٢) زانایانی ئەمڕۆ دەڵێن: دیاردەی مەرگی كتوپڕ جیانەكراوەتەوەو نەناسراوە هەتاوەكو (٥٠) ساڵ پێش ئێستا! لێكۆڵینەوەی پزیشكی بۆ نەكرابوو هەتاوەكو (٢٠) ساڵ پێش ئێستا. ئەمڕۆ زانایان هەوڵ دەدەن بۆ دۆزینەوەی ئەو ڕێگایانەی كە بەرەنگاری ئەم مەرگە بكاتەوە، لەبەرئەوەی ئەوان درك بە گەورەیی كێشەكە دەكەن، بەڵام هەوڵەكانیان بێ سوودە.

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت كەوا ئەم دیاردەیە لە زیاد بوونێكی بەردەوامدایەو زانایانیش دەستیان كردووە بە ناسینی هۆكارەكانی ئەم مردنە. ئەمەش ڕاستی ووتەی پێغەمبەر (ﷺ) دەردەخات كە دەفەرموێت: (إن من إمارات الساعة أن يظهر موت الفجأة)، یەكێك لە واتاكانی ووشەی (يظهر) بە واتای (يتبين) دێت، واتە ڕوون دەبێتەوە وەك لە (القاموس المحيط)دا هاتووە، هەروەك بینیشمان ئەم مردنە نزیكەی (٢٠) ساڵە ڕوون بۆتەوە.

٣) هەندێ لە گوماندارو بێباوەڕان بانگەشەی ئەوە دەكەن كەوا ئەم مەرگە هەرناسراوە لەسەردەمی كۆنەوە، ئێمەش دەڵێین: ئەم مەرگە لەسەردەمی پێغەمبەردا (ﷺ) نەناسرابوو هەر لەبەرئەوەش لە ووتەی شاعیرو ئەدیبەكانی ئەوسەردەمەدا ئاماژەی پێنەدراوەو بەڵگەش بۆئەوە پێغەمبەر (ﷺ) دەركەوتنی ئەم مەرگەی داناوە بە نیشانەیەكی ڕۆژی دوایی، ئەگەر ئەم مەرگە لەو كاتەدا بناسرایە ئەوا بەدڵنیاییەوە بێباوەڕەكانی ئەو سەردەمە ڕەخنەیان لەم فەرموودەیە دەگرت!.

هەروەكو دەزانین بێباوەڕان هیچ شتێكیان بەبێ ڕەخنە بەجێ نەهێشتووە، ئەگەر ئەم دیاردەیە بڵاوبووایە لەوسەردەمەدا، كە پێغەمبەر (ﷺ) هات و دەركەوتنی ئەم دیاردەیەی دانا بەنزیك بوونەوەی ڕۆژی قیامەت، ئەگەر ئەمە ڕوویبدایە خەڵكی ئەم فەرموودەیەیان پێ سەیر دەبوو كە چۆن باسی شتێكیان بۆ دەكات كە بوونی هەیە!! لەبەرئەوە دەتوانین ئەم فەرموودەیە دابنێین بەموعجیزەیەكی پزیشكی لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) كە باس لە دیاردەیەك دەكات كە زانایانی ڕۆژئاوا نەیان زانیبوو هەتا ئەم چەند ساڵانەی دوایی نەبێت.

**سەرچاوە:** www.kaheel7.com

# بەکارهێنانی هەنگوین وەک دژە میکرۆب

﴿ وَأَوْحَىٰ رَبُّكَ إِلَى ٱلنَّحْلِ أَنِ ٱتَّخِذِى مِنَ ٱلْجِبَالِ بُيُوتًا وَمِنَ ٱلشَّجَرِ وَمِمَّا يَعْرِشُونَ ﴿٦٨﴾ ثُمَّ كُلِى مِن كُلِّ ٱلثَّمَرَٰتِ فَٱسْلُكِى سُبُلَ
رَبِّكِ ذُلُلًا ۚ يَخْرُجُ مِنۢ بُطُونِهَا شَرَابٌ مُّخْتَلِفٌ أَلْوَٰنُهُۥ فِيهِ شِفَآءٌ لِّلنَّاسِ ۗ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَةً لِّقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ ﴿٦٩﴾ ﴾ النحل

نووسینی: هێمن محی الدین / بەکالۆریۆسی بایۆلۆجی
hemn1978n@yahoo.com



هەنگوین یەکێکە لەو بەخششە گەورانەی کە خوای گەورە داویەتی بە ئادەمیزاد، هەنگوین بەپێی ڕەنگ چەند جۆرێکن: (زەرد، ڕەش، سپی، قاوەیی زەردباو، و چەند ڕەنگێکی تر)، ئەم جیاوازی ڕەنگانەش دەگەڕێتەوە بۆ جۆری ئەو شیلەی گوڵانەی کە هەنگەکان دەیمژن، و باشترین جۆری هەنگوین هەنگوینی چیاکانە، لەپاش ئەو ئەوانەی لەناو دارەکاندان.

هەنگوین لە ڕووی پێکهاتەوە دەوڵەمەندە بە کۆمەڵێک ماددەی بەسوود کە دەورێکی گرنگ دەگێڕن لە چارەسەری گەلێک جۆری نەخۆشیدا، هەر بۆیە لە زووەوە بەکار هاتووە بۆ چارەسەری نەخۆشییەکان، لەو پێکهاتە گرنگانەش کە لە هەنگویندایە بریتین لە: ڕێژەیەکی زۆر لە شەکرەکان بە تایبەتی گلوکۆز (Glucose) و هەروەها ترشی چەوری (Fatty acid)، چەوریی (Lipid)، ئەنزیمی ئەمایلەیز (Amylase)، و هەروەها (Ascorbic acid)، و چەندین پێکهاتەی دیکە.

لە توێژینەوەیەکدا لە زانکۆی (سولەیمانی) کە لەسەر هەنگوین سازدرا، هەنگوینەکە وەک دژە بەکتریا بەکار هات (Antibacterial)، لەو توێژینەوەیەدا کۆمەڵێک بەکتریای لە جۆری نەخۆشخەرمان (Pathogenic bacteria) بەکارهێنا کە وەرگیرابوون لە کۆمەڵێک نەخۆشی نەخۆشخانەی فێرکاری سولەیمانی Teaching hospital of sulaimani وەک لەم خشتەیەدا ڕوون کراوەتەوە:

| جۆری بەکتریا | پێگە | ڕێژەی سەدیی کاریگەریی (٪) |
|---|---|---|
| *Pseudomonas aeruginosa* | سوتاوی (Burn) | ٪٨٦ |
| *Pseudomonas aeruginosa* | میز (Urine) | ٪٧٢ |
| *Escherichia coli* | میز (Urine) | ٪٧٥ |
| *Escherichia coli* | برین (Wound) | ٪٣٠ |
| *Proteus* | میز (Urine) | ٪٨٧ |
| Staphylococcus epidermidis | برین (Wound) | ٪٤٠ |
| *Staphylococcus epidermidis* | سوتاوی (Burn) | ٪٢٠ |
| *Staphylococcus aureus* | سوتاوی (Burn) | ٪٢٤ |
| *α-hemolytic Streptococci* | سوتاوی (Burn) | ٪٥١ |

لە دوای تاقی کردنەوە لەسەر هەریەک لەو بەکتریایانەی کە بەکار هێنرا، بینرا کە هەنگوینەکە توانیویەتی وەک دژە بەکتریا دەوری خۆی بگێڕێت، و هەندێ لەو بەکتریایانەی کە بەکار هاتبوون بەرگرییان پەیداکردبوو دژی زۆربەی دەرمانی دژە بەکتریاکان (Antibiotic) و بینرا هەنگوینەکە کاریگەریی بەهێزی هەبوو لەسەر ئەم جۆرانەش.

هەروەها لە توێژینەوەیەکی تر کە لە لایەن (د. سیروان حەمە شریف) ساز درا بوو لەسەر (٤٣) نەخۆشی نەخۆشخانەی فێرکاری (سلەیمانی) کە نەخۆشییەکانیان جیاواز بوون و هەڵگری چەند جۆرێک میکرۆب بوون، کە چارەسەر کران بە هەنگوین بە ڕێگەی مەڵهەم (Topical) بۆ سەر برینەکانیان کە لە (٪٣ ,٣٣) یان بەڕێگەی تر نەگەیشتبوونە چارەسەر بینرا هەموو برینەکان سوودیان وەرگرت و پاکژ بوونەوە بە تێکڕا لە ماوەی (٧) ڕۆژدا، و ئەوەی جێگەی سەرنج بوو بینرا کە برینەکان بەم ڕێگەیە کەمتر هەڵئەئاوسان و هەویان کەمتر دەکرد، و زیاتر دەهاتنەوە یەک و کەمتر شانەی مردوویان تیادابوو، و زیاتر سارێژ بوون، و لە کۆتاییشدا جێگەی زامەکانیان کەمتر دیار بوو.

ئەوەی زانراوە لەڕووی زانستییشەوە ئەو کاریگەرییەی کە هەنگوین هەیەتی لەسەر بەکتریا نەخۆشخەرەکان دەگەڕێتەوە بۆ:

١ـ بوونی ڕێژەیەکی زۆری شەکر تیایدا کە ئەمیش دەبێتە هۆی هەڵ ئاوساندنی (Osmolarity) ی بەکتریاکان، بەمەش دەبێتە هۆی کوشتنی بەکتریاکان.

٢ـ (PH)ی هەنگوین ترشە (Acid) کە ڕێژەکەی لە نێوان (PH=٣ –PH=٤ ) کە ئەمیش دەورێکی گرنگی هەیە بۆ لەناوبردنی میکرۆبەکان، و هەروەها چالاک کردنی هەندێک خانەی بەرگری کە لە لەشی مرۆڤدا هەیە بەناوی ماکرۆفەیج (Macrophage).

٣ـ هەروەها هەنگوین دەبێتە هۆی هاندانی کۆمەڵێک لە خانە بەرگرییەکانی لەشی مرۆڤ وەک لیمفە خانەکانی جۆری: T-lymphocyte و B-lymphocyte لە خوێنداو هەروەها هاندان و بزواندنی خانەکانی جۆری (Monocyte) کە ئەمیش خانەی بەرگرییە.

لەکۆتاییدا تەنها ئەوە ماوە بڵێین پاک و بێگەردی بۆ ئەو خوایەی کە نیگای بۆ هەنگەکان کرد لە چیاکان و ناو دارەکان و لەو شوێنانەی کە دەژین شانەکانیان دروست بکەن، و لە شیلەی گوڵە جۆر بە جۆرەکان بخۆن بۆ دروستکردنی ئەو شلە ڕەنگ جیاوازەی کە چارەسەرە بۆ هەموو خەڵکی.

هەروەها بۆ بەخشینی ئەم هەموو بەخششانە بە مرۆڤەکان بۆ زیاتر بیرکردنەوەو بە ئاگا هاتنەوەیان.

**تێبینی:**

بۆ ئەنجام دانی ئەم توێژینەوەیە سوودمان لە زیاتر لە (٤٥) سەرچاوە وەرگرتووە.

## (دکتۆر جۆن هونۆڤەر لارسن گەورە پزیشکی نەخۆشخانەی حکومی کۆبنهاگن تەئکید دەکاتەوە لە:

# سەربڕینی ئاژەڵ گەرنتی پاکی گۆشتەکەی دەکات لە هەموو جۆرە میکرۆبێک)

وەرگێڕانی: ئەندازیار عادل مەولەوی
adilmawlawi@yahoo.com

بابەتی سەربڕینی ئاژەڵ بۆ سوود وەرگرتن لە گۆشتەکەی یەکێکە لەو بابەتە گرنگانەی کە ئاینی پیرۆزی ئیسلام فەرمانی پێداوە و حەلاڵی کردووە، هەروەها یەکێکە لەو بابەتە گەرم و گوڕانەی کە دوژمنانی ئاینی پیرۆزی ئیسلام زۆر دەیوروژێنن و دەیکەنە داری دەستیان بۆ دژایەتی کردنی شەریعەت و بنەماکانی ئیسلام، نەزانن بەوەی کە فەرمانە خواییەکان بێگەردن و لە ناڕاستی بەدوورن.

زۆرێک لەو پەیڤین، و بگرە شەڕە قسانەی کە لەم بارەیەوە ڕووبەڕووی کەمینە موسوڵمانەکان دەبێتەوە لە هەریەک لە وولاتانی بەریتانیا، ئەمەریکا و فەرەنسا.... و هتد، کۆمەڵەی ئاژەڵ پەروەران لەم وڵاتانە و لەوڵاتانی دیکەش لەدیارترین ئەو ڕێکخراوانەن کە ئەم بابەتانە دەوروژێنن و نکۆڵی لێدەکەن و وێنەی ئەو ئاژەڵانە نیشان دەدەن کە موسوڵمانان سەریان دەبڕن و پەلە قاژە و باڵە فڕێ دەکەن و بەدەم ئازارەوە دەگەوزێن لەزەویدا، ئەمەیش بەکارێکی وەحشی گەری و هەمەجی دەدەنە قەڵەم - ئەمەش بێجگە لەوەی ناواخنەکەی پڕە لە حیقد و بوغز و ناشرین کردن - کە خۆی لە خۆیدا دووجار نەزانینە، جارێک نەزانن بەوەی کە لە ڕاستیدا و بە گوێرەی زانستی نوێیش سەربڕین بۆ ئاژەڵ پێویستە، و جاری دووەمیش نەزانن بەوەی کە وا دەزانن دەیزانن بەڵام نایشی زانن.

ئاینی پیرۆزی ئیسلام هیچ زیانێک ناکات بەو هەموو بوهتان و درۆیانەی کە بە ناوییەوە دەکرێت چونکە بەرزترە و گەلێک بڵندترە لەوەی کە بەچاوی گومان و تۆمەتەوە تەماشای بکرێت.

بۆ سوودەکانی سەربڕینی ئاژەڵ پێش سوود وەرگرتن لە گۆشت و بەشەکانی دیکەی لە ڕووی پزیشکییەوە، گۆڤاری (الإعجاز) چاوپێکەوتنێکی بەئەنجام گەیاند لەگەڵ (دکتۆر جۆن هونۆڤەر لارسن) مامۆستای بەشی بەکتریا لە نەخۆشخانەی (غیس هۆسپیتاڵ - المستشفى الرسمي) کە گەورەترین نەخۆشخانەی (کۆبنهاگن)ە لە وولاتی (دانیمارک) کە بەم شێوەیەی لای خوارەوە کورتی دەکەینەوە:

**+ گۆڤاری (ئیعجاز): بەڕێز دکتۆر جۆن چی دەڵێیت لەبارەی خواردنی گۆشتی مرداره‌وەبوو لەڕووی تەندروستییەوە؟**

- دکتۆر جۆن هونۆڤەر: کۆگایەکە بۆ میکرۆبەکان و جێگای نەخۆشییە کوشندەکانە، و یاسا ئەورووپییەکان خواردنی گۆشتی مرداره‌وەبوویان قەدەغە کردووە.

**+ ئیعجاز: ئەگەر یەک گرام لە خوێن و گرامێک لە گۆشت بهێنین لە جێگایەکی سەر بەتاڵدا دایبنێین بۆ ماوەی سێ تا چوار کاژێر و پاشان ویستی بەکارهێنانی هەریەکەیان بکرێت، ئایا هیچ زیانێک لەم کارەدا دروست دەبێت؟**

- د. جۆن هونۆڤەر: بەڵێ.. زیانێکی گەورەیە، بەنیسبەت خوێنەکەوە میکرۆبە زیان بەخشەکان لەوانەیە بەهۆی چەقۆی سەربڕەکەوە، یان بەهۆی هەوای دەوروبەرەوە یاخود لەڕێگای سەرچاوەیەکی هاوسێوە بگوازرێنەوە بۆ خوێنەکە، ئەگەر چی چەند دانەیەکیش بن ئیتر هەموو نیوو کاژێر جارێک هەموو میکرۆبێک دەبێت بە دوو ئەوەندە بەشێوازێکی ئەندازەیی.

ئەگەر وای دابنێین (١٠٠٠) میکرۆب گوازراوەتەوە بۆ ئەو یەک گرام خوێنە ئەوا دوای نیو کاژێر ئەبێتە (٢٠٠٠)، و دوای کاژێرێکی دەبێت بە (٤٠٠٠) میکرۆب، و دوای کاژێر و نیوێک ژمارەیان دەبێتە (٨٠٠٠) و پاش ماوەی دوو کاژێر ژمارەیان دەگاتە (١٦٠٠٠) میکرۆب، و دوای سێ کاژێر ژمارەیان دەگاتە (٦٤٠٠٠) میکرۆب، و بەتەواوی ئەو گرامە خوێنە داگیردەکەن، ئەوەیش شتێکی زانراوە کە خوێن لە بنەڕەتدا کۆمەڵێکی زۆر میکرۆبی تێدایە و بگرە دوای مردنی ئاژەڵ دەبێتە خوێنێکی پیسی زۆر زیانبەخش بەتەندروستی




مرۆڤ ئەگەر بخورێتەوە یان بپارێزرێت و پاشان بخورێتەوە.

**+ ئیعجاز: ئەی پارچە گۆشتەکە چی لێدێت؟**

- د. جۆن هونۆڤەر: بەنیسبەت پارچە گۆشتەکەوە میکرۆبەکان دەست دەکەن بە داگیرکردنی ڕووکاری دەرەوەی و خواردنی چینی دەرەوەی، کە چینێکی ڕەقە و برینی لەلایەن میکرۆبەکانەوە کارێکی گرانە، هەربۆیە دەست دەکەن بە خواردنی ئەو چینە ڕەقە بەڵام بەهۆی کەمی خۆراک لەو چینەدا زۆرینەیان دەمرن و توانای زۆر بوونیشیان بە خێرایی نییە، ئەگەر چێشتلێنەریش بیەوێت ئەو پارچە گۆشتە لێبنێت بێگومان دەیشواتەوە و بەمەیش کۆمەڵێکی زۆر لە میکرۆبەکان لەناو دەچن دواتریش بە کوڵاندن ئەو ژمارە میکرۆبانەی کە ماون بەتەواوی لەناودەچن.

**+ ئیعجاز: ئەی لەبارەی گۆشتی بەرازەوە چی دەڵێیت؟**

- د. جۆن هونۆڤەر: من لە وولاتەکەی خۆمدا جەنگێک بەرپوە دەبەم دژی خواردنی گۆشتی بەراز، لەبەرئەوەی میکرۆبێکی تازەم لە گۆشتی بەرازدا دۆزیوەتەوە بەناوی (یارسینا) کە ئەم میکروبە تەنها لە گۆشتی بەرازدا هەیە، و لە پلەیەکی گەرمی زۆر کەمدا نەبێت ناژی کە پلەی (-٤٠) پلەیە، زۆرێک لە ئەوروپییەکان دووچاری ئەم میکرۆبە دێن، زۆربەی تووشبووان بەنەخۆشییەکانی بڕبڕەی پشت و جومگەکان هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەم میکرۆبە.

**+ ئیعجاز: ئایا هیچ مەترسییەک هەیە لە خواردنی گۆشتی ئاژەڵێک کە خنکێنرابێت؟**

- د. جۆن هونۆڤەر: یاساکانی لای ئێمە لە ئێستادا قەدەغەی خواردنی گۆشتی ئاژەڵێک دەکات کە بەهۆی خنکانەوە مردبێت.

**+ ئیعجاز: بۆچی؟**

- د. جۆن هونۆڤەر: لەم دواییانەدا دەرکەوت پەیوەندییەک هەیە لەنێوان ئەو نەخۆشیانەی کە ئەو ئاژەڵە خنکێنراوە هەیبووە لەگەڵ تەندروستی مرۆڤدا.

**+ ئیعجاز: ئەمە بۆچی؟**

- د. جۆن هونۆڤەر: دیواری ڕیخۆڵە ئەستورەی ئاژەڵ وەک گرییەک وایە کە ناهێڵێت میکرۆب لێوەی تێپەڕێت - لەکاتی هەبوونی پاشەڕۆدا - بۆ لەشی و خوێنی ئاژەڵەکە هەتا ئەو ئاژەڵە لە ژیاندا بێت، و ئاشکرایشە ڕیخۆڵە ئەستورە کۆگا و خانەخوێیەکی لەبارە بۆ میکرۆبە زیانبەخشەکان، و دیواری ناوەوەی ڕیخۆڵە ئەستورە ڕێگری لە گواستنەوەی ئەم میکرۆبانە ئەکات بۆ ناو لەشی ئاژەڵەکە، هەروەک چۆن لە بۆرییە خوێنەکاندا هەمان ڕێگر هەیە.

کاتێک ئاژەڵەکە دەخنکێت کەواتە مردنەکەی کتوپڕ نیە بەڵکو

لەسەرخۆ و خاوە، و ئەم خاومردنە دەبێتە هۆی ووردە ووردە کەم کردنەوەی بەرگری دیواری ڕیخۆڵە ئەستورە، و بەمەیش میکرۆبەکان دیواری ڕیخۆڵە ئەستورە دەبڕن و دەچنە بۆری خوێنەوە و لە مانیشەوە بۆ ناو گۆشت، و لەڕێی سووڕی خوێنەوە دەگوازرێنەوە بۆ گشت بەشەکانی لەش - چونکە ئاژەڵەکە بەتەواوی نەمردووە - کەواتە بەهۆی دزەکردنی میکرۆبەکان لە خوێنەوە بۆ گۆشت، ئەو ئاژەڵە بووە کۆگایەکی گەورەی میکرۆبە زیان بەخشەکان، بەم شێوازە و بەهۆی زیادبوونی یەک لەدوای یەکی میکرۆبەکان دەست دەکەن بە لەناوبردنی ئەم ئاژەڵە هەتا مردن، هەربۆیە جەستەی ئەو ئاژەڵە یەکپارچە دەبێتە میکرۆب و بۆ تەندروستی مرۆڤ گەلێک ترسناکە.

**+ ئیعجاز: چۆن بەڕێزت دەڵێیت ئەو ئاژەڵە هەست بەئازار ناکات لەکاتی سەربڕیندا لەکاتێکدا ئێمە ئەبینین پەلەقاژە دەکات و دەگەوزێت و دەتلێتەوە؟**

- د. جۆن هونۆڤەر پێکەنی و ووتی: هۆی ئەمە ئەوەیە کە کۆئەندامی دەمار هێشتا لە ژیاندایە و ژیانی تێدا ماوە، تەنها هەستی نەماوە و بەس.

لەم حاڵەدا لەبەر ئەوەی هێشتا بڕبڕەی پشتیمان نەبڕیوە کەواتە هیچ زیانێکمان لە کۆئەندامی دەمار نەداوە و ژیانی تێدا ماوە، ئەوەی لەسەربڕیندا - واتە بەڕێگای ئیسلامی - ڕوودەدا کۆئەندامی دەمار هەڵدەستێت بە داواکردنی خوێن لەڕێگەی دەماغەوە چونکە خوێنی پێ ناگات، وەک ئەوە وایە هاوار بکات و بڵێ: خوێنم لێ بڕا.. خوێنم بۆ بنێرە ئەی دڵ، ئەی ماسولکەکان... یارمەتی دڵ بدەن بەخوێن، ئەی جەستەولاشە.. هەرچی خوێنت تێدایە دەریکە دەماغ لەمەترسیدایە.

کاتێک ماسولکەکان هەڵدەستێت پەستانێکی خێرا، جوڵەیەکی خێرا لە هەموو بەش و ماسولکە دەرەکی و ناوەکی‌یەکاندا ڕوو دەدات، پەستان دروست دەکات و هەرچی خوێنی تێدایە فڕێی دەدات و زۆر بەهێزەوە دەینێرێت بۆ دڵ، دڵیش ژمارەی لێدانەکانی زیاد دەکات و هەوڵ دەدات خێرا دڵ پڕکات لە خوێن و هەر پڕ بوو یەکسەر ڕاستەو خۆ دەینێرێت بۆ دەماغ بەڵام - وەک ئاشکرایە - ئەو خوێنە ناگاتە دەماغ بەڵکو دەڕژێتە دەرەوەی لەش لە ڕێی خوێنبەرە براوەکانی ملەوە.

تۆ وای دەبینیت کە ئەو ئاژەڵە دەتلێتەوە، بەڵام ئەو خوێن دەنێرێت بە بەردەوامی و هەتا لەشی ئەو ئاژەڵە بەتەواوی پاک دەبێتەوە لە خوێن، وە بەمەیش ئەو ئاژەڵە ڕزگاری دەبێت لە لەبارترین ژینگە بۆ ژیانی میکرۆب، و مەترسیترین مادده بۆ مرۆڤ.

**+ ئیعجاز: مەبەستت ئەوەیە ئاژەڵی سەربڕاو تەنها لەماوەی سێ چرکەدا ئەگەر بەڕێگایەکی ڕاست و دروست سەرببڕێت گیانی لەدەست دەدات وئەو پەلە قاژەیەی کە دەیکات یان هەرشتێک لەوبابەتانە هەمووی مانای مانەوەی ژیانی کۆئەندامی دەمارە و ئاژەڵە سەربڕاوەکە بەهیچ شێوەیەک هەستی پێناکات.**

- د. جۆن هونۆڤەر: بەڵێ ئەمە ڕاستە.

**+ ئیعجاز: ئایا هیچ لێکچوونێک هەیە لەمەترسی لەناوچوونی ئاژەڵ بەخنکاندن یان لە ناوچونی بەلێدان و بریندارکردن؟**

- د. جۆن هونۆڤەر: بەڵێ ... چونکە لەم حاڵەتەیشدا ئاژەڵەکە بە لەسەرخۆیی و ووردە ووردە دەمرێت، و زۆر لە حاڵەتی مردنی خنکاندن دەچێت، ئەوەی بەسەر خنکاوەکەدا دێت بەسەر ئەمیشدا، دێت سەرباری ئەمەیش بەهۆی لێدانەوە برین دروست دەبێت و دەبێتە هۆی کرانەوەی بۆرییە خوێنەکان، هەروەک چۆن دەبێتە هۆی لێکهەڵوەشاندنی خانەکان لەو شوێنەدا و تێکەڵ بونێکی بونیادی لە نێوان خوێن و پێکهاتەی خانەکاندا ڕوودەدات، کە هۆکارێکە بۆ دروست بوونی کارلێکی مادده ژەهراوییە زیان بەخشەکان، هەر بۆیە لە شوێنی لێدانەکەدا هەڵئاوسان تێبینی دەکرێت، کە کارلێکە کیمیاییە زیان بەخشەکان کە هۆکاری پەیدابوونی مادده ژەهراوییەکانن هۆکاری سەرەکی ئەم هەڵئاوسانەن، و لەهەمان کاتدا دەبێتە هۆی داماڵینی جەستەی ئاژەڵەکە لەو شوێنەدا. بەمەیش ئەو ئاژەڵەی کە بەهۆی لێدان و بریندار بوونەوە دەمرێت جێگا و کۆگایەکی لەباری گەورەیە بۆ میکرۆبە زیانبەخشە مەترسیدارەکان بۆ دروستی مرۆڤ.

**+ ئیعجاز: هەندێ جار ئاژەڵێک بەهۆی کەوتنە خوارەوەوە لە جێگایەکی بەرزەوە دەمرێت، ئایا ئەگەر ئاژەڵێک بەم ڕێگایە بمرێت ڕای بەڕێزتان چییە لەبارەی خواردنی گۆشتەکەیەوە؟**

- د. جۆن هونۆڤەر: ئەو ئاژەڵەی بەم ڕێگەیە لەناو دەچێت حاڵی وەک حاڵی ئەو ئاژەڵە وایە کە بە لێدان و بریندار کردن لەناو چووە، چونکە لە شوێنی کەوتنە خوارەوەکەیدا برین و والآبوون ڕوودەدا و ئاژەڵەکە وردەوردە و لەسەرخۆ دەمرێت.

خۆ ئەگەر ڕاستەوخۆ دوای کەوتنە خوارەوەکەش بمرێت ئەوا میکرۆبەکان دەست دەکەن بە هێرش کردنە سەرجەستەی بەخێرایی، هەربۆیە هەڵئاوسانێکی خێرا لەلاشەی ئەم ئاژەڵانەدا دەبینین کە ئەمەیش بەڵگەی بوونی میکرۆبی زیانبەخشە.

**+ ئیعجاز: جاری وا هەیە ئاژەڵ بەهۆی شەڕەقۆچەوە کە لەنێوانیاندا ڕوودەدات دەمرێت، ئایا گۆشتی ئەو ئاژەڵەی بەم شێوازە لەناوچووە دەخورێت؟**

- د. جۆن هونۆڤەر: مرداربوونەوەی ئاژەڵ بەم شێوازە زۆر لەوە دەچێت کە بەهۆی لێدان و بریندار بوونەوە دەمرن، و بگرە مەترسیدارتریشە، چونکە ئاژەڵ کە دەکەونە جەنگەوە بەزۆری بەهۆی شاخەکانییەوە زەفەر بەناوچەی سکی ئاژەڵەکەی بەرامبەری دەبات و بەتایبەتی ناوچەی ڕیخۆڵەکان، کەواتە شاخی ئەم ئاژەڵەی کە هەڵگری کۆمەڵێکی زۆر میکرۆبە تێکەڵ بە خوێنی ڕیخۆڵەکان دەبێت و بەهۆی سوڕی خوێنەوە ووردە ووردە ئاژەڵەکە لاواز دەبێت و دەمرێت، خواردنی گۆشتی ئەو ئاژەڵەی کە بەم شێوازە دەمرێت ترسناکیەکی گەورەی بۆ تەندروستی ئادەمیزاد هەیە.

**+ ئیعجاز: ئەگەر دڕندەیەک ڕاوی ئاژەڵێک بکات ئایا بەڕای بەڕێزتان گۆشتی ئەو ئاژەڵە دەخورێت کە بەو هۆیەوە مردبێت؟**

- د. جۆن هونۆڤەر: وەک زانراوە کەڵبەی دڕندەکان پڕە لە میکرۆب، کاتێک ئەم کەڵبانە دەچێنرێتە لەلاشەی هەر ئاژەڵێک بەئاسانی ئەو میکرۆبانە دەگوازرێنەوە بۆخوێنی نێچیرەکە، و بۆیە ووردە ووردە ئاژەڵەکە لاواز دەبێ و دەمرێت و دەبێتە کۆگایەک بۆ میکرۆبەکان.

**+ ئیعجاز: بەڕێزتان چی دەڵێن لەبارەی ئاژەڵێکەوە دووچاری یەکێک لەو ڕێگایانەی کە لە سەرەوە باسکران ببێت، بەڵام پێش ئەوەی گیان لەدەست بدات فریای چەقۆ بکەوێت؟**

- د. جۆن هونۆڤەر: بەهۆی سەربڕینەکەوە نەجاتمان دەبێت لەسەرچاوەی سەرەکی گواستنەوەی میکرۆبەکان کە خوێنە، و دوای ئەمە هیچ ڕێگایەک نامێنێت بۆ ئەوەی ئەم میکرۆبانە بگوازرێتەوە بۆ بەشەکانی لەش. چونکە ئەگەر پێش مردن فریای سەربڕین بکەوێت ئەوا هۆکاری سەرەکی گواستنەوەی میکرۆب نامێنێت، چونکە خوێن ئەو زیندە شلەیەیە لە لەشدا کە توانای بەرگری ملیۆنەها میکرۆبی هەیە مادەم خڕۆکە سپییەکان و دژەتەنەکان بەهۆ ژیانی ئاژەڵەکە و پلەی گەرمی ئاساییەوە لە ژیاندان، و ئەگەر ئاژەڵەکە بمرێت خوێن لە سوورەکەی خۆی دەوەستێت و هیچ بەرگرییەک بۆ میکرۆبەکان نامێنێت، کەواتە سەلامەتترین ڕێگا بریتییە لە ڕشتنی خوێنەکە بەتەواوەتی و ڕزگاربوون لێی بەزووترین کات.

**+ ئیعجاز: ئەگەر هەستاین بەسەربڕینی ئاژەڵێک و زوو خوێنبەرەکەیمان بڕی و خوێنەکەی لێ بڕوات، ئایا ئەو ئاژەڵە هەست بەئازار دەکات لەم کارەدا؟**

د. جۆن هونۆڤەر: وەڵامەکەی ئاسانە... پەستان بخەرە سەر ئێرەی هەر کەسێک لەبەردەمتابێت - دەستی ڕاکێشا بۆ جێی سەربڕینی ئاژەڵ - ئەبینیت دوای چەند چرکەیەک دەبووریتەوە، زانست دەریخستووە کە مەڵبەندە هەستیارەکان بەئازار لەکاردەکەون لەکاتێکدا ناردنی خوێن بۆی تەنها سێ چرکە دوابکەوێت، لەبەرئەوەی ئەو مەڵبەندە هەستەوارەیە پێویستی بە ئۆکسجین هەیە لەخوێندا بە بەردەوامی.

**+ ئیعجاز: هەموو ئەم نهێنییە پزیشکی و پەندە تەندروستییانە لە پەرە زێڕینەکانی پەراوە بەنرخەکەی خوای باڵادەستدا هەیە ئەو پەراوەی کە** ﴿ لَّا يَأْتِيهِ الْبَاطِلُ مِن بَيْنِ يَدَيْهِ وَلَا مِنْ خَلْفِهِ تَنزِيلٌ مِّنْ حَكِيمٍ حَمِيدٍ ﴿٤٢﴾ ﴾ فصلت، **کە هیچ کارێکی چاکە نییە ڕێگای پێشان نەدابێن و هیچ خراپەیەکیش نییە کە ئاگاداری نەکردبینەوە لێی.**

خوای گەورە ئەفەرموێت: ﴿ حُرِّمَتْ عَلَيْكُمُ الْمَيْتَةُ وَالدَّمُ وَلَحْمُ الْخِنزِيرِ وَمَا أُهِلَّ لِغَيْرِ اللَّهِ بِهِ وَالْمُنْخَنِقَةُ وَالْمَوْقُوذَةُ وَالْمُتَرَدِّيَةُ وَالنَّطِيحَةُ وَمَا أَكَلَ السَّبُعُ إِلَّا مَا ذَكَّيْتُمْ وَمَا ذُبِحَ عَلَى النُّصُبِ وَأَن تَسْتَقْسِمُوا بِالْأَزْلَامِ ذَٰلِكُمْ فِسْقٌ الْيَوْمَ يَئِسَ الَّذِينَ كَفَرُوا مِن دِينِكُمْ فَلَا تَخْشَوْهُمْ وَاخْشَوْنِ الْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ الْإِسْلَامَ دِينًا فَمَنِ اضْطُرَّ فِي مَخْمَصَةٍ غَيْرَ مُتَجَانِفٍ لِّإِثْمٍ فَإِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿٣﴾ ﴾ المائدة.

**سەرچاوە:** بابەتی (الدكتور جون هونوفر لارسن) كبير أطباء المستشفى الرسمي في كوبنهاجن يؤكد: ذبح الحيوان قبل موته ظمان لطهارة لحمه من الجراثيم والميكروبات)/ وەرگیراوە لە ئینتەرنێت لە سایتی (الهيئة العالمية للإعجاز العلمي في القرآن والسنة): www.eajaz.org



# ئیعجازی زانستی سەبارەت بە مانای (غیض الأرحام) لە قورئاندا

نووسینی: د. عبدالجواد الصاوي

وەرگێڕانی: د. هیوا شفیق نامق
Hiwashafiq5@yahoo.com

**کورتەی باس:**

لەم لێکۆڵینەوەیەدا باس لە ڕونکردنەوەی مانای (غیض الأرحام) لەلایەن زانایانی زمان و ڕاڤەکارانی قورئانی پیرۆزەوە دەکرێت، پاشان باس لە هاوتابوونی ئەم مانایە لەگەڵ زانستی کۆرپەلەزانی نوێدا دەکرێت، و لە کۆتاییدا لێکۆڵینەوەکە دەگاتە ئەوەی کە: (مانای (غیض الأرحام) بریتییە لە لەبارچوونی کۆرپەلە پێش دروست بوونی ئەندامەکانی) یاخود ئەو جۆرە کۆرپەلەیەیە کە هەر لە سەرەتای پەیدابوونیەوە لەناودەچێت و مناڵدانی دایک نایهێڵێت و وونی دەکات، هەروەک ئەو ئاوەی کە زەوی دەیخواتەوە و وونی دەکات.

ئەم مانایەش هاوئاهەنگە لەگەڵ لەبارچوونی خۆیی سەرەتایی کۆرپەلە (early spontaneous abortion) کاتێک کە منداڵدانی دایکەکە پاشماوەکەی فڕێ دەداتە دەرەوە، یاخود بەتەواوەتی لەناو منداڵدانی دایکەکە لەناودەچێت و وون دەبێت، هەروەها ئەم لێکۆڵینەوەیەش لایەنی ئیعجازی زانستی ئەو ڕاستییە ڕوون دەکاتەوە کە لەئایەتی: ﴿ٱللَّهُ يَعۡلَمُ مَا تَحۡمِلُ كُلُّ أُنثَىٰ وَمَا تَغِيضُ ٱلۡأَرۡحَامُ وَمَا تَزۡدَادُۚ وَكُلُّ شَيۡءٍ عِندَهُۥ بِمِقۡدَارٍ ٨﴾ الرعد، دا هاتووە.

**یەکەم:** ڕوونکردنەوەی مانای (غیض):

لە زمانەوانیدا، ووشەی (غیض) بەکاردەهێنرێ بەرامبەر کەمبوونەوە، نەمان، ڕۆیشتن و لەناوچوون، لە فەرهەنگەکانی زماندا دەووترێ: (غاض الماء غیضا) واتە: ئاوەکە کەمی کرد، یان کەمی کردووە و نەما، یان کەمی کرد و لەناو چوو، یاخود بەناو زەویدا ڕۆچوو و نەما، یان دەووترێ (غیض دمعه) واتە: فرمێسکەکەی کەمی کرد یان قەتیس بووە لەچاویدا ( المعجم الوسیط: ٢/٦٦٨).

لە (المفردات في غريب القرآن) دا هەردوو ڕستەی (و غيض الماء - و ما تغيض الأرحام)، واتە: ئەوەی کە منداڵدان دەیشێوێنێت و وەک ئەو ئاوەی لێدەکات کە زەوی دەیخواتەوە، ووشەی (الغيضة) واتە ئەو شوێنەی کە ئاوی تێدا دەوەستێ و دوایش دەچێ بەناو زەویدا.(المفردات في غريب القرآن - ص٣٦٨).

لە دوو شوێن لە قورئاندا ووشەی (الغيض) هاتووە: یەکەمیان ئەوەی سورەتی (رعد)ە کە پێشتر باسکرا، دووەمیشیان لەئایەتی: ﴿وَقِيلَ يَٰٓأَرۡضُ ٱبۡلَعِي مَآءَكِ وَيَٰسَمَآءُ أَقۡلِعِي وَغِيضَ ٱلۡمَآءُ وَقُضِيَ ٱلۡأَمۡرُ وَٱسۡتَوَتۡ عَلَى ٱلۡجُودِيِّۖ وَقِيلَ بُعۡدٗا لِّلۡقَوۡمِ ٱلظَّٰلِمِينَ ٤٤﴾ هود، بەپێی یاسای ڕاڤەکردنی قورئان بە قورئان، ووشەی (غیض)ی ئایەتەکەی سورەتی (رعد) ڕاڤەدەکرێ بە ووشەی (الغيض) کە لەسورەتی (هود)دا هاتووە، لە سورەتی (هود)دا ووشەی (غیض) بەمانای: وونبوون، ڕۆیشتن، و نەمان هاتووە. ئیمامی (ابن الجوزي) دەڵێت: کە (الزجاج) دەڵێت (غاض الماء) واتە ئاوەکە بەناو زەویدا وونبوو.

ڕاڤەکردنی زانایانی تەفسیر بۆ ووشەی (غیض الأرحام) لە دوو تەوەرەدایە:

یەکەمیان: ئەو خوێنەی کە لە دامێنی ئافرەتی دووگیاندا دێتە خوارەوە.

**دووەمیان:** بەواتای لەبارچوون یان لەبارچوونی ناتەواو، یان ئەوەی کە منداڵدان دەیشێوێنێت و وەک ئەو ئاوەی لێدەکات کە زەوی دەیخواتەوە.

## ١- (غیض) بەمانای لەبارچوون:

زانایان (ابن عباس و قتادە) دەفەرموون: (وَمَا تَغِيضُ ٱلۡأَرۡحَامُ) واتە لەبارچوون، و (وَمَا تَزۡدَادُ) واتە ئەوەی کە منداڵدان زیادی دەکات لە سکپڕی دوای کەمبوون تا بەتەواوی لەدایک دەبێت.

و (الضحاك) دەڵێت: (وَمَا تَغِيضُ ٱلۡأَرۡحَامُ) ئەوەیە کە دایکەکە منداڵەکەی لەبارچێت، (وَمَا تَزۡدَادُ) بەماوەی تەواوی سک پڕیدا تێدەپەڕێ و لەدایک دەبێ , ئیمامی (الحسن) دەفەرموێ (الغيض): ئەو کۆرپەلەیە کە لەباردەچێ و ناگاتە کاتی تەواوی خۆی، و (الإزدياد) مناڵێکی تەواو و پێگەیشتوو ئەگەیەنێت، هەروەها دەڵێ: (وَمَا تَغِيضُ ٱلۡأَرۡحَامُ) ئەو کۆرپەلەیەی کە لەباردەچێ، (وماتزداد) ئەوەیە کە دایکەکە لەماوەی ٩ مانگدا مناڵەکەی دەبێت.

خاوەنی تەفسیری (المنار) دەڵێت: (وَمَا تَغِيضُ ٱلۡأَرۡحَامُ) ئەوەی کە منداڵدان لەناوی دەبات لە دوای قۆناغی هەڵواسراوەییەوە.

(عبدالرحمن بن ناصر السعدي) دەڵێت: (وَمَا تَغِيضُ ٱلۡأَرۡحَامُ) واتە لێکەمکردنەوەی منداڵدان بۆ ئەوەی کە لەناویدایە، یان بەلەباربردن یاخود بە شیکردنەوە و لەناوبردنی، و (وماتزداد الارحام) واتە: ئەو کاتەی کە کۆرپەلە گەورە دەبێت و گەشە دەکات لەناویدا.

## ٢- (الغيض) بەمانای هاتنە خوارەوەی خوێنە لە دامێنی دایکی دووگیانەوە:

(ابو حیان) جەخت لەسەر ئەم مانایەی ووشەی (غیض) دەکاتەوە و دەڵێت: (کۆڕای ڕاڤەکاران دەڵێن کە (غيض الرحم) واتە خوێن هاتنە خوارەوە لەکاتی دووگیانیدا، مجاهد دەڵێت: (وَمَا تَغِيضُ ٱلۡأَرۡحَامُ): ئەو خوێنەیە کە دایک لەکاتی دووگیانیدا دەیبینێت، و کەم بوونەوە و زیادبوونی منداڵدانی بەستووەتەوە بەم خوێنەوە، واتە منداڵدان کەم دەکات بەهاتنە خوارەوەی ئەم خوێنە لە کۆرپەلەوە، و زیاد دەکات ئەگەر بەسەر (٩ مانگدا) تێپەڕی، (سعید بن جبیر) لە هەندێک لە ووتەکانیدا سروشتی ئەم خوێنەی دیاری کردووە و دەڵێت (الغيض) بریتییە لە بێنوێژ بوونی دایک بەسەر منداڵەکەیەوە.

کۆڕای زانایان بۆ ووشەی (غیض) بریتییە لە لەبارچوون:

ئەو خوێنەی کە لە ئافرەتی دوگیانەوە دێتە خوارەوە لەسەرتای دووگیانیدا بریتییە لە یەکێک لەم (٥) حاڵەتەی خوارەوە:

یەکەم/ ئەو خوێنەی کە بەهۆی چاندنی کۆرپەلە بەدیواری منداڵدانەوە دێتە خوارەوە.

دووەم/ ئەو خوێنەی کە پێش لەبارچوون دێتە خوارەوە کە پێی دەوترێ (لەبارچوونی هەڕەشەکەر).

سێیەم/ ئەو خوێنەی کە لەگەڵ لەبارچوونی خۆیی کۆرپەلەی سەرەتاییدا ڕوودەدات (الاسقاط التلقائي للجنين المبكر) کە ئەمەش لای ئافرەتان هەندێ جار لەگەڵ سووڕی بێ نوێژیدا تێکەڵاو دەبێت.

چوارەم/ ئەو خوێنەی کە لەگەڵ گەندە سکپڕبووندا ڕوودەدات (الحمل الكاذب).

پێنجەم/ ئەو خوێنەی کە لە حاڵەتی دووانەی ناتەواودا ڕووئەدات بەشێوەیەک کە یەکێکیان لەناو دەچێت و ئەوی دیکەیان دەگاتە لەدایکبوونی ئاسایی.

هەر بۆیە ئەو خوێنەی کە دایکەکە دەیبینێت لەگەڵ مانەوەی سکەکەیدا بەخوێنی بێنوێژی ناژمێردرێت، بەڵکو کاردەکاتە سەر تەمەنی کۆرپەلە و کێشەکەشی، بۆیە دەبینین کە بەشێوەیەکی گشتی ئەو کۆرپەلەیەی کە حاڵەتی لەبارچوونی هەڕەشەکەری بەسەردا دێت پێش (٩) مانگ لەدایک دەبێ، یاخود کێشی تەواو نابێت لەکاتی لەدایک بووندا، بۆیە بەم شێوەیە هەر بۆچوونێک کە لاوازبوونی کۆرپەلە یان زیادبوونی تەمەنی لە (٩) مانگ زیاتر دەبەستێتەوە بەو خوێنەی کە لەدامێنی دووگیانەوە دێت، ئەوا بۆچوونێکی ناتەواوە و بەڵگەی زانستی لەسەر نییە.

لەسەر ئەم بناغەیەش دەتوانین بڵێین کە پێناسەکردنی هەندێک لە زانایانی پێشین بۆ ووشەی (الغیض) بەوەی کە ئەو خوێنە بێت کە ئافرەتی دووگیان دەیبینێت ئەوا زیاتر پەیوەندی هەیە بە لەبارچوونەوە، بەڵکو بەشێکە لە حاڵەتی لەبارچوون چونکە زۆربەی کات خوێن لە پێش، یان لە کاتی لەبارچووندا دێتە خوارەوە، بۆیە بەم شێوەیە دەڵێین کە ڕاڤەکردنی مانای (غیض) بەرامبەر لەبارچوون، ڕای کۆی زانایانە.

## ئایا (غیض) لەبارچوون بە ڕەهایی یاخود لەبارچوونی سەرەتایی دەگەیەنێ؟

ئەو ماوەیەی کە تیایدا لەبارچوونی خۆیی مانای ووشەی (غیض) دەگەیەنێ کە لەقورئاندا هاتووە، دەکەوێتە ماوەی دروست بوونی ئەندامەکانی لەشی کۆرپەلەوە، کە ئەمەش لە پێگەیشتنی هەردوو ئاوی دایک و باوکەوە دەست پێدەکات، بەهەردوو قۆناغی هەڵواسراوە و بە قۆناغی گۆشتپارەدا تێدەپەڕێ تا ئەو کاتەی ڕۆح دەکرێ بەبەری کۆرپەلەکەدا.

بەڵگەش لەسەر ئەوە پرسیاری فریشتەی سپێردراوە بە منداڵانی دایک کە پرسیار دەکات لە خوای گەورە لەبارەی داهاتوو و چارەنووسی هەر قۆناغێک لە قۆناغەکانی کۆرپەلە کە ئایا هەریەک لە قۆناغەکان دروست دەبێ یان نا؟.

ئیمامی (بوخاری و موسلیم) لە (ئەنەسی کوڕی مالیک)ەوە دەگێڕنەوە کە پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی: (خوای گەورە فریشتەیەکی سپاردووە بە منداڵدانی دایک، و دەپرسێ لە خوای گەورە کە ئایا ئەم کۆرپەلەیە دەگاتە قۆناغی هەڵواسراو؟ دەگاتە قۆناغی گۆشتپارە؟ کە لەم قۆناغەدا کۆرپەلەکە وەکو پارچە گۆشتێکی جووراو دەردەکەوێ لەناو سکی دایکیدا؟ پاشان ئەگەر خودا وویستی لەسەر ئەم قۆناغانە بێت، دوایی دەپرسێ ئایا نێردەبێ یان مێ؟ خۆشبەخت دەبێ یان بەدبەخت؟ و ئایا ڕزقی چەند دەبێت؟ و ئایا تەمەنی چەند دەبێ؟ بەم شێوەیە ئەم نهێنیانە هەمووی لەناوسکی دایکیدا دیاریدەکرێ.

هەریەک لە پرسیارەکانی فریشتەکە سەبارەت بەو قۆناغانە بریتییە لە پرسیار سەبارەت بەئەنجامی ئەم قۆناغانە کە ئایا کۆرپەلە دەیگاتێ یان نا؟ و ئایا منداڵدانی دایک دەیخواتەوە یان نا؟.

لەوانەیە هەر لەسەرەتاوە فریشتەکە پرسیارێکی گشتگیر بکات، ئایا ئەم دڵۆپە ئاوە ئەندامەکانی لێ دروست دەبێ یان نا؟ ئەگەر دروست بوو ئەوا پرسیاری سیفەتەکانی لێدەکات، ئەگەر ئەندامەکانی دروست نەبوون ئەوا منداڵدانی دایک هەر لە قۆناغی خوێنپارەییدا دەیخواتەوە، ئەمەش بەپێی ئەو فەرموودە بەرزکراوەیە کە ( ابن جرير) دەیگێڕێتەوە لە (ابن مسعود)ەوە کە دەفەرموێ: (هەرکاتێ کە دڵۆپە ئاوەکە (کە لە دایک و باوکەوە هاتووە) گەیشتە ناو منداڵدان، خوای گەورە فریشتەیەک دەنێرێت، پاشان ئەویش دەپرسێ ئایا خوایە ئەندامەکانی لێ دروست دەکرێ یان نا؟ ئەگەر دروست نابێت ئەوا منداڵدان دەیخواتەوە و نایهێڵێت، وە ئەگەر فەرمووی بەڵێ، دروست دەبێ، ئەوا دەپرسێ نێر دەبێ یاخود مێ؟ ڕۆزی چەند دەبێ کەی دەمرێ؟ خۆشبەخت دەبێ یان بەدبەخت؟ و ئەوکاتەش بە فریشتەکە دەووترێ کە بچێت وێنەی سیفەتەکانی ئەم کۆرپەلەیە لە (أم الكتاب)وە کە لە (لوح المحفوظ)دایە وەربگرێ و تا دواهەمین سیفەتەکانی بۆ دیاری بکات.

ئەم فەرموودەیەش بەڕوونی ئاماژە دەکات بەماوەی ڕوودانی (الغیض) یاخود لەبارچوونی خۆیی کە دەکەوێتە ماوەی دروست بوونی ئەندامەکانی کۆرپەلەکە، ئەمەش لە ٦ هەفتەی یەکەمدا ڕوودەدات.

## لەبارچوون چییە و چی دەگەیەنێ لە زانستی کۆرپەلەزانی نوێدا؟

دەتوانین بڵێین کە ئەو لەبارچوونەی ڕاڤەی ووشەی (غیض) دەکات و زانایانی تەفسیر و زمان مەبەستیانە بریتییە لەو کۆرپەلەیەی کە لەسکی دایکیدا لەباردەچێت پێش ئەوەی ئەندامەکانی لەشی دروست بێ، یان ئەو کۆرپەلەیەیە کە لەناو منداڵدانی دایکدا دەمرێ، پاشان شی دەبێتەوە و لەناو دەچێ و پاشماوەی دیارنامێنێت لەناو منداڵداندا، و ئەو پێناسەیەش بەسەریدا جێبەجێ دەبێت کە منداڵدان دەیخواتەوە هەروەکو چۆن زەوی ئاو دەخواتەوە.

لێرەدا دەپرسین: ئایا ئەم مانایە یەکدەگرێتەوە لەگەڵ پێناسەی کۆرپەلەزانی نوێدا؟

دەڵێین: بەڵێ بە دڵنیاییەوە، چونکە کۆرپەلە کاتێ لە هەشت حەفتەی یەکەمدا لەناودەچێ ئەوا یان دەکرێتە دەرەوەی منداڵدان، و یان شیدەبێتەوە و بەتەواوەتی لەناو منداڵدانی دایکدا دیارنامێنێت، زانایانی کۆرپەلە زانی بە هەردوو ئەم شێوەیە دەڵێن: لەبارچوونی خۆیی سەرەتایی، و ئەمەش بە تەواوی یەکدەگرێتەوە لەگەڵ پێناسەی زانایانی زمانەوانی و تەفسیر بۆ ووشەی (غیض)، بۆیە دەتوانین بڵێین کە (غيض الأرحام) بریتییە لە لەبارچوونی خۆیی کۆرپەلەی سەرەتایی.

## دووەم: ڕوونکردنەوەی لایەنی زانستی باسەکە:

١) لەبارچوونی خۆیی سەرەتایی چییە (Spontaneous Abortion)؟

ئەو جۆرە لەبارچوونەیە کە تیایدا کۆرپەلە لە خۆییەوە لەباردەچێت پێش ئەوەی تەمەنی بگاتە (٢٠ هەفتە) لەناوسکی دایکیدا، یان کاتێ کە کێشی دەگاتە کەمتر لە ٥٠٠ گم، زۆربەی حاڵەتەکانی لەبارچوونی خۆیی لەماوەی ٨ هەفتەی یەکەمدا ڕوودەدات، لەم کاتەشدا پێی دەوترێ لەبارچوونی خۆیی سەرەتایی. کە حاڵەتێکی بڵاوە و ڕێژەی ڕوودانی زۆرە، و زۆربەی جار ڕوودەدات بێ ئەوەی دایکەکە بزانێ سکی هەیە. زۆرکاتیش ئەو ئافرەتەی کە سووڕی بێنوێژی هەفتەیەک یان دووهەفتە دوا دەکەوێت، یاخود لە سووڕەکەیدا خوێنێکی زۆری نائاسایی هەبێت ئەوا بەحاڵەتی لەبارچوونی خۆیی سەرەتایی دادەنرێت، ڕێژەی ئەم جۆرە لەبارچوونەش زۆر بەرزە بەتایبەت پێش ٤ هەفتەی یەکەمی سک پڕبووندا کە دەگاتە نزیکەی ٤٠٪.

هەندێک لە لێکۆڵینەوەران هەستاون بە کۆمەڵێک تاقیکردنەوە بۆ دیاری کردنی ڕێژەی لەبارچوونی کۆرپەلە لە ماوەی هەرە سەرەتای سکپڕیدا.

لە ساڵی (١٩٨٢)دا ئیدمۆندز و هاوڕێکانی هەستان بەتاقیکردنەوەی سکپڕی بۆ دۆزینەوەی هۆرمۆنی سکپڕی لە (میز)ی ١٩٨ ئافرەتی تەواو گونجاو بۆ سکپڕبوون، لەم کاتەدا ١١٨ ئافرەتیان بینرا کە سکیان هەیە، بەڵام هەر لەسەرەتای دووگیانیدا ٦٧ ئافرەتیان سکەکەیان لەدەستدا بێ ئەوەی بزانن کە سکپڕبوون، ئەم ڕێژەیەش یەکسانە بە ٦٠٪ی ئافرەتەکان، لە کۆمەڵێک لەو لەبارچووە سەرەتاییانەدا کۆرپەلەکە نەبینراوە، واتە کۆرپەلەکە شیبۆتەوە و لەناومناڵداندا وونبووە، ئەگەر لەناو کیسی کۆریەلەدا کۆرپەلە نەبینرێت ئەوا پێی دەووترێت کیسی کۆرپەلەی بەتاڵ، ئەم حاڵەتەش زۆر بڵاوە لەو دیاردانەدا کە پێی دەوترێ دیاردەی دووانەی ناتەواو کە یەکێک لە کیسەکانی کۆرپەلە بەتاڵ دەبێ و ئەوی دیکەیان کۆرپەلەی تیادایە.

هەندێک جار پاشماوەی سکەکە سەربەخۆ ناکەوێتە خوارەوە لە دامێنی دایکەکەوە، بەڵکو ماوەیەکی زۆر لەناو مناڵداندا دەمێنێتەوە و پێی دەووترێ لەبارچوونی شارراوە (missed abortion)، لەم کاتەشدا قەبارەی مناڵدان دەگۆڕێ و بچووکتر دەبێتەوە بەهۆی مژینی شلەی ئەمنیۆنی و ڕوودانی شیبوونەوەی لەشی کۆرپەلەکە، زۆربەی زۆری ئەم جۆرە لەبارچوونە چارەنووسەکەی بریتییە لە لەبارچوونی خۆیی کە تیایدا پاشماوەی سکەکە دەکەوێتە خوارەوە، بەڵام هەندێ جار کۆرپەلە دەپوکێتەوە و دیارنامێنێت لەناو کیسی کۆرپەلەدا.

سەرچاوە پزیشکییەکان دەڵێن هێشتا وەڵامی ئەمە ڕوون نییە کە بۆچی هەندێ کۆرپەلە لەدوای مردنی دەکەوێتە خوارەوە بەڵام هەندێکی دیکەیان ناکەوێتـە خوارەوە؟

٢) بەڵگەی زانستی لەسەر ئەوەی کە مەبەست لەم لەبارچوونە لەبارچوونی سەرەتاییە:

بەڵگەی یەکەم: ووشەی (الغیض) لەئایەتەکەدا پێش ووشەی (الزيادة) هاتووە، (وما تغيض الأرحام وما تزداد)، ئایەتە پیرۆزەکە ووشەی (الزيادة) لەدوای ووشەی (الغیض)ەوە باسکردووە، و لەڕووی زانستەوە ئەمەش زانراوە کە لەماوەی هەشت هەفتەی یەکەمی کۆرپەلەدا قەبارەی منداڵدان بەشێوەیەکی بەرچاو زیاد ناکات، و ئەو گۆڕانکاریانەش کەبەسەریدا دێت تەنها گۆڕانێکی فسیۆلۆجی‌یە لە شانەکانیدا و بەهۆی هۆرمۆنەکانی سکپڕبونەوە ڕوودەدات، بەڵام زیادبوونی ڕاستەقینە لەقەبارەی منداڵداندا لە دوای قۆناغی دروست بوونی‌ئەندامەکانەوە ڕوودەدات لەسەرەتای هەفتەی نۆهەمدا.

کە ئەمەش پەیوەندی هەیە بە گەشەی کۆرپەلەکەوە و بەردەوامیش دەبێ تا کۆتایی دووگیانیی.

بەڵگەی دووەم: کۆرپەلە ناپوکێتەوە و لەناوناچێت تەنها لە قۆناغی دروست بوونی ئەندامەکانی‌دا نەبێ، شێوەیەک دۆزراوەتەوە کە کۆرپەلەی پووکاوە پاشماوەکەی لەناو منداڵداندا وون نابێت تەنها لەماوەی دروست بوونی ئەندامەکانی‌دا نەبێت (مرحله التخليق)، سەرچاوەیەکی پزیشکی دەڵێ: ئەوەی کە جێگای سەرنجە ئەوەیە کە مردنی کۆرپەلە و پاشان پوکانەوە و شیبوونەوە و هەڵمژینەوەی لەلایەن منداڵدانەوە ڕوونادات تەنها لە ٣ هەفتەی یەکەمدا نەبێت، و تاکۆتایی‌یەکەی (واتە دوومانگ و نیو دوای پیتاندن)، سەرچاوەیەکی پزیشکی دی دەڵێ: کاتێ کە گەشەی کۆرپەلە لەماوەی ٣ مانگی یەکەمدا توشی وەستان دەبێت، ئەوا تووشی شیبوونەوە و هەڵمژین دەبێ لەلایەن منداڵدانەوە (جاینیکۆس ١٩٨٨).

بەڵام ئەگەر کۆرپەلە لە ماوەی ٣ مانگی داهاتوودا بمرێت، ئەو کاتە شینابێتەوە و وون نابێت لەناو منداڵداندا، بەڵکو دەپەستێورێت و دەچێتەوەیەک  تاکو وەکو وەرەقە تەنک دەبێتەوە، و پێی دوترێت (کۆرپەلەی وەرەقەیی) و بەو پێیەش کە مەبەست لە (غیض) یەکێ لەم دوومانایە دەگرێتەوە: یان لەباربردنی کۆرپەلە بۆ دەرەوەی مناڵدان، و یان ئەو کۆرپەلەیەی کە شیدەبێتەوە و ووندەبێ لەناو منداڵداندا، هەربۆیە ناکرێ کە مەبەست لە ووشەی (الغیض) بریتی بێت لە لەبارچوونی کۆرپەلە لەهەر قۆناغێکدا، بەڵکو تەنها ئەو لەبارچوونە دەگرێتەوە کە لە قۆناغی درووست بوونی ئەندامەکاندا ڕوودەدات، لەژێر ڕۆشنایی ئەم ڕاستییانەدا ئەوە جێگیر دەبێت کە لەبارچوونی خۆیی سەرەتایی هەردوو کۆرپەلەی هاتە خوارەوە لە منداڵدانەوە دەگرێتەوە، لەگەڵ ئەوەشیان کە نایەتە خوارەوە بەڵکو شیدەبێـەوە و نامێنێت لەناو منداڵداندا.

**سێیەم: هاومانابوونی مانای (الغیض) لەگەڵ لەبارچوونی خۆیی سەرەتاییدا:**

بەڵگە زمانەوانییەکانی مانای ووشەی (غیض) هاوتایە لەگەڵ دیاردەی لەبارچوونی خۆیی سەرەتایی بەهەردوو جۆرەکەیەوە بەپێی زاراوەی پزیشکی، کە ئەو کۆرپەلەیە دەگرێتەوە کە منداڵدان فڕێی دەداتە دەرەوە لەگەڵ ئەوەش کە لەناو منداڵداندا شی دەبێتەوە.

کەواتە ئەو واتایەیکە ووشەی (الغیض) دەیبەخشێ لەبارەی شیبوونەوە و نەمانی کۆرپەلە، هاوتایە لەگەڵ ئەو ڕووداوانەی کە بەسەر هەندێ لە کۆرپەلەدا دێت، بەشێوەیەک هیچ پاشماوەیەک لە کۆرپەلە لەناو منداڵداندا نامێنێتەوە، وەک ئەم نموونانەی لای خوارەوە:

ا) حاڵەتی هێلکەی تێکچوو (Blighted ova) یاخود کیسی کۆرپەلەی بەتاڵ: لەم حاڵەتەدا کۆرپەلە شیدەبێتەوە و پێکهاتەکانیشی هەڵدەوەرێت، و هیچ پاشماوەیەکی لەناو منداڵداندا نامێنێ، ئەم حاڵەتەش نزیکەی نیوەی حاڵەتەکانی لەبارچوونی خۆیی سەرەتایی دەنوێنێ، لە لێکۆڵینەوەیەکیشدا کە (هیرتج و شیلدۆن) پێی هەستاوون لەسەر هەزار حاڵەتی لەبارچوونی خۆیی لە ساڵی (١٩٤٣)دا بینیان کە بە ڕێژەی ٤٩٪ حاڵەتەکان تیایدا کۆرپەلەکە شیدەبێتەوە، و بەتەواوەتی ووندەبێت، لەپاش دۆزینەوەی ئامێری سۆنەر و بەکارهێنانی لەهەڵسەنگاندنی باری تەندروستی ئافرەتی دووگیاندا، دڵنیا بوونەوە لە پووکانەوە و لەناوچوونی کۆرپەلە لەناو منداڵداندا کە بەم حاڵەش دەووترێ کیسی کۆرپەلەی بەتاڵ.

ب) حاڵەتەکانی دووانەی ناتەواو: هەندێ لە لێکۆڵینەوە نوێکان زۆری ڕوودانی ئەم حاڵەتەیان دووپات کردەوە، کە دەگاتە ٥٠٪ی دووانە سکپڕبوون، یەکێک لە سەرچاوە پزیشکیەکان دەڵێت: یەکێک لە دووانەکە شیدەبێتەوە و ووندەبێت بەتەواوەتی لەناو منداڵداندا ئەمەش لەسەرەتای ماوەی سکپڕیدا، ئەمەش لە ڕێگای بەکارهێنانی سۆنەرەوە دۆزراوەتەوە، بەشێوەیەک کە بینراوە تەنها یەکێک لە دوو کۆرپەلەکە دەردەکەوێت و لە تەنیشتی‌یەوە کیسێکی بچووک هەیە و ماددەیەکی چڕی تێدایە کە بەڵگەیە لەسەر مردنی یەکێک لە کۆرپەلەکان، لە ماوەی (٤ـ٦) هەفتەدا ئەم کیسەش بەتەواوی دیارنامێنێ.

هەروەها هەندێ جار لە سکپڕبوونی فرە کۆرپەلەدا، دەبینرێ کە چەند کیسێک هەیە بەڵام تەنها یەک کۆرپەلەی زیندووی تیایە ولەکاتی مناڵبوونیشدا تەنها یەک مناڵ لەدایک دەبێت، کیسە کۆرپەلەییەکانی دیکەش لەناو دەچن و منداڵدان هەڵیاندەمژێت، هەریەک لە (ڕۆبنسۆن و جانیس) لە ساڵی (١٩٧٧)دا بەهۆی دەزگای سۆنەرەوە چاودێری ٣٠ ئافرەتی دووگیانیان کرد کە هەریەکیان دووانە لەسکیاندا بوو، ئەمەش لەماوەی ٣ مانگی یەکەمدا کرا، ئەنجامەکان بەم شێوەیە بوون: (١٤) دایک دووانەیان بوو، (١١) یان تەنها یەک منداڵیان بوو، و ئەوانی دیکەیان بریتی بوون لە کیسی کۆرپەلەی بەتاڵ، و (٤)یشیان هیچیان بۆ لەدایک نەبوو، واتە کۆرپەلەکانیان لەناو چوون و منداڵدانیان هەڵیمژیبوون، (١) دایکیش هیچی بۆ لەدایک نەبوو بەڵام تووشی لەبارچوونی شارراوە بوو لەگەڵ بوونی کیسی کۆرپەلەی بەتاڵ.

ج) لەبارچوونی شارراوە: لەهەندێ باری لەبارچوونی شارراوەدا کۆرپەلەکە تێکدەچێت و ئەڕزێ و هیچ پاشماوەیەکی لەناو کیسی کۆرپەلەدا نامێنێ، لەم کاتەشدا کۆرپەلەکە سەبارەت بە منداڵدان وەک ئەو ئاوە وایە کە زەوی دەیخواتەوە. کە ئەمەش یەکێکە لە پێناسە زمانەوانییەکانی ووشەی (غیض).

بۆیە لەم حاڵەتانەدا پاشماوەی لەبارچوونەکە نابینرێ، و ناشتوانرێ بە ووردی وەسفی ئەم حاڵەتە بکرێ تەنها بە ووشەی (الغیض) نەبێت کە مانای پوکانەوە و شیبوونەوە و نەمانی تەواوەتی دەگەیەنێت.

٢) هەروەها ووشەی (الغیض) کە بەمانای پوکانەوە و نەمانی دێت: هاوتایە لەگەڵ ئەو حاڵەتەی کە بەسەر بۆشاییەکانی دەوری کۆرپەلە دێت کە پڕن لە شلەمەنی و ئاو، وەکو بۆشایی کۆریۆن و موولولە خوێنە کۆبووەکانی نێوان مەمیلەکان کەوا لە کۆرپەلەدەکات لەناوەندێکی شلدا بژی , و لەکاتی مردنی کۆرپەلەشدا دەردراوی هۆرمۆنی منداڵدان کەم دەبێتەوە لەگەڵ هەموو ئەو مولولە خوێن و شانە و ڕژێنەکانی دەوروبەری کۆرپەلە، بەشێوەیەک دەردانی ڕژێنەکان نامێنێت و موولولە خوێنەکان دەگیرێن و خوێنەکەی ناوەوە و نێوانیان دەیبەستێ، بەم شێوەیە ووشک دەبێتەوە و شێوە دەریا ئاوی‌یەکانی دیواری ناوەوەی منداڵدانیش کۆتایی پێدێت و نامێنێ، بۆیە بەم شێوەیە مانای (غیض) بۆ منداڵدان مانایەکی ڕاستەقینەی دەبێت.

٣) ووشەی (الغیص) مانای قەتیس بوون و کەم بوونەوە دەگرێتەوە: هەروەها ئەم مانایەی ووشەی (غیض)یش هاوتایە لەگەڵ ئەو حاڵەتەی کە بەسەر هەندێ لە کۆرپەلەدا دێت بەشێوەیەک کە دەمرێت، بەڵام ناکەوێتە خوارەوە بەڵکو لەناو دیواری منداڵداندا قەتیس دەمێنێ ـ هەندێ جاریش ماوەیەکی زۆر دەمێنێتەوە و دەڕزێ و شیدەبێتەوە ـ لەگەڵ ووشکبوونەوەی زۆربەی شلەکانی ناوەوەو دەرەوەی کۆرپەلە، پاشان منداڵدان دەچێتەوەیەک و کێش و قەبارەی کەم دەبێتەوە، هەروەکو چۆن ئەمەش بەسەر هەندێ حاڵەتی لەبارچوونی شارراوەدا دێت.

بەم شێوەیە زاراوەی (الغیض) جوانترین و ووردترین زاراوەیە لە جیاتی ووشەی لەبارچوون (السقط)، چونکە ووشەی (الغیض) هەردوو دیاردەکە ئەگرێتەوە: کە یەکەمیان ئەو کۆرپەلەیە دەگرێتەوە کە نامێنێ و پاشماوەکەشی ووندەبێت لەناو منداڵداندا، و دووەمیان ئەو کۆرپەلە دەگرێتەوە کە لەباردەچێ و منداڵدانیش فڕێی دەداتە دەرەوە و بەدوایدا خوێن دێت.

زانایانی ئیسلام ئەم ڕاستییە ڕادەگەیەنن پێش دۆزینەوەی ئامێرە نوێیەکان:

چەند سەدەیەک لەمەوبەر (ابن عطیەی ئەندەلوسی) ئاماژە دەکات بۆ کۆرپەلەی لەناوچوو لەناو منداڵداندا، و لە بەرامبەر مانای (الغیض)دا دەڵێت: بریتیە لە لەناوچوونی شتێک لەناو منداڵداندا و پاشان نەمانی، هەروەها خاوەنی کتێبی (المفردات في غريب القرآن) بەڕوونی وەسفی کردووە و دەڵێت (الغیض) ئەوەیە کە منداڵدان لەناوی دەبات و هەڵیدەمژێ هەروەک ئەو ئاوەی کە زەوی هەڵیدەمژێت. لەوەش سەیرتر ئەوەیە کە شێخی (السعدي) ڕاڤەی ووشەی (الغیض)ی بە هەردوو حاڵەتەکەیەوە کردووە، وەکو ئەوەی نوێترین سەرچاوەی زانستی لابێت لەبارەی چارەنووسی کۆرپەلەی مردوو لەناو منداڵدانی دایکدا.

دەڵێت: (وما تغيض الأرحام) واتە کەمکردنەوەی منداڵدان بۆ ئەوەی کە تیایدایە، ئیتر یان کۆرپەلەکە فڕێ دەدرێتە دەرەوە و لەباردەچێت، یاخود شی دەبێتەوە و دەڕزێ و وون دەبێت لەناو منداڵداندا.

**ئیعجازی زانستی لەسەر مانای (الغیض):**

بەکارهێنانی دەستەواژەی (غیض الأرحام) لەبەرامبەر لەبارچوونی خۆیی سەرەتایی بەهەردوو شێوەکەیەوە، واتە ڕزاندن و کەوتنە خوارەوەی کۆرپەلە لەگەڵ ئەو ڕووداوانەی کە بەدوایدا دێت لەبارەی کەم بوونەوەی بۆشایی‌یە شلەییەکان و ئەو موولوولە خوێنییانەی کە دەوری کۆرپەلەیان داوە، لەڕاستیدا ئیعجازێکی زانستی کۆرپەلەزانی ئاشکرایە، گەلی عەرەبیش سەرەڕای ئەوەی کە لەڕووی زمانەوانییەوە مانای (الغیض) دەزانن، بەڵام هەرگیز دەستەواژەی (غیض الأرحام)یان پێش دابەزینی قورئان بەکارنەهێناوە.

ئێستاش لەم سەردەمەدا زۆر بەدڵنیاییەوە ئەوە ڕوون بوەتەوە ـ لەگەڵ پێشکەوتنی زانستی کۆرپەلەزانیدا لەڕووی وەسفی و تاقیکاریدا ـ کە ووشەی (الغیض) زۆر بە ووردی بەکارهێنراوە بەرامبەر هەموو ئەو ڕووداوانەی کەبەسەر کۆرپەلەی مردوودا دێت لە قۆناغی دروست بوونی ئەندامەکاندا، کە هەندێکیان منداڵدان فڕێی دەداتە دەرەوە و پاشماوەکەشی لەدەرەوە دەبینرێ، و هەندێکی تریشیان شی دەبێتەوە و وون دەبێت و پاشماوەی نابینرێ، ئەوەشی بەسەردا جێگیر دەبێ کە منداڵدان هەڵی مژیوە وەکو چۆن زەوی ئاو هەڵدەمژێ، ئەم ڕاستییەش پێشتر نەزانراوە تەنها لەم سەدەیەدا نەبێت، پاش پێشکەوتنی دەزگای نوێ و تاقیکردنەوەی وورد، و بەووردیش دیارینەکراوە تەنها پاش بەکارهێنانی ئامێری سۆنەر نەبێت کە لەم دواییانەدا دۆزرایەوە.

بەم شێوەیە زانست ووردی و گشتگیری ئەم زاراوەیەی سەلماند، و پێشکەوتنی قورئانیش بەسەر زانستدا لەبارەی ئەم ئاماژە زانستیانەوە سەلمێنرا، چونکە زانستی سەردەم تەنها لە نیوەی دووەمی ئەم سەدەیەدا توانیویەتی ئەم ڕاستیانە بسەلمێنێ، ئەمەش ووتەی پیرۆزی خوای متعال بەراست دەخاتەوە کە دەفەرموێت:

﴿ إِنۡ هُوَ إِلَّا ذِكۡرٞ لِّلۡعَٰلَمِينَ ﴿٨٧﴾ وَلَتَعۡلَمُنَّ نَبَأَهُۥ بَعۡدَ حِينِۭ ﴿٨٨﴾ ﴾ ص.

**سەرچاوە:** بابەتی (الإعجاز العلمي للقرآن والسنة في دلالة: غيض الأرحام)/ نووسینی: د. عبدالجواد الصاوى/ وەرگیراوە لە ئینتەرنێت لە سایتی (الهيئة العالمية للإعجاز العلمي في القرآن والسنة): (www.eajaz.org).

# زانستی کۆرپەلەزانی لە قورئان و سوننەتدا

نووسین وئامادەکردنی: د. کاوە فرج سعدون/ پزیشکی پسپۆڕی هەناوی و سنگ
drkawa_sadoon@yahoo.com



لە ڕۆژانێکی وەکو ئەمڕۆی سەردەمی زانست و پێشکەوتندا جیهان پڕ بووە لە زۆر شتی دژبەیەک کە سەردەمی ئەمڕۆمانی زۆر ئاڵۆز کردووە لەوانە: ئیمان و بێباوەڕی، چاک و خراپ، خۆشگوزەرانی و دەردەسەری و..........هتد.

مرۆڤایەتی لە گێژاوی ماددە و ئارەزووەکاندا نوقم بووە و زانستیش لە زۆرلایەندا بووە بە هۆکارێکی بەدەست هێنانی سوودە تایبەتی‌یەکان، بەم هۆیانەوە مرۆڤایەتی لە تاریکایی و زوڵمدا ژیان دەگوزەرێنێت و دڵەکانیش ماددە داگیری‌کردووە و لە ئیمان خاڵی بووە کە بنەڕەتی دادپەروەری و بەزەیی و برایەتی و خۆشگوزەرانی‌یە.

لەڕاستی‌دا مرۆڤایەتی لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا لە گیروگرفتدا دەژی کە ئەم گیروگرفتە بەپلەی یەکەم ئابووریی نی‌یە چونکە مرۆڤ ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ژیانی بەرەوباشتر دەچێت و هەژاری قەڵاچۆ دەکرێت، لەلایەکی تریشەوە خۆشگوزەرانی ماددی زۆرێک لە گەلانی سەرزەوی گرتووەتەوە (بۆنموونە وڵاتانی ئەسکەندەناڤی لەو گەلانەن کە لەو خۆشگوزەرانی‌یەدان و ژیانێکی دابینکراویان هەیە لە هەموو لایەنەکانەوە بەڵام لەهەمان کاتیشدا یەکێک لە بەرزترین ڕێژەکانی خۆکوشتنیش لەجیهاندا هەر لەو وڵاتانەدایە!!)، هەروەها ئەم گیروگرفتە لە بەڕێوەبردنی کاروباری ژیانی ڕۆژانەدا نی‌یە کە دەبینین ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لەم بوارانەدا بەردەوام هەنگاوی گەورە دەنرێت و ئێستا سەردەمی کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت و ژیری دەستکردە.

مرۆڤایەتی بەدوای لەناوبردنی خۆی‌دا دەگەڕێت کە بەردەوام بواری چەکسازی و خۆپڕچەک کردن بەرەوپێش دەچێت و ئێستا چەندین جۆر چەکی کۆمەڵکوژ دۆزراونەتەوە لەوانە: چەکی ئەتۆمی و هایدرۆجینی و نیوترۆنی و بایۆلۆژی و ...هتد، کە هەرئەوەندە بەسە بڵێین کە ئەو چەکە ئەتۆمی‌یانەی دەوڵەتە زلهێزەکانی دونیا ئێستا لەژێر دەستیاندایە بەشی لەناوبردنی ٢٠ هێندی هەموو دانیشتووانی سەرزەوی دەکات.

ئەو گیروگرفتەی ئەمڕۆ مرۆڤایەتی تێیدا دەژی گیروگرفتی وویژدان و دەروونە، مرۆڤ لەگەڵ ئەم هەموو پێشکەوتنانەدا کێشە دەروونی‌یەکان تەنگیان پێ‌هەڵچنیوە و چێژی بەختەوەری نەکردووە، دەبینین زۆرێک لە زانایانی ناسراوی ڕۆژئاوا بەتایبەتی هەستیان بەم ڕاستی‌یە کردووە، وەک زانای بەناوبانگ (د.الكسيس كاريل)ی فەرەنسی لە کتێبی (الأنسان ذلك المجهول)دا داوای گۆڕینی شارستانی‌یەتی ئەمڕۆ دەکات و دەڵێت دەبێت بیرێکی نوێ لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا بێتەپێشەوە کە هەموو لایەنەکانی جەستەیی و دەروونی مرۆڤ هاوسەنگ و جێبەجێ بکات، کە بێگومان تەنها لە گەڕانەوەی مرۆڤ بۆلای پەروەردگار و بەرنامە پیرۆزەکەی‌دا ئەم مەبەستانەی دێنەدی.

مرۆڤ لەمڕۆماندا زۆر لە دروستکار و پەروەردگاری دوورکەوتووەتەوە کە بووەتە هۆی لەدەستدانی مرۆڤ بۆگرنگی و بەرزی پلەوپایەکەی لە ژیاندا و تووشبوونی بەو گیروگرفتانەی کە بەدەستی‌یەوە دەناڵێنێت، کە تەنها بەگەڕانەوەی مرۆڤ بۆلای پەروەردگاری گیروگرفتەکانی چارەسەردەبن و بەختەوەریی بەدەست دەهێنێت، چونکە بێگومان ئەو خاوەن دەسەڵاتەی بەوشێوە وورد و سەرسوڕهێنەرە مرۆڤی دروستکردووە زۆر لە مرۆڤ شارەزاتر و

بەتواناترە بۆ زانینی هەموو پێویستییە جەستەیی و دەروونییەکانی و دابینکردنیان لەهەموو رووەکانەوە.

بەمەبەستی دابین کردن و تێرکردنی هەموو ئەم پێویستییانە لەدێر زەمانەوە پەروەردگار لەلایەن خۆیەوە پەیامی ئاسمانی بە پەیامبەرە بەڕێزەکانیدا بۆ ئینسانەکان ناردووە و هەمیشە وویستوویەتی مرۆڤەکان لە گێژاوی کوفر و نەفامی و زوڵم و ستەم و یەکتری پەرستییەوە دەرچن بۆ رووناکی یەکتاپەرستی دروستکەرەکەیان و بەرچاوڕوونی بەپەیامە پیرۆزە ئاسمانییەکان، کە بێگومان بۆ سەلماندنی راستی پەیامەکان و ناردنی ئەو پێغەمبەرانە چەندین بەڵگەی روونی پێداون کە پێیان دەووترێت (موعجیزات) کە لەگەڵ شتەباوەکانی سەردەمی ئەو پێغەمبەرانەدا گونجاوە بەڵام بەدەربووە لەتوانای مرۆڤەکان و لەبەردەمیدا دەستەوسان بوون، بێباوەڕانی پێدەمکوت بوون و ئیماندارانی پێباوەڕ پتەوتربوون.

ڕۆژگارەکان هاتن و چوون و پەیامە ئاسمانییەکان گەیشتنە کۆتایین پەیام کە ئیسلامی پیرۆزە و کۆتایین پێغەمبەریش لەلایەن پەروەردگارەوە کە محمدە (ﷺ) بۆ مرۆڤەکان نێردرا، بەڵگەی پێغەمبەرایەتی محمد (ﷺ) موعجیزەیەکە کە تا کۆتایی ژیان لەسەر زەوی‌دا بە زیندوویی و ناوازەیی دەمێنێتەوەو هەمیشە مرۆڤەکان سەرسام و دەستەوسان دەکات، کە ئەویش کتێبی پەروەردگار (قورئان)ی پیرۆزە، کە بە تێپەڕبوونی ڕۆژەکان مرۆڤەکان دەگەنە راستی و بەڵگەی نوێ لەسەر موعجیزەی قورئان کە ئەمەش سەلمێنەری ئەو راستییە قورئانییەیە کە دەفەرموێت: ﴿سَنُرِيهِمْ آيَاتِنَا فِي الْآفَاقِ وَفِي أَنفُسِهِمْ حَتَّىٰ يَتَبَيَّنَ لَهُمْ أَنَّهُ الْحَقُّ ۗ أَوَلَمْ يَكْفِ بِرَبِّكَ أَنَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ شَهِيدٌ ﴿٥٣﴾﴾ فصلت، واتە : ئێمە لە پاشەڕۆژدا نیشانی خەڵکی دەدەین بەڵگەکانمان لە ئاسۆکان و لەلاشەی خۆشیاندا بۆ ئەوەی کە بۆیان دەربکەوێت کە ئەم کتێبەی پەروەردگار (قورئانی پیرۆز) هەق و راستییە.

بەردەوام قورئانی پیرۆز موعجیزە و بەڵگەیەکی ڕۆشن و زیندووە بۆ مرۆڤەکان ﴿لَّا يَأْتِيهِ الْبَاطِلُ مِن بَيْنِ يَدَيْهِ وَلَا مِنْ خَلْفِهِ ۖ تَنزِيلٌ مِّنْ حَكِيمٍ حَمِيدٍ ﴿٤٢﴾﴾ فصلت، واتە: هیچ کاتێک ئەم قورئانە پیرۆزە باگڵ و ناڕەوایی تێکەڵ نابێت چونکە لەلایەن خوایەکی کاربەجێ و دانا و سوپاس کراوەوە هاتووەتە خوارەوە.

قورئانی پیرۆز مرۆڤەکانی دەستەوسان کردووە بەڵام لەهەمان کاتدا هیدایەت و ڕێنومایمان دەکات بۆ باشترین و تەواوترین بەرنامە کە لە ژیانیاندا پەیڕەوی بکەن، زانایان زۆر دڵگیربوون بە لێکۆڵینەوەی قورئان لەهەموو لایەنەکانەوە و تەفسیر کردنی نهێنییەکانی، بەڵام گرنگترین لایەنە ناوازەکانی قورئان بریتییە لەباسکردنی ئەو سیفەتانەی کە وای لە قورئان کردووە کە پەیامێکی موعجیز بێت، و پەروەردگار بەرامبەرکێ و (تحدی)ی هەموو ئینسانەکانی پێبکات کە بتوانن تەنها یەک سوورەت لە هاوشێوەی قورئان بهێنن: ﴿قُل لَّئِنِ اجْتَمَعَتِ الْإِنسُ وَالْجِنُّ عَلَىٰ أَن يَأْتُوا بِمِثْلِ هَٰذَا الْقُرْآنِ لَا يَأْتُونَ بِمِثْلِهِ وَلَوْ كَانَ بَعْضُهُمْ لِبَعْضٍ ظَهِيرًا ﴿٨٨﴾﴾ الإسراء، واتە: ئەگەر هەموو مرۆڤەکان و جنۆکەکانیش کۆببنەوە لەسەر ئەوەی بیانەوێت هاوشێوەی ئەم قورئانە بهێنن ناتوانن هاوشێوەی بهێنن ئەگەر بەردەوامیش هاوپشتیوانی و کۆمەکی یەکتری بکەن بۆ ئەم مەبەستەیان.

وەکو باسمان کرد موعجیزاتی پێغەمبەرانی پێشوو تەنها لە سەردەمی خۆیاندا ڕۆڵی هەبووە و پاش وەفاتیان تەنها وەکو باسێک دەمایەوە، بێجگە لە موعجیزەی محمد (ﷺ) کە لە جۆرێکی ترە و بەردەوام تاوەکو ڕۆژی دوایی مرۆڤەکان دەدوێنێت و سەرسامیان دەکات و بەتێپەڕبوونی سەردەمەکان خەڵکی موعجیزەکانی قورئان زیاتر دەبینن و دەبیستن، هەر بۆیە پێغەمبەر (ﷺ) لەفەرموودەیەکیدا دەڵێت: (ما من نبي من الأنبياء إلا أعطى من الآيات ما مثله آمن عليه البشر، وانما كان الذي اوتيته وحيا اوحاه الله الي، فارجوا أن أكون أكثرهم تابعا يوم القيامة) رواه البخاري، واتە: هەموو پێغەمبەرێکی گەلانی پێشوو ئەوەندەی شوێنکەوتوو هەبووە بەپێی ئەو موعجیزەیەی کە پێی درابوو وە خەڵکی بینیان، بەڵام موعجیزەکەی من پەیامێکە خوا پێی داوم و هیوام وایە زۆرترین شوێن کەوتووم هەبێت لەڕۆژی دواییدا.

موعجیزەی قورئانی پیرۆز بەردەوامە تا ڕۆژی دوایی و تا ئێستا زۆر لایەنی ئەم موعجیزەیە دەرکەوتوون و زانایان باسیان لێوەکردووە لەوانە: ئیعجاز لە لایەنی زمانەوانی، رەوانبێژی، مێژوویی و لایەنی بەسەرهات و چیرۆکەکانی، لایەنی شەریعەت و ئەحکامەکانی، یەکێکیش لە گرنگترین لایەنەکانی ئیعجازی قورئان بریتییە لەو بەسەرهاتە غەیبییانەی باسی کردوون کە لە سەردەمی هاتنە خوارەوەی قورئاندا نەزانراوە و خەڵکی زانیارییان لەبارەیانەوە نەبووە، بەڵکو لە دواڕۆژدا خەڵکی گەیشتوونەتە ئەو راستییانە کە بریتین لەو ئاماژە و ئیشاراتانەی کە باسی زۆرێک لە راستییە زانستییە سەلمێنراوەکان دەکات لە بوونەوەر و گەردوونی فراواندا کە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆی سەردەمی زانست و پێشکەوتنی تەکنۆلۆژی‌دا دۆزراونەتەوە و سەلمێنراون لە هەموو ئاسۆکانی گەردوون و لاشەی مرۆڤیشدا کە سەلمێنەری فەرموودەی پەروەردگارە: ﴿سَنُرِيهِمْ آيَاتِنَا فِي الْآفَاقِ وَفِي أَنفُسِهِمْ حَتَّىٰ يَتَبَيَّنَ لَهُمْ أَنَّهُ الْحَقُّ﴾ (فصلت: ٥٣).

(ناوەندی کوردستان بۆ ئیعجازی زانستی لە قورئان و سوننەتدا) وەکو دەستپێشخەری کۆمەڵێک مامۆستا و کەسانی پسپۆڕ لە زانستە جیاجیاکاندا لە کوردستاندا هاتووەتەدی بۆ ناساندن و روونکردنەوەی ئەم لایەنە گرنگەی موعجیزەی قورئان و سوننەتی پیرۆزی پێغەمبەر (ﷺ) لەم سەردەمەماندا کە لە راستی‌دا گرنگترین لایەنی سەلمێنەری راستی فەرموودەکانی قورئان و سوننەتی پیرۆزە، و بەپشتیوانی پەروەردگار هەوڵدەدەین کە زوربەی ئەو لایەنانە روون بکەینەوە و بۆ گەلی کوردی موسوڵمانمانی شیبکەینەوە کە هیواداریـن هەوڵێک بێت لەپێناو خزمەتکردنی قورئان و سوننەتی بەڕێز.

یەکێک لەو لایەنە گرنگانەی ئیعجازی زانستی لە قورئان و سوننەتدا بریتییە لەو ئاماژە و ئیشاراتانەی بۆ دروست بوون و گەشەکردنی کۆرپەلەی مرۆڤ هاتووە هەر لە سەرەتاوە تاوەکو لەدایکبوون و هاتنەژیانی، کە لەمڕۆماندا زانستێکی تایبەت هەیە کە باس لەو قۆناغانە دەکات کە کۆرپەلەی مرۆڤ پیایدا تێدەپەڕێت تاوەکو کامڵ بوون و لەدایکبوونی، کە ئەویش زانستی کۆرپەلەزانییە ( علم الأجنة ـ Embryology).

لە قورئان و سوننەتی پیرۆزدا زۆر بەووردی باسی ئەو قۆناغانە کراوە کە کۆرپەلەی مرۆڤی پێدا تێدەپەڕێت کە بەیارمەتی پەروەردگار بەچەند زنجیرەیەک باسی ئەو قۆناغانە دەکەین و راستییە زانستییە سەلمێنەرەکانیشی لە چەند کتێبێکی زانستی کۆرپەلەزانی باوەڕپێکراوی چەند زانایەکی ناسراوی ئەم زانستە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا وەردەگرین کە لەو زانایانە:

( پرۆفیسۆر د. کیث. ل. مور ـ مامۆستای کۆرپەلەزانی لە زانکۆی تۆرنتۆ لەکەنەدا لە کتێبی (گەشەکردنی مرۆڤ ـ The Developing Human، پرۆفیسۆر د. مارشال جونسون ـ مامۆستا لە کۆلێژی جیفرسون ی پزیشکی / وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، پرۆفیسۆر د.ت. ف. برسود ـ کەنەدا، پرۆفیسۆر ج. س. جورنجر، پرۆفیسۆر جولی سمسون).

لە چەند ئایەتێکی قورئاندا بە ووردی قۆناغەکانی دروست بوونی کۆرپەلەی مرۆڤی کۆکردووەتەوە و بە ریزبەندی باسی کردوون کە دەفەرموێت: ﴿وَلَقَدْ خَلَقْنَا الْإِنسَانَ مِن سُلَالَةٍ مِّن طِينٍ ﴿١٢﴾ ثُمَّ جَعَلْنَاهُ نُطْفَةً فِي قَرَارٍ مَّكِينٍ ﴿١٣﴾ ثُمَّ خَلَقْنَا النُّطْفَةَ عَلَقَةً فَخَلَقْنَا الْعَلَقَةَ مُضْغَةً فَخَلَقْنَا الْمُضْغَةَ عِظَامًا فَكَسَوْنَا الْعِظَامَ لَحْمًا ثُمَّ أَنشَأْنَاهُ خَلْقًا آخَرَ ۚ فَتَبَارَكَ اللَّهُ أَحْسَنُ الْخَالِقِينَ ﴿١٤﴾﴾ المؤمنون.

ئێمەش بە پشتیوانی پەروەردگار باسی ئەو قۆناغانە بەم شێوەیە دەکەین و دەیسەلمێنین کە زانستی نوێی ئەمڕۆش هەمان ریزبەندی بۆ ئەو قۆناغانە داناوە، کە بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

- باسی دروست بوونی کۆرپەلەی مرۆڤ لە قۆناغی سەرەتایی (النطفة)دا.
- باسی دروست بوونی کۆرپەلەی مرۆڤ لە قۆناغی (العلقة) دا.
- باسی دروست بوونی کۆرپەلەی مرۆڤ لە قۆناغی (المضغة) دا.
- باسی دروست بوونی کۆرپەلەی مرۆڤ لە قۆناغی دروست بوونی ئێسقان و گۆشت (العظام واللحم) دا.

- باسی دروست بوونی کۆرپەلەی مرۆڤ لە قۆناغی (النشأة) دا.

**دروست بوونی کۆرپەلەی مرۆڤ لە قۆناغی سەرەتاییدا (مرحلة النطفة)**

پاش ماوەیەک ئەو بیروبۆچوونە پەیدابوو کە لەتۆوی پیاوەوە کۆرپەلە دروست دەبێت کە زانا سوامردام Suammerdam (١٦٨١ - ١٧٨١)




**هێلکاریی قۆناغەکانی گەشەکردنی کۆرپەلەی مرۆڤ - لە (١ رۆژ) تا (لەدایکبوون) لە کتێبی (The Developing Human)**

**کورتەیەکی مێژوویی:**

نهێنی و ڕاستی‌یەکانی زانستی کۆرپەلەزانی تەنها لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم و سەدەی بیستەمدا دۆزرانەوە، ئەویش بەهۆی ئەو بەرەوپێش چوونە گەورەیەی تەکنۆلۆژیاوە بوو کە ئەم دوو سەدەیە بەخۆیانەوە بینی، بەڵام دەبینین پێشتر مرۆڤ تەنها بەخەیاڵ تەصەوری دروست بوونی کۆرپەلەی کردووە و وەسفی کردووە، چونکە لەو کاتانەدا ئەو هۆکارانە نەبوون کە لێکۆڵینەوەی زانستی پێبکات.

- بابەتی دروست بوونی پێشتر و دوست بوونی کاملْ (التكوين السابق و الخلق الكامل ـ Preformation theory) بەسەر بیروبۆچوونی ئەو سەردەمانەدا زاڵبوو کە تاوەکو سەدەی شانزەیەمی زایینیش تەنها ئەم بیروبۆچوونە زاڵبوو، کە لە کتێبەکانی مامانی‌دا دەووترا کۆرپەلەی مرۆڤ لە خوێنی مانگانەی ئافرەتەوە (دم الحيض)ەوە دروستدەبێت، و بەکاملْی لەو خوێنەدایە و لە مناڵدانی ئافرەتدا تەنها لە قەبارەدا گەورە دەبێت، و پاشان لەدایک دەبێت، واتە تۆوی پیاو هیچ ڕۆڵێکی لەم دروستبوونەدا نی‌یە، کە ئەم بیروبۆچوونە هەڵەیە (أرسطو طاليس)ی یۆنانی ووتویەتی لە سەدەی چوارەمی پێش زاییندا، و بە درێژایی سەدەکان تەنها ئەم بیروبۆچوونە باسکراوە. ( بڕوانە وێنەی ژمارە ـ١ـ )




وێنەی ژمارە (١)

**چەند وێنەیەکی کتێبی جاکوب رویف (١٥٥٤ز) کە بیروبۆچوونی (ئەرستۆ تاڵیس) ڕووندەکاتەوە**

ئەم بیروبۆچوونە هەڵەیە هەر بەو شێوەیە مایەوە تاوەکو لە ساڵی (١٦٧٣)دا (ڤان لیڤینهۆک) ووردبین (مایکرۆسکۆب)ی دروستکرد، و بەهاوکاری زانا (هام) خانەی زاووزێی نێرینە (تۆو: الحيوانات المنوية ـ SPERMS) یان دۆزی‌یەوە، کە بینی‌یان ووردەکاری‌یەکی زۆر لە دروست بوون و شێوەی‌دایە، بۆیە ووتویەتی کە کۆرپەلە بە بچووککراوەیی لە بەشی پێشەوەی سپێرمی پیاودایە و پاشان لەناو مناڵداندا جێگیر دەبێت، گەورە دەبێت و لەدایک دەبێت، کە ئەو وێنەیەی (هارتسوکر) لە ساڵی (١٦٩٤)دا بڵاویکردەوە سەلمێنەری ئەم ووتەیەن، و ڕوونی دەکەنەوە کە میکرۆسکۆبی ئەو کاتە ووردەکاری پێکهاتنی تۆویان دەرنەخستووە و زانایان لە خەیاڵی خۆیانەوە ئەو پێکهاتەیان باسکردووە. (بڕوانە وێنەی ژمارە ـ٢ـ)




وێنەی ژمارە (٢) وێنەی تۆوی پیاو کە هارتسوکەر لە ساڵی (١٦٩٤ز)دا بە خەیاڵ دایناوە.

هەروەها زانا (دی‌گراف) لە ساڵی (١٦٧٢)دا کە هێلکەی پێگەیشتووی ئافرەت (حويصلات گراف ـ Graafian follicle)ی دۆزی‌یەوە بە پێچەوانەوە دەیوت کە کۆرپەلە بە کاملْی لەناو هێلکەدایە، بەم شێوەیە دەبینین کە هەر بیرۆکەی دروستبوونی پێشتر زاڵ بووە و زانایان باوەڕیان پێی‌بووە، جیاوازی تەنیا لەوەدا بووە کە ئایا کۆرپەلە بە کاملْی لەناو تۆو یان هێلکەدایە، کە ئەم موناقەشەیە لەنێوان ئەم دوو بیروبۆچوونەدا کۆتایی نەهات تاوەکو زانا (سبالانزانی) لە ساڵی (١٧٧٥)ی زایینی‌دا سەلماندی کە هەردوو تۆوی پیاو و هێلکەی ئافرەت پێویستن بۆ دروست بوونی کۆرپەلە.

بەڵام دەبینین قورئان و سوننەتی پیرۆز پێش ١٤٠٠ ساڵ لەمەوبەر ئەم ڕاستی‌یە زانستی‌یەیان زۆر بەووردی باسکردووە و دووبارە کردووەتەوە، کە وەکو باسمان کرد تەنها دووسەد ساڵ دەبێت زانایان گەیشتوونەتە ئەم ڕاستی‌یە کە ئێمە لەمرۆماندا وەکو موعجیزەیەک سەیری دەکەین، ئێستاش فەرموون ئێوەو ئەو ئایەت و فەرموودە پیرۆزانە:

- ﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَـٰكُم مِّن ذَكَرٍ وَأُنثَىٰ ﴿١٣﴾ ﴾الحجرات، واتە: ئەی خەڵکینە بەدڵنیایی‌یەوە بزانن کە ئێمە ئێوەمان لەنێر و لەمێ دروست کردووە (واتە نێر و مێ هەردووکیان پێویستن بۆ دروست بوونی کۆرپەلەی مرۆڤ).

- ﴿ إِنَّا خَلَقْنَا ٱلْإِنسَـٰنَ مِن نُّطْفَةٍ أَمْشَاجٍ نَّبْتَلِيهِ فَجَعَلْنَـٰهُ سَمِيعًۢا بَصِيرًا ﴿٢﴾ ﴾ الإنسان، مانای (امشاج) واتە: تێکەڵ، کەواتە مانای ئایەتەکە ئەوەیە

کە دەفەرموێت: ئێمە مرۆڤمان لە نوتفەیەکی تێکەڵاو دروست کردووە (تێکەڵاو لەتۆوی پیاو و هێلکەی ئافرەت) کە ئەنجامی یەکگرتنیان لەناو مناڵدانا بریتییە لە دروستبوونی خانەی یەکەم (هێلکەی پیتێنراو Zygot).

– لە فەرموودەیەکی پیرۆزی پێغەمبەردا (ﷺ) هاتووە:

(مر يهودي برسول الله (ﷺ)وهو يحدث أصحابه، فقالت قريش: يا يهودي ان هذا يزعم أنه نبي فقال لأسألنه عن شئ لايعلمه الا نبي، قال: فجاء حتى جلس ثم قال: يا محمد مم يخلق الأنسان؟ فقال رسول الله (ﷺ): (يا يهودي من كل يخلق من نطفة الرجل و نطفة المرأة)). رواه أحمد بسند صحيح.

واتە: ڕۆژێک جوولەکەیەک بەلای پێغەمبەردا ڕۆی کە لەو کاتەدا قسەی بۆ هاوەڵە بەڕێزەکانی دەکرد، لەو کاتەدا قورەیشییە بێباوەڕەکان پێیان ووت ئەی جوولەکە ئەم پیاوەی دەیبینیت وا خۆی پیشان دەدات کە دەڵێت من پێغەمبەرم، جوولەکەکەش ووتی ئێستا پرسیارێکی لێدەکەم کە ئەگەر پێغەمبەر نەبێت نایزانێت، ئەوە بوو هات و لەلای پێغەمبەردا دانیشت و پاشان پرسیاری کرد: ئەی موحەممەد مرۆڤ لەچییەوە دروست دەبێت، پێغەمبەریش فەرمووی: ئەی جوولەکە بزانە کە بنچینەی مرۆڤ لە هەردوو نوتفەی پیاو و نوتفەی ئافرەت بەیەکەوە دروست دەبێت.

هەر بەهۆی ئەم ڕاستییە قورئانییەوە بوو کە موسوڵمانان بەگشتی و زانایانی ئیسلام بەتایبەتی باوەڕی تەواویان هەبووە کە منداڵ لە هەردوو دایک و باوکەوە دروست دەبێت کە لە سەردەمانی کۆنیشدا زانست بەهەڵە باسی دروست بوونی کۆرپەلەی دەکرد بەڵام موسوڵمانان ئەو قسانەیان ڕەتدەکردەوە، وەکو دەبینین زانای موسوڵمانی ناسراو (ئیبن حەجەری عەسقەلانی) کە لە سەدەی پانزەیەمی زاییندا ژیاوە لە کتێبی (فتح الباري شرح صحيح البخاري)دا دەڵێت:

(و زعم كثير من أهل التشريح أن مني الرجل لا أثر له في الولد الا في عقده، وأنه إنما يتكون من دم الحيض، وأحاديث الباب تبطل ذلك) ج١١ ص٤٧٧ - ٤٩١. دەڵێت: زۆرێک لە زانایانی توێکاری لەم سەردەمەماندا وای بۆ دەچن و دەڵێن کە تۆوی پیاو ڕۆڵی نییە لە دروست بوونی منداڵدا و کۆرپەلە لە سکی دایکدا تەنها لە خوێنی مانگانەی ئافرەتەوە دروست دەبێت، کە فەرموودەکانی پێغەمبەر (ﷺ) ئەم قسەیە ڕەتدەکەنەوە و ئەم قسەیە ڕاست نییە.

کەواتە لەوەی پێشەوە بۆمان دەردەکەوێت کە زانستی کۆرپەلەزانی تاوەکو کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم بەرەوپێش چوونێکی ئەووتۆی بەخۆیەوە نەدی، ئەوەبوو لەو کاتە بەدواوە زانستی کۆرپەلەزانی تاقیگەیی (تجريبي) لەسەر دەستی کۆمەڵە زانایەک پەیدابوو، لەوانە (فون بایر) و(هیگل)، زانا (فون بایر) یەکێکە لەوانەی کە هەنگاوێکی گەورەی بە زانستی کۆرپەلەزانیدا ئەویش بە دارشتنەوەی بیروبۆچوونەکان و تاقیکردنەوەکانی زانستی کۆرپەلەزانی، چەندین زانای بەناوبانگی تریش ڕۆڵی گرنگیان هەبووە لەم سەردەمەدا، لەوانە زانایان: (ویلسون، ڕوس هاریسون، هانس سبیمان، و یوهانس هولتفرتر)، و چەندین زانای تریش.

قۆناغی سێیەمی پێشکەوتنی زانستی کۆرپەلەزانی لە چلەکانی سەدەی بیستەمەوە دەستی پێکرد کە تا ڕۆژگاری ئەمڕۆمان بەردەوامە، ئەویش لەدوای دۆزینەوە چەندین ئامێری زانستی پێشکەوتووەوە، لەوانە: وردبینی ئەلیکترۆنی، ئامێری وێنەگرتنی وورد و پێشکەوتوو، کۆمپیوتەری پێشکەوتوو، ئامێری دۆزینەوەی پرۆتین و کاربۆهیدرات و ترشە ناووکییەکان و جیاکردنەوەیان لەیەکتری، کە ئەم ئامێرە پێشکەوتووانە وای لە زانایان کردووە کە چەندین تاقیکردنەوەی وابکەن کە پێشتر خەڵکی بەخەوو خەیاڵیان دەزانی، و لێرەوە زانستی کۆرپەلەزانی گەورەترین پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینی.

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کەئەو ڕاستییانەی کۆرپەلەزانی کە لە قورئان و سوننەتدا هاتووە هەر دەبێت وەحی بێت، و لەلایەن بەدیهێنەری مرۆڤ و کۆرپەلەکەشییەوە بێت، چونکە هیچ مرۆڤێک و هیچ زانستێک ئەم ڕاستییانەی لەپێش ١٤٠٠ ساڵ لەمەوبەر نەزانیوە.

## لە هەموو ئاوەکەوە کۆرپەلە دروست نابێت

وەکو پێشتر باسمان کرد بەهۆی یەکگرتنی تۆوی پیاو و هێلکەی پێگەیشتووی ئافرەتەوە کۆرپەلە دروست دەبێت بەڵام بابزانین تەنها لەیەک تۆوی پیاو(سپێرم) و یەک هێلکەی ئافرەتەوە ئەو کۆرپەلەیە دروست دەبێت، ئەمە ڕاستییەکی زانستی سەلمێنراوە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا، پێغەمبەر(ﷺ) لە فەرموودەیەکی پیرۆزیدا هەمان ڕاستی دوویات کردووەتەوە کە دەفەرموێت: (ما من كل الماء يكون الولد) (رواه مسلم ٢ - ١٠٦٤). واتە : لە هەموو ئاوی پیاوەوە منداڵ دروست نابێت (کەواتە لە بەشێکی ئاوەکەوە کۆرپەلە دروست دەبێت).

پاک و بێگەردی بۆ پەروەردگار و پێغەمبەرە بەڕێزە ڕاستگۆ و دەست پاکەکەی، زانستی نوێ سەلماندوویەتی کە لە هەموو ١سم٣ لەئاوی پیاودا نزیکەی ٨٠ - ١٢٠ ملیۆن تۆو (سپێرم) هەیە، واتە هەموو پیاوێک لە کاتی جووت بووندا نزیکەی ٥٠٠ ملیۆن تۆوی دەبێت، کە لەناو ئەم هەموودا تەنها یەک دانەیان هەلی هەیە بۆ ئەوەی کە لەگەڵ هێلکەکەدا یەکبگرێت و هێلکەی پیتێنراو (Zygot) دروست بکات، کە ئەم پیتاندنە لەبۆری هێلکەدان (Fallupian Tube) دا ڕوودەدات.

(بڕوانە وێنەکانی ژمارە: ٣، ٤، ٥، ٦، ٧)




وێنەی ژمارە (٣)

وێنەیەکی خەملێنراو بۆ قۆناغەکانی هێلکە لەکاتی دەرچوونی لەهێلکەدان تا گەیشتنی بۆ ناو مناڵدان




وێنەی ژمارە (٤) هێلکاری دۆخەکانی کاتی یەکگرتنی تۆو و هێلکە




وێنەی ژمارە (٥)

هێلکاری دروستبوونی خانەی یەکەمی کۆرپەلە و دابەشبوونی




وێنەی ژمارە (٦)
وێنەیەکی ڕاستەقینەی میکرۆسکۆپی دروستبوونی یەکەم خانە و دابەشبوونی



وێنەی ژمارە (٧)، دوو وێنەی ڕاستەقینەی ووردبینی ئەلیکترۆنی لەکاتی بەرکەوتنی تۆو لەگەڵ دیواری هێلکەدا و پاشان چوونە ناوەوەی

## کەواتە لە هەموو ئاوەکەوە کۆرپەلە دروست نابێت.

هەروەها لە ئافرەتیشدا هەموو مانگێک هەزاران هێلکۆکە چالاک دەبن لە هەردوو هێلکەدانی ئافرەتدا و لەناو هەموویاندا تەنها یەک دانەیان پێدەگات و هێلکەی پێگەیشتووی لێدروست دەبێت و ئەوانی تر دەپووکێنەوە، کە ئەم هێلکە پێگەیشتووە دەتەقێتە کۆتایی بۆری هێلکەدان لەناوسکدا، و بەبوونی تۆو یەکگرتنیان ڕوودەدات و هێلکەی پیتێنراو، پاشان کۆرپەلە دروست دەبێت و پاشان دەچێتە ناو منداڵدان و جێگیر دەبێت، بەڕاستی پێغەمبەری خودا ڕاستی فەرمووە کە: لە بەشێکی ئاوی پیاو هەروەها ئافرەتیش منداڵ دروست دەبێت.

- ئایەتێکی پیرۆزی قورئانیش هەمان ڕاستی باس کردووە کە دەفەرموێت:﴿ أَيَحْسَبُ ٱلْإِنسَٰنُ أَن يُتْرَكَ سُدًى ﴿٣٦﴾ أَلَمْ يَكُ نُطْفَةً مِّن مَّنِىٍّ يُمْنَىٰ ﴿٣٧﴾ ثُمَّ كَانَ عَلَقَةً فَخَلَقَ فَسَوَّىٰ ﴿٣٨﴾ فَجَعَلَ مِنْهُ ٱلزَّوْجَيْنِ ٱلذَّكَرَ وَٱلْأُنثَىٰٓ ﴿٣٩﴾ ﴾القيامة، يمنى: بمعنى تقدر، واتە: ئایا مرۆڤ وا گومان دەبات هەروا وازی لێبهێنین بێ لێپرسینەوە، ئایا ئەو لەسەرەتاوە کە دروستمان کرد تنۆکێک ئاو نەبووە کە ئەندازەمان بۆ داناو (تقدیر)مان کرد، لەم ئایەتە پیرۆزەدا سێ موعجیزە هەیە کە یەکەمیان وەکو باسمان کرد دەفەرموێت لەبەشێکی تۆو (منی)یەوە مرۆڤ دروست دەبێت. هەروەها وەکو پێشتریش باسمان کرد دەفەرموێت منداڵ بەرهەمی هەردوو دایک و باوکە، ئیعجازی سێیەم لە ئایەتی سێیەمدایە﴿ فَجَعَلَ مِنْهُ ٱلزَّوْجَيْنِ ٱلذَّكَرَ وَٱلْأُنثَىٰٓ ﴾ کە دەفەرموێت: ئێمە هەر لەو تۆوەی پیاوەوە نێر و مێی کۆرپەلەکە دیاری دەکەین، کە ئەو (هاء) بزوێنەی لەووشەی (منه)دایە دەگەڕێتەوە بۆ ووشەی (منی) واتە هەمووتان بە دڵنیاییەوە بزانن کە:

## نێر و مێی کۆرپەلە بەهۆی تۆوی پیاوە وە دیاری دەکرێت

ئەم ڕاستییە زانستییە زۆر نوێیە و زانستی کۆرپەلەزانی بۆی دەرکەوتووە کە بینراوە لە مرۆڤدا دوو جۆر کرۆمۆسۆمی جنسی هەیە (کرۆمۆسۆمەکان بریتین لەو تەنۆلکانەی کە هەموو سیفاتەکانی بۆماوەیی مرۆڤیان تێدایە و لە هەموو خانەکانی لەشدا هەن لەناو ناووکی خانەکەدا، و دوو جۆریان هەیە (کرۆمۆسۆمی لاشەیی و کرۆمۆسۆمی جنسی)، لەکاتی دروست بوون و جیابوونەوەی خانەکانی زاووزێدا (کە بریتین لە تۆو لە گوندا لە پیاو و هیلکۆکەکان لە هێلکەدانی ئافرەتدا) بینراوە کە خانەکانی زاووزێی پیاو کە لە گوندا لە پیاودا دابەش دەبن و جیادەبنەوە و پاشان تۆو (سپێرم) دروست دەکەن، دوو جۆر کرۆمۆسۆمی جنسییان تێدایە: (Y ،X) واتە لە گوندا دوو جۆر تۆو (سپێرم) دروست دەبێت:

جۆرێکیان کرۆمۆسۆمی (X)ی تێدایە و جۆرەکەی تریان کرۆمۆسۆمی (Y)ی تێدایە، بەڵام لەئافرەتدا تەنها یەک جۆر کرۆمۆسۆمی جنسی هەیە کە ئەویش تەنها لە جۆری (X)ی هەیە، واتە ئەو هێلکۆکانەی لەناو هێلکەدانەکاندا دروست دەبن تەنها لە جۆری (X) کرۆمۆسۆمی جنسییان هەیە. ( بڕوانە وێنەی ژمارە ٨)




هێلکەی ئافرەت وێنەی ژمارە (٨) تۆوی پیاو
هێڵکاری گەشەکردنی خانەکانی سێکسی نێر و مێ تا دروستبوونی تۆ و هێلکە

کاتێک سپێرمێک کە هەڵگری کرۆمۆسۆمی (Y)ی بێت، لەگەڵ هێلکەیەکدا کە تەنها هەڵگری کرۆمۆسۆمی (X) ن یەکبگرێت، ئەوا ئەو هێلکەپیتێنراوە و پاشانیش کۆرپەلەکە نێر دەردەچێت (XY)، لەهەمان کاتدا ئەگەر سپێرمێک کە کرۆمۆسۆمی (X)ی هەڵگرتووە لەگەڵ هێلکەدا کە هەڵگری (X)ە یەکبگرێت ئەوا کۆرپەلەکە مێینە دەردەچێت (XX).

- ئەم ڕاستییە زانستییە لە ئایەتێکی تری قورئاندا هاتووە کە دەفەرموێت: ﴿وَأَنَّهُ خَلَقَ الزَّوْجَيْنِ الذَّكَرَ وَالْأُنثَىٰ (٤٥) مِن نُّطْفَةٍ إِذَا تُمْنَىٰ (٤٦)﴾ النجم، تمنی: بمعنی تخرج. واتە: پەروەردگار نێرو مێی مرۆڤ دیاری دەکات لە (منی) واتە تۆوی پیاو لە کاتێکدا کە دەردەچێت لە پیاوەوە، ئا لێرەدا زیاتر بۆمان دەردەکەوێت کە قورئان و زانستی نوێ هەمیشە یەکدەگرنەوە و هاوئاهەنگی یەکترین.

- هەروەها لە ئایەتێکی تریشدا دەفەرموێت: ﴿مِن نُّطْفَةٍ خَلَقَهُ فَقَدَّرَهُ (١٩)﴾ عبس، واتە: پەروەردگار مرۆڤی لە (نطفة) وە دروست کردووە و ئەندازەی هەموو شتێکی بۆ دیاری کردووە، هەر لە دیاری کردنی جنسی کۆرپەلەکە، پاشان ئەندازە بۆدانان و دیاری کردنی ڕەنگی قژ، ڕەنگی پێست، درێژی باڵای، جۆری خوێن، زیرەکی، هەموو سیفاتەکانی تریش هەر لە تۆی پیاو و هێلکەی ئافرەتەکەوە (کە ئەو نطفەیە و پاشانیش کۆرپەلەکە دروست دەکەن) بۆ مندالەکە دەگوێزرێتەوە بەهۆی کرۆمۆسۆمەکانەوە، کە وەک باسمان کرد ئەم کرۆمۆسۆمانە و جیناتەکانی سەریان بەهۆی ترشەڵۆکە ناووکیەکانەوە (DNA) کە شیفرەی دروست کردنی ئەو سیفاتانەیان تێدایە لە داهاتوودا ئەو سیفاتانە بۆمنداڵەکە دروست دەکەن. پاک و بێگەردی بۆ ئەو خودایەی کە بەدیهێنەر و ڕاگری ئەم ووردەکارییەیە لە دروستبوونی مرۆڤدا.

### لە پوختەیەکەوە دروست دەبێت

- ﴿الَّذِي أَحْسَنَ كُلَّ شَيْءٍ خَلَقَهُ ۖ وَبَدَأَ خَلْقَ الْإِنسَانِ مِن طِينٍ (٧) ثُمَّ جَعَلَ نَسْلَهُ مِن سُلَالَةٍ مِّن مَّاءٍ مَّهِينٍ (٨)﴾ السجدة، واتە: ئەو پەروەردگارە هەموو شتێکی بە ووردەکاریی تەواوەوە دروست کردووە و مرۆڤیشی یەکەم جار لە سەرەتاوە لە گڵ دروست کرد (زانای کۆرپەلەزانی ئەمریکی مارشال جونسون لە یەکێک لە کۆنگرە زانستییەکاندا ووتی: زانایانی کیمیا لەم بابەتەیان کۆڵیەوە و بۆیان دەرکەوت کە گڵ نزیکترین ماددەیە لە پێکهاتنی لەشی مرۆڤ و گونجاوترین ماددەشە بۆ پەیدابوونی ژیان لێیەوە!!) و پاشانیش نەوەکانی لە پوختەیەکی ئاوێکی کەمەوە دروست دەکات (کە مەبەستی ئاوی پیاو و ئافرەتە).

زانستی نوێ ئەمڕۆمان سەلماندوویەتی کە لەناو خانەکانی زاووزێی مرۆڤدا (کە بریتین لە تۆوی پیاوو هێلکەی ئافرەت) کرۆمۆسۆم هەیە، کە هەڵگری هەموو سیفاتە بۆماوەیییەکانن و لە کۆرپەلەکەدا دروستی دەکەن، واتە دەتوانین بڵێین کە ئەو هێلکە پیتێنراوەی لەو دووانەوە دروست دەبێت پوختەیەکی مرۆڤ و هەموو سیفاتەکانی تێدایە.

ئەو هێلکە پیتێنراوە (٤٦) کرۆمۆسۆمی تێدایە (لە مرۆڤێکی ئاساییدا ژمارەی کرۆمۆسۆمەکانی هەموو خانەکانی لەش بریتییە لە (٤٦) کە بە نیوەیی لە دایک و باوکەوە وەریدەگرێت (هەموو سپێرمێکی پیاو و هێلکەیەکی ئافرەت تەنها ٢٣ کرۆمۆسۆم هەڵدەگرن) و بە یەکگرتنی ئەو دووانە ژمارەی ئاسایی کرۆمۆسۆمەکانی لەش دروست دەبێت.

ئەگەر کرۆمۆسۆمێک جیابکەینەوە و بەهۆی ووردبینی ئەلیکترۆنییەوە سەیری بکەین دەبینین شێوەیەکی لوولپێچی هەیە. (بڕوانە وێنەی ژمارە ٩)




**وێنەی ژمارە (٩)**

**کرۆمۆسۆمەکان (شیفرەی نهێنی دروست بوونن)**

ئەگەر ئەو شێوە لوولپێچییە بکەینەوە بە شێوەیەکی درێژ دەیبینین کە وەکو پەیژە وایە، هەر پلیکانەیەکی ئەم پەیژەیە هەڵگری سیفەتێکی بۆماوەیی تایبەتییە، ئەو خاڵەی کە بەلای ڕووەمتەوەیە و لە دایک و باوکەوە بۆت ماوەتەوە بزانە کە بەهۆی ئەو کرۆمۆسۆمانەوە بۆت ماوەتەوە، ئا لێرەوە گەیشتینە ئەو ڕاستییەی کە مرۆڤ لە پوختەیەکی ئەو ئاوە (نطفة)یەوە دروست دەبێت کە پڕاوپڕی ئەو فەرموودە پیرۆزانەیە کە لە سەرەوە باسکران.

کێ باوەڕی دەکرد و بە خەیاڵیدا دەهات لە سەردەمی پێغەمبەردا (ﷺ) کە (نطفة) ئەم هەموو نهێنیانەی تێدایە، بەڵام دەبینین قورئانی پیرۆز لەو کاتەدا ئەم زانیاریانەی وەکو ڕاستییەکی بێگومان باسکردووە و (تحدی)ی هەموو مرۆڤەکانیشی پێکردووە، دەبا لێرەدا هەموومان بەگشتی ئەو ڕاستییە دووپات بکەینەوە کە قورئان و سوننەتی پیرۆز تەواوکەری بەردەوامی یەکترین و زانستی نوێی ئەمڕۆش سەلمێنەری ڕاستییەکانی قورئان و سوننەتی بەڕێزە.

### دروستبوونی کۆرپەلەی مرۆڤ بەقۆناغ

خوای پەروەردگار لەقورئاندا باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە کۆرپەلە لەسکی دایکدا بەچەند قۆناغێکدا دەڕوات و بەقۆناغ دروست دەبێت وەکو دەفەرموێت: ﴿مَّا لَكُمْ لَا تَرْجُونَ لِلَّهِ وَقَارًا (١٣) وَقَدْ خَلَقَكُمْ أَطْوَارًا (١٤)﴾ نوح، واتە: ئەی مرۆڤەکان بۆ ئێوە بەتەواوەتی خودا بەگەورە نازانن و ناپەرستن، ئەی ئێوە نازانن کە خودا ئێوەی بەقۆناغ دروست کردووە.

هەروەها لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێت: ﴿يَخْلُقُكُمْ فِي بُطُونِ أُمَّهَاتِكُمْ خَلْقًا مِّن بَعْدِ خَلْقٍ فِي ظُلُمَاتٍ ثَلَاثٍ ۚ ذَٰلِكُمُ اللَّهُ رَبُّكُمْ لَهُ الْمُلْكُ (٦)﴾ الزمر، واتە: پەروەردگار ئێوە لەناو سکی دایکتاندا دروست دەکات لە دروست بوونێکەوە بۆ دروست بوونێکی تر لەناو سێ تاریکاییدا (واتە بەقۆناغ)، ئەو دروستکەرە پەروەردگارتانە کە خاوەنی موڵکداریتی بوونەوەرە.

ئەم ڕاستییە زانستییەی کە مرۆڤ بەقۆناغ دروست دەبێت لەدوای ئەو پێشکەوتنە گەورەیەی تەکنۆلۆجیاوە دۆزرایەوە لە چلەکانی سەدەی بیستەمەوە ئەویش بە هەوڵ و کۆششی بەردەوامی کۆمەڵێک زانای ناسراوی زانستی کۆرپەلەزانی و بەهۆی ئەنجامدانی چەندین تاقیکردنەوەی زانستییەوە هەستی پێکرا، کە قورئانی پیرۆز وەک باسمان کرد پێش ١٤٠٠ساڵ لەمەوبەر ئەم ڕاستییەی باس کردووە و زانایانی ئیسلام باوەڕی تەواویان پێی هەبووە.

قۆناغەکانی دروست بوونی مرۆڤ لە چەند ئایەتێکی قورئاندا دیاری کراوە و چەند زاراوەیەک و ناوێکی لێنراوە کە لەم زنجیرانەدا دەیسەلمێنین کە گونجاوترین ناون و هەموو مەرجێکی ناولێنانی زانستیان تێدایە، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿(٧) وَلَقَدْ خَلَقْنَا الْإِنسَانَ مِن سُلَالَةٍ مِّن طِينٍ (١٢) ثُمَّ جَعَلْنَاهُ نُطْفَةً فِي قَرَارٍ مَّكِينٍ (١٣) ثُمَّ خَلَقْنَا النُّطْفَةَ عَلَقَةً فَخَلَقْنَا الْعَلَقَةَ مُضْغَةً فَخَلَقْنَا الْمُضْغَةَ عِظَامًا فَكَسَوْنَا الْعِظَامَ لَحْمًا ثُمَّ أَنشَأْنَاهُ خَلْقًا آخَرَ ۚ فَتَبَارَكَ اللَّهُ أَحْسَنُ الْخَالِقِينَ (١٤)﴾ المؤمنون.

### دروست بوونی کۆرپەلەی مرۆڤ لە قۆناغی سەرەتاییدا (مرحلة النطفة)

دۆزینەوەی قۆناغە جیاوازەکان و بەدوایەکاکانی گەشەکردنی کۆرپەلە یەکێکە لەبابەتە ئاڵۆزەکانی مێژووی زانستی کۆرپەلەزانی، هۆی ئەم ئاڵۆزییە بریتییە لەقەبارەی زۆر بچووکی کۆرپەلە لە قۆناغە سەرەتاییەکانیدا بەتایبەتی لە چەند هەفتەی یەکەمی سکپڕیدا کە بەهۆی چەند هۆکارێکی تەکنۆلۆژی زۆر پێشکەوتوو نەبێت درکی پێناکرێت، کە بەهەمووی بۆ تەنها ٣٠٠ساڵ دەبێت واتە لە سەدەی حەڤدەیەمی زایینییەوە ئەم زانستە پێشکەوتنێکی ڕاستەقینەی بەخۆیەوە بینیوە، بەڵام دەبینین قورئانی پیرۆز کە مێژووی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی حەوتەمی زایینی یەکەم سەرچاوەیە لەبەر دەستماندا بۆ دیاریکردنی قۆناغەکانی گەشەکردنی کۆرپەلە، کە قورئان چەند ناوێک دەنێت لەم قۆناغانە و چەند زاراوەیەک بەکاردەهێنێت کە بەووردی باسی شکڵی دەرەوە و گرنگترین کردارەکانی ناوخۆی کۆرپەلە دەکات کە دەبینین ئەم زاراوە و (مصطلحات)انە بە ووردییەکی زۆرەوە هەموو شەرتێکیان تێدایە بۆ ناولێنانی زانستی قۆناغەکان وەک لە ئایەتە پیرۆزەکەی پێشترداهاتووە، هەروەها لە فەرموودەیەکی پیرۆزی پێغەمبەریشدا هەمان ئەم ناوانە هاتوون: عن عبدالله بن مسعود رضي الله عنه قال: حدثنا رسول الله(ﷺ) وهو الصادق المصدوق قال: (إن أحدكم يجمع خلقه في بطن أمه أربعين يوما، ثم يكون في ذلك علقه مثل ذلك، ثم يكون فی ذلك مضغة مثل ذلك، ثم يرسل الملك فينفخ فيه الروح ويؤمر بأربع كلمات بكتب رزقه وأجله وعمله وشقى أو سعيد) رواه البخاري و مسلم وأبو داود والترمذي وأبن ماجة

وإدراج لفظ نطفة في (ان احدكم يجمع خلقه في بطن أمه أربعين يوما نطفة) لا أصل له في جميع الروايات)، واته: هەر کەسێک لەئێوە دروست بوونی لە چل ڕۆژدا تەواو دەبێت، هەر لەو چل ڕۆژەدا (علقة) دەبێت، هەر لەو چل ڕۆژەدا (مضغة) دەبێت، پاشان فریشتەیەک دەنێردرێت لەدوای چل ڕۆژ کە ڕۆح بکات بە بەری کۆرپەلەکەدا.

قۆناغی یەکەم بریتییە لەقۆناغی نطفة: لە زمانی عەرەبیدا (نطفة) بە ئاوێکی کەم دەووترێت بەئەندازەی یەک تنۆک (القليل من الماء والذي يعدل قطرة) وەکو لە فەرهەنگەکانی زمانی عەرەبیدا هاتووە، قۆناغی (نطفة) لە ڕووی زانستییەوە لە دروستبوونی تۆو لەپیاودا و هێلکە لە ئافرەتدا دەست پێدەکات و بەچوونە ناوەوەی کۆرپەلە بۆ ناو دیواری منداڵدان لە ئافرەتدا کۆتایی دێت.

قورئانی پیرۆز بەم شێوەیە باسی ئەم قۆناغە دەکات:

### ئاوی دەرپەڕیو (الماء الدافق)

قورئانی پیرۆز دەفەرموێت مرۆڤ لە (ئاوێکی دەرپەڕیو)ەوە دروستبووە ﴿ فَلْيَنظُرِ الْإِنسَانُ مِمَّ خُلِقَ ﴿٥﴾ خُلِقَ مِن مَّاءٍ دَافِقٍ ﴿٦﴾ يَخْرُجُ مِن بَيْنِ الصُّلْبِ وَالتَّرَائِبِ ﴿٧﴾ ﴾ الطارق، لێرەدا ئەوەی سەرسوڕهێنەرە ئەوەیە کە قورئانی پیرۆز کرداری دەرچوون و دەرپەڕاندن دەداتە پاڵ ئاوەکە خۆی، واتە ئەو ئاوە خۆی هێزی جووڵان و دەرپەڕانی تێدایە، هەموومان دەزانین کاتی دەرچوونی ئاو لە پیاودا بەشێوەی دەرپەڕاندن دەردەچێت کە ڕۆڵی سەرەکی لەم کردارەدا بۆ کۆئەندامی دەماری Autonomic Nervous System دەبێت، هەروەها زانستی نوێی ئەمڕۆش بۆی سەلماندووین کە لە ئاوی پیاودا تۆو (سپێرم Sperms) هەیە، کە پێویستە ئەم سپێرمانە جووڵاو و زیندوو بن بۆ ئەوەی پیتاندن ڕووبدات.(بڕوانە وێنەی ژمارە ١٠)



**وێنەی ژمارە (١٠)**

**وێنەیەکی ڕاستەقینەی سپێرم لە ئاوی پیاودا کە (٤٥٠ جار) گەورە کراوە، کە پیشانی دەدات چۆن پێکهاتنەکەی بە تایبەتی کلکە درێژەکەی یارمەتی جووڵەی خێرای دەدات**

هەروەها ئاوی ئافرەتیش کە هێلکەکەی تێدایە بەشێوەی دەرپەڕاندن دەردەچێت و لە هێلکەدانەوە دەتەقێتە ناو بۆری منداڵدانەوە، و هێلکەکە خۆی پێویستە جوڵاو و دەرپەڕیو و زیندوو بێت بۆ ئەوەی پیتاندن ڕووبدات. (بڕوانە وێنەی ژمارە ١١)

هەروەها زانراوە کە ئاوی پیاو لەگەڵ ئەوەی کە سپێرمی تێدایە هەندێک ماددەی تری تێدایە کە یارمەتی پیتاندن دەدات، کە یەکێک لەوانە ماددەی پرۆستاگلاندینە Prostaglandin کە دەبێتە هۆی گرژبوونی منداڵدان لە ئافرەتدا و یارمەتی گەیشتنی تۆوەکان دەدات بۆ شوێنی هێلکەکە لە سەرەتای بۆری منداڵداندا، کەواتە ئەم ماددەیەی لەئاوەکەدایە هۆکاری دروست بوونی جووڵەیە، هەروەها لەئاوی ئافرەتیشدا چەندین ماددەی تر هەیە کە یارمەتی پیتاندن دەدەن لەوانە هەندێک ئەنزیم کە ناوپۆشی منداڵدان و بۆرییەکەی دەری دەدەن و وا لە تۆو دەکات کە توانای پیتاندنی هەبێت بە لابردنی بەرگی بەشی پێشەوەی تۆو، هەروەها ئەم ئەنزیمانە هەڵدەستن بە لابردنی ئەو خانانەی کە دەوری هێلکەکەیان داوە لەگەڵ لابردنی ڕووپۆشە پارێزەرەکەی لەبەرامبەر سپێرمەکاندا، کەواتە ئاوی ئافرەتیش پڕە لە جووڵە و جووڵەش دروست دەکات.

پێشتر باسمان کرد کە مانای (نطفة) بریتییە لە ئاوێکی کەم بە ئەندازەی تنۆکێک کە ئەم ووشەیە پڕاوپڕ سەرەتای دروست بوونی کۆرپەلە دەگرێتەوە کە ئاوێکە پڕە لە دەرپەڕان و جموجووڵ لە هەردوو ئاوی پیاو و ئافرەتدا، ئەمەش سەلمێنەری زانستی ئەو ڕاستییەیە کە لەئایەتەکەی قورئاندا هاتووە، کە خۆی لەخۆیدا موعجیزەیەکی گەورەیە.




**وێنەی ژمارە (١١)**

**وێنەیەکی ڕاستەقینەی هێلکەی ئافرەت لە کاتی دەرپەڕانی لە هێلکەدانەوە (وەك نیشانە کراوە)**

### لە نێوان دوو بەشدا (بين الصلب والترائب)

هەر لەو ئایەتە پیرۆزەی پێشتردا﴿ فَلْيَنظُرِ الْإِنسَانُ مِمَّ خُلِقَ ﴿٥﴾ خُلِقَ مِن مَّاءٍ دَافِقٍ ﴿٦﴾ يَخْرُجُ مِن بَيْنِ الصُّلْبِ وَالتَّرَائِبِ ﴿٧﴾ ﴾ لەبارەی بەشی دووەمی ئەم ئایەتە پیرۆزەوە زانایان دوو ڕایان هەیە هەندێکیان دەڵێن کە مەبەستی لە مرۆڤە بەگشتی کە لە نێوان (الصلب والترائب) دا دروست دەبێت، هەندێکی تریان دەڵێن کە مەبەستی ئەو ئاوەیە کە مرۆڤی لێوە دروست دەبێت، بەو پێیە لەم ئایەتە پیرۆزەدا موعجیزەیەکی تر هەیە کە دەفەرموێت: مرۆڤ لە بەشێک ئاوی دەرپەڕیووەوە دروست دەبێت کە ئەم ئاوە لەچەند ئەندامێکەوە دەردەچێت کەئەم ئەندامانە سەرەتا لەنێوان (الصلب و الترائب) دا دروست دەبن، لە فەرهەنگەکانی زمانی عەرەبیدا (الصلب) بەمانای بڕبڕەی پشت (العمود الفقري)دێت و (الترائب) واتە: ئێسکەکانی پێشەوەی سنگی مرۆڤ (عظام الصدر الأمامي مما يلي الترقوتين) واتە پەراسووەکان، کەواتە ئایەتەکە دەفەرموێت کۆئەندامی زاوزێی پیاو و

ئافرەت سەرەتا لەنێوان بڕبڕەی پشت و ئێسکەکانی سنگدا دروست دەبن، زانستی ئەمڕۆ دۆزیویەتەوە کە لە کۆرپەلەدا ئەو خانانەی هێلکەدانەکان لە ئافرەتدا و گون لە پیاودا دروست دەکەن سەرەتا لە ناوچەی ناوەڕاست یان (Mesoderm) وە لەکۆرپەلەدا جیا دەبنەوە و دروست دەبن لەگەڵ ئەو خانانەی کە گورچیلەکان دروست دەکەن لە داهاتوودا، کە دەکەونە نێوان بەشی سەرەوە Ectoderm کەبڕبڕەی پشت و دەمارەپەتک دروست دەکات و بەشی خوارەوە Endoderm کە لە داهاتوودا ئێسکەکانی قەفەزی سنگ (پەراسووەکان) دروست دەکات. (بڕوانە وێنەی ژمارە١٢)




وێنەی ژمارە (١٢)
هێلکاریی هەر ٣ بەشی پێکهێنەری کۆرپەلە دەردەخات کە بەشی ناوەڕاست (وەك نیشانە کراوە) دەکەوێتە نێوان بەشی سـەرەوە و خـوارەوە

لەگەڵ بەرەوپێش چوونی دروست بوونی کۆرپەلەدا ئەندامەکانی زاووزێی مرۆڤ (هێلکەدانەکان لە ئافرەتدا و گونەکان لە پیاودا) کە وەک ووتمان سەرەتا لەگەڵ گورچیلەکانن لە نزیکی پشتی مرۆڤدا، کە پاشان دێنە خوارەوە بۆ شوێنی ئاسایی خۆیان، و ئەوەی ئەم ڕاستییەمان بۆ دەسەلمێنێت ئەوەیە کە هێلکەدانەکان و گونەکان و گورچیلەکانیش ڕاستەو خۆ لە لایەن خوێنبەری گەورەوە Aortic Artery خوێنیان بۆ دەچێت، و لەلایەن دەماری دەیەمی سنگ لە مێشکەوە دەماریان بۆ دەچێت، کە هەموو ئەم دەمار و خوێنبەرانە لە ناوچەی ناوەڕاست لەنێوان بڕبڕەی پشت و قەفەزی سنگدا شوێنی خۆیان وەردەگرن، هەروەها لە ئایەتێکی تریشدا ئاماژەیەک بۆ ئەم ڕاستییە هاتووە کە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَإِذْ أَخَذَ رَبُّكَ مِنۢ بَنِىٓ ءَادَمَ مِن ظُهُورِهِمْ ذُرِّيَّتَهُمْ وَأَشْهَدَهُمْ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمْ أَلَسْتُ بِرَبِّكُمْ قَالُوا۟ بَلَىٰ شَهِدْنَآ ﴿١٧٢﴾﴾الأعراف، واتە: پەروەردگار پێشتر پێش دروست کردنی مرۆڤەکان لە پشتی باوکیان (واتە پێش دروست بوونی مرۆڤەکان بەگشتی کە پاشان لە پشتی باوک و دایکەوە دروست دەبن) پەیمانی لێوەرگرتن کە دان بەوەدا بنێن کە (الله) پەروەردگاریانە، ئەوانیش بەگشتی ووتیان بەڵێ پەیمان و شایەتی دەدەین، کە وابزانم ئاماژەیەکی ڕوونی تێدایە بۆ ئەوەی لە پشتەوە بنچینەی مرۆڤ و خانەکانی زاووزێیەتی.

کەواتە بەم شێوەیە ڕاستییە زانستییەکان و ئایەتەکانی قورئان یەکدەگرنەوە، کە هیچ سەیر نییە چونکە دروست کەری ئەم ڕاستییانە هەرئەوە کە قورئانی پیرۆزیشی بۆ ناردووین بە پێغەمبەردا (ﷺ): ﴿أَلَا يَعْلَمُ مَنْ خَلَقَ وَهُوَ ٱللَّطِيفُ ٱلْخَبِيرُ ﴿١٤﴾﴾الملك.

## ڕۆچوون و وونبوون لە منداڵداندا (غیض الأرحام)

خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿ٱللَّهُ يَعْلَمُ مَا تَحْمِلُ كُلُّ أُنثَىٰ وَمَا تَغِيضُ ٱلْأَرْحَامُ وَمَا تَزْدَادُ وَكُلُّ شَىْءٍ عِندَهُۥ بِمِقْدَارٍ ﴿٨﴾﴾ الرعد، واتە: پەروەردگار خۆی دەزانێت کە ئافرەت لەکاتی سکپڕیدا چی هەڵگرتووە؟ و ئەوانەش کە لە منداڵدانەکاندا ڕۆدەچن، وون دەبن و تیا دەچن، و هەموو شتێک لای ئەو بە ئەندازەیە و قەدەری بۆ دانراوە، هەروەها لە فەرموودەیەکی پێغەمبەردا (ﷺ) هاتووە کە فەرموویەتی: (ولا یعلم ماتغیض الأرحام إلا الله...) رواه البخاري، واتە: تەنها خودا خۆی دەزانێت ئەوانەی لە منداڵدانەکاندا ڕۆدەچن، وون دەبن و تیا دەچن چین؟!.

تۆ بڵێی ئەوانەی لەناو منداڵدانەکاندا ڕۆدەچن و وون دەبن چی بن؟!

سەرەتا بابزانین لە فەرهەنگەکانی زمانی عەرەبیدا (غیض) بە مانای چی هاتووە: ١- الغور خلال أو نفوذ السائل الی الأعماق، کغوران الماء في الأراضي.٢- النقصان، واتە: ١- ڕۆچوون، ڕۆچوونی شلەمەنی بەناو قووڵاییەکاندا وەکو ڕۆچوونی ئاو بەناو زەویدا.٢- کەمبوون.

ئەم فەرموودە پیرۆزانە قۆناغێکی پێشکەوتووی دروست بوونی کۆرپەلە باس دەکەن، هەر لەکاتی چوونە ژوورەوەی تۆو بۆ ناو منداڵدان تاوەکو ڕۆچوون و چوونە ناوەوەی نطفەی تێکەڵاو (النطفة الأمشاج)، ئایەتەکە باسی ڕۆچوون و کەمبوونەوە یان زیادبوونی شتێک یان هەردووکیان دەکات لەناو منداڵدانەکاندا کە زانیاری ئەم شتانە تەنها تایبەتە بە پەروەردگارەوە، و کاتێک هەردوو مانای غیض ببەستین بەیەکەوە بەڕوونی مەبەستی فەرموودە پیرۆزەکان ڕوون دەبنەوە.

بابزانین زانستی نوێی کۆرپەلەزانی ئەمڕۆ چی دەڵێت لەبارەی ئەم شتانەوە: سەلمێنراوە کە لە هەر کارێکی جنسیدا پیاو زیاد لە (٥٠٠) ملیۆن تۆوی دەبێت، کە تەنها یەک دانەیان هەلی ئەوەی هەیە کە ڕۆبچێت بەناو منداڵدانا و سەربکەوێت و سەفەرەکە تەواو بکات تادەگاتە هێلکەکە، و ئەو تۆوانەی تر کە دەمێننەوە تیادەچن و وون دەبن لەناو منداڵدان و بۆرییەکەیدا، کە تەنها خودای ڕاگری ئەم ووردەکارییە نەبێت کەسی تر نازانێت کە کام دانە لەم (٥٠٠) ملیۆن تۆوە ئەو هەلەی دەبێت! و تا ئێستا و هیچ کاتێک پێشکەوتنی زانستی ناگاتە ئەوەی کە ئەو دانەیە دیاری بکات کە لەناو منداڵدانا تیاناچێت و دەگاتە هێلکەکە، مەگەر تەنها ئەم کردارە لە دەرەوەی منداڵدان بەیەک تۆو و هێلکەیەک بکرێت، کەواتە لێرەوە هەردوو مانای (غیض الأرحام)مان لە تۆوی پیاودا بۆ دەرکەوت.

لە ئافرەتیشدا ئەو هێلکەیەی کە هەلی ئەم پیتاندنەی هەیە یەکێکە لە سەدان هەزار هێلکۆکە کە مانگانە لە هێلکەدانەکانەوە چالاک دەبن و تەنها یەکێک لە توورەکەکانی گراف (Grafian Follicles) لەوانی تر زیاتر گەشە دەکات و دەتەقێتە سەرەتای بۆری منداڵدان و سەردەکەوێت و هەلی ئەوەی هەیە کە لەگەڵ تۆوێکدا یەکبگرێت و هێلکەکانی تر دەپووکێنەوە و تیادەچن لەناو هێلکەدانەکاندا، هیچ کەسێک و هیچ تەکنۆلۆژیایەک ناتوانێت ئەو هێلکەیە دیاری بکات.

ئەگەر لە سەرەتای بۆری منداڵداندا تۆو نەبێت یان تۆوەکان چالاک و زیندوو نەبن و نەتوانن بگەنە شوێنی هێلکەکە ئەوا ئەو هێلکەیەش وون دەبێت و تیادەچێت و بەناو منداڵداندا ڕۆدەچێتە خوارەوە بۆ دەرەوە، کە لێرەشدا تەنها خوای گەورە نەبێت کەسی تر پێی نازانێت، ئەمەش بریتییە لە غیض لە هێلکەی ئافرەتدا.

هەروەها لەلایەکی ترەوە لەوانەیە پیتاندن ڕووبدات و هێلکەی پیتێنراو (Zygot) دروست ببێت بەڵام ئەم کۆرپەلەیە شکست بێنێت لەوەی کە خۆی بچێنێتە ناو دیواری منداڵدانەوە (Implantation) کە ئەم حاڵەتە هۆکاری زۆری هەیە و کەمێکی زانستی ئەمڕۆ زانیویەتی و زۆری تەنها پەروەردگار دەیزانێت کە سەرەنجام ئەو کۆرپەلەیە وون دەبێت و تیادەچێت و بە منداڵداندا ڕۆدەچێتە خوارەوە، هەروەها لەوانەیە ئەو کۆرپەلەیە خۆی بچێنێتە ناو دیواری منداڵدانەوە و لە قەبارەشدا گەورە ببێت بەڵام لەقۆناغێکی داهاتوودا تووشی لەبارچوون ببێت، و بەناو منداڵداندا ڕۆبچێتە دەرەوە، ووردەکاریی و داهاتووی کۆرپەلە تەنها خودا نەبێت کەس نایزانێت، دیارە زانستی پزیشکی هەندێک لە لەبارچوون و هۆکارەکانی زانیوە بەڵام هەموو ڕاستییەکانی تەنها لەلای پەروەردگارە کە تەنها ئەو پاشەڕۆژ، بەتایبەتی پاشەڕۆژی کۆرپەلە دەزانێت، کەواتە لەمانەی پێشەوە بۆمان دەرکەوت کە کرداری وونبوون، تیاچوون و ڕۆچوون بەناو منداڵدانەکاندا لەهەموو قۆناغەکانی گەشەکردنی کۆرپەلەدا هەلی ڕوودانی هەیە و تەنها پەروەردگار زانیاری تەواوی لەسەریان هەیە، کە ئەمانە هەمووی سەلمێنەری کرداری (غیض)ن وەکو چۆن لە فەرموودە پیرۆزەکاندا هاتووە، و هەموو ماناکانی بە ڕوونی دەرکەوتن.

لە کۆتاییدا ئەوەمان لەبیرنەچێت کە دیاری کردنی سیفاتی بۆماوەیی ئەم زیندەوەرە نوێیە کە لەسەر کرمۆسۆمەکان نووسراوە، تێکەڵاوی ئەم سیفاتانە لەدایک و باوکەوە و کام سیفەت زاڵ و کام سیفەت بەزیودەبێت ئەمانە هەمووی تەنها لەزانیاریی خوادایە و هیچ مرۆڤێک و هیچ تەکنۆلۆژیایەک لەم سەرەتایەدا ناتوانێت بزانێت، بۆ نموونە: ڕەنگی چاو، ڕەنگیپێست، ڕاددەی زیرەکی، سیفاتی ماسولکەکانی، توانای دەماری و شتەکانی تری کۆرپەلەکە چۆن دەردەچێت، هەرچەندێک زانست بەرەو پێش بچێت ناتوانێت پێشبینی بکات.

پاک و بێگەردی بۆ ئەو پەروەردگارەی کە کلیلی هەموو نهێنییەکان لەلای ئەوە و نموونەی بەرز تەنها بۆ ئەوە و گەورەترین و ووردەکارترین دروستکەرە.

## لە پوختەیەکەوە (السلالة)

خوای پەروەردگار دەفەرموێت: مرۆڤ لە (سلالة) وە دروست بووە: ﴿ٱلَّذِىٓ أَحْسَنَ كُلَّ شَىْءٍ خَلَقَهُۥ وَبَدَأَ خَلْقَ ٱلْإِنسَٰنِ مِن طِينٍ ﴿٧﴾ ثُمَّ جَعَلَ نَسْلَهُۥ مِن سُلَٰلَةٍ مِّن مَّآءٍ مَّهِينٍ ﴿٨﴾﴾السجدة، واتە: خوای پەروەردگار یەکەم جار مرۆڤی لە گڵ دروستکرد و پاشان نەوەکانی لە پوختەی ئاوێکی کەمەوە دروست دەکات، ووشەی (سلالة) لە فەرهەنگەکانی زمانی عەرەبیدا بە چەند مانایەک هاتووە لەوانە: ١- بمعنی الخلاصة. ٢- انتزاع الشيء واخراجه في رفق. ٣- السمکة الطویلة، واتە: ١- بەمانای پوختەیەک. ٢- بەمانای دەرپەڕاندن و دەرهێنانی شتێک بەهێمنی. ٣- بەمانای ماسییەکی درێژ، (الماء المهین) کە لێرەدا هاتووە مانای ئاوی

پیاوە، ئەگەر لەڕووی زانستییەوە سەیری بکەین مانای یەکەمی (سلالة) کە بریتییە لە پوختەیەک: لە ژمارەی پێشتردا باسمان کرد کە چۆن کۆرپەلەی مرۆڤ لە پوختەیەکی سیفاتەکانی دایک و باوکییەوە دروست دەبێت.

مانای دووەم و سێیەم: کە وەک باسمان کرد بەتایبەتی ئاوی پیاو دەگرێتەوە کە لەناو ئاوی پیاودا سپێرم هەیە، کە بەتەواوەتی ئەم مانایانەی بەسەردا دەچەسپێت، ئەگەر سەیری تۆو (سپێرمی) پیاو بکەین دەبینین کاتێک کە بە جوولەی خۆی لە منداڵدانی ئافرەتەوە دەچێتە ناو بۆری منداڵدان بۆ ئەوەی لەگەڵ هێلکەکەدا یەکبگرێت، سەرەتا ئەم سپێرمە دەردەهێنرێت بەهێمنی لەناو ئاوی پیاوەکەوە کە بەرگ و ڕووپۆشە پارێزەرەکەی لێدەبێتەوە و تەنها ناوکی سپێرمەکە دەردەپەڕێتە ناوهێلکەکەوە، و ئەگەر سەیری شکڵی دەرەوەی سپێرمەکە بکەین بەتەواوەتی لە ماسییەکی درێژ دەچێت. (بڕوانە وێنەی ژمارە ١٣)




وێنەی ژمارە (١٣)

چەند هێڵکارییەک کە شێوەکانی دەرەوەی گەشەکردنی سپێرم ڕووندەکاتەوە، کە لە کۆتاییدا لە ماسییەکی درێژ دەچێت

کەواتە مانای ئایەتەکەی قورئان و ئەو سیفاتانەی داویەتە پاڵ سپێرمی پیاو بە تەواوەتی لەڕووی زانستییەوە سەلمێنراوە، و هیچ بەرامبەرکێیەک لەنێوان ئایەتەکانی قورئان و زانستی نوێدا نییە.

لەکاتی کرداری پیتاندندا وەک باسکرا کاتێک سپێرمەکانی پیاو کە ژمارەیان بەسەدان ملیۆنە دەجولێن بەناو منداڵدان (Uterus) و بۆری منداڵداندا (Falupian tube) لە کۆتاییدا دەگەن بە هێلکەکە لەسەرەتای بۆری منداڵداندا، تەنها ژمارەیەکی کەمیان ئەم سەفەرە زۆر دوور و درێژە تەواو دەکەن و لەکۆتایی ئەم سیناریۆیەدا تەنها یەک تۆو شەرەفی ئەوەی دەبێت کە لە ڕووپۆشی خۆی دەربهێنرێت و بچێتە ناو هێلکەکەوە، پاشان یەکبگرن و هێلکەی پیتێنراو (زایگۆت Zygot) دروست بکەن کە یەکەم قۆناغی کۆرپەلەیە. (بڕوانە وێنەی ژمارە ١٤)




وێنەی ژمارە (١٤)

چەند وێنەیەکی هێلکەیەک کە بە سپێرم دەورەدراوە کە لە کۆتاییدا یەک دانەیان دەچێتەناوەوە

ڕاستەوخۆ پاش چوونە ناوەوەی ئەم تەنها سپێرمە دیواری ڕووپۆشی هێلکەکە چەند گۆڕانکارییەکی وای بەسەردا دێت کە دەبێتە هۆی ڕێگری لە سپێرمەکانی تر کە بچنە ناو هێلکەکەوە و هەموویان دەمرن بۆ ئەوەی نەبنە هۆی تێکدانی ئەم وردەکارییە سەرسوڕهێنەرە، ئەم ڕاستییە لە فەرموودەیەکی پیرۆزی پێغەمبەردا هاتووە، کە دەفەرموێت: لە هەموو ئاوی پیاوەکەوە کۆرپەلە دروست نابێت، بەڵکو تەنها لە بەشێکییەوەیە و ڕاستییە زانستییەکان بۆیان سەلماندین کە ئەم کردارە بریتییە لە هەڵبژاردنێکی تایبەتی و وەسفەکەی پێغەمبەر(ﷺ) زۆر بە وردیی ئەم ڕاستییەی باس کردووە: (ما من كل الماء يكون الولد) رواه مسلم، پاک و بێگەردیی بۆ پەروەردگاری ڕاگری ئەم وردەکارییە.

## (نطفة)ی تێکەڵاو (النطفة الأمشاج)

خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿إِنَّا خَلَقْنَا الْإِنسَانَ مِن نُّطْفَةٍ أَمْشَاجٍ (٢)﴾الإنسان، واتە: ئێمە مرۆڤمان لە تنۆکێک ئاوی تێکەڵاو (نگفه امشاج) دروست کردووە، مانای (نطفة) وەکو پێشتر باسمان کرد بریتییە لەئاوێکی کەم بەقەد تنۆکێک، و مانای امشاج وەکو لە فەرهەنگەکانی زمانی عەرەبیدا هاتووە بریتییە لە: قطرة مختلطة من مائين، واتە: تنۆکێک کە تێکەڵاوە لە دوو ئاو.

زانستی ئەمڕۆ ئەم ڕاستییەی بەئاشکرا بۆ سەلماندووین کە لە یەکگرتنی تۆوێک لە ئاوی پیاودا و هێلکەی ناو ئاوی ئافرەتدا هێلکەی پیتێنراو و پاشان کۆرپەلە دروست دەبێت، و بینراوە کە هێلکەی پیتێنراو سەرەتا شکڵی لە تنۆکێک ئاو دەچێت کە سەلمێنەری مانای ووشەی (نطفة)یە، بەڵام لێرەدا خاڵێکی گرنگ ئەوەیە کە ووشەی نگفە ناوێکی تاکە (اسم مفرد) بەڵام ووشەی (امشاج) کە ئاوەڵناوە (صفة)یە، ووشەیەکی کۆیە (اسم جمع)، هەمووشمان دەزانین کە لە ڕێزمانی زمانی عەرەبیدا پێویستە ئاوەڵناو (صفة) وەکو ووشەی وەسف کراو (موصوف) بێت لە حاڵەتی تاک و کۆدا (الصفة تابعة للموصوف في الإفراد والجمع)، کە لێرەدا ووشەی (نطفة)کەیە، زانایانی ڕاڤە (تفسیر) پێشتر بۆ ڕوون کردنەوەی ئەم حاڵەتە دەیان ووت: لەگەڵ ئەوەدا کە (نطفة) لێرەدا تاکە بەڵام لە مانای کۆدایە، بەڵام دەبینین لەڕۆژگاری ئەمڕۆ و لەگەڵ پێشکەوتنی زانستیدا بەتەواوەتی بۆمان دەرکەوتووە کە ئەم ووتەیە زۆر ڕاستە چونکە ئەو (نطفة)یە یەک زیندەوەرە، بەڵام لە تێکەڵاوێک لەخاناکانی زاووزێ پێک هاتووە، کە هەڵگری کۆمەڵێک سیفاتی جیاوازن لەدایک و باوکەوە. (بڕوانە وێنەی ژمارە ١٥)



وێنەی ژمارە (١٥)

وێنەیەکی ڕاستەقینەی سەرەتای قۆناغی ئاوی تێکەڵاو کە هێلکەی ئافرەت بە هەزاران سپێرمــــی پیاو دەورە دراوە

که بەردەوام لە گەشەکردن و دابەش بووندایە و تۆپەڵێک خانە دروست دەکات (Morula که دوایی دەبێت بە Blastocyst) و بەردەوام پارێزگاریی لە شێوەی دەرەوەی دەکات کە لە شێوەی تنۆکێک ئاودایە بەهۆی رووپۆشێکی ئەستوورەوە کە دەوری ئەو خانانەی داوە، هەروەها لەم قۆناغەشدا هەر ئەو ووشەی (نطفة أمشاج)ە بە تەواوەتی بەسەر کۆرپەلەدا دەچەسپێت، چونکە بەردەوام هەریەک زیندەوەرە بەڵام لە چەند پێکهاتەیەکی جیاواز پێکهاتووە کە بەراستی ئەم ناوە جوانترین و گونجاوترین ناوە بۆ وەسف کردنی کۆرپەلە لەو کاتەدا.

## دەرەنجامەکانی دروست بوونی (نطفة) ی تێکەڵاو (نطفة الأمشاج)

١ـ دروستبوون (الخلق):

که بریتی‌یە لە سەرەتای راستەقینەی پەیدابوونی مرۆڤ، چونکە لە ئەنجامی یەکگرتنی تۆوی پیاو کە ٢٣ کرۆمۆسۆمی تێدایە و هێلکەی ئافرەت کە ئەویش ٢٣کرۆمۆسۆمی تێدایە ژمارەی تەواوی کرمۆسۆمەکانی لەشی مرۆڤ دروست دەبێت، کە بریتی‌یە لە ٤٦ کرۆمۆسۆم و هەموو هەنگاوەکانی گەشەکردنی کۆرپەلە لە داهاتوودا لەسەر ئەم بناغە راستە سەرچاوە دەگرێت. (بڕوانە وێنەکانی ژمارە: ١٦ و ١٧)




**وێنەی ژمارە (١٦)**
**هێڵکاریی دروستبوونی تۆو و هێلکە**

٢ـ ئەندازە بۆدانان (التقدير و البرمجة الجينية):

دوای چەند سەعاتێکی کەم لەدروست بوونی خانەی یەکەمی کۆرپەلە کردارێکی تر دەست پێدەکات کە سەرەنجامەکەی بریتی‌یە لەئەندازە بۆدانان و دیاری کردنی سیفاتی داهاتووی کۆرپەلەکە، کە بریتی‌یە لە دەرکەوتنی سیفاتە زاڵەکان Dominant Characters و دەرنەکەوتنی سیفاتە بەزیوەکان Recessive Characters.

بەگەڕانەوە بۆ راستی‌یە زانستی‌یەکان بەتایبەتی زانستی بۆماوەزانی (علم الوراثة Genetics) ئەم بابەتەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە ئەم زانستە بۆی سەلماندووین کە لە زیندەوەرەکاندا دوو جۆر سیفات هەیە: سیفەتی زاڵ ئەوەیە کە ئەگەر تەنها لە یەکێک لە دایک یان لە باوکی زیندەوەرەکەوە بۆی بمێنێتەوە ئەوا بە مسۆگەری لە داهاتوودا لە کۆرپەلەکەدا دەردەکەوێت، بەڵام سیفەتی بەزیوو ئەوەیە کە ئەگەر لە دایک یان لە باوکی‌یەوە بەتەنها بۆی بمێنێتەوە ئەوا لە کۆرپەلەکەدا ئەو سیفەتە دەرناکەوێت، بەڵکو پێویستە ئەو سیفەتە بەزیوە لە هەردوو دایک و باوکەکەدا هەبێت، و بۆ منداڵەکەش بگوێزرێتەوە بۆ ئەوەی لە داهاتوودا لە کۆرپەلەکەدا دەرکەوێت.




**وێنەی ژمارە (١٧)**
**هێڵکاری یەکگرتنی تۆو و هێلکە کە دەبێتە هۆی درووستبوونی ژمارەی تەواوی کرۆمۆسۆمەکان لە کۆرپەلەدا**

پاک و بێگەردیی بۆ پەروەردگار و پێغەمبەرە بەڕێزەکەی، دەبینین ئەم راستی‌یە زانستی‌یە لە چەند فەرموودەیەکی پێغەمبەردا (ﷺ) هاتووە، ئەوەتا دەبینین کاتێک لە پەروەردگار دەپاڕایەوە دەیفەرموو: (متعنا اللهم بأسماعنا وأبصارنا وقواتنا أبدا ماأحييتنا، واجعله الوارث منا)، واتە: ئەی پەروەردگار خۆشیمان پێ ببەخشە بەگوێکانمان و بە چاوەکانمان و بەهێز و قووەتمان هەتا لەژیاندا ماوین، و کە مردین بیکە بەسیفەتێکی زاڵ بۆ نەوەکانی پاش خۆمان، بەڕاستی سەرسوڕهێنەرە کە دەفەرموێت (واجعله الوارث منا) و بە بکەر (اسم فاعل) هێناویەتی، کە مەبەستی ئەوەیە ئەو سیفەتانە خۆیان بکەر بن و سیفاتەکان بە دڵنیایی‌یەوە دروست بکەن لە داهاتوودا، کە ووتمان بەووشەی زانستی بۆماوەزانی ئەمڕۆ پێی دەڵێین سیفاتی زاڵ، هەروەها لە فەرموودەیەکی تردا هاتووە کە: (عن أبی هريرة رضي الله عنه قال: جاء رجل من بني فزارة الى النبى (ﷺ) فقال: إن امرأتي ولدت غلاما أسود! فقال النبي (ﷺ): وهل لك من إبل؟ قال: نعم، قال: فما ألوانها؟ قال:حمر، قال: هل فيها من أورق؟ قال: إن فيها لورقا، قال: فأني أتاها ذلك؟ قال: عسى أن يكون نزعه عرق، قال: وهذا عسى أن يكون نزعة عرق) رواه مسلم، واتە: پیاوێک لە تیرەیەکی عەرەبی‌یەوە هات بۆ لای پێغەمبەر و پێی ووت: خێزانەکەم منداڵێکی ڕەشی بووە کە من ڕەش نیم! پێغەمبەر فەرمووی: تۆ ووشترت هەیە؟ ئەویش ووتی: بەڵێ، پاشان پێی ووت: ڕەنگیان چۆنە؟ ئەویش ووتی: سوورن، ووتی: باشە سپی ڕەنگیان تێدانی‌یە؟ کابرا ووتی: بەڵێ سپی تێدایە، پێغەمبەر پێی ووت: ئەوە تۆ چۆن دەیبینیت؟کابرا ووتی: ئەوە ڕەگێکی پێشترە و بۆماوەیە، پێغەمبەریش فەرمووی: دەبزانە ئەوەی منداڵەکەشت هەر بریتی‌یە لە ڕەگێکی بۆماوەیی پێشترتان و بۆ ئەم ماوەتەوە.

ئەم فەرموودە پیرۆزە دوو ئاماژەی بۆماوەیی گرنگی تێدایە کە زۆر تازە دۆزراونەتەوە لەم رۆژگارەدا، کە ئەوانیش ئەوەیە کە: زۆر سیفەت هەیە کە بەزیوە و زۆر سیفەتی تریش هەیە کە لە وەچەیەکدا دەردەکەوێت بەڵام پاشان چەند وەچەیەکی تر دەپەڕێنێت و لە وەچەکانی داهاتوودا دەردەکەوێت، بەڕاستی پێغەمبەر (ﷺ) لە خۆیەوە قسەی نەکردووە.

لەمەی پێشترەوە گەیشتینە ئەو راستی‌یەی کە ئەندازە بۆدانان لەکاتی ئەم قۆناغی (نطفة)ی تێکەڵاوەدا روودەدات، کە دەبینین ئەم راستی‌یە بەئاشکرا لە فەرموودەیەکی قورئاندا باس کراوە کە دەفەرموێت: ﴿ قُتِلَ ٱلْإِنسَٰنُ مَآ أَكْفَرَهُۥ ﴿١٧﴾ مِنْ أَيِّ شَيْءٍ خَلَقَهُۥ ﴿١٨﴾ مِن نُّطْفَةٍ خَلَقَهُۥ فَقَدَّرَهُۥ ﴿١٩﴾ ﴾ عبس،

واتە: تیاچوون بۆ مرۆڤ بێت ئەوەندە بێباوەڕی دەکات، ئەی باشە ئەوە بۆ سەیر ناکات کە لە چی‌یەوە دروست بووە، ئەو سەرەتا لە تنۆکێک ئاوەوە دروستمان کرد کە پاشان ئەندازەمان بۆ دانا.

٣ـ دیاری کردنی ڕەگەز (تحدید الجنس):

هەروەها ئەمەش هەر بەشێکە لە ئەندازە بۆدانان کە لە قۆناغی (نطفة)ی تێکەڵاودا ڕوودەدات, ئەوەتا لە قورئاندا هاتووە کە: ﴿وَأَنَّهُۥ خَلَقَ ٱلزَّوۡجَيۡنِ ٱلذَّكَرَ وَٱلۡأُنثَىٰ ﴿٤٥﴾ مِن نُّطۡفَةٍ إِذَا تُمۡنَىٰ ﴿٤٦﴾﴾ النجم، واتە: پەروەردگار نێر و مێ لە (نطفة)ی پیاوەوە دروست دەکات کاتێک کە دەردەچێت و ئەندازەی بۆ دیاری دەکرێت (إذا تمنى: بمعنى حين تخرج أو حين تقدر)، کە زانستی نوێی ئەمڕۆ ئەم ڕاستی‌یەی بۆ سەلماندووین کە دیاری کردنی ڕەگەزی کۆرپەلە بەهۆی تۆوی پیاوەوە دەبێت.

## چاندن (الحرث)

لە ئایەتێکی قورئاندا هاتووە کە: ﴿نِسَآؤُكُمۡ حَرۡثٞ لَّكُمۡ فَأۡتُواْ حَرۡثَكُمۡ أَنَّىٰ شِئۡتُمۡ ﴿٢٢٣﴾﴾ البقرة، واتە: خێزانەکانتان شوێنی چاندنی ئێوەن، باشە تۆبڵێی بۆچی ئەم ئایەتە بە تایبەتی لە نێوان هەموو سیفاتەکانی ئافرەتدا باس لەوە دەکات کە ئافرەت شوێنی چاندنمانە.

لە بەشەکانی پێشتردا باسی ئەوەمان کرد کە چۆن دوای یەکگرتنی تۆو و هێلکە لە سەرەتای بۆری منالداندا و دروست بوونی هێلکەی پیتێنراو، کە پاشان ئەم کۆرپەلە نوێیە دەست دەکات بە جووڵاندن لەبۆری منالدانەوە بۆناو منالدان خۆی کە ووتمان ئەم قۆناغە قۆناغی ئاوی تێکەڵاوە (نطفة ألأمشاج).(بڕوانە وێنەی ژمارە ١٨)

با لێرەشدا کەمێک بوەستین و بیر بکەینەوە لەوە کەچۆن ئەم تۆو




**وێنەی ژمارە (١٨)**
**وێنەیەکی ڕاستەقینەی دەرئەنجامی ئاوی تێکەڵاو (کۆرپەلە) کە تۆپەڵێک خانەیە و لە دابەشبووندایە**

و هێلکەیە دەگەن بەیەکتری و یەکتری دەدۆزنەوە؟! پاشان چۆن ئەو کۆرپەلە تازە دروست بووە ڕێی خۆی دەدۆزێتەوە بۆ ناو منالدان؟! کە وەک ووتمان لەسەرەتای بۆری منالداندا دروست دەبێت.

زانایەکی کۆرپەلەزانی نموونەیەکمان بۆ دەهێنێتەوە بۆ ئەوەی لەم بابەتە تێبگەین کە بەیەک گەیشتنی تۆو و کۆرپەلە وەک ئەوە وایە کە کەسێک لە ئەمریکاوە لە ڕۆژئاوای گۆی زەوی و یەکێکی تریش لە یابانەوە لە ڕۆژهەڵاتی زەوی‌یەوە بنێرین بەپێ بڕۆن و بەچاو بەستراوی بۆ ئەوەی لە ناوەڕاستی زەوی‌دا لە شاری مەککە بەیەک بگەن؟؟!! کە لە ڕاستی‌دا ئەمە هەرگیز ڕوونادات و بەهیچ شێوەیەک ئەو دووانە بەیەک ناگەن، بەتەواوەتی ئەمە ئەوەیە کە لەگەڵ تۆو و هێلکەدا ڕوودەدات چونکە تیرەی هێلکە ٢٠٠مایکرۆن دەبێت (١مایکرۆمەتر = ١ لە ١٠٠٠بەشی میللیمەترێک)، و تیرەی (تۆو)یش لە چەند مایکرۆنێک تێناپەڕێت بەڵام تیرەی بۆری هێلکەدان ١سانتیمەتر و درێژی‌یەکەی ١٢سم دەبێت، واتە لە چاو تۆو و هێلکەدا درێژی‌یەکەی ٢٤٠هەزار جار گەورەترە! کە پێویستە تۆوەکان ٣/٢ی ئەم درێژی‌یە و هێلکەکە ٣/١ی ببڕێت بۆ ئەوەی بگەن بەیەکتری هەروەها هێلکەی پیتێنراویش کە لە یەکگرتنی ئەم دووانە دروست دەبێت، تیرەی ئەمیش لە چەند مایکرۆنێک تێناپەڕێت، پێویستە ئەم ماوە دوورودرێژە لەچاو خۆیدا ببڕێت بۆ ئەوەی بگاتە ناو منالدان کە شوێنی جێگیر بوونی‌یەتی. (بڕوانە وێنەی ژمارە: ١٩)




باشە کێ ڕێنومایی ئەمانە دەکات و ئاگای لێیانە بۆ ئەوەی هەریەکەیان بگەنە شوێنی مەبەستی خۆیان و ڕێیان لێ وون نەبێت؟! بێگومان دەبێت ئەو کەسە بێت کە هیچ شتێکی لێ وون نابێت و ڕێنوماییکەری هەموو دروست کراوەکانە کە خودای پەروەردگاری هەموو زیندەوەرەکانە، دەبینین ئەم ڕاستی‌یە لە ئایەتێکی قورئاندا هاتووە کە دەفەرموێت: ﴿مِن نُّطۡفَةٍ خَلَقَهُۥ فَقَدَّرَهُۥ ﴿١٩﴾ ثُمَّ ٱلسَّبِيلَ يَسَّرَهُۥ ﴿٢٠﴾﴾ عبس، واتە:پەروەردگار کە مرۆڤ لە (نطفة)یەکی ئەندازە بۆ دانراوەوە دروست دەکات پاشان ڕێ بۆ ئەم کۆرپەلەیە ئاسان دەکات کە بگاتە مەبەستی خۆی.

دوای چوونە ناوەوەی کۆرپەلەکە بۆ ناو منالدان ئەم قۆناغە تەواو دەبێت و قۆناغێکی تر دەست پێدەکات کە زانستی کۆرپەلەزانی بۆمان باس دەکات، کە ئەویش خۆهەڵواسینی کۆرپەلە سەرەتایی‌یەکە و چوونە ناوەوەیەتی بۆ ناو دیواری منالدانی ئافرەتەکە، واتە ئەگەر بەشێوەیەکی ووردتر باسی بکەین بریتی‌یە لە کرداری خۆچاندنی کۆرپەلەکە بۆ ناو دیواری منالدان کە ئەم کردارە بەهۆی چەند خانەیەکی تایبەتی‌یەوە دەبێت لە کۆرپەلەکە خۆیەوە.

لەمە سەرسوڕهێنەتر ئەوەیە کەزانایانی کۆرپەلەزانی ئەمڕۆ هەمان ناوی قورئانیان لەم کردارە ناوە کە ئەویش ئەوەیە پێی دەڵێن: (Implantation) واتە چوونە ناوەوە و خۆچاندنی کۆرپەلە، کە وەرگێڕانی بۆ زمانی عەرەبی لە فەرهەنگەکانەوە دەبێت بە ووشەی (حرث)!!! (بڕوانە وێنەی ژمارە: ٢٠)




وێنەی ژمارە (٢٠)، ٢هێڵکاری چۆنێتی جوولآنی کۆرپەلە بۆ ناو مناڵدان و پاشان چوونە ناوەوەی بۆ ناو دیواری مناڵدان

## مناڵدان باشترین شوێنی جێگیربوونە (القرار المكين)

قورئانی پیرۆز وەسفی مناڵدانی کردووە بە: ﴿ثُمَّ جَعَلۡنَٰهُ نُطۡفَةٗ فِي قَرَارٖ مَّكِينٖ ١٣﴾ المؤمنون، واتە: پاشان مرۆڤ تنۆکێک ئاو بووە کە لە شوێنێکی زۆر گونجاودا جێگیرمان کرد.

وشەی قرار (واتە: شوێنیجێگیربوون) لەو ئایەتە پیرۆزەدا ئاماژە بۆ پەیوەندیی نێوان کۆرپەلە و مناڵدان دەکات، چونکە مناڵدان شوێنی جێگیربوونی کۆرپەلەیە (مكان لأستقرار الجنين)، بەڵام وشەی مکین (واتە: دامەزراو) ئاماژەیە بۆ پەیوەندی نێوان مناڵدان و لەشی ئافرەت کە مناڵدان بەشێوەیەکی زۆر باش و تەواو لە لەشی ئافرەتدا دامەزراوە.

(بڕوانە وێنەی ژمارە: ٢١)




وێنەی ژمارە (٢١)
هێڵکاریی شوێنی دامەزراوی مناڵدان لە ناو لەشی ئافرەت دا (وەك نیشانە کراوە)

قورئانی پیرۆز وەسفی مناڵدانی ئافرەت (کە نطفەکەی تێدا جێگیر دەبێت) بەوە کردووە کە شوێنی جێگیربوونە (قرار)، کە زانستی نوێی ئەمڕۆ زۆر ووردەکاریی ئەم بابەتەی بۆ روون کردووینەتەوە، و بۆمان باس دەکات کە چۆن کۆرپەلە بۆماوەی نۆ مانگ لەناو مناڵداندا جێگیر دەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا کە لەشی مرۆڤ کاتێک هەر تەنێکی بێگانە بچێتە ناو لەشەوە بەرەنگاری دەبێتەوە و لەناوی دەبات بەڵام ئەم کۆرپەلەیە (کە تەنێکی بێگانەیە) دەگرێتەخۆ و بەخێویشی دەکات!!

مناڵدان بەچەندین ماسولکە دەورە دراوە کە کۆرپەلە دەپارێزێت، و لەهەمان کاتدا لەگەڵ گەشەکردنی کۆرپەلەدا قەبارەی مناڵدانیش گەورە دەبێت بۆئەوەی لەگەڵ قەبارەی کۆرپەلەدا بگونجێت، هەروەها بینراوە کە کۆرپەلە بە سێ بەرگ داپۆشراوە.

ئەوەی کە مایەی سەرسوڕمانە ئەوەیە کە لە قورئانی پیرۆزدا ئەم راستییەش باسکراوە کە دەفەرموێت: ﴿يَخۡلُقُكُمۡ فِي بُطُونِ أُمَّهَٰتِكُمۡ خَلۡقٗا مِّنۢ بَعۡدِ خَلۡقٖ فِي ظُلُمَٰتٖ ثَلَٰثٖ ٦﴾ الزمر، واتە: پەروەردگار ئێوە دروست دەکات لە سکی دایکانتاندا قۆناغ بەقۆناغ لەناو سێ تاریکیدا، ئەو سێ دیوار و رووپۆشەی کە دەوری کۆرپەلەی داوە زانستی نوێ بۆمان باس دەکات کە بریتین لە:

١ـ دیواری سک (Abdomenal Wall) کە لە پێست و ماسولکە و شانە بەستەرەکان پێک هاتووە. ٢ـ دیواری مناڵدان (Uterine Wall) کە لە ماسولکەی زۆر بەهێز پێک هاتووە. ٣ـ رووپۆشەکانی داپۆشەری کۆرپەلە خۆی (Chorionic Membrane) بەڵام لە راستیدا ئەمەی باسکرا ئیعجازی زانستی یەکەمی ئایەتەکەیە، ئیعجازی دووەم ئەوەیە کە زانایەکی فەرەنسی باسی کرد لە یەکێك لە کۆنگرە زانستییەکاندا کە ووتی: (ئێمە لە تاقیگاکانماندا کە خەریکی گەشەپێکردنی کۆرپەلە بووین لە دەرەوەی مناڵداندا، بینیمان کەکۆرپەلەکە پاش ماوەیەک لەناو دەفری تاقیکردنەوەکەدا دەوەستێت لە گەشەکردن لەگەڵ ئەوەشدا کە هەموو بارودۆخێکی گونجاوی بۆ دەرەخسێنین، کە لەدواییدا بۆمان دەرکەوت هۆکاری ئەم وەستانی گەشەکردنە بریتی بوو لە نەبوونی تاریکی کە زۆر پێویستە بۆ گەشەکردنی کۆرپەلەکە.

پێشتر بینیمان کە خوای پەروەردگار باسی سێ تاریکی دەکات نەک تەنها سێ دیوار کە وەک بۆمان دەرکەوت و زانستی نوێی ئەمڕۆش بۆی سەلماندین کە کۆرپەلە بەبێ ئەو سێ تاریکییە ناتوانێت گەشەبکات.

(بڕوانە وێنەی ژمارە: ٢٢)




وێنەی ژمارە (٢٢)
هێڵکاری جێگیربوون و گەشەکردنی کۆرپەلە لەناو مناڵدان لەناو ٣ تاریکیدا

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کەوەسفی قورئان مناڵدان بەوەی کە شوێنێکی گونجاوی جێگیربوونە (قرار) هەموو راستییە زانستییە دۆزراوەکانی لەخۆگرتووە و بەراستی وەسفێکی گونجاو و گشتگیرە.

وشەی دووەم کە قورئان وەسفی مناڵدانی پێکردووە بریتییە لە وشەی (مکین) واتە: بەهێز دامەزراو لەناو لەشی ئافرەتدا , بەگەڕانەوە بۆ زانستی توێکاری دەبینین شوێنی مناڵدان لە لەشی ئافرەتدا دامەزراوترین و پارێزراوترین شوێنە کە دەکەوێتە ناوەڕاستی حەوزەوە، و لە هەموو لایەکەوە بەئێسک دەورە دراوە کە وەکو سندوقێکی بەهێز چواردەوری داوە لەهەمان کاتدا بەچەندین ماسولکە و شانەی لکێنەری بەهێز جێگیربووە لەشوێنی خۆیدا، لەلایەکی تریشەوە لەپێش چوونە ناوەوەی کۆرپەلە بۆ ناو مناڵدان بەهۆی چەند هۆرمۆنێکی تایبەت لەئافرەتدا دیواری مناڵدان چەندین گۆڕانکاریی بەسەردا دێت و ئەستوورتر دەبێت بۆ ئەوەی وەکو دۆشەکێکی نەرم و نیان پێشوازی لە کۆرپەلەکە بکات!!.

ئەم ووشەیەش زۆر گونجاو و لەبارە بۆ وەسف کردنی باری مناڵدان لەناو لەشی ئافرەتدا، کەواتە لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە هەموو ئەو وەسفانەی قورئانی پیرۆز دەیکات هەمووی لەشوێنی خۆیدان و زۆرگونجاو و لەبارن و زۆر بەووردیی وەسفی کار و شوێنی مناڵدان دەکات، کە ئەوەی شارەزا و پسپۆڕنەبێت لەم بوارەدا بەتەواوەتی لێیان تێناگات.

بەراستی موعجیزەیەکی گەورەن بۆ یەکێک کە تێبگات: ﴿وَيَرَى ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡعِلۡمَ ٱلَّذِيٓ أُنزِلَ إِلَيۡكَ مِن رَّبِّكَ هُوَ ٱلۡحَقَّ وَيَهۡدِيٓ إِلَىٰ صِرَٰطِ ٱلۡعَزِيزِ ٱلۡحَمِيدِ ٦﴾ سبأ.

### سەرنجێک

قورئان و سوننەتی پیرۆز چەند زاراوە و (مصطلح)ێکیان بەکارهێناوە بۆ گەشەکردنی کۆرپەلە، کە سەرەتا قۆناغی یەکەمی تنۆکێک ئاوە (نطفة)یەکە لە دایک و باوکەوە، کە دوای یەکگرتنیشیان هەر شکڵی تنۆکێک ئاو وەردەگرێت، پێش یەکگرتنیان سپێرمی پیاو و هێلکەی ئافرەت دەردەپەڕن لە ئەندامەکانی زاووزێوە کە سەرەتا لەنێوان بڕبڕەی پشت و پەراسووەکاندا دروست دەبن، و زۆریان تووشی لەناو چوون و وون بوون دەبن و تەنها یەک سپێرمی پیاو رۆدەچێت و لەگەڵ

هێلکەکەدا یەکدەگرێت، کە ئەو سپێرمە پێش پیتاندن لە رووپۆشەکەی دەردەهێنرێت بەهێمنی کە خۆیشی لە شکڵی دەرەوەیدا لەماسی‌یەکی درێژ دەچێت، و وەک ووتمان تەنها یەک سپێرم چانسی ئەوەی هەیە کە لەگەڵ هێلکەکەدا یەکبگرێت و هێلکەی پیتێنراو دروست بکات، کە ئەمەش مانای (نطفة أمشاج) دەردەخات کە تێکەڵاوێکە لە هەردوو ئاوی پیاو و ئافرەت و سیفاتەکانی دایک و باووک، هەروەها قورئان بۆمان باس دەکات کە ئافرەت شوێنی چاندنمانە و چۆن کۆرپەلە خۆی دەچێنێتە ناو دیواری منداڵدانەوە، و ئەم منداڵدانە گونجاوترین و دامەزراوترین شوێنە بۆ گەشەکردنی کۆرپەلە.

لێرەوە دەبینین قورئان و سوننەتی پیرۆز پێش ١٤٠٠ساڵ لەمەوبەر بەشێوەیەک باس و وەسفی قۆناغەکانی کۆرپەلەی کردووە و چەند ناو و زاراوەیەکی بەکارهێناوە کە زۆر گونجاو و لەبارە و بەتەواوەتی وەسفی شکڵی دەرەوە و کردارەکانی ناوەوەی کۆرپەلە دەکات، و هەموو مەرجێکی ناولێنانی زانستی‌یان تێدایە.

دەمەوێ ئەوە بڵێم لەگەڵ بەرەوپێش چوونی لێکۆڵینەوەکان لەم بوارەدا و ئاشنابوونی زانایان بەقورئان و سوننەت دەگونجێ زانایانی کۆرپەلەزانی هەستن بەبەکارهێنانی ئەم زاراوە و (مصطلح)ە قورئانی‌یانە لەجیاتی ئەو زاراوانەی ئێستا لەزانستی کۆرپەلەزانی‌دا بەکاردێن، بەتایبەتی کە ئەم زاراوانەی قورئان ئەوپەڕی سادەییشیان تێدایە و هەموو کەسێک لێی تێدەگات.

ئەی مرۆڤ ئایا تۆ لەخۆت پرسیوە کە لەکوێوە هاتوویت؟ چۆن دروست بوویت؟ لەچی‌یەوە دروست بوویت؟ تۆ شتێکی زۆر بچووک و کەم بوویت پەروەردگار ئاوا پێی گەیاندیت ,کێ ئەو ئەندازەیە و ووردەکاریی‌یەی بەڕێوە برد تاوەکو تۆ چاوت بەدونیا هەڵهێنا، ئەی مرۆڤ بزانە کە تۆ هەرچەندێک خۆت بەگەورە بزانیت و پلەو پایەت بەرزبێتەوە تۆ سەرەتا تنۆکێک ئاو بوویت پەروەردگار کردتی بەو مرۆڤە و بیستن و بینین و هەموو هەستەکان و ئەندامەکانی تریشی پێبەخشیت، دەی بیرێک بکەرەوە و پابەندیی و ملکەچی خۆت بۆ خوای گەورە رابگەیەنە با لەو کەسانە نەبیت کە لەبارەیانەوە دەفەرموێت: ﴿ قُتِلَ ٱلْإِنسَٰنُ مَآ أَكْفَرَهُۥ ﴿١٧﴾ مِنْ أَىِّ شَىْءٍ خَلَقَهُۥ ﴿١٨﴾ مِن نُّطْفَةٍ خَلَقَهُۥ فَقَدَّرَهُۥ ﴿١٩﴾ ثُمَّ ٱلسَّبِيلَ يَسَّرَهُۥ ﴿٢٠﴾ ثُمَّ أَمَاتَهُۥ فَأَقْبَرَهُۥ ﴿٢١﴾ ثُمَّ إِذَا شَآءَ أَنشَرَهُۥ كَلَّا لَمَّا يَقْضِ مَآ أَمَرَهُۥ ﴿٢٣﴾ ﴾ عبس، ﴿ أَوَلَمْ يَرَ ٱلْإِنسَٰنُ أَنَّا خَلَقْنَٰهُ مِن نُّطْفَةٍ فَإِذَا هُوَ خَصِيمٌ مُّبِينٌ ﴿٧٧﴾ وَضَرَبَ لَنَا مَثَلًا وَنَسِىَ خَلْقَهُۥ ۖ قَالَ مَن يُحْىِ ٱلْعِظَٰمَ وَهِىَ رَمِيمٌ ﴿٧٨﴾ قُلْ يُحْيِيهَا ٱلَّذِىٓ أَنشَأَهَآ أَوَّلَ مَرَّةٍ ۖ وَهُوَ بِكُلِّ خَلْقٍ عَلِيمٌ ﴿٧٩﴾ ﴾ يس.

لێرەدا بە پێویستی دەزانم کە گفتووگۆی نێوان زانایەکی موسوڵمان کە (پرۆفیسۆر عبدالمجید الزندانی) سەرۆکی زانکۆی (الإيمان)ە لە ووڵاتی یەمەن و زانایەکی کۆرپەلەزانی رۆژئاوا کە (پرۆفیسۆر ج. س. جورنجر)ە مامۆستای تەشریح و کۆرپەلەزانی لە زانکۆی جورج تاون لە ووڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا باس بکەم سەبارەت بە قۆناغەکانی دروست بوونی کۆرپەلە لە قورئاندا، کاتێک الزندانی لە د.جورنجر ی پرسی کە ئایا تا ئێستا لە مێژووی کۆرپەلەزانی‌دا کەس هەبووە پێشتر باسی ئەوەی کردبێت کە کۆرپەلە بە قۆناغ لە سکی دایکیدا دروست دەبێت؟ ئەویش لە وەڵامدا ووتی: نەخێر، لە مێژووی کۆندا تەنها یۆنانی‌یەکان کەمێک گرنگی‌یان داوە بە باس کردنی دروست بوونی کۆرپەلە، بەڵام باس کردنی زانستی‌یانەی کۆرپەلە و جیاکردنەوەی رووداوەکانی دروست بوونی بۆ چەند قۆناغێکی جیاواز تەنها لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەمەوە دەستی پێکرد. پاشان زندانی ئەو فەرموودانەی قورئان و سوونەتی بۆ ئەم زانایە باس کرد کە لەبارەی قۆناغەکانی دروست بوونی کۆرپەلەوە دەدوێت و ئەو زاراوانەی کە قورئان بۆ قۆناغەکانی کۆرپەلە بەکاری هێناوە پێش ١٤٠٠ساڵ بۆ روون کردەوە، ئەوەبوو د.جورنجر ووتی: ئەمەی باست کرد بریتی‌یە لە وەسف کردنێکی زۆر وورد و هەمەلایەن بۆ قۆناغەکانی دروست بوونی کۆرپەلەی مرۆڤ کە دەگەڕێتەوە بۆ چەندین سەدە لەمەو پێش، پێش تۆمار کردنی زانستی‌یانەی ئەم قۆناغانە لەلایەن زانایانی کۆرپەلەزانی‌یەوە، کە ئەمە دەیسەلمێنێت ئەم ووتانە هی مرۆڤ نی‌یە بەڵکو هی دروستکەری مرۆڤە.

بەدرێژی لەبارەی قۆناغی یەکەمی دروست بوونی کۆرپەلەوە دواین کە قۆناغی (نطفة)یە، باسی ئەوەمان کرد کە چۆن لە هەموو ئاوی پیاو یان ئافرەتەوە کۆرپەلە دروست نابێت: (ما من كل الماء يكون الولد) حديث شريف، دیاریکردنی رەگەزی کۆرپەلە (کە ئایا نێر یان مێ دەردەچێت) بەهۆی تۆوی پیاوەوە دەبێت: ﴿ وَأَنَّهُۥ خَلَقَ ٱلزَّوْجَيْنِ ٱلذَّكَرَ وَٱلْأُنثَىٰ ﴿٤٥﴾ مِن نُّطْفَةٍ إِذَا تُمْنَىٰ ﴿٤٦﴾ ﴾ النجم، کۆرپەلەی مرۆڤ لە پوختەیەکەوە دروست دەبێت: ﴿ ٱلَّذِىٓ أَحْسَنَ كُلَّ شَىْءٍ خَلَقَهُۥ ۖ وَبَدَأَ خَلْقَ ٱلْإِنسَٰنِ مِن طِينٍ ﴿٧﴾ ثُمَّ جَعَلَ نَسْلَهُۥ مِن سُلَٰلَةٍ مِّن مَّآءٍ مَّهِينٍ ﴿٨﴾ ﴾ السجدة.

## دروست بوونی کۆرپەلەی مرۆڤ لە قۆناغی (العلقه)دا:

لە پاش گەیشتنی کۆرپەلەی مرۆڤ پاش گەشتە سەرسوڕهێنەرەکەی لە بۆری هێلکەدانەوە بۆ ناو منداڵدان قۆناغی (نطفة) تەواو دەبێت و ئەم قۆناغەی گەشەکردنی کۆرپەلە دەست پێدەکات کە قۆناغی (العلقة)یە. قورئانی پیرۆز دەفەرموێت: ﴿ وَلَقَدْ خَلَقْنَا ٱلْإِنسَٰنَ مِن سُلَٰلَةٍ مِّن طِينٍ ﴿١٢﴾ ثُمَّ جَعَلْنَٰهُ نُطْفَةً فِى قَرَارٍ مَّكِينٍ ﴿١٣﴾ ﴾ المؤمنون، لە (علق)، هەروەها لە ئایەتێکی تردا دەڵێت: ﴿ أَيَحْسَبُ ٱلْإِنسَٰنُ أَن يُتْرَكَ سُدًى ﴿٣٦﴾ أَلَمْ يَكُ نُطْفَةً مِّن مَّنِىٍّ يُمْنَىٰ ﴿٣٧﴾ ثُمَّ كَانَ عَلَقَةً فَخَلَقَ فَسَوَّىٰ ﴿٣٨﴾ ﴾ القيامة، واتە: ئایا مرۆڤ وا گومان دەبات کە هەروا بە جێبهێڵرێت و لێپرسینەوەی لەگەڵ نەکرێت لە دوارۆژدا، بۆ وا خۆی بە گەورە دەزانێت، ئەی بۆ ئەو بیرناکاتەوە و سەیر ناکات کە سەرەتا کە دروست بوو (نطفة) بوو کە بەشێکی لە ئاوی پیاوەوە بووە، پاشان بوو بە (علقة) کە دوایی دروست کراو رێک وپێک کرا.

لە فەرموودەیەکی پێغەمبەردا (ﷺ) هاتووە: عن ابن مسعود رضي الله عنه قال: قال رسول الله (ﷺ): (إن أحدكم يجمع خلقه في بطن أمه أربعين يوما، ثم يكون في ذلك علقة مثل ذلك، ثم يكون في ذلك مضغة مثل ذلك)، واتە: هەریەکێک لە ئێوە پەیدا بوونی ئەندامەکانی لەشی لە سکی دایکیدا لە چل رۆژدا تەواو دەبێت، کە هەر لەم چل رۆژەدا (علقة) دەبێت، کە پاشان هەر لەم چل رۆژەدا قۆناغی (المضغة) تەواو دەکات.

لە هەموو ئەو فەرموودە پیرۆزانەی سەرەوە ئاماژە بۆ ئەوە کراوە کە مرۆڤ لە قۆناغێکی سەرەتایی دروست بوونی‌دا (علقة) دەبێت، ووشەی (العلقة) لە فەرهەنگەکانی زمانی عەرەبی‌دا بەم مانایانە هاتووە:١ـ مشتقه من (علق) وهو: الإلتصاق القوي و التعلق بشيء ما. ٢ـ العلقة: دودة في الماء تمتص دم الحيوانات و تلتصق بها و تعيش في البرك و جمعها (العلق). ٣ـ والعلق: الدم عامة و الشديد الحمرة أو الغليظ أو الجامد. ٤ـ الدم الرطب. واتە:١ـ بە مانای خۆ نووساندن و خۆ هەڵواسین بە شتێکدا.٢ـ بەمانای جۆرە کرمێک دێت کە لە زۆنگاودا دەژی و خۆی دەنووسێنێت بە قوڕگی ئاژەڵەوە و خوێنی دەمژێت، شێوەی لەشی ئەم کرمە پارچە پارچەی بازنەیی‌یە. ٣ـ مانای علق: خوێن دەگەیەنێت بەگشتی، هەروەها خوێنی زۆر سوور، یان خوێنێکی ئەستوور، یان خوێنی وەستاو.٤ـ خوێنی گەش و تازە.

ووشەی (العلقة) لە قورئان دا بە ڕەهایی هاتووە کە ئەو مانایانەی سەرەوە هەمووی دەگرێتەوە، لێرەدا بابزانین زانستی کۆرپەلەزانی ئەمڕۆ چۆن وەسفی کۆرپەلە و باسی دروستبوونی دەکات لەم قۆناغەدا:

کاتێک کە کۆرپەلە دەگاتە ناو منداڵدانی ئافرەت یەکسەر خۆی دەنووسێنێت بە دیواری پشتەوەی منداڵدانەوە و لە بەر ئەوەی کە قەبارەی لەم قۆناغەدا زۆر بچووکە بە هەڵواسراویی دەردەکەوێت ئەگەر بە ووردبین سەیر بکرێت، ئەم کردارە لە رۆژی شەشەمی دروستبوونی کۆرپەلەدا روودەدات کە کۆرپەلەکە لە تۆپەڵێک خانە پێک دێت (Blastocyst)، ئەم خۆهەڵواسینەی کۆرپەلە بەهۆی چەند گەندە پێیەکەوە دەبێت کە لە دیواری دەرەوەی کۆرپەلەکەوە پەیدا دەبێت (بڕوانە وێنەی ژمارە: ٢٣).



وێنەی ژمارە (٢٣)
گەشتی کۆرپەلە لە بۆری منداڵدانەوە بۆ ناومنداڵدان و خۆهەڵواسینی بە دیواری منداڵدانەوە

وورده وورده کۆرپەلەکە بە هۆی ئەم گەندە پێیانەوە دیواری منداڵدان هەڵدەکۆڵێت تاوەکو بە تەواوەتی خۆی دەچێنێتە ناو دیواری منداڵدانەوە و پاشان ئەو شوێنەی لێوەی هاتووەتە ناو دیوارەکەوە بە تەواوەتی

دادەپۆشرێت لە دوایەوە (بڕوانە وێنەکانی ژمارە: ٢٤، ٢٥، ٢٦)، ئەم کردارە لە قورئانی پیرۆزدا زۆر بە جوانی باس کراوە کە پەروەردگار دەفەرموێت:﴿ نِسَآؤُكُمۡ حَرۡثٞ لَّكُمۡ ﴿٢٢٣﴾ ﴾ البقرة، واتە: ئافرەتانتان شوێنی چاندنی ئێوەیە. زانایانی کۆرپەلەزانی ئەمڕۆ هەمان ناویان لەم کردارە ناوە کە بریتی‌یە لە (Implantation)، بەڕاستی موعجیزەیەکی گەورەیە!!

ئەم کردارە تاوەکو خۆچاندنی تەواوی کۆرپەلە یەک هەفتەی پێ دەچێت، کە پاشان ئەو بەشەی کۆرپەلە کە دەنووسێت بە دیواری منالْدانەوە ئەندامێکی زۆر گرنگ دروست دەکات بۆ بەردەوام بوونی گەشە کردنی کۆرپەلەکە کە ئەویش وێڵاشە (المشيمة/ Placenta)، هەروەها گەندەپێکان ئەو بەشە لکێنەرە دروست دەکەن کە کۆرپەلە و وێڵاش بە یەکەوە دەبەستێت و کۆرپەلەکە بە هەڵواسراوی رادەگرێت لەناو منالْداندا، ئەو بەشەش کە لە شێوەی گوریسێکدایە پێی دەووترێت پەتی ناووک یان ناوکەپەتک (الحبل السري/Umbulical cord).

(بڕوانە وێنەکانی ژمارە: ٢٧،٢٨).




وێنەی ژمارە (٢٤)
هەڵکۆڵینی دیواری منالْدان لەلایەن کۆرپەلەوە




وێنەی ژمارە (٢٥)
دوو هێڵکاری چوونە ناوەوەی کۆرپەلە بۆ ناو دیواری منالْدان و داخرانی شوێنی چوونە ناوەکە




وێنەی ژمارە (٢٧)
دوو هێڵکاریی زۆر سەرەتایی کۆرپەلە کە وێڵاش و ناوکە پەتك لە سەرەتای دروستبووندان




وێنەی ژمارە (٢٦)
دوو وێنەی راستەقینەی ووردبینی ئەلیکترۆنی بۆ کرداری چوونە ناوەوەی کۆرپەلە بۆ ناو دیواری منالْدان



وێنەی ژمارە (٢٨)
چەند وێنەیەکی راستەقینەی کۆرپەلەیەکی سەرەتایی کە لەناو منالْداندا هەڵواسراوە

ئەم کردارەی کە لە رووی زانستی‌یەوە باسمان کرد بە تەواوەتی سەلمێنەری مانای یەکەمی (علقة)یە وەک لە قورئاندا هاتووە کە ئەویش بریتی‌یە لە خۆ نووساندن و خۆ هەڵواسین بە شتێکدا.

بابزانین زانستی کۆرپەلەزانی گۆڕانکاریی‌یەکانی تر چۆن باس دەکات؟ لەکاتی خۆ چاندنی کۆرپەلە بۆ ناو دیواری مناڵدان کردارێکی تر روودەدات کە ئەویش بریتی‌یە لە گۆڕانی شکڵی کۆرپەلەکە، کە شکڵی وورده وورده لە خڕیی‌یەوە بەرەو درێژکۆلەیی دەگۆڕێت تا شێوەی لە کرم دەچێت، و بە تایبەتی ئەگەر بەراوردی بکەین لەگەڵ ئەو شکڵەی کە قورئانی پیرۆز باسی کردووە کە ئەویش کرمی (العلق)ە دەبینین ١٠٠٪ لە یەک دەچن لە شێوە و قەبارەدا، تەنانەت شکڵی دەرەوەی کۆرپەلەکەش هەروەکو ئەو کرمە دەبێت وەکو پێشتر ووتمان پارچە پارچەی بازنەیی دەبێت، ئەم بازنانە بەهۆی پەیدابوونی چینی ناوەڕاست (Mesoderm) و سەرەتا دەمارییەکان لە لەشی کۆرپەلەکەدا کە تۆپەڵە لاشەیی‌یە بازنەیی‌یەکان Somites دروست دەکەن و لەشی کۆرپەلەکە پارچە پارچەی بازنەیی دەبێت (بڕوانە وێنەکانی ژمارە: ٢٩، ٣٠، ٣١).


وێنەی ژمارە ٢٩
دوو وێنەی راستەقینەی ووردبینی ئەلیکترۆنی کۆرپەلە لە سەرەتای قۆناغی (العلقة)دا



وێنەی ژمارە (٣٠)
هێڵکاری کۆرپەلەیەکی سەرەتایی، کە پارچە پارچەیی لاشەی روون دەکاتەوە



وێنەی ژمارە (٣١)
بەراوردێکی نێوان کرمی علق (سەرەوە) و کۆرپەلە (خوارەوە) کە ١٠٠٪ لەیەك دەچن

هەروەها کۆرپەلە لەو قۆناغەدا لە خوێنی دایکەکەوە خۆراک و ئۆکسجین دەمژێت و خۆی دەژێنێت بە تەواوەتی وەکو کرمی (علق) کە ووتمان ئەم کرمە بە هۆی مژینی خوێنی قوڕگی ئاژەڵەوە دەژی، هەروەها کۆرپەلە لەم کاتەدا بە شلەمەنی‌یەکی لینج دەورە دراوە هەروەکو کرم کە بەئاو دەورە دراوە، ئا لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە وەسف کردنی کۆرپەلە لەم قۆناغەدا بەوەی کە لە کرمی (علق) دەچێت وەکو قورئان دەڵێت گونجاوترین وەسف و باس کردنە، ئەمە بریتی بوو لە سەلماندنی زانستی‌یانەی مانای (علقة) هەروەکو لە قورئاندا هاتووە.

لێرەدا پێم خۆشە ووتەی زانایەکی کۆرپەلەزانی رۆژئاوا بێنم کە ئەویش (پرۆفیسۆر کیث مور)ە کە مامۆستای کۆرپەلەزانی چەند زانکۆیەکی (ئەمریکا و کەنەدا)یە کاتێک کە وەسفی قورئانی پیرۆزی بینی بۆ کۆرپەلە لەم قۆناغەدا بەوەی لە کرمی (علق) دەچێت ووتی: (کۆرپەلە لەم قۆناغەدا بە تەواوەتی لە شێوەی کرمی (علق)دایە و بە هەمان شێوەی ئەم کرمە بە دیواری مناڵدانەوە هەڵواسراوە) و سەرسوڕمانیی خۆی دەربڕی کاتێک کە بەراوردی شکڵی هەردووکیانی کرد (بڕوانە وێنەی ژمارە:٣١) و ووتی: (چۆن محمد پێش ١٤٠٠ ساڵ توانی ئاوا بەو شێوە وورده باسی قۆناغەکانی گەشە کردنی کۆرپەلە بکات کە زانایان ئەمڕۆ تەنها ٣٠ساڵ دەبێت گەیشتوونەتە ئەم راستی‌یانە، ئا ئەمە بۆم دەردەخات کە محمد نێردراوی خودایە و لە لایەن ئەوەوە ئەم زانیاری‌یانەی پێدراوە)، پاشان لەم زانایە پرسیار کرا: کەواتە تۆ باوەڕت بەوە هەیە کە قورئان لەلایەن خوداوە بۆ محمد نێردراوە، ئەویش ووتی: (هیچ قورسی‌یەک نابینم لە وەرگرتنی ئەم راستی‌یەدا)، ئەمە شایەتیی زانایەکی رۆژئاوایە نەک موسوڵمان لە سەر ئەوەی کە قورئان پەیامی خودایە: ﴿ وَيَرَى ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلْعِلْمَ ٱلَّذِيٓ أُنزِلَ إِلَيْكَ مِن رَّبِّكَ هُوَ ٱلْحَقَّ وَيَهْدِيٓ إِلَىٰ صِرَٰطِ ٱلْعَزِيزِ ٱلْحَمِيدِ ٦ ﴾ سبأ.

پاشان بابچینە نێو ووردەکاریی ماناکانی تری (علقة) وەکو لە قورئاندا هاتووە، سەبارەت بە مانای سێیەم کە بە مانای خوێنێکی زۆر سوور، وەستاو، پارچەیەک خوێنی ئەستوور دێت، زانایانی کۆرپەلەزانی دەڵێن: ئەگەر لە ژێر ووردبین دا سەیری کۆرپەلە بکەین لەم قۆناغەدا دەبینین شکڵی دەرەوە و ئەو توورەکانەی پێوەی نووساون لە پارچەیەک خوێنی مەییو (وەستاو)ی ئەستور دەچێت (بڕوانە وێنەی ژمارە: ٣٢)،



وێنەی ژمارە (٣٢)
هێلکاری ناوەوەی کۆرپەلە کە خوێن لە لەشیدا هێشتا وەستاوە

چونکە لەم کاتەدا دڵ، خوێن، لوولەکانی خوێن، و توورەکەکانی وێڵاش دروست دەبن بەڵام خوێنێکی وەستاوە چونکە سووڕی خوێن هێشتا دەستی پێنەکردووە کە تەنها دوای کۆتایی هەفتەی سێیەم دڵ دەکەوێتە لێدان و سووڕی خوێن دەست پێ‌دەکات، بەم شێوەیە بۆمان دەرکەوت کە کۆرپەلە لەم کاتەدا خوێنێکی ئەستووری وەستاوە بەڵام بابزانین کە خوێنێکی گەش و تازە دروست بووە لەگەڵ ئەوەشدا کە ناجووڵێت، ئەمەش مانای چوارەمی (علق) دەسەلمێنێت بە مانای خوێنێکی گەش و تازە.

ئەو ماوەیەی کە پێویستە بۆ ئەوەی کۆرپەلە لە قۆناغی (نطفة)وە ببێت بە (علقة) وەکو زانایانی کۆرپەلەزانی باسی دەکەن: کۆرپەلە بە هێواشی لە کاتی خۆچاندنی‌دا گەشە دەکات و دەگۆڕدرێت، کە ماوەی هەفتەیەک

دەخایەنێت لە سەرەتای خۆچاندنەوە تا دەبێت بە (علقة) تاوەکو لە ڕۆژی (١٤ یان ١٥) دا خۆی هەڵدەواسێت، دروست بوونی ناووکە پەتک نزیکەی ١٠ ڕۆژ دەخایەنێت کە دەبێتە هۆی هەڵواسینی کۆرپەلەکە لەناو منداڵداندا. ئەو ئاماژانەی لە قورئاندا هاتووە باسی هێواشی ئەم قۆناغە دەکات کە ئەمەش موعجیزەیەکە ترە، خوای پەروەردگار لە قورئاندا پیتی (ثم)ی بەکارهێناوە کە دەفەرموێت:﴿ ثُمَّ خَلَقْنَا ٱلنُّطْفَةَ عَلَقَةً ﴾کە لە زمانی عەرەبیدا بەکارهێنانی ئەم پیتە مانای هێواشی دەگەیەنێت لەو کردارەدا (التراخي)، کەواتە لەمانەی سەرەوە بۆمان دەرکەوت کە ئەو وەسفەی قورئان کردوویەتی بۆ کۆرپەلە لەم قۆناغەدا بە تەواوەتی پڕاوپڕی خۆیەتی و زانستی کۆرپەلەزانی هەمووی دەسەلمێنێت، تەنانەت ئەو ووشە و پیتانەشی بەکاری دەهێنێت ئەوپەڕی ووردەکاریی تێدایە، بەڵێ هەروا دەبێت چونکە خاوەنی قورئان هەر ئەوە کە دروستکەری مرۆڤە و ڕاگری ئەم ووردەکارییەیە:﴿ أَلَا يَعْلَمُ مَنْ خَلَقَ وَهُوَ ٱللَّطِيفُ ٱلْخَبِيرُ ﴿١٤﴾ ﴾الملک.

## دروست بوونی کۆرپەلەی مرۆڤ لە قۆناغی (المضغة) دا

کۆرپەلەی مرۆڤ لە ڕۆژانی (٢٣ و ٢٤)ی تەمەنیدا لە کۆتایی قۆناغی (العلقة)دا دەبێت، کە پاشان دەچێتە قۆناغێکی نوێوە کە قورئانی پیرۆز بە (مضغة) باسی کردووە، هەروەکو لەم ئایەتە پیرۆزانەدا هاتووە:

ـ ﴿ ثُمَّ خَلَقْنَا ٱلنُّطْفَةَ عَلَقَةً فَخَلَقْنَا ٱلْعَلَقَةَ مُضْغَةً ﴿١٤﴾ ﴾ المؤمنون، واتە: پاش ئەوەی کۆرپەلە دەبێت بە (علقة)، ئێمە یەکسەر دەیگۆڕین بۆ (مضغة)، هەروەها لە ئایەتێکی تردا هاتووە کە:﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِن كُنتُمْ فِي رَيْبٍ مِّنَ ٱلْبَعْثِ فَإِنَّا خَلَقْنَٰكُم مِّن تُرَابٍ ثُمَّ مِن نُّطْفَةٍ ثُمَّ مِنْ عَلَقَةٍ ثُمَّ مِن مُّضْغَةٍ مُّخَلَّقَةٍ وَغَيْرِ مُخَلَّقَةٍ لِّنُبَيِّنَ لَكُمْ ﴿٥﴾ ﴾الحج، واتە: ئەی خەڵکینە ئەگەر ئێوە گومانتان هەیە لە زیندوو بوونەوە ئەوا بۆ سەیری دەسەڵاتی ئەو خودایە ناکەن کە سەرەتاتانی لە گڵەوە دروست کرد پاشان نەوەکانی لە (نطفة)وە کە دەبێت بە (علقة) و دواتریش دەبێت بە (مضغة)، کە ئەم (مضغة)یە هەندێکی دروست بووە و هەندێکی تریشی دروست نەبووە کە ئێمە ئەمە بۆ ئێوە باس دەکەین تاوەکو بۆتان ڕوون ببێتەوە و باوەڕتان بە زیندوو بوونەوە بەهێز بێت.




وێنەی ژمارە (٣٣)
چەند هێڵکاریەکی کۆرپەلە لە قۆناغی گۆشتپارەدا

ووشەی (مضغة) لە زمانی عەرەبیدا بەم مانایایە دێت: ١ـ شيء لاكته الأسنان، ٢ـ مضغ الأمور يعني صغارها، ٣ـ المضغة فى حجم ما يمكن مضغه، واتە: ١ـ بەمانای شتێک کە دان جوییبێتی واتە پاروویەک هەر بۆیە لێرەوە دەتوانین بڵێین کە مانای کوردی (المضغة) بریتییە لە گۆشت پاروو یان گۆشتپارە، ٢ـ بەمانای شتێکی زۆر بچووک، ٣ـ هەروەها هەندێک لە ڕاڤەکارانی قورئان دەڵێن بە مانای شتێک دێت کە قەبارەکەی ئەوەندە بێت ددان بتوانێت بیجوێت، لە کاتی هەڵبژاردنی زاراوەیەک بۆ وەسف کردنی قۆناغێکی گەشە کردنی کۆرپەلە پێویستە ئەو زاراوەیە شکڵی دەرەوە و گۆڕانکارییەکانی ناو لەشی کۆرپەلەکە وەسف بکات بە ووردی کە دەبینین ووشەی (المضغة) هەموو ئەم سیفاتە زانستییانەی تێدایە وەک لە خوارەوە باسی دەکەین بە پێی ئەو ووردەکارییانەی کە زانایانی کۆرپەلەزانی ئەمڕۆ باسیان کردووە:

١ـ پەیدابوونی چەند تۆپەڵەیەکی لاشەیی (الفلقات/Somites) پاش قۆناغی (العلقة) لە پشتی کۆرپەلەکەوە (کە پاشان ئێسقان و گۆشتی کۆرپەلەکە لەمانەوە پەیدا دەبێت)، پەیدابوونی ئەم تۆپەڵانە کە ژمارەیان وورده وورده زۆر دەبێت شکڵی پاروویەک دەدات بە کۆرپەلەکە کە ددان جوییبێتی (بڕوانە وێنەکانی ژمارە: ٣٣، ٣٤، ٣٥)، و بەردوام شکڵی کۆرپەلە لەم قۆناغەدا بەخێرایی لە گۆڕاندایە بەڵام ئەو تۆپەڵە لاشەییانە هەر دەمێنن کە شکڵی بەردەوامی گۆشتپارە دەدات بە کۆرپەلەکە بە درێژایی ئەم قۆناغە.




وێنەی ژمارە (٣٤)
دوو وێنەی ڕاستەقینەی کۆرپەلە لە هەفتەی شەشەمدا کە بە تەواوەتی لە پاروو دەچێت

٢ـ شکڵی پاروو بەهۆی جووینەوە بەردەوام دەگۆڕێت لە ناو دەمدا، بەهەمان شێوەش شکڵی کۆرپەلە لەم قۆناغەدا بەهۆی پەیدابوونی لق و پارچە و هەڵئاوساوی و نووشتانەوەی بەردەوام هەمیشە لەگۆڕاندایە بە تەواوەتی وەکو پاروو لەکاتی جوییندا (بڕوانەوە وێنەی ژمارە: ٣٥).

٣ـ هەروەکو چۆن لە کاتی قووتدانی پاروو بۆ ناو قوڕگ پارووەکە شکڵێکی نیو بازنەیی (وەکو پیتیCی ئینگلیزی) وەردەگرێت بە هەمان شێوەش کۆرپەلە لەم قۆناغەدا بە تەواوەتی لە شکڵی پیتیCی ئینگلیزیدایە (بڕوانە وێنەی ژمارە: ٣٣)، ئەمەی لەسەرەوە باسمانکرد سەلمێنەری زانستییانەی مانای یەکەمی (مضغة)یە کە بە مانای گۆشتپارەیە.

٤ـ درێژی کۆرپەلە لە کۆتایی ئەم قۆناغەدا دەگاتە (١سم) واتە زۆر بچووکە، ئەمەش سەلمێنەری مانای دووەمی (مضغة)یە بە مانای شتێکی زۆر بچووک، کە لەم کاتەدا سەرەتاکانی هەموو ئەندامەکان دروستبوون بەڵام لە شێوەی چەکەرە و خونچەیەکدان کە لە قۆناغەکانی داهاتوودا ئەم ئەندامانە شکڵ و قەبارەی ئاسایی خۆیان وەردەگرن، کەواتە (مضغة) بچووکترین مرۆڤە کە سەرەتای هەموو ئەندامەکانی لەشی دروست بوون.

٥ـ مانای سێیەمی (مضغة) کە ڕاڤەکارانی قورئان باسیان کردووە، واتە بەمانای شتێک کە قەبارەکەی ئەوەندە بێت ددان بتوانێت بیجوێت، ئەم مانایە دەسەلمێت بەسەر قەبارەی کۆرپەلەدا چونکە وەک ووتمان زانایانی کۆرپەلەزانی دەڵێن: درێژی کۆرپەلە لەم قۆناغەدا (اسم) دەبێت، کە ئەمە بچووکترین شتە کە ددان بتوانێت بیجوێت، بەڵام لەقۆناغی پێشتردا واتە (العلقة) قەبارەی کۆرپەلە (٣,٥ملم) دەبێت کە ئەوەندە بچووکە ددان ناتوانێت بیجوێت، قۆناغی (المضغة) تاوەکو کۆتایی هەفتەی شەشەم دەخایەنێت.




وێنەی ژمارە (٣٥) – خوێنەری بەڕێز لە چەند وێنەیەکی ڕاستەقینەی کۆرپەلە بڕوانە لە کۆتایی هەفتەی هەشتەمدا کە چاڵەکانی پشتی و ئاوساوی و بەرز و نزمی لەشی بە تەواوەتی شکڵی گۆشتپارە (یان بنێشتێکی جووراوی)ی دەداتێ

لەسەرەتادا ئەو تۆپەڵە لاشەییانەی باسمانکرد جیانابنەوە بۆ دروست کردنی ئەندامەکان، بەڵکو لە دواییدا ئەم کردارە دەست پێدەکات کە دەبێتە هۆی دروست بوونی سەرەتای ئەندامەکان و خانە سەرەتاییە دروستکەرەکانی ئەندامەکانی لەش، کە هەندێک لەو ئەندامانە بە تەواوەتی لە قۆناغی (المضغة)دا دروست دەبن و ئەوانی تر لە قۆناغەکانی داهاتوودا دروست دەبن، واتە لە قۆناغی (المضغة)دا تەنها بەشێکی ئەندامەکان بە تەواوەتی دروستبوون و بەشەکەی تر هێشتا بە تەواوەتی دروست نەبوون، لێرەدا با بگەڕێینەوە بۆ ئەو ئایەتە پیرۆزەی پێشتر ئاماژەمان پێدا کە دەفەرموێت:﴿ مِنْ عَلَقَةٍ ثُمَّ مِن مُّضْغَةٍ مُّخَلَّقَةٍ وَغَيْرِ مُخَلَّقَةٍ لِّنُبَيِّنَ لَكُمْ ﴾، واتە: ئەو (مضغة)یە هەندێکی دروستبووە و هەندێکی تر هێشتا بە تەواوەتی دروست نەبووە، بەڕاستی ئاماژەیەکی سەرسوڕهێنەرە.!! دەی ئەگەر ئەمە فەرموودەی خودا نەبێت کێ دەیتوانی پێش ١٤٠٠ساڵ لەمەوبەر ئەم قسە دامەزراوانە بکات:﴿ قُلْ أَنزَلَهُ ٱلَّذِي يَعْلَمُ ٱلسِّرَّ فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ إِنَّهُۥ كَانَ غَفُورًا رَّحِيمًا ﴿٦﴾ ﴾الفرقان، ﴿ أَفَلَا يَتَدَبَّرُونَ ٱلْقُرْءَانَ وَلَوْ كَانَ مِنْ عِندِ غَيْرِ ٱللَّهِ لَوَجَدُوا۟ فِيهِ ٱخْتِلَٰفًا كَثِيرًا ﴿٨٢﴾ ﴾ النساء، ﴿ لَّا يَأْتِيهِ ٱلْبَٰطِلُ مِنۢ بَيْنِ يَدَيْهِ وَلَا مِنْ خَلْفِهِۦ تَنزِيلٌ مِّنْ حَكِيمٍ حَمِيدٍ ﴿٤٢﴾ ﴾ فصلت.

لە کۆتاییدا زۆر بە گرنگی دەزانم گفتووگۆیەکی تر باس بکەم لە نێوان (پرۆفیسۆر عبدالمجید الزندانی) و زانایەکی تری ناسراوی کۆرپەلەزانی رۆژگاری ئەمڕۆ کە ئەویش (پرۆفیسۆر د.مارشال جونسون)ە کە سەرۆکی بەشی توێکاری و مامۆستای توێکاری و کۆرپەلەزانییە لە زانکۆی (تۆماس جیفەرسون) لە وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، سەرەتا زندانی باسی ئاماژەکانی زانستی کۆرپەلەزانی و قۆناغەکانی لە قورئان و فەرموودەدا بۆ روون کردەوە، ئەویش هاواری کردوو ووتی: نەخێر، نەخێر، پاشان زندانی ووتی دکتۆر دابنیشە، ئەویش ووتی دانانیشم، ئەم قسانە چین تۆ دەیکەیت؟ زندانی دەڵێت: کاریگەریی ئەو قسانەم لەسەر بینی چونکە ئەو زانایەکی ناسراوە و دەزانێت کە پاش دۆزینەوەی ووردبین (مایکرۆسکۆب) لە دوای سەدەی حەڤدەیەمەوە وورده ووردە نهێنییەکانی زانستی کۆرپەلەزانی ئاشکرا بوون، بۆیە کاتێک روونمان کردەوە کە چۆن قورئان ئەم دروست بوونەی روون کردووەتەوە هەر دەیوت: نەخێر، نەخێر، تاوەکو ئەوەبوو قورئانێکم بۆ کردەوە و دەستم کرد بە پیشان دانی ئەو ئایەتە پیرۆزانەی کە ئەو ئاماژانەی تێدا هاتوون، ئەوەبوو ئەو زیاتر کاریگەر بو بەو ئایەتانەی باسی (مضغة) دەکەن و من ماناکەیم بۆ روون کردەوە، ئەوەبوو ووتی: قورئان لەو زاراوانەی هێناویەتی نەک تەنها گرنگی داوە بە شکڵی دەرەوەی کۆرپەلەکە لەو قۆناغەدا بەڵکو کردارەکانی ناو لەشیشی روون کردووەتەوە، کاتێک دەڵێت کە کۆرپەلە لە گۆشتپارە دەچێت زانست سەلماندوویەتی کە شکڵی دەرەوەی و تۆپەڵەکانی پشتی کە وەکو شوێنەواری ددانەکان وایە لەسەر پاروو، و چەمانەوەی و درێژییەکەی کە (١سم) دەبێت کە دەیبینیت پاروت بیر دەکەوێتەوە، هەروەها لەناو لەشی کۆرپەلەکەشدا هەندێک لە ئەندامەکانی دروستبوون و هەندێکی دروست نەبوون کە جوانترین وەسف وەسفی قورئانە کە دەڵێت: ﴿ ثُمَّ مِن مُّضۡغَةٍ مُّخَلَّقَةٍ وَغَيۡرِ مُخَلَّقَةٍ ﴾، پاشان زندانی ووتی ئەی ئێستا چۆن ئەم راستییانە لێک دەدەیتەوە؟ ئەویش ووتی: تەنها سێ گریمان هەیە: یەکەم ئەوەیە کە ئەمانە بە رێکەوت هاتبن، زندانی دەڵێت: ئەوەبوو ٢٥ دەقی قورئانمان بۆ هێنا و پێمان ووت: ئەمانە هەمووی رێکەوتە؟ پاشان قورئان ناوی لە قۆناغەکان ناوە وەکو (علقة) (مضغة) (عظام) و...هتد ئەمانە هەمووی چۆن بە رێکەوت دەبێت، ئەویش ووتی: بەڵێ رێکەوت نییە، پاشان ووتمان چیتر دەڵێیت، د.مارشال ووتی: دەبێت محمد چەندین مایکرۆسکۆبی زەبەلاحی هەبووبێت تا ئەو ووردەکارییانەی بینیبێت و بەو شێوەیە وەسفی کردبێت و پاشان ئەو ئامێرە پێشکەوتووانەی بۆ نەوەکانی دوای خۆی جێهێڵابێت، زندانی دەڵێت: هەر د.مارشال خۆی دەستی کرد بە پێکەنین و ووتی: من یەکەم مایکرۆسکۆبم بینیوە کە لە کۆتایی سەدەی حەڤدەیەمی زایینیدا دۆزراوەتەوە کە دەتوانێت تەنها دە جار شت گەورە بکات و وێنەکەشی زۆر لێڵە، کەواتە ئەم گریمانەش راست نییە، پاشان پرۆفیسۆر جۆنسون ووتی: تەنها ئەو گریمانە ماوە کە دان بنێین بەوەی کە ئەم قورئانە لە لایەن خوداوە هاتووە وە من وەکو زانایەک هیچ بەڵگەیەک نابینم کە ئەم راستییانەی محمد رەت بکاتەوە و دەبێت ئەم زانیارییانەی لە سەرچاوەیەکی بەرزتر لە مرۆڤەوە وەرگرتبێت، ئەمە یەکێکە لەو زانا سەر راستانەی کە یەکەم جار باوەڕی نەدەکرد بەڵام کاتێک کە راستییەکانی بۆ دەرکەوت بە تەواوەتی دانی پێدانا و ملکەچی بوو کە ئەمە خۆی لە خۆیدا بەڵێنێکی پەروەردگارە و لە رۆژگاری ئەمڕۆدا هاتووەتە دی وەک دەفەرموێت: ﴿ وَلَتَعۡلَمُنَّ نَبَأَهُۥ بَعۡدَ حِينِۭ ﴿٨٨﴾ ﴾ ص، ﴿ لِّكُلِّ نَبَإٖ مُّسۡتَقَرّٞۚ وَسَوۡفَ تَعۡلَمُونَ ﴿٦٧﴾ ﴾ الأنعام.

## قۆناغی دروست بوونی (گۆشت و ئێسک ـ العظام واللحم) لە کۆرپەلەی مرۆڤدا




قورئانی پیرۆز قۆناغەکانی دروست بوونی کۆرپەلەی مرۆڤی بەشێوازێکی روون وئاسان باس کردووە، هەر لەقۆناغی (النطفة)، (العلقة)، پاشان بۆ (المضغة) ودواتریش کۆرپەلە دەچێتە قۆناغێکی ترەوە کە بریتییە لە قۆناغی (دروست بوونی ئێسک) و پاشان داپۆشینی ئێسکەکان بەگۆشت (ماسولکە)، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ فَخَلَقۡنَا ٱلۡمُضۡغَةَ عِظَٰمٗا فَكَسَوۡنَا ٱلۡعِظَٰمَ لَحۡمٗا ﴾، واتە: ئێمە (مضغة)کەمان گۆڕی بۆ ئێسک وپاشان ئەو ئێسکەمان بە گۆشت داپۆشی، ئێمەش بە شێوازێکی سەردەمانە و بەپشت بەستن بە زاراوەکانی زانستی کۆرپەلەزانی نوێ دەچینە ناو بابەتەکەوە و بەکورتی باسیان دەکەین بۆ ئەوەی جارێکی تر هاوئاهەنگی قورئان و زانستی نوێ و ئیعجازی زانستی قورئان زیاتر بسەلمێنین.

### یەکەم: دروست بوونی ئێسک:

سەرچاوە نوێکانی زانستی کۆرپەلەزانی وەسێکی دوور و درێژی دروست بوونی ئێسکەکانی لەشی کۆرپەلەیان کردووە، بابزانین کە ئێسکەکان هەمووی لەیەک کاتدا پەیدا نابن و دروست بونیان تەواو نابێت، بەڵکو خشتەیەکی زەمەنی هەیە بۆ دروست بوونیان چونکە مرۆڤ بەردەوام لە گەشەکردن و گەورە بووندایە، یەکەم ئەو ئێسکانەی کە دروست بوونیان تەواو دەبێت ئێسکەکانی گوێی ناوەڕاستن (لەناو سکی دایکدا)، وە کۆتاییینیان سەنتەرەکانی گەشەکردنە (Epiphysial Plates) لە ئێسکە درێژەکانی پەلەکانی خوارەوە (لە تەمەنی ٢٠ساڵیدا یان زیاتر).




وێنەی ژمارە (٣٦) – سەرەتا ئێسکیەکانی لەشی کۆرپەلە

دەتوانین پەیدابوونی سەرەتاکانی ئێسکەکان واتە کرکراگەکان (Cartilages) بە هەفتەی حەوتەمی ژیانی کۆرپەلە دیاری بکەین، زانستی کۆرپەلەزانی بۆمان باس دەکات کە لەم کاتەوە شێوەی نارێکی گۆشت پارە (المضغة) (کە سیمای شێوەی مرۆڤی پێوە دیار نییە) ووردە ووردە بەهۆی دروست بوونی سەرەتاکانی ئێسکەکان شێوەی چوارچێوەی ئێسکی (الهيكل العظمي) لەشی مرۆڤ وەردەگرێت.

ئەم سەرەتا ئێسکییانەی کە دروست بوون لە بەشی ناوەڕاستی کۆرپەلەوە (Mesoderm) دروست دەبن کە چڕ دەبنەوە وچەند تۆپەڵە خانەیەک دروستدەکەن کە جیادەبنەوە و ئێسکە خانەی سەرەتایی دروست دەکەن کە ئەم خانانە بەدەور وبەری خۆیاندا ماددەیەک دەڕێژن کە پێک دێت لەماددەیەکی بەستەر و ووردە ووردە کانزاکان دەگرێتە خۆی (بە تایبەتی کالیسیۆم) و رەق دەبێت و ئێسک دروست دەکات، لێرەوە بۆمان دەرکەوت کە کۆئەندامی ئێسکی سەرەتایی کۆرپەلە لە کرکراگە پێک دێت و پاشان ئێسک جێی ئەم کرکراگانە دەگرێتەوە، چینێک لە شانەی بەستەر دەوری ئەم ئێسکە سەرەتاییانە دەدات کە پاشان رووپۆشی ئێسک (السمحاق Periosteum) دروست دەکەن کە وەک کۆگایەک وایە بۆ جێگرتنەوەی ئێسکەخانە لەناوچووەکان.

لەگەڵ ئەوەدا کە سەرەتا خانەکانی ئێسک و ماسولکەکان لەگەڵ یەکدا دروست دەبن بەتایبەتی لە تۆپەڵە لەشییەکاندا (الفلقات Somites) بەڵام لەدواییدا لەیەک جیادەبنەوە و پاش دروست بوونی ئێسکە سەرەتاییەکان ئینجا خانە ماسولکەییە سەرەتاییەکان بەناو لەشدا بڵاو دەبنەوە بۆ داپۆشینی چوارچێوەی ئێسکی سەرەتایی کۆرپەلە، کەئەمەش سەلمێنەری ئەو راستییە قورئانییەیە کە ئێسک پێش گۆشت (ماسولکە) دروست دەبێت.

ئێسکە درێژەکانی لەش لەو خانانای چینی ناوەڕاستەوە دروست دەبن کە چڕ دەبنەوە لە پەلەکاندا وئەم خانانانە وەک باسکرا پێکهێنەرەکانی دروست بوونی کرکراگە پاشان ئێسک دەڕێژن، لەئەنجامی ئەمەدا چوارچێوەیەکی کرکراگەیی دروست دەبێت کە شێوەی چوارچێوەی ئێسکی (الهيكل العظمي) وشێوەی تایبەتی مرۆڤ بە کۆرپەلە دەبەخشێت پاشان لەدەوری ئەم چوارچێوە کرکراگەییەدا زنجیرێک ئێسکە خانە دروست دەبێت وچواردەوریان دەدات، ووردە ووردە دەبێتە هۆی نەگەیشتنی خۆراک بۆ کرکراگەکان و دەمرن کە پاشان مۆخی ئێسقان لەمانەوە دروست دەبێت.

لەگەڵ ئەوەدا کە دروست بوونی ئێسکەکان لەلەشی کۆرپەلەدا لەیەک کاتدا نابێت و شانە ئێسکییەکان بەدوای یەکدا پەیدا دەبن بەڵام هەفتەی

حەوتەم بلاوبوونەوەی چوارچێوەی ئێسکی لەلەشی کۆرپەلەدا بەخۆیەوە دەبینێت، ئێسکەکانی پەلەکان وورده وورده لەناو پەلە سەرەتاییەکاندا لەگەڵ درێژ بوونیاندا گەشە دەکەن، سەرەتا ئێسکییەکان لە پەلەکانی خوارەوەدا لەهەفتەی حەوتەمدا پەیدا دەبن، لەسنگ وشەویلگەکاندا لە هەفتەی ٨و٩دا پەیدا دەبن.

پرۆسەی دروست بوونی ئێسک لە کۆرپەلەی مرۆڤدا لەم سەدانەی دواییدا زۆر بەباشی باس کراوە لەگەڵ بەرەو پێش چوونی زانستەکانی کۆرپەلەزانی و شانەزانی (علم الأنسجة Histology)، توانراوە زۆر بەووردی قۆناغەکانی نیشتنی کرکراگەکان و کانزاکان، خانە ئێسک دروست کەرەکان وخانە ئێسک شکێنەرەکان، لەگەڵ ئەوەدا کە خانە ماسولکەییە سەرەتاییەکان لەدەوری ئێسکە پێگەیشتووەکان هەن بەڵام وەک باسکرا جیابوونەوەیان وەک ریشاڵ وبەستەرەوەی ماسولکەیی کە ئێسکەکان دادەپۆشێت و گرێ دەدات لەپاش پەیدابوونی ئێسک لە چوارچێوە کرکراگەییەکەدا دەبێت.




وێنەی ژمارە (٣٧) — سەرەتا ئێسکیەکان لە کەللەی سەر و پەلەکاندا

## دووەم: زاراوەی ئێسک:

خوای گەورە دەفەرموێت:﴿فَخَلَقْنَا الْمُضْغَةَ عِظَامًا﴾، ئەم رستە قورئانییە بۆمان روون دەکاتەوە کە قۆناغی ئێسک دروست بوون پاش قۆناغی گۆشت پارە (مضغة) دێت و ئەم گۆشت پارەیە بناغەی چوارچێوەیی (هیکلی) بۆ دروست بووە، لە قورئانی پیرۆزدا چەند زاراوەیەکی دیاری کراو هاتووە بۆ وەسفی قۆناغە جیاجیاکانی گەشەکردنی کۆرپەلە کە زانستی نوێی ئەمڕۆ بەهۆی هۆکارە پێش کەوتووەکانییەوە سەلماندوویەتی کە شێوەی دەرەکی کۆرپەلە بەتەواوەتی ئەو زاراوانەی بەسەردا دەچەسپێت لەهەموو قۆناغەکاندا، بۆ نموونە:

کۆرپەلە لە (نطفة)وە دەبێت بە (علقة) کاتێک کە شێوەی تنۆکە ئاوییەکەی لەدەست دەدات، هەروەها لە (علقة)وە دەبێت بە (مضغة) کاتێک کە شێوەی پارچەیەک خوێنی وەستاوی هەڵواسراو لەدەست دەدات، ئەو قۆناغەی کەدوای ئەمانە دێت پێی دەووترێت قۆناغی ئێسک (العظام) چونکە کۆرپەلەکە لەشێوەی گۆشت پارەیەکی نارێک وپێکەوە شێوەیەکی ئێسکی رێک وپێک وەردەگرێت ئەویش بە بڵاوبوونەوەی چوارچێوەیەکی ئێسکی بەناو لەشیدا، پیتی (ف) لە ئایەتە پیرۆزەکەدا ئەوە دەگەیەنێت کە قۆناغی ئێسکی پاش ماوەیەکی کورت لەقۆناغی گۆشت پارەوە دەست پێدەکات کە زانستی کۆرپەلەزانی بۆمان باس دەکات کە قۆناغی (المضغة) بەردەوام دەبێت تاوەکو هەفتەی شەشەم ویەکسەر لەهەفتەی حەوتەمدا قۆناغی ئێسک دەست پێدەکات بەدروست بوونی چوارچێوەی کرکراگەیی کە شێوەی مرۆڤ دەدات بە کۆرپەلە.

سەبارەت بەم بابەتە فەرموودەیەکمان هەیە کە (حذیفة ابن أسید الغفاري) رەزای خوای لێبێت بۆمان دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی: (إذا مر بالنطفة ثنتان وأربعون ليلة، بعث الله إليها ملكا فصورها وخلق سمعها وبصرها وجلدها ولحمها وعظامها)أخرجه مسلم والطبراني وأبو داود، واتە: کاتێک کە (نطفة) دەگاتە ٤٢رۆژ پەروەردگار فریشتەیەکی بۆدەنێرێت بۆ ئەوەی شێوەی مرۆڤی پێبدات وبیستن وبینین وپێست وگۆشت وئێسکی بۆ دروست بکات.

بینراوە کە کۆرپەلە لەسەرەتای قۆناغی ئێسکدا شێوەی مرۆڤ وەردەگرێت کە جیای دەکاتەوە لە کۆرپەلەی زیندەوەرانی تر هەروەک چۆن فەرموودەکە ئاماژەی پێداوە بە ووشەی (فصورها: واتە شکڵ وشێوەی مرۆڤی پێدەدات)، زۆر گرانە پێش رۆژی ٤٢ی ژیانی کۆرپەلەیی (واتە هەفتەی حەوتەم) کۆرپەلەی مرۆڤ لە کۆرپەلەی زۆرێک لە زیندەوەرانی تر جیابکرێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا کە شێوەکەی زۆر تایبەتییە کە لەم کاتەدا خانە جیانەبووەکان دەست دەکەن بەجیاوازبوون بۆ ئەوەی خانەی تایبەتی و پاشان ئەندام و کۆئەندامە تایبەتەکان دروست بکەن و ئامادەی کەن بۆ ژیانی دەرەوەی منداڵان، لەم کاتەدا رووی دەرەوەی لەشی کۆرپەلە زیاتر تەخت دەبێت لەقۆناغی ئێسکدا وشێوەیەکی رێکتر وەردەگرێت لەم قۆناغەدا هەروەک پەروەردگار لە ئایەتێکدا ئاماژەی پێداوە کە دەفەرموێت:﴿الَّذِي خَلَقَكَ فَسَوَّاكَ فَعَدَلَكَ ﴿٧﴾﴾الانفطار، واتە: ئەو خودایەی کە دروستی کردوویت و دوایی لەشتی رێک و رەوان کردیت.




## سێیەم: دروست بوونی گۆشت (ماسولکەکان):

زۆربەی خانە سەرەتاییەکانی ماسولکەکانی کۆئەندامی جووڵە لە توێپەڵە لەشییەکاندا (الفلقات) دروست دەبن هەربۆیە ماسولکەکان بەشێوەی پارچە پارچە دروست دەبن، لەکۆتایی هەفتەی پێنجەم و سەرەتای هەفتەی شەشەمی گەشەی کۆرپەلەدا خانە سەرەتاییەکانی ماسولکە دوور دەکەونەوە لەناوچەی توێپەڵە لەشییەکان و بەناو لەشدا لەگەڵ خانە پێستییەکان بڵاو دەبنەوە، پاشان ئەم خانانە گەشە دەکەن وگەشەکەیان رووەو سک دەبێت بۆ پێک هێنانی پارچە ماسولکەییەکان، ئەم پارچە ماسولکەییانە دابەش دەبن بۆ دوو بەشی دەرەکی (Pimeric) وبەشی ناوەوە (Hypomeric)، بەشی دەرەکی لەداهاتوودا ماسولکەکانی پشت دروست دەکات وبەشی ناوەوە ماسولکەکانی دیواری سک وماسولکەی پەراسووەکان دروست دەکات.

خانە سەرەتاییەکانی ماسولکە یەکدەگرن وپێکهاتووی فرە ناوک دروست دەکەن کە شێوەی لوولەی ماسولکەیی (Myotubes) وەردەگرن، ئەم یەکگرتنانە بەردەوام دەبێت تاوەکو وورده وورده لەکۆتاییدا ریشاڵە ماسولکەییەکان (Myofilaments) دروست دەبن لەناو ئەم خانانەدا، لەسەرەتادا ئەم ریشاڵە ماسولکەییانە رێک نین بەڵام بەهێواشی ریز دەبن لە چەپکە ریشاڵی ماسولکەییدا وەک لە مرۆڤی ئاسایی پێگەیشتوودا دەبینرێت، پاشان ئەم خانە ماسولکەییانە وریشاڵەکانین دەبەسترێنەوە

بە رووپۆشی ئێسکە پێگەیشتووەکان ودایان دەپۆشن، ئەم کردارە لەکۆتایی هەفتەی حەوتەم وسەرەتای هەفتەی هەشتەمدا روودەدات وەک زانستی کۆرپەلەزای بۆمان باس دەکات کە دەتوانرێت بەئاشکرا ماسولکەکانی سەر ولەش وپەلەکان لەم کاتەدا ببینرێت وهەروەها لەم کاتەدا کۆرپەلە دەتوانێت چەند جوولەیەک بەپەلەکانی بکات.

پێش ١٤٠٠سالْ لەمەوبەر قورئانی پیرۆز پێش دەستی کردووە لەباس کردنی دروست بوونی ئێسک لە کۆرپەلەدا وپاشان داپۆشینی ئەم ئێسکانە بە گۆشت (ماسولکە) وەک پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿فَكَسَوْنَا ٱلْعِظَٰمَ لَحْمًا﴾ (١٤) المؤمنون، واتە: پاشان ئێسکەکانمان بە گۆشت داپۆشی، وەک باسمان کرد ڕیشاڵە ماسولکەییە پێک هاتووەکان خۆیان دەبەستنەوە بە ڕووپۆشی ئێسکەکان ئەویش بەهۆی گورزەیەکی شانەی بەستەرەوە (أوتار عضلية) کە زۆر بەتوندی ماسولکە وروپۆشەکانیان دەبەستێتەوە بە رووپۆشی ئێسکەکانەوە.

زانستی گەشەکردنی ژیان (علم الحياة النمائية) کە گرنگی دەدات بە زنجیرە کردارەکانی گەشەکردن بۆمان باس دەکات کە دەتوانین کرداری گەشەکردنی ئێسک وماسولکە بەزنجیرە رووداوێک کورت بکەینەوە بەم شێوەیە: (کاتێک کە ئێسکەکانی هەیکەلی لەش دروست دەبن چینە خانەی ناوەڕاستی کۆرپەلە کە ماسولکەکان دروست دەکەن دەست دەکەن بە کۆبوونەوە لەشێوەی تۆپەڵی لەشیدا لەپشت وسکدا کەپاشان ئەم ماسولکە دروست بووانە هەڵدەستن بە داپۆشینی ئێسکە دروست بووەکان)*.




## چوارەم: زاراوەی داپۆشین بەگۆشت:

ئێسکەکان و ماسولکەکان شێوەی ئاشکرا وناسراوی خۆیان وەرناگرن لە٤٠رۆژی یەکەمی کۆرپەلەدا بەڵکو لەهەفتەی حەوتەمدا ئەم شێوە ئاساییە وەردەگرن ولێرەوە کۆرپەلە بەئاشکرا پێوەی دیارە کە چووەتە قۆناغێکی ترەوە و پێکهاتەکەی لە قۆناغی پێشتری (المضغة) زۆر جیاوازە، دوای ئەمە قۆناغی داپۆشینی ئێسکەکان بە ماسولکە لەهەموو لاکانیانەوە دێتەپێش کە لێرەدا شێوەی مرۆڤانەی کۆرپەلە دەردەکەوێت و ئەندامەکانی لەشی ڕێک دەبن، پاشان کۆرپەلە دەست دەکات بەجووڵە

لەکۆتایی هەفتەی هەشتەمدا کە جیاکەرەوەیەکی تری ئەم قۆناغەیە، ئەم قۆناغی داپۆشین بە ماسولکە لە کۆتایی هەفتەی حەوتەم و سەرەتای هەفتەی هەشتەم دەست پێ‌دەکات کە یەکسەر لەدوای قۆناغی دروست بوونی ئێسکەوە دێت، هەربۆیە داڕشتە قورئانییەکە پیتی (فـ)ی بەکارهێناوە بۆ بەستنەوەی ئەم دوو قۆناغە کەمانای بەدوای یەکیدا دەگەیەنێت، هەروەها ئایەتە پیرۆزەکە ئاماژە بەوە دەدات کە قۆناغی داپۆشین بەگۆشت کۆتایی قۆناغێکی گەشەکردنی کۆرپەلەیە کە بەدوایدا قۆناغێکی تر دەست پێ‌دەکات کەقۆناغی کامڵ بوونە (النشأة) کە ماوەیەک دەخایەنێت هەربۆیە پیتی (ثم)ی بەکارهێناوە بۆ بەستنەوەی ئەم دوو قۆناغە کە مانای ڕێکخستن وماوە پێچوون دەگەیەنێت (الترتيب والتراخي)، هەموو ئەم مانای بەرز وئیعجازانە لەم ئایەتە پیرۆزەدا بەدی دەکەین: ﴿فَخَلَقْنَا ٱلْعَلَقَةَ مُضْغَةً فَخَلَقْنَا ٱلْمُضْغَةَ عِظَٰمًا فَكَسَوْنَا ٱلْعِظَٰمَ لَحْمًا ثُمَّ أَنشَأْنَٰهُ خَلْقًا ءَاخَرَ فَتَبَارَكَ ٱللَّهُ أَحْسَنُ ٱلْخَٰلِقِينَ﴾.




أنباء قرآنية معجزة من أعماق الأرحام

فخلقنا المضغة عظاما

العلم يكشف مدى الإعجاز في توافق المصطلح القرآني مع ما يجري في الجنين

لقد قطعت أحدث المراجع بمايلي: لايبدأ تكون العظام على نحو موحد في الجسم كله، ولكن تظهر سجة العظمية بالتعاقب، والأسبوع السابع من عمر الجنين يشهد مرحلة انتشار الهيكل العظمي، وتبدأ طلائع يا العضلات (اللحم) بالقرب من العظام النامية، إلا أن بدء تميزها لايتم إلا بعد بدء عمليات تكون العظام.
ما المطابقة الثانية: فإن طور العظام يعقب طور المضغة يقينا لأن الجنين لاياخذ شكل الهيكل العظمي إلا في هذا الطور.
ما المطابقة الثالثة: التحول من طور المضغة إلى العظام يكون بالغ السرعة. فبينما يستمر طور المضغة إلى بوع السادس إذا بطور العظام في الأسبوع السابع مباشرة. إنه حرف (الفاء) (فخلقنا) الدال على السرعة، فإذا رفت أن كل ماسبق من تغيرات معقدة يتم في جنين حجمه عشرة ملليمترات أدركت حجم المعجزة في هذا الخبر آني المعقد زمانا ومكانا. إنها شهادة العلم الدامغة للقرآن، يقول الله تعالى:

﴿لَّٰكِنِ ٱللَّهُ يَشْهَدُ بِمَآ أَنزَلَ إِلَيْكَ أَنزَلَهُۥ بِعِلْمِهِۦ وَٱلْمَلَٰٓئِكَةُ يَشْهَدُونَ وَكَفَىٰ بِٱللَّهِ شَهِيدًا﴾ (١٦٦)

[سورة النساء: ١٦٦]




معجزات القرآن من غيابات الأرحام

فكسونا العظام لحما

(عندما تتكون عظام الهيكل فإن الطبقة المتوسطة التي تتكون منها العضلات تبدأ في التجمع على هيئة كتل ظهرية أو بطنية، وتقوم بكساء أجزاء الهيكل العظمي المتكون)

Patten, Human Embriology, 3rd, EDP, 248, 1968.

تشير الآية الكريمة إلى أن مرحلة الكساء باللحم تكون في غاية الإلتصاق بمرحلة تكون العظام وذلك قوله تعالى (فكسونا العظام لحما) بحرف (الفاء) الدال على السرعة. ويلاحظ أن مصطلح (الكساء) يفيد تمام المزاوجة بين العظام واللحم (لاحظ الصورة وهي لانسان بالغ لتوضيح المعنى) كما تبين أنها تمثل نهاية لمرحلة تامة من مراحل نمو الجنين لتبدأ بعدها مرحلة أخرى في قوله تعالى (ثم أنشأناه خلقا آخر). كل هذا العلم في جنين حجمه لايزيد عن ثلاثين ملليمترا في نهاية الأسبوع السابع وخلال الأسبوع الثامن من الحمل.

قال الله تعالى: ﴿قُلْ كَفَىٰ بِٱللَّهِ بَيْنِى وَبَيْنَكُمْ شَهِيدًا يَعْلَمُ مَا فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ بِٱلْبَٰطِلِ وَكَفَرُوا۟ بِٱللَّهِ أُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْخَٰسِرُونَ﴾ (٥٢)

[سورة العنكبوت: ٥٢]

* Patten; Human Embryology, 3rd Edition, P 248.

## کورتەی باسی دروستبوونی ئێسک و گۆشت:

بەکارهێنانی هەردوو زاراوە ئێسک (العظام) وگۆشت (العضلات) زۆر بەئاشکرا سیمای سەرەکی کۆرپەلە دەردەخات لەهەردوو هەفتەی حەوتەم وهەشتەم بەدوای یەکدا، ئەم دوو هەفتەیە بەوە جیادەکرێنەوە کە ئێسک وماسولکەکانی تێدا دروست دەبن کە ناولێنانی ئەم دوو هەفتەیە بەم دووناوە زۆر گونجاوە و وەسفی کۆرپەلەی پێدەکرێت بەشێوەیەکی زۆر سادە وئاشکرا وزانستی‌یانە.

لەگەڵ ئەوەشدا کە (أرسطو) و هەندێک لە پێشینان باسی بۆچوونی زنجیرەیی‌یان کردووە لە دروست بوونی کۆرپەلەدا بەڵام ئەم تێبینی‌یانەیان پشتی بەستبوو بەوەسف کردنی کۆرپەلەی باڵندەکان کە یەک ناگرێتەوە لەگەڵ قۆناغە سەرەتاییەکانی دروست بوونی کۆرپەلەی مرۆڤ، تەنیا لەکۆتایی سەدەی نۆزدەیەمدا مرۆڤایەتی ئەو راستی‌یەی بۆ ئاشکرا بوو کەدروست بوونی منداڵ لەسکی دایکیدا بەچەندین قۆناغی جیاوازدا دەڕوات، لێرەوە مرۆڤ گەورەیی وموعجیزەی قورئانی پیرۆزی بۆ دەردەکەوێت کە دەبینێت یەکەم وەسفێکی تێر وتەواوی کۆرپەلەی تێدایە بەپێی قۆناغەکانی دروست بوون وزنجیرەکانی گەشەکردن وچەندین سەدە پێش ئەو زانیاری‌یانە کەوتووە کە زانستی نوێ لەرێی زۆرێک لەزانایان ولێکۆڵەرەوانەوە وبەهۆی بەکارهێنانی پێشکوتووترین و ووردترین ئامێری زانستی‌یەوە دەستی کەوتووە لەرۆژگاری ئەمڕۆماندا.

هەربۆیە ئەم ئایەتە پیرۆزانە بوونەتە مایەی سەرسوڕمانی زۆرێک لە زانایان وپسپۆڕانی سەردەم و وای لێکردوون کە باوەڕی تەواو بکەن بەوەی کە قورئان لەلایەن پەروەردگارەوە نێردراوە، یەکێک لەو زانایانە پرۆفیسۆر (کیث مور Keith Moore)ە کە مامۆستای زانستی کۆرپەلەزانی‌یە لەزانکۆکانی ئەمریکا وکەنەدا وخاوەنی بەناوبانگترین کتێبی کۆرپەلەزانی‌یە لەجیهاندا کاتێک ئەم ئایەتانەی بینی بەپرسیارەوە ووتی: پێغەمبەری ئێوە مرۆڤێکی سادە ونەخوێندەوار بووە، لەسەدەی حەوتەمی زاینی‌دا ژیاوە ومردووە، واتە لە کاتێکدا کە زانستی کۆرپەلەزانی هیچ بنەمایەک وتەنانەت ناویشی نەبووە، هەروەها هیچ جۆرە ووردبین (مایکرۆسکۆب)ێک نەبووە لەو کاتەدا تەنانەت زانستی رووناکیزانی (علم البصريات) هێشتا نەدۆزرابووەوە، باشە دەبێت لەکوێوە ئەم زانیاری‌یە سەرسوڕهێنەرانە فێربووبێت؟ دەبێت لەکوێوە یەکگرتنی تۆ وهێلکەی بینیبێت؟ بەچ هۆکارێک قۆناغەکانی گەشەکردنی کۆرپەلەی لەیەک جیاکردووە؟

یەکێک لەزانا موسوڵمانە تێگەیشتووەکان وەڵامی ئەم پرسیارەی پرۆفیسۆر موری دایەوە بەپرسیارێکی تر کە لێی پرسی: باشە بەڕای تۆ کێ مرۆڤی دروست کردووە؟ پرۆفیسۆر مور وەڵامی دایەوە: بێگومان خودایە ﴿ وَلَئِن سَأَلْتَهُم مَّنْ خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ لَيَقُولُنَّ اللَّهُ ﴿٣٨﴾ ﴾ الزمر، پاشان زانای موسوڵمان وەڵامی دایەوە: باشە ئەو خودایەی مرۆڤی دروست کردووە وریک وپێکی کردووە هەر ئەو شارەزا نی‌یە بەنهێنی‌یەکانی ئەم دروست کردنە و هەر ئەویش نی‌یە کە ئەم نهێنی‌یانەی باس کردووە لە کتێبەکەی‌دا کە قورئانە، پرۆفیسۆر موریش بەشێوەیەک کەراستی لەووتەکانی‌دا دیاربوو وەڵامی دایەوە: بەڵێ، پاشان ووتی: سوێندبێ بەخودا هیچ گومانێکم نی‌یە کە ئەم ووتانە و ئەم زانیاری‌یانە لەلایەن خوداوە هاتووە، هەروەها هیچ گومانێکم نی‌یە کە (محمد)یش نێردراو وپێغەمبەری خودایە، لەراستی‌دا ئەمە سەلمێنەری ئەو فەرموودەیەی خودایە: ﴿ وَيَرَى الَّذِينَ أُوتُوا الْعِلْمَ الَّذِي أُنزِلَ إِلَيْكَ مِن رَّبِّكَ هُوَ الْحَقَّ وَيَهْدِي إِلَىٰ صِرَاطِ الْعَزِيزِ الْحَمِيدِ ﴿٦﴾ ﴾.

قورئانی پیرۆز ئەوە بۆ ١٤سەدە زیاتر دەڕوات کە بەرامبەرکێی لەگەڵ بێباوەڕاندا راگەیاندووە، بەوەشەوە نەوەستاوە بەڵکو ئەم تەحەددایەی درێژە پێداوە تا مانەوەی مرۆڤ لەسەر زەوی‌دا و بەئاشکرا رایگەیاندوە: ﴿ قُل لَّئِنِ اجْتَمَعَتِ الْإِنسُ وَالْجِنُّ عَلَىٰ أَن يَأْتُوا بِمِثْلِ هَٰذَا الْقُرْآنِ لَا يَأْتُونَ بِمِثْلِهِ وَلَوْ كَانَ بَعْضُهُمْ لِبَعْضٍ ظَهِيرًا ﴿٨٨﴾ ﴾ الإسراء، ئەم بەرامبەرکێیە خۆی لەخۆی‌دا موعجیزەیەکی گەورەیە چونکە مرۆڤەکانی دەستەوسان کردووە لەوەی کە بتوانن وەڵامی بدەنەوە و دەیسەلمێنێت کە قورئانی پیرۆز زۆر لەسەرووی تواناکانی مرۆڤەکانەوەیە و یەکێک ئەم قورئانەی ناردووە کە بەدەسەڵات ترین و بەتواناترین کەسە و هەر ئەویشە کە دروست کەر و پەروەردگاری هەموو جیهانیانە.

ئیعجازی زانستی لە قورئان وسوننەتدا یەکێکە لەو تەحەددا گەورانە و سەلمێنەرە ئاشکرایانە بۆ راستی قورئان وسوننەتی پیرۆز، چونکە باس کردن و ئاماژە هێنان بۆ چەندین راستی سەلمێنراو و یاسای زانستی لەبوونەوەر و گەردووندا لەپێش ١٤٠٠ساڵ و دەرکەوتنی راستی ئەو فەرموودانە لەرۆژگاری ئەمڕۆدا گەورەیی ئیعجازی قورئان و سوننەت و بەرزیی سەرچاوەکەیان دەردەخات. یەکێک لەو ئاماژە و راستی‌یانەی کە لە زۆر شوێنی قورئان و سوننەتدا ئیشارەتی بۆ کراوە بریتی‌یە لە سەرچاوە و چۆنێتی دروست بوونی کۆرپەلەی مرۆڤ، کە لە رۆژگاری ئەمڕۆدا بە زانستی کۆرپەلەزانی (علم الأجنة - Embryology) ناسراوە، ئێمە لەم بابەتەدا هەوڵمانداوە باسی ئەو ئایەت و فەرموودە پیرۆزانەی پێغەمبەر (ﷺ) بکەین کە ئەو ئاماژانەی تێدایە و لایەنە زانستی‌یە سەلمێنەرەکانیشی لەچەند کتێبێکی زانستی کۆرپەلەزانی باوەڕپێکراوی چەند زانایەکی ناسراوی ئەم زانستە لە رۆژگاری ئەمڕۆماندا وەرگرتووە.




**باسی دروست بوونی کۆرپەلەی مرۆڤ لە قۆناغی (النشأة) دا**

کۆرپەلەی مرۆڤ لەکۆتایی هەفتەی هەشتەیەمدا خاسی‌یەتە جیاکەرەوەکانی مرۆڤی بۆ دروست دەبێت لێرەدا ئێسکەکان ماسولکە (گۆشت) و پێست داپۆشیون و هەموو ئەندامەکانی تریش بەم جۆرە بەئاشکرا پێک هاتوون و دەستیان بەکار کردووە.




**وێنەیەکی پێوانەیی بۆ گۆڕانکاریەکانی قەبارەی کۆرپەلە لەقۆناغی نەشئەدا تێبینی گەشەی خێرا بکە لە هەفتەی (١٢)ەوە بۆ کۆتایی سکپڕی**

قۆناغی گەشەکردن و پێکهاتنی تەواوەتی (النشأة) لە هەفتەی نۆیەمەوە دەست پێدەکات کە رێژەی گەشەکردنەکە هێواش دەبێت تا سەرەتای هەفتەی ١٢، لەم کاتەدا کۆرپەلەکە دەچێتە قۆناغێکی نوێی گەشەکردنی خێرا و گۆڕانکاری گەورە (بڕوانە شێوەی خوارەوە بۆ تێبینی کردنی رێژەی گەشەکردنی کێشی کۆرپەلەکە). قورئانی پیرۆز ئەم قۆناغەی لەم ئایەتانەدا باس کردووە: ﴿ ثُمَّ أَنشَأْنَاهُ خَلْقًا آخَرَ فَتَبَارَكَ اللَّهُ أَحْسَنُ الْخَالِقِينَ ﴾، واتە: دوایی پاش دروست بوونی ئێسک وگۆشت ئێمە گەشە بە کۆرپەلەکە دەدەین ودروست کراوێکی تەواوی تری لێدروست دەکەین، پاک وبێگەردی بۆ ئەو خودایەی کە باشترین دروست کەرە، لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێت ﴿ وَنُقِرُّ فِي الْأَرْحَامِ مَا نَشَاءُ إِلَىٰ أَجَلٍ مُّسَمًّى ثُمَّ نُخْرِجُكُمْ طِفْلًا ثُمَّ لِتَبْلُغُوا أَشُدَّكُمْ ﴿٥﴾ ﴾ الحج.

## پێناسەی زاراوەکە:

وشەی (نَشْأَه) لە کرداری (نَشَأَ)وە هاتووە و لە فەرهەنگەکانی زمانی عەرەبی‌دا چەند مانایەکی هەیەن لەوانە:

١- بمعنى (بَدَأَ)، واتە: بە مانای (دەستی پێکرد) دێت.
٢- بمعنى (نما)، واتە: بە مانای (گەشەی کرد) دێت.
٣- (إرْتَفَعَ ، رَبَا) بە مانای (بەرز بووەوە، سەرکەوت) دێت.

لەلایەن زانایانی تەفسیریشەوە ئەم ئایەتە پیرۆزە بەم دوو شێوەیە راڤە کراوە:

١- گەشەکردنی کۆرپەلە بۆ زیندەوەرێکی بینەر و بیسەر و قسەکەر.
٢- کردنی رۆح (گیان) بە بەری کۆرپەلەکەدا.

بۆ بەستنەوەی قۆناغی (النشأة) بە قۆناغەکانی پێش خۆی لە ئایەتەکەدا ئامرازی (ثُم) بەکارهاتووە، کە لە زمانی عەرەبی‌دا مانای ماوەیەک دەگەیەنێت لەنێوان ئەو دوو کردارەدا (التراخي)، واتە ئایەتەکە

دەفەرموێت: لەپاش قۆناغی داپۆشینی ئێسکەکان بە ماسولکە قۆناغی (النشأة) وورده وورده دەست پێدەکات و ماوەیەک دەخایەنێت. زانایانی کۆرپەلەزانی بۆمان باس دەکەن کە قۆناغی گەشەکردن (النشأة) لە هەفتەی نۆیەمەوە دەست پێدەکات، بەڵام وورده وورده و پاش ماوەیەک ئەم قۆناغە ئاشکرا دەبێت و تەنانەت گەشەی هەندێک لە ئەندامەکان لەدوای هەفتەی پانزەیەمەوە دەردەکەوێت و ئەم گەشەکردنانە تاوەکو کۆتایی سکپڕی دەخایەنێت (واتە تاوەکو هەفتەی٣٨)، لێرەدا جارێکی تر تێبڕوانە ئەو ئاماژە پڕ ئیعجازەی قورئان کە ئامرازی (ثم)ی بەکار هێناوە بۆ ئیشارەت دان بەو ماوە زۆرەی ئەم قۆناغە پێی دەچێت.

**خاسیەتەکانی قۆناغی (النشأة):**

١ـ گەشەکردنی ئەندام و کۆئەندامەکان:

قۆناغەکانی یەکەمی کۆرپەلە بەوە جیادەکرێتەوە کە: سەرەتای ئەندام و کۆئەندامەکانی تێدا پەیدا دەبێت، بەڵام قۆناغی کۆتایی بەوە جیادەکرێتەوە کە ئەم کۆئەندام و ئەندامانە گەشە پێدەکات و ئامادەیان دەکات بۆ هەستان بە کارە ئاساییەکانیان لە داهاتوودا، ئەمەش بریتیە لەو مانایەی کە موفەسیرەکانی قورئان ئاماژەیان پێداوە: (مرۆڤ دەبێتە زیندەوەرێکی بینەر و بیسەر و قسەکەر)، کۆتایی قۆناغی داپۆشینی ئێسکەکان بەماسولکە بریتییە لە جیاکەرەوەی قۆناغە سەرەتاییەکان لەگەڵ قۆناغی کۆتاییدا.

٢ـ کردنی ڕۆح (گیان) بە بەری کۆرپەلەکەدا:

فەرموودەکانی قورئان[1] و سوننەت[2] ئاماژە بەوە دەدەن کە ڕۆح دەکرێت بە بەری کۆرپەلەکەدا لەناو سکی دایکیدا، ئەمە مانای ئەوەیە کە ئەو ژیانەی پێش ڕۆح بە بەرا کردندا ژیانێکە لە جۆرێکی تر، زانایانی موسوڵمان ئەم ژیانەیان بە (ژیانی ڕووەکی ـ الحياة النباتية) ناو بردووە.

هەروەها ئەو فەرموودە پیرۆزانە ئاماژە بەوەش دەدەن کە (ڕۆح) لەش بەجێ دێڵێت لە کاتی نوستندا و بەئاگار بوونەوە دەگەڕێتەوە ناو لەش، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ٱللَّهُ يَتَوَفَّى ٱلۡأَنفُسَ حِينَ مَوۡتِهَا وَٱلَّتِي لَمۡ تَمُتۡ فِي مَنَامِهَاۖ فَيُمۡسِكُ ٱلَّتِي قَضَىٰ عَلَيۡهَا ٱلۡمَوۡتَ وَيُرۡسِلُ ٱلۡأُخۡرَىٰٓ إِلَىٰٓ أَجَلٖ مُّسَمًّىۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَٰتٖ لِّقَوۡمٖ يَتَفَكَّرُونَ ٤٢﴾الزمر٤٢، واتە: خوای پەروەردگار ڕۆح لەوکەسانە وەردەگرێتەوە کە دەمرن و ئەوانەش کە نەمردوون و نوستوون، ئەوانەی کە مردوون گیانەکانیان ناداتەوە بەڵام ئەوانەی نوستوون گیانەکانیان دەداتەوە تا کاتێکی دیاری کراو (تاوەکو ئەوانیش دەمرن)، هەروەها دەفەرموێت: ﴿وَهُوَ ٱلَّذِي يَتَوَفَّىٰكُم بِٱلَّيۡلِ وَيَعۡلَمُ مَا جَرَحۡتُم بِٱلنَّهَارِ ثُمَّ يَبۡعَثُكُمۡ فِيهِ لِيُقۡضَىٰٓ أَجَلٞ مُّسَمًّىۖ ثُمَّ إِلَيۡهِ مَرۡجِعُكُمۡ ثُمَّ يُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمۡ تَعۡمَلُونَ ٦٠﴾الأنعام٦٠، واتە: خوای پەروەردگارە کە شەوان ڕۆحەکانتان لێوەردەگرێتەوە و دەشزانێت بە ڕۆژ چیدەکەن، کە بەخەبەر دێنەوە ڕۆحەکانتان دەداتەوە تا کاتێکی دیاری کراو، پێغەمبەریش (ﷺ) لەکاتی بەخەبەر بوونەوەیدا دەیفەرموو: (الحمد لله الذي أحيانا بعد ما أماتنا و إليه النشور) رواه البخاري، واتە: سوپاس بۆ ئەو خودایەی کە زیندووی کردینەوە لەپاش مردنمان لەخەودا و گەڕانەوە هەر بۆ لای ئەوە، لێرەوە دەتوانین بڵێین کە دیاردەی نوستن بەڵگەیە لەسەر کردنی ڕۆح بە بەری کۆرپەلەکەدا.

پێویستە توێژینەوەی زیاتر بکرێت لەبارەی گەشەکردنی دەماری لە کۆرپەلەدا بۆ دیاری کردنی کاتی گەشەکردنی جۆرەکانی نوستنی کۆرپەلە، چونکە لەوانەیە بەهۆی ئەمەوە قۆناغی ڕۆح بە بەراکردن دیاری بکرێت، هەروەها کاتێک کۆرپەلە دەست دەکات بە جووڵەی خۆویست لەناو سکی دایکیدا دەتوانین ئەمەش وەکو بەڵگەیەک دانێین لەسەر بوونی ڕۆح لە کۆرپەلەکەدا.

٣ـ گۆڕانکاری لە پێوانەکانی لەشی کۆرپەلەکە و وەرگرتنی وێنەی کەسێتی (إكتساب الصورة الشخصية):

ئەم کردارانە بەو شێوەیە ڕوو دەدات کە ئەم ئایەتە باسی کردووە: ﴿ٱلَّذِي خَلَقَكَ فَسَوَّىٰكَ فَعَدَلَكَ ٧ فِيٓ أَيِّ صُورَةٖ مَّا شَآءَ رَكَّبَكَ ٨﴾الإنفطار ٧ـ٨، ووشەی (فَسَوَّىٰكَ) لە ئایەتەکەدا بە مانای (ڕێک کردنەوە و ڕاست کردنەوەی شتێک) دێت بۆ ئەوەی ئامادە بێت بۆ بەجێ هێنانی ئەرکەکانی، ووشەی (فَعَدَلَكَ) بەمانای (گۆڕینی شێوە و پێکهاتە بۆ پێکهێنانی شتێکی دیاری کراو) دێت، کرداری ڕێک بوونەوە (تسويه) وەک باسمان کرد لەکاتی قۆناغی دروست بوونی ئێسکدا دەبێت، بەکار هێنانی پیتی (فَـ) پێش ووشەی (عَدَلَك) مانای بەدوای یەکدا هاتنی ئەم کردارانە دەگەیەنێت، واتە ماناکەی بەم شێوەیەی لێدێت (لەدوای ڕێک بوونەوەی لەشی شێوەشی ڕێک دەکاتەوە)، ئەم مانایە ئایەتەکەی دوای بە تەواوەتی ڕوونی دەکاتەوە (فِيٓ أَيِّ صُورَةٖ مَّا شَآءَ رَكَّبَكَ) واتە: شێوەشت چۆن بیەوێت ئاوای لێدەکات.

زانایانی کۆرپەلەزانی بۆمان باس دەکەن کە لە قۆناغی (النشأة)دا پێوانەکانی لەش دەگۆڕێن و شێوەی دەم وچاو سیمای مرۆڤی بۆ دروست دەبێت، بۆ نموونە گوێکان لە ملەوە دەجوڵێن بۆ ئەم لاولای سەر، چاوەکان دێنە پێشەوەی دەم وچاو و پەلەکانی خوارەوە درێژ تر دەبن

بە بەراورد بە لەشی، ئەم کردارانە بە ڕێکبوونەوەی شێوە (تعديل) ناو دەبرێت، کەواتە بە کورتی ئایەتەکان ئەمە دەگەیەنن: (دوای دەست پێکردنی کرداری ڕێک بوونەوە (تسوية) ڕاستەوخۆ گۆڕانکاری بەسەر کۆرپەلەکەدا دێت و پێوانە ئاساییەکانی مرۆڤ وەردەگرێت (التعديل) و هەروەها وەرگرتنی وێنەی کەسێتی (الصورة الشخصية) ڕوو دەدات کە یەکسانە بە وەرگرتنی شێوەی مرۆڤ (التصوير)، ئەم کرداری ڕێک بوونەوە و شێوە وەرگرتنە تا کاتی لەدایک بوون و تەنانەت دوای لەدایک بوونیش بەردەوام دەبێت.



بڕوانە ڕێکبوونەوەی لەشی کۆرپەلە لە قۆناغی (نەشئە)دا کە قورئان بە زاراوەی (تعديل) دەریبڕیوە

٤ـ دیاری کردنی ڕەگەزی کۆرپەلەکە:

لە قورئانی پیرۆز و فەرموودەکانی پێغەمبەردا (ﷺ) سێ هەنگاو دیاری کراوە بۆ چۆنێتی گەشەکردنی سیفاتە جنسییەکان (نێر یان مێ):

هەنگاوی یەکەم: لە قۆناغی سەرەتاییدا (واتە دیاری کردنی ڕەگەز لە ڕووی بۆماوەییەوە لە قۆناغی النطفة)دا ڕوودەدات، ئەم بابەتە لە زنجیرەکانی پێشتردا بەدرێژی باس کراوە.

هەنگاوی دووەم: بریتییە لە جیابوونەوە و دروست بوونی ڕژێنەکانی زاووزێ (گونەکان لە نێرینەدا و هێلکەدانەکان لە مێینەدا)، ئەم کردارە لە قۆناغی داپۆشینی ئێسکەکان بە ماسولکە لە هەفتەی نۆیەمدا ڕوودەدات.

هەنگاوی سێیەم: بریتییە لە جیابوونەوە و دروست بوونی ئەندامە دەرەکییەکانی زاووزێ کە لە قۆناغی (النشأة)دا ڕوودەدات، لە فەرموودە یەکدا هاتووە:

عن حذيفة (رضي الله عنه) أن رسول الله (ﷺ) قال: (إذا مرَّ بالنطفة ثنتان وأربعون ليلة بعث الله إليها ملكا فصوَّرها، وخلق سمعها، وبصرها، وجلدها، ولحمها، وعظامها، ثم قال: يا رب أذكرٌ أم أنثى، فيقضي ربك ما شاء ويكتب الملك) رواه مسلم، واتە: کاتێک ٤٢ڕۆژ بەسەر کۆرپەلەکەدا دەڕوات، خوای گەورە فریشتەیەکی بۆ دەنێرێت شێوەی مرۆڤی دەداتێ و بیستن و بینین و پێست و گۆشت و ئێسقانی بۆ دروست دەکات، پاشان دەڵێت: خوایە نێرە یان مێیە، لێرەدا خوای گەورە چۆن ووستی بێت دیاری دەکات و فریشتەکە دەینووسێت.



وێنەی ڕاستەقینەی کۆرپەلە لە هەفتەی (١٢)دا لە قۆناغی نەشئەدا کە (چاو، گوێ، ویلاش) و ئەندامەکانی تری دروستبووە و وێنەی مرۆڤی وەرگرتووە

فەرموودەکە ئەوە دەگەیەنێت کە فریشتەکە مۆڵەت لە پەروەردگار وەردەگرێت کە ئایا کۆرپەلەکە بکات بە نێرینە یان مێینە ئەویش پاش دروست بوونی بیستن وبینین وگۆشت و ئێسک و پێست، خوای گەورەش مۆڵەتی دەدات، ئەم کردارەش بە دروست بوونی ئەندامە دەرەکی یەکانی زاووزێ دیاری دەکرێت و لێرەدا جیابوونەوەی ڕەگەزەکان تەواو دەبێت، ئەمە لە هەفتەی١٢دا ڕوودەدات، چونکە تا هەفتەی نۆیە میش ئەندامەکانی زاووزێی نێر ومێ لەیەک دەچن لەگەڵ ئەوەشدا کە هەر لەسەرەتاوە

---

١ـ خوای گەورە دەفەرموێت: (فَكَسَوۡنَا ٱلۡعِظَٰمَ لَحۡمٗا ثُمَّ أَنشَأۡنَٰهُ خَلۡقًا ءَاخَرَ)المؤمنون ١٤.

٢ـ ئیمامی موسلیم بۆمان دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: (إن أحدكم يجمع خلقه فى بطن أمه أربعين يوماً، ثم يكون في ذلك علقة مثل ذلك، ثم يكون في ذلك مضغة مثل ذلك، ثم يرسل الملك فينفخ فيه الروح و يؤمر بأربع كلمات: بكتب رزقه و أجله و عمله و شقي أو سعيد).

ڕەگەزی کۆرپەلەکە دیاری بووە بەهۆی جۆری کرۆمۆسۆمەکان.

**قۆناغ و بەشەکانی (النشأة):**

ئەمانەی خوارەوە دەگرێتەوە:

١ـ گەشەکردن بۆ دروست کراوێکی جیاواز (النشأة خلقاً آخَر):

ئەم قۆناغە لە هەفتەی نۆیەمەوە دەست پێدەکات و تا هەفتەی٢٢ دەخایەنێت، لە کۆرپەلەکەدا ئەم سیفاتانەی خوارەوە دەردەکەوێت:

اـ گەشەی خێرا: کۆرپەلە لەدوای قۆناغی ماسولکە (واتە هەفتەی نۆیەم) بەهێواشی گەشە دەکات تاوەکو هەفتەی دوانزەیەم، لێرەوە گەشەی کۆرپەلەکە زۆر خێرا دەبێت و لەماوەیەکی کەمدا بارستاییەکەی چەند جارە دەبێتەوە.

ب ـ گۆڕانی پێکهاتەی کۆرپەلەکە و گەشە کردنی ئەندامەکانی: پەیکەری ئێسکی کۆرپەلەکە لە پەیکەرێکی کرکراگەیی نەرمەوە دەگۆڕێت بۆ پەیکەرێکی ئێسکیی پتەو، لە هەفتەی دوانزەیەمدا سەنتەرەکانی بەئێسک بوون (مراكز التعظم Epiphysis) لە زوربەی ئێسکەکانی لەشدا دروست دەبێت و پەلەکان بەئاشکرا لە یەکتری جیادەکرێنەوە، دەتوانرێت نینۆک لەسەر پەنجەکانی ببینرێت، هەریەک لە سەر و لەش وپەلەکان قەبارەی ئاسایی خۆیان وەردەگرن بە تایبەتی لە نێوان هەفتەی نۆیەم و دوانزەیەم.

گەندەموو لەسەر پێست دەردەکەوێت و پێست خۆی دەبێت بەدوو چینی سەرەوە و خوارەوە (Dermis & Epidermis)، قەبارەی کۆرپەلەکە بەشێوەیەکی گشتی زۆر بەپەلە زیاد دەکات و دەتوانرێت بەئاشکرا ئەندامەکانی زاووزێی دەرەوە جیابکرێتەوە لە هەفتەی دوانزەیەمدا، ماسولکە خۆوییست و خۆنەویستەکان گەشە دەکەن و کۆرپەلەکە لەم قۆناغەدا چەند جوولەیەکی کەمی ئاسایی دەنوێنێت، هەروەها چەند گرژ بوونێکی ماسولکەیی دەنوێنێت ئەگەر بێتوو بە ئاگادار کەرەوەیەکی دەرەکی کاری تێبکرێت، بەگشتی دەتوانین بڵێین: گەشەکردنی ئەرک وکارەکانی کۆئەندامی دەمار شان بەشانی گەشەکردنی مێشک وبڕبڕەی پشت و درکە پەتک دەبێت، پەیدابوونی جووڵە خۆڕسکەکانیش (الحركات الغَريزيَّة) وەک: شت گرتن و مژین پاش ماوەیەکی زۆر دەبێت.

ئەم قۆناغەی دروست بوون و گەشەکردنی کۆرپەلە (قۆناغی النشأة) قۆناغێکی گوێزەرەوەی گرنگە، چونکە ئەم وەڵامە جووڵەییە ووردە گرنگانە بەهێواشی گەشە دەکەن و وورده وورده بەهێزتر دەبن، لەگەڵ ئەمەشدا چەندین گۆڕانکاری زۆر و وورد لە کۆرپەلەکەدا روو دەدەن کە وای لێدەکەن لە قۆناغە سەرەتایی یەکانی دروست بوونیەوە (مرحلة الحُمَيل EMBRIO) بچێتە قۆناغی کۆتایی دروست بوونی یەوە (مرحلة الجنين FETUS) بە تەواوەتی وەک ئەوەی قورئانی پیرۆز ئاماژەی پێداوە: ﴿ثُمَّ أَنشَأْنَاهُ خَلْقًا آخَرَ فَتَبَارَكَ اللَّهُ أَحْسَنُ الْخَالِقِينَ﴾.

**تێبینی:**

دەتوانین مانایەکی تری ئەو ئایەتە پیرۆزە: ﴿ثُمَّ أَنشَأْنَاهُ خَلْقًا آخَرَ فَتَبَارَكَ اللَّهُ أَحْسَنُ الْخَالِقِينَ﴾ لەوەدا ببینینەوە کە زانایانی زیندەوەرزانی بۆمان باس دەکەن کە: لە قۆناغە سەرەتایی یەکانی دروست بوونی کۆرپەلەی زیندەوەرە شیردەرەکان (الحيوانات الثديية Mammals) و هەندێک زیندەوەری تر بینراوە کە بەتەواوەتی کۆرپەلەی ئەم زیندەوەرانە لەو قۆناغە سەرەتاییانەدا لەیەک دەچن لە پێکهاتەی لەشیان و تەنانەت شێوەی دەرەوەی کۆرپەلەکانیشیان (بڕوانە وێنەی ٤٣)، کەواتە دەتوانین مانایەکی تری ئەو ئایەتە پیرۆزە بەوە دابنێین کە دەفەرموێت: ئێمە کۆرپەلەی مرۆڤ لەم قۆناغەدا گەشە پێدەکەین بۆ زیندەوەرێکی جیاواز لەهەموو زیندەوەرێکی تر و بە تەواوەتی ئەو لێک چوونە لەدوای ئەم قۆناغەوە نامێنێت، بەڕاستی ئەم ئاماژە زۆر و سەرسوڕهێنەرانە لەم چەند ئایەتە کەمەدا مانای گەورەیی و موعجیزەی قورئانی پیرۆزە بەگشتی.




**کەمترین ماوەی سکپڕی:**

کۆرپەلەی مرۆڤ لەدوای قۆناغی (النشأة) دەبێت بەدروست کراوێکی نوێ و تەواو کە دەتوانێت لەدەرەوەی منداڵانی دایکی بژی، ئەمەش لەپاش تەواو بوونی مانگی شەشەم ، ئەم مانایە یەکدەگرێتەوە لەگەڵ ئەوەی لەم ئایەتانەی قورئاندا هاتووە:

ـ ﴿وَحَمْلُهُ وَفِصَالُهُ ثَلَاثُونَ شَهْرًا﴾ (١٥) الأحقاف١٥، واتە: سکپڕی تا بڕینەوەی منداڵ لە شیر هەمووی ٣٠مانگ دەخایەنێت.

ـ لە ئایەتێکی تردا هاتووە: ﴿وَفِصَالُهُ فِي عَامَيْنِ﴾ (١٤) لقمان١٤، واتە: شیردانی منداڵ دوو ساڵ دەخایەنێت.

ـ هەروەها دەشفەرموێت: ﴿وَالْوَالِدَاتُ يُرْضِعْنَ أَوْلَادَهُنَّ حَوْلَيْنِ كَامِلَيْنِ لِمَنْ أَرَادَ أَن يُتِمَّ الرَّضَاعَةَ﴾ (٢٣٣) البقرة٢٣٣، واتە: دایکان دەبێت شیر بدەن بە منداڵەکانیان بۆ ماوەی دوو ساڵی تەواو.

کەواتە لەم ئایەتانەوە بۆمان دەردەکەوێت کە کەمترین ماوەی سکپڕی بریتییە لە ٦مانگ چونکە ئەگەر ماوەی سکپڕی و شیر دان ٣٠مانگ بێت و ماوەی شیر دان دوو ساڵ (واتە ٢٤مانگ) بێت ئەوا کەمترین ماوەی سکپڕی ٦مانگ دەبێت، هەر لەبەر ئەوەش بوو کە ئیمامی عەلی (ڕەزای خوای لێبێت) بەم شێوەیە فەتوای دا کاتێک کە موسوڵمانێک گومانی لە خێزانەکەی کرد کاتێک کە دوای ٦مانگ لە ژن هێنانی منداڵێکی زیندووی بوو ، ئەویش بە پشت بەستن بەم ئایەتانە ووتی کە ئەوە منداڵی خۆتە چونکە کەمترین ماوەی سکپڕی ٦مانگە (بڕوانە زاد المسير لإبن الجوزي ٧:٣٧٧).

٢ـ ماوەی بەخێوکردن و گۆش گرتن لە منداڵاندا:

لە ئایەتەکانی پێشووەوە بۆمان دەرکەوت کە کەمترین ماوەی سکپڕی بریتییە لە ٦مانگ، بەڵام لە باری ئاساییدا منداڵبوون بەگشتی دوای ٩مانگ دەبێت، کەواتە ئەو سێ مانگەی کە منداڵ دوای پێگەیشتن لەناو منداڵاندا دەمێنێتەوە دەتوانین ناوی بنێین ماوەی بەخێوکردن وگۆش گرتن لە منداڵاندا (فترة الحضانة الرحمية)، لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە ئەوەی قورئانی پیرۆز بڕیاری داوە و موفەسیرەکان باسیان کردووە هەر ئەوەیە کە زانستی نوێی ئەمڕۆ بڕیاری داوە کە کۆرپەلە پێش ٦مانگی ناتوانێت بە زیندوویی لەدایک ببێت و مەحاڵە بتوانێت پێش هەفتەی ٢٤ی ژیانی کۆرپەلەیی هەناسە بدات چونکە کۆئەندامی هەناسەدانی هێشتا بە تەواوەتی گەشەی نەکردووە و توانای کرداری هەناسەدانی نییە، لەو خاڵانەی سەرەوە کە باسمان کرد ئەمانەمان بۆ دەردەکەوێت:

ا ـ ووردەکاری قورئان لە دیاری کردنی کەمترین ماوەی مانەوەی کۆرپەلە لەسکی دایکیدا.

ب ـ دەتوانین سێ مانگی کۆتایی مانەوەی کۆرپەلە لەسکی دایکیدا بە ماوەیەکی گەورە بوون و بەخێو کردن دابنێین لە منداڵاندا.

٣ـ لەدایکبوون:

ماوەی بەخێو کردن و گۆش گرتن لە منداڵاندا بە لەدایک بوونی کۆرپەلەکە تەواو دەبێت , ئەم کردارە لە قورئاندا باس کراوە لەم ئایەتەدا: ﴿ثُمَّ السَّبِيلَ يَسَّرَهُ﴾ (٢٠) عبس٢٠، واتە: پاشان پەروەردگار ڕێگا بۆ کۆرپەلەکە خۆش دەکات بۆ ئەوەی لەدایک ببێت، لە ماناکانی ئەم ئایەتە ڕێگا ئاسان کردنە بۆ کۆرپەلەکە لەکاتی لەدایک بووندا، چونکە ڕێڕەوی منداڵبوون لە حاڵەتی ئاساییدا زۆر ئەستەمە کۆرپەلە بتوانێت پێیدا تێپەڕێت، بەڵام چەندین فاکتەر هەیە کە دەبنە ئاسان کردنی کرداری لەدایک بوون.

لە ڕاستیدا لەدایک بوونی منداڵ بەو قەبارە و بارستاییە (کە دەگاتە ٢,٥ ـ ٤,٥کغم) بەناو ئەو ڕێڕەوە تەسک و پێچاو پێچ و باریکەدا خۆی لەخۆیدا کارێکی زۆر سەرسوڕهێنەر و موعجیزەیەکی خوداییە، چونکە دەرکەی دەرەوەی منداڵان لە حاڵەتی ئاساییدا داخراوە و زێ و ڕێڕەوی منداڵی ئافرەت لە غەیری کاتی منداڵبووندا زۆر بچووکن لەچاو قەبارەی منداڵی تازەبوودا، کێیە وا لەم ڕێڕەوانە دەکات کە ئەوەندە فراوان ببن بەشی ئەوە بکات منداڵێکی تازەبووی پێدا تێپەڕێت؟ ئایا ئەم کردارە چۆن ڕوودەدات؟ ئەمانە نهێنی خوداییین کە ئێمە کەمێکیمان لێزانیوە و زۆری هێشتا هەر بە نهێنی ماوەتەوە، دەبا ئێستا بێین کەمێک لەو نهێنییانە باس بکەین کە دەبنە هۆی ئاسان کردنی منداڵبوون:

بەپشت بەستن بەو زانیارییە نوێیانەی ڕۆژگاری ئەمڕۆ دەتوانین کاری هەریەکێک لەم فاکتەرانەی خوارەوە لە کرداری منداڵ بووندا دیاری بکەین:

اـ هۆرمۆنەکان:

لە مانگەکانی کۆتایی سکپڕیدا هۆرمۆنە مێینەییەکان بە خەستی یەکی زۆر لە خوێنی دایکەکەدا دەبینرێت، ئەم هۆرمۆنانەن کە فاکتەری سەرەکیی مانەوەی سکپڕین و ئاسانکەری منداڵبوونن، هۆرمۆنی تریش لە چەند شوێنێکی جیاوازەوە دەرێژرێن و دەبنە هۆی ئاسان بوونی منداڵبوون، لەو شوێنانە: وێڵاشی منداڵەکە، منداڵەکە خۆی جا ئەگەر کوڕ بێت یان کچ، هێلکەدانی دایکەکە و هەندێکی تریشیان لە ڕژێنی سەر گورچیلە و ژێرمێشکە ڕژێنەوە دەردەدرێن. یەکێک لەو هۆرمۆنە گرنگانە بریتییە لە: هۆرمۆنی (ریلاکسین Relaxine) کە هەردوو هێلکەدانی دایکەکە و وێڵاشی منداڵەکە دەری دەدەن، دەبێتە هۆی خاوبوونەوەی بەستەرەکانی جومگە کانی ئێسکەکانی حەوزی دایکەکە، نەرم کردنی




**چەند شێوەیەک کە پرۆسەی لە دایک بوون رووندەکەنەوە کە زاراوە ئیسلامییەکەی بریتییە لە (تیسیر السبیل):**

**(ا) و (ب) : کرداری کشان و گەورەبوونی ملی منداڵدان لە قۆناغی یەکەمی لە دایکبووندا، ببینە کە پەردەکانی مناڵدان چۆن پاڵی پێوە دەدەن و فراوانی دەکەن.**

**(ج) و (د) و (هـ): رۆیشتنی کۆرپەلە بەناو ملی مناڵدان و زێ دا لە قۆناغی دووەمی منداڵبووندا.**

**(و): گرژبوونی منداڵدان لە قۆناغی سێیەمدا و چوونەوەیەک جیابوونەوەی وێڵاش لە دیواری مناڵدان**

ملی منداڵان و ناوچەی زێ و ئامادە کردنیان بۆ فراوان بوون، هەروەها دەبنە هۆی خاوبوونەوەی ماسولکە خۆویستەکانی کۆئەندامی هەرس و میزەڕۆ وەکو کارێکی لاوەکی، پاش لەدایک بوون و بەهۆی شیردانی دایک بۆ منداڵەکەی هۆرمۆنی شیردان (پرۆلاکتین Prolactin) لە ژێرمێشکە رژێنەوە دەردەدرێت و دەبێتە هۆی ئەوەی کە منداڵان و ئەم ماسولکە و جومگە و بەستەرانە بگەڕێنەوە باری ئاسایی خۆیان لە کاتی شیرداندا.

ب ـ کرژبوونەکانی منداڵان (تقلصات الرحم Uterine Contractions): لە بەشی سەرەوەی منداڵانەوە دەست پێدەکات، ئەم بەشە پێک هاتووە لە ماسولکەی بەهێزی جووڵاوی گرژ بوو کە هێزی پێویست دروست دەکەن بۆ پاڵ پێوەنانی کۆرپەلەکە بە بەشی خوارەوەی منداڵاندا کە بەشێکی نەرم و وەستاوە، ئەم کرژبوونانە لەگەڵ نزیک بوونەوەی منداڵبووندا ژمارەیان زیاد دەکات و ماوەی نێوانیان کورت دەبێت، ئەم کرژبوونانە دەبنە هۆی پاڵ پێوەنانی سەری منداڵەکە (لەحاڵەتی لەدایک بوونی ئاسایی‌دا منداڵەکە سەر بەرەو خوارە لەسکی دایکیدا) بەرەو ناوچەی ملی منداڵان و زێ و دەبێتە هۆی فراوان بوونیان.

ج ـ پەردەکانی دەوری کۆرپەلە: بریتی‌یە لەو توورەکە ئەمینیۆنی‌یە ئاوی‌یەی کە چواردەوری کۆرپەلەکەی داوە و یارمەتی خلیسکاندنی کۆرپەلەکە دەدات، ئەم پەردانە کە پڕن لە شلەمەنی‌یەکی کەمێک خەست لەسەر شێوەی توورەکەی ئاوین و لەکاتی کرژ بوونی منداڵاندا لەناو ملی مداڵانەوە دەردەپەڕن و یارمەتی کشان و گەورە بوونی ئەم ناوچەیە دەدەن، ئەم پەردانە دوای ئەوەی کە دەدڕێن دەبنە ڕێڕەوێکی نەرمی پاراو بۆ ئەوەی کۆرپەلەکە بەسەریاندا بخلیسکێت بۆ دەرەوەی منداڵان.

ـ ماسولکەکانی لەشی دایکەکە: کە رۆڵێکی گەورەیان هەیە لە ئاسان کردنی منداڵبووندا، بە تایبەتی: ماسوکەکانی پەردەی ناوپەنچک، ماسولکەکانی پشت، ماسولکەکانی پێشەوەی سک وماسولکە بەهێزەکانی ناوچەی حەوز کە لەگەڵ گرژ بوونیاندا پاڵ بەمنداڵەکەوە دەنێن، بۆ ئاسان بوونی چوونە دەرەوەی لە منداڵان و لەدایک بوونی.

**میکانیزمی لەدایک بوون:**

باری کۆرپەلە لەکاتی رۆیشتنی بەناو بۆشایی حەوزدا کە شێوەیەکی نا ڕێک وپێکی هەیە دەگۆڕێت بە مەبەستی ئاسان بوونی رۆشتنی بەناو ئەم قەفەزە ئێسکی‌یەدا، ئەو گۆڕانکاری‌یانەی دێت بەسەر شوێن و باری لەشی کۆرپەلەکەدا بریتین لە: هاتنە خوارەوە، پێچ خواردن، سووڕانەوەی ناوخۆیی، درێژ بوونەوە، وەرگرتنەوەی باری ئاسایی لەش،پاشان سووڕانەوەی دەرەکی، ئەم کردارە سەرەکی‌یانەی کە باسمان کرد بەچەندین شێوە دەبنە هۆی ئاسان کردنی رۆیشتنی کۆرپەلە بەناو ڕێڕەوی منداڵ بووندا و پاشان لەدایک بوونی بەشێوەیەکی ئاسایی، کردارێکی گرنگی تر بریتی‌یە لە خلیسکانی ئێسکەکانی کەللەی سەری منداڵەکە بەسەر یەکدا (ئەم کردارە تەنها لەکاتی منداڵبووندا روودەدات) کە دەبێتە هۆی چوونەوەیەکی کەللەی سەر و بچووک بوونەوەی قەبارەکەی لەکاتی منداڵبووندا، بەڕاستی پەروەردگار راستی فەرمووە: (ثُمَّ ٱلسَّبِيلَ يَسَّرَهُۥ).

**کورتە:**

لەمانەی پێشەوە بۆمان دەرکەوت کە ووشەی (أَنشَأۡنَٰهُ) بەو شێوەیەی کە لە قورئاندا بەکار هاتووە باشترین و جوانترین روون کردنەوەی تێدایە بۆ باس کردنی گەشەکردن و گۆڕانکاری‌یەکانی ناو لەش و دەرەوە لە شێوەی کۆرپەلەکەدا لە کاتی شەشەمین قۆناغی دروست بوونی کۆرپەلەکە لەسکی دایکیدا، کە ئەو قۆناغەیە لەسەرەوە باس کراوە.

لەوانەی سەرەوە بۆمان دەرکەوت کە هەر سێ مانای ووشەی (نشأة) بە تەواوەتی و ئاشکرا لەم قۆناغەی گەشە کردنی کۆرپەلەدا دێنەدی:

ـ ئەوەی کە بە مانای (بدا) یان دەست پێکردن هاتبوو، وەسفی سەرەتای دەست پێکردنی کاری ئەندامە جیاوازەکانی کۆرپەلە دەکات، دەبینین لێرەدا گورچیلەکان دەستیان کردووە بە ئیش و دروست کردنی میز، مۆخی ئێسقان دەستی کردووە بە دروست کردنی خڕۆکەکانی خوێن، هەروەها مووەکان دەست دەکەن بەسەر دەرهێنان لە هەفتەی دەیەمەوە و... هتد.

ـ بە مانای (نما) یان گەشەی کرد، ئەم مانایە گەشەی خێرا و گەشەی تەواو و گشتگیرمان بۆ باس دەکات لەهەموو ئەندامەکانی لەشی کۆرپەلەکە لەم قۆناغەدا.

ـ مانای (ارتفع و ربا) وەسفی ئەو زیاد بوونە ئاشکرا و خێرایە دەکات کە لە کێش و درێژی کۆرپەلەکەدا روودەدات و لە هەفتەی دوانزەیەمەوە دەردەکەوێت.کەواتە لەمانەی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە زاراوەی (نشأة) بە شێوەیەکی زۆر وورد و گونجاو دەتوانین بەکاری بهێنین بۆ وەسف کردنی ئەم قۆناغەی گەشەکردنی کۆرپەلە (Fetal Period).

**هاوپێچ:**

**قۆناغەکانی گەشەکردنی کۆرپەلە لە ٤٠رۆژی یەکەمیدا لەژێر ڕۆشنایی فەرموودەکانی پێغەمبەر (ﷺ):**

ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز بۆمان باس دەکەن کە کۆرپەلە لە سکی دایکی‌دا بە قۆناغ دروست دەبێت: ﴿وَقَدۡ خَلَقَكُمۡ أَطۡوَارًا ١٤﴾ نوح١٤، ﴿يَخۡلُقُكُمۡ فِي بُطُونِ أُمَّهَٰتِكُمۡ خَلۡقٗا مِّنۢ بَعۡدِ خَلۡقٖ فِي ظُلُمَٰتٖ ثَلَٰثٖۚ ٦﴾ الزمر٦، هەروەها فەرموو دەکانی پێغەمبەریش (ﷺ)باسی ئەوە دەکەن کە هەفتەی حەوتەم بریتی‌یە لە قۆناغێکی گوێزەرەوەی گرنگ لە ژیانی کۆرپەلەکەدا و وەسفی شێوەی کۆرپەلەکەیان لە ٤٠رۆژی یەکەمدا بەووردی کردووە و پاشان حاڵەتی کۆرپەلەش لە دوای ٤٠رۆژی یەکەم دەخەنە روو.

٤٠ ڕۆژی یەکەم:

پێغەمبەری خوا (ﷺ) وەسفی حاڵەتی کۆرپەلەی کردووە لە ٤٠ڕۆژی یەکەمدا لەو فەرموودەیەی کە ئیمامی (مسلم) بۆمان دەگێڕێتەوە: عن عبدالله بن مسعود(رضي الله عنه) قال: حدثنا رسول الله(ﷺ) وهو الصادق المصدوق قال: (إن أحدكم يجمع خلقه فى بطن أمه أربعين يوما، ثم يكون في ذلك علقة مثل ذلك، ثم يكون في ذلك مضغة مثل ذلك، ثم يرسل الملك فينفخ فيه الروح و يؤمر بأربع كلمات: بكتب رزقه و أجله و عمله و شقي أو سعيد)[1]. واتە: هەر یەکێک لە ئێوە دروست بوونی لەسکی دایکیدا لە چل ڕۆژدا تەواو دەبێت، هەر لەو چل ڕۆژەدا (علقة) دەبێت، پاشان هەر لەو چل ڕۆژەدا (مضغة) دەبێت، پاشان فریشتەیەک دەنێردرێت کە ئەمانەی بۆ دەنووسێت: ڕزقی، کاتی مردنی (ئەجەلی)، کاری لە دونیادا و ئایا بەختەوەر دەبێت یان بەهیلاک دەچێت.

ئەم فەرموودەیە دوو ڕاستی سەرەکیمان بۆ ئاشکرا دەکات:

یەکەم: دروست بوونی مرۆڤ لە ٤٠ڕۆژی یەکەمدا تەواو دەبێت.




دووەم: قۆناغە سەرەتاییەکانی دروست بوونی کۆرپەلە: (نطفة، علقة و مضغة)، لە ٤٠ڕۆژی یەکەمی دروست بوونیدا دەبێت.

**کۆ کردنەوە و تەواو بوونی دروست بوون (قۆناغە سەرەتاییەکانی دروست بوونی کۆرپەلە):**

پێغەمبەر (ﷺ) وەسفی کۆرپەلەی لە چل ڕۆژی یەکەمیدا (شەش هەفتەی یەکەم) بەو فەرموودەیەی سەرەوە کردووە: (إن أحدكم يجمع خلقه في بطن أمه أربعين يوما، ثم يكون في ذلك علقة مثل ذلك، ثم يكون في ذلك مضغة مثل ذلك) (صحيح مسلم ـ كتاب القدر).

زانستی کۆرپەلەزانی بۆمان باس دەکات کە کۆرپەلە لە هەفتەی پێنجەمدا لەشی چەماوە و نیمچە بازنەییە و درێژییەکەی نزیکەی (١سم)ە، درێژی بەشی سەرەوەی لەشی نزیکەی ٣\١٢ی درێژی لەشێتی، چەکەرەی پەلەکان لەم کاتەدا دروست دەبن، هەر لەم کاتەدا نیمچە کلکێکی دەبێت، دڵی لە قۆناغێکی زۆر سەرەتاییدایە و بە ڕێک وپێکی لێدەدات، پەلەکانی سەرەوە لە هەفتەی چوارەمدا پەیدا دەبن، شکڵیان لە سەرەتای هەفتەی پێنجەمدا لە سەوڵی بەلەم دەچێت، پاشان ووردە ووردە کۆتاییەکەی پان دەبێتەوە وتەختانی دەست وتیشکی پەنجەکان پەیدا دەبێت، لە کۆتایی هەفتەی شەشەمدا پێش ڕۆژی ٤٢ وێنە و ڕوخساری دەم وچاوی کۆرپەلەکە لە ڕوخساری مرۆڤ ناچێت، چاو و پێکهاتووەکانی، گوێ و پێکهاتووەکانی لەگەڵ ئەندامەکانی دەرەوەی زاووزێ بە شێوەیەکی سەرەتایی پەیدا بوون پێش ڕۆژی ٤٢ بەڵام کار ناکەن و لە ئەندامی ئاسایی مرۆڤ ناچن.

ئەمانەی باس کرا لە گەشە کردنی کۆرپەلەدا یەک دەگرێتەوە لەگەڵ ووشەی (يجمع خلقه) کە لە فەرموودەکەی (ابن مسعود)دا هاتووە، چونکە باسی کۆکراوەیی و چەماوەیی شکڵی دەرەوەی کۆرپەلەکە و توێکاری ناو لەشی دەکات کە هەموو ئەندام و کۆئەندامەکانی کۆکراونەتەوە لە بارستەیەکی بچووکدا و لەسەرەتای تەواو بوونی دروست بووندان. کەواتە لێرەوە بۆمان دەرکەوت کە وەسفی ئەم قۆناغە بە ووشەی (يجمع خلقه) زۆر بە ووردی لایەنی توێکاری کۆرپەلەمان بۆ دەخاتەڕوو.

کۆرپەلە لە ٤٠ڕۆژی یەکەمدا:

**قۆناغی (النطفة):**

ئەم قۆناغە لە بەیەک گەیشتنی ئاوی پیاو و ئافرەتەوە دەست پێدەکات، بە تێکەڵ بوون ئەم دوو شلەمەنییە، ماددەی بۆماوەییشیان لەگەڵ یەکدا یەک دەگرن، کەواتە سەرەتای ئەم قۆناغە بە تنۆکێک ئاوی تێکەڵاوە کە خۆشی لە دەوروبەرێکی ئاویدایە، ئەم کردارە ماوەی ٦ڕۆژ دەخایەنێت کە تێیدا ئەم دوو ئاوە یەک دەگرن و هێلکەی پیتێنراو (زایگۆت Zygote) لەناو ئاوەکەدا دروست دەکەن، هەروەها چەند پێکهێنەرێکی تری ئەم ئاوە هەیە کە ئەوانیش هەر شلەمەنین، ئەم کرداری یەکگرتنە لە بۆری هێلکەدان (جۆگەی فالووپ Fallupian Tube)دا ڕوو دەدات کە ئەمیش پڕە لە شلەمەنی، لە ڕۆژی شەشەمدا ئەم تنۆکە ئاوە (نطفەیە) خۆی دەگەیەنێتە دیواری منداڵان و وردە وردە هەڵی دەکۆڵێت و خۆی تێدا دەچەسپێنێت، لێرەدا پاش ئەم خۆ ڕواندنە لە دیواری منداڵاندا قۆناغی (نطفة) تەواو دەبێت لە ڕۆژی چواردەیەم پاش پیتاندنی هێلکەکە لەلایەن تۆوی پیاوەوە، ئەمە ئەو ماوەیەیە کە قۆناغی (نطفة) بۆ خۆی دەبات لە ٤٠ڕۆژەکە (واتە: ١٤ڕۆژ).

**قۆناغی (العلقة)[2]:**

لە دوای قۆناغی (النطفة) خانەکانی کۆرپەلە دەست دەکەن بە دابەش بوون و کەڵەکە بوون، لەگەڵ کەڵەکە بوونی خانەکاندا کۆرپەلە کەش بەرەو ڕەق بوون و ئەستوور بوون دەچێت، پاش ٢هەفتە کۆرپەلەکە خۆی دەنووسێنێت بەدیواری منداڵانەوە و پێوەی هەڵدەواسرێت، لە ڕۆژی ٢١دا کۆرپەلەکە شێوەی کرمی (العلقة) وەردەگرێت و خوێنە وەستاوەکانی ناو لوولە خوێنەکانی لەشی شێوەی پارچەیەک خوێنی مەییوی وەستاوی دەدەنێ، لێرەوە ماناکانی (علقة) بەتەواوەتی ئاشکرا دەبن، ئەمەش ئەو ماوەیەیە کە قۆناغی (علقة) لە ٤٠ڕۆژەکە دەیبات.

**قۆناغی گۆشتپارە (المضغة):**

ئەم قۆناغە لەگەڵ دروست بوونی تۆپەڵە لەشییەکان (الكتل البدنية) دەست پێدەکات لە ڕۆژی ٢٤ یان ٢٥دا کە لە بەشی سەرەوەی کۆرپەلەوە پەیدا دەبن پاشان بەشی دواوەش دەگرێتەوە، لە ڕۆژی ٢٨ دوای پیتاندن کۆرپەلەکە لە چەند تۆپەڵەیەکی لەشی پێک دێت کە بەرزی ونزمی لە نێوانیاندایە، بە پەیدا بوونی ئەم تۆپەڵانە شێوەی دەرەوەی کۆرپەلەکە لە بنێشتێکی جووراو دەچێت، کۆرپەلەکە شێوەی گۆشت پارە (پاروویەکی جووراو) وەردەگرێت لە ڕووی قەبارەوە (درێژییەکەی ١سم دەبێت کە بچووکترین شتێکە بتوانرێت بجوورێت)، بەمەش ئەم قۆناغە تەواو دەبێت لە پاشماوەی ئەو ٤٠ڕۆژەی یەکەمی ژیانی کۆرپەلەکەدا.

ئەم ڕیزبەندییەی قۆناغەکان کە تێیدا قۆناغی گۆشت پارە (مضغة) دوای قۆناغی (العلقة) دێت یەک دەگرێتەوە لەگەڵ ئەوەی کە لە قورئاندا هاتووە: ﴿فَخَلَقْنَا الْعَلَقَةَ مُضْغَةً﴾المؤمنون١٤، ئەم قۆناغە بە کۆتایی هاتنی هەفتەی شەشەم تەواو دەبێت، لە هەفتەی حەوتەمەوە شێوەی مرۆڤانەی کۆرپەلەکە دەر دەکەوێت لەبەر بڵاوبوونەوەی چوار چێوەی ئێسکیی بەناو لەشیدا.

**قۆناغی جیاکەرەوە:**

دوای ئەوانەی باس کران دەبینین کە قۆناغەکانی: (نطفة، علقة و المضغة) لە ٤٠ڕۆژی یەکەمدا تەواو دەبن، کۆرپەلەکە لە کۆتایی ئەم قۆناغانەدا لە شێوەی گۆشت پارەیەک دایە کە سیمای مرۆڤی پێوە دیار نییە، لەڕۆژی ٤٥وە ئەندامەکان و چوارچێوەی ئێسکیی بۆ کۆرپەلەکە بە شێوەیەکی ئاشکرا دروست دەبێت، دابەش بوون و جیابوونەوەی ووردی خانەکان دوای ئەمەش هەر بەردەوام دەبێت، بەڵام هەنگاوە سەرەکییەکانی نەمانی شێوەی گۆشت پارە و دەرکەوتنی شێوەی ئاسایی مرۆڤ لە نێوان ٤٠ بۆ ٤٥ڕۆژ دەبێت.

**جیاوازی لە تێگەیشتنی زانایان بۆ فەرموودەکە:**

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ تێگەیشتنی جیاوازی زانایان بۆ ئەو فەرموودەیەی لەسەرەوە باس کرا، دەبینین کە جیاوازی زۆر ڕوویداوە لە تێگەیشتنی زانایانی پێشین بۆ دیاری کردنی ماوەی هەر یەک لە قۆناغەکانی: (النطفة، العلقة و المضغة)، کە ئایا هەر یەکەیان ٤٠ڕۆژ دەخایەنن یان بە هەموویان ٤٠ڕۆژی پێدەچێت، ئەمەش بە پشت بەستن بە تەفسیری جیاواز بۆ فەرموودەکەی (عبدالله ی کوڕی مسعود)، هەندێک لەو زانایانە بەو شێوەیە ڕاڤەی ئەم فەرموودەیەیان کردووە کە هەر یەک لەم سێ قۆناغە بەدوای یەکدا دێن و هەریەکەیان ماوە ٤٠ڕۆژ دەخایەنێت، لە دەستەواژەی (مثل ذلك) ئەوە تێگەیشتن کە ئاماژەیە بۆ ماوەکەی پێشتر واتە (اربعون يوما)، لەمەوە گەیشتنە ئەوەی کە قۆناغی (مضغة) پاش ١٢٠ڕۆژ تەواو دەبێت.

**چارەسەر کردنی ئەم جیاوازییە:**

دوای کۆکردنەوەی ئەو دەقانەی کە لەم بارەیەوە هاتوون لە کتێبەکانی فەرموودەدا و بەدوادا چوونیان و لێکۆڵینەوەیان دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە ئەو ووتەیەی کە دەڵێت: قۆناغی گۆشت پارە پاش ١٢٠ڕۆژ تەواو دەبێت، ووتەیەکی ڕاست نییە لەڕووی شەرعییەوە، ئەویش لەبەر ئەم خاڵانەی خوارەوە:

١ـ فەرموودەکەی پێشووی (عبدالله ی کوڕی مسعود) هەریەک لە پێشەوایان (بوخاری و موسلیم) گێڕاویانەتەوە، بەڵام گێڕانەوەکەی ئیمامی

١ـ صحيح مسلم ج٤ ص٢٠٣٦–٢٦٤٣، و أصل الحديث رواه البخاري وأبو داود والترمذي وابن ماجة وأحمد في مسنده و عبدالرزاق في مصنفه، و أبو نعيم في الحلية، و روى أبو عوانة بسند ضعيف حديث عبدالله بن مسعود بإدراج لفظٍ (نطفة) بعد قوله (أربعين يوماً) فكانت الرواية هكذا: (إن أحدكم يجمع خلقه في بطن أمه أربعين يوماً نطفة)، و هذا اللفظ ليس له أصل في جميع روايات البخاري و مسلم, و لا غيرهما من الروايات في كتب الأصول، أنظر: (فتح الباري ٤٧٩/١١), وقال ابن حجر: وأماٍ ما أخرجه أحمد من طريق أبي عبيدة قال: قال عبدالله رفعه: (إن النطفة تكون في الرحم أربعين يوماً على حالها لا تتغير) ففي سنده ضعف وانقطاع، انظر (فتح الباري ٤٨١/١١).

٢ـ زاراوەی (العلقة) ئەم مانایانەی هەیە بەپێی فەرهەنگەکانی زمانی عەرەبی: ١ـ کرمێکە کە لە زۆنگاوەکاندا دەژی (دودة العلق). ٢ـ بە مانای شتێکی هەڵواسراو. ٣ـ پارچەیەک خوێنی ڕەقبوو (دم جامد). بڕوانە: المفردات للراغب الأصفهاني ص٣٤٣، المعجم الوسيط ٦٢٢:٢.

موسلیم دەستەواژەی (في ذلك)ی لەگەڵدایە لەدوو شوێندا پێش هەردوو ووشەی (علقة) و (مضغة)، کە ئەمە زیادەیەکی راستە و بە بەشێک لە فەرموودەکە دادەنرێت وەک کۆ کردنەوەیەک لەنێوان گێڕانەوەکاندا (جمعا بين الروايات)، لێرەوە دەگەینە ئەوەی کە گێڕانەوەی تەواوی دەستە واژەکانی فەرموودەکە بەو شێوەیە جێگیر دەبێت کە پێشەوا موسلیم گێڕاویەتەوە: (إن أحدكم يجمع خلقه فى بطن أمه أربعين يوما، ثم يكون في ذلك علقة مثل ذلك، ثم يكون في ذلك مضغة مثل ذلك ... الحديث).

٢- قورئانی پیرۆز باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە دروست بوونی ئێسک پاش قۆناغی گۆشت پارە دەبێت، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿فَخَلَقْنَا الْمُضْغَةَ عِظَامًا﴾، پێغەمبەریش (ﷺ)لە فەرموودەکەی (حذيفة)دا ئەوەی بۆ دیاری کردووین کە سەرەتای دروست بوونی ئێسک لە لەشی کۆرپەلەدا پاش رۆژی ٤٢ دەبێت لە دروست بوونی (نطفة)وە، فەرموودەکە: عن حذيفة(رضي الله عنه) أن رسول الله(ﷺ) قال: (إذا مرَّ بالنطفة ثنتان وأربعون ليلة بعث الله إليها ملكا فصوَّرها، وخلق سمعها، وبصرها، وجلدها، ولحمها، وعظامها ... الحديث)[1]، ئەو ووتەیەی کە دەڵێت تەواو بوونی قۆناغی گۆشت پارە و سەرەتای دروست بوونی ئێسک لە لەشی کۆرپەلەدا دوای ١٢٠رۆژ دەبێت بە ئاشکرا پێچەوانەی مانای دیاری ئەم فەرموودەیەیە.

٣- توێژینەوە نوێکانی زانستی کۆرپەلەزانی بۆی سەلماندووین کە دروست بوونی ئێسک لە لەشی کۆرپەلەدا یەکسەر پاش هەفتەی شەشەمی دەبێت نەک پاش هەفتەی ١٧، کە ئەمە بە ئاشکرا پشتیوانی مانا ئاشکراکەی فەرموودەکەی (حذيفة) دەکات، لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە مانای دەستەواژەی (مثل ذلك) لە فەرموودەکەدا ئەوە ناگەیەنێت کە هەر قۆناغێک ٤٠رۆژ دەخایەنێت[2].

بەمەبەستی یەکخستنی مانای فەرموودەکانی پێغەمبەر(ﷺ) لەم بارەیەوە، دەڵێین:

لەبەر ئەوەی ووشەی ئاماژەدان (اسم الإشارة) لە دەستەواژەی (مثل ذلك) لە فەرموودەکەدا: (إن أحدكم يجمع خلقه فى بطن أمه أربعين يوما، ثم يكون في ذلك علقة مثل ذلك، ثم يكون في ذلك مضغة مثل ذلك).

دەگەڕێتەوە بۆ یەکێک لە ٣شت کە لە پێشەدا باس کراون، کە بریتین لە: کۆکردنەوەی دروست بوون (جمع الخلق)، سکی دایک (بطن الأم)، ٤٠رۆژ (أربعين يوما)، لێرەدا دەبێت بزانین کە ئەو ووشەی اشارەیە لە فەرموودەکەدا رەها و گشتیە (لفظ مطلق) و لەوانەیە هەر سێ شتەکە بگرێتەوە، سەبارەت بەوەی کە بگەڕێتەوە بۆ ٤٠رۆژەکە (أربعون يوما) ئەوەی رێدەگرێت لەمە فەرموودەکەی (حذيفة)یە، چونکە بەپێی دەقی راستی فەرموودەکە لەدوای ٤٠رۆژ قۆناغەکان تەواو دەبێت و ئێسک دروست دەبێت، کەواتە ئەگەر ووشەی اشارەکە بگەڕێنینەوە بۆ ٤٠رۆژەکە ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە هەر قۆناغێک ٤٠رۆژ دەخایەنێت کە وەک ووتمان فەرموودەکەی (حذيفة) ئەمە رەتدەکاتەوە، و لەبەر ئەوەی فەرموودەکەی (حذيفة) بە تایبەتی باسی بابەتەکەی کردووە(نص مُبَيِّن) و فەرموودەکەی پێشتر بەگشتی باسی بابەتەکەی کردووە (نص مُجْمَل)، ئەوا بەپێی یاساکانی لێکدانەوەی دەقە شەرعیەکان دەبێت مانای ئەو گشتیە بە تایبەتیەکە بکرێت (النص المُجْمَل يُحَمل على النص المبَيّن)، کەواتە ووشەی (إسم إشارة) ناگەڕێتەوە بۆ ٤٠رۆژەکە.

هەروەها نابێت ئەو (إسم إشارة)یە بگەڕێنرێتەوە بۆ دەستەواژەی سکی دایک (بطن الأم) چونکە بەم شێوەیە دەبێتە دووبارە کردنەوەیەک کە پێویست ناکات و مانایەکی نوێ نادات، واتە فەرموودەکە بەم شێوەیەی لێ دێت: (إن أحدكم يجمع خلقه في بطن أمه أربعين يوما، ثم يكون في ذلك البطن علقة مثل ذلك، ثم يكون في ذلك البطن مضغة مثل ذلك)، ئەم دووبارە کردنەوەیەی ووشەی (البطن) دەبێتە تێئاخنین و کۆکردنەوەی ووشەی زیادە، کە ئەمە لەگەڵ رەوانبێژی بەرزی پێغەمبەردا (ﷺ) ناگونجێت، چونکە ئەو هەمیشە بە چەند ووشەیەکی کەم و پوختە و پڕ مانا و دوور لە دووبارە کردنەوە مەبەستەکانی گەیاندووەتە بەرامبەر.

کەواتە ئەگەر ئەو ووشەی ئاماژەکردنە (إسم الإشارة)یە بۆ هیچ کام لە دەستەواژەکانی (أربعين يوما، بطن الأم) نەگەڕێتەوە ئەوا دەبێت بۆ دەستەواژەی کۆکردنەوەی دروست بوون (جمع الخلق) بگەڕێتەوە نەک بۆ ٤٠رۆژ، ئەمە ئەو راستیەیە کە زانایەکی بەناوبانگی موسوڵمانان پێی گەیشت لە سەدەی حەوتەمی کۆچیدا کە ئەویش زانا (ابن الزملكاني)[3]یە.

ئەم زانایە لەم فەرموودانەوە گەیشتە ئەوەی کە هەر سێ قۆناغی (النطفة، العلقة، المضغة) لە ٤٠رۆژی یەکەمدا دەبێت، ابن الزملكاني دەڵێت: (سەبارەت بە فەرموودەکەی ئیمامی بوخاری (مەبەستی فەرموودەکەی عبدالله ی کوڕی مەسعودە کە بوخاری گێڕاویەتەوە)، مانای (يجمع خلقه) واتە دروست بوونی تەواو و رێک وپێک دەکرێت، هەروەکو چۆن دەڵێین پیاوێکی تەواو (رجل جميع)، أي: مجتمع الخلق)، کەواتە هەردوو ئەم دەستەواژەیە یەکسانن لە مانایاندا کە رێک وپێکی و کاملی دەگەیەنن لە دروست بووندا (الإحكام والإتقان في الخلق)، هەروەها کۆرپەلەکە گۆشت پارە (مضغة) دەبێت لە

بەشی خۆی هەر لەو ٤٠رۆژەدا کە دروست بوونی رێک و پێک و تەواو دەبێت، لەدوای ٤٠رۆژەکەش شێوەی رێک و پێکی مرۆڤ وەردەگرێت، لێرەوە دەستەواژەی (مثل ذلك)ەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەم کۆکردنەوە و رێک و پێک کردنە، نموونەی ئەم شێوازی قسەکردنە لە فەرموودەکەدا وەک ئەوە وایە بڵێیت: مرۆڤ لە دونیادا بە درێژایی تەمەنی لە گۆڕاندایە، پاشان بێیت ئەم گۆڕانکاریانە باس بکەیت و بڵێیت: ئەو یەکەم جار شیرە خۆرەیەکە، دوایی دەبێت بە منداڵ، پاشان لاوێکە، دوایی گەنجە، پاشان کامڵ دەبێت، دوایی پیردەبێت، پاشان پەکی دەکەوێت، و لە کۆتاییدا دەمرێت، ئەمە بریتیە لە شێوازێکی رێکخستن بۆ ئەو گۆڕانکاری و بارانەی کە بەسەری دێت لەماوەی مانەوەی لە دونیادا)[4].

لە یاساکانی رێزمانی زمانی عەرەبیدا زانراوە کە ئامرازی (ثم) کە بەکار بێت مانای رێکخستن و خایاندنی ماوەیەکە (تفيد الترتيب و التراخي) لەنێوان ئەو دوو هەواڵەی کە بە یەکیانەوە دەبەستێتەوە، تەنها لە حاڵەتێکدا نەبێت ئەگەر بەڵگەیەکی تر هەبێت کە ئەو مانایە ناگەیەنێت، هەروەک خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ذَٰلِكُمْ وَصَّاكُم بِهِ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ ﴿١٥٣﴾ ثُمَّ آتَيْنَا مُوسَى الْكِتَابَ ﴿١٥٤﴾﴾الأنعام، ئاشکرایە کە ئامۆژگاری خوای گەورە بۆ ئێمە لە قورئاندا لە پاش ناردنی موسا پێغەمبەرەوەیە، کەواتە ئەو ئامرازی (ثم)یەی لەم ئایەتەدا بەکار هاتووە مانای (ترتيب و تراخي) ناگەیەنێت، لە فەرموودەکەدا ئاشکرایە کە مانای رێکخستن و کات خایاندن دەگەیەنێت لەنێوان قۆناغەکانی گەشە کردنی کۆرپەلەدا.

کەواتە لەمانەی سەرەوە کە باسمان کرد مانای تەواوی ئایەتەکە بەم شێوەیەی لێدێت: (إن أحدكم يجمع خلقه في بطن أمه أربعين يوما، ثم يكون في ذلك (أي في ذلك العدد من الأيام) علقة (مجتمعه في خلقها) مثل ذلك (أي مثلما اجتمع خلقكم في الأربعين يوما)، ثم يكون في ذلك (أي في نفس الأربعين يوما) مضغة (مجتمِعة مكتملة الخلق المقدر لها) مثل ذلك (أي مثلما اجتمع خلقكم في الأربعين يوما)) واتە: هەر یەکێک لە ئێوە دروست بوونی لەسکی دایکیدا لە چل رۆژدا تەواو دەبێت، هەر لەو چل رۆژەدا (علقة) دەبێت (کە دروست بوونی تەواو بووە)، پاشان هەر لەو چل رۆژەدا (مضغة) دەبێت (کە دروست بوونی کۆ بووەتەوە و تەواو بووە)، کەواتە لێرەوە دەگەینە ئەوەی کە مانای فەرموودەکان یەکتری تەواو دەکەن و ئەگەر لەگەڵ یەکدا لێکیان بدەینەوە هیچ جۆرە لێکدانێک لەنێوانیاندا روو نادات، دەستەواژەی (ثم يكون علقة مثل ذلك، أي: ثم إنه يكون في الأربعين المذكورة علقة تامة الخلق، متقنة محكمة الإحكام الممكن لها، الذى يليق بنعمه سبحانه وتعالى) مانای ئەوەیە کە لە ٤٠رۆژەکەدا کۆرپەلەکە (علقة) دەبێت کە دروست بوونی زۆر تەواوە و رێک و پێکە بۆ ئەو قۆناغەی کە تێیدایە، بە شێوەیەک کە لەگەڵ دەسەڵاتی بێ پایانی پەروەردگاردا دەگونجێت.

رووەکانی ئیعجازی فەرموودەکە (لە٤٠رۆژی یەکەمدا):

١- کۆکردنەوەی دروست بوونی مرۆڤ (جمع خلق الإنسان):




پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی: (إن أحدكم يجمع خلقه في بطن أمه أربعين يوما)، مانای ئاشکرای فەرموودەکە ئەوەیە کە دروست بوون و کۆکردنەوەو رێکخستنی سەرەتاکانی ئەندامەکانی مرۆڤ لە ٤٠رۆژدا تەواو دەبێت، زانایان و پزیشکان لەمڕۆدا پاش توێژینەوە و توێکاری دوور و درێژی لەشی کۆرپەلە لە ٤٠رۆژی یەکەمدا بۆیان دەرکەوتووە کە هەموو ئەندامە سەرەکییەکانی لەشی مرۆڤ یەک لەدوای یەک دروست دەبن، کە ٤٠رۆژی یەکەم تێناپەڕێت تاوەکو هەموو ئەم ئەندامانە دروست نەبن و کۆنەبنەوە، بەڵام لەشێوەی چەکەرەیە -کدان کە لە قەبارەی (١سم)ی لەشی کۆرپەلەکەدا کۆبوونەتەوە، هەروەها کۆرپەلەکە بە دەوری خۆیدا چەماوەتەوە لە شێوەی پیتی (C)ی ئینگلیزیدا کە شێوەیەکی کۆکراوەی دەداتێ، کەواتە بە هەموو شێوەیەک کۆرپەلەکە دوای ئەم ٤٠رۆژە شێوەیەکی کۆکراوەی هەیە لە رووی دروست بوون و شکڵی دەرەوەش.

---

١- أخرج الحديث مسلم في صحيحه ٢٠٣٧/٤ ح:٢٦٤٥، و له طريق آخر عند مسلم في الموطن السابق ح:٢٦٤٤، وأخرجه الطبراني في المعجم الكبير ١٧٨/٣ ح٣٠٤٤، وأبو داود في كتاب القدر، وجعفر الفريابي، أنظر فتح الباري ٤٨٤/١١.

٢- أنظر حاشية الجمل على الجلالين ج٣ ص١٨٥، حيث قال: (... فسقط ما قيل أن الوارد في الحديث أن مدة كل استحالة أربعين يوما ...).

٣- ناوی ئەم زانایە بەتەواوی بریتیە لە: كمال الدين عبد الواحد كوري عبدالكريم الزملكانيه، لەساڵی ٦٥١ی کۆچیدا کۆچی دوایی کردووە، خاوەنی کتێبی (البرهان الكاشف عن اعجاز القرآن)ە.

٤- بڕوانە کتێبی: البرهان الكاشف عن إعجاز القرآن لإبن الزملكاني ص٢٧٥.

٢ـ (ثم يكون، في ذلك علقة مثل ذلك): واتە کۆرپەلەکە دەبێت بە (علقە)یەکی تەواو دروستبوو بەو شێوەیەی کە بۆی دیاری کراوە و هەموو ماناکانی (علقە)ی تێدا کۆبووەتەوە، هەروەک چۆن لە دوای ٤٠ڕۆژەکە دروست بوونی مرۆڤ هەمووی تەواو دەبێت وەک باسکرا، زانستی نوێ بۆمان باس دەکات کە کۆرپەلە لە نێوان ڕۆژی ١٥ تا ٢٤ی دروست بوونی‌دا شێوەی کرمی (علق) وەردەگرێت (ئەو کرمەی لە زۆنگاوەکاندایە و دەنووسێت بە قوڕگی مەڕوماڵاتدا و لەسەر خوێنیان دەژی)، ئەگەر بڕوانینە وێنەی لاپەڕەی پێشوو، دەبینین کە شێوەی کۆرپەلەکە و کرمەکە لە ١٠٠٪ لەیەک دەچێت، لە ژمارەکانی پێشتردا بابەتی (دروست بوونی کۆرپەلەی مرۆڤ لە قۆناغی (العلقة)دا) بخوێنەرەوە بۆ روون کردنەوەی زیاتر.

٣ـ (ثم يكون في ذلك مضغة مثل ذلك): ئەمەش موعجیزەیەکی ترە کە ووردی ئەو زاراوانە دەردەخات کە قورئان و سوننەتی پیرۆز بەکاریان هێناوە، بە تایبەتی بۆ ئەو قۆناغەی کە دوای قۆناغی (العلقة) دێت، کە ئەویش قۆناغی گۆشت پارە (المضغة)یە، ئیعجازەکە لەوەدا دەردەکەوێت کە ئەم قۆناغە وورده وورده گەشە دەکات تاوەکو کۆرپەلەکە شێوەی پارووەیەکی پێچ خواردوو وەردەگرێت کە نیشانەی ددانی پێوەیە و ڕووەکەی نارێک وپێکە و بە ڕوونی لێکچوونی کۆرپەلە و پاروو ڕوون دەبێتەوە.

پێشتر باسی ئەوەمان کرد کە ئەندامە سەرەکی‌یەکانی ناوەوە دەستیان کردووە بە جیابوونەوە و بۆشایی‌یەکانی نێوان تۆپەڵە لەشییەکان شێوەیەک دروست دەکەن کە لە ماددەیەکی جووراو دەچێت و وورده وورده هەموو کۆرپەلەکە دەچێتە سەر شێوەی گۆشت پارە (مضغة).

٤ـ فەرموودەکە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە قۆناغەکانی (نطفة، علقة و مضغة) لە ٤٠ڕۆژی یەکەمدا ڕوودەدەن، لەگەڵ ئەوەشدا کە کۆرپەلەکە لەم کاتەدا یەکجار بچووکە و ماوەی نێوان ئەم قۆناغانەش زۆر کورتە. دیاری کردنی تەمەنی کۆرپەلەش پێش دۆزینەوەی هێلکە و پەیوەندی دیاردەی مانگانەی ئافرەت پێیەوە کارێکی زۆر گرانە و ئەم دیاری کردنە دووچاری زیاد و کەم دەبێت لە تەمەنی کۆرپەلەکەدا کە دەگاتە ٢١ڕۆژ، چونکە ئەوەی ئەم تەمەنە دیاری دەکات نازانێت ئایا کەی سکپڕی دەستی پێکردووە؟ لە سەرەتای پاکبوونەوەی دایکەکە یان لە کۆتایی‌یەکەی‌دا، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە قۆناغەکانی (النطفة، العلقة و مضغة) کە قورئان باسی کردووە پێشتر و لەسەردەمی پێغەمبەردا بەهیچ شێوەیەک نەزانراوە، بەڵام دەبینین قورئان و سوونەتی پیرۆز بە ئاشکرا ئەم ڕاستی‌یانەمان دەخەنە بەردەست و تحدی ی هەموو مرۆڤەکانی پێ‌دەکەن، کە سەلمێنەری خوایەتی سەرچاوەی هەردووکیانە.

کۆتایی ئەم سەرنجانە بە شاهیدی دوو زانای ڕۆژئاوا دەهێنم لەم بارەیەوە، یەکەمیان پرۆفیسۆر دکتۆر (جولی سیمسۆن)ە کە مامۆستای کۆرپەلەزانی و پسپۆڕی نەخۆشی یەکانی ژنان و منداڵبوونە لەزانکۆی (نۆرث وێست) لە (شیکاگۆ)ی وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، کاتێک کە ئەو دەقانەی قورئانی بینی کە باس لە دیاری کردنی سیفاتە بۆماوەییەکانی کۆرپەلە دەکات کە لە قۆناغە سەرەتایی‌یەکانەوە (واتە لە قۆناغی نطفەوە) دەست پێ‌دەکات، کە تێ‌یدا بەهۆی یەکگرتنی ماددە بۆماوەیی یەکانی (کرۆمۆسۆمەکانی) تۆو و هێلکەوە سیفاتە داهاتووەکانی کۆرپەلەکە بە ووردی دیاری دەکرێن و ئەندازەیان بۆ دادەنرێت، هەر لە ڕەنگی چاو و پێست و قژ، هەروەها ووردەکاری‌یەکانی تری لەشی، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿مِنۡ أَيِّ شَيۡءٍ خَلَقَهُۥ ١٨ مِن نُّطۡفَةٍ خَلَقَهُۥ فَقَدَّرَهُۥ ١٩﴾عبس١٧ـ١٩، واتە خوای گەورە لە تنۆکێک ئاوی ئەندازە بۆ دانراوەوە مرۆڤی دروست کردووە، کۆرپەلە لە کاتی ٤٠ڕۆژی یەکەمیدا هەموو ئەندامە کانی کۆ دەکرێنەوە و پەیدا دەبن بەدوای یەکدا و کۆرپەلەکە بە دەوری خۆی‌دا چەماوەتەوە، پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرموێت: (إن أحدكم يجمع خلقه في بطن أمه أربعين يوماً)، پرۆفیسۆر سیمسۆن کاتێک ئەم فەرموودەیە و فەرموودەکەی تری بینی: (إذا مرَّ بالنطفة ثنتان وأربعون ليلة بعث الله إليها ملكاً فصوَّرَها، و خلق سمعها، و بصرها، و جلدها، و لحمها، وعظامها)دەستی کرد بە لێکۆڵینەوە و بەراورد کردنیان و کاتێک ووردەکاری وماناکانیانی بینی لە یەکێک لە کۆنگرە زانستی‌یەکاندا ووتی: لەم دوو فەرموودەیەوە دەتوانین خشتەیەکی ووردی دیاری کراو دابنێین سەبارەت بە قۆناغەکانی گەشەکردنی کۆرپەلە لە ٤٠ڕۆژی یەکەمدا، ئەم فەرموودە پیرۆزانە دەیان توانی پێشەنگ بن بۆ هەموو ئەو زانیاری‌یە زانستی‌یانەی کە لەو کاتەدا درکی پێ‌کرابوو و ئەمانیش دەبوونە سەلمێنەری ئەم سرووشە خوایی‌یانە (لێرەدا پرۆفیسۆر ئاماژە بەوە دەدات کە ئیسلام دەتوانێت پێشەنگ و ڕابەری زانستی ئەمڕۆ بێت)، پاشان ووتی: لێرەوە من گەیشتوومەتە ئەو بڕوایەی کە هیچ جۆرە جیاوازی و دژایەتی‌یەک نی‌یە لەنێوان ڕاستی‌یە زانستی‌یەکان و سرووشەوە (قورئان و سوننەت) بەڵکو ئەم سرووشە پشتگیری لە هۆکارە پێشکەوتووەکانی گەڕان ودۆزینەوەی زانستی دەکات.

ئەم یەکگرتنەوەیەی فەرموودەکانی قورئان و سوننەت و تازەترین زانیاری‌یە دۆزراوەکانی کۆرپەلەزانی بەڵگەی ئەوەیە کە قورئان لەلایەن خوداوە نێردراوە. بەڵێ موسوڵمانان دەبێت پێشەنگی زانست بن چونکە ئەوان دەتوانن ئەم زانستە لە شوێنی شیاوی خۆیدا دابنێن کە بەڵگەیە لەسەر دەسەڵاتی خوای گەورە و سەلمێنەری ڕاستیی پەیامبەرێتی پێغەمبەرە (ﷺ).

دووەم لەو زانایانە پرۆفیسۆر دکتۆر (ت. ف. برسود)ە کە سەرۆکی بەشی توێکاری‌یە لە کۆلیژی پزیشکی زانکۆی (مینوتوبا) لە وولاتی کەنەدا و خاوەنی چەندین کتێبە لەسەر نەخۆشی‌یەکانی ژنان و منداڵبوون، ئەم زیاتر بەو فەرموودەیەی پێغەمبەر(ﷺ): (إذا مرَّ بالنطفة ثنتان وأربعون ليلة بعث الله إليها ملكاً فصوَّرَها، وخلق سمعها، وبصرها، وجلدها، ولحمها، وعظامها، ثم قال: يا رب أذكرٌ أم أنثى، فيقضي ربك ما شاء ويكتب الملك) سەرسامبوو بوو و چەندین لێکۆڵینەوەی لەسەر ئەم فەرموودە پیرۆزە پێش کەش کرد، لە یەکێک لە کۆنگرە زانستی‌یەکاندا دوو وێنەی ڕاستەقینەی کۆرپەلەی پیشانی ئامادەبووان دا یەکێکیان کۆرپەلەیەک بوو لە تەمەنی ٣٥ڕۆژی‌دا و ئەوی تریان لە تەمەنی ٤٤ڕۆژی‌دا بوو (بڕوانە وێنەی خوارەوە).



H. Horizon XXII (Day 44-46). جنين في اليوم الرابع والسادس والأربعين

صورة لأجنة قبل اليوم الثاني والأربعين وبعد اليوم الثاني والأربعين
حيث يكتسب الجنين بعد هذا التاريخ الصورة الإنسانية.

پاشان ووتی: ئەگەر سەیری وێنەی کۆرپەلەی ٣٥ڕۆژ بکەین دەبینین ناتوانین شێوەی مرۆڤی تێدا ببینین، بەڵام کۆرپەلەکەی تر کە پاش ٤٢ڕۆژە دەبینین بە تەواوەتی شکڵ و وێنەی مرۆڤی وەرگرتووە و بە ئاسانی دەزانین کە ئەمە کۆرپەلەیەکی مرۆڤە، لە کۆتایی ووتەکانی‌دا پرۆفیسۆر برسود ووتی: من بەو شێوازەی کە بۆیان باس کردم وا تێگەیشتم کە محمد (ﷺ) مرۆڤێکی ئاسایی بووە، تەنانەت نەیتوانیوە بنووسێت و بخوێنێتەوە (واتە نەخوێندەوار بووە)، وە ئێمەش باسی ئەوە دەکەین کە پیاوێکی نەخوێندەوار لە پێش ١٤٠٠ساڵ لەمەوبەر ئاوا چەند ڕاستی‌یەکی وورد و قووڵی بە شێوازێکی سەرسوڕهێنەر ڕاگەیاندووە کە سروشتێکی زانستی‌یانەی هەیە، من وەکو شەخصی خۆم باوەڕناکەم و ناتوانم بڵێم ئەمانەی وەک ڕێکەوت ووتوە چونکە ڕاستی زانستی زۆر ووردی تێدایە، بۆیە منیش وەک چۆن پرۆفیسۆر (کیث مور) ووتی: هیچ قورسی‌یەک لەوەدا نابینم کە بە باوەڕی تەواوەوە بڵێم کە ئەم ووتانە سرووش (وحی)ێکە لەلایەن خوداوە و هەر ئەوە ئەم ڕاستی یانەی بۆ ڕوون کردووەتەوە.

ئەمە شایەتی دووان بوو لەو زانا سەر ڕاستانەی کە کاتێک ڕاستی‌یان بۆ ڕوون دەبێتەوە دانی تەواوی پێدا دەنێن ﴿وَيَرَى ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡعِلۡمَ ٱلَّذِيٓ أُنزِلَ إِلَيۡكَ مِن رَّبِّكَ هُوَ ٱلۡحَقَّ وَيَهۡدِيٓ إِلَىٰ صِرَٰطِ ٱلۡعَزِيزِ ٱلۡحَمِيدِ ٦﴾سورە سبا٦.

## سەرچاوەکان :


١ـ القرآن الكريم.
٢ـ تەفسیرەکانی/ الطبري، ابن كثير، القرطبي، فتح القدير،الجلالين.
٣ـ فتح الباري شرح صحيح البخاري/الإمام ابن حجر العسقلاني.
٤ـ صحيح مسلم بشرح الإمام النووي/ الإمام النووي.
٥ـ معجم لسان العرب/ لإبن منصور.
٦ـ معجم القاموس المحيط/ دار إحياء التراث الإسلامي.
٧ـ المعجم الوسيط/ دار إحياء التراث الإسلامي.
٨ـ علم الأجنة في ضوء القرآن والسنة/ الشيخ عبدالمجيد الزنداني و مجموعة من العلماء الغربيين.
٩ـ مطابقة علم الأجنة لما في القرآن والسنة/ د.ناطق محمد جواد النعيمي.
١٠ـ الإعجاز الألهي في خلق الإنسان/ د.محمد نبيل النشواني.
١١ـ إنه الحق/هيئة الإعجاز العلمي في القرآن والسنة برابطة العالم الإسلامي/ مكة المكرمة.
١٢ـ الطب محراب للإيمان/الأجزاء (١، ٢) ـ د.خالص جلبي كنجو.
١٣ـ البرهان الكاشف عن إعجاز القرآن الكريم/ دانراوی: كمال الدين بن عبدالكريم الزملكاني.
١٤ـ آيات الله المبصرة/ أ.د. توفيق علوان.
١٥ـ شريط فيديو عن علم الأجنة/ الشيخ عبدالمجيد الزنداني.
١٦ـ المؤتمر الطبي الإسلامي الدولي الأول عن الإعجاز الطبي في القرآن والسنة/القاهرة ـ٣شرائط فيديو.
١٧ـ مجلات (الإعجاز) الأعداد ١،٢/ هيئة الإعجاز العلمي في القرآن والسنة برابطة العالم الإسلامي.
١٨ – Developing Human.third edition - (with Islamic addition) - Keit. L. Moor.
١٩ – Langmans Medical Embryology- fifth edition -T.W. Sadler.
٢٠ – Human Embryology – 3rd Edition - Patten.

# هەيڤ

مجلة علمية فصلية يصدرها مركز كردستان للأعجاز العلمي في القرآن و السنة

العدد الأول من مجلة هەيڤ صدرت في عام ٢٠٠٢

العدد (25) نيسان ٢٠١٢م - جمادي الأولى ١٤٣٣هـ

www.haiv.org


## القسم العربي


**صاحب الأمتياز**

**نشاة غفور سعيد**

**رئيس التحرير**

**د. دارا گوڵ حامد**

**الهيئة الأستشارية**

**فاروق رسول يحيى**

**جمال محمد أمين**

**د. دياري أحمد إسماعيل**



**للأتصال**

haiv2001@gmail.com

www.facebook.com/kurdhaiv



**تصميم**

**شيروان أحمد حمه كريم**


## في هذا العدد




ص٩١ - ص٩٢

الظاهرة القرانية اعجاز و رسالة





ص٩٣ - ص٩٥

المنظومة الرقمية السباعية والثنائية القرآنية في خلق(السموات)





ص٩٦

الآية الكلمة الفذة في سورتين حياة السيد المسيح






ص٩٧

الإعجاز العلمي في القرآن والسنة





ص٩٨

أعظم سورة في القرآن الكريم



العنوان: السليمانية -شارع ماموستايان - عمارة حاج محمد بينجويني - الطابق الثالث

# الظاهرة القرآنية اعجاز و رسالة




## خلاصة البحث الموسوم / يوم الجمعة ٢٨ محرم ١٤٣٣ ـ ٢٣ كانون الأول ٢٠١١ / المؤتمر الأول/ الدفاع عن القرآن الكريم/ مركز الزهاوي في السليمانية

نشأة غفور سعيد

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين، والصلاة والسلام على سيدنا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين، ومن دعى بدعوته، واتبع سنته إلى يوم الدين.

السادة أعضاء مؤتمر الدفاع عن القرآن الكريم

السلام عليكم ورحمة الله وبركاته... أما بعد:

فنحن أمام كتاب كوني لا مثيل له على طول التأريخ وعرضه.. ولايشبه أي كتاب سماوي أو أرضي في بيانه ومحتواه، ولا في أسلوبه ومقاصده ومبتغاه، ولا في طريقة ترتيبه وعرضه وتأليفه في ضوء بدئه ومنتهاه. كلنا على علم واطلاع على ماورد في كتب السيرة من إرهاصات النبوة ودلالاتها، والرؤيا الصادقة التي كان يراها النبي (ﷺ) في المراحل الأولية من اتصال الملأ الأعلى بالأرض، لتوجيه بني آدم إلى فلسفة الخير والحق والجمال، وبيان المنهاج الكامل عن الكون والحياة وكرامة الإنسان.. إلى أن وصل الأمر إلى نقطة البداية، وختام مرحلة الإرهاصات باللقاء المباشر بين النبي (ﷺ) لأول مرة، برؤية صادقة صحيحة، مع كائن غريب يناديه على أطراف جبل النور: يا محمد أنا جبريل وأنت رسول الله.. وكلما يلتفت يراه رؤيا صادقة ويستمع إلى كلماته بسماع واضح بيّن.. إلى أن يقترب منه في غار حراء في الليلة المباركة ليقول له (إقرأ).. بالتفصيل الوارد في كتب السيرة.. ولم يتكرر المشهد حتى الإنتهاء من مهام التبليغ..

ينتهي المشهد الأول على جبل النور وبين صخور غار حراء بالآيات الخمسة الأولى من القرآن الكريم.. ﴿ٱقۡرَأۡ بِٱسۡمِ رَبِّكَ ٱلَّذِي خَلَقَ ۝١ خَلَقَ ٱلۡإِنسَٰنَ مِنۡ عَلَقٍ ۝٢ ٱقۡرَأۡ وَرَبُّكَ ٱلۡأَكۡرَمُ ۝٣ ٱلَّذِي عَلَّمَ بِٱلۡقَلَمِ ۝٤ عَلَّمَ ٱلۡإِنسَٰنَ مَا لَمۡ يَعۡلَمۡ ۝٥﴾ العلق.

فقد وردت الحكاية كاملة في كتب السيرة والتفسير، فأصبحت من المرويات المشهورة المتواترة.. إلاّ أن أحداً في قديم الكتب، أو حديثاً، لم يتطرق إلى الفاصلة الزمانية أو المكانية في ليلة ميلاد الدين الجديد. ليلة ميلاد الرسالة الأخيرة.. ليلة ميلاد العهد الجديد بالإنسانية، وهي ترتبط بأوامر متينة بالنبوات جميعاً، من آدم وحتى ليلة غار حراء. إلاّ في أواسط القرن العشرين، عندما ثبت المفكر الجزائري مالك بن نبي ـ رحمه الله ـ بأنه في تلك اللحظة أصبح عند النبي الأمي (ﷺ) شعور بان كتاباً قد طبع في قلبه، ولكن لم يكن له أن يتصفحه كما يشاء، ولا أن يطلع عليه كما يهوى، إذ أنه سيوحى إليه كلما دعت حاجة الرسالة.. وكانت هذه بالنسبة للنبي (ﷺ) وللتأريخ، المرة الأولى التي تظهر فيها (الظاهرة القرآنية) التي ستضم بين دفتيها الثلاثة والعشرين عاماً الأخيرة من حياة النبي (ﷺ).

وبدأت العبارة تأخذ طريقها إلى مؤلفات المفكرين الإسلاميين وهم يتحدثون عن (اللية المباركة).. أو(ليلة القدر)..والفاصل التأريخي بين ماقبلها وما بعدها.. ورحم الله الأستاذ سيد قطب، وهو يؤكد نفس المعاني، بعد أكثر من عقدين على (الظاهرة القرآنية)، فيكتب عن الحادث الضخم في تأريخ الإنسان: (ولقد كانت فترة عجيبة حقاً، فترة الثلاثة والعشرين التالية، التي استمرت فيها الصلة الظاهرة المباشرة بين البشر والملأ الأعلى.. فترة لايتصور حقيقتها إلاّ الذين عاشوها وأحسوها وشهدوا بدأها ونهايتها وذاقوا حلاوة هذا الإتصال، وأحسوا يدالله تنقل خطاهم في الطريق، ورأوا من أين بدأوا وإلى أين انتهوا).

ورحم الله الأستاذ الإمام البنّا، وهو يؤكد أهمية تلك الليلة المباركة في حياة البشرية عامة والمسلمين خاصة.. بإنزال هذا الكتاب لأهل الأرض الذين التبست أمامهم

المسالك ووقفوا على مفترق الطريق حائرين..

ومأعظم ماأستنتجه المفكر الإسلامي الرائد الدكتور عبدالعزيز كامل، وهو يراجع هذه الليلة والآيات الخمسة الأولى من القرآن الكريم ليؤكد فلسفة التربية والتعليم في الإسلام بأنها تنبع من العقيدة ومنذ اللحظة الأولى باسم الله.. وكل فلسفة تربية لا تنبع من العقيدة في الله، ولا تقرأ باسم الله.. تكون نتيجتها إذلال الشعوب وتدمير الحضارة وإندلاع الحروب الضروس.

تلك كانت لحظة البداية.. غار حراء.. وجبريل - عليه السلام - في صورة بشرية.. والرسول الأمي يتلقى الآيات الأولى بالأمر بالقراءة والعلم والقلم والتدوين.. فماذا كانت النتيجة؟

إن أبسط جوانب للمشهد.. أنه لم يستوعب الحادث كما هو.. فرجع إلى البيت وهو يردد زملوني.. زملوني.. وهو يرتعش خائفاً من هول الحادث، فتلتقيه الزوجة العاقلة الراشدة الأمينة خديجة - رضي الله عنها - وتطمئنه وتسري عنه مخاوفه بالكلمات الحنون: (أبشر يا ابن العم - فوالله لايخزيك أبداً. إنك لتصل الرحم، وتصدق الحديث، وتحمل الكلّ، وتقري الضيف، وتعين على نوائب الحق).. وبعد راحة البال وسكون النفس مع هذه الألفة والمودة والسكينة.. تأخذه إلى ابن عمها - ورقة بن نوفل - وحسب رواياتِ السيرة، ليقول له: (هذا الناموس الذي أنزل على موسى.. ليتني أكون حياً حين يخرجك قومك.. إلى أن يقول له: وإن أدركني يومك لأنصرنك نصراً مؤزراً).

وهكذا.. كانت البداية في غار حراء، بالظاهرة القرآنية.

وكانت البداية في النبوة والرسالة في شرح وبيان العالم ورقة بن نوفل.

وهكذا بدأ الطريق الطويل.. طريق الحضارة الإسلامية ومنهاج الرسالة الإسلامية.. لاإله إلاّ الله.. محمد رسول الله.

وهكذا.. بدأ كتاب كريم في تأريخ البشرية باسم (القرآن الكريم) وابتدأ بالقراءة.. وأعلن إنتهاء مهامه بعد ثلاثة وعشرين عاما في موسم خالد، وفي يوم التاسع من ذي الحجة، السنة العاشرة من الهجرة (حجة الوداع) بقوله تعالى: ﴿ ٱلۡيَوۡمَ أَكۡمَلۡتُ لَكُمۡ دِينَكُمۡ وَأَتۡمَمۡتُ عَلَيۡكُمۡ نِعۡمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ ٱلۡإِسۡلَٰمَ دِينٗاۚ ﴿٣﴾ ﴾ المائدة.وهكذا.. بدأ الإسلام بالقراءة والعلم والقلم.. ليستمر في توجيه البشرية إلى مراتب المعرفة والرقي والحضارة، خلال سنوات الإلتقاء التي دامت قرابة ٢٢ سنة وشهرين و٢٥ يوما، مجزأة كالآتي:

١٣ يوما، و٥ أشهر، و١٢ سنة قبل الهجرة: الفترة المكية.

٩ أيام، و٩ أشهر، و٩ سنوات بعد الهجرة: الفترة المدنية.

أما عدد آيات الذكر الحكيم: فهو ٦٢٣٦ آية، تنظم في ١١٤ سورة:

منها ٢٣ سورة مدنية، وتكون ما يزيد قليلا على ١١\ ٣٠ من القرآن،

ومنها ٩١ سورة مكية، وتكون ما يقل قليلا على ١٩\ ٣٠ من القرآن.

الفصل الثاني: الإعجاز القرآني

بعد أن بدأ الرسول (ﷺ)، وأعلن الإسلام، وأعلن عن نفسه رسولاً من عند الله - سبحانه وتعالى - بشيرا ونذيرا، وداعيا إلى الله بإذنه، ومؤكدا على رفض الشرك والأوثان وعبادة الأوثان.. جوبه من قبل قريش والعرب وأقرب الناس إليه، طالبين منه (الآيات) التي كانت في الأمم السابقة والرسل - عليهم الصلاة والسلام - فكان الجواب: هذه معجزتي.. وهذا هو التحدي، من كان يصدق فليحضر إلى الميدان.. وليقل وليؤلف مثل هذا القرآن.. وكان رد المشركين نظريا ﴿ وَإِذَا تُتۡلَىٰ عَلَيۡهِمۡ ءَايَٰتُنَا قَالُواْ قَدۡ سَمِعۡنَا لَوۡ نَشَآءُ لَقُلۡنَا مِثۡلَ هَٰذَآ إِنۡ هَٰذَآ إِلَّآ أَسَٰطِيرُ ٱلۡأَوَّلِينَ ﴿٣١﴾ ﴾الأنفال.

وفعلا.. إجتمع رهط من بلغاء العرب.. عسى ولعل.. ولكن مع مرور الوقت والتدبير والتفكير، تيقنوا أنه ليس في مقدورهم، ولا في استطاعتهم الأتيان بمثل بلاغة القرآن، ومقاصده وأهدافه، ونظراته في الكون والحياة وكرامة الإنسان.. وكان التحدي في فترة المكة: ﴿ قُل لَّئِنِ ٱجۡتَمَعَتِ ٱلۡإِنسُ وَٱلۡجِنُّ عَلَىٰٓ أَن يَأۡتُواْ بِمِثۡلِ هَٰذَا ٱلۡقُرۡءَانِ لَا يَأۡتُونَ بِمِثۡلِهِۦ وَلَوۡ كَانَ بَعۡضُهُمۡ لِبَعۡضٖ ظَهِيرٗا ﴿٨٨﴾ ﴾الإسراء.

وكان مسك الختام في التحدي في سورة البقرة ﴿ وَإِن كُنتُمۡ فِي رَيۡبٖ مِّمَّا نَزَّلۡنَا عَلَىٰ عَبۡدِنَا فَأۡتُواْ بِسُورَةٖ مِّن مِّثۡلِهِۦ وَٱدۡعُواْ شُهَدَآءَكُم مِّن دُونِ ٱللَّهِ إِن كُنتُمۡ صَٰدِقِينَ ﴿٢٣﴾ فَإِن لَّمۡ تَفۡعَلُواْ وَلَن تَفۡعَلُواْ فَٱتَّقُواْ ٱلنَّارَ ٱلَّتِي وَقُودُهَا ٱلنَّاسُ وَٱلۡحِجَارَةُۖ أُعِدَّتۡ لِلۡكَٰفِرِينَ ﴿٢٤﴾ ﴾البقرة.

وقد أكد الرسول (ﷺ) هذا الجانب من التحدي ومعالمه في قوله، على رواية البخاري: (ما من نبي ولا رسول الاّ أوتي ماмثله آمن به البشر، وإنما الذي أوتيته وحيا أوحي به إليّ، وإني لأرجو أن أكون أكثرهم تابعاً يوم القيامة).

وقد بحث العلماء صفات المعجزة الحسية والمادية للأنبياء، وكما رواها القرآن الكريم، وأنها تنتهي مع انتهاء حياة الرسول ومع بداية رسالة ثانية ونبي ومعجزة أخرى.. ولما كانت الرسالة الأخيرة قائمة للأديان والرسالات أصبحت معجزتها أبدية متجددة مع كل جيل وعصر، وزمان ومكان.

فلئن كانت البلاغة والبيان جزءاً من الرسالة في المرحلة الأولى.. فإن أنواعاً من المعجزة ظهرت متجددة فيما بعد. لتؤكد مصداقية الرسالة ومصدر القرآن الكريم، وخاصة في عصر الآلات الحاسبة والإستكشافات الجغرافية والفضائية والإحصاء.. فظهر أول ما ظهر (الإعجاز العددي) في آيات القرآن الكريم، الحرف.. الكلمة.. الجملة.. الآية.. السورة.. مع الدكتور عبدالرزاق نوفل، وعدنان الرفاعي، وعبدالدائم الكحيل، وغيرهم.

وبدأ الإعجاز الطبي والطب الوقائي والأدوية، وفلسفة التغذية والصحة العامة، مع الدكتور محمد علي البار، والدكتور عبدالمجيد ذياب، والدكتور حامد أحمد حامد، وغيرهم.

والإعجاز العلمي في الكتب المتخصصة والموسوعات العامة، من آثار وتأليف الأساتذة: السيد الجميل، والدكتور الزنداني، وزغلول النجار، وغيرهم.

بجانب كتب الإعجاز البلاغي والبياني منذ الرافعي، وسيد قطب، وفاضل السامرائي، والشعراوي، والخولي، وبنت الشاطئ، وغيرهم.. وجزاهم الله عن الإسلام وكتابه خير الجزاء.

ولعل أبرز الجوانب التي يجب الإشارة إليها في الإعجاز:

١- أسلوب القرآن واختلافه الظاهر عن الأفكار المحمدية، وأسلوب الأحاديث، بما فيها الأحاديث القدسية.

٢- المدة الزمنية في بدء نزول القرآن حتى إنتهائه وتمامه مايقارب الـ ٢٣ سنة، دون الإخلال بسبك الآيات وترتيبها في السورة الواحدة وقوتها في جميع سور القرآن الكريم.

٣- عدم ورود أي شيء إيجابي عن أحب الناس إلى قلب المصطفى (ﷺ) زوجته الحنون خديجة الكبرى - رضي الله عنها- وعمه المدافع عنه حتى الزمن الأخير - أبوطالب -.

٤- بقاء الرسول (ﷺ) في حيرة من أمره عن بعضِ الأسئلة وأجوبتها أو إعطاء الحلول المناسبة إلى مدة تصل إلى الشهر أحيانا، أو أكثر.

٥- تثبيت الجوانب السلبية في الأجوبة وتصحيحها، والسلوك الشخصي من لدن الرسول الكريم (ﷺ)، وبقاء الآيات تتلى إلى يوم القيامة.

٦- بيان المخفيات من تأريخ الرسل والأمم السابقة، وخاصة:

أ - طوفان نوح - عليه السلام -.

ب - غرق فرعون موسى، وسلامة جثته وحفظها من التآكل والإندثار.

ت - قصة يوسف - عليه السلام -.

ث - حكايات دقيقة عن حياة الأنبياء - عليهم السلام -.

الفصل الثالث: أثر القرآن في تحول العلماء الأفذاذ وأهل الفكر في مختلف العلوم والفنون في العصر الحالي إلى الإسلام.

ففي الكتب المعتمدة لسيرة العشرات، بل المئات من العلماء المعاصرين تحولوا إلى الإسلام بقناعة، بعد قراءتهم ودراستهم للقرآن الكريم، وتأكدهم من وجود الإشارات العلمية لما توصلوا إليه بعد بحث وتمحيص وسهر وإبتكار، في الفيزياء وعلوم الفضاء، في الكيمياء والطبيعة، وعلوم البحار، في الرياضيات والإحصاء في الطب وعلم الأجنة.. وفي مختلف العلوم الأخرى.

والأسماء البارزة للإستشهاد: موريس بوكاي - كيث مور - جاك ايف كرستو- العالم البريطاني براون - عالم الفيزياء الأوكراني ديمتري بوليا كوف - وغيرهم.

**الخاتمة:**

فلكل بداية نهاية.. وخاتمتنا في هذا الموجز للبحث الموسوم (الظاهرة القرآنية.. إعجاز ورسالة) بين أيديكم، نؤكد بأنه:

١- تكلف الله - سبحانه وتعالى - حفظ القرآن في الصدور، وتثبيتها في السطور ﴿ إِنَّ عَلَيۡنَا جَمۡعَهُۥ وَقُرۡءَانَهُۥ ﴿١٧﴾ فَإِذَا قَرَأۡنَٰهُ فَٱتَّبِعۡ قُرۡءَانَهُۥ ﴿١٨﴾ ثُمَّ إِنَّ عَلَيۡنَا بَيَانَهُۥ ﴿١٩﴾ ﴾ القيامة

٢- القرآن الكريم يتسم بصفات الحياة والحيوية.. فإنه روح ونور، وحكيم ومجيد وكريم ومبين...الخ، وهداية إلى الطريق المستقيم.

٣- أعظم نصيحة يجب التأكيد عليها ماورد عن الشاعر الفيلسوف محمد إقبال، وهو يستمع إلى والده بقوله: (يا بني اقرأ القرآن وكأنه نزل عليك).

٤- جابه القرآن ذاتيا كل المؤامرات التي حاكها أعداء الإسلام، وعلى مدار التأريخ، وانتصر عليهم جميعا، وخسر الأعداء، وكان مكانهم في مزبلة التأريخ.. وصدق الله - سبحانه وتعالى - : ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ يُنفِقُونَ أَمۡوَٰلَهُمۡ لِيَصُدُّواْ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِۚ فَسَيُنفِقُونَهَا ثُمَّ تَكُونُ عَلَيۡهِمۡ حَسۡرَةٗ ثُمَّ يُغۡلَبُونَۗ وَٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ إِلَىٰ جَهَنَّمَ يُحۡشَرُونَ ﴿٣٦﴾ ﴾الأنفال.

ومسك الختام قوله تعالى: ﴿ إِنَّا نَحۡنُ نَزَّلۡنَا ٱلذِّكۡرَ وَإِنَّا لَهُۥ لَحَٰفِظُونَ ﴿٩﴾ ﴾ الحجر.

والسلام عليكم ورحمة الله وبركاته



# المنظومة الرقمية السباعية والثنائية القرآنية في خلق (السموات)

د.محمد جميل الحبال

**الحمد لله والصلاة والسلام على رسول الله وعلى آله وصحبه ومن والاه، وبعد :**

فقد وردت كلمة (السموات و( السماء) في القران الكريم واستشهد بهما الباري عز وجل في كتابه المبين في كثير من الآيات المباركات وقد تكرر ذكر كلمة (السموات) ١٩٠مرة اشارة إلى أهميتها وعظمة خلقها . وعندما راجعنا تكرارهما عددياً توصلنا ان هناك منظومة رقميه سباعية وثنائية. واحيانا متداخله ومشتركه بينهما تتمثل في تكرارها ربما يكون في ذلك اشارات علمية فلكية تدل عليها وتهدي العلماء المتخصصين في الفلك وعلوم السماء للتوصل الى الحقائق فيها. حيث أن القران الكريم هو كتاب الله المسطور والكون (بما فيه السموات ) هوكتاب الله المنظور والذي خلق الكون هو الذي انزل القران فلابد ان يتطابقا ويفسر احدهما الأخر ويدل عليه. غير ان القران الكريم (كتاب الله المسطور) هو السابق (الوحي ) والكون بما فيه الانسان (كتاب الله المنظور) هو اللاحق !

وقبل ان نبدأ في ذكر هذه المنظومات الرقمية ، نود الاشارة الى ان كلمة ( السموات) في القران الكريم بخط المصحف الشريف (العثماني)قد كتبت ١٨٩ مرة من مجموع ١٩٠ بشكل (السموت) ومرة واحدة فقط بشكل (السموات) بأضافة حرف الإلف (ا) بعد حرف الواو اليها وذلك في الاية رقم ١٢ من سورة فصلت فقط ! وذلك في قوله تعالى : ﴿ فَقَضَىٰهُنَّ سَبْعَ سَمَٰوَاتٍ فِى يَوْمَيْنِ وَأَوْحَىٰ فِى كُلِّ سَمَآءٍ أَمْرَهَا ۚ وَزَيَّنَّا ٱلسَّمَآءَ ٱلدُّنْيَا بِمَصَٰبِيحَ وَحِفْظًا ۚ ذَٰلِكَ تَقْدِيرُ ٱلْعَزِيزِ ٱلْعَلِيمِ ﴿١٢﴾ ﴾ فصلت

وحيث ان خط المصحف وكتابته توقيفي (أي حسب ماجاء به الوحي ) وليس من اجتهاد الصحابه فقد يكون في ذلك اشارة الى عدد السموت السبع (التي جاء ذكر عددها في نفس الآية أعلاه) حيث ان :

١٩٠ ـ ١ ـ ١٨٩ وهذا العدد هو من مضاعفات الرقم ٧ حيث :

٢٧ وهنا ظهر العدد ٢٧ فهل في ذلك دلاله علمية فلكية ؟!
١٨٩=X٧

وهل هذا العدد (٢٧) يشير الى ليلة القدر ( ليلة ٢٧ من شهر رمضان المبارك )

التي نزل فيها القران الكريم من اللوح المحفوظ في بيت العزة الى السماء الدنيا كما ورد ذالك عن المصطفى (ﷺ) ؟ الله اعلم !

أما كلمة (السماء) فقد تكررت في القران الكريم ١٢٠ مرة و الفرق بين تكرارهما

( السموات والسماء) هو ٧٠ حيث ان :

١٩٠ـ١٢٠=٧٠ وهذا العدد هو من مضاعات الرقم ٧ ايضا وقد يكون فيه اشارة الى السموات السبع كذلك !

**أولا : المنظومة الرقمية السباعية**

١ـ وردت كلمة (السموات) مع كلمة (الارض) في القران الكريم في ١٧٦ موضعا وبعبارة واحدة ولكن بصيغ مختلفه بلغت سبعا ، وكما يأتي :

١ـ عبارة (السَّمَوتِ وَالْأَرْضِ) وهي الغالب ذكرها في القرآن الكريم واول ذكر لها في قوله تعالى :

﴿ قَالَ يَٰٓـَٔادَمُ أَنۢبِئْهُم بِأَسْمَآئِهِمْ ۖ فَلَمَّآ أَنۢبَأَهُم بِأَسْمَآئِهِمْ قَالَ أَلَمْ أَقُل لَّكُمْ إِنِّىٓ أَعْلَمُ غَيْبَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَأَعْلَمُ مَا تُبْدُونَ وَمَا كُنتُمْ تَكْتُمُونَ ﴿٣٣﴾ ﴾البقرة

٢ـ عبارة (مَا فِي السَّمَوتِ وَمَا فِي الْأَرْض) في قوله تعالى :

﴿ ٱللَّهُ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ٱلْحَىُّ ٱلْقَيُّومُ ۚ لَا تَأْخُذُهُۥ سِنَةٌ وَلَا نَوْمٌ ۚ لَّهُۥ مَا فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِى ٱلْأَرْضِ ۗ ﴿٢٥٥﴾ ﴾البقرة

٣ـ عبارة (مَنْ فِي السَّمَوتِ وَمَنْ فِي الْأَرْض) في قوله تعالى :

﴿ أَلَمْ تَرَ أَنَّ ٱللَّهَ يَسْجُدُ لَهُۥ مَن فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَن فِى ٱلْأَرْضِ ﴿١٨﴾ ﴾الحج

٤ـ عبارة (أَوْ فِي السَّمَوتِ أَوْ فِي الْأَرْض) في قوله تعالى :

﴿ يَٰبُنَىَّ إِنَّهَآ إِن تَكُ مِثْقَالَ حَبَّةٍ مِّنْ خَرْدَلٍ فَتَكُن فِى صَخْرَةٍ أَوْ فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ أَوْ فِى ٱلْأَرْضِ يَأْتِ بِهَا ٱللَّهُ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَطِيفٌ خَبِيرٌ ﴿١٦﴾ ﴾لقمان

٥ـ عبارة (فِي السَّمَوتِ وَفِي الْأَرْض ) في قوله تعالى :

﴿ وَهُوَ ٱللَّهُ فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَفِى ٱلْأَرْضِ ۖ يَعْلَمُ سِرَّكُمْ وَجَهْرَكُمْ وَيَعْلَمُ مَا تَكْسِبُونَ ﴿٣﴾ ﴾ الأنعام

٦ـ عبارة (فِي السَّمَوتِ وَلَا فِي الْأَرْض) في قوله تعالى :

﴿ عَٰلِمِ ٱلْغَيْبِ ۖ لَا يَعْزُبُ عَنْهُ مِثْقَالُ ذَرَّةٍ فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَلَا فِى ٱلْأَرْضِ وَلَآ أَصْغَرُ مِن ذَٰلِكَ وَلَآ أَكْبَرُ إِلَّا فِى كِتَٰبٍ مُّبِينٍ ﴿٣﴾ ﴾سبأ

٧ـ عبارة (سَمَوتٍ وَمِنَ الْأَرْض ) كما في قوله تعالى :

﴿ ٱللَّهُ ٱلَّذِى خَلَقَ سَبْعَ سَمَٰوَٰتٍ وَمِنَ ٱلْأَرْضِ مِثْلَهُنَّ يَتَنَزَّلُ ٱلْأَمْرُ بَيْنَهُنَّ لِتَعْلَمُوٓا۟ أَنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌ وَأَنَّ ٱللَّهَ قَدْ أَحَاطَ بِكُلِّ شَىْءٍ عِلْمًۢا ﴿١٢﴾ ﴾الطلاق

علما ان مجموع ارقام العدد اعلاه (١٧٦) = ٦+٧+١=١٤ الذي هو من مضاعفات العدد سبعة وربما يشير ذلك الى مجموع عدد السموت السبع والارضين السبع كما ورد في الاية رقم ١٢ من سورة الطلاق اعلاه في قوله تعالى : (ٱللَّهُ ٱلَّذِى خَلَقَ سَبْعَ سَمَٰوَٰتٍ وَمِنَ ٱلْأَرْضِ مِثْلَهُنَّ )

٢ـ وردت كلمة (السموت) مع ذكر (الأرض) في نفس الاية ولكن في عبارة متباعدة وذلك في سبع ايات في القران الكريم وكالاتي :

١ـ﴿ هُوَ ٱلَّذِى خَلَقَ لَكُم مَّا فِى ٱلْأَرْضِ جَمِيعًا ثُمَّ ٱسْتَوَىٰٓ إِلَى ٱلسَّمَآءِ فَسَوَّىٰهُنَّ سَبْعَ سَمَٰوَٰتٍ ۚ وَهُوَ بِكُلِّ شَىْءٍ عَلِيمٌ ﴿٢٩﴾ ﴾ البقرة

٢ـ﴿ تَكَادُ ٱلسَّمَٰوَٰتُ يَتَفَطَّرْنَ مِنْهُ وَتَنشَقُّ ٱلْأَرْضُ وَتَخِرُّ ٱلْجِبَالُ هَدًّا ﴿٩٠﴾ ﴾ مريم

٣ـ﴿ خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ بِغَيْرِ عَمَدٍ تَرَوْنَهَا ۖ وَأَلْقَىٰ فِى ٱلْأَرْضِ رَوَٰسِىَ أَن تَمِيدَ بِكُمْ وَبَثَّ فِيهَا مِن كُلِّ دَآبَّةٍ ۚ وَأَنزَلْنَا مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءً فَأَنۢبَتْنَا فِيهَا مِن كُلِّ زَوْجٍ كَرِيمٍ ﴿١٠﴾ ﴾ لقمان١٠

٤ـ﴿ قُلْ أَرَءَيْتُمْ شُرَكَآءَكُمُ ٱلَّذِينَ تَدْعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ أَرُونِى مَاذَا خَلَقُوا۟ مِنَ ٱلْأَرْضِ أَمْ لَهُمْ شِرْكٌ فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ أَمْ ءَاتَيْنَٰهُمْ كِتَٰبًا فَهُمْ عَلَىٰ بَيِّنَتٍ مِّنْهُ ۚ بَلْ إِن يَعِدُ ٱلظَّٰلِمُونَ بَعْضُهُم بَعْضًا إِلَّا غُرُورًا ﴿٤٠﴾ ﴾ فاطر

٥ـ﴿ وَمَا قَدَرُوا۟ ٱللَّهَ حَقَّ قَدْرِهِۦ وَٱلْأَرْضُ جَمِيعًا قَبْضَتُهُۥ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ وَٱلسَّمَٰوَٰتُ مَطْوِيَّٰتٌۢ بِيَمِينِهِۦ ۚ سُبْحَٰنَهُۥ وَتَعَٰلَىٰ عَمَّا يُشْرِكُونَ ﴿٦٧﴾ ﴾ الزمر٦٧

٦ـ﴿ تَكَادُ ٱلسَّمَٰوَٰتُ يَتَفَطَّرْنَ مِن فَوْقِهِنَّ ۚ وَٱلْمَلَٰٓئِكَةُ يُسَبِّحُونَ بِحَمْدِ رَبِّهِمْ وَيَسْتَغْفِرُونَ لِمَن فِى ٱلْأَرْضِ ۗ أَلَآ إِنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلْغَفُورُ ٱلرَّحِيمُ ﴿٥﴾ ﴾الشورى

٧ـ﴿ قُلْ أَرَءَيْتُم مَّا تَدْعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ أَرُونِى مَاذَا خَلَقُوا۟ مِنَ ٱلْأَرْضِ أَمْ لَهُمْ شِرْكٌ فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ ۖ ٱئْتُونِى بِكِتَٰبٍ مِّن قَبْلِ هَٰذَآ أَوْ أَثَٰرَةٍ مِّنْ عِلْمٍ إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ ﴿٤﴾ ﴾ الأحقاف

٣ـ وردت كلمة (السموت) بدون ذكر( الارض) في نفس الاية وذلك في سبع ايات فقط من القران الكريم و كالآتي:

١ـ ﴿ ٱللَّهُ ٱلَّذِى رَفَعَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ بِغَيْرِ عَمَدٍ تَرَوْنَهَا ۖ ثُمَّ ٱسْتَوَىٰ عَلَى ٱلْعَرْشِ ۖ وَسَخَّرَ ٱلشَّمْسَ وَٱلْقَمَرَ ۖ كُلٌّ يَجْرِى لِأَجَلٍ مُّسَمًّى ۚ يُدَبِّرُ ٱلْأَمْرَ يُفَصِّلُ ٱلْءَايَٰتِ لَعَلَّكُم بِلِقَآءِ رَبِّكُمْ تُوقِنُونَ ﴿٢﴾ ﴾ الرعد

٢ـ ﴿ قُلْ مَن رَّبُّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ ٱلسَّبْعِ وَرَبُّ ٱلْعَرْشِ ٱلْعَظِيمِ ﴿٨٦﴾ ﴾المؤمنون

٣ـ ﴿ أَسۡبَٰبَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ فَأَطَّلِعَ إِلَىٰٓ إِلَٰهِ مُوسَىٰ وَإِنِّي لَأَظُنُّهُۥ كَٰذِبٗاۚ وَكَذَٰلِكَ زُيِّنَ لِفِرۡعَوۡنَ سُوٓءُ عَمَلِهِۦ وَصُدَّ عَنِ ٱلسَّبِيلِۚ وَمَا كَيۡدُ فِرۡعَوۡنَ إِلَّا فِي تَبَابٖ ﴿٣٧﴾ ﴾ غافر

٤ـ ﴿ فَقَضَىٰهُنَّ سَبۡعَ سَمَٰوَاتٖ فِي يَوۡمَيۡنِ وَأَوۡحَىٰ فِي كُلِّ سَمَآءٍ أَمۡرَهَاۚ وَزَيَّنَّا ٱلسَّمَآءَ ٱلدُّنۡيَا بِمَصَٰبِيحَ وَحِفۡظٗاۚ ذَٰلِكَ تَقۡدِيرُ ٱلۡعَزِيزِ ٱلۡعَلِيمِ ﴿١٢﴾ ﴾ فصلت

٥ـ ﴿ وَكَم مِّن مَّلَكٖ فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ لَا تُغۡنِي شَفَٰعَتُهُمۡ شَيۡـًٔا إِلَّا مِنۢ بَعۡدِ أَن يَأۡذَنَ ٱللَّهُ لِمَن يَشَآءُ وَيَرۡضَىٰٓ ﴿٢٦﴾ ﴾ النجم

٦ـ ﴿ ٱلَّذِي خَلَقَ سَبۡعَ سَمَٰوَٰتٖ طِبَاقٗاۖ مَّا تَرَىٰ فِي خَلۡقِ ٱلرَّحۡمَٰنِ مِن تَفَٰوُتٖۖ فَٱرۡجِعِ ٱلۡبَصَرَ هَلۡ تَرَىٰ مِن فُطُورٖ ﴿٣﴾ ﴾ الملك

٧ـ ﴿ أَلَمۡ تَرَوۡاْ كَيۡفَ خَلَقَ ٱللَّهُ سَبۡعَ سَمَٰوَٰتٖ طِبَاقٗا ﴿١٥﴾ ﴾ نوح

٤ـ وردت عبارة (سبع سموت ) أو (السموت السبع ) في سبع ايات من القران الكريم وكالاتي :

١ـ ﴿ هُوَ ٱلَّذِي خَلَقَ لَكُم مَّا فِي ٱلۡأَرۡضِ جَمِيعٗا ثُمَّ ٱسۡتَوَىٰٓ إِلَى ٱلسَّمَآءِ فَسَوَّىٰهُنَّ سَبۡعَ سَمَٰوَٰتٖۚ وَهُوَ بِكُلِّ شَيۡءٍ عَلِيمٞ ﴿٢٩﴾ ﴾ البقرة

٢ـ ﴿ فَقَضَىٰهُنَّ سَبۡعَ سَمَٰوَاتٖ فِي يَوۡمَيۡنِ وَأَوۡحَىٰ فِي كُلِّ سَمَآءٍ أَمۡرَهَاۚ وَزَيَّنَّا ٱلسَّمَآءَ ٱلدُّنۡيَا بِمَصَٰبِيحَ وَحِفۡظٗاۚ ذَٰلِكَ تَقۡدِيرُ ٱلۡعَزِيزِ ٱلۡعَلِيمِ ﴿١٢﴾ ﴾ فصلت

٣ـ ﴿ ٱللَّهُ ٱلَّذِي خَلَقَ سَبۡعَ سَمَٰوَٰتٖ وَمِنَ ٱلۡأَرۡضِ مِثۡلَهُنَّ يَتَنَزَّلُ ٱلۡأَمۡرُ بَيۡنَهُنَّ لِتَعۡلَمُوٓاْ أَنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ قَدِيرٞ وَأَنَّ ٱللَّهَ قَدۡ أَحَاطَ بِكُلِّ شَيۡءٍ عِلۡمَۢا ﴿١٢﴾ ﴾ الطلاق

٤ـ ﴿ ٱلَّذِي خَلَقَ سَبۡعَ سَمَٰوَٰتٖ طِبَاقٗاۖ مَّا تَرَىٰ فِي خَلۡقِ ٱلرَّحۡمَٰنِ مِن تَفَٰوُتٖۖ فَٱرۡجِعِ ٱلۡبَصَرَ هَلۡ تَرَىٰ مِن فُطُورٖ ﴿٣﴾ ﴾ الملك

٥ـ ﴿ قُلۡ مَن رَّبُّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ ٱلسَّبۡعِ وَرَبُّ ٱلۡعَرۡشِ ٱلۡعَظِيمِ ﴿٨٦﴾ ﴾ المؤمنون

٦ـ ﴿ تُسَبِّحُ لَهُ ٱلسَّمَٰوَٰتُ ٱلسَّبۡعُ وَٱلۡأَرۡضُ وَمَن فِيهِنَّۚ وَإِن مِّن شَيۡءٍ إِلَّا يُسَبِّحُ بِحَمۡدِهِۦ وَلَٰكِن لَّا تَفۡقَهُونَ تَسۡبِيحَهُمۡۚ إِنَّهُۥ كَانَ حَلِيمًا غَفُورٗا ﴿٤٤﴾ ﴾ الإسراء

٧ـ ﴿ أَلَمۡ تَرَوۡاْ كَيۡفَ خَلَقَ ٱللَّهُ سَبۡعَ سَمَٰوَٰتٖ طِبَاقٗا ﴿١٥﴾ ﴾ نوح

٥ـ وردت عبارة (في ستة ايام ) في خلق السموات والارض في سبع ايات من القران الكريم وكالاتي :

١ـ ﴿ إِنَّ رَبَّكُمُ ٱللَّهُ ٱلَّذِي خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَ فِي سِتَّةِ أَيَّامٖ ثُمَّ ٱسۡتَوَىٰ عَلَى ٱلۡعَرۡشِ يُغۡشِي ٱلَّيۡلَ ٱلنَّهَارَ يَطۡلُبُهُۥ حَثِيثٗا وَٱلشَّمۡسَ وَٱلۡقَمَرَ وَٱلنُّجُومَ مُسَخَّرَٰتِۢ بِأَمۡرِهِۦٓۗ أَلَا لَهُ ٱلۡخَلۡقُ وَٱلۡأَمۡرُۗ تَبَارَكَ ٱللَّهُ رَبُّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ﴿٥٤﴾ ﴾ الأعراف

٢ـ ﴿ إِنَّ رَبَّكُمُ ٱللَّهُ ٱلَّذِي خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَ فِي سِتَّةِ أَيَّامٖ ثُمَّ ٱسۡتَوَىٰ عَلَى ٱلۡعَرۡشِۖ يُدَبِّرُ ٱلۡأَمۡرَۖ مَا مِن شَفِيعٍ إِلَّا مِنۢ بَعۡدِ إِذۡنِهِۦۚ ذَٰلِكُمُ ٱللَّهُ رَبُّكُمۡ فَٱعۡبُدُوهُۚ أَفَلَا تَذَكَّرُونَ ﴿٣﴾ ﴾ يونس

٣ـ ﴿ وَهُوَ ٱلَّذِي خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَ فِي سِتَّةِ أَيَّامٖ وَكَانَ عَرۡشُهُۥ عَلَى ٱلۡمَآءِ لِيَبۡلُوَكُمۡ أَيُّكُمۡ أَحۡسَنُ عَمَلٗاۗ وَلَئِن قُلۡتَ إِنَّكُم مَّبۡعُوثُونَ مِنۢ بَعۡدِ ٱلۡمَوۡتِ لَيَقُولَنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ إِنۡ هَٰذَآ إِلَّا سِحۡرٞ مُّبِينٞ ﴿٧﴾ ﴾ هود: ٧

٤ـ ﴿ ٱلَّذِي خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَ وَمَا بَيۡنَهُمَا فِي سِتَّةِ أَيَّامٖ ثُمَّ ٱسۡتَوَىٰ عَلَى ٱلۡعَرۡشِۚ ٱلرَّحۡمَٰنُ فَسۡـَٔلۡ بِهِۦ خَبِيرٗا ﴿٥٩﴾ ﴾ الفرقان

٥ـ ﴿ ٱللَّهُ ٱلَّذِي خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَ وَمَا بَيۡنَهُمَا فِي سِتَّةِ أَيَّامٖ ثُمَّ ٱسۡتَوَىٰ عَلَى ٱلۡعَرۡشِۖ مَا لَكُم مِّن دُونِهِۦ مِن وَلِيّٖ وَلَا شَفِيعٍۚ أَفَلَا تَتَذَكَّرُونَ ﴿٤﴾ ﴾ السجدة

٦ـ ﴿ وَلَقَدۡ خَلَقۡنَا ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَ وَمَا بَيۡنَهُمَا فِي سِتَّةِ أَيَّامٖ وَمَا مَسَّنَا مِن لُّغُوبٖ ﴿٣٨﴾ ﴾ ق

٧ـ ﴿ ٱلَّذِي خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَ فِي سِتَّةِ أَيَّامٖ ثُمَّ ٱسۡتَوَىٰ عَلَى ٱلۡعَرۡشِۚ يَعۡلَمُ مَا يَلِجُ فِي ٱلۡأَرۡضِ وَمَا يَخۡرُجُ مِنۡهَا وَمَا يَنزِلُ مِنَ ٱلسَّمَآءِ وَمَا يَعۡرُجُ فِيهَاۖ وَهُوَ مَعَكُمۡ أَيۡنَ مَا كُنتُمۡۚ وَٱللَّهُ بِمَا تَعۡمَلُونَ بَصِيرٞ ﴿٤﴾ ﴾ الحديد

٦ـ وقد ذكر الله عزوجل عملية خلق السَّمَواَتِ بصيغ لغوية بلاغية مختلفة في سبعة افعال تبين بديع صنعه وعظيم خلقه سبحانه وتعالى ، وكالاتي :

**١ـ خلق**

﴿ ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ ٱلَّذِي خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَ وَجَعَلَ ٱلظُّلُمَٰتِ وَٱلنُّورَۖ ثُمَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ بِرَبِّهِمۡ يَعۡدِلُونَ ﴿١﴾ ﴾ الأنعام

**٢ـ فطر**

﴿ إِنِّي وَجَّهۡتُ وَجۡهِيَ لِلَّذِي فَطَرَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَ حَنِيفٗاۖ وَمَآ أَنَا۠ مِنَ ٱلۡمُشۡرِكِينَ ﴿٧٩﴾ ﴾ الأنعام

**٣ـ بنى**

﴿ وَٱلسَّمَآءَ بَنَيۡنَٰهَا بِأَيۡيْدٖ وَإِنَّا لَمُوسِعُونَ ﴿٤٧﴾ ﴾ الذاريات

**٤ـ قضى**

﴿ فَقَضَىٰهُنَّ سَبۡعَ سَمَٰوَاتٖ فِي يَوۡمَيۡنِ وَأَوۡحَىٰ فِي كُلِّ سَمَآءٍ أَمۡرَهَاۚ وَزَيَّنَّا ٱلسَّمَآءَ ٱلدُّنۡيَا بِمَصَٰبِيحَ وَحِفۡظٗاۚ ذَٰلِكَ تَقۡدِيرُ ٱلۡعَزِيزِ ٱلۡعَلِيمِ ﴿١٢﴾ ﴾ فصلت

**٥ـ رفع**

﴿ ٱللَّهُ ٱلَّذِي رَفَعَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ بِغَيۡرِ عَمَدٖ تَرَوۡنَهَاۖ ثُمَّ ٱسۡتَوَىٰ عَلَى ٱلۡعَرۡشِۖ وَسَخَّرَ ٱلشَّمۡسَ وَٱلۡقَمَرَۖ كُلّٞ يَجۡرِي لِأَجَلٖ مُّسَمّٗىۚ يُدَبِّرُ ٱلۡأَمۡرَ يُفَصِّلُ ٱلۡأٓيَٰتِ لَعَلَّكُم بِلِقَآءِ رَبِّكُمۡ تُوقِنُونَ ﴿٢﴾ ﴾ الرعد

**٦ـ سوى**

﴿ هُوَ ٱلَّذِي خَلَقَ لَكُم مَّا فِي ٱلۡأَرۡضِ جَمِيعٗا ثُمَّ ٱسۡتَوَىٰٓ إِلَى ٱلسَّمَآءِ فَسَوَّىٰهُنَّ سَبۡعَ سَمَٰوَٰتٖۚ وَهُوَ بِكُلِّ شَيۡءٍ عَلِيمٞ ﴿٢٩﴾ ﴾ البقرة

**٧ـ ابدع**

﴿ بَدِيعُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۖ وَإِذَا قَضَىٰٓ أَمۡرٗا فَإِنَّمَا يَقُولُ لَهُۥ كُن فَيَكُونُ ﴿١١٧﴾ ﴾ البقرة١١٧

٧ـ وردت عملية بناء( السماء) في القرآن الكريم في سبع ايات وبأربع صيغ مختلفة في تصريف كلمة البناء (بناء) ،(بناها) ، (بنينا) ، ( بنيناها) ! ثلاث منها مكررة مرتين ، وكالآتي :

١ـ ﴿ ٱلَّذِي جَعَلَ لَكُمُ ٱلۡأَرۡضَ فِرَٰشٗا وَٱلسَّمَآءَ بِنَآءٗ وَأَنزَلَ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءٗ فَأَخۡرَجَ بِهِۦ مِنَ ٱلثَّمَرَٰتِ رِزۡقٗا لَّكُمۡۖ فَلَا تَجۡعَلُواْ لِلَّهِ أَندَادٗا وَأَنتُمۡ تَعۡلَمُونَ ﴾ البقرة

٢ـ ﴿ ٱللَّهُ ٱلَّذِي جَعَلَ لَكُمُ ٱلۡأَرۡضَ قَرَارٗا وَٱلسَّمَآءَ بِنَآءٗ وَصَوَّرَكُمۡ فَأَحۡسَنَ صُوَرَكُمۡ وَرَزَقَكُم مِّنَ ٱلطَّيِّبَٰتِۚ ذَٰلِكُمُ ٱللَّهُ رَبُّكُمۡۖ فَتَبَارَكَ ٱللَّهُ رَبُّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ﴿٦٤﴾ ﴾ غافر

٣ـ ﴿ ءَأَنتُمۡ أَشَدُّ خَلۡقًا أَمِ ٱلسَّمَآءُۚ بَنَىٰهَا ﴿٢٧﴾ ﴾ النازعات

٤ـ ﴿ وَٱلسَّمَآءِ وَمَا بَنَىٰهَا ﴿٥﴾ ﴾ الشمس

٥ـ ﴿ وَبَنَيۡنَا فَوۡقَكُمۡ سَبۡعٗا شِدَادٗا ﴿١٢﴾ ﴾ النبأ

٦ـ ﴿ أَفَلَمۡ يَنظُرُوٓاْ إِلَى ٱلسَّمَآءِ فَوۡقَهُمۡ كَيۡفَ بَنَيۡنَٰهَا وَزَيَّنَّٰهَا وَمَا لَهَا مِن فُرُوجٖ ﴿٦﴾ ﴾ ق

٧ـ ﴿ وَٱلسَّمَآءَ بَنَيۡنَٰهَا بِأَيۡيْدٖ وَإِنَّا لَمُوسِعُونَ ﴿٤٧﴾ ﴾ الذاريات

## ثانياً : المنظومة الرقمية الثنائية :

١ـ وردت كلمة (السموت) مرتين في نفس الاية وذلك في:

١ـ الآية رقم ٢٥٥ من سورة البقرة (آية الكرسي) وكالآتي في قوله تعالى:

﴿ ٱللَّهُ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ٱلۡحَيُّ ٱلۡقَيُّومُۚ لَا تَأۡخُذُهُۥ سِنَةٞ وَلَا نَوۡمٞۚ لَّهُۥ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلۡأَرۡضِۗ مَن ذَا ٱلَّذِي يَشۡفَعُ عِندَهُۥٓ إِلَّا بِإِذۡنِهِۦۚ يَعۡلَمُ مَا بَيۡنَ أَيۡدِيهِمۡ وَمَا خَلۡفَهُمۡۖ وَلَا يُحِيطُونَ بِشَيۡءٖ مِّنۡ عِلۡمِهِۦٓ إِلَّا بِمَا شَآءَۚ وَسِعَ كُرۡسِيُّهُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَۖ وَلَا يَـُٔودُهُۥ حِفۡظُهُمَاۚ وَهُوَ ٱلۡعَلِيُّ ٱلۡعَظِيمُ ﴿٢٥٥﴾ ﴾ البقرة

٢ـ الآية رقم ١٣١ من سورة النساء وكالآتي في قوله تعالى :

﴿ وَلِلَّهِ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلۡأَرۡضِۗ وَلَقَدۡ وَصَّيۡنَا ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡكِتَٰبَ مِن قَبۡلِكُمۡ وَإِيَّاكُمۡ أَنِ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَۚ وَإِن تَكۡفُرُواْ فَإِنَّ لِلَّهِ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلۡأَرۡضِۚ وَكَانَ ٱللَّهُ غَنِيًّا حَمِيدٗا ﴿١٣١﴾ ﴾ النساء

ونلاحظ ان في هذه الآية الكريم قد تكررت العبارة( وَلِلَّهِ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلۡأَرۡضِ ) نفسها مرتين ايضا !

٢ـ وردت كلمة (بناء) اشارة الى بناء السموات في آيتين من القران الكريم وكما ذكرنا أعلاه وكما يأتي :

١ـ ﴿ ٱلَّذِي جَعَلَ لَكُمُ ٱلۡأَرۡضَ فِرَٰشٗا وَٱلسَّمَآءَ بِنَآءٗ وَأَنزَلَ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءٗ فَأَخۡرَجَ بِهِۦ مِنَ ٱلثَّمَرَٰتِ رِزۡقٗا لَّكُمۡۖ فَلَا تَجۡعَلُواْ لِلَّهِ أَندَادٗا وَأَنتُمۡ تَعۡلَمُونَ ﴿٢٢﴾ ﴾ البقرة

٢ـ ﴿ ٱللَّهُ ٱلَّذِي جَعَلَ لَكُمُ ٱلۡأَرۡضَ قَرَارٗا وَٱلسَّمَآءَ بِنَآءٗ وَصَوَّرَكُمۡ فَأَحۡسَنَ صُوَرَكُمۡ وَرَزَقَكُم مِّنَ ٱلطَّيِّبَٰتِۚ ذَٰلِكُمُ ٱللَّهُ رَبُّكُمۡۖ فَتَبَارَكَ ٱللَّهُ رَبُّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ﴿٦٤﴾ ﴾ غافر

٣ـ وردت عبارة (سبع سموت طباقا) في آيتين فقط من القران الكريم وكما يأتي :

١ـ الاية رقم ٣ من سورة الملك في قوله تعالى :

﴿ ٱلَّذِي خَلَقَ سَبۡعَ سَمَٰوَٰتٖ طِبَاقٗاۖ مَّا تَرَىٰ فِي خَلۡقِ ٱلرَّحۡمَٰنِ مِن تَفَٰوُتٖۖ فَٱرۡجِعِ ٱلۡبَصَرَ هَلۡ تَرَىٰ مِن فُطُورٖ ﴿٣﴾ ﴾ الملك

٢ـ الاية رقم ١٥ من سورة نوح في قوله تعالى :

﴿ أَلَمۡ تَرَوۡاْ كَيۡفَ خَلَقَ ٱللَّهُ سَبۡعَ سَمَٰوَٰتٖ طِبَاقٗا ﴿١٥﴾ ﴾ نوح

٤ـ وردت عبارة (بغير عمد ترونها) في آيتين فقط من القران الكريم هما :

١ـ الاية رقم ٢ من سورة الرعد في قوله تعالى :

﴿ ٱللَّهُ ٱلَّذِي رَفَعَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ بِغَيۡرِ عَمَدٖ تَرَوۡنَهَاۖ ثُمَّ ٱسۡتَوَىٰ عَلَى ٱلۡعَرۡشِۖ وَسَخَّرَ ٱلشَّمۡسَ وَٱلۡقَمَرَۖ كُلّٞ يَجۡرِي لِأَجَلٖ مُّسَمّٗىۚ يُدَبِّرُ ٱلۡأَمۡرَ يُفَصِّلُ ٱلۡأٓيَٰتِ لَعَلَّكُم بِلِقَآءِ رَبِّكُمۡ تُوقِنُونَ ﴿٢﴾ ﴾ الرعد

٢ـ والآية رقم ١٠ من سورة لقمان في قوله تعالى :

﴿ خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ بِغَيۡرِ عَمَدٖ تَرَوۡنَهَاۖ وَأَلۡقَىٰ فِي ٱلۡأَرۡضِ رَوَٰسِيَ أَن تَمِيدَ بِكُمۡ وَبَثَّ فِيهَا مِن كُلِّ دَآبَّةٖۚ وَأَنزَلۡنَا مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءٗ فَأَنۢبَتۡنَا فِيهَا مِن كُلِّ زَوۡجٖ كَرِيمٍ ﴿١٠﴾ ﴾ لقمان

٥ـ وردت عبارة ( ٱلَّذِي خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَ وَمَا بَيۡنَهُمَا فِي سِتَّةِ أَيَّامٖ ثُمَّ ٱسۡتَوَىٰ عَلَى ٱلۡعَرۡشِ ) مرتين ايضا في القرآن الكريم وذلك في :

١ـ الآية رقم ٥٩ من سورة الفرقان في قوله تعالى :

﴿ ٱلَّذِي خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَ وَمَا بَيۡنَهُمَا فِي سِتَّةِ أَيَّامٖ ثُمَّ ٱسۡتَوَىٰ عَلَى ٱلۡعَرۡشِۚ ٱلرَّحۡمَٰنُ فَسۡـَٔلۡ بِهِۦ خَبِيرٗا ﴿٥٩﴾ ﴾ الفرقان

٢ـ الآية رقم ٤ من سورة السجدة في قوله تعالى:

﴿ اللَّهُ الَّذِي خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا فِي سِتَّةِ أَيَّامٍ ثُمَّ اسْتَوَىٰ عَلَى الْعَرْشِ ۖ مَا لَكُم مِّن دُونِهِ مِن وَلِيٍّ وَلَا شَفِيعٍ ۚ أَفَلَا تَتَذَكَّرُونَ ﴿٤﴾ ﴾ السجدة

علماً أن عبارة (وما بينهما ) قد تكرر ذكرها في القران الكريم في ٢٠ آية ولكنها وردت بالصيغة المذكورة اعلاه مع ذكر ( فِي سِتَّةِ أَيَّامٍ ثُمَّ اسْتَوَىٰ عَلَى الْعَرْشِ ) مرتين فقط.

فهل في هذا التكرار الثنائي في ذكر (بناء) السماوات (وما بينهما) و (سبعا طباقا) و (بغير عمد ترونها) اشارة علمية فلكية تتعلق في عملية خلق السموات وطريقة عملها وصفاتها ومسيرها في هذا الكون بنظام دقيق محكم قدره الباري عز وجل لها كما قال في محكم كتابه أيضا (وَخَلَقَ كُلَّ شَيْءٍ فَقَدَّرَهُ تَقْدِيرًا) الفرقان : ٢، وهل في ذلك اشارة الى المادة المظلمة والطاقة المظلمة Black matter and black energy المكتشفتان حديثاً واللتين تشكلان نحو ٩٥ ٪ من الكون (الطاقة المظلمة ٧٠٪ والمادة المظلمة ٢٥٪) وتعملان سوية وبتنسيق كامل على ضبط و حفظ سير الاجرام السماويه جميعاً بدقة متناهيه ( المجرات والنجوم والكواكب وغيرها) وتمنعها من التفلت العشوائي وهذه الاجرام السماوية المرئية تشكل لوحدها نحو ٥٪ فقط من الكون وتسمى المادة الطبيعية (normal matter) ؟!

وفي نفس الوقت تعمل الطاقة المظلمة على توسع الكون وبتسارع مطّرد حير العلماء حيث لا يعرف كنهها لحد الآن وقد سبق القرآن علم الفلك في ذكر هذه الظاهرة الكونية في قوله تعالى :

﴿ وَالسَّمَاءَ بَنَيْنَاهَا بِأَيْدٍ وَإِنَّا لَمُوسِعُونَ ﴿٤٧﴾ ﴾ الذاريات٤٧

وقد أثبت علم الفضاء و الفلك الحديث أنه بفعل المادة المظلمة والطاقة المظلمة وتعاونهما معاً يتم ضبط هذا الايقاع الكوني الرائع والدقيق من التوسع والتمدد وبنفس الوقت المحافظة على مدارات و طرق سير الاجرام السماوية في افلاكها وهي تسبح وتجري في مداراتها بدقة متناهية فهي في حالة انتشار وتوسع وفي نفس الوقت في حالة انضباط وانقياد في مداراتها المرسومة والمحددة لها فهي متعاونه في البناء ومتساندة في الوظيفة وهل يمكن تسميتها (بالظاهرة الحركية المنضبطة Static ـ phenomena) Dynamic) !

قال تعالى في سورة يس :

﴿ وَالشَّمْسُ تَجْرِي لِمُسْتَقَرٍّ لَّهَا ۚ ذَٰلِكَ تَقْدِيرُ الْعَزِيزِ الْعَلِيمِ ﴿٣٨﴾ وَالْقَمَرَ قَدَّرْنَاهُ مَنَازِلَ حَتَّىٰ عَادَ كَالْعُرْجُونِ الْقَدِيمِ ﴿٣٩﴾ لَا الشَّمْسُ يَنبَغِي لَهَا أَن تُدْرِكَ الْقَمَرَ وَلَا اللَّيْلُ سَابِقُ النَّهَارِ ۚ وَكُلٌّ فِي فَلَكٍ يَسْبَحُونَ ﴿٤٠﴾ ﴾ يس

٦ـ وردت عبارة (مِثْقَالُ ذَرَّةٍ فِي السَّمَاوَاتِ وَلَا فِي الْأَرْضِ) مرتان في القرآن الكريم وذلك في الآيتين ٣ و ٢٢ من سورة سبأ (نفس السورة) وكالآتي :

١ـ ﴿ وَقَالَ الَّذِينَ كَفَرُوا لَا تَأْتِينَا السَّاعَةُ ۖ قُلْ بَلَىٰ وَرَبِّي لَتَأْتِيَنَّكُمْ عَالِمِ الْغَيْبِ ۖ لَا يَعْزُبُ عَنْهُ مِثْقَالُ ذَرَّةٍ فِي السَّمَاوَاتِ وَلَا فِي الْأَرْضِ وَلَا أَصْغَرُ مِن ذَٰلِكَ وَلَا أَكْبَرُ إِلَّا فِي كِتَابٍ مُّبِينٍ ﴿٣﴾ ﴾ سبأ

٢ـ ﴿ قُلِ ادْعُوا الَّذِينَ زَعَمْتُم مِّن دُونِ اللَّهِ ۖ لَا يَمْلِكُونَ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ فِي السَّمَاوَاتِ وَلَا فِي الْأَرْضِ وَمَا لَهُمْ فِيهِمَا مِن شِرْكٍ وَمَا لَهُ مِنْهُم مِّن ظَهِيرٍ ﴿٢٢﴾ ﴾ سبأ

ان هذه العبارة الثنائية المتميزة والتي وردت فقط في سورة واحدة من القرآن الكريم وهي سورة سبأ ذات الترتيب رقم ٣٤ في المصحف الشريف ومجموع هذين العددين هو سبعة، حيث ان ٤+٣=٧ . وقد يكون في ذلك اشارة الى السموات السبع التي تخصصت بذكرها هذه السورة في هاتين الآيتين المتطابقتين بالعبارة المذكورة اعلاه موضوعة البحث (مِثْقَالُ ذَرَّةٍ فِي السَّمَاوَاتِ وَلَا فِي الْأَرْضِ) والتي تشير بوضوح على سيطرة الباري عزوجل على جميع مخلوقاته وعلمه الدقيق بها وبأحوالها من الذرة وما اصغر منها الى ماهو أكبر شيء في الكون ، ومنها السموات ، فكل شيء يسير بعلمه وقدرته وبامره . وهناك ملائكة تقوم بذلك و بوظائف محددة كلفها بها الخالق العظيم لحفظ السموات وتجعلها تعمل بانتظام وتسير باحكام تمنعها من الاصطدام ببعضها او الوقوع على الارضين ، او الانتشار في الفضاء بصورة عشوائية في كل اتجاه مؤديا للاضطراب الكوني ، وتمنعها من ان تزول ، قال تعالى:

﴿ إِنَّ اللَّهَ يُمْسِكُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ أَن تَزُولَا ۚ وَلَئِن زَالَتَا إِنْ أَمْسَكَهُمَا مِنْ أَحَدٍ مِّن بَعْدِهِ ۚ إِنَّهُ كَانَ حَلِيمًا غَفُورًا ﴿٤١﴾ ﴾ فاطر

وقال تعالى: ﴿ أَلَمْ تَرَ أَنَّ اللَّهَ سَخَّرَ لَكُم مَّا فِي الْأَرْضِ وَالْفُلْكَ تَجْرِي فِي الْبَحْرِ بِأَمْرِهِ وَيُمْسِكُ السَّمَاءَ أَن تَقَعَ عَلَى الْأَرْضِ إِلَّا بِإِذْنِهِ ۗ إِنَّ اللَّهَ بِالنَّاسِ لَرَءُوفٌ رَّحِيمٌ ﴿٦٥﴾ ﴾ الحج٦٥

فكما يحفظ الله كل انسان وقد خصص له الملائكة لتقوم بهذه المهمة ،في قوله تعالى : ﴿ إِن كُلُّ نَفْسٍ لَّمَّا عَلَيْهَا حَافِظٌ ﴿٤﴾ ﴾ الطارق٤.

فقد خصص كذلك ملائكة لحفظ السموات وتسيير امورها بالشكل المقرر لها ( كما هو الحال في جميع مخلوقاته) ، حيث ان الملائكة تملئ الكون بما فيه السموات ، كما ورد ذلك في الحديث الصحيح الذي يرويه أنس ابن مالك عن المصطفى (ﷺ):

(أطت السماء و يحق لها أن تئط، و الذي نفس محمد بيده، ما فيها موضع شبر إلا و فيه جبهة ملك ساجد يسبح الله بحمده).

٧ـ وقد وردت عبارة (إِنَّ فِي خَلْقِ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَاخْتِلَافِ اللَّيْلِ وَالنَّهَارِ ) تحديدا في آيتين من القرآن الكريم وكالآتي :

١ـ الآية رقم ١٦٤ من سورة البقرة في قوله تعالى :

﴿ إِنَّ فِي خَلْقِ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَاخْتِلَافِ اللَّيْلِ وَالنَّهَارِ وَالْفُلْكِ الَّتِي تَجْرِي فِي الْبَحْرِ بِمَا يَنفَعُ النَّاسَ وَمَا أَنزَلَ اللَّهُ مِنَ السَّمَاءِ مِن مَّاءٍ فَأَحْيَا بِهِ الْأَرْضَ بَعْدَ مَوْتِهَا وَبَثَّ فِيهَا مِن كُلِّ دَابَّةٍ وَتَصْرِيفِ الرِّيَاحِ وَالسَّحَابِ الْمُسَخَّرِ بَيْنَ السَّمَاءِ وَالْأَرْضِ لَآيَاتٍ لِّقَوْمٍ يَعْقِلُونَ ﴿١٦٤﴾ ﴾ البقرة

٢ـ الآية رقم ١٩٠ من سورة آل عمران في قوله تعالى :

﴿ إِنَّ فِي خَلْقِ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَاخْتِلَافِ اللَّيْلِ وَالنَّهَارِ لَآيَاتٍ لِّأُولِي الْأَلْبَابِ ﴿١٩٠﴾ ﴾ آل عمران

والملاحظ في هذه الاية الكريمه من سورة آل عمران والتي بدأت بذكر خلق السموات أولاً أن رقمها هو ١٩٠ الذي يطابق عدد تكرار ذكر (السموات) في القرآن الكريم وفي ذالك تتطابق عجيب بينهما يظهر احد جوانب المعجزة الرقمية القرانية !

كما أن الملاحظ أيضاً في هاتين الآيتين المباركتين المذكورتين أعلاه اشارة الى عظمة خلق السموات والارض وانتظام تعاقب الليل والنهار ، والامر بالتفكر فيها جميعاً ابتداءً من السموات وصولا الى توحيد الخالق عزوجل وعظمته وقدرته ، لذلك انتهت كل من هاتين الآيتين بقوله تعالى في الأولى (لَآيَاتٍ لِّقَوْمٍ يَعْقِلُونَ) وفي الثانية بقوله تعالى (لَآيَاتٍ لِّأُولِي الْأَلْبَابِ ) أي لأصحاب العقول المفكرة والمتدبرة!حيث جاءت بعدها الآية الكريمة مؤكدة على هذا المعنى في قوله تعالى: ﴿ الَّذِينَ يَذْكُرُونَ اللَّهَ قِيَامًا وَقُعُودًا وَعَلَىٰ جُنُوبِهِمْ وَيَتَفَكَّرُونَ فِي خَلْقِ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ رَبَّنَا مَا خَلَقْتَ هَٰذَا بَاطِلًا سُبْحَانَكَ فَقِنَا عَذَابَ النَّارِ ﴿١٩١﴾ ﴾ آل عمران

فإذن التفكر في خلق السموات هو فريضة ! وقد جاء في الحديث الشريف الذي ترويه السيدة عائشة رضي الله عنها بخصوص هذه الآيات المذكورة أعلاه من أواخر سورة آل عمران، قوله (ﷺ):

(لقد نزلت علي الليلة آيات ويل لمن قرأها و لم يتفكر فيها:﴿ إِنَّ فِي خَلْقِ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَاخْتِلَافِ اللَّيْلِ وَالنَّهَارِ لَآيَاتٍ لِّأُولِي الْأَلْبَابِ ﴿١٩٠﴾ ﴾آل عمران

وخلاصة القول ان في ذكر القرآن الكريم للسماوات اشارات لبيان :

١ـ عظمة الباري عزوجل في خلقه ودقيق صنعه .

٢ـ التطابق القراني الكوني (كتاب الله المسطور وكون الله المنظور )

٣ـ المعجزة الرقمية القرانية في ذكر (السموات) سباعياً متوافقاً مع (السموات السبع) وثنائياً في ذكر خلقها في( يومين) كما قال تعالى:﴿ فَقَضَاهُنَّ سَبْعَ سَمَاوَاتٍ فِي يَوْمَيْنِ وَأَوْحَىٰ فِي كُلِّ سَمَاءٍ أَمْرَهَا ۚ وَزَيَّنَّا السَّمَاءَ الدُّنْيَا بِمَصَابِيحَ وَحِفْظًا ۚ ذَٰلِكَ تَقْدِيرُ الْعَزِيزِ الْعَلِيمِ ﴿١٢﴾ ﴾ فصلت

٤ـ قد تهدي العلماء المتخصصين في علم الفضاء والفلك لمعرفة صفاتها وأحوالها والقوانين التي تسير عليها وتعمل بها.

والله يقول الحق وهو يهدي السبيل . والحمد لله رب العالمين.

**المصادر:**

١ـ المعجم المفهرس لألفاظ القرآن الكريم ـ محمد فؤاد عبد الباقي
٢ـ صحيح الجامع للألباني.

٢١/ شباط/ ٢٠١٢
٦ـ ربيع الاول ـ ١٤٣٣ هـ

الدمام ـ المملكة العربية السعودية
E.mail :alhabbal٤٥@yahoo.com
Website :www.alhabbal.info/dr.mjamil



# الآية الكلمة الفذة في سورتين

## حياة السيد المسيح

بقلم: نشاة غفور سعيد

### (٣) الحواريون:

ورد كلمة(الحواريون) في ثلاث آيات من الذكر الحكيم:

١ـ﴿ قَالَ ٱلْحَوَارِيُّونَ نَحْنُ أَنصَارُ ٱللَّهِ ءَامَنَّا بِٱللَّهِ وَٱشْهَدْ بِأَنَّا مُسْلِمُونَ ﴿٥٢﴾ ﴾ آل عمران.

٢ـ ﴿ إِذْ قَالَ ٱلْحَوَارِيُّونَ يَٰعِيسَى ٱبْنَ مَرْيَمَ هَلْ يَسْتَطِيعُ رَبُّكَ أَن يُنَزِّلَ عَلَيْنَا مَآئِدَةً مِّنَ ٱلسَّمَآءِ ﴿١١٢﴾ ﴾ المائدة.

٣ـ ﴿ قَالَ ٱلْحَوَارِيُّونَ نَحْنُ أَنصَارُ ٱللَّهِ ﴿١٤﴾ ﴾ الصف.

أما بصيغة (الحواريين) فقد وردت في موضعين:

١ــ ﴿ وَإِذْ أَوْحَيْتُ إِلَى ٱلْحَوَارِيِّـۧنَ أَنْ ءَامِنُوا۟ بِى وَبِرَسُولِى قَالُوٓا۟ ءَامَنَّا وَٱشْهَدْ بِأَنَّنَا مُسْلِمُونَ ﴿١١١﴾ ﴾ المائدة.

٢ــ ﴿ كَمَا قَالَ عِيسَى ٱبْنُ مَرْيَمَ لِلْحَوَارِيِّـۧنَ مَنْ أَنصَارِىٓ إِلَى ٱللَّهِ ﴿١٤﴾ ﴾ الصف.

جاء في كتاب (قصص الأنبياء) لعبد الوهاب النجار، رحمه الله:

(هم أصحاب المسيح عيسى بن مريم ـ صلوات الله وسلامه عليه ـ وخاصته الذين اختارهم ليكونوا تلامذته، وبادروا إلى الإيمان به وتعلموا منه، وكانوا اثني عشر رجلا..

إلى أن يقول: (ذكرت أسماء الحواريين في (متى) في الإصحاح العاشر من إنجليه. وقد ذكر برنابا أسماء التلاميذ في الفصل الرابع عشر من إنجيله..

**وهذه اسماء التلاميذ الإثني عشر عند متى:**

| | |
|---|---|
| ١ـ (سمعان) الذي يقال له بطرس | ٧ـ (توما) |
| ٢ـ (أندراوس) أخو سمعان بطرس | ٨ـ (متى العشار) |
| ٣ـ (يعقوب) بن زبدي | ٩ـ (يعقوب) بن حلفي |
| ٤ـ (يوحنا) أخو يعقوب | ١٠ـ (لباوس) الملقب تداوس |
| ٥ـ (فليبس) | ١١ـ (سمعان القانوني) |
| ٦ـ (برثولماوس) | ١٢ـ (يهوذا الأسخر بوطي) |

**وهذه اسماء التلاميذ الأثني عشر عند برنابا:**

| | |
|---|---|
| ١ـ (أندراوس) | ٧ـ (تداوس) |
| ٢ـ (بطرس الطياد) سمعان | ٨ ـ (يهوذا) |
| ٣ـ (برنابا) | ٩ ـ (برثولماوس) |
| ٤ـ (متى العشار) | ١٠ ـ (فليبس) |
| ٥ـ (يوحنا بن زبدي) | ١١ ـ (يعقوب بن زبدي) |
| ٦ـ (يعقوب بن حلفي) | ١٢ـ (يهوذا الأسخر بوطي) |

ومع وجود الاختلاف بين أنصار الكنيسة في مصداقية الأسماء، فان ذلك لا يهمنا. لأن الخلاف والمشكلات مثبتة في أنصار الكنيسة منذ نشأة المسيحية وحتى الآن.

وحتى الدوائر العلمية والموسوعات الخاصة بالنصرانية والكنائس لا تنكر وجود الخلافات في القصص والأقوال والحوادث وطبيعة التعامل مع السيد المسيح – عليه السلام – فليرجع من شاء إلى تلك المصادر والمؤلفات، وهي كثيرة ومتوفرة في المكتبات.

### (٤) اهم الأناجيل:

ولنختتم هذا الموضوع الموجز عن السيد المسيح بأهم الأناجيل المعتبرة عند النصارى.

معنى الإنجيل: (البشارة) وقد وردت هذه الكلمة في اثني عشر موضعاً من القرآن الكريم:

١ـ سورة آل عمران الآيات ٣، ٤٨، ٦٥.
٢ـ سورة المائدة الآيات ٤٦، ٤٧، ٦٦، ٦٨، ١١٠.
٣ـ سورة الأعراف الآية ١٥٧.
٤ـ سورة التوبة الآية ١١١.
٥ـ سورة الفتح الآية ٢٩.
٦ـ سورة الحديد الآية ٢٧.

وقد وردت مرتبطة بالتوراة في ثمانية مواقع. وأكد الله ـ سبحانه وتعالى ـ أن الإنجيل كتاب منزل على عيسى﴿ هُدًى لِّلنَّاسِ ﴿٤﴾ ﴾آل عمران، وفيه ﴿ هُدًى وَنُورٌ ﴿٤٦﴾ ﴾المائدة، وكذلك فيه صفات أصحاب الرسول الخاتم( ﷺ ) وذلك في سورة الفتح: ﴿ مُّحَمَّدٌ رَّسُولُ ٱللَّهِ ۚ وَٱلَّذِينَ مَعَهُۥٓ أَشِدَّآءُ عَلَى ٱلْكُفَّارِ رُحَمَآءُ بَيْنَهُمْ ۖ تَرَىٰهُمْ رُكَّعًا سُجَّدًا يَبْتَغُونَ فَضْلًا مِّنَ ٱللَّهِ وَرِضْوَٰنًا ۖ سِيمَاهُمْ فِى وُجُوهِهِم مِّنْ أَثَرِ ٱلسُّجُودِ ۚ ذَٰلِكَ مَثَلُهُمْ فِى ٱلتَّوْرَىٰةِ ۚ وَمَثَلُهُمْ فِى ٱلْإِنجِيلِ كَزَرْعٍ أَخْرَجَ شَطْـَٔهُۥ فَـَٔازَرَهُۥ فَٱسْتَغْلَظَ فَٱسْتَوَىٰ عَلَىٰ سُوقِهِۦ يُعْجِبُ ٱلزُّرَّاعَ لِيَغِيظَ بِهِمُ ٱلْكُفَّارَ ۗ وَعَدَ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ مِنْهُم مَّغْفِرَةً وَأَجْرًا عَظِيمًۢا ﴿٢٩﴾ ﴾الفتح.

وقد ثبت من تأريخ الإنجيل ـ كما هو مودن في الموسوعات العلمية النصرانية ـ أن الإنجيل قد ضُيِّع خلال القرن الأول، وأن تلامذته كتبوا أقوال وقصص وارشاداته على هواهم ومزاجهم. لذلك دخل الخلل والخلاف على تلك المرويات وحتى التناقض بين إنجيل وآخر..

جاء في دائرة معارف الكتاب المقدس صفحة ٤٩٨٠ من المجلد الرابع:

(إن العهد الجديد كتبه كتاب مسيحيون للمسيحيين، هذا وإنه كتب باللغة اليونانية، وكان أسلوبه باللغة الدارجة وإن ما بين الأناجيل من التناقض مع ذلك لم يكن اتفاقا ومصادفة بل كان عن قصد وعمد. والظاهر أن يد التغيير في نصوصها قد امتدت إليها من عهد قديم منذ طفولتها).

وتقول دائرة المعارف البريطانية صفحة ٦٤٦ من المجلد الثالث:

(إن التغيرات التي تسربت إلى نصوص الأناجيل في غضون السنين الطويلة لهي أخطر من الأمور التي تتعلق بالنقد الخارجي، فإن كثيراً من تلك التحريفات كانت ناشئة عن زوغان بصر الكاتب أو خطأ في سمعه أو ضلال في ذاكرته، أو سوء تقدير وفهم منه للنصوص. حيث كان جل همه حينذاك محصورا في أن ينقل ما أمامه)..

إلى أن نصل إلى: (والأمر الذي لا مجال للشك فيه هو أن كل إصحاح من الأناجيل أصبح الآن موضع جدال ونقاش. وأن التحشية في النص أمر شائع مقدر).

ولقد خص المفكر الكبير عباس محمود العقاد في كتابه القيم (حياة المسيح عيسى بن مريم ـ عليه السلام ـ في التأريخ وكشوف العصر الحديث) فصلاً كاملاً عن الأناجيل وشراح الأناجيل. وكذلك فعل الإمام محمد أبو زهرة في كتابه المشهور (محاضرات في النصرانية وخاصة عن (إنجيل برنابا) مؤكدين وجود عشرات الأناجيل ابتداءاً من القرن الميلادي الأول وحتى مجمع نيقيه في ٢٠ مايو ٣٢٥م وقد حضر المجمع ٣١٨ من الأسقف آنذاك فقامت الكنيسة باعتماد أربع أناجيل عن طريق الاقتراع ـ أي بكثرة الآراء ـ وهي إنجيل مرقس، وإنجيل متى، وإنجيل لوقا، وإنجيل يوحنا. مع طائفة من أقوال الرسل المدونة في العهد الجديد.

ومن المؤكد تأريخياً ـ كما يثبت العقاد ـ أن نسختين من الأناجيل كتبها مسيحيان لم يجتمعا بالسيد المسيح ولم يسمعا منه، وهي نسخة مرقس الذي دون فيها ما سمعه من بطرس الرسول وعلى غير قصد منه أن تجمع في كتاب، وقد كتبها في روما بعد مقتل الرسول وليس معه أحد من التلاميذ ويتراوح تأريخ كتابتها بين سنتي سبع وستين وسبعين.

والنسخة الأخرى هي نسخة لوقا صاحب بولس الرسول دون فيها ما سمعه منه، ولعله أضاف إليها جزءاً من النسخة المفقودة ثم جزءاً من إنجيل مرقس بعد اطلاعه عليه. وكانت كتابتها على الأرجح سنة ثمانين.

أما إنجيل يوحنا فعلى أصح الآراء أنه كتبه في سنة ست وتسعين.

يراجع في تفصيل هذه الآراء وما تحتويه هذه الأناجيل من الاختلافات إلى حد التناقض في القصص والروايات من أهم المصادر المتوفرة في المكتبات، وخاصة:

١ـ كتاب حياة المسيح للأستاذ العقاد
٢ـ كتاب حياة المسيح للعلامة أرنست رينان
٣ـ كتاب محاضرات في النصرانية للعلامة محمد أبو زهرة
٤ـ كتاب قصص الأنبياء للأستاذ عبدالوهاب النجار
٥ـ كتاب قصص الأنبياء للشيخ محمد متولي الشعراوي
٦ـ كتاب الرسالة المحمدية للعلامة سليمان الندوي
٧ـ كتاب أولوالعزم من الرسل للأستاذ محمد عبدالله السمان

**كتاب العدد:**

**إسم الكتاب: الإعجاز العلمي في القرآن والسنة**

**إسم المؤلف: ـ د. عبدالله بن عبد العزيز المصلح**

**ـ د. عبدالجواد الصاوي**

**دار النشر: دار جياد للنشر والتوزيع.**

**محل الطبع: جدة، المملكة العربية السعودية**

**سنة الطبع: ١٤٢٩هـ – ٢٠٠٨م**

**عدد الصفحات: ٣٦٨ ـ القياس ١٣ × ٢٤ سم**

كنا نبحث عن كتاب في الإعجاز العلمي لهذه الزاوية يليق بالعدد (٢٥) من مجلة (هه‌یڤ).

والعدد (٢٥) يُحتفَل به في المؤسسات والأندية والذكريات كيوبيل فضي.. نرجو الله ـ سبحانه وتعالى ـ أن يمد في عمر المجلة والعاملين فيها ليحتفلوا باليوبيل الذهبي والمؤي.. إلخ، إن شاء الله.

فالنية معقودة – بإذن الله – على الإستمرار والعطاء، إنه نعم المولى ونعم النصير.

هذا الكتاب أصدرته الهيئة العالمية للإعجاز العلمي كمنهج علمي شامل للتدريب الجامعي.

وفيما يلي عرض للجوانب القيمة من الكتاب:

١ـ من مميزات الكتاب أن نخبة طيبة مباركة من أعلام الفكر الإعجازي العلمي للقرآن والسنة اشتركوا في تهيئة (المادة العلمية) لفصول الكتاب، كل حسب اختصاصه الدقيق، ومن خلال مؤلفاتهم الرصينة في عالم الإعجاز العلمي وهم: (الشيخ د. عبدالمجيد الزنداني، د. محمد علي البار، د. حسان شمس باشا، د. زغلول النجار، د. محمد دحدوح، د. مجاهد أبو المجد، د. حسني حمدان، د. رمضان هلال، د. ياسين ملكي، د. مصطفى إبراهيم، د. أحمد مكي).

ومشاركة كل هؤلاء الأعلام يعطي زخماً علمياً كبيراً، وثقة عالية بالكتاب والإنتاج الفكري في معرض الإعجاز العلمي في القرآن والسنة.

٢ـ الكتاب في طباعته وإخراجه وصوره وبياناته في القمة من الدقة العلمية، وفي الجانب الفني والتلوين سحر جمالي عظيم.. فلا يخلو فصل من فصوله من الصور التوضيحية الملونة الدقيقة علمياً وتدريسيا.

٣ـ الكتاب مؤلف أصلاً للتدريس، وفي مستوى عال من الثقافة والبيان. فقد ثبّتت الهيئة على الغلاف عبارة: (منهج التدريس الجامعي). وحقا إن الكتاب لائق للتدريس، والدراسة المتخصصة في مستوى الجامعة، وفي مختلف أقسام الكليات الإنسانية والعلمية.. فإن الجميع بحاجة إلى مثل هذه الثقافة القرآنية، وإلى ما تؤكد صدق وبيان الحق من خلال الآيات البينات والحقائق العلمية المقررة في العلم الحديث.

٤ـ الكتاب مقسم إلى عشرة فصول وحسب الضوابط الخاصة بالبحث العلمي المطبق في الدراسات الجامعية عند كتابة البحوث:

**الفصل الأول:** مقدمات مهمة عن الإعجاز العلمي في القرآن والسنة في سبعة مباحث تدور حول البيئة العلمية التي نزل فيها القرآن الكريم، ومعنى الإعجاز العلمي في القرآن والسنة، والفرق بين الإعجاز العلمي والتفسير العلمي، والضوابط التي تعتمد عليها في تثبيت الإعجاز العلمي.

**الفصل الثاني:** الإعجاز العلمي في الأجنة والتشريح.. وهنا يأتي دور الطب الحديث وتكنولوجيا الطب المعاصر.. ومدى تطابق العلوم الطبية مع مراحل الجنين في الرحم.. وحقيقة الإعجاز النبوي في (عجب الذنب).. وكذا في تحديد عدد المفاصل في الجسم والذي لم يكتشف إلا في العقود الأخيرة.. وختام الفصل في الإعجاز الطبي في دور الجلد والأمعاء في الأحساس بالألم.

**الفصل الثالث:** الإعجاز العلمي في علوم الحياة. ويحتوي على قضايا علمية في غاية الدقة والإعجاز. ففي المبحث الأول إعجاز القرآن في حديثه عن تكوين الحبوب من المادة الخضراء، وفي المبحث الثاني عن اهتزاز التربة (اهتزت وربت). والمبحث الثالث عن علامات الساعة بعودة المروج والأنهار إلى جزيرة العرب.

**الفصل الرابع:** الإعجاز العلمي في عالم الحيوان، في ثلاثة مباحث: المبحث الأول عظمة الإعجاز القرآني في تكوين اللبن. المبحث الثاني عن تكون الشراب من بطون النحل. المبحث الثالث في أنواع الشراب المستخلص من بطون النحل.

**الفصل الخامس:** الإعجاز العلمي في علم الأرصاد والفلك. وذلك في ثلاثة مباحث: المبحث الأول الإعجاز العلمي في وصف السحاب الركامي. المبحث




الثاني الإعجاز العلمي في إشارته إلى ظلمة الفضاء. المبحث الثالث في التفرقة الفلكية بين النجم والكوكب.

وتتخلل البحوث مواضيع عن السحاب والمطر وظاهرة البرق...إلخ.

**الفصل السادس:** الإعجاز العلمي في علوم الأرض. وينقسم إلى ثلاثة مباحث: المبحث الأول الإعجاز العلمي في وصف الجبال في القرآن والسنة. والمبحث الثاني في أخفض منطقة على سطح الأرض. المبحث الثالث فالإعجاز القرآني في وصف الأرض بذات الصدع.

**الفصل السابع:** الإعجاز العلمي في علوم البحار وينقسم إلى ثلاثة مباحث: المبحث الأول في إعجاز القرآني في وصف ظلمات البحار العميقة وأمواجها الداخلية. المبحث الثاني مصبات الأنهار الحاجز بين النهر والبحر. المبحث الثالث وصف الحاجز بين البحرين.

**الفصل الثامن:** الإعجاز العلمي في الطب الوقائي.. فبعد التعريف بالطب الوقائي يأتي المبحث الأول عن أهمية الطهارة وقاعدة النظافة والوضوء بأقسامه في الطب الوقائي، ومخاطر الماء الراكد، والوقاية من انتشار الأوبئة. المبحث الثاني الصيام وفوائده الصحية وأهميته في حياة المسلم والمجتمع المتماسك والمتعاون.

**الفصل التاسع:** الإعجاز العلمي في الأطعمة والأشربة والسلوكيات المحرمة. ويتلخص الفصل في مبحثين: المبحث الأول الأطعمة والمشربة المحرمة وحكمتها، ومخاطر أكل لحم الجلالة والخنزير ومخالطة الكلاب... إلخ. المبحث الثاني عن السلوكيات المحرمة وخاصة في الأمراض الجنسية والأيدز وسبب الامتناع في فترة الحيض.

**الفصل العاشر:** الإعجاز العلمي في الغذاء والتداوي، في ثلاثة مباحث: المبحث الأول عن العسل والطب الحديث. المبحث الثاني عن الزيتون وزيته والطب الحديث. المبحث الثالث عن الحبة السوداء (شفاء لكل داء).

**ملاحظة أخيرة:**

كل واحد من فصول الكتاب يحتوي على مجموعة من الأسئلة التقويمية الحديثة والأسئلة الاعتيادية (مقالات). مع ضبط لأهم المصادر والمراجع المعتمدة لمباحث الفصل، مع عشرات الصور التوضيحية الملونة.

حقا.. إنه كتاب علمي حول الإعجاز..

الكتاب مصدر مهم للباحث في الإعجاز العلمي، والمدرس في مستوى الجامعة لنشر العلم الصحيح والفهم الدقيق واليقين بأن في هذا الكتاب علم (لا تنتهي عجائبه).

إنه كتاب لكل من يبتغي الطريق الصحيح إلى الإعجاز العلمي في القرآن والسنة.

**بارك الله في الجهود المخلصة.. ووفق الجميع لكل خير**

خاطرة العدد:

# أعظم سورة في القرآن الكريم




بقلم: صاحب الإمتياز

حضرت مجلس عزاء لأخ كريم علي. وحسب عادة المنطقة - دون التطرق إلى الجوانب الفقهية وما تقع في مثل تلك المجالس من المخالفات الشرعية وأخطاء بعض القراء في قواعد التجويد والتلاوة والترتيل - كان القارئ يقلد أحد كبار المقرئين المتوفين - رحمه الله - في قراءته لأواخر سور القرآن الكريم: سورة الإخلاص فسورة الفلق فسورة الناس، وما إن وصل إلى قوله تعالى: (من الجنة والناس) حتى وجدناه ينتقل إلى سورة الفاتحة آية آية حتى نهاية السبع المثاني.. وهكذا مع تغيير النطق والإخراج في بعض الكلمات شأن قارئنا الكبير - رحمه الله - في تكرار القراءات - رغم كراهتها - في مجلس واحد.

وانتهى بالترحم على الميت وطلب قراءة الفاتحة عليه، رحمه الله.

وكان في جواري أحد المدرسين (النصارى) وهو حريص على حضور مجالس العزاء في المدينة.. فسمعته يتلو الآيات بصورة صحيحة وبألفاظها المستقيمة. وبعد أن أتم القراءة قال: (آمين). ثم التفتَ إليّ قائلاً: (لعلك تستغرب من تلاوتي السورة، وإني أتعجب من بعض الحضور لا يقرأون هذه السورة العظيمة من القرآن الكريم)!

ثم قال: (صدقني.. إنني من أشد المعجبين بهذه السورة القصيرة التي تحتوي على أنشودة إلهية وترانيم لا تجد مثلها في أي كتاب عند البشر لاحتوائها على مبادىء عظيمة في الإيمان بالله. والأديان كلها تدعو إلى الإيمان بالله. والله لا ينتمي إلى أحد، فهو رب العالمين.. والكل في حاجة ماسة إليه. وهذا ما يتفق عليه جميع الأديان وكل العقلاء. ثم إنّ الله - سبحانه وتعالى - ليس بالظالم الغاشم المتجبر الحاقد على العباد.. إنه في أعلى درجات الرحمة والشفقة والغفران، إنه (ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ) والله - سبحانه وتعالى - صاحب القوة والسلطان والعظمة في الدنيا والآخرة، فهو كما قرأ القارئ (ملك يوم الدين) و(مالك يوم الدين) فلا أحد يضاهيه).

وعلى هذه الوتيرة أكمل لي صاحبي (أوجز) تفسير لأعظم سورة في القرآن الكريم. فلم أتمالك نفسي مما سمعت، فسألته: من أين لك هذه المعلومات الدقيقة عن سورة الفاتحة؟

فأجاب: (أقول لك بصراحة.. إن عائلتنا تشتهر منذ أيام الحرب العالمية الأولى ومنذ أيام حكومة الشيخ محمود الحفيد، بأننا من أقرب الناس إلى سكان المدينة، ونرتبط معهم بأواصر المحبة المتبادلة والإحترام الوثيق، وكان جدنا وزيرا في حكومة الشيخ الحفيد. ونحن أفراد العائلة لا نترك مناسبة في الأفراح و الأتراح إلاّ ونشارك أهلنا وأحباءنا ومعارفنا من المسلمين، وهم يبادلوننا المحبة والود والألفة والإحترام).

ثم اضاف: (إنني منذ سنوات أردد يومياً تلاوة سورة الفاتحة حتى أصبحتْ جزءا من ثقافتي. وأعتقد بأنها من أجمل القطع (الأدبية) من النثر الموزون تحمل أجمل المعاني الإيمانية والأخلاقية. وأأسف لعدم تلاوتها من قبل البعض في مجالس العزاء).

كان هذا خلاصة أمينة لما دار بيننا. ولا أدعي بأنها (نص المحادثة) ولكنها روح المعاني التي تخللت حديثنا خلال فترات الإستراحة بين تلاوة وأخرى.

وخرجت من المجلس، وبقيتْ آثار كلماته ترن في سمعي وتشغل فكري. ولما عدت إلى المنزل كان أول ما فعلته أني وضعت مجموعة من كتب التفسير أمامي، وأخذت أتصفح ما قاله المفسرون وما كتبوا عن (سورة الفاتحة).

ابتداءاً من (صفوة البيان لمعاني القرآن الكريم) للإمام محمد حسني مخلوف، وما كتبه الإمام محمد عبده ومحمد أبو زهرة وسيد قطب والمودودي - رحمهم الله - وغيرهم، قديما وحديثا.. وأعدت التلاوة مرات ومرات.. فوصلت إلى هذه الملاحظات وهذه الخاطرة.. عن أعظم سورة في القرآن الكريم:

من جميل ما كتبه الأستاذ المودودي - رحمه الله - عن سورة الفاتحة:

(... إن سورة الفاتحة ليست من القرآن بمثابة المقدمة بالمعنى المعروف، بل الصلة الحقيقية بينها وبين القرآن كالصلة بين الدعاء وجوابه، فسورة الفاتحة دعاء من العبد في جانب الله عز وجل، والقرآن كله جواب من الله لدعائه. كأني بالعبد يسأل الله تعالى: اهدني يا رب! والله سبحانه يجيب دعوته بأن ينشر بين يديه كتابه المجيد بأكمله ويقول: ها هي ذي الهداية التي قد سألتنيها). تفهيم القرآن دمشق مجلة (المسلمون) العدد الخامس ذو الحجة ١٣٧٤هـ.

وكتب الأستاذ سيد قطب - رحمه الله - في أول ما كتب (في ظلال القرآن) تموز ١٩٥٥م، عن سورة الفاتحة:

(يردد المسلم هذه السورة القصيرة ذات الآيات السبع، سبع عشرة مرة في كل يوم وليلة على الحد الأدنى، وأكثر من ضعف ذلك إذا هو صلى السنن، وإلى غير حد إذا هو رغب في أن يقف بين يدي ربه متنفلا، غير الفرائض والسنن. ولا تقوم صلاة بغير هذه السورة، لما ورد في الصحيحين عن رسول الله (ﷺ) من حديث عبادة بن الصامت: (لا صلاة لمن لم يقرأ بفاتحة الكتاب).

إن في هذه السورة من كليات العقيدة الإسلامية، وكليات التصور الإسلامي، وكليات المشاعر والتوجهات، ما يشير إلى طرف من حكمة اختيارها للتكرار في كل ركعة وحكمة بطلان كل صلاة لا تذكر فيها). (في ظلال القرآن) المجلد الأول، ص ٢١.

وعندما يصل الإمام محمد أبو زهرة - رحمه الله - إلى قوله تعالى: (ٱهۡدِنَا ٱلصِّرَٰطَ ٱلۡمُسۡتَقِيمَ) يفسر ويكتب:

(اختر لنا يا رب العالمين أقرب طريق متسع يوصل إلى ما يرضيك، وهو غايتنا، ومطعمنا ورجاؤنا، والصراط المستقيم هو طريق الله الذي أمر باتباعه فقد قال تعالى: ﴿وَأَنَّ هَٰذَا صِرَٰطِي مُسۡتَقِيمٗا فَٱتَّبِعُوهُۖ وَلَا تَتَّبِعُواْ ٱلسُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمۡ عَن سَبِيلِهِۦۚ ذَٰلِكُمۡ وَصَّىٰكُم بِهِۦ لَعَلَّكُمۡ تَتَّقُونَ ١٥٣﴾ الأنعام..

فهم يطلبون أن يهديهم الله تعالى إلى هذا الطريق المستقيم، وهو صراط الذين أنعمت عليهم من عبادك الصالحين). زهرة التفاسير، ج١، ص٦٩.

وقد أحسن الدكتور عدنان الشريف في كتابه عن: (المعجزة الرقمية في فاتحة القرآن الكريم وآيات الأحرف المقطعة) أنه جمع أسماء سورة الفاتحة وفضائلها فكانت تسعة عشر اسما وفضيلة، كالآتي:

فاتحة الكتاب ـ الحمد ـ أم القرآن - أم الكتاب - السبع المثاني والقرآن العظيم - العظيم - الصلاة - الشفاء - الرقية - الكافية - الحمد لله رب العالمين - السبع المثاني - خير السور - النور - تقسيم الصلاة - قراءة أم الكتاب في كل الصلاة - الوقية - الدعاء - أعظم سورة.

وأخيرا لابد من الإشارة إلى بعض تلك الأحاديث المروية عن سورة الفاتحة:

١- قال رسول الله (ﷺ): (الحمد لله رب العالمين أم القرآن وأم الكتاب والسبع المثاني والقرآن العظيم).

٢- عن جابر قال: قال رسول الله (ﷺ): (ألا أخبرك يا جابر بن عبدالله بأخْيَر سورة من القرآن؟ قلت: بلى يا رسول الله، قال: الحمد لله رب العالمين حتى ختمها). رواه أحمد بإسناد حسن، مجمع الزوائد ، ج٦، ٣١٠

٣- روى الإمام مسلم في صحيحه عن أبي هريرة - رضي الله عنه - عن النبي (ﷺ): (من صلى صلاة لم يقرأ فيها بأم القرآن فهي خداج – ثلاثا – غير تمام) فقيل لأبي هريرة: إنا نكون خلق الإمام: فقال: اقرأ بها في نفسك. فإني سمعت رسول الله (ﷺ)يقول:(قال الله عز وجل: قسمت الصلاة بيني وبين عبدي نصفين ولعبدي ماسأل..

فإذا قال: (ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ) قال الله: حمدني عبدي. وإذا قال: (ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ) قال الله: أثني عليّ عبدي. فإذا قال:(مَٰلِكِ يَوۡمِ ٱلدِّينِ)قال الله: مجدني عبدي. فإذا قال: (إِيَّاكَ نَعۡبُدُ وَإِيَّاكَ نَسۡتَعِينُ) قال الله: هذا بيني وبين عبدي ولعبدي ما سأل، وإذا قال: (ٱهۡدِنَا ٱلصِّرَٰطَ ٱلۡمُسۡتَقِيمَ ٦ صِرَٰطَ ٱلَّذِينَ أَنۡعَمۡتَ عَلَيۡهِمۡ غَيۡرِ ٱلۡمَغۡضُوبِ عَلَيۡهِمۡ وَلَا ٱلضَّآلِّينَ) قال الله: هذا لعبدي ولعبدي ما سأل). ابن كثير، ج١، ١١

فإذا عاش الإنسان مع الله سبحانه وتعالى - فإنه سيهديه إلى الصراط المستقيم - طريق الأنبياء والصالحين:

﴿قَالَ كَلَّآۖ إِنَّ مَعِيَ رَبِّي سَيَهۡدِينِ ٦٢﴾ الشعراء. ﴿ٱلَّذِي خَلَقَنِي فَهُوَ يَهۡدِينِ ٧٨﴾ الشعراء. ﴿وَقَالَ إِنِّي ذَاهِبٌ إِلَىٰ رَبِّي سَيَهۡدِينِ ٩٩﴾ الصافات. ﴿إِلَّا ٱلَّذِي فَطَرَنِي فَإِنَّهُۥ سَيَهۡدِينِ ٢٧﴾ الزخرف. وما أعظم ارتباط (الهداية) برسالة أعظم الرسل محمد (ﷺ) .. ﴿وَإِنَّكَ لَتَهۡدِيٓ إِلَىٰ صِرَٰطٖ مُّسۡتَقِيمٖ ٥٢﴾ الشورى. ﴿وَيُتِمَّ نِعۡمَتَهُۥ عَلَيۡكَ وَيَهۡدِيَكَ صِرَٰطٗا مُّسۡتَقِيمٗا﴾ الفتح.

والحمد لله رب العالمين.


چاپی دووەم
هەیڤ
ئیعجازی ژمارەیی و زنجیرەیی لەقورئاندا
ئیعجازی قورئان و چەند لایەنێک
گەردوون لە روانگەی قورئانەوە
زانستی کۆرپەلەزانی لەقورئان و سوننەتدا


هەیڤ
چەند بوارێکی کشتوکاڵ لە قورئاندا
سەعیدی نوورسی و..
دیاری‌کردنی خێرایی رووناکی لە قورئان دا
مكة ... مركز العالم
والمركز المغناطيسي للأرض
ئاگاداربە......
تۆ لە دۆڵی مێرووەلەدایت


هەیڤ
ئیعجازی قورئان و زانستی
هەورە باراناوییەکان
التوازن والتطابق العددي بين القرآن والكون
ئاماژە سەرسوڕهێنەرەکانی قورئان دەربارەی تاریکی گەردوون
الإشارات والحقائق العلمية في قصة أصحاب الكهف


هەیڤ
ئیعجازی زانستی لە ئایەتەکانی
بیستن و بینین لە قورئاندا
قورئان و مانگەکان و خۆرەکان
چەند سەرنجێکی ژمارەیی لە قورئاندا
زانستی
شاخەکان لە قورئان دا
القرآن الكريم والخبرة التأريخية
القرآن شريعة كونية


هەیڤ
بوونەوەر،
حەوت چینی ئاسمان و حەوت چینی زەوی
نهێنییەکانی دەریا
لە
قورئانی پیرۆزدا
کۆرپەلەزانی لە قورئان و سوننەتدا
الكلمة القرآنية...
إعجاز وبيان
الجوار/المريخ...


www.haiv.eijazizansti.org
هەیڤ
چەند ساتێک
لە ژیانی پێغەمبەری ئیسلام محمد (ﷺ)
کات لە نێوان زانست و قورئاندا.
مایتۆکۆندریا ـ خانە ووزە ـ
الحقيقة الباهرة:
(عيسى ابن مريم) و (النحل)
في القرآن والعلم والعدد (١٦).


هەیڤ
www.haiv.eijazizansti.org


هەیڤ
الآية في الاعجاز القرآني
(القسم الثاني)
www.eijazyzansty.org










﴿ قُلْ أَرَءَيْتُمْ إِن كَانَ مِنْ عِندِ ٱللَّهِ
ثُمَّ كَفَرْتُم بِهِۦ مَنْ أَضَلُّ مِمَّنْ هُوَ فِى
شِقَاقٍۭ بَعِيدٍ ﴿٥٢﴾ سَنُرِيهِمْ ءَايَٰتِنَا
فِى ٱلْءَافَاقِ وَفِىٓ أَنفُسِهِمْ حَتَّىٰ يَتَبَيَّنَ لَهُمْ
أَنَّهُ ٱلْحَقُّ ۗ أَوَلَمْ يَكْفِ بِرَبِّكَ أَنَّهُۥ عَلَىٰ كُلِّ
شَىْءٍ شَهِيدٌ ﴿٥٣﴾ ﴾ فصلت





















ئەی پێغەمبەر (ﷺ) پێیان بڵێ: هەواڵم بدەنێ، باشە: ئەگەر قورئان لەلایەن خواوە بێت، پاشان ئێوەش بڕواتان پێیی نەبێت، ئیتر کێ هەیە لە ئێوە سەرسەختترو لاڕێتر لەوەی کە ڕێگەی دوور لە ڕاستی گرتبێتەبەر.

ئێمە لە ئایندەدا بەڵگە و نیشانەی سەرسوڕهێنەریان نیشان دەدەین لە ئاسۆکانی گەردووندا و لە خودی خۆشیاندا، ئەمەش بۆ ئەوەی تا چاک بۆیان ڕوون بێت و دڵنیابن کە قورئان حەق و ڕاستە، ئایا شایەتی پەروەردگارت بەس نییە کە بێگومان ئاگا و زانایە بە هەموو شتێک؟!












No. ( 25 ) 2012

# Haiv

A Quarterly Scientific Magazine Issued By:
Kurdistan Center for Scientific Signs in (Quraan & Sunnah)

www.haiv.org







www.haiv.org

www.haiv.org

www.haiv.org

**ئەگەر دەتەوێت ئیمان لە دڵتدا ڕەگ دابکوتێت.. ئەگەر دەتەوێت زیاتر گەورەیی ئیسلامت بۆ دەربکەوێت.. ئەگەر دەتەوێت قورئانت لا سەنگینتر و پێغەمبەرەکەت لا خۆشەویستر بێت.. ئەوا سەردانی ماڵپەڕی گۆڤاری هەیڤ بکە.**

نرخ (٢٠٠٠) دینار